5th Scientific Conference of Kurdish Genocide

# بەڵگەنامەکانی پێنجەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی

28-29 تشرینی یەکەمی 2025
دهۆک، هەرێمی کوردستانی عێراق،
سەنتەری کۆنگرە، زانکۆی دهۆک
کەمپی ماڵتا VW4G+WM7، ڕێگا زاخۆ











## Vol. 2

زانکۆی هەولێری پزیشکی
بە هاوکاری زانکۆی
دهۆک

## بەڵگەنامەکردنی زانستیی تاوانەکانی ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بەرەو ناساندنی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کورد

زانکۆی هەولێری پزیشکی - زانکۆی دهۆک
https://www.scientificconferenceofgenocide.krd

# کۆنفرانس دانیشتنەکان

## کۆنفڕانسی زانستیی نێودەوڵەتیی پێنجەم دەربارەی جینۆسایدی گەلی کورد

## (بەڵگەنامەکردنی زانستیی تاوانەکانی ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بەرەو ناساندنی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کورد)

28-29 تشرینی یەکەمی 2025

دهۆک، هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری کۆنگرە، زانکۆی دهۆک کەمپی

ماڵتا VW4G+WM7، ڕێگا زاخۆ

https://www.scientificconferenceofgenocide.krd

# خشتەی ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| گوتاری جەنابی ڕێزدار سەرۆک مەسعود بارزانی | ٤ |
| گۆتاری سەرۆکی کۆنفرانس | ٨ |
| گۆتارا سەرۆکێ زانکۆیا دهۆک | ١٠ |
| لیژنەکانی ڕێکخستنی کۆنفرانس | ١٢ |
| لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ئافرەت ( ١٩٨٨-٢٠٠٣) توێژینەوەیەکی مێژووییە | ١٥ |
| ماڵی مەریەم لە ناحیەی ڕزگاری ڕۆڵی لە زیندوو هێشتنەوەی یادەوەریی جینۆسایدی گەرمیانییەکاندا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە) | ٣٢ |
| هۆلۆکۆست وەک نموونە: مۆدێلێکی زانستی بۆ دۆکیومێنتکردن و ناسینەوەی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی کورد(ئەنفال) | ٤٨ |
| ئەنفال و جینۆسایدی کورد: بەڵگەی زانستی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان و خەبات بۆ ناساندنی نێودەوڵەتی | ٦٧ |
| جینوسایدکردنی کورد بە هۆی ئاین و مەزهەب بەراوردێک لە نێوان جینوسایدکردنی( کوردانی ئێزدی، کوردانی عەلەوی، کوردانی فەیلی)د ا | ٧٢ |
| جینۆسایدی ئەنفال لە ڕۆمانی (گوڵچیای ڕۆحەکان)ی(ڕێواس ئەحمەد)دا | ٩٥ |
| ڕێکخستنی یاسایی نێودەوڵەتی تاوانی جینۆساید – نەتەوەی کورد وەک نموونە (دراسەتێکی شیکاریە) | ١٠٦ |
| ژن و ژیان د جینوسایدا بارزانیاندا (ڤەکۆلینەکا مەیدانی)ی | ١٢٦ |
| هێزی خود پەیوەندی بە ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی | ١٣٦ |
| ژیریی دەستکرد و جینۆساید: بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و یاسایی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ڕێگریکردن لە بەکاربردنی ژیریی دەستکرد لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیدا | ١٥٣ |
| ڕووماڵی ڕووداوەکانی سەروبەندی ئەنفالی گەرمیان لە ڕۆژنامەی ئەهرامی میسریدا (توێژینەوەیەکی دۆکیۆمێنتارییە) | ١٦٦ |
| جینۆسایدی نەرم وەک پرۆسە نەک ڕووداو: شیکاری سیاسەتەکانی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان | ١٩١ |

# پێنجەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی «دۆکیومێنتکردنی زانستی تاوانەکانی ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بەرهەو دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدی گەلی کورد»

پێناسی گشتیی کۆنفرانس

بە ڕێنمایی و سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و بە چاودێریی بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕێکخستنی هاوبەشی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی دهۆک شانازی دەکات بە میوانداریکردنی «پێنجەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی دەربارەی جینۆسایدی گەلی کورد»، کە لە ڕۆژانی ٢٨ و ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥ لە سەنتەری کۆنفرانسەکان بەڕێوەدەچێت.

ئەم کۆنفرانسە هەوڵێکی زانستیی یەکگرتووە بۆ گواستنەوەی دۆزی جینۆسایدی گەلی کورد لە قۆناغی یادکردنەوەی ناوخۆییەوە بۆ قۆناغی کارکردن بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی. ئامانجی سەرەکی کۆنفرانسەکە بنیاتنانی بنەمایەکی زانستیی پتەوە لە ڕێگەی دۆکیومێنتکردنی زانستی تاوانەکانی جینۆساید، شیکردنەوەیان لە چوارچێوەی زانستە دادوەرییەکان (Forensic Science) دا، و پەرەپێدانی ئەو چوارچێوە یاساییانەی کە پێویستن بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و مسۆگەرکردنی لێپرسینەوەی یاسایی.

کۆنفرانسەکە دەبێتە سەکۆیەکی گرنگ کە کۆمەڵێک پسپۆڕی دیاری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لە بوارەکانی یاسا، زانستی دادوەری، مێژوو، دەروونناسی، میدیا، و زانستە سیاسییەکاندا کۆدەکاتەوە. لە ماوەی دوو ڕۆژدا، زنجیرەیەک پانێڵی زانستی تایبەتمەند، وتاری سەرەکی کەسایەتییە باڵاکان، و هەروەها پیشانگایەکی فۆتۆگرافی و دۆکیومێنتاری دەربارەی جینۆساید پێشکەش دەکرێن.

لە جەوهەردا، ئەم کۆنفرانسە زیاترە لە چالاکییەکی ئەکادیمی؛ بەڵکو پردێکە لە نێوان یادەوەری و داهاتوودا، هەوڵێکە بۆ پاراستنی ڕاستیی مێژوویی و گواستنەوەی بۆ نەوە نوێیەکان، و کارکردنە بۆ ئەوەی دادپەروەری بەدی بهێنرێت و تاوانی لەم شێوەیە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە. ئەمە ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆیی هاوبەشە.

# گوتاری جەنابی ڕێزدار
# سەرۆک مەسعود بارزانی
# لە پێنجەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی
# «بەدۆکیۆمێنتکردنی زانستیی تاوانەکانی ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان»




میوانانی بەڕێز، ئامادەبووانی بەڕێز، هەمووتان بەخێر بێن، سەرچاوان،

زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا لە خزمەتی ئێوەدا بم،

ڕێگەم بدەن بەخێرهاتنی بەڕێزان، برا خۆشەویستەکان بکەم بۆ ئامادەبوونیان لەم کۆنفرانسە گرنگەدا کە تایبەتە بە ئۆپەراسیۆنەکانی کۆمەڵکوژی، جینۆساید لە کوردستان. ئامادەبوونی ئێوە، بەڵگەی بایەخدان و بەشداریکردنتانە لە خەمەکانماندا.

ئەوەی کەمێک لەمەوبەر بینیمان لە وێنەکان کە ئەم تاوانانە دەخەنەڕوو، دڵ دەهەژێنن. لە خودا داواکارین بەهەشت شوێنی شەهیدان بێت و ئارامی و دڵنەواییش بۆ ئێمە و کەسوکاریان بێت.

قەدەری گەلی کوردستان هەر بە درێژایی مێژوو، هەر ئێش و ئازار و ستەم بووە. بەتایبەتی لە سەدەی ڕابردوو، بە

شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک و بەرنامە بۆ دارێژراوی جینۆسایدی گەلی کوردستان دەستیپێکرد. لە ساڵانی ١٩٧٥ تا ساڵی ١٩٨٠، لە کوردانی فەیلییەوە دەستیپێکرد.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی هەن، بێجگە لە دەرکردنی هەزارەها خێزانی فەیلی کە سەدان ساڵ بوو لە عێراق دەژیان و تالانکردنی هەموو سەروەت و سامانیان؛ ١٢ هەزار گەنجیان کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ تا ٣٠ ساڵیدا بوو، بێسەروشوێن کران. کەس نازانێت هەتا ئەمڕۆش گۆڕەکانیان لە کوێن.

ئەوەی بۆ ئێمە مەعلوم بووە و دەرکەوتووە، ژمارەیەک گەنجی فەیلی و بارزانییەکان بران بۆ عەکاشات و قایم بۆ تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی لەسەریان. پاشان ئەنفالی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣، پاشان ئەنفالی فراوانی سەرتاسەری کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨، پاش کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتی و دۆڵی باڵیسان و ناوچەی نێروێ لە ئامێدیێ کە چەندین جار بارەگای پێشمەرگە و بارەگای لقی یەکی پارتی کیمیاباران کران. پاش تەواوبوونی ئەم ئەنفالانە، لە ١٦ی ٣ی ١٩٨٨ کیمیابارانی هەڵەبجە، کە وەک تەتویج بوو، بۆ ئەو تاوانانەی دەستیان پێکردبوو.

کۆتا جینۆسایدی گەورە کە خوێن لە دڵی مرۆڤ دەرژێت کە دەیبینێت، جینۆسایدی ئێزدییەکان بوو لە ساڵی ٢٠١٤. هەموو ئەمانە نیشانی دەدەن کە قۆناغ بە قۆناغ چ زوڵم و ستەمێک لەم میللەتە کراوە. چ قوربانییەکی داوە ئەم میللەتە بۆ ئەو ئازادییەی بەدەستی هێناوە. ئەم تاوانانە هێندە گەورەن لەبیر ناکرێن، هەرگیز لەبیر ناکرێن.

بەڵام وەرە گەورەیی ئەم مللەتە ببینە، خەڵکی کوردستان، لەو ڕۆژەوەی خوای گەورە دەسەڵاتی پێداون، نەچوون بەرەو تۆڵەسەندنەوە. بەتایبەتی کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، دوو فەیلەقی سوپای عێراق کەوتنە دەستی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە و جەماوەر. یەک سەربازی عێراقیش نەکوژرا و ئیهانە نەکرا. هەر ئەو سەربازانە بوون کە ٤٥٠٠ گوندی ئێمەیان تەخت کرد، ئەوانە بوون کە ئەنفالیان کرد. ئەوانە بوون کە هەموو ئەو تاوانانەیان کرد؛ بەڵام ئەو تاوانبارە گەورانە، ئەوانە بوون کە بڕیاری ئەو تاوانانەیان دا.

ئەمڕۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ڕاستە ئازیزی گەورە و خۆشەویستی زۆرمان لە دەست دان، بەڵام ئەوان، سەربەرزانە چوونە پێش خودای خۆیان و گەیشتنە مەرتەبەی شەهادە؛ بەڵام ئەو تاوانکارانە بە ڕووڕەشی و شەرمەزاری و سەرشۆڕی چوون.

هەرگیز خۆم تەخمینم نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان خودا فورسەتێک بدات کە تۆڵە نەکرێتەوە؛ بەڵام گەلی کوردستان ئەو دەرسەی نیشانی من و هەموو جیهان دا؛ بەداخەوە تا ئێستاش، بەها و نرخی ئەو هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان نەزانراوە.

باسی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەکەن لەم وڵاتە و وڵاتانی تر. ئەوەی لە کوردستان کرا لە هیچ وڵاتێکی تر نەبووە. کام وڵاتی دنیایە حکومەتەکەی میللەتی خۆی کیمیاباران کردبێت، بێجگە لە کوردستان. خەڵکی کوردستان کیمیاباران کرا.

ڕەنگە وڵاتێک لەگەڵ وڵاتێکی تر کیمیایی بەکارهێنابێت؛ بەڵام میللەتی خۆی کیمیاباران نەکردووە؛ بەڵام لە کوردستان وەک ئەو وێنانەی بینیمان، منداڵی شیرەخۆر، دایکی دووگیان، هەمووی شەهیدکران. چ بە کیمیاباران و چ بە گوللە، شوێنی گوللەیان لەسەر کەلەسەریان دیارە. چۆن ئەم تاوانانە لەبیر دەکرێن؟

یا گرنگ ئەوەیە ئەم تاوانانە لەبیر نەکرێن؛ بەڵام نەوەی داهاتوو بزانن چی بەسەر باو و باپیرانیان هاتووە. بزانن ئەم ئازادییە بە چ قیمەتێک بەدەست هاتووە. بە منەتی کەس نەبووە و کەس خێری پێ نەکردووین.

ئەوەی زۆر گرنگترە ئەوەیە کە ئەو تاوانانە دووبارە نەبنەوە. ئەو گەرەنتییانە هەبن، کە جارێکی تر ئەو تاوانانە نە لە کوردستان و نە لە هیچ شوێنێکی تر دووبارە نەبنەوە. چۆن دەبێت خەڵکی بێ تاوان بەو شێوەیە بە خوێنی سارد شەهید بکرێن وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت.

ئەمە ڕاستییەکی نیشان دا، کە کاتێک گەلێک ئیرادەی هەبێت و خۆڕاگر بێت، سەرکەوتن هەمیشە بەشی ئەو گەلە دەبێت. هەرگیز لە مێژوودا نەبووە دیکتاتۆرێک سەربکەوێت. هەموو دیکتاتۆرەکان سەرشۆڕ بوون و ڕۆیشتوون. وەک ئەوەی دەزانم، ژمارەیەک تاقانەی ئەنفال لێرە ئامادەن لەگەڵمان لە نێو هۆڵەکە. من بە گەرمی بەخێرهاتنیان دەکەم، وشەی تاقانە خۆش نییە، بەڵام ئێوە تاقانە نین، ئێوە سیمبولی بەرخۆدان و شەرەفی ئەو گەلەن. ئێوە ئازیزانی هەموو ماڵێکی کورد و کوردستانن، ئێوە خۆشەویستی هەموو خاوەن ویژدانێکن لە سەرانسەری جیهان. هەموو کەسێک کەسی ئێوەیە و ئێوە کەسی هەموومانن.

من دەزانم، زۆر باش هەست بەوە دەکەم کە ئێوە چ ئێش و ئازارێکتان کێشاوە، دایکەکانتان چەند زەحمەتیان بە ئێوەوە بردووە؛ بەڵام ئەمانە هەمووی مایەی شانازییە بۆ ئێوە و بۆ ئێمەش، و ئەوەی پێویستە ئەمڕۆ، چ لەسەر حکوومەتی هەرێم و چ لەسەر حکوومەتی عێراقی فیدراڵ، قەرەبووی ئەو خەڵکە بکرێتەوە.

قەرەبوو بەو مانایە نییە کە تۆڵەی خوێنیان دەکرێتەوە و مافیان دەدرێتەوە. ئەو خوێنەی ڕێژرا، هیچ سامانێکی جیهان بەهای ئەو خوێنە نییە کە ڕژاوە، بەڵام شتێکی مەعنەوییە، شتێکی ڕەمزییە بۆ ئەوەی دادپەروەری جێگەی خۆی بگرێت. نابێت ئەو تاوانانە بە سادەیی تێپەڕێن و کەس حیسابی بۆ نەکات. تاوانێکی زۆر گەورە ئەنجامدراوە، و قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکە ئەرکی حکومەتی فیدراڵییە، چونکە ئەوان میراتگری ئەو حکوومەتەن کە ئەو تاوانەی کردووە. واجبە لەسەریان، نابێت خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە بدزنەوە و ئەرکی حکومەتی هەرێمیشە بەردەوام بێت لە داکۆکیکردن لەسەر ئەم بابەتە.

زۆر گرنگ (ئەو تاوانانە) بە جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بناسرێن و سوپاسی پەرلەمانی عێراق دەکەین کە ساڵی ٢٠٠٨ ئەو بڕیارەی دا، بەڵام هیچ کارێکی پێ نەکراوە لەلایەن حکوومەتەوە. سوپاسی پەرلەمانی سویدیش دەکەین، کە لە ساڵی ٢٠١٢، و پەرلەمانی بەریتانیاش لە ساڵی ٢٠١٣ کە وەکوو جینۆساید ناساندییان.

داوا لە پەرلەمانی وڵاتانی ئەورووپا و دەرەوەی جیهانیش دەکەم، ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بابەتەکە کردووە، ئەوانیش ئەو بڕیارە بدەن و بە جینۆساید بیناسێنن. ئەرکێکی زۆر پیرۆزە لەسەر شانی حکوومەتی هەرێم و هەروەها حکوومەتی فیدراڵیش کە هاریکار بێت لەم بابەتەدا. لە دەستووری عێراقدا، لە ماددەی ١٣٢، فەرز کراوە لەسەر حکوومەت کە پێویستە قەرەبووی ئەو خەڵکە بکرێتەوە.

هیوادارم لە دوای هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، بارودۆخێکی سەلامەتتر و تەندروستتر بێتە پێشەوە، بارودۆخێک بێتە پێشەوە، ئەو دەستوورەی ئێستا هەیە، ناوبژیوان بێت، لە نێوان هەولێر و بەغدا و لە نێوان هاووڵاتی و حکوومەتیش. ئەگەر، دەستوور ناوبژیوان بێت هیچ کێشەیەکمان نابێت، بەڵام ئەگەر میزاجی شەخسی بڕیاردەر بێت، کێشەکانمان بەردەوام دەبن و گەورەتریش دەبن.»

بەداخەوە، بەڵام تا ئێستاش هەندێک کەس ماون، لە ژێر کاریگەریی ئەو فەرهەنگەدان کە ئەنفالیان ئەنجام داوە. نابێت ئەم فەرهەنگە لە عێراقدا بمێنێت.

دەمەوێت سوپاسێکی بێ پایان ئاراستەی خەڵکی پارێزگای موسەننا بکەم، کە زۆر هاوکار بوون لەگەڵ تیمەکەمان بۆ

دۆزینـەوەی گـۆڕە بەکۆمەڵـەکان. خـودا خێرتـان بنووسـێت و چاکـەی ئێوەمـان لەبیـر ناچێـت. لێـرەدا دەمەوێـت سوپاسـی حکوومەتـی هەرێـم و هەمـوو ئـەو دەزگا پەیوەندیدارانـە بکـەم بـۆ هەمـوو ئـەو هەوڵانـەی دراون و پێویسـتە زیاتریـش بکرێـن. بـە تایبەتـی سوپاسـی پرۆفیسـۆر دکتـۆر یاسـین دەکـەم، بـۆ ئـەو ڕۆڵـەی کـە بینیویەتـی، چ لـە ناسـاندنی تاوانـەکان و چ لـە دۆزینـەوەی گـۆڕە بەکۆمەڵـەکان و گەڕاندنـەوەی ڕوفاتـەکان، و ئـەم بەڵێنیـش بـە هەمـوو ئازیزانمـان دەدەیـن، تـا دوا هەناسە هەوڵ دەدەین یەک ئێسکی شەهیدەکانمان نەمێنێتەوە کە نەدۆزرێتەوە و نەگەڕێنینەوە.

لـە کۆتاییـدا، هـەزاران سڵاو لـە گیانـی پاکـی شـەهیدان و جارێکـی تـر سوپاسـی هەمووتـان دەکـەم بـۆ ئامادەبوونتـان، بەخێربێن سەرچاوان.

## گۆتاری سەرۆکی کۆنفرانس

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان
بەیانیتان باش... بەخێر بێن بۆ شاری دهۆک.
بەڕێز جەنابی سەرۆک کاک مەسعوود بارزانی، مەرجەعی باڵای کوردایەتی،
بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابتان دەکەم. لە خوای گەورە داواکارم تەندروستیتان باش بێت، بۆ کورد و بۆ کوردستان.
بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت، ڕێزدار کاک مەسرور بارزانی، بەخێر بێن، سەرچاومان.
میوانانی بەڕێز، تاقانە خۆشەویستەکانی ئەنفال، مامۆستایان، زانایانی بواری جینۆساید و گۆڕی بەکۆمەڵ، بەڕێزان وەزیران و بەرپرسانی دامودەزگا حکومییەکانی کوردستان و بەرپرسانی حزبی و حکومیی پارێزگای دهۆک، بەخێر بێن.
میوانانی بەڕێزمان لە عێراقی فیدراڵ، بەخێر بێن.
بەڕێزان باڵیۆز و کونسوڵی وڵاتان لە کوردستان و عێراق.
بەخێر بێن بۆ کۆنفرانسی زانستی «دۆکیۆمێنتکردنی زانستیی تاوانەکانی ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بەرەو ناساندنی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کورد.»
بەخێر بێن بۆ زانکۆی دهۆک، بۆ بەشداریکردن لەم خەمە نیشتمانییە و لەم پرۆگرامە زانستییەدا.
نامانەوێت بە بیرهێنانەوەی ئازارەکان، جارێکی تر دڵتان غەمبار بکەین، بەڵام دەمانەوێت هەموو لایەک بزانن کە ئەرکی ئێمەیە وەک ناوەندێکی زانستی، ببینە چرایەکی ڕۆشنکەرەوە بۆ ئەم دۆسیەیە. دەمانەوێت بە هاوکاریی ئێوەی بەڕێز بە هەموو جیهان بڵێین، تاوانێک بەرامبەر گەلەکەمان کراوە کە وێنەی نییە لە مێژوودا؛ ١٨٢,٠٠٠ مرۆڤی بێتاوان بە هەموو تەمەن و ڕەگەزێکەوە، زیندەبەچاڵ کراون.
بەڕێزان، ڕەنگە هەموو لایەک ئاگادار نەبن، بەڵام کاری ئێمە وەک پزیشکی دادوەری لە کوردستان، بە ڕێگای زانستی سەلماندوومانە کە تەنها لە گۆڕێکی بەکۆمەڵی دوڵی جافایەتی لە حەزەر، ٤٥ منداڵ لە سکی دایکاندا بوون کاتێک ئەنفال کراون.
بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی،
زۆر سوپاس بۆ پاڵپشتی و ڕێنمایی بەردەوامی جەنابتان بۆ هەموو کارێک کە پەیوەستە بە دۆزینەوە و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی گەلەکەمانەوە. ئێوە هەمیشە خۆتان بە خاوەن و کەسوکاری قوربانییەکان زانیوە.
دووپاتی دەکەمەوە کە پاڵپشتی و ڕێنمایی بەڕێزتان، بە سەرپەرشتی و ڕێنیشاندەریی جەنابی کاک مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاندەر و هاوکارێکی سەرەکی بووە لە کارەکانماندا. لێرەوە سوپاسی هەوڵ و کۆششی نووسینگەی جەنابی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین.
ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، دەرەنجامی کارە باش و دەگمەنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەروەک چۆن دەبینین کار لە هەموو بوارەکانی ژیان و پێشکەوتنی کوردستاندا دەکرێت، هەر لە ئاوەدانبوونەوەی کوردستان و ڕۆناکبوونەوەی شار و شارۆچکەکانی، پشت بە خوا و گەلی کوردستان و بەڕێزتان، هەموو کارئاسانییەک دەکەین بۆ ناساندنی ئەم پرسە بە شێوەیەکی زانستی، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە ناسنامەی گەلەکەمان بچەسپێنێت و کۆڵەکەیەکی سەرەکی بێت بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی گەشتر و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان.
لەم سۆنگەیەوە، سوپاسێکی زۆر ئاراستەی بەڕێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بە هاوبەشی و بەجدی، هاوکارمان بوون لە ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسەدا.
بەڕێزان، بەخێر بێن بۆ شاری دهۆک، بۆ زانکۆیەک کە بە مانای وشە، زانکۆیە.
تاقانەکانی ئەنفال، بەخێر بێن. دڵنیا بن تا نەگەینە ئامانجێک کە ئێوەی پێ دڵخۆش بن، واز لەم مافە ڕەوایەی ئێوە و گەلەکەمان ناهێنین.
مامۆستایان و پسپۆڕ و شارەزایانی بەڕێز و ڕێکخراوەکانی کار لە سەر جینۆساید دەکەن، بەخێر بێن. سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ کار و ماندووبوونتان.

سوپاس بۆ هاوکارانمان لە عێراقی فیدراڵ، لە وەزارەتی تەندروستی، دەزگای شەهیدی عێراقی، و ڕێکخراوی (ICMP) بۆ هەموو هاوکارییەکیان.

سوپاس بۆ هەموو زانکۆکانی کوردستان، لیژنەی زانستی، لیژنەی بەڕێوەبردن، میدیا، و کارگێڕی بۆ ماندووبوونیان.

دووبارە بەخێر بێیت جەنابی سەرۆک. ماندووبوونتان هێز و ورەیە بۆ ئێمە.

**پ. د. یاسین کەریم ئەمین**
**سەرۆکی پێنجەمین کۆنفرانسی جینۆسایدی گەلی کورد**

## گۆتارا سەرۆکێ زانکۆیا دهۆک

کۆنفرانسێ زانستیێ ناڤدەولەتی، ل ژێر ناڤێ؛
«دوکیۆمێنتکرنا زانستی یا تاوانێن ئەنفالێ و گۆڕێن ب کۆم، بەرەڤ دانپێدانەکا ناڤدەولەتی ب جینۆسایدا گەلێ کورد»

جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی
بەڕێزان، میوانە بەڕێزەکان، زانایانی بەڕێز، و هاوڕێیانی خۆشەویستی میللەتی کورد

سپێدە باش،
بە شانازی و سۆزێکی قووڵەوە بەخێرهاتنی هەمووتان دەکەم بۆ پێنجەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی تایبەت بە جینۆسایدی گەلەکەمان، کە بە ڕێنمایی و سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی و بە پاڵپشتی جەنابی سەرۆکی حکومەت، لێرە لە زانکۆی دهۆک بەڕێوەدەچێت.

جەنابی سەرۆک بارزانی؛
سەرکردایەتی ئێوە لە مێژە سەرچاوەی ئیلهامبەخش بووە بۆ میللەتەکەمان، هێمای خۆڕاگری و دادپەروەری و هیوا. خۆبەخشی تەواوی تەمەنتان بۆ دۆزی کورد و بۆ کەرامەتی گەلەکەمان مانای ڕاستەقینەی خۆی بەم کۆنفرانسە دەبەخشێت. بەناوی هەر ١٧ زانکۆی حکومی هەرێمی کوردستانەوە ڕێز و سوپاس و پێزانینی قووڵی خۆمان ئاراستەی ئێوەی ڕێزدار دەکەم.

میوانە بەڕێزەکان؛
ئەمڕۆ لێرەین بۆ ئەوەی قسە بکەین، بیر بکەینەوە، و هەنگاوی کردەیی بنێین بۆ پاراستنی یادەوەرییەکان و مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی دوور لە تاوانی جینۆساید. جینۆسایدی کوردستان تەنها زنجیرەیەک ڕووداوی مێژوویی نییە؛ بەڵکو برینێکی قوڵە لە جەستەی نەتەوەیەکدا کە تا ئێستاش کاریگەرییەکانی بەسەرەوەیە. لە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەوە تا کۆمەڵکوژییەکانی بارزان، گەرمیان، بادینان و شوێنەکانی دیکە، گەلەکەمان ڕووبەڕووی دڕندایەتییەکی بێوێنە بووەتەوە. ئەرکی ئێمەیە کە ئەم یادەوەرییە زیندوو ڕابگرین و وانە لە ڕابردوو وەرگرین.

بۆ ئێمە، بەستنی ئەم کۆنفرانسە بەناونیشانی «بەڵگەنامەی زانستی تاوانەکانی ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان: بەرەو ناساندنی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدی گەلی کورد» هەم ئەرکێکی ئەکادیمییە و هەم ئەرکێکی ئەخلاقی. ئەم کۆنفرانسە، زانایان، مێژوونووسان و پسپۆڕانی بواری پزیشکی دادوەری، شیکاری دی ئێن ئەی (DNA) و یاسای مافی مرۆڤ لە کوردستان و لە سەرانسەری جیهانەوە کۆدەکاتەوە – یەکدەنگن بۆ یەک مەبەست: ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و گەڕان بەدوای دادپەروەریدا.
بۆ گەلی کورد، جینۆساید ڕووداوێکی مێژوویی ئەبستراکت نییە، بەلکو واقیعێکی ژیاوە. هەڵمەتی ئەنفال و ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە بێشومارانەی بەسەر خاکەکەماندا بڵاوبوونەتەوە، بەرگەی ئاسەواری ئازاری نەگێڕدراوەن. بەڵام ئەوان بانگەوازێکن - بانگەوازێکن بۆ بەڵگەنامەکردن ( یان دۆکومێنت کردن)، بۆ پاراستن و دڵنیابوون لەوەی کە ئەم جۆرە تاوانانە هەرگیز دووبارە نەبنەوە.

لە ڕێگەی زانستەوە، ڕاستییەکان ئاشکرا دەکەین بۆ ئەوەی چیرۆکی قوربانییەکان بژینەوە. لە ڕێگەی پەروەردەوە نەوەکانی داهاتوو فێری بەهای ڕاستی و لێبوردەیی و ئاشتی دەکەین. وە لە ڕێگەی هاوکاری نێودەوڵەتییەوە، ئێمە بەدوای دادپەروەرییەکدا دەگەڕێین کە سنوورەکان تێپەڕێنێت، دادپەروەرییەک کە جینۆسایدی گەلی کورد وەک تاوانێک دژی هەموو مرۆڤایەتی بناسێت.

پـەروەردە ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لـەم ئەرکـەدا. لـە ڕێگـەی زانکۆکانـی ئێمـەوە یـادەوەری دەبێتـە مەعریفـە، مەعریفەیـش دەبێتـە کـردار. ئێمـە پـێمان وایـە کـە پـەروەردە، لێکۆڵینـەوە و هاودەنگـی نێودەوڵەتـی پێکـەوە بەهێزترین بەرگـری لـە دووبارەبوونـەوەی کۆمەڵکـوژی پێکدەهێنن، دژی ئێمە یان هەر گەلێکی دیکە.

ئەمـڕۆ بـە بەشـداری سـەرکردە و زانایـان و دۆسـتانی نێودەوڵەتـی گەلـی کـورد پەیامێکـی ڕوون بـۆ جیهـان دەنێریـن: ئێمـە لەبیرمانـە، بەڵگەنامە دەکەین و داوای دانپێدانان دەکەین:
((We remember, we document, and we demand recognition

دانپێدانان نەک بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەڵکو بۆ ڕاستی، ئەو جۆرە ڕاستییەی کە چاک دەکاتەوە و ڕێگری دەکات؛

لەکۆتاییـدا پێویسـتە بڵێیـن، جینۆسـایدی کوردسـتان یادنامەیەکـی تاڵـە، بـەڵام هـاوکات وانەیەکـی گرنگیشـە بـۆ مرۆڤایەتـی. ئەرکـی ئێمـە تەنهـا یادکردنـەوە نییـە، بەڵکـو کارکردنـە بـۆ ئـەوەی چیـتر ئـەم تاوانـە لـە هیـچ شـوێنێکی دنیـادا دووبـارە نەبێتـەوە. بـا بـە هەوڵـە بەکۆمەڵەکانمـان ڕێـز لـە قوربانیانـی ئەنفـال بگریـن و پاڵپشـتی کەسـوکاری بێسەروشـوێنەکان بکەیـن و هەوڵـی جیهانـیمان بـۆ ڕاسـتی و دادپـەروەری بەهێزتـر بکەن.

جارێکـی تـر بەنـاوی سـەرجەم زانکـۆ حکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتانەوە بەخێرهاتنتـان دەکـەم بـۆ ئـەم کۆنفرانسـە مێژووییـە. هیواداریـن لـە کۆتایـی ئـەم کۆنفرانسـە دا بگەیینـە کۆمەڵێـك ڕاسـپاردە و نەخشـەڕێگایەکی ڕوون و ئاشـکەرا بـۆ کار و هەنـگاوی پراکتیکـی بـۆ داهاتوو لە بووارەکانی یاسایی، سیاسی، پەروەردەیی و هونەرییدا بۆ ڕێگریکردن لەم تاوانە نە.

سەربەرزی بو گیانی پاکێ هەموو شەهیدانی جینۆسایدی کوردستان.

سوپاس.

**د. داود سلێمان ئەتروشی**
**سەرۆکێ زانکۆیا دهۆك**

## لیژنەی باڵای کۆنفرانس

| ژمارە | ناوەکان | ناونیشان |
|---|---|---|
| ١ | پ.د.یاسین کەریم ئەمین | سەرپەرشتیاری کۆنگرە) ، زانکۆی هەولێری پزیشکی و بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگای پزیشکی دادوەری |
| ٢ | فەلاح حەسەن خضر | سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی لە هەرێمی کوردستان |
| ٣ | پ.د.کۆسار محمد علی | سەۆکی زانکۆی سلێمانی |
| ٤ | پ.ی.د.داود ئەتروشی | سەرۆکی زانکۆی دهۆک |
| ٥ | پ.د.کامران یونس محمدامین | سەرۆکی زانکۆی صلاح الدین |
| ٦ | پ.د.ادریس محمد تاهر هرکی | سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر |
| ٧ | پ.ی.د.شێروان شەریف قرطاس | سەرۆکی زانکۆی سۆران |
| ٨ | پ.د.بەمۆ پەروێز عەزیز | سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە |
| ٩ | پ.د.ئاراس فریق زینل | سەرۆکی زانکۆی گەرمیان |
| ١٠ | پ.ی.د.هەڵەت ڕشید عەبدوڵلا | سەرۆکی زانکۆی چەرمۆ |
| ١١ | پ.ی.د.چیا محمد حسن | زانکۆی تەکنیکی گەرمیان |
| ١٢ | پ.ی.د.هاوڕێ مستەفا بەکر | نوێنەری سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی |
| ١٣ | د.زید علی عباس | بەڕێوەبەری گشتی پزیشکی دادوەری - بەغداد |
| ١٤ | ضیاء کریم طعمە | بەڕێوەبەری گشتی گۆڕی بە کۆمەڵ لە دەزگای شەهید (مؤسسة شهداء)، لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق |
| ١٥ | فواز عبدالعباس | جێگری سەرۆکی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری ونبووەکان (ICMP) |
| ١٦ | سراب الیاس برکات | بەڕێوەبەری گشتی ڕزگاربووەکان (الناجیات) لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق |
| ١٧ | پرۆفیسۆر د.محمد حسیب صدیق | سەرۆکی زانکۆی کۆیە |

## لیژنەی زانستی کۆنفڕانس

| ژمارە | ناوەکان | | ناونیشان |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.یاسین کەریم ئەمین | سەرۆکی لیژنەی زانستی کۆنفڕانس | زانکۆی هەولێری پزیشکی و بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگای پزیشکی دادوەری |
| ٢ | پ.د.ژیان محمد ابراهیم | ئەندام | زانکۆی هەولێری پزیشکی |
| ٣ | پ.ی.د.لاجان محمد امین | ئەندام | زانکۆی سلێمانی |
| ٤ | پ.ی.د.دڵدار حاجی موسا | ئەندام | زانکۆی دهۆک |
| ٥ | پ.د.هاژە جەمال هیدایەت | ئەندام | زانکۆی صلاح الدین |
| ٦ | پ.ی.د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | ئەندام | زانکۆی پۆلیتەکنیک |
| ٧ | د.ابراهیم صادق مەلازادە | ئەندام | زانکۆی سۆران |
| ٨ | پ.ی.د.ڕەنجدەر محمد عزیز | ئەندام | زانکۆی هەڵەبجە |
| ٩ | پ.ی.د.کامران محمد علی | ئەندام | زانکۆی پۆلیتەکنیک کەلار |
| ١٠ | پ.ی.د.هونەر حسن امین | ئەندام | زانکۆی چەرمۆ |
| ١١ | پرۆفیسۆر د. حکمت مستەفا | ئەندام | زانکۆی کۆیە |
| ١٢ | پ.د.ئومێد بەرزان برزۆ | ئەندام | زانکۆی گەرمیان – سەنتەری جینۆساید |
| ١٣ | د.یاسمین منذر صدیق | ئەندام | پەیمانگای پزیشکی دادوەری بەغداد |
| ١٤ | سالم شعبان محمود | ئەندام | پەیمانگای پزیشکی دادوەری بەغداد |
| ١٥ | زانا سالم صالح | ڕێکخەری کۆنفڕانس | فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی لە هەرێمی کوردستان |
| ١٦ | شیرزاد حمد برایم | سکرتێری کۆنفڕانس | پەیمانگای پزیشکی دادوەری هەرێمی کوردستان |

## لیژنەی دارایی کۆنفرانس

| ژمارە | نـــــــاوەکـــــــان | | ناونیشان |
|---|---|---|---|
| ١ | د.معاف عبدالله کریم | سەرۆکی لێژنەی دارایی | بەڕێوەبەری گشتی دیوان وەزارەتی تەندروستی / هەرێمی کوردستان |
| ٢ | پ.د.یاسین کەریم ئەمین | ئەندام | زانکۆی هەولێری پزیشکی و بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگای پزیشکی دادوەری |
| ٣ | د.مەتین عبدالرزاق عادل | ئەندام | بەڕێوەبەری تەندروستی نێودەوڵەتی – وەزارەتی تەندروستی |
| ٤ | کەنعان عەبدوڵڵا محمد | ئەندام | بەڕێوەبەری ژمێریاری دیوانی وەزارەت |

## لێژنەی زانستی ڕێکخستن

| | |
|---|---|
| پ. د.دلدار حاجی موسی | سەرۆک |
| پ.ی.د. هەوار خلیل طاهر | ئەندام |
| پ.ی.د.سالم جاسم حاجی | ئەندام |
| د.إدريس موسى محمد | ئەندام |
| پ.د خلیل مصطفی عثمان | ئەندام |
| عصمت محمود محمد | ئەندام |
| ئومێد محمد طاهر مقداد | ئەندام |
| نەوزاد حسن علی | ئەندام |
| زینی عادل توفیق | ئەندام |

## لیژنەی ڕاگەیاندن

| | |
|---|---|
| عسمەت محمود محمد | سەرۆک |
| حسين اسماعيل محمد | ئەندام |
| فاطمة محمود علي | ئەندام |
| د. هێن زيد ملا | ئەندام |
| محمد عبدالكريم طاهر | ئەندام |
| علی حبيب حبيب | ئەندام |
| هەرمان جانگیر احمد | ئەندام |
| بارین محمد احمد | ئەندام |
| نیبار حجی حسین | ئەندام |
| روندك فاظل عادل | ئەندام |
| نازم یاسین علی | ئەندام |

# لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ئافرەت ( ١٩٨٨-٢٠٠٣) توێژینەوەیەکی مێژووییە

## پەرژین جەعفەر حاجی رۆستەم / ئۆمەربلی

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ئافرەت، ئەنفال پرۆسەیەکی قۆناغ بەقۆناغی نامرۆڤانەی لەناوبردن بوو، کە ڕژێمی بەعسی عێراقی لەچەند ناوچەیەکی جوگرافی جیاوازدا ئەنجامیدا، بەرانبەر بە گەلی کورد.

ئەم پرۆسەیە چەندین لێکەوتە و کاریگەری بەدوای خۆیدا هێنا. ئافرەت وەک ڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەر لە کۆمەڵگادا و ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشوری کوردستاندا بەشێکی سەرەکی بوو لە ئامانجی لەنێوبردن و سیاسەتی توندووتیژی حکوومەتی عێراق. ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، تەوەری یەکەم: ئافرەت لە پرۆسەی ئەنفالدا، تەوەرەی دووەم: لێکەوتەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ئافرەت:

١. لەڕووی کۆمەڵایەتی
٢. لەڕووی ئابوری
٣. لەرووی دەروونی

لەم سێ ڕەهەندەوە لێکەوتەکانی پرۆسەی ئەنفال لە سەر ئافرەت بەردەوامە.

لەم توێژینەوەیەدا لەڕێگای میتۆدی (کرۆنۆلۆژی وەسفی)بە پشت بەستن بەچەندین بەڵگەنامەیی مێژوویی و سەرچاوەی جیاواز، لێکەوتەکانی پرۆسەکە روون کراوەتەوە.

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەدا بۆمان دەردەکەویت کە پرۆسەی ئەنفال کاریگەرییەکی دوور مەودای نەرێنی و خراپی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونی و زۆربەی لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، لەسەر ئافرەت کە تاوەکو ئێستاش لە کۆمەڵگادا بەڕوونی هەستپێدەکرێت و ئافرەتان بەتوانا و ئیرادەیەکی بەهێز ڕووبەڕووی بوونەتەوە و بەردەوام بوونە، و کەمترین هەوڵ هەبووە بۆ کەمکردنەوەی ئەو لێکەوتانە و تۆمارکرنیان لەڕووی زانستی و مێژووییەوە بۆ ئاشنا کردنی نەوەکانی داهاتوو سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەت لە ڕووبەڕوو بوونەوەیان لە لێکەوتەکانی پرۆسەی ئەنفال و بەردەوامییان لەسەر ڕەوتی ژیان و ئاساییبوونەوەیان لە نێو کۆمەڵگە.

وشە سەرەکییەکان:

(ئەنفال، ئافرەت، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابوری)

پێشەکی:

مێژووی کورد شاهێدی ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەتە لە بواری ژیانداری و هاوبەشی کردن لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتیمانی، چ ڕاستەوخۆ بەشداریکردن لە ڕیزەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و خەباتی چەکداری، یاخود ناڕاستەوخۆ بەشێوەی هێزی پشتیوانی، لە دابینکردن و دروستکردنی خواردەمەنی و کەلوپەل و سەرجەم پێداویستییەکانی داو و دەرمان بۆ پێشمەرگەکان، جگە لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ.

ئەم ڕۆڵە دیارەی ئافرەتان بووەتە هۆکاری ئەوەی، حکومەتی عێراق سیاسەتێکی توندوتیژ و بێ بەزەییانە و دوور لە بەها مرۆڤایەتییەکانی پەیڕەو کردووە بەرامبەر بە خەباتی ئافرەتانی کورد، بەتایبەت لە قۆناغی یەك لە دوای یەکەکانی ئەنفالدا کە گورزێکی کوشندە بەر میللەتی کورد و بەتایبەتی ئافرەتانی کوردستان کەوت، لێکەوتەی خراپی لەسەرجەم بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەدوای خۆیدا هێنا.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە سیاسەتی توندوتیژی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە ئافرەتانی کورد دەخرێتەڕوو، بە ئامانجی ئاشناکردنی نەوەکانی کورد، بەو خەبات و قوربانیدانەی کە ئافرەتانی کورد ئەنجامیانداوە لە پێناو سەرخستنی پرسی نەتەوەیی و داکۆکیکردن لە خەباتی نیشتیمانیدا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارکردنی

زانستییانەی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە نێو شۆڕش و هەروەها پریشکی قوربانییەکان لە ململانێ و سیاسەتی دڕندایەتی حکومەتی عێراق، پاراستن و بەرچاوخستنی ئەو مێژووە.

سەبارەت بە گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە: کەمی سەرچاوەی پێویست بوو سەبارەت بە ناونیشانەکە، هەوڵدراوە ئەم گرفتە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەکەدا بەشدار بوونە، یاخود قوربانی پرۆسەکە بوونە پڕبکرێتەوە، فەرامۆشکردنی نووسینەوەی یاداشتەکان لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوانەوە، یاخود هەندێك لە شاهێدحاڵەکان بەهۆی زۆری تەمەنەوە ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی خۆیان بیرچووەتەوە، تەنانەت بەشێکیان لە ژیان نەماون.

هەروەها بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامە و نووسراوانەی کە تایبەتن بە پرۆسەی ئەنفالی گەلی کورد یاخود سیاسەتی توندوتیژی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە ئافرەتانی گەلی کورد بەشێوازێکی نهێنی بووە و زۆربەیان لە نێوبراون، یاخود ئەرشیف نەکراون.

سەبارەت بە ڕێبازی توێژینەوەکە: بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە سود لە ڕێبازی(وەسفی و کرۆنۆلۆژی مێژوویی، مێژووی زارەکی) وەربگیرێت و هەروەها بە پشت بەستن بەسەرچاوە و چاوپێکەوتنەکان بەتایبەت ئەوانەی کە هاوچەرخی ڕووداوەکانن.

ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە: چەند جۆرێکن بەزمانی کورد و عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە، وەك بەڵگەنامە، کتێب، ڕۆژنامە، هەروەها چاوپێکەوتنەکانیش بە زۆری لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنجامدراوە کە هاوچەرخی ڕووداوەکان بوون و بەشداری ڕاستەوخۆیان لە ڕووداوەکاندا هەبووە، وەك(گەردە محەمەدئەمین خەسرۆ، شەوقیە عزیز حەوا، خاوەر قادر ڕەسوڵ).

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە: لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم: ئافرەت لە پرۆسەی ئەنفالدا، تەوەرەی دووەم: لێکەوتەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ئافرەت(کۆمەڵایەتی، ئابوری، دەروونی).

تەوەرەی یەکەم:

ئافرەت لە پرۆسەی ئەنفالدا

حکوومەتی عێراق دوای کۆتایی هاتنی جەنگی نێوان (عێراق و ئێران، ١٩٨٠-١٩٨٨) کەوتۆتە بیری پلانێکی تۆکمە بۆ ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان(الخرسان،٢٠٠١،ص٨١٤) ئەمەش دوای ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە بە عەلی حەسەن مەجید درا(عەبدوڵڵا، ئەنفالستان، بەهاری ٢٠٠٦، ل٢٤).

بەپێی بڕیاری ژمارە ١٦٠ (مجلس قيادة الثورة، رقم القرار ١٦٠ تاريخ القرار ١٩٨٧/٣/٢٩) چوار ڕۆژ دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بڕیاری (٢٤٤) لە ١٩٨٧/٤/٢ دەسەڵاتی بە عەلی حەسەن مەجید دا بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و خاڵەکانی نێو ئەم بڕیارە(مجلس قيادة الثورة، عدد ٢٤٤، ١٩٨٧/٤/٢) لە ناوەڕۆکی ئەم بڕیارەدا ئاماژەی بەوەداوە کە شەش مانگ مۆڵەت دراوە بە دانیشتوانی گوندەکان کە گوندەکانیان چۆڵ بکەن و ڕوو لەشارەکان بکەن، ئەو ئاگادارکردنەوەیە لە ڕادیۆی(کورد- لە بەغدا) خوێندرایەوە، لە دوای ئەوە حکوومەتی عێراق بڕیاری ژمارە(٢٨، ٤٠٨) لە بەرواری ١٩٨٧/٦/٢٠ دەرکرد، ئەمە یەکەمین بڕیار بوو کە عەلی حەسەن مەجید دەریکرد و بەڕاسپێردراوی جێبەجێکاری ئەم پرۆسەیە دانرا(حوسێن، ئەوانیتر، تەمموزی ٢٠١٧، ل ١٦٨) بەپێی ئەم بڕیارە هەموو گوندەکانی باشووری کوردستان بە ناوچەی قەدەغەکراو دانرا، بڕیاری قەدەغەکردنی هاتووچۆ و کشتوکاڵکردن و پیشەسازی و ئاژەڵداری گرتەوە(قيادة مكتب تنظيم الشمال،٢٨، ٤٠٨، ١٩٨٧/٦/٢٠) و دەزگا پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد کە پێویستە بەدواداچوونی وردیان لەوبارەیەوە هەبێت(ساڵح، بەهاری ٢٠٢٣، ل٢٣).

بەم جۆرە حکوومەتی عێراق لە شوباتی ١٩٨٨ تاوەکو کۆتاییەکانی هەمان ساڵ لە حەوت قۆناغ و جوگرافیای جیاوازدا پرۆسەی ئەنفالی ئەنجامداو و بەشێکی زۆری گوندەکانی کوردستان وێران کران و ١٨٢ هەزار هاووڵاتی سڤیل بێسەروشوێن کران لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ(هیومان ڕایس وۆچ، ٢٠١٢، ل١١٢)، بەهەموو شێوەیەك هەوڵی سڕینەوەی شوناس و ناسنامەی گەلی کوردی داوە بەبێ جیاوازی ڕەگەزی(حاجی ڕۆستەم، نیسانی٢٠٢٥، ل٤٥١) ئافرەتانیش وەکو بەشێکی سەرەکی کۆمەڵگا و ڕەگەزێکی کاریگەر تێیدا قوربانی یەکەمی ئەم پرۆسەیە بوون، گەورەترین قۆناغ کە زۆرترین قوربانی لێکەوتەوە قۆناغی سێیەمی ئەنفالی گەرمیان بوو(ئۆمەربلی، ٢٠٢٣، ل٢٤٦).

بەپێی ئەو ئامارانەی، کە لەبەردەستن ژمارەی قوربانیانی ئافرەت لە بەشێکی زۆری گوندەکانی گەرمیان زیاترە لە پیاو یاخود لە هەندێك شوێن هاوڕێژەن، بۆ نموونە لە گوندی(ئۆمەربل)ی سەر بە قەزای کفری لە کۆی (٢٦٣) ئەنفالکراو(١٣٧)یان ئافرەت و منداڵ بوون لە ڕەگەزی مێ. لەو ڕێژەیە (٢٥) لە ئافرەتەکان لە حاڵەتی دووگیانی بوونە، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی تەندروستی و دەروونی بەپێی قسەی شاهێدحاڵەکان بەشێك لە ئافرەتە دووگیانەکان لە نێو زیندانەکانی نوگرەسەلمان منداڵیان بووە و بەبێ هیچ چارەسەرێکی پزیشکی توشی خوێنبەربوون بوونە و لەگەڵ

منداڵەکانیان مردوون، یەکێك لەو ئافرەتانە بەناوی(گەوهەر حاجی ڕۆستەم) بەو هۆکارەوە گیانی لە دەستداوە، هەندێکیشیان هەر بە دووگیانی زیندەبەچاڵکراون(حاجی ڕۆستەم، ٢٠٢٢، ل٩).

گوندی (زینانەی خواروو) لە کۆی (٢١٣) ئەنفالکراو (١٤٠)یان لە ڕەگەزی مێ بوون، (زینانەی ژوورو) لە کۆی (٢٠٧) ئەنفالکراو(١٠٩)یان لە ڕەگەزی مێ بوون، لە گوندی(کانی عوبێد) لە کۆی(٤٥) ئەنفالکراو(٢٣)یان لە ڕەگەزی مێ بوون(گوڵاڵەی گەرمیان، ٢٠١٥، ل١٣٢). گوندی (فەقێ مستەفا) لە کۆی(١١١) ئەنفالکراو (٥٦)یان لە ڕەگەزی مێ بوون، گوندی(پیرەمۆنی) لە کۆی (١٣٥)ئەنفالکراو(٦٨)یان لە ڕەگەزی مێ بوون، لە گوندی (بۆڵ قامیش) لە کۆی(٢٠٦) ئەنفالکراو(١١٢)یان لە ڕەگەزی مێ بوون(عەبدە، ٢٠١١، ل١٩٥).

هەروەها لە قۆناغی چوارەمی ئەنفالدا کە ناوچەکانی سنوری (کۆیە و تەقتەق و قەڵاسێوکە، شوان، شێخ بزێنی، خەلەکان، گۆپتەپە، عەسکەر)ـی گرتەوە(بارزانی، ٢٠٢١، ل٣٢٥) ئافرەتان لەو سنورەشدا بەشێکی سەرەکی بوونە لەو قوربانییە، بۆ نموونە گوندی (گۆپتەپە) لە کۆی(٢٥٥) کەس(١٢٤)یان ئافرەتن، لەگوندی (عەسکەر) لە کۆی (١٥٨) ئەنفالکراو(٧٣) یان ئافرەتن(مەلا شاخی٢٠٠٧، ل١٢٦). تەنانەت هەندێك لە ئافرەتەکان بەهۆکاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیانیان لەدەستداوە، بەتایبەت کیمیابارانی ناوچەی گۆپتەپە و عەسکەر(هەوار قادر نامیق) یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەو پرۆسەیە و لەکاتی کیمیابارانکردنی گوندەکەیاندا، تەمەنی تەنیا سێ مانگ بووە، لەباوەشی دایکیدا شیرخواردووە، لە کاتێکدا سێ ڕۆژ بەسەر گیان لەدەستدانی دایکیدا تێپەڕبووە، دواتر لەلایەن کەسوکاری هەڵدەگرنەوە و چاودێری دەکەن تاوەکو گەورە بوون(صالح، ٢٠٠٨، ل٨) ئەمەش دڕندایەتی و نامرۆڤایەتی سیاسەتی حکومەتی عێراقمان بۆ دەردەخات.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی حکومەتی عێراق کە داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوانی سنوری کۆیە و (تەقتەق)ـە ساڵێك دوای تێپەڕبوونی پرۆسەکە ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کراوە سەبارەت سۆراغی کەسوکاریان، تێیدا ناوی (١٩٨) ئەنفالکراو هاتووە، کە (١٠٢)یان ئافرەتن(محافظة اربیل، مدیریة الشؤون الداخلیة، الشعبة/ش،د، العدد٤د/٢٧٥٣، التاریخ ١٩٨٩/٧/٢٢) هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی هاوشێوەدا (رضا اسماعیل طة) کە دانیشتووی ناحیەی (تەقتەق)ـە داواکارییەکی ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کردووە، تێیدا داوای سۆراغی هاوسەرەکانی دەکات بەناوەکانی(لعلی همزة قادر، عزیمة عمر رسول) وە منداڵەکانی (کوروك رضا، حەمە رضا، جوامێر رضا، دلێر رضا، دڵزار رضا)( محافظة اربیل، مدیریة الشؤون الداخلیة، الشعبة/ش،د، العدد٤د/٣١٤٣، التاریخ ١٩٨٩/٨/٢٩). لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوانە، ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کراوە، دانیشتووی کۆمەڵگا زۆرەملییەکانی (بنەسڵاو، دارەتوو، تۆبزاوە، باسرمە، کەورگۆسك)ن، داوای چارەنووسی کەسوکاریان دەکەن، کە تێیدا ناوی(٦٨) ئەنفالکراو هاتووە لەو ژمارەیە(٣٧)یان ئافرەتن(محافظة اربیل، مدیریة الشؤون الداخلیة، الشعبة/ش،د، العدد٤د/٢٨٤٥، التاریخ ١٩٨٩/٧/٣١).

جێگەی ئاماژەیە حکومەتی عێراق بە دڕندانەترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەتانی نێو زیندانەکانی سەماوە و نوگرەسەلمان و ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق کردووە، بەپێی گێڕانەوەی ئەو شاهێدحاڵانەی کە لە نێو زیندانەکە بوون وێنەی دڕندەیی ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەك دەگێڕنەوە کە هیچ تایبەتمەندییەکی ئافرەتان ڕەچاونەکراوە و زۆرجار زیاتر لە پیاوەکان سزا دراون، بەتایبەتی ئەوکاتانەی ئافرەتێك بەهۆی دووگیان بوون منداڵیان بووە، منداڵەکەیان لەپێش چاوی خۆی خستۆتە بەردەم سەگەکان و دەرخواردیان دەدا، بەم هۆکارە چەندین ئافرەت پێش ژێرخۆڵکردنیان گیانیان لە دەستداوە(ئۆمەربلی، ٢٠٢٣، ل٢٤٧). بارودۆخی ئافرەتان لە نێو زیندانەکان سەرەڕای توندوتیژی و ئەشکەنجەدان دوور لە هەموو بەهاکانی مرۆڤبوون مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، بەتایبەت سزای دەستدرێژیکردنە سەریان(نوری،٢٠٠١، ص٣٦٠)، سوکایەتیکردن بە ڕەوشت و کەرامەتی ئافرەتان و ئازاردانیان دوور لە هەموو دابونەریتێکی مرۆڤایەتی یەکێك بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕژێمی عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا، هەندێك لە ئافرەتەکان لە پێناو پاراستنی شەرەفی خۆیان و ترسی دەستدرێژیکردنە سەریان خۆیان پەنایان بردۆتە بەر خۆ کوشتن، دیارترین نموونەی لەم بارەیەوە لە سنوری کۆیە یەکێك لەو ئافرەتانە بەناوی (ڕەمزییە بەکر مستەفا) کە دوای ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەتی دیکە دەستگیر کراوە، بۆ سەربازگەی قەڵاتە لە نزیك پردی تەقتەق گواسترانەتەوە لەوکاتەدا یەکێك لە ئەفسەرەکان داوای هەندێك ئافرەتی جوان و لاو دەکات و پاسەوانەکانی کەوتوونەتە ناو ئافرەتەکان و هەندێکیان جیاکردۆتەوە (ڕەمزییە) هەستیکردووە بۆ ئەوە دەیانبەن دەستدرێژی بکەنە سەریان مەرگی هەڵبژاردووە و خۆی هەڵداوەتە ناو زێی بچووك(کانی کوردەیی ٢٠٢١ل٧٤).

چەندین جۆری ئەشکەنجەدانیان بەکارهێناوە وەك ڕووتکردنەوەی منداڵی ساوا و هەڵواسین و ئازاردانی لە پێش چاوی دایکەکان(قەرەداغی، ٢٠١٩، ل٢٦٠) زۆرجاریش منداڵە

ساواکانیان لە دایکەکان جیادەکردەوە(عەلی، ٢٠٠٦،ل٧٥) هەروەها ئافرەت لە زیندانەکان ڕووبەڕووی سزای دەروونی کرانەوە(یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ٢٠١١، ل٢٣) بۆ نموونە هەڵدەستان بە ئەشکەنجە و ئازاردانی پیاوەکان و گواستنەوەی دەنگیان لە ڕێگەی بڵندگۆکانەوە تاوەکو ئافرەتەکان گوێ لە هاواری سزادراون بگرن و ورەیان نەمێنێت و باری دەروونیان لاواز بکەن، لەو کاتانەی زۆر هیلاك بوونە و پێویستییان بە حەوانەوە بووە، بەتایبەتی شەوان بۆ ئەوەی نەتوانن بخەون گڵۆپی فسفۆری ڕەنگ و ڕەنگ لە ژوورەکانی زیندان بەکاردەهێنران، هەروەها خستنەژوورەوەی ئاژەڵ و زیندەوەری خشۆك بۆ ترساندن و بێزارکردنی ئافرەتە دەستگیرکراوەکان(حاجی ڕۆستەم، ٧ـ ئاداری ٢٠٢٥، کفری). یەکێك لەو ئافرەتانەی کە لە نوگرەسەلمان زیندان بووە دەیگێڕێتەوە: هەمووجمان لەشمان ئەوەندە پیس بوو (ئەسپێ) لە هەموو گیانمانی دابوو ڕۆژانە چەندینجار (لەچکە)کانمان دەتەکاند و دەمانداییەوە بەسەرماندا، ئاوی خواردنەوە سوێر و کەم و گەرم بوو تاوەکو زیاتر تینومان بێت، نەخۆش بکەوین یان لە تینوێتیدا بمرین و هەروەها خواردن نەبوو تاوەکو لە برسان بمرین، ئازاری جەستەیان دەداین، نەخۆشدەکەوتین و دکتۆر و چارەسەر نەبوو، تووشی نەخۆشی ڕشانەوە دەبووین، بەشێکی زۆر لە زیندانییەکان بەهۆی پەتای(سکچوون و ڕەشانەوە) مردن;(فەرەج، نیسانی ٢٠٢٥، ل١٥).

یەکێکی دیکە لە هەڵسوکەوتەکانی دەزگا ئەمنییەکان بەرامبەر ئافرەتە زیندانیکراوەکان بریتی بوو لە بردنی زێڕ و پارە و ئەو شتانەی لای گیراوەکان بوون بەبێ ڕەچاوکردنی مافی زیندانیکراو بەزۆر لێیان وەردەگیرا و نەدەگەڕێندرایەوە(عەلی، ٢٠٠٦، ل٣٦٩)، شاهێدحاڵێك کە خەڵکی گوندی(گەڵنا غاج) کە کەوتۆتە سنوری قەڵاسێوکە بەناوی (عەباس محەمەد مستەفا) دەگێڕێتەوە: هەرچی پارە و زێڕ و شتی بەنرخ هەبوو لێمان وەرگیرایەوە ئافرەتێك بەناوی(سەدریە شەمزین) بە بەرچاوی خۆمەوە سەربازەکانی حکومەتی عێراق گوارەکانیان لەگوێیەکانی کردەوە، گیرفان و باخەڵی ئافرەتەکان دەگەڕان پارە و زێڕەکانیان لێدەبردن، ئەڵقە و ئەنگوستیلەکانیان لە پەنجەیان دەکردنەوە(دەشتی، ٢٠١٣، ل٢٤٧-٢٥٠) وێڕای بەکارهێنانی شێوازی برسی کردن و تینوکردنیان وەك سزایەك زۆرجار بەهۆی نەدانی ئاو بە گیراوەکان بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا ئەو ئافرەتانە ناچارکراون بە خواردنەوەی میزی خۆیان بۆ شکاندنی تینوێتییان یەکێك لە ئافرەتە زیندانیکراوەکان بەناوی (کوردستان ڕەحیم) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەهۆی تینوێتی و پێنەدانی ئاوی خواردنەوە ناچار بووە میزی خۆی بخواتەوە(ئۆمەربلی، ٢٠٢٣، ل٢٤٨). ناوەی زیندانەکانیش بەهۆی خراپیان لەڕووی تەندروستی و بەرنەکەوتنی تیشکی خۆر و شێداربوونی ناو هۆڵەکان، چەندین نەخۆشی و ڤایرۆس لە نێو گیراوەکان بڵاوبووەوە و بەشی زۆریان تووشی چەندین نەخۆشی بوون وەك نەخۆشییەکانی (پێست، هەستیاری، تەنگەنەفسی) تەنانەت بەهۆی ئەم نەخۆشیانەوە چەند ئافرەتێك گیانیان لە دەستداوە، یەکێك لەوانە (شەوبۆ هەورامی) کە بەهۆی تەنگەنەفسییەوە لە زیندان گیانی لە دەستداوە(عەلی،٢٠٠٦، ل٣٣٧).

دەتوانرێت بگوترێت ئافرەتان لە باشووری کوردستان بەهۆی ئەو ڕۆڵەی لە پاڵپشتیکردن و بەشداریکردنیان لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٨٨ بینیویانە دووچاری سیاسەتی توندوتیژی و جینۆساید بوونەتەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

تەوەرەی دووەم: لێکەوتەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ئافرەت:

یەکەم: لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان:

شاڵاوەکانی ئەنفال کۆمەڵگەی کوردی لە زۆر لایەنەوە تێکدا، بەتایبەت لە دەستدانی ئەندامانی خێزان و ئەنفالکردن و زیندەبەچاڵکردنیان، کاریگەری پرۆسەکە جگە لە لەناوبردنی ڕۆحی و جەستەیی ئەنفالکراوان، لێکەوتەی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕزگاربووەکان بەجێهێشت، بەتایبەت ئافرەتان و تووشی چەندین گیروگرفتی کردونەتەوە(عەوڵا، ٢٠٢٣، ل١٢٩).

خێزان یەکەیەکی بنچینەیی کۆمەڵە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، حکوومەتی عێراق هەوڵیداوە شیرازەی خێزان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا تێکبدات و پەرتەوازەی بکات، بەپێی داب و نەریت و کلتور و ئایین و یاسایش بەزۆری پیاوان سەرۆکی خێزان و بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی بژێوی خێزانەکانیان و چاودێریکردنیان، ژنانیش شان بەشانی پیاوان لە پەیداکردنی بژێوی خێزان و ئیش و کارەکاندا ڕۆڵی گرنگیان بینیوە(سالح،٢٠٠٨،ل١٦)، بەڵام شاڵاوەکانی ئەنفال ڕەوشی خێزان و کۆمەڵایەتی و کەسوکاری ئەنفالکراوانی بەشێوەیەکی ترسناك خراپ کردووە، لە ئەنجامی بێسەروشوێنکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی خێزانەکان بە تایبەتی نێرینە و سەرۆك خێزانەکان بووە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی نامۆی کۆمەڵایەتی، بە ژینگەی کۆمەڵگەی کوردی، کە پێشتر باو نەبووە (عارف، ٢٠٠١، ل٩٠)، هەروەها دروستبوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەپێی توێژینەوەیەك لەسەر ڕەوشی ئەو ئافرەتانەی هاوسەرەکانیان بێسەروشوێن کراون، ٨٩٪ ئەو ئافرەتانەن هاوسەرەکانیان بەر

پرۆسـەی ئەنفالکـردن کەوتـوون، ئەمـەش مەبەسـتی حکوومەتـی عێراقـی بـووە، چونکـە لـە ناوبردنـی گەنـج و پیـاوی کـورد بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـووە هێـزی کاری کوردسـتان لـە ڕەگـەوە هەڵتەکێنێـت، سـەرەڕایی ئـەوەش ئـەوەی زانیـوە ئەگـەر پیـاوەکان لەناوبەرێـت ئافرەتـەکان شـووناکەنەوە و ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ داب و نەریتـی کۆمەڵـگەی کـوردی شـەرم بـووە ئافرەتـی خـاوەن منـداڵ جارێکـی دیکـە هاوسـەرگیری بکاتـەوە بەتایبەتـی چارەنووسـی مێردەکەی نادیار بێت(ساڵح،٢٠٠٨، ل١٦).

هەروەهـا لـەڕووی یاسایی و شـەرعییەوە ڕێگەیـان پێنـەدراوە هاوسـەرگیری بکەنـەوە بەهـۆی یەکلایـی نەبوونـەوەی چارەنووسـی هاوسـەرەکانیان لـە ژیاندا(گەزنەیـی،٢٠٠٣،ل١٠٣). بەپێـی ئامارێـك كـە توێـژەر ئەنجامیـداوە لـە کـۆی(١٥٠) ئافـرەت کـە خـاوەن منـداڵ بـوون تەنیـا سـێ ئافـرەت هاوسـەرگیریان کردۆتـەوە، ئەوانیـش منداڵیـان نەبـووە. حکوومەتـی عێـراق بـەم سیاسـەتەی دوو ئامانجـی پێکاوە، یەکـەم: هێـزی کار و مرۆیـی لـە ناوبـردووە، دووەم: شـیرازەی خێزانـی کـوردی لەبـەر یەك هەڵوەشاندۆتەوە(دزەیی،٢٠٠١،ل٢١٥).

بەپێـی توێژینەوەیـەك سەرپەرشـتی خێـزان لـە پێـش پرۆسـەی ئەنفـال ١٢،٩٠٪ بـاوك بـووە و ٩،٨٨٪ دایكبـووە، بـەڵام دوای پرۆسـەی ئەنفـال ڕێژەکـە گـۆڕا بـۆ ٣٤،٤٥٪ بـاوك، ٦٥،٥٥٪ دایك(ساڵح،٢٠٠٨،ل٢٢).

بەپێـی ڕاپرسـی توێـژەر کـە پرسـیاری ئاراسـتەی(٤٥)خێزان کـردووە لـە کەسـوکاری ئەنفالـکراوان دەربـارەی سەرپەرشـتی خێـزان لـە پێـش ئەنفـال و دوای ئەنفـال سەرپەرشـتی خێـزان بـەم جـۆرە بووە:

| ڕێژەی پاش ئەنفال | سەرپەرشتیاری خێزان | ژ | ڕێژەی پێش ئەنفال | سەرپەرشتیاری خێزان | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤،٤٤٪ | باوك | ١١ | ٨٤,٤٤٪ | باوك | ٣٨ |
| ٦٦،٦٦٪ | دایك | ٣٠ | ١٣,٣٣٪ | دایك | ٦ |
| ٦،٦٪ | برا | ٣ | ٢,٢٪ | برا | ١ |
| ٢،٢٪ | خوشك | ١ | ٠٪ | خوشك | ٠ |

بەپێـی ئەنجامـی ڕاپرسـییەکە سەرپەرشـتیکردنی خێـزان لەلایـەن باوکـەوە لـە پێـش پرۆسـەی ئەنفـال٨٤٪ بـوو، بـەڵام دوای پرۆسـەی ئەنفـال ئـەم ڕێژەیـە دابەزیـوە بـۆ ٢٤٪ بەپێچەوانـەوە سەرپەرشـتیکردنی خێـزان لەلایـەن دایکـەوە پێـش پرۆسـەی ئەنفـال١٣٪ بـووە، بـەڵام دوای پرۆسـەی ئەنفـال ڕێژەکـە بـەرز بووەتـەوە بـۆ ٦٦٪، بەهەمانشـێوە سەرپەرشـتی خێـزان لەلایـەن خوشـك و بـراوە لـە دوای پرۆسـەی ئەنفـال لەبەرزبوونـەوەدا بووە.

دەتوانرێـت بگوترێـت ئـەم دەرئەنجامـە دەرخـەری کاریگـەری گـەورەی پرۆسـەکەیە بـۆ سـەر تێکـدان و نەهێشـتنی شـیرازەی خێزانی کوردی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا.

گۆڕینـی شـوێنی نیشـتەجێبوون و لەدەسـتدانی دابونەریتـی ڕەسـەنی کـوردی، یەکێکـی دیکـە بـوو لـەو لایەنانـەی کـە لێکەوتـەی پرۆسـەکەی پێوەبەدیـار کـەوت، شـاڵاوەکانی ئەنفـال بناغـە و پرەنسـیپە سـەرەکییەکانی کۆمەڵگـەی کـوردی تێکـدا، کاریکردۆتـە سـەر دابونەریتـی ڕەسـەنی کـوردەواری، بەجۆرێـك کـە خێزانـەکان دوای گۆڕینـی شـوێنی نیشـتەجێبوونیان بەهـۆکاری دابڕانیـان لـە خـزم و کەسـوکاریان، بەناچـاری دەسـتیان لـە دابونەریتـی خۆیـان هەڵگرتـووە و پەیـڕەوی دابونەریتـی کۆمەڵایەتـی ئـەو شـوێنانەیان کردۆتـەوە کـە تێیـدا نیشـتەجێکراون لـەو کۆمەڵـگا زۆرەمیلیانـەی کـە حکومەتـی عێـراق بـۆ گوندنشـینەکانی چوارچێـوەی پرۆسـەی ئەنفـال دروسـتیکردبوون. هەرچەنـدە کۆسـپ و گیروگرفتیـان تـووش بـووە تاخۆیـان لەگـەڵ ئـەو ڕەوشـە نوێیـەدا گونجانـدووە(سـاڵح، ٢٠٠٨،ل٢٥-٢٦). بەتایبـەت گۆڕینـی شـێوازی جلوبـەرگ و دابونەریتـی بۆنـە و جەژنـەکان، پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و زمـان و شـێوازی قسـەکردن، فۆلکلـۆر و ڕەسـەنی کـوردی، بەپێـی ڕاپرسـی توێـژەر سـەبارەت بـە ڕادەی گۆڕینـی شـوێنی نیشـتەجێبوون و کاریگـەری دەربـارەی لـە دەسـتدانی دابونەریتـی کـوردەواری، پرسـیار ئاراسـتەی(٢٠٠) کـەس لـە چیـن و توێـژەکان کـراوە، ئایـە پرۆسـەی ئەنفـال و ڕووخاندنـی گونـدەکان و نیشـتەجێبوون لـە کۆمەڵـگە زۆرەملێیـەکان کاریگـەری لەسـەر دابونەریـت و ڕەسـەنایەتی کـوردی کـردووە، ئەنجامەکـە بەمشێوەیە بوو:

| ڕێژەی نەگۆڕان | ژ | ڕێژەی گۆڕان | ژ |
|---|---|---|---|
| ٦،٥٪ | ١٣ | ٩٣،٥٪ | ١٨٧ |

بەپێـی ئەنجامـی ڕاپرسـییەکە ٩٣،٥٪ پێیانوایـە ئـەو بارودۆخـە کاریگـەری هەبـووە لەسـەر گۆڕینـی دابونەریـت و کلتـوری کـوردی، ٦،٥٪ پێیانوانییـە کاریگـەری هەبووبێـت. ئـەم ڕێژەیـە بۆمـان ڕوونەدەکاتـەوە، کـە پرۆسـەی جینۆسـایدکردنی گەلـی کـورد، کاریگەرییەکانـی فراوانـە و زیانـی بـە زۆر لایـەن گەیانـدووە، بەتایبەتی لە دابونەریت و زمان و کلتوری کورد.

یەکێکـی دیکـە لـە لێکەوتـە کۆمەڵایەتییەکانـی ئافرەتانـی دوای پرۆسـەی ئەنفـال، ئـەو ئافرەتـە بەسـاڵاچوانەن کـە بەتەنیـا ماونەتـەوە، بەهـۆی ئـەوەی سـەرجەم خێزانەکانیـان بەرپرۆسـەی ئەنفـال کەوتـوون و کەسـیان نەماوەتـەوە لەگەڵیـدا بژیـن، کێشـەی بەخێوکـردن و چاودێریکردنیـان بـۆ دروسـتبووە و شـوێنی نیشـتەجێبوونیان بـە ئاسـانی دەسـتنەکەوتووە، بۆیـە بـە تەنیـا ماونەتـەوە و هەندێجـار لـە لایـەن خەڵـك و دراوسـێیەکانیانەوە

هاوکاری و چاودێریکراون، بەڵام وەك پێویست نا، چونکە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان هەموویان لەیەك ئاستی نارەحەتی ژیان و گوزەران بوونە، (خاوەر قادر رەسوڵ-دایەخاوەر) یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە (٣٢) کەس لە خێزانەکەی بەرپرۆسەی ئەنفال کەوتوون لە کور و کچ و نەوەکانی بەتەنیا خۆی ماوەتەوە و لەژوورێکی تەنیادا لەیەکێك لە گوندەکانی گەرمیان ژیان بەرێدەکات، لەلایەن دراوسێیەکانیەوە هاوکاری دەکرێت(رەسوڵ، ١ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، گوندی ئۆمەربل).

بەم جۆرە شاڵاوەکانی ئەنفال شیرازەی خێزانی کوردی تێکداوە و خێزانەکان پەرتەوازە بوون و ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەرەکانیان ئەنفال بوون لە جاران زیاتر ئەرکی سەرشانیان قورستر بوو، چونکە دەبوایە لەیەك کاتدا هەم دایك و هەم باوك بن، جگە لەوەش دەبوایە بژێوی بەخێوکردنی منداڵەکانیان پەیدا بکەن(عەوڵا، ٢٠٢٣، ل١٣٠).

دەتوانین بڵێین لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پرۆسەی ئەنفال لێکەوتەیەکی زۆری لە سەر کۆمەڵگەی کوردی بەجێهێشتووە، بەتایبەتی جۆرێك لەیەکترازانی خێزانی لێکەوتەوە و بووە هۆکاری دابڕانی کۆمەڵایەتی، ئەم پەرتەوازەییە بۆشاییەکی لە نێوان (خزمایەتی) هێنایە ئاراوە و گرووپێکی(خزمایەتی) کەوتە شارێك و جۆری پەیوەندییەکانی نا هاوسەنگ کرد و ئافرەتی بێ هاوسەر کەوتە ژێربارێکی سەختی کۆمەڵایەتی، کە نەتوانێت وەك پێویست رۆڵ و خولیای ئافرەتبوونی خۆی بگێرێت و ناچار بوو دەست لە سرووشتی ئافرەتبوون هەڵگرێت و بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی منداڵەکانی قوربانی بەخۆی بدات و جارێکی دیکە هاوسەرگیری نەکاتەوە.

دووەم: لێکەوتە ئابوورییەکان:

بارودۆخی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە، بە درێژایی جەنگی عێراق- ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨)، بەرەو خراپی رۆیشتووە، حکومەتی عێراق بەهۆی ئەو شەڕەوە، وڵاتی تووشی هەژاری و دواکەوتوویی کردووە، کە بووە هۆی لە دەستدانی توانای مرۆیی و مادی(مەرزنگ،٢٠٠٤، ل٥٩)، سەرەرای ئەمەش حکومەتی عێراق بەردەوام لەگەڵ پارتە کوردییەکانیشدا لەرووبەرووبوونەوەدا بووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە درێژەی پیلانە نەرێنییەکانیدا بریاری نەهێشتنی شۆرشی کورد و چۆڵکردن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستانی دەرکرد، بە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان گەورەترین گورزی کوشندەی لە ئابووری کوردستان وەشاندووە، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی سەرچاوەی خۆراك و بژێوی سەدان هەزار کەس، چونکە دانیشتووانی گوندەکان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەرچاوەی سەرەکی بژێویان بووە(ئەمین، ٢٠٢١، ل١٦٧)، حکومەتی عێراق سەرەرای بێسەروشوێنکردنی دانیشتووانی گوندەکان دەستیکردووە بە وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری گوندەکان و بەتاڵانبردنی گشت پێداویستییەکانی ناوماڵ و ئامرازەکانی کشتوکاڵکردن وەك: تراکتۆر و بۆری و مەکینەی ئاو، ئامێر و کەرەستەکانی کشتوکاڵکردن و سەرجەم بەرهەمەکانی جوتیاران و ئاژەڵەکان بەتاڵانبران لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقەوە(فەرەج، ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، هەولێر).

ئەو رەوشە نالەبارەی کە دروستبوو لێکەوتەی خراپی ئابووری بەجێهێشت، بەتایبەت لەسەر ئەو ئافرەتانەی کە لەپرۆسەی ئەنفال بەجێمان، چونکە ئافرەتان دووجار قوربانی پرۆسەکە بوون، چ ئەوانەی لە پرۆسەکەدا بەرکەوتن و زیندەبەچاڵکران و نەگەڕانەوە یاخود ئەوانەی لە پرۆسەکەدا بەرنەکەوتن، بەڵام بەرپرسیاریەتی خێزان و بەخێوکردنی منداڵیان کەوتە سەرشان، لە کاتێکدا کە هەرچی سەروەت و سامان و زێڕ کە هەیانبوو لە پرۆسەکە بەتاڵانبران و بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی گوندەکان خاوەن داهاتی مانگانەی خۆیان نەبوون، بەپێی ئامارێك پێش پرۆسەی ئەنفال ئافرەت ٩٦،٢٪ ئافرەتی ماڵەوە بوونە لە دەرەوەی ماڵ هیچ کارێکی دیکەیان نەکردووە، ٢،٨٪ی ئافرەتان کاری جوتیاری و کشتوکاڵیان کردووە، ١٪ خزمەتگوزار بوونە لە دامودەزگاکانی حکومەت(ساڵح،٢٠٠٢،ل١٥).

تێکچوونی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری، ئافرەتەکان بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان و منداڵەکانیان پشتیان بەچەند سەرچاوەیەکی داهات بەستبوو وەك:

یەکەم: هاوکاریکردنیان لەلایەن رێکخراوە مرۆییە ناوخۆیی و بیانییەکان، ئەمە هاوکارییەش وەك پێویست نەبوو، زۆرجار جلوبەرگ یاخود بڕێك لە ئازووقە بەشێوەی پچڕ پچڕ دابەش کراوە(ئەحمەد، ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، کفری) دووەم: خێر و سەدەقە و زەکات و سەرفترە لەلایەن خزم و کەسوکار، دراوسێ یاخود خێرخوازەکانەوە پێیان دەدرا، ئەمەش نەیدەتوانی تەواوی پێداویستییەکانیان بۆ پڕ بکاتەوە(حوسێن، ١٥ی ئاداری ٢٠٢٥، چەمچەماڵ). سێیەم: کرێکاری و کاری گوڵەچنە(هەڵگرتنەوەی گوڵی گەنمی بەجێماوی زەوییە کشتوکاڵییەکان)، بەشێکی زۆری ئافرەتان پەنایان دەبردە بەر کرێکاری لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا یاخود مۆڵەتیان لە خاوەن بەرهەمەکان وەردەگرت گوڵەچنە بکەن لە دوای چنینەوەی بەرهەمەکانیان، ئەم کارەش زۆرجار دووچاری کێشەی دەکردن و لەلایەن هەندێك لە خاوەنکارەکانەوە نادادی و بێرێزیان بەرامبەر دەکرا(نەجم، ١٣ـ ئایاری ٢٠٢٥، تەقتەق).

کاری دەستی و بەرگدووری یەکێکتر بووە لە سەرچاوەکانی داهاتی ئافرەتان، هەندێك لە ئافرەتەکان پەنایان دەبردە بەر دوورینی جلوبەرگ و جۆرەها کاری دەستڕەنگینی و ڕستن و چینین و تەون و تەشی، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی منداڵەکانیان (وەجیهە حەمەساڵح پیرۆز) یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە دوای ئەوەی هاوسەرەکەی بەرپرۆسەی ئەنفال کەوت (٨) منداڵی بە کاری بەرگدووری پێگەیاندووە، باس لەوە دەکات بەناچاری خەو و خواردنی خۆی پشتگوێخستووە تەنیا بۆ ئەوەی بەزووترین کات بەرهەمەکەی بفرۆشێت یاخود پارەکەی وەربگرێت، دەڵێت: ئەم کارە زۆر ماندووکەر و لە دەرەوەی تواناکانی خۆم بووە، بەڵام ناچاری بۆ پەیداکردنی بژێوی منداڵەکان هیچ شتێکم لە پشوودان ڕەچاونەکردووە؛(پیرۆز، ١٥ی نیسانی ٢٠٢٥، کەلار)، هەورەها (شەوقیە عەزیز حەوا) بەهەمانشێوە بۆ پەیداکردنی بژێوی (٥) منداڵی پەنای بردووەتە بەر کاری دەستڕەنگینی و ڕستن و چنین و چەندینجار بەهۆی ئەم کارەوە تووشی نەخۆشی و دەستبرین و هەندێکجاریش بەهۆی نزیکی کەسەکانەوە پاداشتی وەرگرتنی ماندوێتی و کارەکەی وەرنەگرتووە، هەندێکجاریش بەرهەمەکانی وەك پێویست لەبازاڕدا ساغ نەبووەتەوە یاخود بەبڕێکی زۆرکەم، کە شایستەی ماندووبوونەکەی نەبووە فرۆشتوویەتی بەناچاری، لە هەندێك وەرزدا لە کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا کاری دەکرد و بەرووبومەکانی دەچنییەوە، تەنانەت لە نانەواخانەکانیشدا کاری دەکرد(حەوا، ٥ی ئابی ٢٠٢٤، کەرکووك). (حسیبە احمد) دانیشتووی گوندی(گۆبان) یەکێکی دیکەیە لەو ئافرەتانەی کە هاوسەرەکەی بەر پرۆسەی ئەنفال کەوت، خاوەن چوار منداڵ بوو، بە (گوڵەچنە) و کرێکاری لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان منداڵەکانی بەخێوکرد.(فەریدە حاجی مەجید عبدالقادر) دانیشتووی گوندی(عەزیز قادر) نموونەیەکی دیکەیە لەو ئافرەتانەی دوای ئەوەی هاوسەرەکەی بەر پرۆسەی ئەنفال کەوت، لەپێناو دابینکردنی بژێوی بۆ منداڵەکانی کە ژمارەیان(٥) منداڵ بوون، دەستیکرد بە کشتوکاڵکردن و کاری ڕستن و چنین (ئەحمەد، ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، کفری).

سەرەڕای ئەو بارودۆخە سەختەی کە لەڕووی ئابوورییەوە تووشی ئافرەتانی بەجێماوی ئەنفال بووە، وە بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە بەردەستکەوتوون ئافرەتان هەمیشە بەدوای سۆراغی هاوسەرەکانیانەوە بوون، بۆ ئەم مەبەستەش چەندینجار سەردانی پارێزگای هەولێریان کردووە و داواکارییان پێشکەشی پارێزگار کردووە سەبارەت بە چارەنوسی هاوسەر و برا و کەسوکاریان ئەمەش پێویستی بە سەرچاوەی ئابووری هەبووە، کرێ هاتووچۆ لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بۆ پارێزگای هەولێر، یەکێك لەو ئافرەتانە بەناوی (سەعدیە ڕەشید عەبدوڵڵا) دانیشتووی کۆمەڵگەی تۆپزاوە بووە ژمارەی خانوو(٥١) داواکارییەکی ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کردووە و داوای سۆراغی هاوسەرەکەی کردووە بەناوی(حوسێن عەزیز سەعید) لە دایکبووی(١٩٥٣) لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە ناوبراو لە ئایاری ١٩٨٨ لەلایەن سەربازانی حکومەتی عێراقەوە دەستگیرکراوە و تاوەکو ئێستا چارەنووسی نادیارە(دەستنوس، عەبدوڵا، تەمموزی ١٩٨٨)، (خونچە کاکە عەزیز) یەکێکی دیکەیە لەو ئافرەتانەی کە دانشتووی قەزای کۆیە بووە،داواکاری ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کردووە، سەبارەت بە سۆراغی هاوسەرەکەی بەناوی (جەمیل ئەسعەد حەمەدئەمین) داوا دەکات چارەنووسی هاوسەرەکەی بۆ یەکلابکەنەوە(دەستنوس، عەزیز، تەممووزی ١٩٨٩). (بەسی حەمەدئەمین قادر) دانیشتووی کۆمەڵگەی دارەتوو یەکێکی دیکەیە لەو ئافرەتانەی کە داواکاری ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کردووە، سەبارەت بە سۆراغی کوڕەکەی بەناوی (عبدالرحمان عارب قادر) لە دایکبووی (١٩٦٤) تێیدا داوای کردووە چارەنووسی کوڕەکەی یەکلایی بکەنەوە(دەستنووس، قادر، تەمموزی ١٩٨٩).

چەندین دەستنووس و داواکاری هاوشێوە لەبەردەستن دەیسەلمێنن کە ئافرەتان دوای پرۆسەی ئەنفال سەرباری سەختی ژیانی ئابوورییان بەردەوام لە هاتووچۆ و پارە سەرفکردن بوونە بۆ سۆراغی کەسوکاریان، زۆرجاریش کاربەدەستانی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق پارەیان لێوەرگرتوون لەبری گەڕان بەدوای چارەنووس و هەواڵی کەسوکاریان، بەڵام بێ ئەنجام ماونەتەوە، ئەمەش جۆرێکی دیکە بووە، لە بارگرانی ئابووری بۆ ئەو ئافرەتانەی، کە بەشێوازێکی سەخت ئەو بڕە پارەیان دەسکەوتووە، بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبووبێت.

سێیەم: لێکەوتە دەروونییەکان:

پرۆسەی ئەنفال بەدەر لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، لێکەوتەی دەروونی لەسەر کەسوکاری ئەنفالکراوان بەتایبەتی ئافرەتان بەجێهێشت، تووشی چەندین گیروگرفتی دەروونی و نەخۆشی درێژخایەن بوونەوە، وەك: دڵتەنگی، خەمۆکی، ترس، لەبیرکردن، دڵەڕاوکێ و هەڵچوون و توڕەیی، نەخۆشییەکانی وەك بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، دڵ، شەکرە(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٨،ل٩٠-٩٤)، بەپێی توێژینەوەیەك لەسەر بارودۆخی دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوان، لە پێش ئەنفال و دوای ئەنفال سەبارەت بە جۆری گرفت و نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان لە ئەنجامی

شاڵاوەکانی ئەنفال بەم جۆرە بووە(عەوڵا،٢٠٢٣، ل١٤٦) :

| دوای ئەنفال | | پێش ئەنفال | |
|---|---|---|---|
| ڕێژە | گرفت و نەخۆشی | ڕێژە | گرفت و نەخۆشی |
| ٪٤٢،٤٢ | دڵەڕاوکێ | ٪٨،٥١ | دڵەڕاوکێ |
| ٪٣٥،٩٣ | ترس | ٪١٠،٦٠ | ترس |
| ٪٥٠،٣ | خەمۆکی | ٪١٠،١ | خەمۆکی |

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە، گرفت و نەخۆشییەکان لە پێش ئەنفال ڕێژەکانیان زۆر کەمە بەراورد بە دوای پرۆسەی ئەنفال کە ڕێژەکانیان زۆر بەرز بووەتەوە.

بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی بەجێماوی ئەنفال دووچاری هێدمەی دەروونی بوونەتەوە، هێدمەی دەروونی لە ئەنجامی سێ کردەوەی سەرەکی دروست دەبێت، توندوتیژی(چ بەکردەوە یا بە بیستن و بینین)، لە دەستدان(چ کەسێکی خۆشەویست یا بەهادار)، لەیەکترجیاکردنەوەی بە زۆر، ئەم سێ هۆکارەش لە پرۆسەی ئەنفالدا زۆر بە توند و دژواری ڕووبەڕووی تاك و خێزانەکانی کورد بوونەتەوە(مستەفا، ٢٠١٢، ل٨)، (گەردە محەمەد ئەمین خەسرۆ)، یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا بەهۆکاری لێکجیاکردنەوەی دوو کچی و خوشك و برا و بەشێکی زۆر لەکەسوکاری دواتر بێسەروشوێن بوونیان، تووشی هێدمەی دەروونی و چەندین نەخۆشی درێژخایەنی وەك (بەرز بوونەوەی پەستانی خوێن، دڵ) بووەتەوە(خەسرۆ، ١٧ی ئاداری ٢٠٢٥، هەولێر).

(شادان ئەبوبەکر سەعید) نموونەیەکی دیکەیە لەو ئافرەتانەی کە لە پرۆسەی ئەنفالدا بە تاقانەیی ماوەتەوە و دایك و باوك و سەرجەم خوشکەکانی کە ژمارەیان (٥) خوشك بووە لە دەستداوە و دەیگێڕێتەوە و دەڵێت; هەموو ڕۆژەکانی تەمەنم بە حەسرەت و چاوەڕوانی خێزانەکەم بەڕێدەکەم، بەجۆرێك هەموو شەوێك بەبۆنی هەوری(چەفتە)ی سەری دایکم و جامانەی باوکم خەوم لێدەکەوێت، ئازاری دووری ئەوان بەجۆرێك سەختە کە دووچاری چەندین نەخۆشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی بووم;(سەعید، ٣ی نیسانی٢٠٢٥، سلێمانی). ئافرەتێکی دیکە بەناوی(سوهیلە فرج خسرۆ) دانیشتووی گوندی(سەید جەژنی) سەر بە قەزای کفری، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی بەر پرۆسەی ئەنفال کەوت، بەهۆی ئیشکردن و باری قورسی سەرشانی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی باری دەروونی تێکچوو(ئەحمەد، ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، کفری).

بەشێکی زۆر لە ئافرەتەکانی دوای پرۆسەی ئەنفال بە هۆی کاریگەرییەکانی چەکی کیمیاویی، کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەبەشێکی زۆری گوند و ناوچەکانی کوردستاندا بەکاری هێنا BRITISH EMBASSY, ISLAMABAD, Novenber) ١٩٨٨)، دەرهاوێشتەکانی ئەم مادە ژەهراوییە بووە هۆی دروستبوونی چەندین نەخۆشی دەروونی و تەندروستی درێژخایەن لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوانەوە کە تاکو ئێستاش بە دەستییەوە دەناڵێنن، وەك نەخۆشییەکانی (هەستیاری پێست-حەساسیەت)، لە دەستدانی بینای چاوەکان، توانای بیرکردنەوە، چەندین جۆری دیکەی نەخۆشی).

ئاسەواری دەروونی ئەم پرۆسەیە لەسەر ئافرەتان بەردەوامی هەیە و بووەتە هۆکاری ناسەقامگیری دەروونی و لێکەوتەکانی تاوەکو ئەمرۆش هەستی پێدەکرێت.

دەرئەنجام:

لە نووسینی ئەم توێژینەوە گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: ئافرەتان بەهۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی، کە هەیان بووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، بەرکەوتەی یەکەمی پرۆسەکە بوون، ئەگەر ڕاستەوخۆش نەبێت، ئەوا ناڕاستەوخۆ خێزانەکەی یاخود کەسوکار و دەرووبەری بەر پرۆسەکە کەوتوون.

دووەم: حکوومەتی عێراق سیاسەتێکی توندوتیژ و درندانەی پەیڕەوکردووە، بەرامبەر بە خەباتی ئافرەتانی کوردستان، بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی ڕەگەزی، هەموو جۆرە سزایەکی بەسەریاندا سەپاندووە، وەك(زیندان، ئازاری جەستەیی، ئازاری دەروونی، زیندەبەچاڵکردن، گولەبارانکردن).

سێیەم: ئافرەتان لە پرۆسەی ئەنفالدا دووچار قوربانی بوون، چ ڕاستەوخۆ دەستگیرکردن و زیندەبەچاڵکردنیان، یاخود مانەوەیان بەڵام ئەرکێکی قورسیان کەوتە سەرشان لە بەخێوکردن و سەرپەرشتیکردنی ماڵ و منداڵ.

چوارەم: خۆڕاگری و بوێری ئافرەتی کورد، سەرەڕایی سەختیەکانی ژیان، هەمیشە بەردەوام بوونە لە سۆراغی هاوسەر و کەسوکاریان و بێ هیوا نەبوونە لەگەڕانەوەیان.

پێنجەم: پرۆسەی ئەنفال لێکەوتەی خراپی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا بەجێهێشت، بەتایبەت لەسەر ئافرەتان، چونکە ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەرەکانیان بەر پرۆسەکە کەوتن، لە چارەنووسێکی نادیاردا مانەوە، نەیاندەتوانی جارێکی دیکە پرۆسەی هاوسەرگیری دروستبکەنەوە، چونکە بەپێی دابونەریتی کوردی و هەروەها یاسا مەدەنییەکانی حکومەت و

ئایین ڕێگە خۆشکەر نەبوو بۆ ئەو ئافرەتانەی کە مێردەکانیان لە نادیاریدا بوون دووبارە هاوسەرگیری بکەنەوە.

شەشەم: پرۆسەی ئەنفال لێکەوتەی خراپی ئابووری بەسەر ئافرەت و کۆمەڵگەی کوردی بەجێهێشت و چونکە دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەکە، ژێرخانی ئابووری ناوچەکانی کوردستان داڕووخا و ئافرەتان کەوتنە ژێربارێکی سەختی دارایی، بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان پەنایان بردە بەر کاری قورس و زۆرجاریش لە دەرەوەی توانایی جەستەیی خۆیان بووە.

حەوتەم: لێکەوتەی دەروونی پرۆسەی ئەنفال، لە سەرەتایی پرۆسەکەوە، ئافرەتانی کوردستان و بەتایبەتی ئەوانەی بەر پرۆسەکە کەوتوون بەجێهیشتووە و بەردەوام نەخۆشییە دەروونییەکان بەشێکە لە ئازاری ئەو ئافرەتانەی کەسوکاریان بوونەتە قوربانی.


لیستی سەرچاوەکان:

بەڵگەنامەکان:

بڵاونەکراوەکان:

١. محافظة اربيل، مديرية الشؤون الداخيلة، الشعبة/ش،د، العدد٤د/٢٧٥٣، التاريخ ١٩٨٩/٧/٢٢

٢. محافظة اربيل، مديرية الشؤون الداخيلة، الشعبة/ش،د، العدد٤د/٢٨٤٥، التاريخ ١٩٨٩/٧/٣١

٣. محافظة اربيل، مديرية الشؤون الداخيلة، الشعبة/ش،د، العدد٤د/٣١٤٣، التاريخ ١٩٨٩/٨/٢٩

٤. دەستنوسی داواکاری سعدیە رشید عبداللە، کە ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە لە تەمموزی ١٩٨٨

٥. دەستنوسی داواکاری خنچە کاکە عزیز، کە ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە لە تەمموزی ١٩٨٩

٦. دەستنووسی، بسی حمدامین قادر، کە ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە لە تەمموزی ١٩٨٩

بڵاوکراوەکان:

١. مجلس قيادة الثورة، رقم القرار ١٦٠ تاريخ القرار ١٩٨٧/٣/٢٩

٢. مجلس قيادة الثورة، عدد ٢٤٤، ١٩٨٧/٤/٢

٣. قيادة مكتب تنظيم الشمال،٢٨. ٤٠٨، ١٩٨٧/٦/٢٠

بەڵگەنامە ئینگلیزییەکان:

بڵاونەکراوەکان:

- ١٩٨٨ BRITISH EMBASSY, ISLAMABAD, Novenber

کتێبە کوردییەکان:

١. ئۆمەربلی، پەرژین جەعفەر، ٢٠٢٣، (٢٠٢٣)، ڕۆڵی ئافرەت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشوری کوردستاندا ١٩٥٨-١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر

٢. ئەمین، هیوا حوسێن،( ٢٠٢١)، تاوانی ئەنفال و کاریگەرییە ئابوورییەکانی لەسەر کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی

٣. بارزانی، مسعود، (٢٠٢١)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی چوارەم، ١٩٧٥-١٩٩٠، شۆڕشی گوڵان، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا.

٤. دزەیی، یوسف، (٢٠٠١)، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگاری هەولێردا، چاپی یەکەم

٥. دەشتی، محەمەد لەتیف ساڵح،(٢٠١٣)، ئەنفال لەگەرمیانەوە تا بادینان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر

٦. ساڵح، عەدالەت عومەر، (٢٠٠٢)، ئەنفال و ئافرەتی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

٧. عەلی، رووخۆش،(٢٠٠٦)، بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ، چاپخانەی تەوار، سلێمانی

٨. عەبدە، ڕەفعەت، (٢٠١١)، مەرگەساتی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر

٩. عەبدولڕەحمان، بەهادین محەمەد، (٢٠١٨)، کاریگەرییە دەروونییەکانی ئەنفال لەسەر جێماوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی

١٠. عارف، ستارە،( ٢٠١٢)، ئەنفال تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی

١١. قەرەداغی، مەحموود،(٢٠١٩)، لەو دیو سنورەکانی مەرگەوە، یادەوەرییەکانی زیندان، چاپی سێیەم، سلێمانی

١٢. مستەفا، خاوەر ساڵح،(٢٠١٢)، نیشانەکانی فشاری دوای هێدمەی دەروونی لای ئافرەتە بارزانییەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

١٣. مەرزنگ، عەبدولڕەزاق، (٢٠٠٤)، ڕاپەڕین بەهاری ئازادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی

١٤. مەلا شاخی، (٢٠٠٧)، ئەنفالی خاڵخاڵان، ئەنفالی چوار،

چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆخ، کەرکووک

١٥. گوڵاڵەی گەرمیان،( ٢٠١٥)، سێ ژن لە هەزاران لە ئەنفالدا، چاپی یەکەم،  چاپخانەی ئازادی

١٦. هیومان رایس وۆچ،(٢٠١٢)، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی محەمەد حەمەساڵح، دەزگای پەخش، خانەی وەرگێڕانی سلێمانی، سلێمانی

کتێبە عەرەبیەکان:

١. الخرسان، صلاح(٢٠٠١)، التيارات السياسية فى الكردستان العراق، قراء فى ملفات الحركات والاحزاب الكردية فى العراق١٩٤٦-٢٠٠١، بيروت- لبنان، موسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع

٢. نورى، بهاءالدين،(٢٠٠١)، مذكرات بهاءالدين نورى، الناشر، دار الحكمة

٣. گەزنەیی، محەمەد ئەحمەد،(٢٠٠٣)، حكم زوجات المفقودين فى كارثة مايسمى بالأنفال، طباعة، جامیعة صلاح الدين

چاوپێکەوتنەکان:

١. خاوەر قادر ڕەسوڵ، ١ی حوزیرانی ٢٠٢٥، گوندی ئۆمەربل

٢. نەعیمە حەمەئەمین ئەحمەد، ١٣ـی حوزەیرانی ٢٠٢٥، کفری

٣. حاجی جەعفەر حاجی ڕۆستەم، ٧ـ ئاداری ٢٠٢٥، کفری

٤. حەسەن عەلی فەرەج، ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، هەولێر

٥. حەنیفە عەزیز حوسێن، ١٥ی ئاداری ٢٠٢٥، چەمچەماڵ

٦. جمعە محمد نەجم، ١٣ـ ئایاری ٢٠٢٥، تەقتەق

٧. وەجیهە حمەساڵح پیرۆز، ١٥ی نیسانی ٢٠٢٥، کەلار

٨. شەوقیە عزیز حەوا، ٥ی ئابی ٢٠٢٤، کەرکووک

٩. شادان ئەبوبەکر سەعید، ٣ی نیسانی ٢٠٢٥، سلێمانی

١٠. گەردە محەمەدئەمین خەسرۆ، ١٧ـی ئاداری ٢٠٢٥، هەولێر

بڵاوکراوەکانی دامودەزگاکان:

١. یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان،(٢٠١١)، جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژی گەلی کوردستان، ژمارە(١٣)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر

وتار و توێژینەوەکانی نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

١. حوسێن، ئەوانیتر، ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان، توێژینەوەیەکی مەیدانی، شیکارییە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٧٢)، تەممووزی ٢٠١٧

٢. حاجی ڕۆستەم، پەرژین جەعفەر، ڕۆڵی گوندەکانی گەرمیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لەباشووری کوردستاندا، گوندی ئۆمەربل بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(٢) نیسانی ٢٠٢٥

٣. حاجی ڕۆستەم، پەرژین جەعفەر، بەرگری پێشمەرگە لە گوندی ئۆمەربل، لە شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفالی سێ گەرمیاندا، خەبات، ڕۆژنامە، ژمارە ٦٣٠٨، نیسانی٢٠٢٥

٤. ساڵح، عادل مەلا، ئەنفال پێشێلکردنی بنەما ئیمپەریتیڤەکان و پراکتیزەکردنی جینۆساید، گۆڤاری گوڵچن، گۆڤارێکی وەرزی فەرهەنگی گشتییە، ژمارە(٤)، بەهاری ٢٠٢٣

٥. ساڵح، ئارام، کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە، ژمارە(٤٥٦٢)، ئایاری ٢٠٠٨

٦. عەبدوڵڵا، سمکۆ، بڕیاری ١٦٠ی سەرکردایەتی بەعس بۆ خوڵقاندنی هۆلۆکۆستی کوردستان بوو، ئەنفالستان، ساڵنامەیەکی تایبەتە بە ئەنفال و جینۆساید ، ژمارە(٣)، بەهاری ٢٠٠٦

٧. عارف، برایم محێدین، ئەنفال زەبرێکی کاریگەر بۆ کەرکوک و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی، گۆڤاری کەرکوک، گۆڤارێکی روناکبیری گشتی وەرزییە، ژمارە(٤)، چاپخانەی ژیار، سلێمانی

٨. فەرەج، جەمال مەجید، ئەنفالکردنی دانیشتیوانی سنوری پرۆسەی ئەنفالی یەك، گۆڤاری تۆپزاوە، ژمارە(٦-٧) نیسانی ٢٠٢٥

نامە زانستییەکان:

١. عەوڵا، کۆسرەت ئەکرەم، (٢٠٢٣)، کۆیە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا، توێژینەوەیەکی مێژوویی- زارەکییە، پێشکەش بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی ماستەر لە مێژووی نوێی و هاوچەرخ

٢. کانی کوردەیی، هەورین عەلی توّفیق،(٢٠٠١)، ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژنانی کۆیە (١٩٥٨-١٩٩١)، توێژینەوەیەکی (مێژووی- زارەکی)ـە، پێشکەشی بەشی مێژوو- فاکەڵتی پەروەردە- زانکۆی

كۆیە كراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی نوێی و هاوچەرخ

پاشكۆكان:

پاشكۆی ژمارە(١-أ)

بەڵگەنامەیەكی بڵاونەكراوەیە، پارێزراوە لای(توێژەر) كەتێیدا داواكاری كەسوكاری ئەنفالكراوانە لە پارێزگای هەولێر سەبارەت بە سۆراغی كەسوكاریان



الجمهورية العراقية

محافظة اربيل
مديرية الشؤون الداخلية
الشعبة / ش.د
العدد / ٤ د / ٥٧٠٢٧
التاريخ / ١٦ / ذو الحجة / ١٤٠٦هـ
١٩ / ٧ / ١٩٨٦م

الى / مديرية شرطة محافظة اربيل
م / طلبات

قدم المواطنين المدرجة اسماؤهم ادناه طلبا حول اطلاق سراح الأشخاص وهم من المحجوزين حيث يدعون بانهم القي القبض عليهم من قبل السلطات ولا يعرفون مصيرهم . لطفا تبليغهم بالنتيجة حسب التعليمات رجاء .

م. محافظ اربيل
١٨ / ٧ / ١٩٨٦

| ت | اسماء اصحاب الطلبات | عنوان سكن اصحاب الطلبات | اسماء الموقوفين | درجة القرابة |
|---|---|---|---|---|
| ١. | سعد حمد سعيد | اربيل / باداوه رقم الدار ٨٤٠/٨/١١٥ | شوان حمد سعيد<br>وزوجته كولي حمد حسن | شقيقه |
| ٢. | حسين صالح اوسو | اربيل / مجمع داره تو بواسطة المختار علي | طارق حسين صالح | ولده |
| ٣. | جمعه عمر حمد | اربيل / مجمع داره تو رقم الدار ٧٥٣ | ثاني عمر حمد | شقيقه |
| ٤. | نجم رضا محمد | اربيل / باداوه رقم الدار ٢٥٦/٦/١٦٥ | زينب قادر عبدامين<br>شيرزاد نجم رضا<br>نوزاد نجم رضا<br>فؤاد نجم رضا | زوجته<br>ولده<br>=<br>= |
| ٥. | امجد يونس رضا | اربيل / مجمع داره تو رقم الدار ٧٢/٧٥٣/٢١ | بكزاد يونس رضا | شقيقه |
| ٦. | عبدالباقي عبدالرحمن حميد | اربيل / الاسكان رقم الدار ٦٠٩/٣/١٨٠ | تحسين عبدالرحمن حميد<br>بلجز طاهر حميد<br>حميد طاهر حميد | شقيقه<br>ابن عمه<br>= |
| ٧. | كاكه خان كريم سليمان | اربيل / حي صدام | جمال كاكه خان كريم | ولده |
| . | كوكب حمد حمه صالح | اربيل / باداوه | عبدالرزاق حسن حمد | ولدها |
| . | عبدالعزيز مولود حمه | اربيل / مجمع كوركوسك رقم الدار ٤٣٠٣ | عبدالرحمن عبدالعزيز مولود | ولده |
| ١٠. | محمد عبدالله سعيد | اربيل / مجمع داره تو رقم الدار ١٩٥٥ | نوري محمد عبدالله | ولده |
| ١١. | اسمر تاج الدين حمد | اربيل / سيطاقان رقم الدار ٧٢٨/١/٨٥ | بابكر مام رسول بابير | ولدها |
| ١٢. | كوزخان حسين محمود | اربيل / مجمع داره تو | صادق جواد حمد | ولدها |
| ١٣. | يوسف علي يوسف | اربيل / مجمع كسنزان | فتح الله يوسف علي | ولده |
| ١٤. | جلال طاهر حسن | اربيل / سيطاقان رقم الدار ١٦٠/٤/١٨٥ | طاهر حسن حمد<br>كمال طاهر حسن<br>حمد قادر حسد | والده<br>شقيقه<br>ابن عمه |

(١-ب)



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٠١٥ حمه صديق سليمان | اربيل / مجمع كوركوسك | بهية حايد محمد | زوجته |
| | رقم الدار ١/١١٤٧ | رسمية حمه صديق | ابنته |
| ٠١٦ بايز خالد سطيل | اربيل / باداوه | حسن بايز خالد | ولده |
| | رقم الدار ١٦٥/٨/٥٩٥ | | |
| ٠١٧ عمر ملا عـــــولا | اربيل / باداوه | سلام عمر ملا عولا | ولده |
| | رقم الدار ١٦٥/٦/٧٤٠ | ...... | |
| ٠١٨ احمد عمر تيمم | اربيل / دور السكاير | محمد عمر تيمم | شقيقه |
| | رقم الدار ١٤١ | | |
| ٠١٩ سليمه حمز حسن | اربيل / مجمع داره تو | زينب شايق حسن | ابنتها |
| | رقم الدار ١٢١ | واولادها كل من :— | |
| | | حكيم عمر حسن | |
| | | هزار عمر حسن | |
| | | بكر عمر حسن | |
| | | ريبوار عمر حسن | |
| | | غزاله عمر حسن | |
| ٠٢٠ خيرية عثمان اسماعيل | اربيل / مجمع داره تو | بكر محمود توفيق | ولدها |
| | رقم الدار ٤٣٤ | | |
| ٠٢١ قدم خير محمـــد | اربيل / مجمع داره تو | ياسين عمر صديق | زوجها |
| | رقم الدار ٢١/٧٨٦/٧٢ | | |
| ٠٢٢ خضيه كريم محمد | اربيل / مجمع داره تو | شريف كريم محمد | شقيقها |
| | رقم الدار ٢١/٢٢٦٤/٧٢ | | |
| ٠٢٣ كولستان احمد علي | اربيل / مجمع داره تو | عمر احمد قـــادر | ولدها |
| | رقم الدار ٩١٧ | رحمن احمد قادر | = |
| | | عبدالكريم شايق حسين | زوجها |
| ٠٢٤ قدرية حسين حسن | اربيل / مجمع داره تو | كولي احمد | زوجة والدها |
| | رقم الدار ١٧١ | ميكائيل حسين حسن | شقيقها |
| | | جبرائيل حسين حسن | = |
| | | قوطان حسين حسن | = |
| | | كول هزار حسين حسن | = |
| | | لقمان حسين حسن | = |
| | | وزوجته حلمت عمر حسن | |
| | | واولادهم كل من :— | |
| | | جيهان لقمان حسين | |
| | | نشتمان لقمان حسين | |
| | | جيان لقمان حسين | |
| ٠٢٥ احمد يونس رضا | اربيل / مجمع داره تو | بكزاد يونس رضا | شقيقه |
| | رقم الدار ٥٩ | | |
| ٠٢٦ محمد رحيم فتاح | اربيل / مجمع داره تو | صالح محمد رحيم | ولده |
| | رقم الدار ١٨١ | | |
| ٠٢٧ قادر احمد علي | اربيل / مجمع داره تو | هدايت قادر احمد | ولده |
| | رقم الدار ١٦٥ | سربست قادر احمد | = |
| | | جاسم قادر احمد | = |
| ٠٢٨ كريم محمود علي | اربيل / مجمع داره تو | طارق كريم محمود | ولده |
| | رقم الدار ١١٩ | نجم الدين كريم محمود | = |
| | | ابراهيم محمود علي | شقيقه |
| | | عادل محمود علي | = |
| | | اسماعيل محمود علي | = |
| | | كامل محمود علي | = |

(١-ج)



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٠٢٩ كولي قادر اسماعيل | اربيل / حي صدام<br>رقم الدار ٦٤ /٤٤/١٥٥ | صابر محمود رضا<br>وزوجته عنبر حمه ره ش<br>ونشتين علي صادق<br>واولادهم كل من :—<br>شابور صابر محمود<br>شادية صابر محمود<br>شيرين صابر محمود<br>محمد صابر محمود<br>اراز صابر محمود<br>اسو صابر محمود | والدها |
| | | شكر محمود رضا<br>وزوجته غزاله مولود محمد<br>والفيه صالح<br>واولادهم كل من :=<br>كنان شكر محمود<br>بروين شكر محمود<br>بهار شكر محمود<br>ميران شكر محمود<br>فرمان شكر محمود | = |
| | | احمد علي قادر اسماعيل<br>وزوجته وجيهه عثمان رضا<br>وعدله سطيل<br>واولادهم كل من :—<br>ديمن احمد علي<br>سيوه احمد علي<br>محمد احمد علي<br>ديوا احمد علي | ابن شقيقها |
| | | جليل علي قادر اسماعيل<br>وزوجته عاصمه محمد<br>واولادهم كل من :—<br>كاروان جليل علي<br>شيرين جليل علي<br>شنو جليل علي | = |
| ٠٣٠ كوله احمد رضا | اربيل / مجمع داره تو<br>رقم الدار ١٢١ | خالد مولود محي الدين | زوجها |
| ٠٣١ خديجة سطيل شريف | اربيل / مجمع داره تو<br>رقم الدار ٢١ /٢٦٠٥/٧٢ | مسي عبدالله علي | والدها |
| ٠٣٢ امنة عبد الرحمن خضر | اربيل / محلة المفتي<br>رقم الدار ١٦٥ /٢/ ٥٨٢ | صابر سعدى محمد<br>قادر سعدى محمد | والدها<br>= |
| ٠٣٣ سعدية رشيد عبدالله | اربيل / مجمع طوبزاوه<br>رقم الدار ٥١ | حسين عزيز سعيد | زوجها |

(١-د)



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٠٣٤ زكية عثمان مهر | اربيل / رزكاري<br>رقم الدار ١٥٦/٢/١٢٠ | ارسلان محمد عثمان | ولدها |
| ٠٣٥ جلال عمر جلال | اربيل / مجمع كوركوسك<br>رقم الدار ٥٥٠٢ | سهد كول عمر جلال | شقيقه |
| | | صدرالدين عمر جلال | = |
| | | وزوجته روجوان نوري | |
| | | واولادهم كل من :- | |
| | | ناصح صدرالدين عمر | |
| | | جيهن صدر الدين عمر | |
| | | جيمن صدر الدين عمر | |
| | | ديمن صدر الدين عمر | |

نسخة منه الى /-

مديرية أمن محافظة اربيل ٠٠ للعلم ولفقص الغرض اعلاه واعلامنا النتيجة رجاء٠

پاشکۆی ژمارە(٢)

بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوەیە، پارێزراوە لای(توێژەر) کەتێیدا داواکاری هاووڵاتی (سعدیە رشید عبدالله)یە لە پارێزگای هەولێر سەبارەت بە سۆراغی هاوسەرەکەی


السيد محافظ اربيل المحترم

[illegible]

انا المشتكية سعديه رشيد عبدالله من مجمع [illegible]
رقم الدار (٥١) اقدم الشكوى على الزوج صبحي
عزيز سعيد تولد ١٩٥٢ عندما كان هاربا
من الخدمة والقبض عليه في السيطرة طق طق من
قبل سلطات العسكرية في ١٥/٥/١٩٨٨
والى الان لم اعرف مصير الزوج لذا اطلب
التفضل بالموافقة واعلامنا الى النتيجة حول
مصير الزوج هذا ولكم الاحترام

م/ المشكو منه
صبحي عزيز سعيد / الزوج
تولد ١٩٥٢ هاربا

١٨/٧/١٩٨٩

المشتكية
سعديه رشيد عبدالله
مجمع [illegible]
رقم الدار (٥١)
زوجة المفقود صبحي
عزيز سعيد

پاشکۆی ژمارە(٣)

بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوەیە، پارێزراوە لای(توێژەر) کەتێیدا داواکاری هاووڵاتی (خنچە کاکە عزیز)ـە لە پارێزگای هەولێر سەبارەت بە سۆراغی هاوسەرەکەی


السيد محافظ اربيل المحترم

المحترم

في ١٥ من شهر رمضان عام ١٩٨٨ انه قد سافر زوجي جميل اسعد محمد امين لتولد ١٩٤٧ الى منطقة طوزخورماتو لزيارة اقاربه، هناك قبض عليه من قبل السلطات العراقية بدون ان يخالفه وكذلك لا نعلم شيء عن مصيره ولا نعلم حجزه حيث ارجو امركم بالتدخل في قضيته والمعرفة سراحه من الحجز مع الاحترام

المقدمة

خنجه كاكه عزيز

١٩٨٩/١٢/١

جميل اسعد محمد امين/زوجه

پاشکۆی ژمارە(٤)

بەڵگەنامەیەکـی بڵاونەکراوەیـە، پارێـزراوە لای(توێـژەر) کەتێیـدا داواکاری هاووڵاتـی (بسـی حمدامیـن قادر)یـە لـە پارێـزگای هەولێـر سەبارەت بە سۆراغی کوڕەکەی


السيد محافظ اربيل المحترم

المعروض :-

كان ولدي سليمان

بتاريخ شهر ٦/١٩٨٨ في اربيل الى الاستشار عون قادر

ولا بصحبه ومنذ ذلك الوقت لحد الان لا نعلم بمحل وجوده ونظرا لاطاعة الثورة الظافرة والقيادة امثال شخصكم الكريم استرحم امركم بتوليكي بنتيجة محل وجوده او بحضوره تمشيا مع حد العلم والله يوفقكم .

المجهول
عبدالرحمن عارف قادر تولد ١٩٦٤ / اربيل

المستدعية
بسه حمدامين قادر
من سكنة مجمع دارەتو
قطعة / ٢٢٠

١٩٨٩/ ٧ /٢٠

# ماڵی مەریەم لە ناحیەی ڕزگاری ڕۆڵی لە زیندوو هێشتنەوەی یادەوەریی جینۆسایدی گەرمیانییەکاندا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە)

م. سەباح عەلی سلێمان
بەشی مێژوو- کولێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان

پوختە

جینۆسایدی کورد بە تایبەت پرۆسەی ئەنفال، وەك یەکێك لە تاوانە گەورەکان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دژی بە گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٨٨) بە هەشت قۆناغ بە ئەنجام گەیەنرا، لەو تاوانە گەورەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤ جینۆساید کران، لەگەڵیشیدا لایەنی کلتووری وەك بەشێك لە پرۆسەکە ڕووبەڕووی لە ناوچوون و فەوتان بوونەوە. جگە لە زیانی گیانی و ماددی، کلتوری نەتەوەیی کورد بە تایبەت هونەر و ئەدەب و جلوبەرگ و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە لە نێوشیاندا بەشێکی زۆر بابەتی فۆلکلۆری تووشی لە ناوچوون و لە ناوبردن بوونەوە. لە ناحیەی ڕزگاری لە لایەن ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی ئەڵمانییەوە، بۆ زیندوو هێشتنەوەی یادی ئەنفال و بایەخ دان بە لایەنی کلتوری وەك: کەرەستە و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی بەجێماو لە کەسوکاری ئەنفال، ژمارەیەك دۆکیۆمێنت و بەڵگەی ئەنفالکراون لە جێگەیەکدا بە ناوی (ماڵی مەریەم) کۆکراونەتەوە. بە ئامانجی خستەڕووی ئەم هەنگاوەی ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی و بنیادنانی ئەو ماڵە، بەم توێژینەوەیە هەستاوین، بۆ ئەوەی هەوڵەکەیان لە پێناو زیندوو هێشتنەوەی جینۆسایدی گەرمیانییەکان لە یادەوەریی و بە دۆکیۆمێنت کردنی ئەو تاوانە تاوتوێ بکەین، لە ئەنجامدا گرنگی کارەکانی ماڵی مەریەم بۆ بە بیرهێنانەوەی یادەوری تاوانی ئەنفال تێدەگەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا باشتر کاریان لەسەر بکرێت و بە شێوەیەکی زانستی تۆکمە بخرێنەڕوو.

کلیلە ووشەکان: جینۆسایدی گەلی کورد، ئەنفالی گەرمیانییەکان، ماڵی مەریەم، زیندوو هێشتەوەی یادەوەرییەکان.

پێشەکی

تاوانی ئەنفال یەکێك لە ڕووداوە مێژووییە ترسناکەکانی کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە ئەنجام گەیەنرا، جینۆسایدی نەتەوەی کورد لەژێر ناوی (ئەنفال) بە هەشت قۆناغ، بوو بەهۆی لەناوبردنی سەر و ماڵی هاوڵاتیانی سڤیل. قۆناغی سێی تاوانەکە بە (ئەنفالی گەرمیان) ناسراوە، ئەو قۆناغە لە هەموویان کاریگەر تر و گەورە تر بوو، لە ئەنجامی پرۆسەکانی ئەنفالدا ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ و ژن و پیاو برانە چاڵەکانی مەرگ، پاش پرۆسەی ئازادی عێراق لە (نیسانی ٢٠٠٣)، قوربانیانی ئەنفال لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بەشێکیان دۆزرانەوە و هێنرانەوە بۆ زێدی خۆیان. هەوڵەکان بۆ کارکردن لەسەر پرسی ئەنفال لەسەر ئاستی نێوخۆی و نێودەوڵەتی بۆ ناساندنی ئەو تاوانە بە جینۆساید دەستی پێکردووە.

لەسەر پرسی ئەنفال لە گەلێك ڕەهەندەوە کار کراوە، بە گرنگمان زانیووە لە گۆشەیەکی جیاوازەوە بەم توێژینەوە کار لەسەر هەوڵەکانی یادکردنەوەی ئەنفال و هەوڵەکانی زیندوو هێشتنەوەی لە یادەوەری نەوەی ئێستادا کار بکەین. بۆ ئەو مەبەستەیش کردنەوەی پرۆژەی (ماڵی مەریەم) لە ناحیەی ڕزگاری، لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی هاوکاری ئەڵمانییەوە کردووەتە بابەتی لەسەر وەستان و توێژینەوە. ئامانج لەم هەوڵە بۆ شیکردنەوەی وەها پرۆژەیەکە بەشێوەیەك کار لەسەر کۆکردنەوەی کەلوپەل و کەرەستە و پێداویستیەکانی قوربانیانی ئەنفال دەکات، پاراستنی ئەو کەلوپەلانە بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال لە بیرەوەریدا بە زیندووی بمێنێتەوە، گریمانەی توێژینەوەکە کاری لەسەر ئەوە کردووە تا چەند کردنەوەی ماڵی مەریەم وەك پرۆژەیەك بۆ کۆکردنەوە و ئەرشیفکردنی تاوانی ئەنفال گرنگە، بەوەی لە کاتی کردنەوەی پرۆژەکە تا ناوەڕاستی مانگی (نیسانی ٢٠٢٥)، تا چەند چین و توێژەکان بەتایبەت قوتابیان و خوێندکاران سەردانی ماڵەکەیان کردووە، پرۆژەکە لە زیندوو هێشتەوەی

یادەوەری تاوانی ئەنفالدا ڕۆڵ و کاریگەری ئەرێنی هەبووە؟

توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆیەك، خۆی لە دەروازەیەك و سێ تەوەردا دەبینێتەوە. لە دەروازەدا لە ڕووی مێژوویەوە تیشك خراوەتە سەر ئەنفال و قۆناغی سێی بەتایبەتی، هەروەها زۆرتر یاد و یادەوەری پرسی ئەنفال خراوەتەڕوو. لە تەوەری یەکەمدا هەوڵەکانی ڕێکخراوی جیهانی هاوکاری ئەڵمانی لەسەر پرسی جینۆساید، هەروەها کارکردنیان لەسەر ئەنفالی گەرمیان تیشکی خراوەتە سەر. کردنەوەی پرۆژەی (ماڵی مەریەم) لەلایەن ڕێکخراوی ناوبراوە لە تەوەری دووەمدا باسمان کردووە، هەر لەو تەوەرەدا تیشکمان خستووەتە سەر ژیانی ئەو ژنەی پرۆژەکەی بەناوەوە کراوە (مەریەم ساڵەح کەرەم). هەرچی تەوەری کۆتاییشە بۆ گرنگی ماڵی مەریەم لەلایەن چالاکوانان و ڕێکخراوەکان بەتایبەت ڕێکخراوەکانی بواری پرسی جینۆساید و دامودەزگان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە کارمان لەسەری کردووە.

توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مەیدانی کاری لەسەر ماڵی مەریەم لە ناحیەی ڕزگاری، ڕۆڵی لە زیندوو هێشتنەوەی یادەوەریی جینۆسایدی گەرمیانییەکاندا کردووە، بۆ ئەمەیەش ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووی (وەسفی، شیکاری) بەکارهاتووە. بۆ ئەم هەوڵە ئەکادیمیە جگە لەوەی پشتمان بە ژمارەیەك لە پەرتووك لەسەر ئەنفال نووسراوە بەستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بەو پێیەی توێژینەوەکە مەیدانی بووە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکە بە زمانی ئەڵمانی زۆر بەکەڵك بووە، هەروەها ڕاپۆرت و هەواڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەت کەناڵە بینراوە ئاسمانییەکان زۆر بە سود بوون، ئەمە جگە لەسەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ماڵی مەریەم و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی پرۆژەکانی ڕێکخراوەکە لە گەرمیان.

بەهۆی ئەوەی کاری ئەکادیمی لەسەر پرسی بیرەوەری لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان بە تایبەت پرسی ئەنفال بەکەمی کراوە، بەتایبەت لەوەی هیچ هەوڵێکی زانستی لەسەر ماڵی مەریەم و کاری ڕێکخراوەکە نەکراوە، ئەوەیش وەك کەموکوڕی و ئاستەنگ لەوەها کارێکدا کاریگەری هەبووە، بە جۆرێك بەرچاو ڕوونیمان لەو ڕووەوە کەم بووە، بەڵام توانیمان توێژینەوەکە بە پایان بگەیەنین و بیخەینە بەردەستی خوێنەران، توێژەران، چالاکوانانی پرسی جینۆساید و کەسوکاری ئەنفالکراوان. بە ئومێدی ئەوەی هەوڵەکەمان لە داهاتوودا بتوانێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوانەی لە گۆشە و ڕەهەندی دیکەوە کار لەسەر پرۆژەی ماڵی مەریەم دەکەن، بەتایبەت ڕەهەندی یادەوەری و کاری دۆکیۆمێنتاری.

دەروازە

قۆناغی سێی ئەنفال و یادکرنەوەیی و هەوڵەکانی دۆکیۆمێنت کردنی

جینۆسایدی کورد لە ژێر ناوی (ئەنفال)، کردەیەکی ستراتیجی پلان بۆ داڕێژراوی حکومەتی عێراق بوو بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان. بە پێی دوو بەڵگەنامە، بڕیاری ژمارە (١٦٠) لە (١٩٨٧/٣/٢٩)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة)، تایبەت بەوەی عەلی حەسەن مەجید (١٩٤٤- ٢٠١٠) کراوەتە ئەمینداری گشتی باکوری حزبی بەعس، هەروەها بڕیاری ژمارە (٤٠٠٨) لە (١٩٨٧/٦/٢٠)، بڕیارەکە شەش خاڵی لە خۆگرتبوو، ناوەڕۆکەکەی بریتی بووە لە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و نەهێشتنی مرۆڤ لەو ناوچانەدا. نەخشە و بڕیارەکانی حزبی بەعس دەرخەری ئەو ڕاستیە بوون، بەرنامەڕێژی بۆ تاوانی ئەنفال کراوە، لە (١٩ی شوبات- ٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨)، بە هەشت قۆناغ شاڵاوەکانی ئەنفال دەستی پێکردووە، قۆناغی یەك لە دۆڵی جافایەتییەوە دەستی پێکردووە، قۆناغی هەشت لای بەعس پێی دەوترا (خاتیمەی ئەنفال)، هەموو ناوچەی بادینانی گرتەوە. بەو شێوەیە دەرکەوتووە شاڵاوەکانی ئەنفال تەواوی باشووری کوردستانی لە هەر چوار پارێزگای (کەرکووك، سلێمانی، هەولێر و دهۆك)ی گرتووەتەوە، لەو هەشت قۆناغەی ئەنفالدا زیاد لە (٤٥٠٠) گوند، (٢٠) ناحیە و (٣) قەزا وێران کران و تێکدران، نزیکەی (١٨٢) هەزار مرۆڤی کورد بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتن. لە (٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧)، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ئەنفالی وەك جینۆساید ناساندووە (مەحمود، ٢٠١٣: ١١؛ فەرەج، ٢٠١٣: ٣- ٦).

جینۆسایدی گەرمیانییەکان لە قۆناغی سێی ئەنفال، یەکێك لە قۆناغە ترسناکەکانی تاوانی ئەنفال، قۆناغەکە لە (٧- ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨)ی خایاندووە. ئەو قۆناغەی ئەنفال بە پڕ زیانترین و ترسناکترین پرۆسەی ئەنفال دانراوە، بەشێوەیەك زۆرترین مرۆڤی کوردی تێیدا ئەنفالکراوە، سنوری ئەم ناوچەیە لە ڕۆژئاواوە شارێی نێوان شاری پڕ نەوتی کەرکووك و شارۆچکەی دوزخورماتوو، لە باکورەوە ڕێگای کەرکووك- چەمچەماڵ، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە چیاکانی قەرەداغ، لە باشوریشەوە هەر دوو شارۆچکەی (کەلار و کفری)ی گرتووەتەوە. ئەو هێرشە بە کاریگەرترین و کوشندەترین و بەزیانترین هەڵمەت دانراوە بۆ سەر ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، دوز، کفری، کەلار، بێباز، تیلەکۆ)، ئەم ناوچانە سەر بە هەرسێ پارێزگای (کەرکووك، سلێمانی، دیالە) بوون. ئەمیش فراوانترین هێرشی ئەنفال بوو، زیاد لە (٥٠٠) گوندی گرتەوە، سەرەڕای تەختکردنی

(٤) ناحیە (محەمەد، ٢٠١٣: ٥٤- ٥٥).

ڕۆژی (١٤ / ٤/ ١٩٨٨) لوتکەی هێرشی ئەنفال بوو، لەو ڕۆژەدا بەپێی خەمڵاندنی (کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی قوربانیانی ئەنفال)، نزیکەی (٢٠)هەزار لە ژن، پیاو، پیر و منال کۆکرانەوە و بە ئیڤای سەربازی و تراکتۆری گوندنشیەکان ڕەوانەی قەڵای سەربازی (قورەتو) کران و لەوێشەوە بەرەو چارەنوسی نادیار بران، هەر بۆیە ئەم ڕۆژە کرا بە ڕۆژی (ئەنفال). هێرشەکانی قۆناغی سێیەمی ئەنفال لە ڕۆژی (٢٠ی نیسان) کۆتایی هات و یەك گوند لە گەرمیاندا بە پێوە نەما و ڕوخێنرا، زیاد لە (٣٠) هەزار هاوڵاتی مەدەنی لە (منداڵ، گەنج و پیر) لە هەردوو ڕەگەز بێ سەر و شوێن کران، سەرباری زیانی گیانی، ناوچەکە لە زیانە ماددییەکانیش بەدەر نەبوو. هەرچی سەروەت و سامانی هاوڵاتیانی گەرمیان هەبوو تاڵان کراو و دەستی بەسەردا گیرا، بەشی زۆری ئەو تاڵانکراوانە لە لایەن هێزەکانی بەرگیری نیشتیمانیەوە ناسراو بە (جاش) لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەشدار بوون ئەنجامدراوە (عەبدول، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٤: ٥٠).

پاش ڕاپەرینی (بەهاری ١٩٩١)ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دژی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق، لە لایەن کەسایەتی و چالاکوانان و کەسوکاری ئەنفالکراوانەوە بیر لە یادی ئەنفال کراوەتەوە. ئەوەیش بۆ ئەوەی یادەوەری ئەو تاوانە لە بیری کۆمەڵانی خەڵکدا بمێنێتەوە و هەوڵیش بدرێت ڕووداوەکانی ئەو تاوانە دۆکیۆمێنت بکرێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە لە گەرمیان هەوڵەکان بۆ یادکردنەوە و زیندوو هێشتنەوەی تاوانی ئەنفال دراوە، یەکەم هەوڵەکان بۆ بیرەوەری و یادی ئەنفال لە گەرمیانەوە لە (١٤/٤/١٩٩٢) دراوە « پاش گەڕانێکی ورد بە ناو ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕین، ئەوەی کەوتە بەر سەرەنجم، یەکەم وتار لەسەر ئەو ڕۆژە نوسرابێت بە ڕێز أ خ لە کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٦) نوسیویەتی، کە دوایی بە پرسیار بۆم دەرکەوت ئەو کەسایەتییە ئازیزە ناوی بەڕێزی کاك ڕەحمان خانییە لە دەربەندیخان، ئەمە وەك یەکەم ئاماژەدان بە ڕۆژی ١٤-٤». ئەو نووسەرە باسی لەوەیش کردووە پاشتر و بەو جۆرە لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە لەمانگی نیسان باسی ئەنفال کراوە، بەڵام لەساڵی (١٩٩٥)ەوە جەختە لەسەر دیاریکردنی ئەم ڕۆژە بە (ڕۆژی ئەنفال) کراوەتەوە، ئەوەش بە هەوڵی ئەو نووسەرە بووە (محەمەد، ٢٠٢٤:سایتی درەو).

لە گەرمیان بۆ یاد هێنانەوە و زیندوو هێشتنەوەی تاوانی ئەنفال، هەوڵەکان هەر لە بواری نووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نەماوەتەوە، بەڵکو لە (١٤/ ٤/ ١٩٩٤)، مەراسیم بۆ یادی ئەنفال لە ڕێگای گوندی (ملە سورە)وە، ئەو گوندەی بەشی زۆری خەڵکی گەرمیانی تێدا کۆکرایەوە و پاشتر ئەنفال کران، دەستی پێکردووە. ئەوەیش بە نمایش و جوولەی شانۆ وەك چۆن ئەنفال ڕووی دابوو وەك خۆی بە عەرەبانە و سەرباز و ئۆتۆمبیلە سەربازییەکان و تەلبەندەوە پیشانی ئامادەبوان دراوە، هەروەها چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە لە هۆڵەکانی کەلار لە ماوەی (٣) ڕۆژدا بەردەوام بووە، دەیان نووسەر و ڕۆشنبیر و شاعیری وەك شێرکۆ بێکەس، د. حەمەی حەمە ساڵح بەشدارییان کردووە (سلێمان، ٢٠٢٤: ٩).

ساڵی (٢٠٠١) بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە ئەنفال گەڵاڵە بووە و دەستی بەدەرچوون کردووە، تەها سلێمان لەو ڕووەوە نووسوویەتی: «هاوڕێمان مەجید ساڵح- بەرپرسی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ -کەلار بوو، کۆتایی ساڵی (٢٠٠١) پرۆژەیەکم ئامادەکرد بوو بۆ دامەزراندنی سەنتەری ئەنفال و لەناو پرۆژەکە (لیوارەشەکە) وەک شوێن دیاری کردبوو. جگە لە لایەنەکانی تری سەنتەرەکە، پێشنیاری گۆڤارێکم بەناوی (ئەنفال) کردبوو، من و مەجید پرۆژەکەمان بردە لای (سەردار عەبدوڵا)، لەسەر پێشنیاری ئەو دیداری (شێخ محەمەد شاکەلی) وەزیری ئەوکاتی ڕۆشنبیری (ئیدارەی سلێمانی)مان ڕێکخست و ئەوانیش وێڕای پشتگیری، ناردینی بۆ لای کاك کۆسرەت- سەرۆکی حکومەت و ئەنجام، کاك کۆسرەت وتی (ئێستا ناتوانین سەنتەر دروست بکەین، بەڵام ناردینیەوە بۆ لای شێخ محەمەد و ڕاستەوخۆ پێی ووت «بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە پشتیوانی مادی و مەعنەوییان بکە». دواتر لە ئەنجامی کۆبوونەوە و ڕاوێژ هەریەک لە: دڵشاد تاڵەبانی، ڕەوانشاد مارف عومەر گوڵ، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، عەدالەت عەبدوڵڵا، عارف قوربانی، لەتیف فاتیح فەرەج، شەهاب قەرەلوسی، هاتە ناو ستافەکە و گۆڤاری ئەنفال دەرکرا (سلێمان، ٢٠٢٤: ٩).

هەوڵی گەرمیانییەکان بۆ ئەوەی ئەنفال لە یادەوریدا بمێنێتەوە و کار بۆ دۆکیۆمێنت کردنی بدرێت، جگە لە هەوڵەکان لە بواری نووسین، چ لە ڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە، چ لە ڕێگای نووسینی کتێبی جۆربەجۆر، ئەمەیش بە هەوڵی تاکە کەسی ژمارەیەك چالاکوانی بواری پرسی ئەنفال و ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانەوە دراوە، وەك نموونەیەك دەکرێت باس لە دوو پرۆژە بکەین وەك هەوڵێك بۆ دۆکیۆمێنت کردن و نووسینەوەی تاوانی ئەنفال، یەکەمیان پرۆژەی لە چاپدانی (١٠) کتێب لە یادی (٢٢) ساڵەی ئەنفالدا، سەرپەرشتیاری پرۆژەکە: تەها سلێمان، ڕاوێژکارانی پرۆژەکە: عارف قوربانی، خالد سلێمان و هۆشیار عەبدولعەزیز، ئەرکی تێچووەکەی: ساڵار مەحمود بووە، دووەمیان پرۆژەی لە چاپدانی (٢٥) کتێب لە لایەن کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووکەوە لە ساڵی (٢٠١٣)، لە بیست و پێنج ساڵەی ئەنفالدا بە چاپیان

گەیاندووە، ئاکۆ محەمەد شوانی ناوی وەك سەرپەرشتیاری چاپی (٢٥) کتێبی ئەنفال هاتووە. ئەمە جگە لە دەرکردنی ژمارەیەك بڵاوکراوە، ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ پرسی ئەنفال لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی گەرمیان و کوردستانەوە، دەکرێت دەرکردنی گۆڤاری (ئەنفالستان) لەساڵی (٢٠٠٤)، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری (عومەر محەمەد) وەك نموونە وەربگرین (نامق، ٢٠١٣: ١٠١).

تەوەری یەکەم

ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی ئەڵمانی و کارکردنیان بۆ ناساندنی جینۆساید و پرسی ئەنفال

پرسی ئەنفال وەك دۆسیەکی گرنگ، لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتی ژمارەیەك ڕێکخراوی لۆکاڵی و بیانی کاریان لەسەری کردووە. یەك لەو ڕێکخراوانەی لەو بوارەدا کاری کردووە و جێگای دەستی دیارە، ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی ئەڵمانییە Haukari e.V، «هاوکاری بە کوردی (سۆرانی) بە واتای هاوەدنگی دێت»، ڕێکخراوەکە لە وولاتی ئەڵمانیا لەلایەن کۆمەڵە کەسێکەوە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە پێکهێنراوە بەشێوازی جۆراوجۆر پاڵپشتی پرۆژەی خۆبژێوی بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق کردووە. ئامانجێکی گرنگی ڕێکخراوەکە بەردەوام دەبێت لە دەستپێکردن و پێشخستنی پرۆژەی دیاری کراو- تا ئەو شوێنەی بارودۆخ ڕێگای پێدەدات، بەم پێیە ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی ئەڵمانی هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی ئێستا لەگەڵ دەستپێشخەرییە ناوخۆییەکان، کۆمەڵگە گوندنشینەکان و گروپەکانی قەزاکان، کۆمەڵەی ژنان، سەندیکاکانی کرێکاری و کۆمەڵگەی بەرهەمهێنان لە هەرێمەکەدا چڕتر بکاتەوە و پەیوەندی نوێ دروست بکات (Satzung, ٢٠١٨: Haukari)، هاوکاری، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ناحکومی قازانج نەویستە، لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیەوە پاڵپشتی دەکرێت (فایەق، ٢٠٢٤: ٥٠).

ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی ئەڵمانی، پاش ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە (بەهاری ١٩٩١) هاتوونەتە کوردستان و دەستیان بە هاوکاری هاوڵاتیان کردووە. ئەندامانی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە، بێرنارد وینتەر، کارین ملۆدۆخ و جەمال ئیبراهیم (مام پۆلا) بوون، لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە لەگەڵ ڕێکخراوی فریاگوزاری ئەڵمانی medico international لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان لە سنوری سلێمانییدا کاریان کردووە، پاشتر ڕێکخراوی جیهانی هاوکاری لە مانگی (تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٥) بە ئامانجی پێشکەشکردنی زیاتر و بەردەوام سەبارەت بە دۆخی کوردستان- عێراق، پاڵپشتیکردنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستپێشخەرییە کۆمەڵایەتییەکانی مەیدانەکە، دوای دەیان ساڵ لەدیکتاتۆرییەت دامەزراوە. ڕێکخراوەکە توانی گرنگی بە پارێزگای سلێمانی بدات، ئەو ناوچانەی لەڕووی ژێرخانی ئابوورییەوە داڕوخاو بوون، لە بواری خزمەتگوزارییدا تووشی وێرانکاری بوون، پرۆژەکانی ڕێکخراوەکە لە چەندین سێکتەری جیاوازدا خزمەتیان بەچین و توێژەکان کردووە، لە(٢٨ی ئایاری ١٩٩٦)، ناوەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ ژنان و کچان- خەنزادی دامەزراندووە، لێرەوە ژمارەیەك پرۆژەی تریان دەست پێکردووە، لەوانە: دەزگای تەندروستی کوردستان (KHF)، ناوەندی ئاشتی لە دووزخورماتوو ((Vereinsgeschichte, ٢٠٢٥: Haukari. شیاوی باسە ڕێکخراوەکە بارەگای سەرەکی لە هەریەك لە (فرانکفۆرت، بەرلین) لە ئەڵمانیا، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش نووسینگەیان لە هەریەك لە پارێزگای سلێمانی و ناحیەی ڕزگاری سەر بەقەزای کەلار دا هەیە (Our offices, ٢٠٢٤: Haukari).

جینۆسایدی گەرمیانییەکان لەژێر ناوی (تاوانی ئەنفال)دا، لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی ئەڵمانییەوە لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکییدا کاری جدی لەسەر کراوە، ڕێکخراوەکە بەشی زۆری هەوڵەکانی و کارکردنی بۆ پرسی ئەنفال لە سنوری گەرمیان بووە. بوونی پێگەیەکی ئەلیکترۆنی بە زمانی ئەڵمانی لەژێر ناوی (https://haukari.de/)، لەگەڵ چالاکبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان تایبەت بە ڕێکخراوەکە، وەك: فەیسبوك، یووتوب و ئینستاگرام، بەشی زۆری تایبەتە بە چالاکیەکان سەبارەت بە پرسی ئەنفال و قسەکردن لەسەر ئەو دۆسیەیە، ئەوەیش بۆ خۆی گرنگی ڕێکخراوەکە دەردەخات سەبارەت بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد. لەسەر پێگەکەی خۆیان تاوانی ئەنفالیان ناساندووە، نەخشەیەکی ووردی قۆناغەکانی ئەنفالیان کێشاوە، سەبارەت بە شاڵاوەکانی ئەنفال نووسیویانە «لەساڵی (١٩٨٨) ڕژێمی عێراق ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بەرفراوانی دژی ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق لەژێر ناوی (ئەنفال) ئەنجامدا، زیاتر لە (١٠٠)هەزار ژن و پیاو ڕفێنران و کوژران و لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژران، چارەنووسی زۆربەیان تا ئەمڕۆش نادیارە». هەروەها لە درێژەی باسکردن لەسەر جینۆسایدی کورد لەژێر ناوی ئەنفالدا زیانە مادی و لایەنە دەروونییەکانیش خراوەتەڕوو، بەجۆرێك هەزاران گوندی کۆمەڵگەی کوردەواری بە تەواوی وێران بوون، هەزاران ژن و پیاو و منداڵ بۆ ماوەی چەند مانگێك لە کەمپ و زیندانەکاندا ڕاگیران؛ زۆرێکیان بەهۆی برسێتی و ژیانی گولەمەرگیەوە گیانیان لەدەستداوە. هەر لە باسی ژیانی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال پاش ئازادکردنیان، ئەوە باسکراوە ڕزگاربووان براونەتە

ئۆردوگا زۆرەملیەکان، لەوانە لەناحیەی (ڕزگاری)، ئێستا ژمارەی دانیشتووانی ناحیەکە بە (٤٠) هەزار کەس دەخەملێنرێت، ناحیەکەیش گەشەی کردووە و ژیان تێیدا بەردەوامە (Die Anfal-Operationen, haukari: ٢٠٢٤).

لە (حوزەیرانی ١٩٩٨)دا ڕێکخراوەکە لە دەیەمین ساڵەی بیرەوەری هەردوو تاوانی (کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفال)، بە ووردی بە زمانی ئەڵمانی تیشکی خستووەتە سەر جینۆسایدی کورد لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەتایبەت تاوانی (ئەنفال). لەگەڵیشیدا بابەتێکی گرنگی خستووەتەڕوو، ئەویش باسکردنی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە (١٦ی ئازاری ١٩٨٨)، بەهۆیەوە پێنج هەزار هاوڵاتی گیانیان لە دەست داوە و ژمارەیەکی دیکەیش بریندار بوون، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەڵەبجە بوو بە هێمای زوڵم و زۆرداری ڕژێمی عێراق دژ بە کورد، بەهۆی ئەو وێنانەی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی ئێرانیەوە لەو سەردەمەدا گیرا بوون، تاوانەکەیان بە جیهان ناساندووە، بەڵام هیچ وێنەیەک لەشاڵاوە بەرفراوانەکەی قڕکردن لەلایەن سوپای عێراق لە هەمان ساڵدا دژی دانیشتوانی گوندنشینی کورد ئەنجامیان دابوو، بوونی نییە. حکومەتی عێراق خۆی بە ئۆپەراسیۆنی ئەنفال ناوی بردووە، لێرەوە دەرکەوتووە ئەنفال بەهۆی ئەوەی میدیای جیهانی گرنگی پێ نەداوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەنگدانەوەی کاریگەری وەك کیمیابارانی هەڵەبجە نەبووە. هەر ئەوکات ڕێکخراوەکە داوای کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنت کردنی تاوانی ئەنفالی کردووە، لەو ڕووە نووسیویەتی «لەپارێزگای سلێمانییدا لەئێستادا پشتیوانی لە دامەزراندنی ئەرشیفێک دەکەین بۆ بەڵگەنامەکانی مێژووی ئەم دواییەی کورد، لەوانەش چەندین بەڵگەنامە و شایەتحاڵی پەیوەست بە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال، بەهۆی دۆخی ناجێگیری کوردستانی عێراق و ململانێ ناوخۆییەکان و دەستێوەردانەکانی دەرەکی، ئەو بەڵگەنامانە هەرەشەی لەناوچوونیان لەسەرە. پێویستە لە ئەرشیفدا کۆبکرێنەوە و لەبەریان بگیرێتەوە و بپارێزرێن و بخرێنە بەردەستی خودی کورد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» (Newsletters, ١٩٩٨: ١-٢).

هەوڵەکانی ڕێکخراوەکە بۆ خزمەتی کەسوکاری ئەنفال و پرسی جینۆسایدی کورد بەردەوامی هەبووە، لە (ئازاری ٢٠٠٣)دا، واتا لە ئانوساتی پرۆسەی ئازادی عێراقدا بە ووردی تیشك خراوەتە سەر مەترسیەکانی دووبارە جینۆسایدکردنی کۆمەڵانی خەڵك. هەربۆیە دووبارە جارێکی تر لە ڕاپۆرتێکدا ڕێکخراوەکە بە ووردی باسی لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە کردووەتەوە، هەرچەندە لە ڕاپۆرتەکەدا شاڵاوەکانی ئەنفالی بە (پێنج) قۆناغ داناوە، خۆی لە ڕاستیدا قۆناغەکانی ئەنفال هەشت قۆناغ بووە، بەڵام ئەو وەبیرهێنانەوەی بۆ ئەوە بووە ،هاوڵاتیانی کوردستان (باکوری عێراق)، ترسیان لە دووبارە بوونەوەی بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەبووە، ترسی دووبارەبوونەوەی هێرشی چەکی کیمیایی لەکاتی هێرشی هاوپەیمانان دژی حکومەتی عێراق لەژێر ناوی (پرۆسەی ئازادی)، لەناو خەڵکدا بە گەرمی باسکراوە. هەر ئەو ترسەیش وایکردووە سەرکردایەتی کورد داوایی دەمامك بکەن بۆ کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی گازی ژەهراوی، لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپاوە ئەو داواییە ڕەتکراوەتەوە، ئەوەیش وایکردووە خەڵک دەست بە دروستکردنی دەمامکی خۆماڵی لە قوماش، خەڵوز و خوێ بکەن (Newsletters, ٢٠٠٣: ١).

خزمەتی کەسوکاری ئەنفالکراوکان لە ئەولەویەتی کارکردنی ڕێکخراوەکە بووە، بە تایبەت گرنگیدان بە ژنان و منداڵان، لەبەشی زۆری ڕاپۆرتەکانیاندا باسی ئاریشەی ژنانی کەسوکاری ئەنفال کراوە، هەر ئەمەیش وایکردووە زۆر تر گرنگی بە ڕەگەزی مێ بدرێت و وەك قوربانی و سیمبول (هێما) لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال باسیان بکرێت، هەوڵیان داوە لەو ڕێگایەوە پرسی ئەنفال بە نێودەوڵەتی بکەن. بۆ ئەمەیش لە (تشرینی دووەمی ٢٠٠٨)، هەریەك لە (شازادە حسێن محەمەد- قوربانی و کەسوکاری ئەنفال، گوڵناز عەزیز قادر- ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و چالاکوان)، بە دەست پێشخەری ڕیکخراوەکە لە گەرمیانەوە بەشداریان لە کۆنفرانسێك لە ئەڵمانیا کردووە. لە کۆنفرانسەکەدا بە ووردی قسەیان لەسەر توندوتیژی، دڕندەیی و زیانەکانی سەردەمی ئەنفال کردووە، دواتر تیشکیان خستووەتە سەر بیست ساڵی چاوەڕوانی کەسوکاری ئەنفال لە هەواڵی بێسەروشوێنی خزم و کەسوکارەکانیاندا ماونەتەوە، داواکارییەکان ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال وەک جینۆساید کردووە. هەروەها کۆمپانیا ئەڵمانیەکان بە گازی ژەهراوی و لۆجستی پشتیوانی ڕژێمی بەعسیان کردووە دادگای بکرێن.

لەدەرئەنجامی بەشداری لەو کۆنفرانسە، پاش گەڕانەوەی ئەو دوو بەشدار بووە بۆ کوردستان، بە دەستپێشخەری زیاتر لە(٥٠) ڕزگاربووی ئەنفال لە ڕزگاری، داوایان کردووە شوێنێکی خۆماڵی بۆ (یادکردنەوەی تاوانی ئەنفال) بنیاد بنرێت،پاشتر بیرۆکەکە پەرەی پێدراوە بەهاوکاری جەمال ئیبراهیم (مام پۆڵا)، کۆبوونەوەیەك لەمانگی (ئایاری ٢٠٠٨)دا گرێدراوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی بڵاوکراوە لەو ڕووەوە هاتووە: «پێموابوو بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بڵێن، پێویستمان بۆ مۆنۆمێنتێک نیە، بەڵام ژنەکان بە جۆش و خرۆشەوە لەگەڵ بیرۆکە بوون و پەرەیان بە بیرۆکە داوە»، ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی ئەڵمانی پشتگیری لە دەستپێشخەریی ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال بۆ

پرۆژەی کۆڕبەندی یادەوەری کردووە، بەپێویستی زانیووە ژنان لە پرۆسەی خەمخۆری و یادکردنەوەدا پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی بکرێن، پرۆژەکە ناوی لێنراوە (مەکۆی بیرەوەری ئەنفال ANFAL Remembrance Forum) (Newsletters, ٢٠٠٨: ١- ٢).

مەکۆی یادکردنەوە وەك مینۆمێنتێك پاش تاوتوێکردنی زۆرێك لەڕەهەندەکانی، لە ساڵی (٢٠١٣)دا جێگەی خۆی گرتووە، پاش ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گفتوگۆی چڕی پێنج ساڵە، بوونی چەندین دیزاینی جیاواز بۆ پێکهاتەی بیناکە، دیزاینی بیناکە لەلایەن کۆمپانیای تەلارسازی ئەڵمانی ئینگرید مووی/کریستۆف زێلەرەوە پێشکەشکراو، لەمانگی (تشرینی یەکەمی ٢٠١٣)، لەلایەن هەموو بەشداربووانەوە قبوڵکراوە. پرۆژەکە بە ڕادەیەکی باش خواستەکانی ژنانی ڕزگاربووی ئەنفالی لەبەرچاو گرتووە؛ لەهۆڵی کۆبوونەوە، شوێنی پێشانگا، ژووری کۆمەڵایەتی و پشوودان لە چوارچێوەی دیوارێکی پارێزبەند پێکهاتووە، کەرەستەی خۆماڵی لەگەڵ فۆرمەکانی مۆدێرن تێکەڵ کراوە، بەجۆرێك بیناکە لەگەڵ دیمەنە تەلارسازییەکانی ناوچەی گەرمیاندا بگونجێت، تێچووی پرۆژەکەیش لەلایەن فەرمانگەی دەرەوەی فیدراڵی ئەڵمانیەوە دابین دەکرێت (Jahresberichte, ٢٠١٣: ٩).

تەوەری دووەم

مالی مەریەم لە ناحیەی ڕزگاری وەک مۆزەخانەیەک بۆ زیندوو هێشتنەوەی تاوانی ئەنفال

پێش خستنەڕووی پرۆژەی ئەم ناوەندە، پێویستە ناوی مەریەم بناسێنین، وەك هێما و سنبولێك بووەتە ناوی ئەم ناوەندە (ماڵە). مەریەم ساڵح کەرەم، لە دایکبووی ساڵی (١٩٦٩)، گوندی تیلەکۆی ئەحمەد ئاغای سەر بە ناحیەی قادر کەرەم، دایکی ناوی ئامینە فەرەجە، لە هۆزی زەنگەنە بوون، (البطاقة الشخصية، ١٩٨٠، رقم الهوية: ٨٢٩٤٦٤). لە مانگی (ئایاری ١٩٨٧)، بەر لە تاوانی ئەنفال، مەریەم لەگەڵ کوڕە ئامۆزایەکی خۆی ژن بە ژن بۆ براکەی لە گوندەکەی خۆیان کردووە، مەریەم لە ئامۆزاکەی (ئەنوەر سابیر) مارە کراوە، بە پێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئاینی بووەتە دەزگیرانی ئامۆزاکەی. باوکی بووك چووەتە کەرکووك جلی بوکێنیان بۆ بهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هاتووچۆ لەشارەوە بۆ گوند، لە گوندەوە بۆ شار، قەدەغە بووە، بڕیارەکە لەلایەن نوسینگەی باکوری حزبی بەعسەوە دەرچووە، مام سابیر ناتوانێت بچێتەوە بۆ گوندەکەیان. ناچار بەشێوەیەکی قاچاغ گەیشتووەتەوە (تیلەکۆ). لەو دۆخە ئاڵۆزەدا بە زەحمەتێکی زۆر لە کەرکووکەوە جلی بووکێنی (مەریەم) گەیەنراوەتەوە گوند، هەرکە جلی بووك ئامادە بووە، بەنیاز بوون بە زووی زەماوەند بکەن، لە (نیسانی ١٩٨٨)دا گوندەکە کەوتووەتە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال، هەموو گوندنشینەکان گیران و خانووەکان لەگەڵ زەوی تەختکران. (ئەنوەری دەزگیرانی مەریەم) گیرا و ئیتر جارێکی تر نەبینرایەوە، بەڵام (مەریەم) لە شاڵاوی ئەنفال ڕزگاری بوو، ئیدی خەونی دەستگیرانەکان هەر لە دڵاندا مایەوە و هەرگیز نەگەیشتە ئاکام، مەریەم و بوخچەکەی (جلوبەرگی بووکێنی) لەخۆ گرتبوو بە تەنیا لە ناحیەی ڕزگاری مانەوە (فرود، ٢٠٠٧: ١١٥).

لە ناحیەی ڕزگاری لە پاش ئەنفال، مەریەم لەگەڵ باوکیدا ژیانێکی پڕ لە ئێش و ئازاریان گوزەراندووە، جلوبەرگی بوکێنێکەی لەلای خۆی پاراستووە و ئومێدی گەڕانەوەی دەزگیرانەکەی بووە. چەند جارێك داخوازی بە مەبەستی دووبارە شوکردنەوە و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرگیری هاتووە، بەڵام ئەو ڕەتی کردووەتەوە و هەمیشە ووتویەتی «هەر ڕۆژێك دەزگیرانەکەی دێتەوە». بەڵام پاش ڕوخانی حکومەتی عێراق لە (نیسانی ٢٠٠٣)، ئیتر هیچ ئومێدیەکی نەما و بەو هۆییەوە تووشی نەخۆشی جۆربەجۆر بووە. لەبەر پاکی و بەئەمەکی، وەك سنبولی ڕاستگۆی و خۆڕاگری لە لایەن (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)هوە خەڵاتی ئاڵتونی پێدراوە، لە لایەن ڕێکخراوەکان بە تایبەت ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستانەوە هاوکاری و چاودێری کراوە، نەخۆشی و چاوەڕوانی لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بوو بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونی و لە جێگە کەوتنی بۆ ماوەی سێ ساڵ، بەهۆی نەخۆشی لە (٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩) کۆچی دوایکردووە و لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بە خاك سپێردراوە (جاف، ٢٠٠٩: ٢).

چیرۆکی ژیانی مەریەم ساڵح، وەك یەکێك لە سنبولەکانی تاوانی ئەنفال، پڕ لەئێش و ئازار، پڕ لەئەمەك و خۆشەویستی، بووەتە هۆی ئەوەی لە لایەن ڕێکخراوەکان و ڕاگەیاندنەکانەوە گرنگی پێ بدرێت، هەر ئەوەیش وایکردووە لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانییەوە، ناوەندێکی دۆکیۆمێنت بە ناوی (ماڵی مەریەم)، لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە قەزای کەلار (ناوەندی ئیدارەی گەرمیان) بکرێتەوە. بیرۆکەی دامەزراندنی ماڵەکە (ناوەندەکە) پێشتر گەڵاڵە بووە، بەڵام بەهۆکاری شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە کردنەوەی دواکەوتووە، پاش ئەوەی کۆنترین بینای ناحیەکە لەساڵی (١٩٨٧) بنیاد نراوە، لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانییەوە ئامادەکراوە و هەندێك دەستکاری کراوە و بەجۆرێك دیزاین کراوە بۆ ناوەندێکی هاوشێوە بگونجێت، لە (١٨ی نیسانی ٢٠٢٢) کراوەتەوە، بیناکە پێشتر لە سەردەمی حکومەتی عێراقیدا بینای پۆلیس بووە، پاش ڕاپەڕینی (بەهاری ١٩٩١)ی کۆمەڵانی خەڵك، بۆ ماوەیەك

ڕێکخراوی یەکێتی ژنان بۆ ئیشوکارەکانی خۆیان سوودیان لێوەرگرتووە و تێیدا خزمەتیان بەژنان کردووە، بیناکە لەساڵی (٢٠٢١)دا بە مەبەستی کردنەوەی ماڵی مەریەم دەست بە دامەزراندنی کراوە (Jahresberichte, ٢٠٢٢: ٤).

کردنەوەی ماڵی مەریەم، هاوکاتی ساڵیادی تاوانی ئەنفال بووە، ئەوەیش وایکردووە چالاکی بۆ یادەکە ڕێك بخرێت، لە ڕۆژی کردنەوەی ماڵەکەدا، خەڵاتی ئاڵتونی (کارین) بە پێنج دایکی ئەنفالکراو دراوە، ئەوەیش بۆ ئەو دایکانەی پاش تاوانی ئەنفال توانیویانە منداڵەکانیان سەربەرزانە بژێنن، منداڵەکانیان بۆ ژیانی پاش تاوانەکە ئامادە بکەن، لە ئێستا هەریەك لەوان لە بوارێك لە بوارەکاندا درێژە بە ژیان دەدەن. ئەو ژنانەی ساڵانە خەڵات دەکرێن دەبنە نوێنەری ژنانی کەسوکاری ئەنفال بۆ ئەو ساڵە، لەبۆنە و یادەکاندا کار بۆ پرسی ئەنفال دەکەن، خەڵاتی ئاڵتونی کارین تا ئێستا بە (٣٥) ژن دراوە، لە ئایندەیشدا بڕیارە درێژەی هەبێت. خەڵاتی ئاڵتونی کارین (خاتوو کارین و مام پۆلا) سپۆنسەری دەکەن و ئامانجیان ڕێزلێنانە لە ژنانی کەسوکاری ئەنفال، بە بێ هاوسەر لە ژیانێکی سەختدا توانیویانە منداڵەکانیان بەخێو بکەن و بۆ کۆمەڵگە جارێکی تر ئامادەیان بکەنەوە (فایەق، ٢٠٢٥: ٢).

ئامانج لە کردنەوەی ماڵی مەریەم، (بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی کەلوپەلی قوربانیانی ئەنفال)، خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، لەوانە: کۆکردنەوەی سەرجەم کەرەستە، پێداویستی و کەلوپەلی بە جێماوی کەسوکاری ئەنفال، کۆبوونەوەی کەسوکاری ئەنفال لە ماڵەکە بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرسی جینۆساید، زیندوو هێشتەوەی یادەوەری ئەو تاوانە لە بیرەوەری نەوەی ئێستادا. بەشداری کاری نەوەی دووەمی ڕزگاربووانی ئەنفال لە کاروچالاکیەکاندا، هەوڵدان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا مینۆمێنتێکی شایستە بە قوربانی ئەنفال لە گەرمیان بکرێتەوە، دۆکیۆمێنت کردنی بەسەرهاتی ئەنفالکراون لە ڕیگای وێنە و ڤیدیۆوە، گرێدانی کۆڕ و سیمینار، چالاکی زانستی، کاری هونەری و کردنەوەی پێشانگا، هەوڵی لۆبیکردن لەگەڵ دەسەڵاتی خۆجێی ناوخۆیی و لەسەر ئاستی عێراق، لەڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ناساندنی پرسی ئەنفال، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕاپۆرتی زانستی، جگە لە زمانی کوردی بە زمانە زیندووەکانی جیهان بۆ ناساندن و زیندوو هێشتنەوەی بیرەوەری ئەنفال لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی (Jahresberichte, ٢٠٢٢: ٤؛ فایەق، ٢٠٢٤: ٥١).

ماڵی مەریەم، لە ڕووی هەیکەلی کارگێڕی، بەشەکانیەوە بە شێوەیەکی گشتی لەخزمەتی پرسی زیندوو هێشتنەوەی بیرەوەری ئەنفال و جینۆسایدی کورد دایە. جگە لە بەشی بەڕێوەبەردن و کارگێڕی بە مەبەستی ئیشوکارە ئیدارییەکان بۆ بەردەوامی پرۆژەکە، ماڵەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە ژێر ناوی (ژوورەکان)، ئەوانیش: ژووری ژنانی ئەنفالکراو، لێرەدا ژنان کۆدەبنەوە بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرسی ئەنفال و کۆژان و زیندوو هێشتەوەی بیرەوەرییەکان، ژووری ستۆدیۆ: لێرەدا چیرۆکەکانی ئەنفال لە ڕێگای چاوپێکەوتن بە شێوەی ڤیدیۆ، وێنەوە ئەرشیف دەکرێت، تا ئێستا نزیکەی (١٧٠٠) وێنەی کەسوکاری ئەنفالکراون لە ڕێگای کامێراوە گیراون، ژووری توێژینەوە و دۆکیۆمێنت، ئەو ژوورە تایبەت بە کارکردن لەسەر ڕاپۆرت و توێژینەوە و سەرچاوەی تایبەت لەسەر جینۆساید و ئەنفال، کتێبخانەیەکیش لەو ژوورەدا بنیادنراوە بۆ کۆکردنەوەی کتێبی تایبەت لەسەر پرسی جینۆساید، ژووری کەرەستەکان، سەرجەم کەلوپەل و پێداویستی و کەرەستەی بەجێماوی ئەنفالکراون لێرەدا هەڵگیراون، لە شتی زۆر بچوکەوە تا گەورە. نموونەیەك لە کەرەستەکان خۆی دەبینێتەوە لە: (جلوبەرگی منداڵان و ژنان و پیاوان، قاپ و کەوچك، تەزبیح و چاویلکە، پێڵاوی جۆراوجۆر، ڕاخەر و جێگای خەوتن، پیاڵە و کتری و قوری، ئەلبومی وێنە، کاتژمێر، ئامێری کارەبای وەك ڕادیۆ و سەلاجە ...هتد)، کەرەستەکان بەردەوام لە زیاد بووندان (نارینی: ٢٠٢٥: چاوپێکەوتن).

کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان لە پێناو زیندوو هێشتنەوەی یادەوەری تاڵی ئەنفال، بۆ خۆیان خۆ ویستانە پێداویستی و کەرەستەی بەجیماوی کەسوکاریان دەبەنە ماڵی مەریەم لە پێناوی ئەوەی لە فەوتان بیپارێزن. سەباح ڕەوفی تاقانەی ئەنفال، دە کەس لە بنەماڵەکەی ئەنفال کراوە، تەنها خۆی بە جێماوە، سینیەکی نان خواردن بە تەنها لە سەروەت و سامانی بنەماڵەکەیان بە جیماوە، ئەویش پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٩٥) گوندەکەیان ئاوەدانکردووەتەوە، لە تەنوربانی خانۆکەیان دۆزیوەتیەوە و پێشکەشی ئەم ماڵەی کردووە. ڕێبازی تاقانەی ئەنفال بە نرخترین سەروەتی بنەماڵەی پاش ئەنفال کردنیان، جلوبەرگی (قاتەکەی) باوکی بووە، لەپاش ئەو تاوانە لەفەوتان پاراستویانە، لەماڵی مەریەم دایناوە بۆ ئەوەی لە بیرەوەری ئەو کەسانەدا بمێنێتەوە سەردانی ماڵی مەریەم دەکەن. هەروەها بەختیار باوکی ئەنفالە، تەنیا یادگاری بۆی بەجێ مابێت وێنەی باوکی بووە، پێشکەشی ماڵەکەی کردووە، هاوکات وەک دیاری دوو سندوقی شوشەی بۆ هەڵگرتنی کەرەستەکان دابینکردووە، چونکە پێی وایە ماڵی مەریەم ماڵی هەموو نەوەیەکی ئەنفالە و هاوکاری کردنی بە ئەرکی هەمووان زانیووە (محەمەد، ٢٠٢٣: کەناڵی Kurdsat News).

کەسوکاری ئەنفالکراوان و چالاکوانانی بوارەکە بە بایەخەوە لە پرۆژەی ماڵی مەریەمیان ڕوانیوەوە، شێرزاد عەلی- خاوەنی حەوت کەسی ئەنفالکراوە لە بنەماڵەکەیان، پرۆژەکە بە گرنگ بۆ کەسوکار، نەوەی پاش ئەنفال زانیوەوە، بە دوور کەوتنەوە لەمێژووی ڕوودانی تاوانەکە، بیرەوەرییەکان کاڵ بوونەتەوە، بەڵام کارێکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی بیرەوەری و یادەکە بیر بهێنرێتەوە، بۆ ئێستا پێویست بێت. هاوڕێ پێشڕەو- لە ڕێکخراوی داکۆکی لە کەسوکاری ئەنفال، پرۆژەکە بەتاکە پرۆژەی گرنگ بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ و پێداویستی بەجیماوی ئەنفال دەزانێت، هەروەها ماڵی مەریەم بۆ زیندوو هێشتنەوەی بیرەوەری ئەو تاوانە لە ڕێگای بەشەکانیەوە بە تایبەت کەرەستە، وێنە و تۆمارکردنی چیرۆکەکان بۆ ئێستا بە پێویست زانیوەوە، تۆمارکردنی چیرۆکەکان گرنگن، چونکە بەشی زۆری ئەوانەی چیرۆکەکانی ئەنفالیان لایە، بە هۆی پیری و نەخۆشیەوە کۆچ دەکەن و بە مردنی ئەوانیش بەڵگە و وێنای بەشی زۆری چیرۆکەکانیش لەناو دەچن، هەر بۆیە ئەرشیفکردنیان لەوەها شوێنێك پێویستە (محەمەد، ٢٠٢٢: کەناڵی Kurdsat News).

کەسوکاری ئەنفالکراون بەهۆی گرنگی کردنەوەی ماڵی مەریەم، بۆ پاراستنی کەلوپەلی قوربانیان، هەریەکە و لای خۆیەوە دەستیان بە بەخشینی کەرەستە و پێداویستییەکانیان کردووە، ئەوانەی پێشتر پاراستویانە، وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و هەستکردن بەرپرسیارێتی، حاجی هۆشیار قابیل، کۆمەڵێک کەلوپەلی بە نرخی دوو شەهیدی ئەنفالکراوی ئامۆزای بەناوی (سالار و جبار) پێشکەش بە ماڵەکە کردووە. تەحسین- یەکێک لە زیندانییەکانی نوگرە سەلمان و باوکی بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتووە، تاکە یادگاری باوکی لە ماڵیان مابێتەوە (سەلاجە)یەک بووە، بۆ پاراستنی دیارییەکەی باوکی پێشکەشی ماڵەکەی کردووە، هەروەها بەختیار- باوکی ئەنفالە، تەنیا یادگاری بۆی بەجێ مابێت وێنەی باوکی بووە، پێشکەشی ماڵی مەریەمی کردووە، چونکە پێی وایە ماڵەکە، ماڵی هەموو نەوەیەکی ئەنفالە. دوای تێپەڕبوونی (٣٥) ساڵ بەسەر شاڵاوی ئەنفال دا، کەریم ئەحمەد، ڕێژاو قادری هاوسەری و دوو منداڵی ئەنفال بووە، جلی بوکێنی هاوسەرە ئەنفالکراوەکەی پاراستووە، ئەو جلەی پێشکەش بە ماڵەکە کردووە، هەرچەندە ئەو یادگارییەی بەخشی بە ماڵی مەریم، بە بینینی جلەکان یادگارییەکانی هاوسەرەکەی بیر هاتووەتەوە و بۆی گریاوە، بەڵام بۆ پاراستی ئەو جلوبەرگە، بەخشیەویەتی بە ماڵەکە (سەردانی مەیدانی، ٢٠٢٥: ماڵی مەریەم؛ ئەنوەر: ٢٠٢٣: دەنگی کوردی ئەمەریکا)

تەوەری سێیەم

ماڵی مەریەم و گرنگی لای ڕێکخراوەکان و دامودەزگا حکومییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کردنەوەی ماڵی مەریەم لەلای کەسایەتی و چالاکوانانی پرسی ئەنفال گرنگی خۆی هەبووە. هەر ئەوەیش وایکردووە لە ڕۆژی کردنەوەیدا ژمارەیەك لە کەسوکاری ئەنفال ئامادەبن و هەوڵەکانی وەها کارێك بە گرنگ بزانن بۆ خزمەتی زیندوو هێشتنەوەی بیرەوەری جینۆساید و ئەنفال. پرۆژەی ماڵی مەریەم خەون و ئامانجی بەشی زۆری چالاکوان، کەسایەتی، ڕێکخراو و دامودەزگان بووە، هەر ئەوەیش وایکردووە کارەکەی ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانییان بەپڕ بایەخ وەسف کردووە، ڕێکخراوەکەیش سوپاسی ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کردووە لەسەرەتای کردنەوەی (ماڵی مەریەم)دا هاوکاریان بوون، بە پێویستی زانیووە ناویان تۆمار بکرێت. لە ڕێکخراوەکانی بواری پرسی ئەنفال، بریتی بوون لە: ڕێکخراوەکانی (کۆمەڵەی داکۆکی لە پرسی ئەنفال، ڕێکخراوی ١٤ /٤، ڕێکخراوی ئاسۆی زیندانیان). جگە لە ڕێکخراوەکان ژمارەیەك کەسایەتی لە دامودەزگا حکومی و پارتە سیاسیەکانی سنورەکەدا ڕۆڵیان لە کردنەوەی ماڵەکەدا بینیووە، لەوانە: کۆچکردوو سەلاح کوێخا- سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیان، جەلال شێخ نوری- سەرپەشتیاری ئیدارەی گەرمیان، د. فەرهاد قادر- سەرۆکی پێشووی زانکۆی گەرمیان، مەڵبەندی گەرمیانی (ی. ن. ك)، ئەوانیش هەریەك لە: (پۆڵا شەهید سیروان، هەردی شاهید قادر، مامۆستا عوسمان، محەمەد براوگەلی... هتد (نارێنی، ٢٠٢٥: چاوپێکەوتن).

ڕێکخراوی ئاسۆی زیندانیانی ئەنفال، ناوەندەکەی لە گەرمیانە، لەمەراسیمی کردنەوەی ناوەندەکە دا بەشداربوون، لە ڕاگەیەندراوێکدا سەبارەت بە ماڵی مەریەم نووسیویانە، لە بەشێکیدا هاتووە: « لەناحیەی ڕزگاری ماڵی مەریەم لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری ئاڵمانییەوە کراوەتەوە، ئێمەش وەکو ڕێکخراوی ئاسۆی زیندانیانی ئەنفال بەشدار بووین لەکردنەوەی ئەو ماڵە، کاری کۆکردنەوە کەلوپەلی بەجێماوەی ئەنفالکراوەکانە». ڕێکخراوەکە داوای لە کەسوکاری ئەنفالکراوان کردووە، کەلوپەل و دۆکیۆمێنت، چ وێنەی ئەرشیفی ئەنفالکراو بێت، یاخود کەرەستە و پێداویستی بەجێماو، بیبەن بۆ ئەو مۆزەخانەیە، ئەمەیش بۆ ئەوەی بە زیندووی یادەوەری تاوانی ئەنفال بمێنێتەوە، هەمیش بناسێنرێت بە ڕێکخراوە بیانی و ناوخۆییەکانی بواری جینۆساید و ئەنفال، ڕێکخراوەکە هاوکاریکردنی کەسوکاری ئەنفال و هاوڵاتیانی لەو هەڵمەتەدا بە ڕێز گرتن لە قوربانیان و پرسی ئەنفال زانیووە (ئاسۆی زیندانیانی ئەنفال،

٢٠٢٢: ڕاگەیەندراو).

و رێگا گرتن لە کارکردن بۆ بژێوی ژیان و لەناوبردنی هۆکارەکانی
بەرهەمهێنانی کۆمەڵە
خەڵکێک. ئەم جۆرەیان وەکو جۆرەکانی تر زۆر بە ئاشکراو روون لە
کوردستان بەرچاو دەکەوێت.
زیاتر لە (٤٥٠٠) چوار هەزار و پێنج سەد گوندیکوردستان لەگەڵ
زەوی تەختکران.شەڕی
ناوخۆی هەرێمی کوردستان
جینوسایدی کوردانی عەلەوی- ١٩٣٧
عەلەویەکان گرووپێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و رەگەزییە

لە ناو ئیسلامی شیعەدا، کە زۆربەیان لە تورکیا دەژین (بە تایبەت لە
ناوچەی لەزگیستانی
دەریای رەش)، هەروەها لە سوریا، لوبنان، و ئەلبانیا.
لە رووی مێژوویی و ئاینییەوە، عەلەویەکان پەیرەوی
ئیمام عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەکەن و رێزی لێدەگرن و پلەیەکی
تایبەتیان هەیە بۆی لە
ناو ئیسلامدا. زۆر جار وەک لقێکی سەربەخۆی ئیسلام دەناسرێنەوە،
بەڵام لەلایەن زانا
ئیسلامییە سوننە و شیعەکانەوە جیاوازانە رەچاو دەکرێن.
بنەچە و مێژوو:
· ناوی «عەلەوی» لە ناوی ئیمام عەلیەوە هاتووە.
· مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٩ەم و ١٠ەمی زایینی
و بەشێک لە بزووتنەوەی شیعەن کە لە عێراق و ئێرانەوە بڵاوبوونەوە.
· لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، عەلەویەکان
ڕووبەڕووی چەوسێنەرەوە و جیاکاری بوونەتەوە.
· لە سەدەی بیستەمدا, رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە
مێژووی سیاسی تورکیا و سوریا.
باوەڕەکانیان:
باوەڕەکانی عەلەویەکان تێکەڵەیەکە لە، ئیسلامی
شیعە: پەیرەوی کەسایەتییەکی پەروەردگاری و ڕۆحی دەکەن بۆ ئیمام
عەلی و خێزانی پێغەمبەر
محەممەد (د)، فەلسەفە و زانستە نهێنییەکان، کە لە سەدەکانی
ناوەڕاستەوە کاریگەریان
لەسەر دروستبووە.
کلتور و کۆمەڵگا:
کۆمەڵگە عەلەویەکان بە گەورە رێزی خێزانی پێغەمبەر
محەممەد (د) و پەیڕەوی کرداری باش ناسراون، پەیوەندییەکی
بەهێزیان هەیە لەگەڵ کەسایەتیە
ئاینییەکانیان، لە تورکیا، عەلەویەکان بە گشتی وەک بەشێک لە
کۆمەڵگەی تورکیا دەناسرێن،
بەڵام لە ناوەوە کەسایەتی و کلتووری جیایان هەیە.
دێرسم شوێنی نیشتەجبوونیان
پارێزگای دێرسیم یەکێکە لە پارێزگاکانی تورکیا
لە باکووری کوردستان، دەکەوێتە ناوچەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ.
پایتەختەکەی شاری مامەکییە
کە رووبەرەکەی ٧٤٠٦ کیلۆمەتر دووجایە و ژمارەی دانیشتووانی
٨٤,٣٦٦ کەسە و رێژەی چڕی
دانیشتووان ١٢/کیلۆمەتر دووجایە. دانیشتوانەکەی کوردی عەلەوین
کە بە شێوەزاری زازا
قسە دەکەن و شارەکەیان بە دێرسیم ناودەبەن، لە شۆڕشی سەید رەزا
دێرسیمەوە لە ساڵی ١٩٣٦ەوە

ناوەندێکی بەهێزی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بووە
لە ڕابردوودا زۆربەی کات هەرێمی دێرسم سەربەخۆیی
خۆی پاراستووە، تەنانەت لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ماوەیەک
لەلایەن دەوڵەتەوە بە ویلایەتی
(کوردستان) ناودەبرا. دوای جەنگی یەکەمی جیهانییش خەڵکی
هەرێمەکە بۆ بە دەستهێنانی
سەربەخۆییان ڕاپەڕینێکیان دژی کەمالییەکان بە ناوی ڕاپەڕینی
(کۆچگیری)ـیەوە بەرپاکرد،
بەڵام ڕاپەرینەکە دڕندانە سەرکوتکار و ژمارەیەکی زۆریش ژن و منداڵ
و خەڵکی ناوچەکە
کوژران و گوندێکی زۆر سوتێندران و خەڵکێکی زۆریش ڕاگوێزان
دەربەدەر بوون.
ئەم سیاسەتە پڕ لە زەبر و زەنگەی کەمالییەکان
دژی کورد بەکاریان دەهێنا لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم،
بەهۆی شۆڕشە یەک لە
دوای یەکەکانی کوردەوە بوو وەک شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و
شۆڕشی ئاگری داخ و دواتریش
ڕاپەڕینی دێرسم بە ڕێبەرایەتی سەید ڕەزای دێرسم.
لەگەڵ سەرەتای هاوینی ١٩٣٦ بارودۆخی هەرێمی دێرسم
تێکچوو، بەهۆی ئەو هەموو هێزە سەربازییە و دام و دەزگا
سەرکوتکەرانەی کە تورکیا لە
ناوچەکە دایمەزراند و دواتریش ئەو گەمارۆ سەختەی کە سەرکردەی
هێزەکانی تورکیا لە
ناوچەکە (ئالب دۆغان) سەپاندبووی بەسەر دانیشتوانی ئەو هەرێمە،
ئەم هۆیانە و زۆری
تریش کە پەیوەندی بە سیاسەتی شۆڤینیانەی کەمالییەکانەوە هەبوو،
بە هۆی بێزاری و ڕق
و قینی کوردەکان بەرامبەر کەمالییەکان و بە ئاشکرا خەڵک ڕووبەڕووی
کەمالییەکان دەبۆوە
و نارەزاییان دەردەبڕی، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی مستەفا کەمال
(ئەتاتورک) بەڕاشکاوی
لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گەورەی نیشتیمانی تورکیا لە ساڵی
١٩٣٦ دا دەڵێت: (گرنگترین
مەسەلەی باری ناوخۆی ئێمە گیروگرفتی دێرسمە، لەبەر ئەوە و بۆ
بنبڕکردنی ئەو کوانە
کوشەندەیە و بۆ ئەوەی بتوانین خێراتر بڕیاربدەین، پێویستە
حکوومەت دەسەڵاتێکی
فراوان و بێ سنووری بدرێتێ).
هەروەها ئەو گرانی برسێتی و بێکاریەی کە لە ئەنجامی
قەیرانی ئابووری جیهانی ساڵانی (١٩٢٩ - ١٩٣٢) دروستبوو،
کوردستانیشی گرتبۆوە.

سەید ڕەزا بۆ ئەوەی ناوچەکە لە شەڕ دووربخاتەوە
چەند جارێک نامەی بۆ (ئالب دۆغان) نارد، تەنانەت جارێکیان
کوڕێکی خۆی نارد بۆ وتوێژ،
بەڵام بە فێڵ گرتیان و دواتر کوشتیان. بۆیە شۆڕش لە زستانی ١٩٣٧ز
دا دەستی پێکرد.
شۆڕشگێڕان چەندین سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر هێزەکانی تورکیا
بەدەست هێنا، بۆیە
تورکیا بڕیاری دا هێزێکی گەورەی پڕ مەشق و پشت ئەستوور بە
چەکی قورس و فڕۆکەی جەنگی
ڕەوانەی دەسیم بکات، تەنانەت سەرۆک وەزیران (عیسمەت ئینۆتۆ)
خۆی سەرکردایەتی سوپای
تورکیای گرتە ئەستۆ، لە پەلامارێکی گەورەدا ڕووبەرێکی فراوانی لە
دارستان و کێڵگە
و گوندەکانی دێرسمی ئاگرتێبەردا بەو بیانووەی شوێنی خۆ حەشاردانی
شۆڕشگێڕانە.
پاشان چەندین شەڕی قورسی نا هاوتا لە نێوان هەردوولا
هەڵگیرسا و لە تیایدا کورد ئازایانە بەرگریان کرد، بەڵام لەبەرامبەر
لەشکری گەورە
و پڕچەک و مەشق پێکراو و فڕۆکەی جەنگی تورکیا نەیانتوانی خۆیان
ڕابگرن و تەنانەت لە
شەڕێکیاندا سەید ڕەزا خۆی کە تەمەنی (٧٥) ساڵ بوو بە قورسی
بریندار بوو.
زستانی ساڵی ١٩٣٧ زۆر سەخت بوو، خەڵکێکی زۆر ئاوارە
و دەربەدەر ببون بێ جێگا و شوێنی حەوانەوە بوون و شۆڕشگێڕانیش
ئازووقە و تەقەمەنیان
زۆر کەم ببوو لە چیا سەختەکانی دێرسم. لەو کاتانەدا (ئالب دۆغان)
نامەیەکی بۆ سەید
ڕەزا نارد و بەناوی حکومەتی تورکیاوە ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ
دەربڕی، بۆیە سەید ڕەزا
بۆ گفتوگۆ چوو بۆ شاری (ئەرزنجان)ی باکووری کوردستان، بەڵام
دەستبەجێ دەستگیریان
کرد و بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا.
هەرچەندە بەپێی یاساکان نەدەبوو سەید ڕەزا لەسێدارە
بدرێت، لەبەر ئەوەی تەمەنی لە سنووری سێدارەدان تێپەڕیبوو، بەڵام
تورکەکان پابەندی
ئەو یاسایە نەبوون و ڕۆژی ١٥ی ١١ی ١٩٣٧سەید ڕەزایان
لە سێدارە دا، شۆڕشی سەید رزا (بە تورکی: Seyit Rıza Ayaklanması)
یەکێکە لە ڕووداوە مێژووییە گرنگەکانی ناوچەی دەرسیم (تانگری،
تونجەلی، لە ئێستادا) کە لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ ڕوویدا.
· شۆڕشی سەید رزا شۆڕشێکی ڕەگەزی و ئایینی کورد
و زازا بوو دژی سیاسەتە نەتەوەییخوازی و نەهاتەچوونی دەوڵەتی

تورکیا.

• سەید رزا کوڕی سەید ئیبراهیم (١٨٦٣ – ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٣٧) سەرۆکێکی ڕێبازی و کەسایەتی ئایینی بوو لە ناوچەی دەرسیم.

هۆکارەکانی شۆڕشەکە:

١. سیاسەتی نەتەوەییخوازی تورکیا: دەسەڵاتدارانی تورکیا ویستیان ناوچەی دەرسیم کۆنترۆڵ بکەن و نەتەوەییخوازی تورکی لەوێ بڵاو بکەنەوە.

٢. کۆچاندنی خەڵک: دەوڵەتی تورکیا ویستی خەڵکی دەرسیم بکۆژێنێتە ناوچەکانی تر.

٣. پێکدادانی کولتووری: خەڵکی دەرسیم کە زۆرینەیان زازا و عەلەوی بوون، ویستیان کولتوری خۆیان پارێزگاری بکەن.

ڕووداوە سەرەکییەکان:

شۆڕشەکە لە نیسانی ١٩٣٧ دەستی پێکرد.

• سەید رزا لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا سەرۆکی شۆڕشەکە بوو.

• دەوڵەتی تورکیا بە هێزەکی زۆرەوە تێیدا ڕووبەڕووی شۆڕشەکە بوویەوە.

• لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٣٧، سەید رزا و ٦ هاوبەشی لە شاری ئەلازیز لەداردران.

کاریگەری مێژوویی:

شۆڕشی سەید رزا تا ئەمڕۆ وەک نموونەیەک بۆ بەرگری ڕەگەزی و کولتووری لەبیر دەمێنێتەوە. لە ناو خەڵکی کورد و زازادا، سەید رزا وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی و ئایینی ماوەتەوە.

ئەنجامەکانی:

• نزیکەی ١٣,٠٠٠–٤٠,٠٠٠ کەس کوژران (ژمارەکان جیاوازن).

• زۆرێک لە خەڵکی دەرسیم ئاوارەو دەربەدەربوون.

• ناوی دەرسیم گۆڕدرا بۆ تانگری تونجەلی (١٩٣٨)، کۆنترۆڵی دەوڵەت لەسەر ناوچەکە زۆرتر بوو.

بیبلوگرافیای جینوساید کوردانی عەلەوی لە باکور و دێرسم:

١- دەرسیم لە مێژوی کوردستاندا،

٢- تیروری دەولەت لە رۆژهەلاتی نێوەراست،ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێرانی، محەمەد عزەدین.

٣- پرسی کورد کێشە گەلی کەمینەنەتەوەکان، د. شوکری محەمەد سەگبان، وەرگێران لە فرەنسیەوە، پێشەکی و پەراوێز نوسینی ، د. نەجات عەبدولا.

٣- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران١٩٢٥، لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی فەرەنسادا، وەرگێران لە فرەنسی و پێشەکی و پەراوێز، نەجات عەبدوللا،

پێشەکی پروفیسور جەبار قادر، هەولێر ٢٠١٣.

٤- قەتلوعامی کورد لە تورکیا، وەرگێران لە فرەنسی و پێشەکی و پەراوێز، نەجات عەبدوللا،

٥- راپەرینی کوردە عەلەویەکانی دەرسیم، قوچگێری ١٩١٩-١٩٢١.

هالز- لوکاس کێسێر،

وەرگێران لە فرەنسی و پێشەکی و پەراوێز، نەجات عەبدولا. چاپی دوویەم.

٦- سۆڤیەت و بزوتنەوەی نیشتیمانی کورد،هەلسەنگاندن و پێداچوونەوەیکی رەخنەگرانە بە کارنامەی دکتوراکەی کاک فازل رەسول دا، د. کوردو عەلی.چاپی دوویەم.

٧- دوزی کورد لە تورکیا،لە سالانی ١٩٨٠-١٩٩٩،هاوکار محیدین جلیل ، پێشەکی د. جەبار قادر، ٢٠١٢.

٨- کوردەکانی سوریا.کەریم یلدز، وەگێران ئەرسەلان.

٩- راپەرینی شێخ سەعیدی پیران، روبەرت ئولسن،وەرگێران ئەبو بەکر خوشناو ، زنجیرە پەرتووکی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، چاپی دویەم.

١٠- کوردی تورکیا، ئیبراهیم داقوقی، وەرگێرانی،هیمەت عەزیز کاکەی.

١١- دێرسم و کومکوژیا دێرسمێ د یاداشتنامەیا سەربازەکێ تورکدا ١٩٣٧-١٩٣٨، وەلات تەوفیق، دەزگەهێ خانی- دهوک.

١٢- کوردستان د مەجلسێ مەبعوسانی عوسمانی،١٩٠٨-١٩٢٠، وارهێل عومەر ئیسماعیل.

١٣- تورکیاو کورد، تورکیا چوون مامەلە لەگەڵ مەسەلەی کورد دەکات؟، عەقیل سەعید مەحفوز، وەرگێران لە عەرەبی، علی میرزا هەورامی.

١٤- ئاسیای ناوەراست و قەفقاس کوردستانی سوور،هارون یلماز، عسمەت شریف وانلی، دانیال مولر، وەرگێران ئەرسەلان حەسەن.

١٥- ژەنەرال ئیحسان نوری پاشا چەند بابەتێکی دی، رەحیم شنوی مەحموودێ زادێ، وەرگێران لە فارسی ، شێرکو ئەحمە حەوێز،٢٠١٣.

١٦- دەولەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان، لە کوردستانی باشوور، ١٨٦٩-١٩١٤، خالد مەحموود کەریم.

١٧- گروپ و مەزهەبە ئاینیەکان لەسەردەمی خیلافەتدا ، پروفیسور، ئاکو بورهان محمەد ئاکوی،زانکوی سەلاحەدین بەشی مێژوو.

١٨- د تێکوشینا کوردستانێ دا شەرڤانەکێ قەوین، مەلا محەمەدێ پالو ،روشان لەزگین.

١٩- راپەرینی کوردەکان ١٨٨٠،د. جەلیل جەلیل، وەرگێران
لە روسی،د. کاوس قەفتان،١٩٨٧، بەغدا.
٢٠- دادگەهکرنا شێخ سەعیدێ پیران، داود موراد خەتاری.
٢١- دابەشکردنی کوردستان ژێر دەستی دەولەتی
عوسمانیەکان، باکور، باشور، رۆژئاوای کوردستان ، بەپێی کونگرە و
پەیماننامە نێودەولەتیەکان،چومان
محمد تەقیەدین.
٢٢- بەشێک لە پەیمانەکانی دژی کورد، وەرگێران
سالح هەرکی.
٢٣- ئیحاسن نوری پاشا ، ژیان و رولی سیاسی و سەربازی،
١٨٩٢-١٩٧٦،سدیق محەمەد وەلاشی.
٢٣- نوسینەوەی مەرگ، قەتلوعامی دوای شورشی شێخ
سەعیدی پیران، لە زاری شایتحالانەوە، محەمەد باران، وەرگێران
هێمن عومەر خوشناو.
٢٤- بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لە تورکیا، شورش یان
یاخیبوون، پاول وایت، لە ئینگلیزیەوە، وریا رەحمانی، سەردەم.
٢٥- مارک سایکس هوزە کوردەکان ئیمپراتوریا
عسسمانی، وەرگێران و پێشەکی و پەراوێز، نەجات عەبدوللا.
٢٦- کوماری تورکیا کرانەوی کورد، کومەلێک وتارو
لێکلینەووی سیاسی،م. رۆژە.
٢٧- پرسی کورد کوراوە، تورکیا هێشتا لە
رابردودایە، مامەند روژە لە تورکیەوە کراوە بە کوردی.
٢٨- کێشەی کوردستان لە تورکیاو عێراقدا، نوسینی
ئیسماعیل بێشکچی،وەرگێران لە فارسی ، محەمەد رەئوف مراد،
شێمحەمەد بالەک.
٢٩- ئیما کومەلکوژیەکەی دیرسمم بینی،حسن یلدرم،
وەرگێران کاوە ئەمین.
٣٠- سۆڤیەت کوردی لەسەر خاکی خوی نەهێشت، ئەفریاس
هەورامی،چاوپێکەوتن، زلکیڤ خوشەڤی،پروفیسور د. شوکریە
رەسول.٢٠٢٢ هەولێر.
٣١- کوردی سوریا بونێکی نکولی لێکراو، هیریەت
مونتوکومری، وەرگێرن لە ئنگلیزیەوە، مینەپێسەوا.
٣٢- پەرتووکی
«Dersim ١٩٣٧-١٩٣٨» لە نووسینی نەسیمان ئەحمەد
پەرتوکی عەربی
١- القضیە لکردیە فی تورکیا
پەرتووکی عەربی:
(جمعیة خویبون: ١٩٢٧-١٩٣٠)، حول وقائع تأسیس
جمعیة خویبون وثورة آرارات، کونی رەش، طبعت في هولیر عام ٢٠٠٠،
بمقدمة للدکتور
المؤرخ عبد الفتاح علي یحیی البوتاني.

جینوسایدی کوردانی فەیلی- ١٩٨٠
فەیلیەکان (هەروەها ناسراون بە فەیلی، فەلەحی،
ئەل فەیلی) گرووپێکی کوردی شیعە (زۆربەیان لە سەرەتادا پەیڕەوی
ئیسلامی شیعەی دەکەن)ن
کە بە شێوەزاری فەیلی (کە زاراوەیەکی کوردیی باشووریە) قسە
دەکەن. زۆربەیان لە
ناوچە سنوورییەکانی عێراق و ئێران دەژین.
شوێنی نیشتەجێبوون:
لە عێراقدا، زۆربەیان لە ناوچەکانی بەغدا، دیالە،
واسیت، میسان و شاری کەرکووک و حەلەبجە دەژین، لە ئێراندا،
زۆربەیان لە ناوچەکانی
کرماشان، ئیلام، و ئازەربایجانی ڕۆژاوا دەژین.
بنەچە و مێژوو:
فەیلیەکان بە گشتی وەک بەشێک لە کوردەکان دادەنرێن،
بەڵام کەسانێک هەن کە ڕەگەزی جیایان پێ دەگەیەنن، مێژوویان
دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی
ناوەڕاست، و لە مێژوودا پێیان دەوترا ( لورەکانی زاگرۆس )لە
سەردەمی عوسمانی و
قاجاردا، فەیلیەکان ڕۆڵێکی دیپلۆماسی و ئابووریان هەبووە لە
ناوچەکە.
باوەرەکانیان:
زۆربەیان شیعەی ١٢ ئیمامن (هەرچەند کەمینەیەکی
سوننی و عەلەوی تێدایە)، پەیڕەوی ڕێوشوێنی ئیسلامی شیعە دەکەن
وەک سەردانکردنی شوێنە
پیرۆزەکان و مەراسی ئیمام حوسێن.
کلتور و کۆمەڵگا:
زمانەکەیانی زاراوەی فەیلیی کوردیە، کلتوریان تێکەڵەیەکە
لە کلتوری کوردی و ئەنعەمەڵی عەرەبی-ئیسلامی، لە مێژوودا،
فەیلیەکان بە بازرگان و
جوتیار ناسراون، فەیلییەکان ناوێک بۆ کۆمەڵەیەکی کوردە کە زۆرتر لە
لە عێراق و هەرێمی
کوردستان لە پارێزگای دیالە لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و هەروەها لە
بەغداو جگە لەوە لە
پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان سەر بە ئێران دەژین، کوردە فەیلییەکان
بە کوردیی
باشووری دەئاخڤن و سەر بە ئایینی ئیسلامن لە مەزهەبی شیعەن.
جینۆسایدی فەیلییەکان لە ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٠
دەستپێکرد و تاوەکو ١٩٩٠ بەردەوام
بوو، لەو ماوەیەدا ٤٠٠ بازرگانی کوردانی فەیلی دەستگیرکران و
هەموو ماڵ و مۆڵکی

گوازراوە و نەگوازراویان دەستینان بەسەرداگیرا. هەروەها
بە بڕیاری مەجلسی قیادە سەورەی بەعسییەکان، کوردانی فەیلی تاوانبارکران بە
فارسبیوون و بە زۆرەملێ بۆ ئێران و باشووری عێراق راگواستران.
لەساڵی ١٩٢٤ـەوە و لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە
یاسای رەگەزنامەی ئەو وڵاتە گەلی عێراقیی
لەسەر بنەمای ئایین، نەتەوە و بەرچەڵەك ئێرانیی دابەشکرد.
ئەمەش
بوو بە دەردەسەری بۆ کوردی فەیلی و هەر لە سەردەمی
پاشایەتییەوە تا کۆماری و دواتر رووخانی رژێمی بەعس، بۆ هەمیشە
کەوتنە بەر هێرشی دەسەڵاتدارانی عێراق و بەهەموو شێوەیەک
رووبەڕووی راگواستنی بەزۆرەملێ، کۆمەڵکوژی
و پاکتاوی رەگەزی بوونەتەوە، لەهەمووشی کارەساتبارتر، جینۆساید
کردنیان بوو لە ساڵی ١٩٨٠.
جینۆسایدی فەیلییەکان لە ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٠
دەستپێکرد و تا ١٩٩٠ بەردەوام
بوو و بۆ رەوایەتیدان بە دڕندایەتییەکانی، بڕیارەکانی مەجلسی
قیادەی سەورەی دەرکرد و لە رێگەی چەندین فەرمان و نووسراوەوە
تاوان و پێشێلکارییەکانی جێبەجێکرد، لەوانە
- دەستگیرکردنی ٤٠٠ بازرگانی کوردی فەیلی،
کە جومگە سەرەکییە ئابوورییەکانی عێراقیان بەدەستەوەبوو.
- فەرمانی دەستبەسەرداگرتنی هەموو ماڵ و موڵکی
گوازراوە و نەگوازراویان بۆ دەرکرا.
- تاوانبارکردنیان بە
فارسبوون و راگواستنیان بە زۆرەملێ بۆ ئێران و باشووری عێراق.
- بە بڕیارەکانی ١٨٠ و ٦٦٦ لە ساڵی ١٩٨٠ مافی
هاووڵاتیبوونیان لێسەندرایەوە و رووبەڕووی پاکتاوی رەگەزی
کرانەوە.
- ئەنجامدانی هێرشی دڕندانە و زەوتکردنی ئافرەت و
کوشتنی پیاو و منداڵەکانیان، کە لە مێژوودا هاوشێوەی نەبوو.
- بڕیاری ژمارە ٤٧٤ بۆ جیابوونەوەی
ناچاریی پیاوانی عێراقی لە هاوسەرە فەیلییەکانیان خرایە جێبەجێکردن.
- لەسێدارەدان و کۆمەڵکوژکردن و گەنجانی تەمەن
١٨-٢٨ وەک هێزی بەرهەمهێن و بێسەروشوێنکران.
بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەجێنداکەی بۆ سڕینەوەی کوردی فەیلی،
رژێمی بەعس، لە رێگەی مەجلسی قیادەی سەورەوە، ژمارەیەك
بڕیاری دڕندانەی لە دژی
ئەو پێکهاتە رەسەنەی عێراق دەرکرد، لەوانەش:
- بڕیاری ژمارە ٩١٦ی ساڵی ١٩٨٠ تایبەت بە دەستبەسەرداگرتنی
سەروەت و سامانی کوردی فەیلی
و تاپۆکردنی لەسەر ناوی سەرۆکایەتی هەواڵگری گشتی.

- بڕیاری ژمارە ١٨٠ی ساڵی ١٩٨٠ تایبەت بە سەندنەوەی رەگەزنامەی عێراقی
لە کوردی فەیلی و ناساندنیان وەك
هاووڵاتیی بیانی.
- بڕیاری ژمارە ٦٦٦ی ساڵی ١٩٨٠ بۆ دەستگیرکردن
و دەرکردنی کوردی فەیلی
و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانەکەیان بە تاوانی ئەوەی بیانین و وەلائیان بۆ گەل، خاك و بنەما سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بەعس نییە.
- بڕیاری ژمارە ٤٧٤ی ساڵی ١٩٨١ بۆ ناچارکردنی ئەو پیاوە عێراقییانەی هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئافرەتی فەیلی کردووە، لە هاوسەرەکانیان جیا ببنەوە.
- دەرکردنی
هەزاران بڕیاری دیکە بۆ
سەندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی رەگەزنامە و مافی هاووڵاتیبوون.
بۆ جێبەجێکردنی کۆی ئەو بڕیارانەش، سەدان لێژنەی هەواڵگریی و سەربازی و ئیداری
پێکهێنران.
دەرەنجامی کۆی ئەو بڕیارانەش بریتی بوو لە:
- لەسێدارەدان و بێسەروشوێنکردنی ٢٢ هەزار
گەنج، کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ بۆ ٢٨ ساڵیدا بوو.
- دەرکردن و راگواستنی ٧٥٠ هەزار
هاووڵاتیی کوردی فەیلی بەزۆرە ملێ بۆ ئێران، بەشێکی زۆریان ساڵانێکی
درێژیان بە هیوای گەڕانەوە لە ئۆردوگاکانی ئێران سەریان نایەوە.
دوای رووخانی رژێم، لە ساڵی
٢٠٠٦ یاسای رەگەزنامەی عێراق بڕیاری ژمارە
٦٦٦ی ساڵی ١٩٨٠ی پووچەڵکردەوە، بەمەش:
- ژمارەیەك لە کوردە فەیلییەکان توانییان بەشێك
لە مافەکانیان بەدەستبهێننەوە
- لە ٢١ی کانوونی یەکەمی
٢٠٠٨ کەیسی کوردی فەیلی رەوانەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کرا
- لە ٢٩ی تشرینی دووەمی
ساڵی ٢٠١٠ و دوای ئەنجامدانی ٤٤ دانیشتن لە
بارەی کەیسەکە، دوا بڕیاری دادگا دانان بوو بە جینۆسایدی
کوردی فەیلی.
جینۆسایدکردنی فەیلییەکان بە داتا:
دەستگیرکردنی ٤٠٠ بازرگان
دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و
سامان

بە فارس ناساندن
سەندنەوەی مافی هاووڵاتی بوون
کوشتنی پیاو و منداڵان
هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەری
بێسەروشوێنکردنی گەنجان
بڕیاری ژمارە ٩١٦ی ساڵی ١٩٨٠
بڕیاری ژمارە ١٨٠ی ساڵی ١٩٨٠
بڕیاری ژمارە ٦٦٦ی ساڵی ١٩٨٠
بڕیاری ژمارە ٤٧٤ی ساڵی ١٩٨١
دەرکردنی هەزاران بڕیاری دیکە
جینۆسایدکردنی ٢٢ هەزار
گەنج
دەربەدەرکردنی ٧٥٠ هەزار کەس
٢٠٠٦ بەدەستهێنانەوەی مافەکان
٢٠٠٨ دادگای تاوانەکان
٢٠١٠ بەجینۆساید ناساندن

دوای روخانی ڕژێمی بەعس و گەرانەوەی زۆربەی کوردە فەیلیەکان بۆ زێدی خۆیان ،سەرەڕای ناساندن و دان پێدانانی تاوانی کوشتن و گرتن و کۆچی زۆرەملی فەیلیەکان وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی جینۆساید

لەلایەن داداگای باڵای تاوانەکانە وە لەڕۆژی ٢٠١٠/١١/٢٩ بڕیاری لەسەردرا ئەوەی دەرهەق بەکوردی فەیلی کراووە لەعراق (کۆچی زۆرەملێ ،گرتن وکوشتن،سەرنوگم کردن، زەوتکردنی ماڵ مولک،،هتد،،ئەمانەدەچنەخانەی تاوانی کۆمەڵکوژیەوە(جینۆساید) (ئەم دادگا لەلایەن

ئەنجومەنی حوکمی کاتی عراقەوە دامەزراوە بەپێ یاسای دادگایی باڵای تاوانکاری عراق ژمارە (١٠) لە سالی ٢٠٠٥ دا بۆ ئەوەی دادگای ئەو کەسانە بکات کە دەستیان هەبوە لەئەنجامدانی گەورەتاوانی کۆمەڵکوژی لەعراقدا لەسەرو بەندی دەسەلاتی بەعس دا.

دۆسیەی تاوانی جینۆسایدی فەیلیەکان لە ٢٠٠٩/١/٢٦ دەستی پێ کردوە و لە ٢٠١١/١١/٢٩ کۆتایی پێ هاتوە ، چلو چوار دانیشتنی دادگایی و ئامادە بونی سەد سکالا کارو شاهید کۆتایی پێ هات، بە جینۆساید ناسێنرا لەدادگای باڵای تاوانەکان لەبەغدا.

لەم بڕیارەدا باس لە گەراندنەوەی هەمو مافە زەوت کراوەکانی هاوڵاتیانی کوردی فەیلی دەکات..ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی کۆماری عراق بە گەرمی پێشوازیو پشتگیری ئەم بڕیارەیان کردوە، وە بەڵێنی جێبەجێکردنیان داوە،

بەلام تائیستاش قەرەبوی مادی و مەعنەوی فەیلیەکان nەکراوەتەوە.

بەلێن قسەی بریقەداری بەرپرسانی دەسەلات داری عراق بەرامبەر فەیلیەکان، کەمتەر خەمی لە جێ بەجێ کردنی برگەکانی بریار بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکە،،هێشتا بەتەوای مافی خۆیان بۆ نەگەراوەتەوە ،،چونکە تاکو ئیستا زۆربەیان ئەو ماڵ و موڵک خانو،زەوی، باخ ..هتد کە داگیر کرابوو بۆیان نەگەراوەتەوە،تائیستا زۆربەشیان ڕەگەزنامەی عراقی ناسنامەیان وەرنەگرتۆتەوە ،پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ دا یاسای ژمارە (٦٦٦) ی ڕەگەزنامەی عیراقی پوچەڵ کرایەوە و کاتی خۆی فەیلیەکان بەم یاسایە وڵات بەدر کران کەمێک سود بەخش بوو بۆ گەراندنەوەی مافی زەوت کراویان، تائیستا زیاتر لە ٦٠٠٠ فەیلی ڕەگەزنامەی بۆ گەڕاوەتەوە هەروەها زیاتر لە ٤٥٠٠ فەیلی ناسنامەی عراقی بۆ گەراوەتەوە..وە کێشەو گرفتی زۆر ناقۆلا دێتە رێگەیان بۆ وەدەس هێنانی بەڵگەنامەکانی کە عراقی بونی خۆیان بسەلمێنن..هەروەها حکومەتی عراق لەرێ گەراندنەوەی ئەفسەرو پلەدارانی ڕژێمی لەناو چووەوە ئەوەندەی تر دڵ و دەرونی فەیلیەکان ئازار دەدات وا هەست دەکەن کە جارێکی تر کۆمەڵکوژ دەکرینەوە.

هەروەها لەسی و سێهەم ساڵیادی کۆمەڵکوژی فەیلەیاکاندا ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عراق بۆ بەرزڕاگرتنی یادە کە لە بیرو هزری گەلی عراقدا گشتاندنێکی بلاو کردەوە بەسەر هەمو وەزارەت و فەرمانگەکاندا کە بۆ ماوەی هەفتەیەک لە (٢- تا ٩ ی نیسان ) ڕای گەیاند کۆمەڵکوژی فەیلیەکان دەکاتە دروشمی خۆی(تاوانەکانی ڕژێمی لەناوچوو دژ بەکوردە فەیلیەکان تاوانی کۆمەڵکوژیە).

لە پەرلەمانی عێراقیش لەکۆبونەوەی ٢٠١٣/٤/٣ باس لەوە کراوە کە پێوستە بەزوترین کات قەرەبوی مادی و مەعنەوی فەیلەکان بکرێتەوە تا کو شوێنەواری ئەو زوڵم زۆرە بسرێتەوە کە لەلایەن ڕژێمی لەناو چو بەسەریان دا هاتوە،

سەرەڕای بڕیاری دانانی وێنەی یەکێک لە تاوانە تراژیدیەکانی کوردی فەیلی لەسەر دراوی

نوێ عرا ق ..پولی عراقی، بەلام هێشتا زۆری ماوە کە بارتەقای ئەو
تاوانە بکرێتەوە بۆ
فەیلیەکان.
ئەوەی پێوستە بکرێ بۆفەیلیەکان دەبێ حکومەتی
عراق بەتەوای قەرەبوی مادی و مەعنەویان بکاتەوە ماڵ و موڵکی
داگیرکراویان بۆ بگەڕیتەوە
و هەروەها چارەنوسی شوێن بزرەکانیان دەربخات.ڕەگەزنامە
وناسنامەی عراقیان بۆ بگێرێتەوە،،داوای
لێبوردن یان لێ بکرێ لەلایەن حکومەتی عراقەوە.
هوکارەکانی جینوسایدی کوردانی فەیلی

لەکۆتاییدا دەکرێ بوترێ بۆچی ڕژێمی عێراق بەتایبەت
دوای هاتنە سەر دەسەلاتی بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە ،ئەم
شێوازە هەڵسوکەتە
دوژمنکارانەیان لەگەل کوردە فەیلیەکان کرد ؟.
یەکەم: کاریگەری ئایدۆلۆژیای هیتلەر و ستالین لەسەر
ڕژێم بە هۆکارێک دائەنرێ بۆ سەرکوتکردنو لەناو بردنی نەیارو
دوژمنەکانی بەعس کە خۆی
لە کۆمەڵکوژی کوردە فەیلیەکاندا دەبینیەوە
١- فەیلیەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد ، بە
کردار سەلماندویانە، و بەشداری شۆڕشەکانی کوردیان کردوە بۆیە
دژایەتی کردنیان هەمیشە
لەبەرنامەی بەعس دا بوە،( دژایەتی بەشێک لە گشت)
٢- فەیلیەکان لە سەر مەزهەبی شیعەن، بۆیە دەسەلاتی
بەعسی سوننە زۆر بەئاشکرا دژیان بوە.
٣- بەدەسهێنانی پلەو پایەی بەرز لەلایەن فەیلیەکانەوە
بە تێکۆشان و ماندو بونی خۆیان، بەتایبەت لە پایتەخت، و گرتنە
دەستی ناوەندە
بازرگانی و پیشەسازیەکان و ئابوریەکان،ئەمش وای کرد لەڕژێم کە بیر
لە لادانیان
بکاتەوە و دەس بەسەر ناوەندە ئابوریەکانیاندا بگرێ.
٤- یاسای ڕەگەز نامەی عێراق پاشماوەی دەولەتی
عوسمانی و بەریتانیا بوو سودیان لێ وەرگرت تا عێراق لە پەرژەوەندی
کەمینەیەکی ئاینی
وەک سوننە بەکاری بهێنێ و حکومڕانی عراق بکات
٥- لەسەرو بەندی شەڕی عیراق -ئیراندا، ڕژێم هەوڵی
دا کوردە فەیلیەکان ئاودیوی ئێران بکات ،تا ئالۆزی و گرفت ی زیاتر
بۆ ئیران دروست
بکات و سەرقاڵی بکات بە کێشەی پەنابەرانەوە.
بڕیارەکانی دادگای بالای تاوانەکا لە عێراق
لە

٢٩-١١-٢٠١٠ لە دانیشتنی
کۆتایی خۆیدا، کە چل و چوارەمین دانیشتن بوو،
دادگا بڕیاری کۆتایی خۆیدا، کە کوردی فەیلی لەلایەن دەسڵاتدارانی
عێراق و حزبی بەعسی
فەرمانڕەوای عێراقەوە جینۆسایدکراوە. بۆ زانیاری دەتوانرێ
وردەکارییەکانی بڕیارەکە لە دەقی بڕیارەکە کە لە پاشکۆی باسەکە
دانراوە بخوێنرێتەوە.
یەکەم:
بڕیار لە دژی "مزبان خزر هادی"
دووەم:
بڕیار لە دژی "سەعدوون شاکر مەحمود"
سێیەم:
بڕیار لە دژی "تاریق عەزیز عیسا"
چوارەم:
بڕیار لە دژی "ئەحمەد حوسێن خزەیر"
پێنجەم:
بڕیار لە دژی "عەزیز ساڵح حسن "
شەشەم:
بڕیاری ئازاد کردنی "فازل سلقیج میحێمید"
حەوتەم:
بڕیاری ئازادکردنی "سەبعاوی ئیبراهیم حسن"
هەشتەم:
بڕیاری ئازادکردنی "وەتبان ئیبراهیم حسن"
نۆیەم:
بڕیاری ئازادکردنی "سابر عەبدل عەزیز حسین"
دەیەم:
بڕیاری ئازادکردنی "مەحمەد خزەیر سەباح"
یانزەیەم:
بڕیاری ئازادکردنی "فازل عباس ئیبراهیم"
دوانزەیەم:
بڕیاری ئازادکردنی "ئەیاد تەها شەهاب"
سیانزەیەم:
بڕیاری ئازادکردنی "نوعمان عەلی مەحمەد سلێمان"
چواردەیەم:
بڕیاری ئازادکردنی "عەبدل حەمید سلێمان ئیبراهیم".
پانزەیەم:
بڕیاری ئازادکردنی" سەعد ساڵح ئەحمەد"
ئەو تۆمەتبارانەی
لە دۆسیەی جینۆسایدی فەیلییەکان "ئیفراج" ئازادکراون، لەبەر
تاوانی ترو دۆسیەی تری
ئەنجامدانی تاوان، تا ئێستا بەشێکیان لە زیندانی ماونەتەوە، یان

بڕیاری لەسێدارەدانیان
هەیە یاخود زیندانی هەتاهەتایی یان زیندانی لە ١٥ ساڵەوە بۆ ٢٥ ساڵ.
هەروەها
دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبیر نەکەین، لە شاڵاوو پەلامارەکان
بۆ سەر کوردانی فەیلی چەندین تۆمەتباری ترهەن، کە تائێستا دەستگیرنەکراون، چ لەسەر
ئاستی ناوخۆی عێراق یان دەرەوەی عێراق، کە ئەمە بۆ تۆمەتبارو بەشداربوەکانی تاوانەکانی
"ئەنفال، هەڵەبجە، بەرزانیەکان، قەڵادزێ، سەیدسادق" و هتد هەروایەو راستەو زۆربەی تۆمەتبارو
بەشداربوەکان دەستگیرنەکراون.
چی نەکراوە، بکرێ؟
بە پێی
ئەو پشکنین و سەرنج و خوێندنەوانەی سەرەوە، تایبەت بە جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە
عێراقدا، لە باسەکەماندا گەشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە. هەروەك پێمان وایە پێویستە
لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرۆکایەتی
ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئاستی عێراق و
باشووری کوردستان، نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمیسۆنەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی
مرۆڤ، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنرێن:
یەکەم:
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە پشت بەستن بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق،
سەبارەت بە دۆسیەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، بەبڕیارێك حکومەتی عێراقی ئیلزام بکات
بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بۆ:
أ- بەفەرمی
داوای لێوبردن لە کوردانی فەیلی بکات سەبارەت بەو تاوانەی بەرامبەریان ئەنجام دراوە
وەك میراتگرەوەی حکومەتی پێشووی عێراق.
ب-
حکومەتی عێراقی بە فەرمی قەرەبووی تەواوی زیانە ئابوورییەکانی بەرکەوتوانی تاوانەکە
بکاتەوەو بۆ ئەمەش بە فەرمی رایبگەیەنێ و بەرپرسیاریتی خۆی جێبەجێبکات.

ت- تەواوی
ئەوانەی بەشداربوون لە ئەنجامدانی تاوانەکە، شوێن و جێگایان بدۆزرێتەوەو بە ئاشکرا
دادگایی بکرێن و سزای یاسایی خۆیان وەربگرن.
پ- لە
پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراودا، شوێن و جێگای گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کوردانی فەیلی
بدۆزرێنەوەو هەڵبدرێنەوەو گۆڕستان و مۆنۆمێنتی شیاوو شایستەیان لە ناوچەی نیشتە جێبوونی
خۆیان بۆ درووستبکرێ.
دووەم:
ناوەندێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و دیکۆمێنتکردن و ئەرشیفکردن، لەسەر
ئاستی عێراق و کوردستان بکرێتەوەو توانای دارایی و مرۆیی و زانسی و ئەکادیمی و ئەزموونی
کارکردنی پێویستی بخرێتە بەردەست.
سێیەم:
تەواوی شەهیدو قوربانیەکانی جینۆسایدی فەیلییەکان بە فەرمی لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە
تۆماربکرێن و سوود مەند بکرێن لە ئیمتیازاتەکانی شەهیدان.
چوارەم:
سیمبولی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە عێراق و کوردستان "بەغداد- هەولێر" دروستبکرێن،
بە شێوەیەکی شایستە.
پێنجەم:
لەسەر ئاستی ئەورپاو رۆژئاوا، وڵاتانی هەرێمایەتی و دراوسێی عێراق، عێراق و
کوردستان هەوڵی ناساندنی تاوانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بدەن.
شەشەم:
هەوڵی جددی بدرێ، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردی فەیلی لە عێراق و ئێران و کوردستان بەهێزبکرێ و بکرێنە بەشێك لە هەوڵەکانی ناساندنی تاوانی
جینۆساید لە دژیان.
پەراوێزو
تێبینی:
سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژی هێرش و پەلامار بۆ
سەرکوردانی فەیلی، رای جیاواز هەیە، یان راستر ئەوەیە بڵێین ئەوان بەردەوام لەبەردەم
هێرش و پەلاماردابوون و ستەمیان لێکراوە. بەڵام هەم کوردانی فەیلی خۆیان و هەمیش بەڵگەنامەکان
و سەرچاوەکان ئەوە دەسەلمێنن، لە رۆژی ٧-٤-١٩٨٠ بە پێی بڕیارێکی

حکومەتی عێراق "بەعس"،
سەدان بازرگانی کوردی فەیلی لە هۆڵی شەعب، بە پاساوی پێدانی
مۆڵەتی هاوردەکردنی کەل
و پەلی نوێ کۆدەکرێتەوە. ژمارەی ئەو بازرگانانە نزیکەی
"٩٠٠" بازرگان بوون و "٤٠٠" چوارسەد بازرگانی کوردی فەیلی
تیادابوو.
سەرەتای
مەراسیمەکە بە ووتەیەکی تەها یاسین رەمەزان کە بارگاوی بوو بە
رەگەزپەرستی کرایەوەو
هەرلەوێدا بڕیاردرا هەموو بازرگانە کوردە فەیلیەکان لە دەرگای
پشتەوە بکرێنە دەرەوەو
دوای کردنە دەرەوەیان راستەوخۆ کۆمەڵێك پاسیان بۆ ئامادەکردبوون
و بەرەو سنووری نێوان
"عێراق-ئێران"یان بردن. ئەوان هیچیان پێنەبوو تەنها ناسنامەکانیان و
سویچی ئۆتۆمبێلەکانیان
نەبێ.
ئەم
بازرگانانەو نزیکەی "٥٠٠" هەزار کوردی فەیلی لەبەر رۆشنای بڕیاری
"٦٦٦" کە لە ٧-٥-١٩٨٠
دەرکراو لە رۆژنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق بڵاو کرایەوە، لە
نیشتمانی خۆیان دەکران
و ناسنامەی هاونیشتمانیان لێسەندرایەوەو هەرچی سەروەت و
سامانیان بوو دەستی بەسەردا
گیرا.
راستە
بڕیارەکە ٧-٥-١٩٨٠ دەچوە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە ٧-٤-١٩٨٠
رۆژی یادەوەری تاوانی جینۆسایدو
وەدەرنان و ستەمکردنە لە کوردانی فەیلی لەعێراقدا، چونکە وەك
ئاماژەمان پێکرد لەم
رۆژەدا "٤٠٠" چوارسەد گەورە بازرگانی کوردی فەیلی نسنامەی
هاونیشتمانی بوونیان لێدەسەنرێتەوەو
رەوانەی ئێران دەکرێن.
ژێدەر و ئەو پەرتووکانەی سودیان لێ وەرگیراوە:
١- دکتۆر ناجح گوڵپی
تێپەڕ بونی ٣٦ ساڵ بەسەر تاوانی جینوسایدی فەیلیەکان.
٢-دکتۆر مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد،
چاپی پێنجەم، هەولێر
٣-تەها
سلێمان، لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی فەیلیەکان"، ٢٠١٥
هەولێر
٤- دۆسیەی
بەڵگەنامەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە دادگای باڵای تاوانەکانی
عێراق "بەڵگەنامەی
نوسراوی بەعس، راپۆرتی دەستەی پارێزەرانی بەرگریکار، بڕیاری دادگا
٥- لە ٢٦ی شوباتی ساڵی ١٩٨١ رۆژنامەی ئەلسەورەی
زمانحاڵی رژێمی بەعسی رووخاو لەسەر زاری دیکتاتۆر سەدام حوسێن
نووسیویەتی: «دەبێت
کوردی فەیلی ریشەکێش بکرێن و رێگە نەدرێت لە رێگەی ژن و
ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵ
خوێنی عێراقییەکان ببێت و خوێنی عێراقییەکان پیس بکات.
پەرتووکی عەربی:
١- اللور الكورد فيليون فی الماچی و الحاچر،
عبدالجليل فيلی.
الكورد فيليوون،بين حملات التسفير ،و السياسه
التهجير،الدكتور خليل ايسماعيل، استاز دراسات سكانيه بجامعه
صلاحالدين.
٢-الأباده الجماعيه چد الآشورين النسگورين فی
العراق، دراسه فی المصادر التاريخيه لمڕبحه سيميل
١١-٨-١٩٣٣.محمدصالح گيب صادق، سالم جاسم حاجی.
٣- الكورد الفيليون وهموم العهد الجديد، أحمد
ناسر الفيلی.
- احمد ناصر الفيلی، الكورد الفيليون "الآصاله
التاريخيه، ولمواگنه المهدوره"، ٢٠١٣ ، بغداد
- د،
مونيره اميد، المقابر الجماعيه للكورد الفيلين، ٢٠١٠ اربيل
- نجم
سلمان مهدی فيلی، الفيليون، ٢٠٠٩
-
موسوعه الهولوكوست، ماهی الاباده الجماعيه؟
- Icrc -،
مركز المعلومات، نڤام روما الآساسی للمحكمه الجنائيه الدوليه المعتمد
فی روما فی
١٧تموز/ يوليو ١٩٩٨
-
-بكات»،

جینوسایدی کوردانی ئێزدی ٢٠١٤
ئێزدیەکان گرووپێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆنن،
خاوەن کلتور و ئایینێکی تایبەتن کە مێژوویەکی پڕ ئەشکەنجەیان
هەیە.
زۆربەیان لە عێراق (بە تایبەت لە شاری شەنگال/سنجار)،
سوریا، تورکیا، ئەرمەنستان و ئەڵمانیا دەژین. مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ

سەدەکانی پێش
زایین و پێیان وایە کە نەتەوەیەکی کۆنن.
· لە مێژوودا، ئێزدیەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و
چەوسێنەرەوە بوونەتەوە، بە تایبەت لە سەردەمی داعشدا.
باوەرەکانیان:
ئایین یان دین کۆکراوەیەکی سیستمی کەلتوری و سیستمی
بیر و باوەڕ و تێروانینی جیهانییە کە پەیوەندییەک دادەمەزرێنێت لۆ
نێوان مرۆڤ و ڕۆحانییەتدا
یاخود لەگەڵ چەند ڕێڕەوێکی ئەخلاقیدا. زۆر لە ئایینەکان چیرۆک و
هێماو و نەریت و مێژووی
پیرۆزیان هەیە کە تێیدا دەیانەوێت مانا بۆ ژیان ببەخشن یا سەرچاوەی
ژیان و گەردوون
ڕوون بکەنەوە. لەمانەوە ئەخلاق و ئەدەب و یاسایی ئایینی دادەڕێژن
یاخود شێوە ژیانێک
بەپێی تێگەیشتنی سروشتی مرۆڤ
· ئێزدیەکان باوەڕیان بە خودایەک هەیە کە حاکمە
بەسەر هەموو دروستکراوان.
· باوەڕیان بە حەوت فریشتە هەیە کە گەورەیان
«تاووسێ مەلەک» (فریشتەی پەروەردە)ە.
· پەیرەوی کتێبی پیرۆزی «مەسحەفا ڕەش» (کتێبی ڕەش)
دەکەن، ڕێزی لە شەمس (خۆر) دەگرن وەک نیشانەی ڕۆشنایی.
هەندێک لە ئێزدیەکان خۆیان وەک کورد دەزانن، هەندێکی
تر وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ.
· زمانەکەیانی کورمانجی (کوردی)ە، بەڵام کلتووری
ئایینی جیایان هەیە.
فەرمانی ٧٤ و هێرشی هوڤانەی داعش
لە ٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ لە بەرەبەیانێکی زوو داعش
پەلاماری شنگالیدا و کوردانی ئێزدی لە شارەکە ڕووبەڕووی ٧٤مین
کۆمەڵکوژ و قڕکردن
کردەوە، ماوەی شەش ساڵیش دەبێت لە لایەن پێشمەرگە ناوەندی
شارۆچکەی شنگال کۆنترۆڵکراوەتەوە
و بەڵام تا ئێستاش زیاتر لە ٣ هەزار و ٢٢٥ کچ و ژن و هەزار ٦٠٠
منداڵ و مێرد منداڵ
لەژێر زوڵمی داعشدان.
جینۆساید کردنی کوردانی یەزیدی، لەسەر دەستی تیرۆریستانی
داعش، لە کوردستانی عێراق، زامێکی بەسۆیە بەجەستەی
نیشتمانەکەمانەوەیە، نەک ساڵانە
لەم کاتەدا، بەڵکو ڕۆژانە دەکولێتەوە و هەرگیز ئەو دیمن وئازارەی
ساڵی ٢٠١٤
ی براکانمان کوردانی یەزیدی لە یاد ناکەین

ئێزدیەکان
روبەڕوی هەموو جۆرەکانی جینۆساید بوون
*جینۆسایدی
فیزیکی
ئەم شێوازە لە جینۆساید
سادەترین و ئاشکراترین جۆرەکانی
جینۆسایدەو شێوازەکانی لەناوبردنیشی زۆر و جۆراوجۆرن وەك:
لەسێدارەدان، گوللەبارانکردن، بەکۆمەڵ کوشتن.

جینۆسایدی
بایۆلۆژی:
ئەنجامدەرانی
ئەم جۆرە تەگەرە دەخەنە بەردەم ڕێگای گەشەکردن و زیادبوونی
نەتەوەیەك یاخود
کۆمەڵە خەڵکێك لە ڕێگەی نەزۆککردن و لەباربردنی کۆرپەلە یاخود
خەساندنی پیاوان، یاخود لە ڕێگای دابرینی پیاوان لە
ژنان، دورخستنەوەی ئەندامانی خێزان لە یەکتری
بۆ ماوەیەکی زۆر، کە ئامانج لێی فەوتاندنی
وەچەی داهاتووی ئەو نەتەوە یاخود کۆمەڵەیەیە.

*جینۆسایدی
کولتووری ـ نەتەوەیی:
مەبەست
لەم جۆرە جینۆسایدە قەدەغەکردنی زمان و ڕۆشنبیریی و شێواندنی
مێژووە لە
ڕێگەی لەناوبردنی تایبەتمەندی نەتەوایەتی و نەهێشتنی یەکێتی
هاوبەشی نێوان خەڵك.

کاتی خۆی
سەردەمی ڕژێمی لەناو چوی سەدام حسێن لە عێراقدا بەشێوازێکی
بەرفراوان ئەم جۆرە جینۆسایدە پەیرەو دەکرا، لەوانە: سەپاندنی
زمانی عەرەبی،
گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن، گۆڕینی ناوی شار و گوند و ناوچەکانی
کوردستان...هتد.

*جینۆسایدی
ئابووری:
ئەمە دەکرێت
پێی بوترێت وێرانکاری ئابووری، واتە وێرانکردنی سامان و سرووشت
و بەروبوومی

ناوچەکان، تاڵانکردن و فەرهوودکردنی
ماڵ و سامانی خەڵکی. هەروەها گەمارۆی ئابووری بەمەبەستی
برسیکردنی خەڵك. ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی فەوتاندنێکی
لەسەرخۆی مرۆڤ، جگەلەوەی ڕێژەی مردن بەهۆی نەبوونی خۆراکی
پێویست و داو و دەرمان
و زیادبوونی نەخۆشییەوە زیاد دەکات، دەبێتەهۆی کۆچپێکردنێکی
بەردەوامیش،
کە ئەنجامەکەی چۆڵکردنی جێگەی دێرین
و ڕەسەنی خەڵکەکەیە. ئەویش زۆرجار دەبێتە هۆی پەرتەوازەکردن
و لەدەستدانی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و فەوتاندنی کولتووری
نەتەوەیی.

پێویستە
لەسەر هەموومان بەتایبەت هەردوو حکومەتی هەولێر و بەغدا،
ئاسەوارەکانی وەحشی گەرایی داعش لە شەنگال و ناوچەکانی تر
بسڕنەوەو
ژیانێکی ئاسایی دابین بکرێت و ناوچەکانیان بنیاتبنرێتەوە. تێ بکۆشن
و هەموو هەوڵێکیش
بدەین بۆ بەجینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژی خوشک و برا
یەزیدییەکانمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

کارەساتی
شنگال زامێکی قوله لەجەستەی گەلی کورد هەرگیز سارێژ نابێتەوە ،
مرۆڤایەتی لەئاست ئەم
کارساتە شەرمەزارە .
بەلام
دوای شەش سال لەم کارەساتە چی کرا؟
برینەکان
تا ئێستاش خوێنیان لێدەتکێ . هەموو ئەو بەرپرسە سەربازی و
سیاسیانەی کوردستانی عێراق بەرگریان لە شنگال نەکرد خەلات
کران و
چەک و
سەیارەو پلەو پایەی بالایان پێدرا .بەداخەوە لیپرسینەوەش لەکەسیش
نەکرا کە بۆچی کوردانی یەزیدی برا کوردەکانمان لە شنگال بەم
دەردەبران؟!
دوای تێپەڕبوونی
شەش ساڵ بەسەر کارەساتی شنگال کەسایەتیە سیاسیی و
سەربازییەکانی کوردی ئێزدی نیگەرانن
لەوەی کە جیهان بە بێ دەنگی بە دیار کەوتنی شنگال مایەوە.

کە
لوولەی تفەنگ، نوکی چەقۆ و شمشێرەکانی داعش گەیشتنە شنگال،
بە بێ گوێدانە بنەماکانی
مافی مرۆڤ و دەقە ئاینییەکان لە شارۆچکەکەدا, هەستا بە کوشتنی
منداڵ، پیاو، ژن و
پیر و پەککەوتە و زیاتر لە شەش هەزار کچ و ژنی بۆ ناوچەکانی ژێر
دەسەڵاتی خۆی لە عێراق
و سووریا ڕفاند.
هەروها
شارەزایان و کەسایەتییەکانی کوردانی ئێزدی دەڵێن
داعش هەزار
و ٦٠٠ منداڵ و مێردمنداڵی ئێزدی بەزۆر کردووەتەوە موسوڵمان و
چەکداری کردوون». هەزار
و ٩٢ ئافرەتی ئێزدی لە دەست داعش رزگار کراون، ٣ هەزار و ٣٢٥
کەسیش ماون». «٤٣ گۆڕی
بە کۆمەڵ لە شنگال هەن، هەر گۆڕێک ٢٠ بۆ ٣٠ رووفاتی تێدایە»
کوردانی
ئێزدی لە عێراق و هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٧٠٠ هەزار و لە
سەرتاسەری جیهان نزیکەی
یەک ملیۆن کەس دەبن
شنگال- ئێزدی
ئەو پەرلەمان و ڕێکخراو دەولەتانەی بریاریان
داوە کە تاوانەکەی داعش بەرامبەر ئێزدیەکان جینوسایدە.
دوای بریاری پەرلەمانی سویسرا، ئەمە دەبێتە ١٣یەمین
وڵات دان بە تاوانی جینۆسایدی ئێزدیەکان لە لایەن داعشەوە دەنێت،
ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی
گرنگ، بۆ ئەوەی لە دادگایەکی نێودەوڵەتی، دادگایی ئەو داعشانە
بکرێت، کە تاوانیان
لە عێراق و سووریا ئەنجام داوە.
لە ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/١٧ پەرلەمانی سویسرا بریاری دا بە
بەجینۆسایدناساندنی تاوانی داعش
دژی ئێزدیەکان، بۆیە ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە و لە خزمەت کەیسی
تاوانی داعش دژی ئێزدیەکانە،
ئەو بریارانە زۆر باشن و وڵاتەکانیان ناچار دەکەن داعشەکان دادگایی
بکەن و سزا بدرێن،
هەروەها فشارێک دەبێت بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بێت،
دادگایەکی نێودەوڵەتی دروست بکرێت و لەسەر ئاستی دیپلۆماسی و
لۆبیکردنیش ئەوە هەنگاوێکی
باشە و پێویستە بریارێک بدرێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان دادگایەک
دروست بکرێت تایبەت
بە تاوانەکانی داعش، یاخود تاوانەکانی داعش لە عێراق و سووریا
بگوازرێتەوە بۆ دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، بۆیە ئەمەش یەکێکی

دیکە دەبێت لە بڕیارەکان و لە خزمەت کوردانی ئێزدیدایە.
ئەو وڵات و لایەنانەی دانیان بە جیۆسایدی
کوردانی ئێزدیدا ناوە:
یەکەم:
ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١/٩/٢٠١٤.
دویەم :
کۆمسیۆنی سامیەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٧ /٣/٢٠١٥.
سێیەم:
ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا لە ١٥ /٣ /٢٠١٦.
چوارە:
بەریتانیا لە٢٠ /٤/ ٢٠١٦.
پێنجەم:
فەڕەنسا لە ٢٠١٦/٥/٢٦
شەشەم:
کەنەدا لە ٢٠١٦/٦/١٧ .
حەوتەم:
سکوتلەندا لە ٢٠١٧/٣/٢٣ .
هەشتە:
ئەرمینیا لە ٢٠١٨/١/١٧ .
نوویەم:
ئوستورالیا لە ٢٠١٨/١/٢٦ .
دەیەم:
هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٩/٨/٣ یازدە:
پورتوگال لە ٢٠١٩/١١/٢٩.
دوازدە:
عێراقیش لە ٢٠٢١/٣/١ یاسای ڕزگاربووانی دەرکردووە.
سێزدە:
هۆڵەندا لە ٦/٧/ ٢٠٢١ .
چواردە:
بەلجیکا لە ٢٠٢١/٧/١٥ .
پازدە:
لۆکسمبۆرگ لە ٢٠٢١/٧/١٥
شازدە:
ئەڵمانیا لە ٢٠٢٣/١/١٩
هەڤدە:
پەرلەمانی سویسرا لە ٢٠٢٤/١٢/١٧ .
هەژدە:
ئەنجوومەنی ئاسایش لە١٠/٥/ ٢٠٢١.
نوزدە:
لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی سووریا لە ١٥/ ٣/ ٢٠١٦.

بیست:
ڕابیتەی زانایانی نێودەوڵەتیی جینۆساید لە١٦/ ٦/ ٢٠١٦.

ئامارا ئێزدیان
نوسینگەی
رزگارکراوانی رفێنراوەکانی ئێزدی، بەدەستی تیرۆرستانی داعش:
١- ٦٤١٧ ئێزدی
دیل و دەستبەسرکرابوون.
٢- نزیکەی
٥ هزار شەهیدو بریندار کراون.
٣- ٣٥٨٥ کەس رزگارکراون.
٤- ٢٧٤٥
زارۆ مندال بێ دایک و باوک بوونە.
٥- تاکو ئێستا
٩٣ گۆری بەکۆمەل دوزرانەوە، سەرەڕای دەیان گوری تاکە کەسی.
٦- لە کوی
گشتی ٩٣ گوری بەکومەل تەنها ٥٣ گوڕ هەلدراونەتەوە، روفاتەکان لە پزیشکی دادی بەغدان
تەنها ٢٧٤ روفات رادەستی کەسوکاریان کراون، لە گورستانی جینوسایدکراونی ئێزدی لە
شنگال دووبارە بە خاک سپێردراون.
روژانە
کچان و ژنانی ئێزدی لەدەست داعش رزگار دەکرێن، بویە ئامارەکان لە گوراندان.

خالە هاوبەشەکانی
جینوسایدی
کوردانی ئێزدی،
کوردانی عەلەوی، کوردانی فەیلی.
ئەم سێ توێژەی
کوردبەهوی سێ خالی سەرکی جینوسایدکراون :
یەکەم جیاوازی
نەتەوەی:
نەتەوەیان
کوردبووە، جیاوازبوونە لە نەتەوەی (تورک ، فارس، عەرب)
دوویەم جیاوازی
ئاینی:
ئێزدیەکان
خاوەن ئاینێکی تایبەت بە خویان بوون.
سێیەم جیاوازی

مەزهەبی:
کوردانی فەیلی
و عەلەوی خاوەن مەزهەبی تایبەت بە خویان بوون ، لەسەر مەزهەبی
سونەو جەماعە نەبوون.
تاوانە
هاوبەشەکان:
١- گرتن
کوشتن و ئەشکەنجەدان.
٢- سێدارەدان
٣- دەربەدەرکرن
و راگواستن کوچی زورملێ.
٤- قەدەغەکردنی
رێورەسمی ئاینی
٥- دەست بەسەرداگرتنی
مال وموڵک و بە تالانبردنیان.
٦- دەست
درێژی سێکسی و کریارە نامروڤایەتیەکان.
٧- وێرانکردنی
شوێنە ئاینیەکان گورینیان.
٨- جیاکردنەوەی
دایکان و باوکان لە منداڵەکانیان
خاڵە جیاوازەکان
١- ئەو نەتەوانەی
ئەم سێ گروپە ئاینیەیان جینوساید کرد لە نەتەوەی جیاوازبوون، بە
زوری لە نەتەوەی(
تورک ، عەرب ) بوون
بەلام لە
جینوسایدی کوردانی ئێزدیدا
لە فەرمانی
٧٤ دا سەرەرای تورک و عەرب، جورەها نەتەوە ئەندامانی ولاتانی
بیانی لەگەل داعشدا
بەشداربوون لە تاوانی کومەلکوژی کوردانی ئێزدیدا.
٢- ئەوانەی کوردانی ئێزدیان جینوساید کرد، سەر بە
ئاینی ئیسلام بوون، لە مەزهەبی سونە.
٣- ئەوانەی
کوردانی فەیلیان جینوساید کرد سەر بە مەزهەبی سونەبوون لە بەغدا
دەستهەلاتداربوون.
٤- کوردانی
عەلەوی لە لایان دەستهەلاتی علمانی کەمال ئەتا تورک، بە هاوکاری
تورکە رەگەزپەرستەکان،
هاندانی بەشێک لە موسلمانە سونەکان بو بەرژەوەندی خویان.

٥- لە زور
خالدا تاوانەکان وەک یەک و هاوبەشبوون، بەلام لە جینوسایدکردنی
کوردانی ئێزدیدا
کرین و
فروشتن بە کچان و ژنان
بە شێوەیەکی
ئازاد و ئاشکرا قیزەوەنترین تاوانبوو لە سەدەی بیست و یەکەمدا.
٦- لە جینوسایدی
کوردانی فەیلیدا،
دادگای
بالای تاوانەکانی عێراق دانی بە جینوسایدی کوردانی فەیلیان ناوە.
بەلام
دادگایەکی تایبەت بە جینوسایدی ئێزدیەکان و عەلەویەکان نەبووە.
٧- لە جینوسایدی
کوردانی ئێزدیدا دەیان گوری بەکومەلیان دوزییەوە، بەشێکیان
هەلدرانەوەو روفاتەکانیان
گەراندەوە، بو شنگال.
بەلام گورە
بەکومەلەکانی کوردانی عەلەوی و فەیلیەکان نەدوزرانەوەو
روفاتەکانیان
بێسەرو شوێنن.
ئامانج
هەموو
هوکارەکان بەو ئامانجە دەمان گەینن کە جینوسایدی ئەم سێ توێژە
ئاینی مەزهەبیە لەسەر
بیرو رای جیاوزە بووە ئاین و مەزهەب وەک بەهانە بەکارهاتوون بو
جینوسایدکردنیان.
١- هوکاری
یەکەم ئەمانە سەر بە نەتەوی کوردن و ولاتەکەیان داگیرکراوە.
٢- هەر یەکێکیان
خاوەن بیرو رای جیاوازن لە چونیەتی خودا پەرستندا.
٣- هەر سێکیان
روبەروی جورەها ئەشکەنجەبوون.
٤-لە وێرانکردنی
پەرستگاو شوێنە ئاینیەکان جیاوازیکی زوریان نەبووە
٥- لە کرین
فروشتنی کچان و ژنان بە شێوەیەکی ئاشکرا جیاوازبوون.
ژێدەرو ئەو
پەرتووکانەی سودیان لێوەرگیراوە

بیبلوگرافیا پەرتووکی کومەلکوژی ئێزدیان

پەرتووکی عەربی :
١- جينوسايد الايزديه، الطريق إلى الجبل في
ايام المحن، داود مراد ختاري، المراجعه والإشراف العلمي،من إصدارات
جامعة دهوك ،
مركز بيشكي للدراسات الإنسانية، دهوك-٢٠١٩، ص-٤١٩، ت -١.
٢-جينوسايد الايزديه، مجزرة قرية كوجو، داود
مراد ختاري، المراجعه والإشراف العلمي،من إصدارات جامعة دهوك ،
مركز بيشكي
للدراسات الإنسانية، دهوك-٢٠١٩، ص-٣١٩، ت -٢.
٣- جينوسايد الايزديه، المقابر الجماعية، داود
مراد ختاري، المراجعه والإشراف العلمي،من إصدارات جامعة دهوك ،
مركز بيشكي
للدراسات الإنسانية، دهوك-٢٠١٩، ص-٢٠٣، ت -٣.
٤- جينوسايد الايزديه، ورود في الصحراء، داود
مراد ختاري، المراجعه والإشراف العلمي،من إصدارات جامعة دهوك ،
مركز بيشكي
للدراسات الإنسانية، دهوك-٢٠١٩، ص-٣,١، ت -٤
٥- جينوسايد الايزديه، ناجيات من جحيم داعش،
داود مراد ختاري، المراجعه والإشراف العلمي،من إصدارات جامعة
دهوك ، مركز بيشكي
للدراسات الإنسانية، دهوك-٢٠١٩، ص-٤١٣، ت -٥
٦- جينوسايد الايزديه، احصائيات الضحايا، داود
مراد ختاري، المراجعه والإشراف العلمي،من إصدارات جامعة دهوك ،
مركز بيشكي
للدراسات الإنسانية، دهوك-٢٠١٩، ص-٥١٥، ت -٦
٧- جينوسايد الايزديه، صور الضحايا، داود مراد
ختاري، المراجعه والإشراف العلمي،من إصدارات جامعة دهوك ، مركز
بيشكي للدراسات
الإنسانية، دهوك-٢٠١٩، ص-٣٢٤، ت -٧.
٨- الحمايةالجناءية للاءيزديات فى التشريع
العراقى، دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، دنيا علوان ناموس محمد
الاسدي، مشروع توثيق
الاءبادة الجماعية للاءيزيديين- سلسلة رقم (١١)، مطبعة، روزهه لات،
اربيل، اقليم
كوردستان ، العراق.ص-٢٩٩.
٨- الإبادة الجماعية مستمر، ديناميات وأبعاد
وفواعل الانقيسام فى المجتمع الازيدي، سعد سلو ،
٩- آخر الإبادة جماعي، ايمى.ل.بيم.
١٠- الأزديون فى العراق، زاكرة، الهوية،
الاباده الجماعيه، سعد سلو.
١١- الصراخه،روايه تاريخيه حقيقيه عن الإبادة
الأزديين فى زمن دولة العوثمانيه، حاجى جندى، ترجمة عن الروسية، د.
ايسماعيل محمد
صحاف، مراجعة وتقديم صاحب خدر.
١٢ - مفهم الالوهيه عند الزيديه، والزرادشتيه
والصابئة المنداءية،
د. حنان نوري إلياس.
١٣- ماساة الإزيدية فى نتاجات كبار الروائيين
فى القرن، داود الختارى.
١٤- الازدية فى وثائق العثمانيية، ١٨٨٦- ١٨٩٤،
داود مراد المختاري.
١٥- الإزدية في مخطوطات الكلدانية،
داود مراد المختاري.
١٦- معبد الالش و مراسيم الدينية الإزدية، داود
مراد المختاري.
١٧- الحملات والفتاوي على الكورد الإيزدين فى
عهد العوثمانى.
١٨- الدين الايزدي ، معتقدات الميثولوجيا الطبقات
الدينية، خليل جندي، تقديم سعيد سلو.
١٩- أنين الشجر، منجزات الوثائقية تخس الشأن
الازيدى، حسو هورني.
٢٠- شنكال خيلال عهد الملكي ١٩٢١ - ١٩٥٨، شكر خضر مراد بازو،
تقديم والمراجعة ،
عبدالفتاح علي يحيا البوتاني، دهوك-٢٠١٢.
٢١- ماساة الإزيديين الفرمانات وحملات الإبادة
ضد الكورد الايزيديين عبر التارخ ، د. عدنان زيان فرحان، قادر سليم
شمو،مطبعة خاني
-دهوك -٢٠٠٩، ص٢٤٩.
٢٢- تاريخ شنكال القديم من ٣٥٥٠ق.م-١٥١٥م، شكر
خضر مراد بازو، من مطبوعات خاني ٥٠.
٢٣- اليزيدية أحوالهم ومعتقداتهم، بقلم د.سامي
سعيدالاحمد، كلية الاداب جامعة بغداد، مساعدة جامعة بغداد، جزء
الأول، ١٩٧١.
٢٤- اليزيدية أحوالهم ومعتقداتهم، بقلم د.سامي سعيدالاحمد، كلية
الاداب جامعة
بغداد، مساعدة جامعة بغداد ،جزء الثاني،
١٩٧١.
٢٥- نساء ازيديات فى مواجهة داعش، حسو هورمى،
دار الثقافة الكوردى بغداد، ٢٠٢٣.
٢٦- الديانات آلاءزيدية طقوسها ادعيتها حقيقة
تسميتها،سليمان جعفر.
٢٧- خمس وثمانون وثيقة عوثمانية عن مأسات

الازدية، داود مراد ختاري.
٢٨-الإبادة الجماعية للايزيدين فى التاريخ اسبابها و نتاءجها ، د. سرور عبدالرحمن عمر، الترجمة أستاذ المساعد، بستون علي كريم.
٢٩- سنجار أمام الفتاوي الدينيه والحملات التوسعية، د. سرور عبدالرحمن عمر، الترجمة أستاذ المساعد، بستون علي كريم.
٣٠- تغريبة الايزيدية،صاحب خدر.رواية
٣١- تحت سماء داعش، صلاح رفو ، بيت الكتب السومري، ريوية.
٣٢- إمارت داسن والشيخان، فى العهد العوثماني ، ١٥١٥-١٧٥٠، دراسة وثائقيه ، د. نزار أيوب كولي، مراجعة، د. خليل علي مراد، د.عبدالفتاح علي البوتاني، مطبعة جامعة صلاح الدين، ص ١٩٢، أربيل ٢٠٢٣.
٣٣- الايزيدية اقدم ديانات التوحيدية الشرقية، حسو هورني، اطلعة الثانية، ٢٠٢٣ .
٣٤- القديسة الايزيدية بيكي في تاريخ طويل، إبراهيم محمود.
٣٥- الإبادة الجماعية للايزيدين فى العراق، دراسات وبحوث، د. سعيد خديدا علو، د. ماجد حسن علي، خضر كلو دوماس، شفان بيبو درويش،أياد عجاج غيان، ارشد حمد محو، مركز دراسات الإبادة الجماعية. ٢٠٢٣،دهوك.
٣٦- نساء فى جراءم داعش، عبدالعزيز محسن بارزاني، مجلث النواب ، دائرة العلام، بغداد.٢٠٢٣.
٣٧- رحلة إلى أزيدخان، سرتيب جوهر.
٣٨- الإزيدييون شعب الإبادة والخيم، خلدون سالم.
٣٩- كتابات عن الإزيدية، زوهير كارم عبود،٢٠٢١.
٤٠- شمس في وجهة الضلام، حسو هورمي، ٢٠٢١.
٤١- الطفولة مختصبة، رنا جاسم الشمري، تقديم والمراجعة، حسو هورمي، مشروع توثيق الإبادة الجماعية للايزيديين رقم (٢٠).
٤٢- المرء الإزيديية و الإبادة الجماعية، حسو هورمي، مشروع توثيق الإبادة الجماعية للايزيديين رقم (١٤).٢٠٢١.
٤٣-أثار الديانة الإزيديية فى الديانة الزرادشتيية، د. عايد بدر، أطروحة دكتورا.
٤٤- طاووس ملك اليزيدية،الليدي درور.
٤٥- تاريخ اليزيدية واصل عقيدتهم، عباس عزاوي، تقديم الدكتور عبدالحسين شعبان.
٤٦- الإزيديية محاولة للبحث عن الجزور،رحلة فى العماق التاريخ، صباح كنجى.
٤٧- فى سوق سبايا، دنيا ميخائيل.
٤٨- سبايا سنجار، سليم بركات.
٤٩- ليلة هروب زينة، خالد تعلو قاءيدي. ٢٠١٩.
٥٠- بنات لالش، وارد بدر السالم، رواية.
٥١- عادات وتقاليد ايزيدية فلسفة المعرفة، فواز فرحان .
٥٢- لالش نام ، بدل فقير حجي.
٥٣- بعشيقة بلدة الزيتون والعطاء ،وبعد عام اصدر الايزيدية التنظيم الديني المقدسات المحرمات المراسيم والطقوس في ضوء النصوص الدينية .
المؤرخ ممتاز حسين خلو.. يوثق مآسي الايزيديين.
٥٤-سنجار أهميتها الاستراتيجية واثرها في شن حملات ولاة الموصل الجليليين على ايزيدية سنجار من ١٧٢٦-١٩٣٤م ، المؤرخ ممتاز حسين خلو.
٥٥- ايزيدية شنكال سنجار مآسي، احداث ،وشخصيات فرمانات من سنة١٨٧٦ الى سنة ٢٠١٦م ، المؤرخ ممتاز حسين خلو، عام ٢٠١٩.
٥٦- ضحايا العمليات الارهابية و الاحداث المأساوية لأبناء بعشيقة و بحزاني من سنة ٢٠٠٣ الى سنة ٢٠١٨ ، المؤرخ ممتاز حسين خلو. صدر عام ٢٠٢٠.
٥٧- أوجه التشابه بين الطقوس الدينية والدنيوية في حضارة بلاد وادي الرافدين، المؤرخ ممتاز حسين خلو.
٥٨-الطقوس الايزيدية صدر عام، المؤرخ ممتاز حسين خلو، ٢٠٢١.
٥٩- تراث بحزاني، المؤرخ ممتاز حسين خلو ،عام ٢٠٢٣.
٦٠- الأزيدية ملحمة اسرار الوجود البشري، فواز فرحان.
٦١- الجراءم المرتكبة ضد النساء فى النزاعات المسلحة، جراءم داعش ضد الايزيديات نموذجا،مادلين على صبرا.
٦٢- سفر الاءيزدية، بير خدر سليمان.
٦٣-الاكراد الازيديون فى عهد العوثمانى، د. احمد سينو.
٦٤- الازيديون التاريخ و الابادات، سنجار النماذجا، خلدون سالم إلياس.

٦٥- وصف وبلاية بغداد بديلة نبذة تاريخيّة عن
الوهابيين، وآخر عن البرديين، جان- باليست- لويس- جاك روس. ترجمة محمد خير
اللعابي.
٦٦- الإزيديون في كتب الراحلة البريطانيين ،
ارشد حمد محو .
٦٧- الكورد الازيديون في اقليم كوردستان، مركز
كوردستان للدراسات الاستراتيجية، عدنان زيان فتاح.
٦٨- اليزيديون وأصولهم الدينية ومعابدهم
الإدارية وأديرة المسيحية في كوردستان العراق. توماس برا، ترجمة من الفرنسيه، سماء
محمد خضر. ٢١٦.طبعة الثانيه .
٦٩-الازيدية ديانة عراقيه ، شرق اوسطية
القديمة، د. كارم حبيب . دار النينوا.
٧٠- البردية في سوريا وجبل سنجار، روجية ليسكو
، ترجمة أحمد حسن.
٧١- الازيدية طقوص شمس الحقيقى، فواز فرحان.
٧٢- الموسعة الازيدية، فواز فرحان، جزء الاول .
٧٣- الازيدية والموصل في الأول الموسعة
العوثمانية، داود مراد ختاري،
٧٤- الازيدية ديانة تقاوم ونظل الزمان ، كارم
حبيب.
٧٥- عدية بن مسافر مجدد الديانة الازيدية، كارم
حبيب.
٧٦- الاومرء اليزيديون عسير التاريخ لم
يكتب.علي عوض ال قطب.
٧٧- تاريخ اليزيديين،
٧٨- الحيات بين الكورد،تاريخ البردين،
٧٩- طاوي ملك رءييس الملاكة ، كارم حبيب.
٨٠- الازيدية حقاق والخفية وأساطير، زوهير كارم.
٨١- انتهاكات داعش لحقوق الطفل الأزديدي، خلدون
سلم.
٨٢- الإبادة الجماعية في سنجار، رحلة فوت بين
الأسءلة والتحديات والمواجهة، د. خليل
جندي رشو.
٨٣- الازدية ما بعد داعش مواجهة التحديات
والتفكير في المستقبل، د. خليل جندي رشو.
٨٤- عادات والتقاليد في المجتمع الازيدي شخصيات
، طوقس، مراسيم، رفا حسين حسن.
٨٥- دور احداث سنجار في تطوير قضية الكورد،
هاورى باخه وان، ترجمة، ميران حسين،مراجعة ترجمة، فزن كشتو.
٨٦- الحربا ، مراد سلمان علو.
٨٧- الازيديون ازمة القياده، حسين حسو نرمى،
٢٠٢٤.
٨٨- الديانة الازيدية تاريخ الإنسانية.
جاسم قاسم بوزاني.
٨٩- معبد لالش سانده فقير حاج و فقير شمو،
تاريخ معاسر، بدل فقير .
٩٠- الحيات بين الكورد، جون كيس، تاريخ
الأزدين، ترجمه،عماد جميل مزوري.سبيريز.
٩١- التكيف قانونى للجرائم المرتكبەضد
الازديين، دلباك طاهر دهرويش.
٩٢- أضواء من زاغروس للمناظر الطبيعية المقدسة
للمجتمعين الإيزيدي واليرساني، دكتور. غيث رمو والدكتور جيانفيليو تيريبلي ،
باللغة الإنكليزية صادر من جامعة
كاليفورنيا - ايرفين ومركز الأردن
للدراسات والثقافة الفارسية ، يحتوي الكتاب على (١٤٠) صفحة من الحجم الكبير
والملون.٢٠٢٥.
٩٣- رحله صوريه الى الماضى، شيرين كالو، ٢٠٢٥ .
٩٤- روان فؤاد عبدي، كتاب باللغة الإنجليزية في ألمانيا عام ٢٠٢٥، بعنوان Frozen
in the Past. يُعد هذا العمل توثيقًا إنسانيًا عميقًا لجريمة
الإبادة الجماعية التي ارتُكبت بحق الإيزيديين في سنجار
٩٥- (الحج الى لالش)
أكملت ترجمة وتحقيق كتاب ((الحج الى لالش
وزيارة المناطق الايزيدية)) لسيسيل جون آدموندز (Cecil
John Edmonds) هو ضابط سياسي
ودبلوماسي بريطاني ،
ترجمت الكتاب إلى اللغة العربية معتمداً على
مسودة الدكتور شمال جويزي باللغة الكوردية/ اللهجة السورانية (غير مطبوع) والنسخة
الأصلية المتوفرة باللغة الإنكليزية .
وكان آدموندز قد عاصر وشهد الأحداث المدونة في
الكتاب بين أعوام١٩٣٠ - ١٩٤٥ وقام بتوثيقها من خلال مشاهداته لها.
٩٦- (أنا أرمني يا زابيل) للروائي (عزيز
خمجفين) من اللغة الكوردية/ لاتيني الى اللغة العربية، ترجمة رواية
(أنا أرمني يازابيل)من قبيل داود مراد ختارى
، تحتوي الرواية على (٢٢٠) صفحة، وهي رواية
بيروغرافية، تدور احداثها عن عائلة (سركيس كيفو) جد الفنان (إبراهيم كيفو)، الذي

نجى من إبادة الآرمن ، وتربى عند عائلة ايزيدية من عشيرة الشرقية، وكذلك زوجته
تربت لدى عائلة ايزيدية في قرية أخرى، ٢٠٢٥.
٩٧- فرمان ربط الجدائل بين النساء، داود مراد
ختارى، حول إبادة قبيلة باسان في ١٤-٥-١٩١٦ من قبل جحوش الدولة العثمانية.
٩٧- كتابات داود ختاري ودور الادب في تشكيل
الهويه الايزيدية، فواز هادي.
٩٨- الحب في ظل طاووس ملك
، الروائي العراقي حمودي عبد محسن.
٩٩- موسوعة لالشيات، الى داود مراد الختارى،
الموسوعة مكونة من أربع مجلدات و (١٥٥٢) صفحة من الحجم الكبير، والاغلفة الأربعة
بجلد سميك (هاردكفَر) ، تبنيه تكاليف الطبع الدكتور البروفيسور علي تتر محافظ دهوك
.
المجلد الآول : معبد لالش والمراسم الدينية
الايزيدية / ٦٠٠ صفحة.
المجلد الثاني : مشورات أبيار الايزيدية في معبد لالش في بداية القرن الثالث عشر
الميلادي (دراسة تحليلية) / ٢٣٢ صفحة
المجلد الثالث : كشكول من الادب الديني الايزيدي من النصوص الدينية
غير المنشورة / ٢١٤ صفحة
المجلد الرابع : كشكول من الادب الديني الايزيدي من النصوص الدينية
،
النصوص منشورة سابقاً لكن تنقصها العديد من السبقات أو هناك اختلاف ما نشره السادة
الكتاب سابقاً / ٥٠٦ صفحة
ملاحظة ١ : اكثر النصوص في المجلدين من لدن
المرحوم رئيس القوالين (سليمان سفو) رحمه الله، والبقية من رجال الدين في سنجار
وبقية المناطق الايزيدية .
ملاحظة ٢: المجلد الآول والثاني باللغة العربية ، بينما الثالث والرابع باللغة
الكوردية .
١٠٠- الإيزيدية - الديانة القومية للكرد،
والكتاب رسالة ماجستير لنيل شهادة الدكتوراه في العلوم الفلسفية والصادرة سنة ٢٠٠٦
عن جامعة سان بطرسبورغ.
١٠١- حمائم ظل الطاوس، كاروان الباعدري، مطبعة
تهران، ٢٠٢٢،ص٢٣٤.
١٠٢- لالشيات مكون من اربع اجزاء،

داود موراد، ختارى، ٢٠٢٥.
-١
معبد لالش/ ما يحتوي من القبب والنياشين، الينابيع، الأشجار المقدسة، الأعياد
والمراسم، احداث تاريخية، ، زيارة الرحالة والمستشرقين،
٢- مشورات ابيار الايزيدية، وهي مخطوطات كتبها
الشيخ حسن بن شيخ آدي الثاني في المعبد في بداية القرن الثالث عشر الميلادي
٣- نصوص دينية تنشر لاول مرة
٤- نصوص دينية منشورة سابقاً ولكني اكملت
النواقص والتعديلات
علماً اكثر من ٧٠٪ من
النصوص اهداهم لي رئيس القوالين السابق المرحوم قوال سليمان سڤو
سنة ٢٠١١ والبقية من سنجار وبقية مناطق
الايزيدية. علماً مجموع الصفحات (١٦٠٠) صفحة من الحجم الكبير.
نامێن ماستەرو دکتورایێ
مجموعة رسائل واطروحات للدراسات العليا عن
الايزيدية
الباحث/ داود مراد ختاري
منذ أن تعرض الايزيدية الى الجينوسايد في آب
٢٠١٤، ونتيجة نشاط مثقفي الايزيدية في المحافل الدولية، تبادر الكثير من الجامعات
المحلية والاقليمية والعالمية على توفير معلومات ومصادر عن الديانة الايزيدية وما
تعرضوا اليها من حملات الابادة وبالرغم من تلك الحملات حافظوا على ترابهم وكيانهم
وعقيدتهم .
نعاهد جميع طلبة الدراسات العليا الذين رسائلهم
واطروحاتهم عن الايزيدية وجينوسايد الايزيدية تزويدهم بالوثائق والمصادر الرصينة .
١- حصلت الطالبة (عايدة محمد بدر ) على شهادة الدكتوراه من جامعة القاهرة /
كلية الآداب ، وكان عنوان أطروحتها (أثر الديانة الايزيدية في الديانة الزردشتية)
٢- الطالبة (حنان نوري البحزاني) من جامعة بغداد وعنوان اطروحة الدكتوراه
(الالوهية في الديانة الايزيدية والمسيحية والصابئة) .
٣- الطالبة (Patricia Jegher) من سويسرا، وعنوان بحث تخرجها عن

الديانة
الايزيدية والناجيات من براثن الدواعش.... صورتها مع الباحث عيدو بابا شيخ في منزل
الباحث في مدينة ايسن الالمانية.
٤- الطالبة انفال الجنابي Anfal Aljanabi من
جامعة الانبار/ كلية التربية للعلوم الانسانية، عنوان رسالة الماجستير (سياسة
فرنسا تجاه الاقليات في العراق الايزيدية والاكراد والاشوريين، للفتره من ١٩١٦ الى ١٩٣٩)
٥- الطالب فاضل عباس صباح / معهد العلمين للدراسات العليا في النجف، ورسالته بعنوان
(الحقوق السياسية للاقليات الدينية في العراق بعد عام ٢٠٠٣ .
الجدير بالذكر نشرنا سابقاً اسماء وصور طلبة الدراسات العليا للماجستير والدكتوراه عن الديانة الايزيدية لغاية الرقم (٦٣) وبهذا أصبح العدد (٦٨) طالب وطالبة .
٦- أطروحة دكتوراه قيمة عن المجتمع الايزيدي في نهاية السبعينيات من القرن الماضي كان
المرحوم الدكتور (خالد فرج الجابري ) من أهل بغداد ، طالباً للدكتوراه في جامعة
أكسفورد في إنكلترا ، أراد ان تكون اطروحته عن طبيعة المجتمع الايزيدي في العراق،
هنا سأله الأستاذ الذي سيكون مشرفاً على اطروحته، هل عاشرت عن قرب هذا المجتمع ،
فرد عليه قائلاً: لا، لكن سأعتمد على المصادر ، فرفض المشرف وقال : عليك ان تعاشر هذا المجتمع لمدة سنة كاملة وتشارك في
جميع المناسبات الاجتماعية والدينية وتكتب الملاحظات اليومية ، وتكتب عن كل طقس
بالتفصيل حسب ما تراه، ومن ثم سأوافق .
وافق الجابري وعاشر الايزيدية وسكن معهم في سنجار وشيخان ، وتحمل عائلته الظروف للانتقال من بغداد الى مناطق الايزيدية لمدة
سنة ، كي يكتب الجابري اطروحته بأمان . حصل على درجة الدكتواره من قسم الأنثروبولوجيا بجامعة أكسفورد سنة ١٩٨١م
وعنوان رسالته هو "Stability and social change in Yezidi society" (دراسة حول استقرار والتغيير الاجتماعي في المجتمع الأيزيدي).
بعد اطلاعي على نسخة من الأطروحة (٥٠٠) صفحة
پەرتووکێن کوردی

١-گەریانەک دناڤ کومکوژیا ئێزدیاندا، شرین کالو.
٢- چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش، ڕێبور ڕەمەزان.
٣- کڕین و فروشتنی ئافرەتان، جینوسایدی کوردانی ئێزدی، ڕێبور ڕەمەزان.
٤- فرمێسکەکانی شنگال، ڕێبور ڕەمەزان.
٥- هەردوو کتێبی پیرۆزی یەزدییان ، جلوە و مسحەفی ڕەش، د. ماکسیمیلیان بیتنەر، دکتور حەمید عەزیز ، لە ئەڵمانیەوە وەرگێراوە
بو سەر زمانی کوردی، دەزگای ئارس چاپی کردووە.
٦- ژنانی ئێزدی وەک کەنیزەک، د. سەروەر.
٧- پاکیزەکانی شنگال لێکولینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان کچانی شنگال و ئەنفالدا.
٨- باران کیژی کوردستان، ناسر سەلیم بارزانی ، وەرگێران لە فارسییەوە، مەحموود هومەر باوەزی.رومان.
٩- ئافرەت لە تاوانی داعش دا، عەبدولعەزیز محسن بارزانی، چیرۆکی ٣٠ ئافرەتی ڕزگارکراو لە دەستی داعش، ٢٠٢٢.
١٠- ئێزدییەکان لە یێکەتی سوڤیەتی جاراندا، لێکولینەوە، ئەسیللە نامی دێ لابرێیک، وەرگێران محەمەد حەمە سالح توفیق. زنجیرە
نامیلکەی ناوەندی چاو ژمارە .
١١- چەند سەرنجێک دەربارەی ئێزدییەکانی تورکیا، کارتسوڤ یوری سێرگێیڤیچ، وەرگێران لە روسیەوە، سوارە شاکەلی.
١٢- مازیاری شەنگالی، نەبەز گوران، رومان،چاپی دوویەم.
١٣- ئێزدییەکان بارودۆخیان، مێژویان، بیروباوەریان، دکتور محەمەد ئالتونچی، وەرگێرانی محەمەد فائیق.
١٤- کوردی ئێزدی لە مێژووی کوردستاندا، حامید گەوهەری.
١٥- جینوسایدی ئێزدییەکان گوندی کوجۆ، داود مراد خەتاری، وەرگێران و ئامادەکردن ، تەها سلێمان،٢٠١٧.
١٦- کچانی لالش، وارد بەدر ئەلسالم، وەرگێرانی، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، رومان.
١٧- دەربارەی کوردە ئێزدیەکان، کونترین دەستنوس بە زمانی ئەوروپی لەسەر کورد، بلاوکردنەوە بو یەکەم جار لەگەل پێشەک، پۆل
پێردرێزی، وەرگێران و پێشەکی دکتور هەلکەوت حەکیم.
١٨- ژیان دناڤ کورداندا ، دیرۆکا ئێزدیان،جاهین س جویست، وەرگەراندن داود مراد خەتاری.
١٩- کچانی مەلک تاوس، محەمەد فەریق حەسەن.ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی ، عەبدولرەحمان زەبیحی، لە

سەر ئەرکی ، د. تەها
سليمان چاپکراوە. ٢٠٢٣.
٢٠- ئێزدیاتی لبەر روناهیا قەول و سەبەقا،
نەزیر سەرگەلی، ژ وەشانێن دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش ژمارە، ٤٣.
٢١- ئێزدی زەردەشتی دهەڤسەنگیا دیروکێدا، فەهمی حەسەن عومەر
بابێ روژانێ ،دەستەیا
بلندا بنگەهێ لالش ژمارە، ٤٣، ٢٠٢١.
٢٢- ئەو کچەی لەدست داعش هەلات، ئەندەریاس
هوفمانی، فەریدە خەلەف، وەرگێران بو کوردی زانا خێلانی، رومان.
٢٣- شروڤەکرنا هندەک رێورەسمێن ئولا ئێزدیان،
سیدو جتو حسو، ژ وەشانێن دەستەیا بلندا
بنگەهێ لالش ژمارە، ٤٢.
٢٤- ئێزدیاتی لبەر روشنایا هندەک تێکستێن ئاینێ
ئێزدیان، خدرێ سلێمان، خەلیل جندی، لە چاپکراوەکانی کوڕی زانیاری کوردی،بەغدا
.١٩٧٩
٢٥- ئێزدی ، روستەم ئاغالە، ئەلبومی وێنە.
٢٦- رولی رۆداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی
کورد، هاورێ باخەوان.
٢٧- ١٠٠٠ گوتنێن بەریا پێشیا یێن ئێزدییان،
ئەلیاس قیرانی ، حیدەر یوسفانی.
٢٨- میرنشینا داسن و شێخان، ل سەردەمێ
ئوسمانیان ( ١٥١٥، ١٧٥٠) داود خەتاری، وەرگێران بو کوردیا لاتینی ،
د. نزار گولی، دار
نەشر پەیوەند ل وانێ، ل ئەنقەرە هاتیە چاپکرن، ٢٠٢٥ ، ٢٠٤ لاپەرە.
٢٩- بهسرەتا وەلات ، میرزەیێ چۆلۆ سلۆیان، ٣٥٠
لاپەرەیە . ل وەلاتێ ئیرانێ هاتیە چاپکرن.
٣٠- کوردێن ئێزدی ل روژئاڤایا سوریێ ، کونێ
رەش، پیتێن لاتینی، ٢٠١٧.
٣١- کەشکۆللا ئەدەبێ ئولا ئێزدییان،داود مراد
خەتاری، دوو بەرک بزمانێ کوردی ٤ چوار بەرگ بزمانێ عەرەبی،
.٢٠٢٥
٣٢- کەڤۆکێن سیها تاووسێ، کاروان باعەدری، ئەڤ
پەرتووکە هاتیە وەرگەراندن بو زمانێ عەربی، ئینگلیزي، تورکی، بکوردی کرمانجیا ژوری
و ژێری. چاپخانا تەهران ، سالا ٢٠٢٢، ل ٢٣٤.
٣٣- یەزیدیەکان و ئاینی یەزیدي، شاکر فەتاح،
سالی ١٩٦٩.
٣٤- پراکتیزەکرنا تیورا وەرگرتنێ د ئەدەبیاتا
ئولی یا ئێزدیاندا، شمال خمو خزر.
أ- دەستنڤیس و پەرتوك:

١- ژمارا
دەستنڤیسێ: ٣٩٨٣٢
ناڤێ دەستنڤیسێ: دیرۆکا چیایێ شنگالێ یان
دیرۆکا ئێزدیان.
نڤیسەر: سەرۆکێ روکن (نعمان ثابت)(٥).
دەستنڤیس ب خەتێ نڤیسەری یە، نڤیسەر د سالا
١٩٣٧ دا مرییە. هەتا نهۆ پەرتۆك
نەهاتیە چاپکرن، دانەیەك ب خەتێ نڤیسەری ل نك عەبدولسەتار
قەرەغولی هەبوو، پاشی وی کرییە دیاری بۆ مامۆستا
گورگیس عەواد و پاشی گەهشتییە پەرتۆکخانا
پەیمانگەها ڤەکۆلینێن ئیسلامی یێن بلند ل زانکۆیا بەغدا(٦).
٢- ژمارا دەستنڤیسێ: ٣٩٨٧٩
ناڤێ دەستنڤیسێ: ئێزدیاتی
نڤیسەر: قەشە ئیسحاق
وەرگێر: ئیلیاس خۆشابا(٧).
قەشە
ئیسحاق یێ بەعشیقی یە، کو د ئێک ژ سالێن چارێکا داوی یا سەدێ
نۆزدێ دا مرییە.
بیاتێ پەرتۆکێ ب زمانێ سریانی بوویە،
ئیلیاس خۆشابا شکوانا یێ ئەلقۆشی د سالا ١٩٣٧ دا ل سەر داخوازا مامۆستا گورگیس
عواد ژێ؛ بۆ زمانێ عەرەبی وەرگێرایە. دانەیەك ب خەتێ وەرگێری و ئێکا دی ڤەگوهاستی ب خەتێ
مامۆستای د (٤٨) لاپەڕان دا هەبوویە. ئەوی کرییە دیاری بۆ پەرتۆکخانا
پەیمانگەها ڤەکۆلینێن ئیسلامی یێن بلند ل زانکۆیا بەغدا. وەرگێڕانەکا
دی یا کتێبێ
د تۆمارێن موتەسەریفا لیوا مویسل یا وی چاخی دا پاراستییە، بەلێ
دەقێ سریانی، باب شمۆئیل جەمیل (د سالا ١٩١٧ دا مرییە) ل
گەل وەرگێڕانەکا ئیتالی بەلاڤ کرییە، د گەنجینەیا سەعید دێوەچی دا
ل مویسل، دەستنڤیسەکا دی ب ناڤێ
(باوەرێێن ئێزدیان) هەبوویە، ژ دانینا قەشە ئیسحاق یێ بەعشیقی و
ل دویڤ وێ (تاسینا
عەزازیل) یا (مەلاح)ی، ل دویڤ وێ؛ هەلبەستێن عەدی
کورێ مسافر و شەمسەدین حەسەن و زەینەدین یوسفی هەنە(٨).
٣- ژمارا دەستنڤیسێ: ٤٠١٠٠
ناڤێ دەستنڤیسێ: کۆمەك
دەربارەی ئایینێ ئێزدییان.
کۆمکەر: ئەمریکیەک د سالا ١٩٣٠ دا ژ چیایێ
شنگالێ(٩).
٤- ژمارا دەستنڤیسێ: ٤٠١٦١(١٠).
ناڤێ دەستنڤیسێ: کۆمەلەک دەستنڤیس تێدا هەنە، ژ

وان ژی، دەربارەی ئێزدیان:
أ- ئێزدیاتی.
نڤیسینا باب ئەنەستاس کەرمەلی. د سالا ١٩٤٧ دا
مرییە. د کۆڤارا (المشرق) دا د سالا ١٨٩٩ دا
هاتییە بەلاڤکرن، هەروەسا ب زمانێ فەرەنسی ژی هاتییە بەلاڤکرن(١١).
ب- ئێزدیاتی ل کوردستانێ.
نڤیسەر: عەبدولرەحمان بەدران د کۆڤارا (الجنان) دا، ژمارە (٧) ل بەیروت
د سالا ١٨٧٦ دا هاتییە بەلاڤکرن(١٢).
ج-
ئێزدیاتی یان پەرستکەرێن شەیتان.
د کۆڤارا (المقتطف) دا، د هژمارێن جۆراوجۆر دا
هاتییە بەلاڤکرن(١٣).
٥- ژمارا دەستنڤیسێ: ٣٩٩١٨
ناڤێ دەستنڤیسێ: پەرتۆکەکا
ب زمانێ عەرەبی دەربارەی ئێزدییان، کو بێ ناڤێ نڤیسەری و سالا نڤیسینێ یە(١٤).
٦- ژمارا دەستنڤیسێ: ١١٥٩٨
ناڤێ دەستنڤیسێ: (تێدا بەرهەمەکێ مەلا حسێن
شێفکی هەیە، دەربارەی باوەڕییێن ئێزدییان دئاخڤیت، بەلێ
یا بێ دیرۆك و جهێ نڤیسینێ و ناڤێ نڤیسەري یە(١٥).
د
ژێدەرێن جودا دا دەربارەی ڤێ دەستنڤیسی یان پەرتۆکێ هاتییە، کو ئەو نامەیەکە
دەربارەی ڕێبازا تائیفا ئێزدییان و حوکمێ ڕەوش و سەروبەرێ وان،
(دەستنڤیسەک بوو د گەنجینەیا دکتۆر چەلەبی دا، صدیق دەمەلۆجي
هندەک ژێ د پەرتۆکا خۆ (الأیزدیة) دا د رووپەڕێن (٤٣٤-٤٤٠) دا بەلاڤ کرییە(١٦).
ئو (مەلا حسێن شیفکي) - ل دویڤ هندەک ژێدەران -
ئەو ئێک بوو ژ زانایێن ناڤدار، وی فەتوا و
بیروڕایەکا تایبەت یا هەی دەربارەی ئێزدییان. دبێژن ئەڤ فەتوایە
سەر ب (شیفکي) ڤە یە ژ گوندێن ڕۆبارێ گۆمل نێزیکی گوندێ خنسێ
ل قەزا شێخانە.
ت- نامە:
١- ژمارا دەستنڤیسێ: ٢٣٢٤٣
ناڤێ دەستنڤیسێ: نامەیا شێخ عەبدوڵلا شێخێ مونتەفل بۆ والییێ بەغدا، تێدا
دەربارەی شۆڕش و هێرشا سەر ئێزدیێن شنگالێ ژ لایێ وی ڤە دئاخڤیت، د سالا ١٩٣٥ دا
بوو(١٧).

٢- ژمارا دەستنڤیسێ: ١١٥٩٨
ناڤێ
دەستنڤیسێ: ژ ناڤ پەرتۆکێن تۆمارکری ب ناڤێ ڕەحمەتی عەباس عەزاوی دا دەستنڤیسەک
هەیە، کو حەفت پەرتۆك و نامە تێدا هەنە: نامەیەک دەربارەی
شرۆڤەکرنا ئایینێ جڤاکێ ئێزدییان و حوکمێ ڕەوشا وان) یا مەلا عەبدوڵلا کوڕێ ئەحمەد
ڕەبەتکي، ئەو یا بێ دیرۆکە(١٨).
ئەڤ
فەتوایە عەباس عەزاوی د پەرتۆکا خۆ (تاریخ الیزیدیة، ل٨٤-٨٩) دا بەلاڤ
کرییە، کو ژ دەستنڤیسەکێ وەرگرتییە، نەعیم بەگێ بابان دیاری دابوو ئیسماعیل
حەقی ئەزمیری، وی ئەو د پەرتۆکخانەیا سولەیمانیێ ل ئیستەنبولێ دا د ناڤ
پەرتۆکێن ئیسماعیل حەقی یێ ناڤبری دا ب ژمارە ١٣٦
دیتبوو، هەروەسا صەدیق دەمەلۆجي ژی د پەرتۆکا خۆ (الیزیدیة، ل٤٣٢-٤٣٩) دا بەلاڤ کرییە،
کو ژ دەستنڤیسەکێ وەرگرتییە ل مویسل پێ ئاگەهدار
ببوو(١٩).
دەربارەی ڤێ فەتوایێ، ڕەحمەتی
حەمدي عەبدولمەجید سەلەفي نڤیسی بوو، کو «ئەڤ فەتوایە نە یا مەلا عەبدوڵلا ڕەبەتکي
یە و نە یا مەلا حسێن شیفکي یە، چونکی هەردو ژ ئاکنجی یێن دەڤەرا شێخان بوون، کو
ناڤەندا سەرەکی یا ئێزدییانە و ژ وان کەسان بوون، کو ل باژێرێ مویسل
ژیاینە و ئاکنجی بووینە. ئەو باژێرێ، کو ئێزدي گەلەک هاتوچوویێ بۆ دکەن»، پشتی
گەنگەشەکرنا وان تشتێن کو د ژێدەران دا دەربارەی ڤێ فەتوایێ هاتین، د داوییا
گوتارا خۆ دا مەلا حەمدی سەلەفی دبێژیت: «دەستنڤیسەک ژ وێ فەتوایێ کەفتە
دەستێ من، کو حەفت رووپەڕ بوون، رووپەڕێن (٤ و ٥) ژێ کێم بوون، ل داوییا وێ
(مەولانا صالح ڕەحمەتوڵلا) هاتییە نڤیسین، ئانکو ئەو یا کەڤنە و نە یا ڕەبەتکي
یە و نە یا شیفکي یە، بەلێ من نەزانی کا ئەڤ (صالح) کی یە!!، هەلبەت
ئەو ژ خەلکێ حەلەبێ یە هەر وەکی عوممەری دبێژیت: «هەروەسا د گوتارێ دا هاتییە، کو

هندەک تێبینی یێن زانایێ کورد مەولانا محەمەد بەرقەلعي یێ
خودانێ بەرهەمان هەنە،
ئەوێ کو د دەستپێکا سەدسالا دەهێ یا مشەختی
دا سەیدا بوویە ل مەدرەسەیا بەدلیس و خودانێ شەرەفنامێ بەحسێ
وی
کرییە(٢٠).
ج- فەتوا:
ژمارا دەستنڤیسێ: ١١٦٤٣.
تێدا هاتییە کو «عەبدوڵلا کوڕێ ئەحمەد یێ رەبەتکي
د سالا ١١٥٩ هـ دا مرییە، ئەو ئێک ژ مامۆستایێن مویسل و دەرسدارێ
قوتابخانەیێن
وێ بوو، گەلەک بەرهەمێن وی هەنە، ژ وان: فەتوایا (ئێزدیاتی) و
دەقێ ڤێ فەتوایێ د
کتێبا (دیرۆکا ئێزدیان) دا هاتییە بەلاڤکرن، ب ڤێ فەتوایێ ناڤدار
بوویە(٢١).
دڤێت
بێتە زانین، کو ئەڤ فەتوایە ئەو فەتوا یان نامەیا ناڤبرییە، ل داویێ،
جارەکا دی
دبێژین، کو ڤەکۆلین ل سەر ڤان دەستنڤیس و کتێبان و دەرئێخستنا
وان ژ بۆ روناهیێ،
ئەرکەکە دکەڤیتە سەر ملێن براێن ئەدیب و رەوشەنبیرێن ئێزدی و
ناڤەندا وان یا
رۆشەنبیری و جڤاکی یا (لالش) ب تایبەت. چنكي ئاگەهدارێن مە
دەربارەی ڤان کتێب و
نامە و فەتوایان کێمن و مە تشتەکێ بەرفرەهـ دەربارەی وان نڤیسینان
نەخواندییە.
سەرۆکانی و پەراوێز:
١.        ژ
بۆ پێزانینان دەربارەی ڤی بابەتێ هاتییە نڤیسین: ئیسماعیل بادي،
ئەلفا بێیا
ئێزدییان(گۆتار)، کۆڤارا (لالش)، ژمارە (١٠)، کانوونا دویێ ١٩٩٩،
ل١٨٣-١٩٢.
٢. دەستنڤیس ژ نڤیسەرێ ڤەدرگران ئیسماعیل بادي و گوڤارا شێخان
هاتیە وەرگرتن.

# جینۆسایدی ئەنفال لە ڕۆمانی (گوڵچیای ڕۆحەکان)ی(ڕێواس ئەحمەد)دا

## پ.ی.د. سروشت جەوهەرحەوێز

پوختە

جینۆساید یەکێکە لەوتاوانە گەورانەی دەرحەق بە گەلی کورد کراوە، دوور لە هەموو ماف و ویژدان و مانای مرۆڤایەتی وڵاتە داگیرکەرەکان و داپلۆسینەرەکان، خەڵکی بێتاوانیان ڕووبەڕووی جینۆساید دەکردەوە، نەتەوەی کوردیش بەشێکی گەورەی قوربانی ئەم شاڵاوە دڕندانەیە بووە؛ ئەو وێنە تراژیدیانە لەمێژووی کورددا تۆمارکراوە، لە یادەوەری مرۆڤی کورد ناسڕدرێتەوە، هەربۆیە لە نێو ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕۆمانی (گوڵچیای ڕۆحەکان) لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی جینۆساید لە ئەدەبدا هاتۆتە کایەوەو گوزارشت لەو تاوانە قێزەونە دەکات، ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەو دەرخستنی وێنەی ئەو کارەساتەی کەلە مێژووی ڕابردووی گەلی کورددا ڕوویداوە، ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکیە لە مەڕ ئەم ڕۆمانە، بەپێی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی و وەسفی شیکاری، لە ئەنجامیشدا ڕۆماننووس ئەوەی لە هەست و ناخیدا هەستی پێکردووە دەریبڕیوە، بە شێوەیەک ئاسۆو خەیاڵی قوڵتر کردووەو کارەساتی ئەنفالی تێکەڵ بە خەیاڵی کردووە، هەوڵیداوە وێنەیەک بەرجەستە بکات گوزارشت لە گەورەیی کارەساتەکە بکات، گوزارشتی لە مەینەتیەکانی گەلەکەی کردووە، لەم ڕۆمانەدا کەسێتی ڕەگەزی مێ کە (سەلوا)ی کچە ئەنفالکراوە خاوەن ئیرادەو بوێرو توانایەکی بەهێزە،لە ڕووی دەربڕینەوە زمانێکی سفت و پاراوە، کە چێژی زمانێکی شیعری هەستی پێدەکرێت، ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا ڕووداوی واقیعین، کە بەسەر کارەکتەرەکاندا هاتوون، ڕووداوەکان مێژووین بەسەر میللەتی کورددا هاتوون.

وشە سەرەکییەکان: ئەنفال، جینۆساید، تاوان، تراژیدیا، دیمەن.

پێشەکی:

یەکێك لەو تاوانە گەورانەی کەلە مێژووی ڕابردووی گەلی کورد دا ڕوویداوە کارەساتی ئەنفالە، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشی بەمەبەستی سڕینەوەی گەلی کورد لەعێراقدا ئەنجامدرا، هەزاران کوردی بێتاوان لە باشووری کوردستان بوونە قوربانی، چەندین خێزان تا ئەم ڕۆژگارەش بەدەست یادەوەرییە تاڵەکانی ئەو ڕۆژگارەوە دەتلێنەوەو یادی ئەو کارەساتە جەرگبڕە دەکەنەوە، بۆیە لە هزری هەموو تاکێکی کورددا ڕەنگی داوەتەوەو کاریگەری بەسەریانەوە هەیە.

هۆکاری هەڵبژاردن و سنوری توێژینەوەکە: هۆی دەستنیشانکردنی ئەم ناونیشانە بۆ توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێنە تراژیدیەی لەمێژووی کورددا تۆمارکراوەو لە یادەوەری مرۆڤی کورد ناسڕدرێتەوە، هەربۆیە لە نێو ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و پانتاییەکی فراوانی لە هزری نوسەران داگیرکردووەو لە دەقەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. لێرەدا ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی جینۆسایدی ئەنفال لەنێو ڕۆمانی (گوڵچیای ڕۆحەکان) (ڕێواس ئەحمەد)[1]دا ڕاستەوخۆ ئەم بوارەی لەبەردەم لێکۆڵینەوە کەماندا دەکاتەوە، بە پێویستمان زانی ڕووداوی ئەنفال لەم ڕۆمانەدا وەربگرین تا ڕەنگدانەوەی

[1]- ڕێواس ئەحمەد بانیخێڵانی لەساڵی ١٩٥٧ لەشاری قەلعە ساڵح سەر بەپارێزگای عەمارە لە دایک بووە، لە خێزانێکی نیشتمان پەروەری چەپ پەروەردە بووە، باوکی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عیراق بووە، بۆیە ژیانیان پڕ بووە لەدەربەدەری، قۆناغەکانی خوێندنی تائامادەیی لە کوردستان تەواو کردووە، لە تەمەنی چواردە ساڵی تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و ڕێخراوی ژنان و لاوانی سەر بەحزبی شیوعی بووە، لە ساڵانی حەفتاکان دەستی بە نوسینی هۆنراوەو وتار کردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆلێژی کشتوکاڵ لە موصل وەرگیراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٨ وازی لەخوێندن هێناوە، لەبەر بڕیاری گرتنی درابوو لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، ماوەیەک بەنهێنی لە شاری سلێمانی ژیاوەو کاری سیاسی دەکرد، لە ساڵی ١٩٧٩ گەیشتە سۆڤیەت و لە بەشی ئادابی زانکۆی مۆسکۆ دەستی بەخوێندن کرد، لەساڵی ١٩٨٥ خوێندنی تەواوکرد، دواتر ماسەری لە زانکۆی مۆسکۆ لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی تەواوکردووە، دواتر چووە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لەبەشی ڕاگەیاندن کاری دەکرد، پاش بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و تەسکبونەوەی ئازادی کوردستانی جێهێشت و لەساڵی ١٩٨٩ لە سوید نیشتەجێ بوو.تائێستا چەندین بەرهەمی وەگێڕدراو و ڕۆمان و شیعرو لێکۆڵینەوەو وتارو بەرهەمی بۆ منداڵان نوسیوە.

کارەساتێکی مێژوویی لە رۆمانی کوردیدا بخەینە بەرچاو.

سنوری لێکۆڵینەوەکەمان تایبەت دەبێت بە چەمکی جینۆساید و ئەنفال لە رۆمانی (گەڵچیای رۆحەکان)، لێکۆڵینەوەکەمان بەوچوارچێوە بەند دەبێت تابتوانین بەچڕی گشت لایەنەکانی بابەتەکە روون بکەینەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە: لە نووسینی توێژینەوەکەدا پەیرەوی رێبازی مێژوویی و وەسفی شیکاری کراوە، لە بەشی یەکەمدا لەرووی مێژوویی و وەسفی قسە لەسەر بابەتەکە کراوە لە بەشی دووەمیشدا بە شیکاری بۆ ئەنجامی بابەتەکە رۆشتووین.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی رۆمانەکە و دەرخستنی وێنەی ئەو کارەساتەی کەلە مێژووی رابردووی گەلی کورددا روویداوە، هەروەها رەنگدانەوەی کارەساتێکی مێژوویی لە رۆمانی کوردیدا بخەینە بەرچاو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییە، لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا چەمکی جینۆساید و جۆرەکانی و چەمك و پێناسەی ئەنفال و سەرهەڵدان و قۆناغەکانی ئەنفال و کاریگەری ئەنفال لەسەر تاکی کورد باس کراوە. لە بەشی دووەمیشدا رەنگدانەوەی رووداوەکانی جینۆسایدی ئەنفال لە رۆمانەکەدا خراوەتەروو، کەلە جینۆسایدی کلتووری و جینۆسایدی ئابووری وەك خاپوورکردنی شارو گوندەکان، دەست بەسەرکردن و کوشتنی گەنجانی کورد وەك جینۆسایدی جەستەیی و جینۆسایدی بایۆلۆژی خۆی دەبینێتەوە.

١-٠ : چەمک و زاراوەی جینۆساید

وشەی جینۆساید، بە واتای پاکتاوی رەگەزی، یا بە واتای قڕکردنی رەگەزی مرۆڤ دێت، لە بنەڕەتیشدا لە دوو وشە پێکهاتووە: وشەیەکی گریکی (Genos)، کە واتای رەگەز یاخود بنەچە دەگەیەنێت و وشەیەکی لاتینی (Cide) کە واتای کوشتن یاخود فەوتاندن دەگەیەنێت. (خدر، ١٩٩٩: ٢٣٢). کەواتە جینۆساید بە واتای کوشتنی رەگەزی مرۆڤ یا لەناوبردنی رەگەز و سڕینەوەی کۆمەڵێک دێت. تەنانەت لە فەرهەنگی (المنهل- ی فەرەنسی - عەرەبی) جینۆساید ((لەناوبردن و قڕکردنی بەکۆمەڵی گەل و تیرە هۆز دەگەیەنێ))(المنهل، ١٩٨٣: ٤٨١)، ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٣ دا لە کۆنفرانسی مەدریددا لە لایەن دادوەر و لێکۆڵەرێکی جولەکەی بە رەگەز پۆڵۆنی (رافایل لیمکن ( Raphael Lemkein، کە دواتر بوو بە راوێژکار لە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، بەکارهێنراوە، ناوبراو تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە دەستی نازییەکان لەناوچوون. (حمود، ١٩٨٧: ٢٣٨) لێرەدا دەردەکەوێت کە جینۆساید لەناوبردن و قڕکردنێکی مەبەستدارە بۆ سڕینەوەی کۆمەڵە رەگەز یا دەستەیەکی نەتەوەیی، ئایینی یا سیاسی.

جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی، بۆیە نەك هەر وڵاتانی تاوانکار، بەڵکو ئەو کەسانەش کە بە ئەنجامدانی جینۆساید تاوانبار دەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان. وەك لە رێکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید لە ٩ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨، لە بەندی (٣)دا هاتووە، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە جینۆساید تاوانێکی نێو نەتەوەییە، بریتییە لە تێکدان و لەناوبردن و پارچە پارچەکردنی کۆمەڵێکی دیاریکراوی نەتەوەیی یا نەژادی یا ئایینی ... . هەر تاوانێکی رەگەزی نارەوای لەم چەشنە بکرێ، دەبێ سزای تاوانکار بدرێت.(فتح الله،٢٠٠٤: ١٥٧). لێرەدا گەیشتینە ئەوەی بڵێین جینۆساید یان کۆمەڵکوژی بە لەناوبردنی کۆمەڵێك خەڵك یان دەستەیەك دەگوترێت کە لە لایەن وڵاتێك یان پارتێکی دەسەڵاتدارەوە لەناوبرابن. جا بە هۆکاری ئایینی، نەتەوەیی، سیاسی، یان بیری رەگەزپەرستی بێت. وەك لەناوبردنی جولەکەکان لەلایەن نازییەکان کە بە (هۆلۆکۆست) ناسراوە، لەناوبردنی ئەرمەنییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە، کیمیاباران و ئەنفال و زیندە بەچاڵکردنی کورد لەلایەن رژێمی بەعسی عێراق، کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی هەر لە سەدەی سیانزەوە تا سەدەی بیست و یەك، چ بە هۆکاری ئاینی بێت یان نەتەوەیی، کۆمەڵکوژی و سوتاندنی موسڵمانانی رۆهینگا لە هەرێمی ئاراکانی بۆرما لەلایەن سوپای ئەو وڵاتەوە.

کوشتن و کۆمەڵکوژی شێوەی جۆراوجۆری هەیە، واتە جینۆساید تەنیا لەناوبردن و کوشتنی مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو چەند شێوازێکی هەیە و بە چەند شێوەیەک ئەو لە ناوبردنە پەیرەو دەکرێت کە دەکرێت دابەشبکرێن بەسەر چەند جۆرێکدا.

١-٢- جۆرەکانی جینۆساید:

١- جینۆسایدی جەستەیی: بە واتای کوشتن دێت، واتە لەناوبردن و کوشتنی ئەندامانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك، راستەوخۆ بێت یا ناراستەوخۆ، بەهەر شێوەیەک بێت،((بە گوللەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، سەرنگومکردن، ئیعدامکردن)).(گوڵ،٢٠٠٣: ١١) .

٢- جینۆسایدی بایۆلۆژی: واتە ((رێگەگرتن لە پێشکەوتن و

گەشەکردن و نەشوڤما کردن))، (گوڵ، ٢٠٠٣، :١١) واتە بەربەستکردن و نەهێشتنی گەشەکردن و پێشکەوتن و زیادبوونی لەدایکبوون و زیادبوونی هەر کۆمەڵێک و جیاکردنەوەو دابڕاندنی پیاو و ئافرەت لەیەکتری و واتە دابەشکردنی خێزان.

٣- جینۆسایدی کەلتووری: واتە نەهێشتن و ڕەشکردنەوەی شارستانیەت و کلتووری نەتەوەیی و ناسنامە نەتەوەییەکان، وەك قەدەغەکردنی زمان و سڕینەوەی فۆلکلۆر و شێواندنی مێژوو و شوێنەوارەکان و کاڵکردنەوەی دابونەریتی نەتەوەیی و ڕابردووی هەر نەتەوەیەک، نموونەش بۆ ئەمە وەک لە سەدەی ڕابردوو کە لە کوردستاندا ڕوویدا، لە((نێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩ دا حکومەتی ئەوکات بڕیارێکی پەسەند کرد کە لە ٥٠٪ ی پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانەی مامۆستایان بە زمانی کوردی بێ، بە ناچاری بە عەرەبی کران، بەتایبەتی لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە کتێبی خوێندنگادا هیچ ئاماژەیەک بە مێژوو و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی نەکراوە، لە لایەکی ترەوە ئەو کتێبانەی کەلەسەر ئەم بابەتانە بوون لە کتێبخانە گشتییەکاندا کێشایانەوە، بە عەرەب کردن و قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بە زمانی عەرەبی و ...))(مەعروف، ٢٠٠٥ : ٢٥) بەردەوام بوو.

٤- جینۆسایدی ئابووری: واتە لەناوبردن و وێرانکردنی سەرچاوەی بەرهەمی ئابوری و ژیانی نەتەوەیەک یا کۆمەڵە مرۆڤێک، وەك برسیکردن و بەتاڵان بردنی بەروبوم و بەرهەمەکانی کۆمەڵ و سەروەت و سامانیان و گەمارۆدانی ئابووری بەمەبەستی برسی کردنی خەڵکەکە و بەربەست دروستکردن و ڕێگری کردن لە بەرهەمهێنانی بەروبومی خۆراك و دەستخستنی لایەنی ئابوری.(تاڵەبانی- عەلی، ٢٠٠٢: ١٨) هەریەک لەو هەوڵانە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بە جینۆساید دەژمێردرێ.

١-٣: چەمك و زاراوەی ئەنفال

شەڕو ئاژاوەو کارەساتەکان لەژیانی ئێمەی کورددا نەپساوە بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمڕانی ڕژێمی بەعسدا، کە چەندین کارەسات بەسەر گەلی کوردی ئەم بەشەی کوردستاندا هات، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە، گەورەترین ئەو کارەساتانەش لە تاوانی ئەنفالدا ڕەنگی دایەوە، لەڕووی زمانەوانییەوە(( زاراوەی ئەنفال لە زمانی عەرەبی کۆی (نفل)ە، بە واتای (غنیمە یا نافلە) دێت، بەمەش ئەنفال واتای زیادە دەسکەوت دەگەیەنێ، کەواتە ئەو دەسکەوت و ماڵ و سامانەیە بە شەڕ لە بێ باوەڕەکان و موشریکەکان دەسەندرێت))(گەزنەیی،٢٠٠٢: ٦) واتە ئەنفال وشەیەکی عەرەبییەو بەمانای تالان دێت، ڕژێمی بەعس لە سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزەوە وەریگرت، (بڕوانە: قورئانی پیرۆز، سورەتی ئەنفال: ئایەتی١) ئەم شاڵاوە نەگریسەی پێ ناونا کە دژی گەلی کورد بەرپای کرد، تا کوشتن و گرتن و تاڵانکردنی کوردەکان حەڵاڵ بکات، وەک ئەوەی لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا دژی کافرە بێباوەڕەکان ئەنجامیانداوە.(ڕەسول،٢٠٠٣ : ٥٢) هەڵبژاردنی ئەم ناوە لەلایەن ڕژێمی بەعس چەندین هۆکاری هەبووە، بۆ بەکافر کردنی کورد و کوشتن و لەناوبردنی دانیشتوانی کوردە لادێ نشینەکان بوو. لە لایەکی ترەوە لەبەرئەوەی چەمکە دینییەکان پیرۆزن ناتوانرێت بە ئاسانی لە دژی بوەستنەوە، لەبەرئەمە کۆی خەڵکەکە بەئاسانی قبوڵی دەکات، هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە باشترین پاساو دەبێت بۆ شاردنەوەی تاوانەکان یاخود ڕەوایەتی پێدانی، واتە خۆ حەشاردان لەپاڵ دین.(عەزیز، ٢٠١٦: ٥٢)

١-٤: قۆناغەکانی چۆنیەتی جینۆسایدی ئەنفال:

ئەنجامدانی هەنگاوەکانی جینۆساید بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت. سەرەتا لە پۆلێنکردنی کومەڵگە لەسەر بنەمای نە ژاد، نەتەوە یا ئایین مروڤەکان پۆلێن دەکات پاشان دابەشیان دەکات، دواتر ئە وانەی کە پۆلێن کراون و ناویان لی دەنرێت وەک (کورد، موسڵمان، مەسیحی، ئێزیدی، ... هتد) ئینجا ئەندامانی بەئامانج گیراو نیشانە دەکرین و دواتر بەهەموو شێوەیەک سوکایەتیان پێدەکرێت و کە ئەمە دەستپێکی قۆناغە سامناکەیە، دواتر قۆناغی جیاکاری دەستپێدەکات بە واتای ئە وەی دەسەڵاتی خۆسەپێن بەهۆی دەرکردنی یاسا و ڕیسا لە بەرژەوەندی خۆیان و زەوتکردنی مافی کەمینە لاوازەکانی تر بەو جۆرە هەموو کایەکانی تری ژیان لە ڕووی ئابوری و بازرگانی و ڕۆشنبیرییەوە قۆرخ دەکە ن و لاوازەکان دەچەوسێننەوە، بۆ نموونە بێبەشکردنی کوردی فەیلی لە ناسنامە و ڕەگەزنامە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، دواتر قۆناغی داماڵین دەستپێدەکات واتە کومەڵەیەک سیفەتی مرۆڤبوون لە کۆمەڵەکانی تر ڕەت دەکاتەوە بەمەبەستی لەناوبردن، بۆ نموونە ئەوەی ڕژێمی بەعس بە پێشمەرگە گیان فیداکانی کوردستانی دەوت (مخربیین، تێکدەر، خائین، ناپاک، یا خیبوو، بەکرێ گیراوی بێگانە) تا لە بیرو مێشکی خەڵکی عەرەب و جیهان بگەیەنێ، ئەمانە تێکدەرن. دواتر قۆناغی ڕێکخستن دەستپێدەکات ئەویش خۆی لەبەرنامەڕێژی بۆ جێبەجێکردن و ئەنجامدانی تاوانە کە دەبینێتەوە، بۆنموونە ڕیکخستن لە تاوانی جینۆسایدی کورد، هاتنی پاسەوانی کۆماری بوو بۆ دەستگیرکردنی خەڵکی مەدەنی، یان بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو چەکی کیمیایی دژ بە کورد.

دوای ئەم قۆناغەش قۆناغی دورخستنەوە دەستپێدەکات واتە دورخستنەوە کارلێکی تەواوە لە نیوان تاوانکاران و زوڵملێکراواندا، بە چەشنێک هەست دەکەیت تاوانی کۆمەڵکوژی لە نزیکترین کاتدا ڕوو دەدات، نموونەی ئەم قوناغە لە جینوسایدی دژی کوردان سوکایەتیکردن بوو بەپێشمەرگە و کەسوکاریان. دواتریش قۆناغی ئامادەکاری دەستپێدەکات ئەویش لە ڕێگەی تاوانبارەکانەوە کە هەندێک پلان دادەڕێژن و ئامادەکاری دەکەن بۆ پرۆسەکە وەک ئامادەکردنی هێزی چەکدارو هێنانی چەکی گەورەو بڵاوکردنەوەی ترس لای قوربانییەکان، دواتریش قۆناغی سەرکوتکردن دەستپێدەکات لەڕێگەی دیاریکردنی قوربانییەکان و لیستی کوشتن ئامادەدەکرێت و دەست بەسەر ماڵ وموڵکی قوربانیدا دەگیرێت و ئەوانیش دەنێردرێن بۆ زیندان و لەوێش برسی دەکرێن و بەچەندین شێوە ئەشکەنجە دەدرێن، دواتر قۆناغی لەناوبردن دەستپێدەکات ئەویش لەڕێگەی لەناوبردن و کوشتنی بەکۆمەڵ و زیندەبەچاڵکردنیان و لەلایەن تاوانباران وەکو ئەنفاکردن و زیندەبەچاڵکردنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان، دواتریش قۆناغی نکوڵیکردن دەستپێدەکات کە کۆتا قۆناغی جینۆسایدە تاوانباران هەوڵدەدەن تاوانەکانیان بشارنەوەو پەردەپۆشی بکەن، ئەویش بەشاردنەوەی تەرمی قوربانییەکان بەشێوەی گۆڕی بەکۆمەڵ و سوتاندنی لاشەکانیان و هەڕەشەو تۆقاندنی شاهێدحاڵەکان. (گولپی،٢٠١٦،سایدی ئەنفالستان)

سەبارەت بە قۆناغەکانی جینۆسایدی ئەنفال لە نێو نەتەوەی کورد دا لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە هەڕەشە لێکردن و بەعەرەب کردن و بە بەعسی کردن و ڕاگواستن و لەناوبردنی کورد بە هەموو شێوەیەک پەیرەوکراوە. گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ئەو هەوڵانە، دەبینین ڕاگواستن و هەڕەشە لێکردن و تەعریب کردن لە عێراق لە نێوانی ساڵانی شەستەکان تا کۆتایی هەشتاکان هەبووە، کوردەکان بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق ڕادەگوێزران یا لە کۆمەڵگە و ئۆردوگا زۆرەملێکان کۆدەکرانەوە، هەزاران گوند وێران کران و چەندین هەزار کەسی کورد ئاوارەبوون و چەندین کوژراوو بریندراریش هەبوون، لەتەک ئەوانەشدا، ڕژێمی بەعس سیاسەتی بەعەرەب کردنیشی لە ناوچە کوردییەکاندا پیادە دەکرد. (گول، ٢٠٠٣: ٢٢-٢٣)((لە نێوانی ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٥ بە هەزاران کوردی فەیلی بەبێ جیاوازی لە پیرو پەککەوتەو منداڵی ساواو ژنی بێ دەسەڵات و گەنجەکانیشیان بەندکران و تائێستاش چارەنوسیان نادیارە، لە شارەکانی عێراق و کوردستان و ناوچە جیاجیاکان دەرکران و ڕاگواستران و ئاوارەی ئێران کران، بە بیانوی ئەوەی ئەمانە مەترسین بۆ سەر ئەمنی عیراق)).(مینە، ١٩٩٩: ٢٤٢)

دواتر شاڵاوی ئەنفال بۆ وێرانکردنی ناوچە کوردییەکان و سڕینەوەی سیما تایبەتییەکانی گەلی کورد، هەنگاوی یەکەمی ئەم سیاسەتە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧ دەرکەوت، کاتێك گوندەکانی دەوروبەری شاری کەرکوکی وێران کرد و خەڵکەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی دەوروبەری هەولێر و سلێمانی و خوارووی عێراق ڕاپێچکرد، دواتر لە ساڵی ١٩٨٨یشدا ڕژێم بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئەنفال بە چەند قۆناغێک هێرشی کردە سەر کوردستان، بە هەشت قۆناغ بە پێی نەخشەیەکی ورد، فراوانترین هێرشی ئەنفالیان ئەنجامدا بەتایبەتی لە ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی، لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی سەرگەڵو و بەرگەڵو....، دواتر سنوریی گەرمیان هەموو ناوچەی گەرمیانی گرتەوە کە لە ڕۆژئاواوە کەرکوك و دوزخورماتوو، لە باکورەوە لە ڕێگای کەرکوکەوە بەرەو چەمچەماڵ، لە ڕۆژهەڵاتیشیەوە چیاکانی قەرەداغ و لە باشوریشەوە کەلار و کفری و.... دواتر کۆمەڵکوژییەکی مەترسیداری ئەنجامدا،لەسەرەتاوە بە گازی کیمیاوی دەستییپێکرد، بە درێژایی زێی بچووک، گوندەکانی ئەمبەرو ئەوبەری وێران کرد، ئەو گوندانەیان ئاگر تێبەرداو هەرچی ڕەز و باخی ئەو ناوچەیە هەیە هەموو سووتا.(عەلی، ٢٠٠٩ : ٤٧) بەهۆی بەکارهێنانی چەکی قورس و کیمیاویی، زەرەر و زیانێکی زۆر بە خەڵکی ناوچەکەو هێزی پێشمەرگە کەوت و چەندین کەس بێ سەروشوێن کران و گوندەکان وێران کران و خێزانەکانیان لێک دابڕاند و چەندیش کوژران و بەشێکی زۆریشیان ئاوارە بوون. (عەبدە، ٢٠١٠: ٥١) دواتر لە سنووری دەڤەری بادینان، سوپای عێراق بە ئەزموونێکی زۆرو پلانێکی باش و زانیارییەکی زۆرەوە ئابڵوقەی ناوچەکەی داو خەڵکەکەی بەرەو مەرگ بردو گوندەکانیشی خاپوور کرد. بەشێک لە خەڵکەکە بەرەو سنورەکانی تورکیا ڕۆیشتن و بەشێکیشیان لە ئەشکەوتەکان خۆیان حەشاردا و گیراوەکانیش بێسەرو شوێن کران.(عەبدە، ٢٠١٠: ٧٧-٧٨)

١-٥: کاریگەری ئەنفال لەسەر تاکی کورد دوای شاڵاوەکە.

لە ژیاناندا چەندین بەسەرهات هەن، هەندێکیان مرۆڤ لە توانایدا هەیە لە بیریان بکات، بەڵام هەندێکی دیکەیان برینێکی سارێژ نەبوون و کاریگەریان بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە، لە ژیانی ئێمەی کورددا شەڕو ئاژاوەو کارەساتەکان هەمیشە بەردەوام بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمرانی ڕژێمی بەعس، کە چەندین کارەساتی بەسەر گەلی کورد لە کوردستانی باشوور هێناوە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە، گەورەترین ئەو کارەساتانەش شاڵاوی ئەنفالە، کە لە

هـزری هەمـوو کوردێکـی ئـەوکات و ئـەو سـەردەمەش کاریگـەری خـۆی بەجێهێشـتووە، پرۆسـەی بەدنـاوی ئەنفـال وێـڕای قاتوقڕکردنی گەلـی کـورد و وێرانکردنـی کوردسـتان و تێکدانـی ژێرخانـی ئابووری، گەلێـك دەردەسـەری و نەخۆشـی کۆمەڵایەتـی لـەدوای خـۆی بەجێهیشـت، کـە تاوەکـو ئێسـتاش پاشـماوەی کەسـوکاری ئەنفالکـراوەکان بـە دەسـتیانەوە دەناڵێنن.(عـارف، ٢٠١٢: ٢٦) هەروەکـو لـە لاپـەڕەکانی دواتـردا نموونـەی ئـەم حاڵەتـە لـە ڕۆمانەکـەدا دەبیـنین و ئەمـەش بەڵگەیـە بـۆ کاریگـەری کارەسـاتی ئەنفال لەسـەر یـەک بـە یەکی تاکی کوردمـان بـۆ دەردەکەوێـت، هـەر لـە دەروونـی ئەوانـەدا نـا کـە تاوانەکەیـان بەرامبـەر ئەنجامـدراوە، بەڵـکو ئەوانـەی نەشـیانبینیوە بـەس بیسـتویانە، هەروەهـا لـە دەروونی ئەوانەشـدا، کـە دوای پرۆسـەکە لەدایکبوون، کاریگـەری لەسـەر چۆنییەتـی بیرکردنـەوەو مێشـك و دەروون و ئەرکەکانـی ڕۆژانەیـان کـردووە، هـەر بۆیـەش لەنێـو چەنـدین دەقـی ئەدەبـی شـیعر و چـیرۆك و ڕۆمانـی کـوردی هاوچەرخـدا ڕەنگیداوەتـەوە و ئـەم ڕووداوە بەرجەسـتەکراوە.(گوڵچیای ڕۆحەکان) یـش دەریایەکـە لـە بەربەسـت و تونـدو تیـژی و جەنگـی خوێنـاوی، کـە تائێسـتاش ئاسـەوارەکانی ئـەم ڕێـگا دڕکاوییـە دەبینین.

٢-١: ڕەنگدانـەوەی جینۆسـایدی ئەنفـال لـە ڕۆمانـی (گوڵچیـای ڕۆحەکان) دا

لـەم ڕۆمانـەدا بەشـێکی زۆری ئـەو ڕووداوانـەی لـە مـاوەی چارەگـە سـەدەیەک بەسـەر گەلـی کـورد داهاتـوون دەگێردرێنـەوە، زۆربەیـان ڕووداوی مێژووییـن و لـە واقیعـدا ڕوویانـداوە، بـەڵام ڕۆماننـووس بـە شـێوەیەکی هونـەری جـوان بەهـۆی ئـەو خەیاڵـە زۆرەی هەیەتـی و ئـەو زمانـەی بەکاریهێنـاوە واقیعەکـەی سـەرنجڕاکێشتر کـردووە، مامەڵەکـردن لەگـەڵ مرۆڤـدا واتـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ مێـژوودا، بۆیـە پچـڕان لـە نێـوان مـرۆڤ و مێـژوو نییـە، واتـە ڕۆمانـەکانی ڕۆماننـوس هەڵقـوڵاوی مێـژووی گەلەکەیـەتی، بـەڵام وەک لای هەمـووان ئاشـکرایە ڕۆماننـووس مێژوونـووس نییـە تـا دەقـاودەق ڕووداوەکان تۆمـار بـکات، بەڵـکو بـۆ نووسـینی ڕۆمـان پێویسـت دەکات واقیعـی مێژوویـی بەخەیاڵـێکی هونـەری جـوان ئاوێتـە بـکات. ڕووداوەکانـی ئەنفالیـش ڕووداوێکـی واقیعییـن، شـایانی ئەوەیـە بکرێـت بـە کەرەستەی چەندین ڕۆمان.

لـە نـاوەڕۆکی ڕۆمانەکـەدا بـاس لـە ئـازارە گەورەکانـی گەلێـک دەکات بەدەسـتی ڕژێمـی بەعسـەوە، بـاس لـە دیکتاتۆریـەت و فاشـیزم دەکات، کـە چـۆن لەسـەر جەسـتەیەکی زامـدار برینـەکان جێدەهێڵـن، بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا ئێمـە جەختـی لەسـەر دەکەینـەوە ڕەنگدانـەوەی ئەنفالـە لـە ڕۆمانەکـەدا، کـە ڕووداوی سـەرەکی ڕۆمانەکەیـە، ئەگـەر سـەرنج بدەیـن، دەبینیـن تاوانـی ئەنفـال لـە لـەزاری چەنـد کاسـایەتییەکەوە دەگێڕێتـەوە، لەوانـە لـە ڕێگـەی خـەون بینینەکانـی (عەلـی) کـە کـوڕە دەوڵەمەندێکـی عەرەبـی لمسـتانە، هەروەهـا کچـە ئەنفالکراوێکـی ڕزگاربـوو (سـەلوا) کـە شاکەسـە دەگێردرێتـەوە، هەروەهـا کەسـایتییەکی تـر ئەویـش کچەئەنفالکراوێـک ڕزگاربـووە کـە لەکۆتاییـدا لەگـەڵ (سـەلوا)دا هەربەیەکـەوە دەبـن ئەویـش (لەیلا)یە،چیرۆکـە سەرەکییەکەشـی کـە چیرۆکـی (سـەلوای)ی کچـە ئەنفالکـراوە، هـەر لەسـەرەتاوە تـا دەگاتـە کۆتایی، بـاس لـە ئامادەیـی عەقڵـی فاشسـتی و هێـزە دکتاتـۆرەکان دەکات، لەگـەڵ خـەو بینینـەکان و گەڕانـی پیاوێکـی دەوڵەمەنـدی عـەرەب لەوڵاتـی لمسـتان بـە ناوی(عەلـی) دەسـت پێـدەکات و بەکۆتایـی هاتنـی گێڕانـەوەی سـەلواو چەنـد کەسایەتیەکی تـر کـە خـودی ڕۆمانوسیش تێیـدا بەشدارە چیرۆکەکە کۆتایی دێت.

لـە ڕۆمانـی (گوڵچیـای ڕۆحـەکان)دا نوسـەر ڕووداوێکمان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە بەسـەر گەلـی کـورددا هاتـووە، ڕووداوەکان تەعبیـر لـە واقیعـی تاڵـی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی باشـوور دەکـەن، شـاکەسی ڕۆمـان بریتییـە لـە کچـە ئەنفالکراوێـک بەناوی(سـەلوا)، نوسـەر لـە نـاو کۆمەڵگـەوە هەڵیبـژاردووە، هەوڵـدەدات لـە ڕێگـەی ئـەم کەسـایەتییەوە مێـژوو و ڕووداوی تراژیدیـای کـورد لـەم بەشـەی کوردسـتان پیشـان بـدات، ڕووداوەکانی ڕۆمانەکـە لـە سـاتی دەسـتپێکردنی ئەنفـال لـە گەرمیانـی کوردسـتان دەسـت پێـدەکات تـا دەگاتـە دوای پرۆسـەی ئازادکردنـی عیـراق و ساڵانی ٢٠٠٨ و دواتر.

لـە سـەرەتای ڕۆمانەکـەدا ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، کـە دوای ئـەوەی بازرگانێکـی عـەرەب بـە نـاوی (عەلـی) ساڵانێکە لـە ڕێگـەی خـەون بینینەکانییـەوە بـەدوای کچێکـی شـۆخ و شـەنگەوەیە بـۆ ئـەوەی منداڵـی ببێـت، تـا لـە پـڕ لـە یەکێ لـە هۆتێلەکانـی ئـەم وڵاتانـەدا کچێکـی فریشـتە ئاسا دەبینێتـەوە ئەویش کچـە ئەنفال بوێکـە هێنراوەتـە ئـەم وڵاتـەوەو مامەڵـەی کڕیـن و فرۆشـتنی پێـوە دەکرێـت. لـەم ڕێگەیـەوە ڕۆماننـوس پـەردە لەسـەر تاوانێکـی گـەورە کەلـە پرۆسـەی سـەربازی ئەنفالـدا دەرهـەق بـە کچانی کورد کرابوو لادەدات.

لێـرەدا بەپێویسـتی نـازانین زیاتـر لەمبارەیـەوە بـدوێین، بەڵکو بـۆ بـاشتر چوونـە نـاو قوڵایـی توێژینەوەکـە ڕووداوەکان بەسـەر چەنـد خاڵێکدا دابەشدەکەین.

٢-٢: جینۆسایدی جەستەیی:

بـە واتـای کـوشتن و لەناوبـردن و کوشـتنی ئەندامانـی هـەر کۆمەڵـە مرۆڤێـك، ڕاسـتەوخۆ بێـت یـا ناڕاسـتەوخۆ، بەهـەر

شێوەیەک بێت،(بە گوللەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، ئیعدامکردن...تاد)

سەرەتای چیرۆکەکە بەچەند ئەڵقەیەک دەستپێدەکات، لە کات و شوێن و رووداوی جیاواز، ئەوەی لێرەدا جەختی لەسەر دەکەینەوە ساتی رواودی ئەنفال وکات و شوێنی دیاریکراوی رووداوی ئەنفالەکەیە، کە لە زاری کچە ئەنفالکراوێک کە بۆمان دەگێڕێتەوە، دەکرێ وەك نموونەیەك بۆ جینۆسایدی جەستەیی وەربگرین، کە چۆن رژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامیداوە، کارو رەفتارە دڕندەییەکانی رژێمی بەعس و پلەدارانی سوپای بەعس لە رۆمانەکەدا بەرچاوەکەوێت: ((پەیتا پەیتا لە هێلکۆپتەرەکانەوە جاش و عەسکەر دەهاتنە خوارەوەو کۆمەڵ کۆمەڵ دەیاندا بەسەرماڵەکانداو پەلکێشی دەشتاییەکەی بەردەمی مزگەوتیان دەکردن، دەستیان لەکەس نەدەپاراست، ژن و منداڵیان لەناو جێگا دەردەهێنا...... بینیم منداڵێکی ساوایان لەباوەش دایکی دەرهێناو بەرلەقەیانداو پاشانیش ریزە فیشەکێکیان پێوەنان))(ئەحمەد،٢٠١٠: ٤١) لەشوێنێکی تردا کە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت:''دوای ئەوەی ئێمەیان بەزیلێکا برد ، چادرەکەیان لاداو هەموومانیان هێنایە خوارەوە، کەس پێشچاوی خۆ نەدەبینی و بەسەریەکدا کەوتن و بەرەو روناکی بلدۆزەرەکە چوون، هەمو خل بونەوە ناو ئەو چاڵە قوڵەی کە بلدۆزەرەکە ئامادەی کردبوو..... عەسکەرەکان دەوری چاڵەکەیان گرت..... لە پرێکدا لە هەموو لایەکەوە گوللەباران کران و هەموو بەسەریەکدا کەوتن. بلدۆزەرەکە کەوتەکارو خۆڵی بەسەرياندا کرد))(ئەحمەد،٢٠١٠ :٥٦) هەموو ئەمانە خۆی لە جینۆسایدی جەستەییدا دەبینێتەوە، لە دیمەنێکی تردا وەکو لە رۆمانەکەدا دەردەکەوێت رژێمی بەعس گوندەکانیان سوتاند، بەلەزەتەوە خەڵکیان دەکوشت، چەندین وێنەی تراژیدیایان لە شارو گوندەکانی کوردستاندا جێهێشت، کە رەفتاری ئەوەندە ناشایستەو قێزەوەنن بە بیری هیچ کەسێکدا نایات، تەنها ئەگەر لەو سوپا بێ بەزەییەی بەعس بۆ کوردستانی پەروەردە کردبوون بوەشێتەوە، لەدیمەنێکی تری جینۆسایدی جەستەییدا(سەلوا)ی کچە ئانفالکراو دەڵێت:((بەدەم گریانەوە رامکردە دەرەوە، لە بن دارێکا دانیشتم،..... هەر لەوساتەدا فرۆکە ئاسمانی گوندی گرت و بۆمبایەکیش بەر قوتابخانەمان کەوت، مامۆستاکەم بریندارببوو، سێ قوتابی شەهیدبوون، ئەو وێنە سامناکەم لەیاد ناچێت، زۆربەی منداڵان گیانیان لەخوێنی خۆیان یان کەسانی تردا هەڵکێشرابوو، ئەوە دوارۆژی قوتابخانەی من و براکەم بوو))(ئەحمەد،٢٠١٠: ٧٨) بە دەگمەن کەسێک هەیە لە زەبرو زەنگی ئەم شاڵاوانە رزگاری بووبێت، تەنها گەر بە قەدەرێکی خودایی،دیسانەوە جینۆسایدی جەستەیی بەرامبەر بە گەلی کورد، لەکارو رەفتارە دڕندەییەکانی رژێمی بەعسمان بۆ دەردەکەوێت.

لە وێنەیەکی تری تراژیدی کارەساتی ئەنفالدا، کە خۆی لە جینۆسایدی جەستەییدا دەبینێتەوە، رۆماننووس وێنەی ئەو زیندانیانەمان بۆ دەخاتە روو کە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون، کە چۆن لەلایەن ئەفسەرو دەستە رۆیشتوەکانی رژێم دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژن و منداڵ و دواتر دەبرێن بۆ تیاترۆخانەکانی سۆزانییەکان و لە وڵاتانی دراوسێ ... وەکو کاڵایەک مامەڵەیان پێوە دەکرێ، تەنانەت رۆماننووس کاتێ ئاماژە بە کارەکتەری (لەیلا)ی کچە ئەنفالکراو دەکات ئەمە وێنەیەکی زیندووی جینۆساید و ئەنفالی ئافرەتی کوردە لەلایەن رژێمی بەعسەوە، بۆنمونە لە وێنەیەکی ئەو دیمەنەدا ''ئێوارەیەک دەیان بردینە هۆڵێکی گەورە، دەبوایە خۆمان رووتبکردایەتەوە، ئەوەی بەگوێیاننەکردنایە بە قۆناغە تفەنگ گیانیان تێکدەشکاند، ئەورۆژە پرسیارت کرد بۆ لاڕانم ئەو چاڵەی پێوەیە، وەڵامم نەدایتەوە، خوشکەگیان ئەوە شوێنی قۆناغە تفەنگە، نەیەکێ نەدوان زۆرجار بەسەرە لەگەڵمان دەخەوتن، هێندە ماندوو دەبووین نەتوانای بەرهەڵستیمان هەبوو نە توانای جوڵە، وەک لاشەیەکی مردوو لەبەردەستیاندا پاڵ دەکەوتین، لاشەیەکی مردوو... تاخۆیان کفت نەبونایە وازیان لێ نەدەهێنایەن..))(ئەحمەد،٢٠١٠: ٧٣) بەهەمان شێوە لە دیمەنێکی تردە دەڵێت:(( خوشکەکەم تەمەنی دەساڵ بوو، شەوێ لەگەڵ چەند کچێکی منداڵکاردا بردنیان، ئەو شەوە لەبەر قیژەو هاواریان خەومان لێ نەکەوت، ئێمەش لەگەڵ ئەواندا دەگریاین و نیوەی شەوبوو فڕێیان دانەوە قاوشەکە،..... ئەوە شەوە لەبەرگریان و نرکەو بۆنی خوێن نەمانتوانی خەومان لێ بکەوێ، دایکم توند خوشکەکەمی لەباوەش کردبوو بەری نەدەدا، زووزوو دەیوت دایکت بمرێ، ئەو وەحشانە چیان پێکردویی واهەموو گیانت شەق شەقە دەلەرزێ، هەستی دەکرد خوێنەکەی ناوەستێ، هەردووکیان زیرەیان لێ هەستاو دایکم هاواری کرد... دایکم لەبەر گریان و هاوار ئاگای لەکەس نەما، وابزانم دوا هەناسەو زریکەی خوشکەکەم بوو، هەر ئەرۆژە دوکچی تر مردن...))(ئەحمەد،٢٠١٠: ٧٩-٨٠) ئازارە راستەقینەکانی گەلی کورد لە سەردەمێکدا، کە بەعس لە دەسەڵات بووە دەگێڕێتەوە، لێرەدا جینۆسایدی جەستەیی رژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد، کارو رەفتارە دڕندەییەکانیمان بۆ دەردەکەوێت.لە شوێنێکی تردا دەڵێت:(( لەقاوشەکانا دایکێک ئاگای لە کچەکانی نەمابوو هەر هاواری کوڕەکانی بوو، هەمومانی گریاند، دەمانوت ناوی چوارەم کوڕت مەهێنە ناوی بارزان بوو، ئەوان نازانن مەبەستت

کوڕەکـەی خۆتـە، ئەویـش پـڕ بـە ژورەکـە هـاواری کـرد بـارزان... بـارزان، کـوڕە چاوڕەشـەکەم دەبـێ ئێسـتا لـە کـوێ بێـت، لەنـاکاو عەسـکەرێ خـۆی کـرد بـەژووردا و لـە پێشـچاوی هەمـوومان گوللەرێـژی کـرد، کەوتـە سـەرزەوی و خوێـن بەهەمـوو لایەکـدا فیچقەی کرد))(ئەحمەد،٢٠١٠: ٨١)

لـە دیمەنێکـی تـردا بۆمـان دەگێڕێتـەوە دەڵێت:((نابینـن ڕۆژێ چەنـد دایـک جەرگـی دەسـوتێ، بەپێـش چـاوی خۆیانـەوە منداڵەکانیـان گیانیـان دەردەچـێ، منداڵەکانیـش فـڕێ دەدەنـە بەردەمـی سـەگ،....، جالـەوە بەئازارتـر چییـە گـەر منداڵەکـەت بەبەرچـاوی خۆتـەوە گیانـدەداو کەچـی ناتوانـی بەدەسـتی خـۆت لـە ژێرخاکـدا بیشـاریتەوە...، خاڵۆژنـم هەرسـێ منداڵەکـەی یـەک لـەدوای یـەک لەباوەشـیدا گیانیانـدا، کـە منداڵـی سێهەمیشـی مـرد زانـی کام هەناسـە دوا هەناسـەیەتی، خاڵۆژنـم وەک شـێتی لـێ هاتبوو))(ئەحمـەد،٢٠١٠: ٧٤) لێـرەدا وێنـەی ئـەو دیمەنـە تراژیدیەمـان پیشـاندەدات کـە چـۆن منداڵـە بێتاوانانـە ڕووبـەڕووی دەبنەوە، بەبەرچاوی داکیانەوە گیان دەدەن.

سـەلوای کچـە ئەنفالکـراو بـەردەوام دەبێـت لەگێڕانەوەکـەی و دەڵێت:((ئەوجەسـتانەی کـە بەرگـەی هەمـوو چەشـنە ئەشـکەنجەیەکی گرتـووە، .... چـی نەمـاوە پێیـان نەکردبێـت، ... لـە ڕۆژێکـدا سـێ جـار بردویانـە بـۆ ئەشـکەنجە، بەسـەردا هەڵیـان وسـیوەو کارەبایـان لێـداوە، تـا لەهـۆش خـۆی چـووە، خەساندویانە بـە ئوتـوو سـوتاندویانە، نینۆکەکانیان دەرهێنـاوە..)) (ئەحمـەد،٢٠١٠: ٩٦) دوای ئـەوەی گەنجانـی بەدیـل گیـراو ئەشـکەنجە دەریـن و گوللـەباران دەکرێـن، ئەمـە ئاماژەیـە بـە سـەردەمێك، کـە تێیدا گەلـی کـورد کەوتۆتـە کارەسـاتی گەورەکـەی شـاڵاوی ئەنفـال. کەوتۆتـە سـەردەمێکی تاریکـەوە، سـەردەمێك جگـە لـە کوشـتن و شـەڕ و سـۆزانی و دڕندەیـی، هیچـی تـری تێـدا نییـە بـۆ گەلـی کـورد. ئـەوەی لێـرەدا دەگوترێ دیمەنێکـە لـەو کارەسـاتە، لـە دیمەنـی ئـەو گرتوخانـەدا جینۆسـایدی ئەنفالـی چەندەهـا پیـاو و ئافرەتـی کـورد دەبینرێـن، کـە چـۆن لەلایـەن ڕژێمی بەعسەوە جینۆساید دەکرێن.

لێـرەدا ڕۆمـان نـوس وێنـەی تراژیـدی دیمەنـی چۆنیەتـی ئەشـکەنجەو ئازاردانـی زیندانیەکانمـان بـۆ دەخاتـەڕوو، کـە چـۆن بـە شـێوەیەکی دڕندانـە ئەشـکەنجە و ئـازار دەدرێـن تـا گیانیـان دەردەچێت.لێـرەدا لـە هەمـوو ئـەو دیمەنـە تراژیدیانـەی لـە ڕۆمانەکـەدا خسـتومانەتەڕوو، خـۆی لـە جینۆسـایدی جەسـتەییدا دەبینێتـەوە، کەلەلایـەن ڕژێمـی بەعـس بەرامبـەر بـە گـەلی کـورد، کردوویانە.

٢-٣: جینۆسایدی ئابووری وەك خاپوورکردنی شارو گوندەکان و ...:

خـۆی لـە لەناوبـردن و وێرانکردنـی سـەرچاوەی بەرهەمـی ئابـوری و ژیانـی نەتەوەیـەک یـا کۆمەڵـە مرۆڤێـک دەبینێتـەوە، وەك برسـیکردن و بەتـاڵان بردنـی بەروبـوم و بەرهەمەکانـی کۆمـەڵ و سـەروەت و سـامانیان و گەمارۆدانـی ئابـووری بەمەبەسـتی برسـی کردنـی خەڵکەکـە و ڕێگـری کـردن لـە بەرهەمهێنانـی بەروبومی خۆراك و دەستخستنی لایەنی ئابوری.

لـە باسـکردنی ئـەم کارەسـات و دیمەنـە تراژیدیانـەدا جگـە لـە کـوشتن و بـێ سەرشـوێن کردنـی خەڵکەکـە، دیمەنـی سڕینەوەی ئاوەدانـی و گوندەکانیـشمان پیشـاندەدات، کـە خـۆی لـە جینۆسـایدی ئابـوری دا دەبینێتـەوە وەک (سـەلوا)ی کچەئەنفال بۆمـان دەگێڕێتـەوە دەڵێـت :((ئاگـری لـە دڵـی هـەور بـەردا و گرمـەی لێهەڵسـا، هەمـوو ڕاچلـەکان، کـە سـەیری ئاسمانمـان کـرد لـە پەڵـە هەورێکـی بچـوک زیاتـر بـە ئاسمانـەوە نەبـوو، چەکدارەکان دەیـان دەبـەی نەوتیـان لـە هەلیکۆپتـەرەکان هێنایە خـوارەوە، بـەرەو گوندەکـە ڕۆیـشتن هەرماڵـەی دەبەیـەک نەوتی بەرکـەوت، و دەنگـێ شـقارتەش ئاگـر هەمـوو بیرەوەری و ڕەنجی خێزانـی لـە ئامێـز گـرت، زیلەکانیـش نەجـوڵان تـا تـەواو دوکەڵـی گونـد ئاسمانـی داپۆشـی،.... سـەیری جەسـتەی سـوتاوی گوندەکـەم دەکـرد، کەڵەشـێرو مریشـک و پشـیلەی گڕگرتـوو لـە خانـوەکان دەردەپەڕینـە دەرەوە، دەنگـی باعـەی مـەڕو قـوڕەی مانگاو نوسـکەی سـەگ و ئاوێتـەی یەکتربووبـوون، دانـە دانـە لەنـاو خانوەکانـدا دەسـوتان و لەتـاو ئـازاری جەسـتەیان هاواریـان دەکـرد، دەنگـی پـڕ لـە ئـازاری ئاژەڵ و باڵنـدە ماڵییـەکان ئاوزێکـی تۆقێنەریـان دروسـت کردبوو))(ئەحمـەد،٢٠١٠: ٤٢-٤٣)ئـەم چەنـد ڕستەیە ئـەوە دەردەخـات شـاڵاوەکە بـووە بەهـۆی وێرانکـردن و لەناوبردنـی گونـدەکان و ئاژەڵەکانیـان و سـڕینەوەیان، بەمەبەستی لەناوبـردنی ژێرخانی ئابـووری و سـڕینەوەی گـەلی کورد. لـە وێنەیەکـی تـری تراژیـدی کارەسـاتی ئەنفالـدا، کـە خـۆی لـە جینۆسـایدی ئابوریـدا دەبینێتـەوە، وێنـەی ئـەو گونـدو سـەرچاوە ئابوریانەمـان پیشـاندەدات، کـە سـەرچاوەی ئابـوری گەلـی کـورد بوون(خـۆ گوندەکانیشـیان هەمـوو تەقانـدەوە، کێڵگـەو ڕەزو باخەکـەی سـوتێنراوە.... ئـەوە کانییەکەیـە ئـا کانییەکەیـان تەقانـدەوە )(ئەحمـەد،٢٠١٠: ٩٨- ١٢١) بـێ ڕەحمانـە زۆربـەی ڕەزو بـاغ و چـەم و کێڵگـە کشـتوکاڵییەکانی کاولکـرد و سـوتاند و سـەرچاوەی ئاوەکانـی لەخەڵـک وشـک کـرد. لەناوبـردن و وێرانکردنـی سـەرچاوەی بەرهەمـی ئابوری و ژیانی کـورد بەشـێکی تـر بـووە لـە پلانـەکانی شـاڵاوی ئەنفـال و جینۆسـایدی ئابوری، شـاڵاوەکە چەندیـن خێزانـی لەبەریـەك هەڵوەشـاندەوە، بەهـۆی نەمـانی هێـزی کار خێزانـەکان دووچـاری چەندیـن نەهامـەتی و سـەرگەردانی بوونەوە:(خەڵکەکەیـان کـرد بـە چەنـد بەشـێکەوە،

ژن و منداڵ، کچ و کوڕی گەنج و پیاوەکانیش بە جیا ویستیان، هەر کۆمەڵە بەجیا سواری زیلەکان بکەن،.... گریان و هاوار دەروونی چیای پشت لادێکەی توانەوە،.... زۆربەی خێزانەکانیان هەڵوەشاندەوە، هەزاران خێزان و ژن و منداڵ و گەنجەکانیان بەبێ هیچ هۆیەک کوشت،... )(ئەحمەد،٢٠١٠: ٤٣) لەناوبردنی بەکۆمەڵ، دەبێتە هۆی لەناوچوونی هێزی کار، ئەمەش جگە لە جینۆسایدی جەستەیی خۆی لە جینۆسایدی ئابوریش دەبینێتەوە. ئەم وێنە تراژیدیانە تا ئەم رۆژگارە کاریگەری خراپی هەر ماوە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاکی کورد کردووە، باری خراپی هەڵچوونی دەروونی و بێ هیوایی، کە بۆ ماوەی درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە.

٢-٤: جینۆسایدی کەلتووری:

واتە نەهێشتن و ڕەشکردنەوەی شارستانیەت و کەلتووری نەتەوەیی و ناسنامە نەتەوەییەکان، وەك قەدەغەکردنی زمان و سڕینەوەی فۆلکلۆر و شێواندنی مێژوو و شوێنەوارەکان و کاڵکردنەوەی دابونەریتی نەتەوەیی و ڕابردووی هەر نەتەوەیەک.

ئەو دەسەڵاتە دڵڕەشەی بەعس ڕووبەڕووی هەموو شتە کەلتووری و جوانیەکان دەبنەوە،بۆ نمونە (سەلوای)ی کچە ئەنفالکراو وێنەی تەخت کردنی قوتابخانەو مزگەوتی پیرۆزی لادێکانی کوردستان و کەرستە بەبەهاکانی گەلی کوردمان بۆ دەخاتەڕوو دەڵێت: :(دەیەها جێگای دێرینی کەلەپوریان ڕوخاند، سەدان مزگەوتی دێرینیان تەخت کرد، چەندەها گوندیان لەسەر ڕووی زەمین سڕییەوە، کەبینیم ماڵەکەمان ئاگری گرتووە، تابلۆکانم لەگەڵ گوندەکە سوتان) (ئەحمەد،٢٠١٠: ٨٧) لە شوێنێکی تردا دەڵێ:( هەزاران مزگەوت و فێرگەی ئایینی و قوتابخانەو ... لەگەڵ زەویدا تەخت کردو سوتاند، سەدان کتێبی ئایینی و پەڕەی قورئانی پیرۆزیان کردە خۆڵەمێش،.... هەموو ئەو کەرستە و دەزگایانەی کە خەڵکی لادێکان بەکاریان دەهێنا لە کارەکانیان لەناوبران)) (ئەحمەد،٢٠١٠: ٨٧-٨٩)کە ئەمەش خۆی لە جینۆسایدی کلتووریدا خۆی دەبینێتەوە، ئەو دەسەڵاتە ڕەشەی بەعس ڕووبەڕووی هەموو ئەو شتە جوانانە بوونەوە،هەموو شتێکیان شێواند مزگەوت لە کلتوری کوردیدا شوێنێکی پیرۆزە دەستی خەتای بۆ نابرێت، کەچی ئەوان ڕوخاندیان، گوندو دێیەکانیش کە سەرچاوە قیبلەی شۆڕشەکان بوو، ئەوانیشیان ڕوخاند. ڕژێمی بەعس بەهەموو شێوەیەک جینۆسایدی لەسەر کۆمەڵی کوردی جێبەجێکردووە.

لە وێنەیەکی تری جینۆسایدی کلتووری کەلە ڕۆمانەکەدا دەبینرێ، ئەویش لەناوبردن و جینۆسایدکردنی ناسنامەی نەتەوەییە زمانە، ئەویش خۆی لە بەزۆر فێرکردنی زمانی عەرەبی واتە بە تەعریب کردن دەبینێتەوە، وەک کاتێ سەلوا دوای ئەو دەردەسەری و ناخۆشییەی بینویەتی و کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە، دەکەوێتە وڵاتێکی تر کە عەرەبستانی لماوییە، بۆیە بەزۆر فێری زمانی عەرەبی دەکەن بۆنمونە لەزاری (عەلی) لە دەوڵەمەندێکی عەرەبە دەڵێت:(( فێری زمانەکە نەبووە، ئاگات لە سەلوابێت، فێری زمانی عەرەبیشی بکە... .))(ئەحمەد،٢٠١٠: ٥٩-٦٠) لەلایەکی ترەوە کچە ئەنفالکراوی کورد لە بنەڕەتدا ناوی خۆی (پەری)یە، بەڵام کاتێ دەکەوێتە وڵاتێکی ترو دەفرۆشێ ناوەکەشی لێدەستێننەوە ناوی دەکەنە (سەلوا). لە بنەڕەتدا دنیای ئەو مرۆڤە بێتاوانانە لەناو ئەو تاریکی و خوێن ڕشتنانەدا، تەنیا ڕزگارکردنی جوانی و سەروەری و ئاشتەوایی و ژیان و گوزەرانی قوربانیەکان بوو، هەموو ئەمانەش خۆی لە جینۆسایدی کلتووریدا دەبینێتەوە. وەك ڕۆمانەکە بۆمان دەگێڕێتەوە سیاسەتی ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا وێرای قاتوقڕکردنی گەلی کورد هەوڵی نەهێشتن و ڕەشکردنەوەی شارستانیەت و کلتووری نەتەوەیی و ناسنامە نەتەوەییەکانی دەدا، وەك قەدەغەکردن و سڕینەوەی فۆلکلۆر و شێواندنی مێژوو و شوێنەوارەکان، هەموو ئەوانەی خستومانەتەڕوو نموونەن بۆ جینۆسایدی کلتووری لە ڕۆمانەکەدا.

٢-٥: جینۆسایدی بایۆلۆژی:

واتە نەهێشتنی گەشەکردن و پێشکەوتن و زیادبوونی لەدایکبوون و زیادبوونی هەر کۆمەڵێک و جیاکردنەوەو دابڕاندنی پیاو و ئافرەت لەیەکتری و واتە دابەشکردنی خێزان.

ڕژێمی نەگریسی بەعس بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لە پێشکەوتن و گەشەکردن و نەشونما کردن زیادبوونی لەدایکبوون و زیادبوونی هەر کۆمەڵێک و جیاکردنەوەو دابڕاندنی پیاو و ئافرەت لەیەکتری و واتە دابەشکردنی خێزان دەکرد. لەناوبردن و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی خێزان لە ڕێگەی لێدابڕانی پیاو و ئافرەتەکانیان دووچاری چەندین نەهامەتی و سەرگەردانی بوونەوە، چەندین ئافرەتی کورد بێ ماڵ و هاوسەرمانەوە، هەروەکو لەم دیمنە تراژیدییە بۆمان دەردەکەوێت(جاش و عەسکەر دەهاتنە خوارەوە کۆمەڵ کۆمەڵ دەیاندا بەسەرماڵەکانداو دەستیان لەکەس نەدەپاراست، ژن و منداڵیان لەناو جێگا دەردەهێنا...... بینیم منداڵێکی ساوایان لەباوەش دایکی دەرهێناو بەرلەقەیانداو پاشانیش ڕیزە فیشەکێکیان پێوەنان، .... خەڵکەکەیان کرد بە چەند بەشێکەوە، ژن و منداڵ، کچ و کوڕی گەنج و پیاوەکانیش بە جیا ویستیان، هەر کۆمەڵە بەجیا سواری زیلەکان بکەن،..... زۆربەی خێزانەکانیان هەڵوەشاندەوە، هەزاران خێزان و ژن و

منداڵ و گەنجەکانیان بەبێ هیچ هۆیەک کوشت،... ) (ئەحمەد،٢٠١٠: ٤١- ٤٣) ڕژێمی بەعس بێ ڕەچاوکردنی هیچ یاساو ڕێسا و نەریتێک هێرشی سەربازی کردە سەر لادێکانی کوردستان سەدان و هەزاران ژن و منداڵی کوردیان بەبێ هیچ هۆیەک کوشت منداڵەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ونکردووە، ئەوانەی کەسوکاریان لە کوشتارە گەورەکاندا وون کردووە، ئەوانەی لە ڕۆژگاری قڕان و سڕینەوەو لەناوبردنی بەکۆمەڵی مرۆڤدا، هەزاران خێزانی کوردی دەربەدەرکردو گواستیانەوە بۆ شارەکانی خوارووی عیراق. ئەم وێنە تراژیدیانە تا ئەم ڕۆژگارە کاریگەری خراپی هەر ماوە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاکی کورد کردووە، باری خراپی هەڵچوونی دەروونی و بێ هیوایی و کە بۆ ماوەی درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە. هەموو ئەمانەش دەکرێ بە نموونەی جینۆسایدی بایۆلۆژی ئەژماربکرێن.

لە ڕۆمانەکەدا کەلە زاری کچە ئەنفالکراوێک، کە بۆمان دەگێڕێتەوە دەکرێ وەك نموونەیەك بۆ جینۆسایدی دەروونی بیخەینەڕوو، کە چۆن کارو ڕەفتارە درندەییەکانی ڕژێمی بەعس ، بووە هۆی ئەوەی ڕەهەندی دەروونی لێبکەوێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی زوڵم و زۆرداری و هەتیوبوونی منداڵانی کورد و بێوەژن بوونی ئافرەتی کورد، بێ سەرو شوێن بوونی هەزاران کەس، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەهەموو شێوەیەک، بۆیە چەندی وێنەی جینۆسایدی دەروونی لە نێو ڕووداوی ڕۆمانەکەدا دەبینین. بۆ نمونە کاتێک دیمەنی کچە ئانفالکراو بۆ مان دەگێڕێتەوە ((لەدوورەوە دیمەنی ئاواییم بەدی کرد کە گریان لەتەواوی خانووەکان بەردابوو دەوروبەری ئاوایی بەدەیان سەربازو جاش تەنرابوو، کە نزیک کەوتمەوە گوێم لەئاوازێکی ئێگجار سامناک بوو، دەنگێک بوو هەرگیز لەبیرم ناچێتەوەو ئەوسا توشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ و ترسێکی زۆر هاتم))(ئەحمەد،٢٠١٠: ٦١) لێرەدا جینۆسایدی دەروونی سەلوای کچەئەنفالکراومان بەڕوونی بۆ دەردەکەوێت، لە دیمەنێکی تری جینۆسایدی دەروونیدا کە خۆی لە دیمەنە تراژیدییەکان بەندیخانەدا دەبینێتەوە، تا ئەم ڕۆژگارە کاریگەری خراپی هەر ماوە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاکی کورد کردووە، باری خراپی هەڵچوونی دەروونی و بێ هیوایی و کە بۆ ماوەی درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە. لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا دیسان باس لە جینۆسایدی دەروونی و نەهامەتییەکانی دەکات و دەڵێت: ((جاڵەوە بەئازارتر چییە گەر منداڵەکەت بەبەرچاوی خۆتەوە گیانەداو کەچی ناتوانی بەدەستی خۆت لە ژێرخاکدا بیشاریتەوە،... ، خاڵۆژنم هەرسێ منداڵەکەی یەک لەدوای یەک لەباوەشیدا گیانیاندا، کە منداڵی سێهەمیشی مرد زانی کام هەناسە دوا هەناسەیەتی، خاڵۆژنم وەک شێتی لێ هاتبوو))(ئەحمەد،٢٠١٠: ٧٤)

(ئەودیمەنانە کاریگەرییەکی خراپی بەسەرمەوە هەبوو، باری دەروونیم وێران بووبوو تووشی داڕوخان بووم، بۆیە چەندین جار بیرم لەوە دەکردەوە خۆم بکوژم....) (ئەحمەد،٢٠١٠: ٧٨).هەموو ئەمانەش دەکرێ بە نموونەی جینۆسایدی دەروونی ئەژماربکرێن. لێرەدا لە هەموو ئەو دیمەنە تراژیدیانەی لە ڕۆمانەکەدا خستومانەتەڕوو، خۆی لە جینۆسایدی دەروونی دەبینێتەوە، کەلەلایەن ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد کردوویانە، بۆیە چەندین خێزان تا ئەم ڕۆژگارەش بەدەست یادەوەرییە تاڵەکانی ئەو ڕۆژگارەوە دەتلێنەوەو یادی ئەو کارەساتە جەرگبڕە دەکەنەوە، لە هزری هەموو تاکێکی کورددا ڕەنگی داوەتەوەو کاریگەری بەسەریانەوە هەیە، کاریگەری خراپی هەر ماوە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاکی کورد کردووە، باری خراپی هەڵچوونی دەروونی و بێ هیوایی و کە بۆ ماوەی درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە.

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کەوا ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە پێکدەهێنن، کوردستان بەهۆی ئەو کارەساتانەی لەلایەن حزبی بەعسەوە تووشی هات، لە سەردەمێکی زۆر تاریک ژیا، بە جۆرێک چۆن سەلوای کچە ئەنفال کراو ئاواتی ڕزگاربوون بوو، خەڵکی کوردستانیش ئاواتیان ڕزگاربوون بوو لە دەسەڵاتێکی دڕندە. (سەلوای)ی کچەئەنفالکراو دەگەڕێتەوە بۆ دێیەکەی خۆی، وێران بوونی ئەو دێیە دەبینێت کە ئاماژەیە بە لاوازبوون و بچووك بوونەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە باشووری کوردستاندا.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر چەندین ڕووداوی سەرنج ڕاکێشی بە شێوەیەکی واقیعی گێڕاوەتەوە، کە باس لە نەهامەتییەکانی گەلی کورد بە گشتی و جینۆسایدی ئەنفال بە تایبەتی دەکەن. ئەویش بەهەڵبژاردنی کەسایەتی (سەلوا) کچە ئەنفالکراوێکی ڕزگاربوو، کە لەڕێگەیەوە دڕندەیی ڕژێمی بەعس دەخاتەڕوو، ئەو مێژووە تاڵەی نووسیوەتەوە لەسەر جەستەیەکی بریندار لاوازی بێ دەسەڵات کە سەرتاپای برینە بەدەست هێزێکی دڕندەوە، چونکە (سەلوا)ی کچە ئەنفال هەر لە شازدە بۆ هەژدە ساڵییەوە تا کۆتایی ژیانی لە ناو ناخۆشی و شەڕو کوشتن و برین دایە. نوسەر لەمەدا پەیامی حەقیقەتی ڕزگاربوونی مرۆڤی ژێردەستی دکتاتۆری هەیە، پەیامی ڕزگاربوونی وڵاتێکی هەیە، لە زوڵم و زۆرداری و کۆتایی هاتن بە جینۆسایدو ئاشتبوونەوە بە جوانییەکان.

ئەنجام

١- تاوانی جینۆسایدی ئەنفال یەکێک بوو لەو رووداو و تاوانە گەورانەی کە رژێمی بەعسی فاشی عێراقی ئەنجامیدا، بۆ لەناوبردن و قڕکردنی نەتەوەی کوردو سڕینەوەی سیما تایبەتەکانی گەلی کورد، پرۆسەیەکی سەربازی و سیاسی بوو، بەیەکێک لە تاوانە گەورەکان دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە وێنەی تراژیدی دەگمەنی تێدا دەبینرێت، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری و دەروونی لێبکەوێتەوە، وەك هەتیوبوونی منداڵانی کورد و بێوەژن بوونی ئافرەتی کورد، بێ سەرو شوێن بوونی هەزاران کەس، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

٢- رۆماننووس ئەوەی لە هەست و ناخیدا هەستی پێکردووە دەریبڕیوە، بە شێوەیەک ئاسۆو خەیاڵی قوڵتر کردووەو کارەساتی ئەنفالی تێکەڵ بە خەیاڵی کردووە، هەوڵیداوە وێنەیەک بەرجەستە بکات گوزارشت لە گەورەیی کارەساتەکە بکات، گوزارشتی لە مەینەتیەکانی گەلەکەی کردووە، بارودۆخی ئەزموون و ژیانی نوسەرو بینین و بیستنی رووداوو کارەساتەکە، وای کردووە رووداوەکان لە ناخ و دەروونیدا هەڵگرێت و لەو بەرهەمەیدا بیخاتەڕوو، کە هەستەکانی خەم و ژان و بێزاری و تەنیایی و نائومێدیان پێوە دیارە، دەربرینەکانی لە ناو رۆمانەکەدا زنجیرەیەکن لە گلان و هەستانەوە.

٣- لە رووی دەربڕینەوە زمانێکی سفت و پاراوە، کە چێژی زمانێکی شیعری هەستی پێدەکرێت، لە رێگەی زمانێکی هونەرییەوە وێنەی جیاجیای دروستکردوە، نوسەر توانیویەتی سەرکەوتوانە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات و گوزارشتی مەرگەساتی میللەتێکی پێ بکات.

٤- رووداوەکان لەم رۆمانەدا رووداوی واقیعین، کە بەسەر کارەکتەرەکاندا هاتوون، رووداوەکان مێژوویین بەسەر میللەتی کورددا هاتوون، خستنەڕووی بەم شێوازە وایکردووە چێژێکی زیاتر بە خوێنەر ببەخشێت.

٥- لەم رۆمانەدا چەندین شوێن هەستی پێدەکرێت کە واقیعین، سەبارەت بە کاتیش بریتییە لە ماوەی پێش رووداوی کارەساتەکە و کاتی رووداوی کارەساتی ئەنفال و دوای رووداوی کارەساتی ئەنفال، واتە کات لە رۆمانەکەدا واقیعییە بەواتای هاتنی رووداوەکان لەڕابردووە بۆ ئێستا، ئەمەش لە خزمەت پێشاندانی گەورەیی کارەساتی ئەنفال و بەرجەستەکردنیەتی لە رۆمانێکدا.

سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی: کتێب

١-امین ،بورهان محمد،٢٠٠٤، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی رۆشنبیری لقی( سلێمانی – هەولێر).

٢-ئەحمەد،رێواس،٢٠١٠، گوڵچیای رۆحەکان-رۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٣- تاڵەبانی، ناهیدە- عەلی، جاسم محمد،٢٠٠٢، ئەنفالی گەرمیان، چاپخانەی ووشە، سلێمانی.

٤- خدر، رێزان رەحمان،٢٠١٢، تەکنیکی گێرانەوە لە رۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج)دا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٥- رەسول، شۆرش حاجی، ٢٠١٠،ئەنفال ــ کوردو دەوڵەتی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٦- عەبدە، زەمان، مەرگەساتی ئەنفال، هەولێر.

٧- قوربانی، عارف، ٢٠٠٢، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٨- گوڵ، مارف عومەر،٢٠٠٣، جینۆسایدی گەلی کورد، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

٩- مەعروف، د.کەمال،٢٠٠٥، کێشە نەتەوەییەکان و رووداوە سیاسیەکانی جیهان و کوردستان، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری، سلێمانی.

١٠- مینە، ئەمین قادر،١٩٩٩،ئەمنی ستراتیجی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستاتیژی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی.

١١- محەمەد، عومەر،٢٠١٣، پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، چاپخانەی کەمال.

گۆڤار:

١٢- خدر، عباس همزە ، ١٩٩٩،جینۆساید و کارەساتی ئەنفال، گۆڤاری یاساپارێزی، ژمارە ٤.

١٣- عەزیز، کەیفی محمد، ٢٠١٦، لێکەوتەکانی ئەنفال لە رۆمانی (فرمێسکی بەفر)ی عبدالقادر سعید، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٥، هەولێر.

نامەی دکتۆرا:

١٤- عەلی ، ئەحمەد شەریف ،٢٠٠٩، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان بەشی کوردی.

ماڵپەری ئەلیکترۆنی:

١٥- گوڵپی،د.ناجح، ٢٠١٦، قۆناغەکانی جینۆساید، سایدی ئەنفالستان، stages-of-genocide- ١٣/٠٤/٢٠١٦/ قوناغە کانی - جینوساید/com.anfalistan.www//:http

کتێب بەزمانی عەرەبی:

١٦- المنهل ،١٩٨٣، قاموس - فرنسی – عربی، بیروت.

١٧- حمود ، عبدالوهاب،١٩٨٧، الاجرام الدولی، مطبوعات جامعه الکویت، الطبعه الاولی.

١٨- فتح الله، جرجیس،٢٠٠٤، حول جرائم الحرب و جرائم ضد السلم و الادباده العنصریه، اربیل.

## الإبـادة الجماعيـة (الأنفـال) في روايـة «غولجـاي الأرواح» لريـواس أحمد

## الملخص

تعـد الإبـادة الجماعيـة واحـدة مـن أبشـع الجرائـم التـي ارتكبـت بحـق الشـعب الكـردي، إذ نفذتهـا قـوى احتلاليـة خاليـة مـن كل معـاني الإنسـانية، بعيـدة عـن الضمير والقيـم، ضـد أنـاس أبريـاء لا ذنـب لهـم. وكان الشـعب الكـردي مـن أبـرز ضحايـا تلـك المأسـاة الوحشـية التـي سـجلت في صفحـات تاريخـه كجـراح لا تندمـل، تبقـى شـاخصة في ذاكـرة الوعـي الجمعـي للأمـة الكرديـة. ولهـذا، فقـد اكتسـبت هـذه المأسـاة حضـورا بـارزا في الأدب الكـردي، إذ انعكسـت ظلالها في أعمال أدبية كثيرة.

روايـة «غولجـاي الأرواح» جـاءت نتاجـا لإعـادة تمثيـل تلـك الجريمـة ضمـن الأدب، حيـث ترصـد الروايـة أهـوال الإبـادة وتقـدم شـهادات مؤلمـة عما جـرى. يهـدف هـذا البحـث إلى قـراءة الروايـة وتحليـل الصـورة التـي تقدمهـا عـن تلـك الكارثـة التاريخيـة التـي ألمـت بالشعب الكردي.

وقـد اعتمـدت الدراسـة على المنهـج التاريخـي الوصفـي التحليـلي، فالروايـة تظهـر كيـف حولـت الكاتبـة الألم الإنسـاني إلى خيـال أدبي عميـق، ومزجـت بين الواقعـي والمتخيـل بأسـلوب يبرز حجـم المأسـاة ويجعلها أكثر تأثيرا في وجدان القارئ.

في الروايـة، تظهـر سـلوى، الفتـاة التـي نجـت مـن حـملات الأنفـال، نموذجـا للمـرأة الكرديـة القويـة الإرادة، الصلبـة في مواجهـة القهـر، المتشـبثة بالحيـاة رغـم المآسي. تتجـلى اللغـة في النـص متينـة ومكثفـة، تنضـح بشـاعرية خاصـة تمنـح الأحـداث عمقـا وجدانيـا. ومـا يـروى في الروايـة ليـس مـن نسـج الخيـال وحـده، بـل هـو واقـع مريـر عاشـه الشعب الكردي، ودونه الأدب ليبقى شاهدا على التاريخ.

الـكلمات المفتاحيـة: الأنفـال، الإبـادة الجماعيـة، الجريمـة، التراجيديـا، الصورة.

## Abstract

## The Genocide of Anfal in the Novel “The Rose of Souls” by Rewas Ahmad

Genocide stands as one of the gravest crimes committed against the Kurdish people—an atrocity perpetrated by occupying powers stripped of all sense of humanity, morality, and conscience. Innocent civilians were the victims, and the Kurdish nation bore the weight of this brutal calamity, a tragedy forever etched into the collective memory of its history. Thus, this dark chapter found deep resonance within Kurdish literature, where its echoes continue to shape artistic and narrative expression.

The novel “The Rose of Souls” emerges as a literary reimagining of that genocide, documenting its horrors and bearing witness to the unspeakable crimes of the era. The aim of this research is to analyze how the novel portrays the catastrophe that befell the Kurdish people, examining both its historical and emotional dimensions.

Using a historical-descriptive analytical method, the study reveals how the novelist transforms the pain of reality into a profound imaginative vision—interweaving history and fiction to depict the enormity of the tragedy and its human consequences.

Within the novel, Selwa, a survivor of the Anfal campaign, embodies the resilience of Kurdish womanhood—strong-willed, courageous, and determined to live despite the suffering surrounding her. The language of the narrative is dense and lyrical, poetic in tone, lending the story a deep emotional resonance. The events described are not mere fiction; they are drawn from the lived experiences of a people, recorded in literature as an enduring testimony to their history.

Keywords: Anfal, Genocide, Crime, Tragedy, Imagery.

# ڕێکخستنی یاسایی نێودەوڵەتی تاوانی جینۆساید – نەتەوەی کورد وەک نمونە (دراسەتێکی شیکاریە)

پ.ی. د. کاوە یاسین سلیم

دکتورە امیرە جعفر شریف

د. بازیان یونس محی الدین

پوختە

تاوانی جینۆساید یەکێکە لە جۆرە مەترسیدارترین تاوانە نێودەوڵەتییەکانە، بەهۆی لێکەوتە وێرانکەرەکانی بۆ مرۆڤایەتی و کەرامەتی مرۆڤایەتی، جگە لەو زیانە زۆرەی کە دەیگەیەنێت، کە بۆتە مەترسی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. بەهۆی زۆری پێشێلکاری و زۆری ئەنجامدەرانی کە لە هەندێک ناوچەی جیهاندا بەدی دەکرێت، سەرنجی یاساناسان و پسپۆڕانی یاسایی ڕاکێشاوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چوارچێوەی بۆ داناوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی دۆزینەوەی ڕێوشوێنی بۆ سنووردارکردن و ڕێگریکردن لەم تاوانە نێودەوڵەتیانە داوە. هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارکردن و سزادانی ئەو کردەوانە بووە. ئەم هەوڵانە بە بەستنی ڕێککەوتنامەی ڕێگری و سزادانی تاوانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ چەسپێندرا. بەڵام سەرەڕای واژوکردنی ئەم پەیماننامەیە، کە عێراقیش واژوی کرد، تاوانی جینۆساید بەردەوامی هەیە، ئەمەش کەموکورییەکانی سیستەمی یاسایی بۆ ڕێگریکردن لە تاوانی جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نیشتمانی دەرخستووە، لەڕووی دۆزینەوەی بڕگەی گونجاو بۆ پابەندبوون بە بڕگەکانی ڕێککەوتنامەی جینۆساید.

وشەبنچینەیەکان: جینۆساید – دادگای نێودەوڵەتی- مافی مرۆڤ – کورد – نەتەوە

## پێشەکی

مافی مرۆڤ بۆ ژیان لە نێو مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤدا لە پێش هەموو شتێکەوەیە. ئەم مافە لە جاڕنامەی جیهانی و پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان چەسپاوە. مرۆڤایەتی لە کۆنەوە شاهیدی بە ئامانجکردنی گروپەکان بووە بۆ کوشتن لەسەر بنەمای ڕەگەز، نەتەوە، یان ئایین. بەڵام ئەم تاوانە ناوێکی ناسراوی نەبوو وهیچ کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی لەسەر ئیدانەکردن و سزادانی نەبوو تا سەدەی بیستەم کە زاراوەیەکی نوێ بۆ تاوانێکی کۆن لەدایک بوو. ئەو ئامانجە نامرۆڤانە و شێوازە دڕندانەیە کە بۆ قڕکردنی ملیۆنان مرۆڤ مرۆڤ بەکارهێنراون، وایکرد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدوای میکانیزمێکدا بگەڕێن بۆ پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤ لە لەناوچوون. ئەمەش گەیشتە لوتکە بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنامەی ڕێگری و سزادانی تاوانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨.

تاوانی جینۆساید لە چوارچێوەی گشتی تاوانە ئاساییەکان دوور دەکەوێتەوە، بەو پێیەی کە بە پلەی یەکەم ئەو کردەوە قەدەغەکراوانە دەکاتە ئامانج کە یاسای لەناوبردنی گروپێکی دیاریکراو پێکدەهێنن نەک تاکێک. جگە لەوەش، هەڵسوکەوتی تاوانکاری لەم تاوانەدا نەک هەر پێشێلکردنی ڕێسایەک یان ڕێسایەکی یاسایی نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر بناغە بنەڕەتییەکانی ژیان بۆ تەواوی گروپێکی مرۆڤایەتی و نەزمی گشتی نێودەوڵەتی هەیە.

یەکەم: گرنگی توێژینەوەکە، نووسینی لێکۆڵینەوە لەسەر جینۆسایدی کوردستانی عێراق تەنیا هەوڵێکی ئەکادیمی نییە، پەیامێکی مرۆیی و مێژوویە و کاریگەری قووڵی هەیە لێرەدا گرنگترین خاڵەکانی دەخەینەڕوو :

- بەڵگەنامەسازکردنی تاوانەکان: هۆکارە بۆ پاراستنی

یادەوەری بەکۆمەڵ و تۆمارکردنی ئەو ڕووداو و شایەتحاڵی و گۆڕە بەکۆمەڵانەی کە گەلی کورد تووشی بووە، بەتایبەتی لە هەڵمەتەکانی وەک ئەنفال و هەڵەبجەدا .

- ئاشکراکردنی ڕاستییەکان: یارمەتیدەرە بۆ ئاشکراکردنی بارودۆخی ئەو تاوانانەی کە بە شاراوەیی ماونەتەوە، و پێشکەشکردنیان بۆ خەڵک و دامەزراوە دادوەرییەکان .
- پشتگیریکردن لە دادپەروەری: کاریگەرە لە داواکاری لێپرسینەوە لە تاوانبارانی تاوانەکان و قەرەبووکردنەوەی قوربانیەکان و کەسوکاریان و ڕێزلێنانیان لە ڕووی مادی و مەعنەوی .
- بەهێزکردنی یاساکان: یارمەتیدان لە پەرەپێدانی یاسا نیشتمانییەکان کە پابەندن بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بۆ بە تاوانبارکردنی جینۆساید .
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جیهانی :تیشک خستنە سەر ئازارەکانی خەڵکی کوردستان و پاڵنەر بۆ ناساندنی نێودەوڵەتی ئەم تاوانانە وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی .
- ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی : بە لێکۆڵینەوە لە هۆکار و دەرئەنجامەکان، دەتوانرێت پرۆژە پێشنیار بکرێت بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە لە داهاتوودا.
- پەروەردەکردنی نەوەکان و ڕۆشنبیرکردنیان: یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی هۆشیاری مێژوویی لەنێو گەنجان سەبارەت بەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر میللەتەکەمان ئەنجامدراوە بۆ ئەوەی ئەم تاوانانە لەبیر نەکرێن .
- بنیاتنانەوەی ناسنامە: بەشدارە لە چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی جینۆساید لەسەر ناسنامەی کورد و بەرزکردنەوەی کەرامەتی نەتەوەو کۆمەڵگا .

دووەم: ئامانجی توێژینەوە

- بەڵگەنامەکردنی تاوانەکان: پاراستنی یادەوەری بەکۆمەڵ و تۆمارکردنی و بەڵگەنامەسازی بۆ ڕووداو و شایدحاڵەکان .
- شیکاری هۆکار و کاریگەری و دەرنجامەکانی: تێگەیشتن لە چوارچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە بەردەوامەکانیان.
- داوای دادپەروەری: پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی لێپرسینەوەی یاسایی لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا.
- ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکان: پەرەپێدانی سیاسەتەکان کە ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکان لە داهاتوودا دەکات .
- هۆشیاری بڵاوکردنەوەی زانیاری لە نێوان نەوە نوێیەکاندا .
- بنیاتنانەوەی ناسنامە: چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی جینۆساید لەسەر ناسنامە و گەڕانەوەی متمانە پێگەیان لەناو کۆمەڵگا .
- دانپێدانانی نێودەوڵەتی : پشتگیریکردن لە پۆلێنکردنی تاوانەکان وەک جینۆساید لە ئاستە نێودەوڵەتییەکان.

سییەم: کێشەی توێژینەوە

- لاوازی یاسای ناوخۆیی: یاساکانی عێراق لەگەڵ ستاندارە نێودەوڵەتییەکان بۆ تاوانبارکردنی جینۆساید هاوتەریب نین، ئەمەش ڕێگری دەکات لە بەڵگەنامەکردنی یاسایی ورد .
- هەستیاری سیاسی: ڕەنگە هەندێک لایەن لێکۆڵینەوە لەم تاوانانە بە هەڕەشەیەک لە بەرژەوەندی سیاسیان بدات یان بە تێگەیشتنی ئەوان بە سەرچاوەی دابەشبوون بزانن، ئەمەش توێژەران دەخاتە دۆخێکی هەستیارەوە .
- نەبوونی لێپرسینەوەی کاریگەر: سەرەڕای بەڵگەکان، نەبوونی دادگاییکردنی دادپەروەرانە یان نێودەوڵەتی کاریگەرییەکانی لە بەدەستهێنانی دادپەروەریدا سنووردار دەکات .
- نەبوونی سەرچاوەی تەواوی جێی متمانە: زۆرێک لە بەڵگەنامەکان یان ونن یان لەناوبراون یان بەردەست نەماون، و ڕەنگە ئیفادە و ووتەی شایەدحاڵەکان دژەیەک وورد و ڕوون نەبن .
- بە سیاسیکردنی توێژینەوە ئەکادیمییەکان: هەندێک لێکۆڵینەوەکان وەک لایەنگیری بەهۆی ئەجێندا سیاسییەکانەوە هەست پێبکرێت و کاری بۆ کرابێت بۆ شوێن بزرگردن بەڵگەنامەکان ، ئەمەش کاریگەری لەسەر متمانەپێکراوی دەبێت .
- مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتگەلێکی ئازاربەخش وەک گۆڕی بەکۆمەڵ یان ئیفادەی ڕزگاربووان ئازاربەخشە لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات.
- گرنگی نەدانی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەت: سەرەڕای گەورەیی تاوانەکان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمیشە گرنگییەکی پێویستی پێنەداوە، ئەمەش کاریگەری توێژینەوەکان سنووردار دەکات .

چوارەم: شێوازی توێژینەوە

ڕێبازی شیکاری وەسفی شێوازێکی توێژینەوە کەیە وەسفێکی

وردی دیاردەکە و کۆکردنەوەی زانیاری و شیکاری تێکەڵ دەکات بۆ دیاریکردنی پەیوەندی و هۆکارەکانی، و لێکدانەوەی قووڵ پێشکەش دەکات. ئەم ڕێبازە تیشک دەخاتە سەر کۆکردنەوەی زانیاری گشتگیر سەبارەت بە تاوانی جینۆساید، پاشان بەکارهێنانی ئامرازە شیکارییە ئامارییەکان یان نائامارییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوەکانی و دابینکردنی تێڕوانین و چارەسەری گونجاو بۆ ناساندنی وەک تاوانی جینۆساید و دواتر قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانی.

پێنجەم: پلانی توێژینەوە

بۆ وەڵامدانەوەی ڕوون و هەمەلایەنەی ئەم تاوانە، توێژینەوەکە دابەش دەکەین بەسەر دوو توێژبەند: یەکەمیان بەناونیشانی چەمك و ڕایەڵەکانی تاوانی جینۆساید کە لە دوو داواکاری باس دەکەین لە یەکەم داواکاری باس لە چەمکی ئەم تاوانە دەکەین، دواتر لە داواکاری دووەم باسی ڕایەڵەکانی دەکەین، لە توێژبەندی دووەمدا باسی ئامرازە یاساییەکانی بەرنگاربوونەوەی تاوانی جینۆساید دەکەین لە داواکاری یەکەمدا باس لە ئامرازە نیودەوڵەتیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی جینۆساید دەکەین، لە داواکاری دووەمدا باسی تاوانی جینۆساید دژی میلەتی کورد دەخەینە ڕوو.

توێژبەندی یەکەم: چەمك و ڕایەڵەکانی تاوانی جینۆساید

جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتییە وئەنجامی ترسناکی هەیە، بۆیە لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا بە پەیاننامەیەکی تایبەت و گەلێ بەڵگەنامەی تر و یاسا نێوخۆییەکان قەدەغە کراوە. لەم توێژنەوەدا باسی دوو داواکاری داکەین یاکەمیان چەمکی تاوانی جینوساید و ئەوەی تریان باسی ڕایەلەکانی ئام تاوانە دەکەین.

داواکاری یەکەم: چەمکی تاوانی جینۆساید

جینۆساید تاوانێکی هەمەلایەنەیە، دەکرێ یەك جۆری پراکتیك بکرێت وەکو نەهێشتنی بەدەنی، دەشکرێ هەمەجۆرە بێت وەك جینۆسایدی کولتوری نەتەوەیی، بیۆلۆژی و ئابووری، لەهەموو ئەم حاڵەتانەشدا ئەم تاوانە تاوانێکی سەربەخۆیەو لێپرسینەوەی نێونەتەوەیی و ناوخۆی دەکەوێتە ئەستۆی تاوانکارانی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەرو پێوانانەی کە لەپەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدا هاتووە لە (٩)ی کانوونی دووەم ساڵی (١٩٤٨) لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە. تاوانی دژی مرۆڤایەتیش هاوشانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژی ئاشتی، بە تاوانی نێونەتەوەیی دەژمێردرێن. بۆیە لە یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا زۆر بە گرنگی جەخت لەسەرقەدەغەکردن و سزا خستنە سەر تاوانکارانی کراوە.

لەدوای جەنگی دووەمەوە، بەهۆی تاوانی فاشیستەکانەوە، لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا ئەو پرەنسیپە بەتەواوی جێگیر بوو کە جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی، بۆیە نەك هەر وڵاتانی تاوانکار بەڵکو ئەو کەسانەش کەبەئەنجامدانی جینۆساید تاوانبار دەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی، نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆیان[1].

جینوسایدو کومەڵکوژیەکان لە میژودا کەم نین ئەو کومەڵ کوژیانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامدراوە بەرامبەر بە کوردیش بەڵام لە بەر ئەوەی نەنوسراونەتەوە و تەکنەلۆژیای پێشکەوتو نەبووە بۆ تۆمارکردنیان هەربۆیە بە ئاسانی ونبوون.

- یەکێك لە گەورەترین کومەڵکوژی لە مێژودا لە لایەن Leopold ی دووەم، مەلیکی بەلجیکا ١٨٨٥-١٩٠٨ ئەنجامدراوە کە لە لایەن ئەمەوە لە پیکەینانی کۆلۆنی کونغودا دانیشتوانەکەی نیوەکرد. لەم پرۆسەی ویرانکردنەیدا نزیکەی (١٠) ملیون مرۆڤی لەناوبردوە .
- کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکەکانەوە لە ساڵی ١٩١٥/١٩١٦، کوژرانی(ملیون و نیوێك) مرۆف.
- وێرانکردنی یەهودیەکان بە فەرمانی ئەدۆلف هیتلەر کە بە هۆلۆکوست ناسراوە کۆتایی بە ژیانی(حەوت) ملیون مرۆڤ هینرا، سەرەتا نەخشەی لە ناوبردنی (یانزە) ملیون یەهودی کرابوو لە ئەوروپا بەڵام هاوپەیمانەکان کۆتاییان بەم پلانە هینا.
- کۆمەڵکوژیی و جینوسایدکردنی هندە سورەکان لە کیشوەری ئەمریکا (نزیکەی ١٠٠ ملیون مرۆف).
- کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکەکانەوە لە ساڵی ١٩١٥/١٩١٦ کوژرانی(ملیون ونیویك) مرۆڤ.
- کۆمەڵکوژی دەوڵەتی تورك بەرامبەر بە کورد لە جەنگی یەکەمی جیهانیی، ١٩١٦/١٩١٧.
- کوژرانی (سی سەد هەزار) لە مەسیحیە ئەرمنیەکان و ئاسوریەکان لە ساڵانی ١٩١٥-١٩١٤، لە نیو ئیمپراتوریەتی عوسمانی لە لایەن سوپای تورکەوە .
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر چینیە ئیندونیزیەکان لە ساڵی ١٩٦٥ (یەك ملیون).
- کۆمەڵکوژی هیندوسەکان لە دوای سەربەخویی بەنگلادیش لە ساڵی ١٩٧١ نزیکەی (سی ملیون) قوربانی.
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر مەسیحیەکانی تەیموری ڕوژهەلات لە ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٩٩، (١٨٠ هەزار) قوربانی، نزیکەی ٢٠٪ی

١- د.زياد محمد ربيع، جريمة الابادة الجماعية، مجلة العلوم القانونية- جامعة بغداد، ٢٠١٩، ل١٤-١٧.

سەرجەم دانیشتوان.

• کۆمەڵکوژی لە دارفور (سودان) (شەش سەد هەزار) کوژراو، لە ساڵی ٢٠٠٣ وە .

• لە میژووی ئیسلامدا هەروەك لە میژووی مەسیحیەکان کومەڵکوژی هەبووە بەلام هەمووی لە یادکراوون چونکە میژوو لە لایەن سەرکەوتوەکانە وە نوسراوە تەوە. کومە لکوژی دژی بەنی القریش لە ساڵی ٦٢٧.

• کۆمەڵکوژی دژی دانیشتوانی ئەسلی ئوستورالیا.

• کۆمەڵکوژی بەرامبەر چیرکیسەکان ١٨٦٤ بە دواوە لە لایەن ئیمپراتوریەتی قەیسەرەوە .

• کۆمەڵکوژی سوپای ئەڵمانەکان لە خوارووی رۆژئاوی ئەفەریقا بەرامبەر بە هیریرۆکان لە ١٩٠٤.

• کۆمەڵکوژی بەرامبەر ئوکرانیەکان لە یەکیتی سوڤیەت (١٩٣٢/١٩٣٣).

• کۆمەڵکوژی بەرامبەر هندوسەکان لە پاکستان و موسڵمانەکان لە هند هەریەکەو نزیکەی (یەك ملیون کوژراو).

• کۆمەڵکوژی بەرامبەر تیبیتەکان لە سەردەمی ماوتسی تونگ.

• کۆمەڵکوژی بەرامبەر ئیبۆسەکان لە نیجیریا ١٩٦٦- ١٩٧٠ (یەك ملیون) کوژراو.

• کۆمەڵکوژی لە کەمبودیا(١٩٧٩-١٩٧١).

• کۆمەڵکوژی لە تەیموری روژهەڵات (١٩٩٩-١٩٧٥).

• کۆمەڵکوژی هوتوەکان دژ بە توتسیەکان (١٩٩٤). نزیکەی (یەك ملیون) کەس لە تەنیا ١٠٠ روژدا کوژران کە نزیکە ی ٧٥٪ی توتسیەکان دەکات لە رواندا.

• قەسابخانەکەی سریبرینسا/ یوغوسلافیا ١٩٩٥.

• کۆمەڵکوژی دژ بەگەلی کورد وەك ئەنفالی ١٩٨٨، وئەنفالی بارزانیەکان، کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنی فەیلیەکان، لەنوێترینیان کۆمەڵکوژی کوردانی ئیزیدی لە قەزای شەنگال ودەوروبەری لەلایەن ڕێکخراوێکی توندڕەوی بەناو داعش. بە جینۆساید هەژمار دەکرێن، چونکە ئامانج لێی قرکردنی نەتەوەیەکە، هۆکارەکانیش ئاینی، نەتەوەیی، ڕامیاری، ڕەگەز پەرستی.

سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵکوژیەکانی دونیا بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لەم تاوانانە لە لایەن دادگایەکی نیودەوڵەتیەوە بە جینۆساید ناسراوە، ئەو تاوانانەی لێرەدا ئاماژەمان پێداوون تەنیا دڵوپیکە لە دەریایەك، ئایا ئەوانە کۆمەڵ کوژیە یان دەچنە قالبی تری تاوانەوە وەك تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی یان تاوانی جەنگ.

لە پینج هەزار ساڵەی دوایدا بەپێی لێکۆڵینەوەی شارەزایانی میژوو زیاتر لە ١٤ هەزار جەنگ تۆمارکراوە، زیاتر لە چوار ملیارد مرۆڤ بە هۆی جەنگەوە کوژراوە کە دەکاتە نزیکەی ٣/٢ ی کۆی سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی ئەمرۆی سەرزەوی، بەتەنیا لە سەدەی بیستەمدا دوو جەنگی جیهانی ڕویداوە. لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە هەتا ئێستە زیاتر مرۆڤ بە هۆی جەنگەوە گیانیان لە دەستداوە بە قەد ژمارەی ئەوانەی لە جەنگی دوەمدا کوژراون یان بە هۆی جەنگەوە وێرانبوون.

کۆمەڵەی گشتی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، پشت بەبەندی شەشەمی (٦) دەستوری دادگای نورنبێرگ دەبەستێ، کە «جینۆساید واتە ڕەتکردنەوەی مافی بوونی سەرجەمی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی، هەروەکو چۆن، فەوتاندنی مرۆڤ نیشانەی ڕەتکردنەوەی مافی بوونی ژیانە، ئەوەش ڕەفزکردنەوەی دان پێدانانە بە مافی بوون، سوکایەتی کردنە بەسەرجەمی مرۆڤایەتی و ژیانێکی قەرەبۆنەبۆوە دروست دەکات، گشت کولتوری شارستانی کۆمەڵی مرۆڤ دادەماڵێ و دژی یاسای ڕەوشت و ناوەرۆك و مەبەستی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕادەوەستێ.

بەپێی ڕێکەوتننامەی ڕێگری کردن (منع) لە ناوچوونی (جنس) ڕەگەزی مرۆڤایەتی و سزاشی بۆ دیاری کراوە. لە ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٦ هاتووە جینۆساید مەبەستی ڕۆخاندنی بەئەنقەستە بۆ کۆمەڵەکانی نەتەوەی و عرفی و ئاینی، ووشەی لەناوبردنی بە کۆمەڵ (Genocide) بەستراوەتە یاخود پەیوەندکراوە بەتاوانی لەناوبرنی نازیەکان، هیتلەر بۆیەکەم جار کاتێك بەچەندین ملیۆن کەس کوژران بەهۆی ئاین یان ڕەچەڵك (اصلهم العرقی)، هەژمارکرا بەتاوانی دژە مرۆڤایەتی، هەتا ئەگەر تاوانەکە پێشێل کردنی یاسای ناوخۆی سیستەمی جێ بە جێ کاریش نەبووە[٢].

ئەنجامدانی کردارێك بەمەبەستی لەناوبردنی گشت یاخود بەشێك لە کۆمەڵەکانی ڕەگەزی و ئاینی بەچەندین شێواز ئەنجام دەدرێن تاوانەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یاخود هاندان بێت یان ڕێکەوتن لە سەر ئەنجام دانی، لە کاتی شەڕ یاخود ئاشتی، بەپێی ماددەی دووی ئەم ڕێکەوتنە هاتووە لەناوبردنی بەکۆمەڵ ئەم کردەوانە لەخۆ دەگرێت: ئەنجامدانی بەمەبەستی لەناوبردنی بەکۆمەڵ یان بەشێك لە کۆمەڵەیەکی نیشتیمانی، یان بت پەرستی یان ڕەگەزی یان ئاینی بەمەبەستی

٢- خالد محمد الاحمري، حمد سليم عطايا، التنظيم القانوني الدولي لجريمة الابادة الجماعية، المجلة الدولية للبحوث والدراسات القانونية، الاصدار ٣، العدد ٤، ٢٠٢٤، ل٨٤-٨٥.

کوشتنیان یان زیان بەرۆح و لاشەیان بگەیەنن و چەندین جۆریتر کەمەبەست لێی لەناوبردنیان بێت.

ئەنجامدانی ئەم تاوانانەش بەرپرسیاریتی یاسایی لێ دەکەوێتەوە لەلایەن هەرکەسێك ئەنجام بدرێن، فەرمانبەری گشتی سەربازی و مەدەنی (شارستانی) یاخود هەر تاکێك، ئەم جۆرە تاوانانەش بەسەرناچێت یان لە ناوناچێت (سقوط) بەتێپەڕبوونی کات.

میللەتی کوردیش لە مێژووی خۆیدا خەباتی بێ ووچان کردووە لە قۆناغە جیاجیاکانی تاوەکو سەردەمی ئێستاماندا بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و مافە سەرەتایەکانی مرۆڤ. وە خوێنی بۆ ڕشتووە تا وەك گەلانی تری ئەم سەرزەویە بەئازادی و سەربەرزی بژێت. گرنگترین ئەم مافانەش مافی چارەنووس، کە دان پێدراوە لە گشت ڕێکەوتننامەو بلاوکراوە جیهانیەکان و دستووری وڵاتان و پەیماننامەکان، نموونەش پەیماننامەی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دیاری کردنی چارەنووس لەبەندی یەکەمی پەیماننامەکە هاتووە[٣].

لەبەندی یەکەمی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی وسیاسیەکان هەروەها لە بەندەکانی پەیمانامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری کۆمەڵایەتی وکەلتوورییەکان دا وەك یەکێك لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ پێناسە کراوە.

کورد وەك هەر میلەتێك هەردەم لەخەبات و تێکۆشان بووە بۆ ڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لە خەباتی بەردەوامیشی بە درێژای مێژوو چەندین سەرکردەی مەزن ڕابەرایەتیان کردووە دیارترین نموونەش شێخ محمودی نەمر و قازی محمد کە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٤٧ لە باکوری ڕۆژئاوای ئێران یەکەم دەوڵەتی کۆماری کوردستان لەشاری مەهاباد دامەزراند، کە تەنها ١١ مانگ ژیا، هەروەها مەلا مستەفای بارزانی کە درێژەپێدەری ئەو خەبات و تێکۆشانە بوو بۆ بەدەست هێنانی ماف و ئازادیەکانی میلەتەکەی، کە گرنگترین دەستکەوتی ڕێکەوتنی ١١ ی ئادار بوو کە حوکمی ئۆتۆنۆمی بەدەست هێنا بۆ میلەتەکەی، ئەگەرچی ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی ڕاست گۆنەبوونە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی ڕەوای کورد میلەتێك کە ژمارەیان لە ٤٠ ملیۆن کەس زیاترەوە لە چوارچێوەی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا عیراق، ئێران، تورکیا، سوریا، مەسەلەی کورد هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوە، گەلی کورد بەدابەشکراوی بەر شاڵاوی درندانەی قڕکردنێکی سەراپاگیری کەوتووە. ئیتر بوونی نەتەوەی کورد هەر لە مێژووەوە کەوتۆتە مەترسیەوەو مێژوو کەلتورو ئابووری کوردستان وا شێویندراوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تایبەتمەندی نەتەوەی زیاتر هەوڵی تێکدانی بۆ دەکرێ، هەربۆیە جەوهەری بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد خەسلەتێکی ڕەوای هەیە، چونکە داکۆکی لە مافی ڕەوای گەلەکەی خۆی دەکات.

چارەسەر نەکردنی مەسەلەی کورد، گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە خاکی کوردستان لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لەژێر چەوساندنەوەیەکی بەردەوامە، ئەوەش کار دەکاتە سەر پرۆسەی یەکێتی نەتەوەیی گەلی کورد وکاریگەریتی خەباتی سیاسی لە پێناو مافە نەتەوەییەکان ئیتر بەردەوام بوونی ئەم سیاسەتەش گەیشتۆتە ئەوەی کە جینۆسایدێکی هەمەلایەنی بەرنامەڕێژ کراوە لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە جێ بەجێ دەکرێت[٤].

سیاسەتی ئەو وڵاتانە بریتیە لە وێرانکردنی شارستانیەت و کەلتوری کورد، هەوڵێ زۆر دەدەن ئەو ڕاستیە بشارنەوە کە گەلی کورد لە گەلە هەرە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، نەك هەر ڕێگە بۆ پێشکەوتنی کەلتوری کوردی خۆش ناکەن، بەڵکو هەردەم هەوڵی لەناوبردن وسڕینەوەی دەدەن. دەکەوینە ئەو ئەنجامە کە بڵێین جینۆساید بەهەموو جۆرەکانی لە دژی گەلی کورد پراکتیك دەکرێ.

پێناسەی جینۆساید

جینۆساید (Genocide) زاراوەیەکە لە ڕووی زمانەوە لە دوو ووشە پێك هاتووە:

وشەیەکی گریکی (Genos) واتە: ڕەگەز، بنەچە.

وشەیەکی لاتینی (Caede) واتە: کوشتن، فەوتاندن. بە لێکدانی هەردوو وشە فەوتاندنی بنەچە (Genocide) پێك دێت.

جینۆساید وشەیەکی لاتینیە لە زمانی یاساو سیاسەتدا بەکاردەهێنرێ، تاوانێکی نێودەوڵەتیەو بەواتای گەل کوژی، یان ڕەگەز کوژی دێت، بریتیە لە لەناو بردنی نەتەوەیەك یان کەمینەیەك یان کۆمەڵێك خەڵك یان دەستەیەك لەلایەن وڵاتێك یان پارتێکی دەسەڵاتدارەوە. دەستدرێژییە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی، هەر بۆیە دەبێت لەسەر ئاستی یاسای نێدەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە پێشێلکردنێکی تەواوی مافی مرۆڤە و ترسناکانە لە دژی مافی ژیان، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەر دراوە کە تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی[٥].

٣- ئاسۆ کریم، دەستور، مافی چارەی خۆنووسین، فیدرالیزم و ریفراندۆم، چاپخانەی خانی دهۆك، ٢٠٠٨، ل٣٤.

٤-محمد رزگار، مافی چارەی خۆنووسین، ٢٠٢١، https://zaniary.com/blog/٦٠٣١٢c٥a٩٣f٨٩ .

٥-د.سالار باسیرە، جینۆساید، لەیاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەنیودەوڵەتکردنی، کورد وەك نموونە، سەنتەری مارگرێت- سلیمانی، ٢٠١٣، ل٦٦.

جینوساید لە یاساکانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا لە گشت خالەکانیدا پیناسە کراوە بە ئامانجی ویرانکردن و لە ناوبردنی سە رجە م یان بە شیکی نەتەوەیەک، کەمایەتیەك، رەگەزیك یان گروپیکی کومەلایەتی وئاینی ئەنجام بدریت بەشیوەیەکی عەمدی و نەخشەکیشراو، راستەوخو یان ناراستەوخۆ لە بەندی دووی ئەم پەیماننامەیە دا هاتووە:

١) ئە نجامدانی زیانی گیانی و روحی.

٢) کوشتنی ئە ندامانی کۆمەلگا.

٣) بە عەمدەن شیوەیەکی تری ژیان بەسەر ئەو کۆمە ڵگایە دا بسەپینرێت کە پیشتر دەزانریت دەبێتە هۆی لە ناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی کومەلگاکە.

٤) فەرمان دەرکردن بو گرتنەبەری ڕێگاوشوین بۆ ریگاگرتن لە دایکبوونی منداڵ.

٥) گواستنەوەی بە زۆری مندالان لە گروپێکەوە بۆ یەکێکی تر.

داواکاری دووەم: ڕایاڵەکانی تاوانی جینۆساید

تاوانی جینۆساید، وەک هەر تاوانێکی نێودەوڵەتی تر، پێویستی بە رایالەکان هەیە: ڕایالەی ماددی ونابەرجەستە، جگە لە ڕایالەی نێودەوڵەتی، کە تاوانە ناوخۆییەکان لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان جیا دەکاتەوە. ئەم ڕایالە داوا دەکات کە کردەوەکە بەپێی ڕێساکانی یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان تاوانبار بکرێت و ببێتە هۆی زیان یان هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکی نێودەوڵەتی کە بە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی و ستانداردی تاوانە نێودەوڵەتییەکان پارێزراون. ئەم ڕایالەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدەر یان قوربانی، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی هێرشەکە و زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا ئەم بەرژەوەندییانە زۆرتر بن، ئەم تاوانانە زۆرتر دەبن. پەیوەندی نێوانیان ڕاستەوخۆ ڕێژەیی دەبێت، لەگەڵ زیادبوونی بەرژەوەندییە پارێزراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ڕێژەی ئەو تاوانانەی بەرامبەریان ئەنجامدەدرێن لە چەندایەتی و کوالیتیدا زیاد دەکات[٦].

جگە لە ڕایالە یاساییەکە، کە پیرۆزکردنی بنەمای یاساییبوون پێکدەهێنێت، بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە، باس لەوە دەکات کە جینۆساید بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان تاوانێکە، جا لە کاتی ئاشتیدا بێت یان لە کاتی شەڕدا ئەنجام بدرێت و دەوڵەتەکان بەڵێن دەدەن هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگرنەبەر بۆ ڕێگریکردن و سزادانی ئەنجامەکەی.

ئەم تاوانەش سێ ڕایەڵەی لە خۆ دەگرێت :

١. ڕایەڵەی یاسایی: مەبەست لێی دەقی یاسایەکە کە ڕووداوەکە بە کردار بێت یاخود نەکردنی کردارێك بە تاوان هەژمار بکرێت. لە پەیماننامە و ڕێکەوتنامەکان یاخود دەقە نێودەوڵەتیەکان کە پەسەندکراوە لەلایەن دەوڵەتان، وەك ڕێکەوتنی تەحریم کردنی لەناوبردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی کە تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی، بەشێوەکانی جیا وەك لەناوبردنی بە کۆمەڵ کوژی بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەکی دیاری کراو یان ڕەگەزێکی دیاری کراو یاخود کەمینەیەك، کۆمەڵێك وەك ئەوەی لە کوردستان و باکوری عێراق ڕوی دا، نموونەی (هەڵەبجە و ڕوداوی ئەنفال) یان بە شێوەی لەناوبردنی بیولۆجی وەك لەناوبردنی کەلتوورو نەهێشتنی زمانی دایك. کە هەموو ئەم تاوانانە ئەنجام دراوە لە عێراق بەرامبەر گەلەکەی بە ڕێگای ئەنجام دانی شەرو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی وەك: کوشتنی بە کۆمەڵ و زیندە بە چاڵکردن و هەڵواسینی بێ دادگای و چەندین تاوانی تری دژ بە مرۆڤایەتی لە باکورو کوردستانی عێراق گەورەترین بەڵگەش گۆڕە بە کۆمەڵەکان کە لەناو ناوچە جیاجیاکانی دەدۆزرێتەوە.

٢. ڕایەڵەی مادی: مەبەست لێی کرداری تاوان یاخود نەکردنی کردارێك کە بە تاوانی نێودەولەتی هەژمار دەکرێت، یاخود ڕەفتارێکی بە ئەنقەست ومەترسیدارە وەك وێرانکردنی گوندەکان و ژینگەو بێسەرو شوێن کردنی هاوڵاتیان و بەکارهێنانی چەکی بیۆلۆجی وکیمیاوی ڕێگە پێنەدراو، وەك چۆن رژێمی لەناو چوو (سەدام حسین) دژی هاوڵاتیانی، لە چەند ناوچەیەکی کوردستان و لە باکوروی عیراق بەتایبەت لە ناوچەکانی ئەهوار کە پانتایی لە نیوان سێ شاری باکور (میسان، زی قار، بەسرە) کە بوە هۆی ژەهراوی کردنی وشك کردنی و لەناوبردنی ژینگەی ژیانی ئاسایی نەك تەنها بۆ مروڤ بەلکو بۆ ئاژەل و تەیر و دەرخت کە بوە هۆی لەناو چوونی (٣٠٠) هەزار مرۆڤ و ڕاگواستنی زیاتر لە (١٠٠) هەزار بۆ وڵاتی ئێران کە لە سجنەکان نیشتەجێکران، پاش روخانی ئەو ڕژێمە تا ڕادەیەك ژیانی گەڕایەوە و ڕاگوێزراوەکان گەرانەوە زێدی باب و باپیریان بەڵام لە رووی سروشتیەوە تا سەردەمی ئیستاش ئاسەواری ماوە.

٣. ڕایەڵەی نابەرجەستە: مەبەست لەم ڕایەڵەیە ئەوەیە کە تاوانە نێودەوڵەتیکە بە ئەنقەست ئەنجام بدرێت، ئەوەش هۆکاری مەترسیداری تاوانە نێو دەوڵەتیەکەیە کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی پایەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەکەیە لە

---

٦- د.سالار باسیرە، سەرچاوەی پیشوو، ل٥.

ئاسایش و ئاشتی جیهانی. هەربۆیە تاوانی نێو دەوڵەتیەكان بە تاوانكاری هەژمار دەكرێت نەوەك كەتن و سەرپێچی[٧].

لەمیانەی ئەم رایەڵانەی كە چەمكی جینۆساید پشتی پێدەبەستێت چەندین ئامانج و جۆری لێ بەدی دەكرێت، لەناوبردنی رەگەزی مرۆڤایەتی، كوشتنی كۆمەڵەكان یان كۆمەڵە مرۆڤایەتی بەچەندین ئامراز و شێواز. لەو كردەوە ترسناكانەیە كە هەڕەشە لە ئاسایش و سەلامەتی كۆمەڵگا دەكات چونكە دەبێتە هۆكاری لەناوبردن و دەربەدەركردنی مرۆڤەكان بەگشتی یاخود بەشێكی بەهۆكاری سروشتی نیشتیمانی بوونیان، رەگەز، ئاین.. تا دوای.

ئەنجام دانی ئەم تاوانە بە شێوەیەكی ئەنقەستە هەربۆیە ئاسەوارەكانی تەنها لەسەر ناوخۆی وڵاتەكە نابێ لە چوارچێوەی سنووری هەرێمایەتی، بەڵكو درێژە پێدانە بۆ كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە گشتی، ئەم تاوانە بە تاوانی سیاسی هەژمار نەكراوە بەڵكو بە تاوانێكی ئەنقەست و ئاسایی بیزانراوە. ئەگەر ئامانجی سیاسیشی لە دواوەبێت. جینۆساید تەنیا فەوتاندنی فیزیكی كۆمەڵە خەڵكێكی نەتەوەیی ئێتیكی، رەگەزی یا ئاینی نیە، بەڵكو چەندین جۆری تره لە مانە:

١.جینۆسایدی جەستەیی: كوشتن بەهەرجۆرێك بێت لەسێدارەدان، گولەباران كردن، هێرشی سەربازی و بەكۆمەڵكوشتن و بەكارهێنانی چەكی قڕكردن وەك كیمیایی و فسفۆری و ژەهرو.....هتد. وەك چۆن لە عێراق لەلایەن رژێمی درەندەی بەعس دژ بە گەلی كورد وە ئەنفال كردنی ١٨٠٠٠٠ هەزار مرۆڤ وە ٥٠٠٠ هەزار بارزانی، هەروەها دژ بە شیعەكان لە باكوری عێراق لە كاتی راپەرینی ئاداری ١٩٩١ كە بە پێی دانپێدانانی ئەفسەرەكانی سلكی ئاسایش كە بەرپرسی سلكی تایبەت قصی صدام حسین لە یەك رۆژدا (٢٠٠٠) هاوڵاتی عیراقی كوشتووە بەبێ دادگای لە بەندینخانەكانی ابو غریب لە ژێر ناوی (خاوێن كردنەوەی بەندینخانەكان).

٢.جینۆسایدی بایۆلۆژی: بەربەست (بەربەند) كردنی هەر كۆمەڵە مرۆڤێك لە پێشكەوتن و زیاد بوون وەكو بەربەنكردنی منداڵ بوون و زیادكردن، یا لەیەك دابڕینی پیاو و ئافرەت و دابەشكردنی كەسانی خێزانی بۆ ماوەیەكی زۆر. ئەم جۆرەی جینۆساید لە هێرشە شومەكانی ئەنفال ی ١٩٨٨ لە خوارووی كوردستاندا پەیرەوكراوە بە تایبەتی پیاوان لە ئافرەتان و دابڕینی كچان لە دایكان و باوكان، دوایش منالان لە دایكان.

٣.جینۆسایدی كەلتووری- نەتەوەیی: وەكو قەدەغەكرنی زمان و رۆشنبیری و شێواندنی مێژوو، فەوتاندنی تایبەتمەندی نەتەوەیی

٧ - ابو زید، ایمان عبدالستار محمد، ضمانات المتهم امام المحكمة الجنائیة الدولیة، دارالمنهل للنشر والتوزیع عمان الاردن، ٢٠١٥،ل٩٨.

و نەهێشتنی یەكێتی هاوبەشی نێوان خەڵك، هەروەها وێرانكردنی شوێنەوارە دێرینەكان وەكو روخاندنی پەیكەرو ئەشكەوت و مۆزەخانەو گەرەك و گەرماوو بازاڕو مزگەوت و كڵێساو هەموو شوێنەوارێك كە پاشماوەی كۆن یا نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵكە بێت.

وەك ئەوەی لە كوردستانی عێراق رووی دا لە نەهێشتنی زمانی كوردی لە نوسراوە فەرمیەكان بەتایبەت لە شارەكانی ژێر دەسەلاتی رژێمی صدام حسێن وەك كركوك وخانەقین، هەروەها لە ناوچەكانی تریش بەردەوام بوونی تەعریب كردنی ناوچە كوردیەكان، بەهەمان شێوە لە بەشەكانی تری كوردستان، وەك توركیا و سوریا و ئێران هەمان سیاسەت دژ بە میلەتی كورد ئەنجام دەدرێت بۆ لەناوبردنی كەلتور و زمانی.. هتد.

٤.جینۆسایدی ئابووری - وێران كردنی ئابووری: واتە وێرانكردنی سامان و سروشت بەروبومی ناوچەكان تاڵان كردن و فەرهوود كردنی ماڵ و سامانی خەڵكی. هەر لە شتومەكی ناوماڵ دەرگاو پەنجەرەوە ئەساسی ماڵەوە. تا مەرو ماڵات و كەرەسەكانی تری ژیان. هەروەها گەمارۆی ئابووری بەمەبەستی برسی كردنی خەڵك. ئەمانە هەموو هۆكارن ودەبنە هۆی فەوتاندنێكی لەسەرخۆی مرۆڤ. جگە لەمردن بەهۆی نەبوونی خۆراكی پێویست و داوو دەرمان و زیاد بوونی نەخۆشی هەروەها دەربەدەركردن و داگیر كردنی زووی خەڵك و كۆچپێكردنی لادێكان كە كاریگەری گرنگ لەسەر كشتوكاڵ و سامانی ئاژەڵی دەبێت و بووژاندنەوەی ئابوری دەكات[٨].

مێژووی پەیرەوكردنی سیاسەتی پاكتاوی رەگەزی لە لایەن رژێمی یەك لە دوای یەكەكانی حوكمڕانی عێراق بەرامبەر بە كورد و ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانەكەی كورد بون لە كەركوك وموصل و بەعقوبە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، بە تایبەتیش دوای لكاندنی ولایەتی موصل بەم دەوڵەتە لە ساڵی (١٩٢٥) و دۆزینەوەی نەوت لە كەركوك لە ساڵی (١٩٢٦). مەبەستیش لە پەیرەوكردنی ئەم سیاسەتە رەگەز پەرستانەیە بریتیە بووە لە:

أ - گۆڕینی واقعی دیبۆگرافیای كورد لەو ناوچە كوردنیشینانە، چونكە رێژەی زۆری دانیشتوانەكەی كورد بوون.

ب - سڕینەوەی سیمای نیشتیمانی و نەتەوایەتی كورد لەو ناوچانە و تەعەریب كردنیان.

ج- دەست بە سەراگرتنی هەموو ئەو بیرە نەوتانەی كەوتوونەتە ئەو ناوچە كوردنشینانە، ئەمەش هەمووی لە پێناوی جێبە جێ كردنی ئەو برگەیەیە كە لە دەستووری عێراق كاتی - موەقەت

٨- جود عدنان دحیلة، جریمة الابادة الجماعیة في القانون الدولي- دراسة تحلیلیة، جامعة النجاح الوطنیة، نابلس - فلسطین، ٢٠٢١.

- دا هاتووە کە دەڵێ (هاوڵاتی عێراقی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی و عێراقیش بەشێکە لە وڵاتانی عەرەب) بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی دەیان ڕێگەی گرتۆتە بەر هەر کاتێك هەڵیان بۆ ڕەخسابێ بە بەرنامەیەکی تۆکمە دارێژراو بە بەرچاوی هەموو میدیاکانی دونیاوە ئەنجامیان دەدا لە وانە:

ڕاگواستن و دەرکردن و دەربەدەرکردنی زیاتر لە (٤٨٠٦٠٠) چوار سەدو هەشت هەزارو شەست سەد کەس لە بەشێکی زۆری ئەو ناوچە کورد نشینانە جگە لە تەسفیە کردنی (٤٠٠٠٠٠) چوارسەد هەزار کوردی فەیلی لە قەزای سنجارەوە دەست پێدەکات و تا دەگاتە قەزای بەدرە کە بریتی لە سنوری (١٢) قەزا – ٣١ ناوچە و ١٥٠٠ گوند) کە تێکڕای دەکاتە ٣/١ یەك لەسەر سێی سەرجەم پانتایی کوردستان.

تەعریب کردنی تەواوی ئەو ناوچە کوردنشینانە بە هێنان و نیشتەجێکردنی هەزاران هەزار خێزانی عەرەب لە عەشائیرەکانی (دەربەگ) ناوەڕاست و خواروی پاش دابەشکردنی زەوی و زاری کورد بەسەریاندا ودابین کردنی هەموو پێداویستیەکانیان و بەبیانوی دروست کردنی پشتێنەی ئەمنی، جگە لە نیشتەجێ کردنی زیاتر لە (٣٦٩١٢) خێزانی عەرەب هاوردە لە ناوجەرگەی شاری کرکوك کە دەکات (٢٠٨٧٥٠) کەس لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨١ تا ٢٠٠٣) و دروست کردنی دەیان گەڕەکی تازە بە ناوی عەرەب. ئێستاش لە عێراقی فیدراڵدا ئەم تەعریبە بەردەوامە[٩].

ئاڵوگۆڕپێکردنی یەکە ئیدارییەکان لە سنوری (کەرکوك – موصل – بعقوبە) و دروستکردنی هەندێ یەکەی ئیداری تازە بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕێژەی کوردو زیادکردنی ڕێژەی عەرەب لە سنوری ئەو سێ شارەدا[١٠].

١. جیاکردنەوەی قەزای دووزخورماتوو لە کەرکوك و لکاندنی بە تکریتەوە ساڵی ١٩٧٥.

٢. جیاکردنەوەی هەردوو قەزای چەمچەماڵ و کەلار لە کەرکوك و لکاندنی بە سلێمانیەوە ساڵی (١٩٧٥).

٣. جیاکردنەوەی قەزای کفری لە کەرکوك و لکاندنی بە بەعقوبەوە ساڵی (١٩٧٥).

٤. جیاکردنەوەی قەزای مەخموور لە هەولێرو لکاندنی بە موصل ساڵی (١٩٧٥).

٥. جیاکردنەوەی قەزاکانی (دهۆك – زاخۆ – عەقرە لە شاری موصل بە بیانوی دروستکردنی شاری دهۆك ساڵی (١٩٦٥).

٦. دەرکردن و گواستنەوەی (١٧٠٠٠) کرێکاری کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و پاڵاوگەی نەوتی خانەقین لە نیوان ساڵانی (١٩٧٤- ١٩٨١) تەنها بە بیانوی کورد بوون.

٧. وێران کردن و ڕوخاندنی زیاتر لە (١٥٠٠) گوند لە سنووری ئەم سێ شارەدا لە دواییشدا کردنیان بە ناوچەی موحەرەمە و سەربازی.

٨. دروستکردنی پڕۆژەی ئاودێری حەویجە و کەرکوك لە ساڵانی نێوان ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٧) بە مەبەستی نیشتەجێکردنی هەزاران خێزانی کۆچەری عەرەب.

بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی ڕژێمەکان بەتایبەتیش لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣ تا ٢٠٠٣) دەیان بڕیاری ڕەگەز پەرستانەیان بەرامبەر بە کورد دەرکردووە لەوانە بۆ نموونە:

١. تەملیك کردنی سەرجەم زەوی و زاری کەرکوك بەناوی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و دارایی بەمەبەستی دابەش کردنیان بەسەر عەرەبە هاووردەکان.

٢. گواستنەوەی ناسنامەی (قید التسجیل) هەموو ئەو خێزانە کوردانەی بەر شاڵاوی گواستن کەوتوون بۆ شارەکانی بەناو حوکمی زاتی سلیمانی- هەولێر - دهۆك یان بۆ شارەکانی خوارووی عیراق بە پێچەوانەشەوە گواستنەوەی ناسنامەی سەرجەم ئەو خێزانە عەرەبە هاووردەکان لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ کەرکوك و ناوچەکانی دەورو بەری.

٣. قەدەغەکردنی خاوەندارێتیکردنی زەوی و زار لە شاری کەرکوك و خانەقین بەناوی کوردەوە.

٤. قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە سنووری شارەکانی کەرکوك موسل خانەقین.

٥. بەکارهێنتنی سیاسەتی ترس بەڵگەیە بۆ ئاگادار بوون لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لە سنوری ئەم سێ شارەدا کە تیایدا بە روونی ئەوە دەبینەرێ کە چۆن ڕێژەی کورد کەمی کردووە لە نێوان سەرژمێریەکانی ساڵانی (١٩٤٧ –١٩٧٧) وە تا ئیستاش بەردەوامە[١١].

تۆێژبەندی دووەم: ئامرازە یاسایەکانی بەرنگاربوونەوەی تاوانی

٩- جبار قادر: تعريب كركوك مستمر و"الدولة العميقة" في بغداد ماضية في حصار إقليم كردستان، المركز الكردي للدراسات، -https://nlka.net/ar chives/١١٥٦٤.

١٠- مركز فرات للدراسات، الكرد وسياسة التنكيل والمجازر المستهدفة وجودهم ثقافياً وجسدياً، ٢٠٢٠.

١١- یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە ١٣، جینۆسایدو تاوانەکانی ڕژێمی عیراق دژی گەلی کوردستان، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، ٢٠١١.

جینۆساید

وەك پێشووتر باسمان كردووە كە تاوانی جینۆساید، لە ناوبردنی بە كۆمەڵە بە شێوەیەكی ئەنقەست لە گەڵ بوونی مەبەستی تاوانكاری، بە تاوانە گەورەكان هەژمار دەكرێت، نەك بە شێوەی كەتن و سەرپێچی و ویستی تاوانكاری (criminal Intent) و بەئەنقەست نەبێت، هەربۆیە تاوانی جینۆساید لە تاوانە مەترسیدارەكانە (Infamous Crim)، كاریگەریەكەی تەنها لەسەر هەرێمی وڵاتەكە چڕ نابێتەوە، بەڵكو لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی دەروست دەكات. سزاكەشی بەناوی كۆمەڵەی نێودەوڵەتی دەردەچێت، هەربۆیە لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە پێناسە دەكرێن بەوەی ڕووداوێكی تاوانكاریە سەرپێچی بنچینەكانی یاسای نێودەولەتی دەكات، كردارە تاوانكاریەكە بەشێوەی كردار بێت و كردارەكەش ئەرینی بێت، یان نەكردنی كارێك ببێتە هۆی تاوان (تاوانی سلبی). ئەم تۆێژبەندا داباشی دوو داواكاری دەكەین یاكەمیان تاوانی جینۆساید لە ڕووی نیودەوڵەتیەوە و ئەوەی تریان باسی تاوانی جینۆساید دژی میلەتی كورد دەكەین.

داواكاری یەكەم: ئامرازە نیودەوڵەتیەكان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی جینۆساید

جینۆساید لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا وەك تاوانێكی سەربەخۆ كە تایبەتمەندی جیاوازی هەیە لەگەڵ تاوانی دیكەدا دیاری كراوە، هەر بۆیەش لە تاوانی جینۆسایدا دوو پێكهاتە زۆر گرنگن، كە دەبێ لە ڕووی مەبەست و ژمارەی قوربانییەوە سەیر بكرێ:

١. ئامانج ئەم تاوانە جیاوازە لە تاوانی دیكە: چونكە مەبەستی سەرەكی جینۆساید فەوتاندنی بەشێك یا سەرجەم كۆمەڵە مرۆڤێكە. مەبەستی نەهێشتنی كۆمەڵە مرۆڤێك، چ بەشێكی یان سەرجەمی، خەسڵەتێكی تایبەتی بە جینۆساید دەدا و لە تاوانی تری جیادەكاتەوە.

٢. ژمارەی قوربانی: لەبەر ئەوەی لە جینۆساید مەبەست فەوتاندنە، بۆیە ژمارەی قوربانی لەبەرچاو ناگیرێ. كەواتە هەر بەبوونی پێشنیار لە فەوتاندنی تاوانەكەش مەرج نیە قوربانی زۆری هەبێ. كەم و زۆر گرنگ نیە و لەبەرچاو ناگیرێ بۆ دیاری كردنی تاوانی جینۆسایدو تاوانكاری.

لە بەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ مەبەستی تاوانی جینۆساید دیاری دەكات وەڵێ: «ئەنجامدانی تاوانكاریە بەمەبەستی سەرلەبەر قڕكردن یا قڕكردنی بەشێكی هەر گرووپێكی نەتەوەیی، ئەتنیكی، ڕەگەزی یا ئاینی»، كەواتە ئەگەر ئەو مەبەستە لە ئارادا نەبێ، ئەوا ئەو كردوەیە خەسڵەتی جینۆسایدی نیە، ئەگەرچی تاوانەكە لەو تاوانانەش بچێت كە لە بەندی دووەمی بەیاننامەی ١٩٤٨ دا ژمێردراوون، چونكە جینۆساید وەكو تاوانێكی یاسایی بەهۆی مەبەستەكەیەوە جیاوازە لە تاوانی دیكەی كوشتن[١٢].

لیرە دا چوار شیوە بو تاوانە نیودەولەتیە كان دیاریكراوە:

١. تاوانەكانی دژ بە مروڤایەتی (Crimes against Humanity): (بەكارهینانی چەكی كیمیاوی لە هەلەبجە، ١٩٨٨. تاوانی پیشیل كردنەكانی مافی مروڤ لە لایە ن رژیمی تالیبان لە ئەفغانستان). بیگومان جینوسایدیش هەر تاوانە دژ بە مروڤایەتی بەلام پیناسە ومیتودەكانی جیاوازە .

٢. تاوانەكانی جەنگ (War Crimes): (رژیمی نازی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا. جەنگی دژ بە فیتنام لە لایەن ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا، ١٩٦٢ - ١٩٧٥. دەولەتە داگیركەرەكانی كوردستان دژ بە گەلی كورد).

٣. تاوانەكانی دوژمنكاری (War against Peace): هیزی چەكداری دەولەتیك دژ بە یەكپارچەیی و سەروەری دەولەتیكی دیكە (رژیمی عیراقی بەعس دژ بە دەولەتی كویت / ئیران / كورد).

٤. تاوانەكانی لە ناوبردنی بەكومەل : (بەكارهینانی چەكی كیمیاوی لە هەلەبجە. ئە نفال كردنی بە كومەلی كورد لە عیراق. كومەل كوژی لە لایەن پول پوت لە كەمبۆدچا، ١٩٧٥- ١٩٧٩) .

هەر لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانی بە هۆی ئەو تاوانە گەورانەو كۆمەڵكوژانەوە، كە لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدرا، كە بە ملیۆنان مرۆڤ بوونە سوتەمەنی سیاسەتە ڕەگەز پەرستەكان بۆ لەناوبردنی نەتەوە ژێر دەستەكان. هەر لەم چوارچێوەیەدا كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە دەسپێكی ڕێكەتنامەی قەدەغەكردنی تاوانی جینۆساید دا بە بڕیاری ژمارە (٩٦) ی ڕۆژی ١١ ی كانونی یەكەمی (١٩٤٦) بە پێی یاسا، جینۆساید بە تاوانێكی نێودەوڵەتی داناوە، چونكە ئەو

١٢-اتفاقية الأمم المتحدة لمنع جريمة الإبادة الجماعية في ٩ ديسمبر ١٩٤٨.

تاوانە پێچەوانەی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە[13].

۱۳-ماددەی یەکەم: لایەنەکانی ڕێکەوتنامەکە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتییە، چ لە کاتی شەڕ یان لە ئاشتیدا ئەنجامدرابێت، بۆیە بەڵێنی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجام دەرانیان داوە.

ماددەی دووەم: جینۆساید ئەم تاوانانەی خوارەوە دەگرێتەوە، کە بەمەبەستی لە ناوبردنی بەشێك یان کۆمەڵێکی نەتەوەیی یان ڕەگەزێك ئەنجام درابێت، بریتین لەمانە:-

١. کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێك.
٢. زیان پێگەیاندنی جەستەیی و گیانی بە ئەندامانی کۆمەڵێك.
٣. جیاکردنەوە کۆمەڵە خەڵکێك کە هەڵ و مەرجێکی بژێوی دژوار.
٤. کۆسپ دانان لەبەردەم زیاد بوون (زاوزێ) لە کۆمەڵێدا.
٥. دابرینی منداڵان لە دایك و باوکیان (خێزان) بۆ کۆمەڵێکی تر.

مادەی سێیەم : ئەنجام دەرانی ئەم تاوانانەی خوارەوە سزا دەدرێن:

١. ئەنجامدانی جینۆساید.
٢. پلانگێران بۆ ئەنجامد٣انی جینۆساید.
٣. هاندانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.
٤. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.
٥. بەشداریکردن لە جینۆساید.

مادەی چوار: هەر تاوانێك لەو تاوانانەی کە لەمادەی سێدا ئاماژە پێکراوە بەپێ ی ڕێکەوتنامەکە سزا دەدرێن. ئینجا ئەوکەسانە دەسەڵاتداری دەستوری یاخود فەرمانبەری گشتی یاخود تاکی ئاسایی بن. ئەنجامدەرانی تاوانەکە کەلەهەر پۆستێك بن لەوانەی ئاماژە پێکراوە، پارێزراو نابن (حصانە) لەو تاوانانە نا بەخشرێن

مادەی پێنج: هەموو ئەو وڵات و لایەنانەی کە ڕێکەوتنامەکەیان مۆر کردووە، پابەندی خۆیان و وڵاتەکانیان دووپات کردۆتەوە بۆ جێبە جێکردنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە. بەتایبەت سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید و هەر تاوانێك لە تاوانەکانی مادەی (سێ).

مادەی شەش: ئەنجامدەرانی هەرتاوانێك کەلەمادەی سێی تاوانی جینۆسایددا هاتووە، لەبەردەم دادگایەکی ناوخۆی تایبەتی ئەو وڵاتەی کە تاوانەکەی لەسەر خاکەکەی ئەنجامدراوە دادگایی دەکرێن، یاخود لەبەردەم دادگایەکی تاوانی نێو دەوڵەتی دادگایی دەکرێن، ئەگەر نەتوانرا لە دادگایەکی ناوخۆ دادگایی بکرێن.

مادەی حەوت: ئەو تاوانانەی کە لە مادەی سێی جینۆساید ئاماژەی پێکراوە بەتاوانی سیاسی دانانرێت و ئەنجامدەرانی تاوانەکە ناتوانن لە وڵاتانی تر مافی پەنابەری سیاسی وەربگرن. چونکە دەوڵەتانی ئەندام لەو ڕێکەوتنامەیە بەڵێنیان مۆر کردووە کە تاوان بارانی جینۆسایدو تاوانەکانی تریش ڕادەستی ولاتەکانیان بکەنەوە.

مادەی هەشت: هەر لایەنێکی ڕێکەوتننامەکە بۆی هەیە داوا لە دامەزراوە تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، کە بە پێی بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر ڕێوشوێنێکی گونجاو بگرێتە بەر بۆ قەدەغە کردن و سەرکوتکردنی تاوانەکانی جینۆساید یاخود هەرتاوانێك لە تاوانەکانی مادەی سێی ڕێکەوتننامەکە.

مادەی نۆ: لەسەر داوای هەر لایەنێکی ناکۆك بۆ کێشەکانی نێوان ئەندامانی ڕێکەوتننامەکە دەتوانرێت داوا لە دادگای نێودەوڵەتی بکرێت، پەیوەست بەشیکردنەوە یاخود جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە یاخود پەیوەست بەو کێشانەی پەیوەندی بە لێپرساوێتی هەر دەوڵەتێکەوە هەیە لەبواری جینۆساید یاخود هەر تاوانێك لەو تاوانانەی لە مادەی سێی ڕێکەوتنامەکە دا هاتووە.

١- بڕیـاری ئەنجومەنـی ئاسایشـی نیودەوڵەتـی ژمـارە ٦٨٨ سـاڵی ١٩٩١

یەکێکـە لـە بڕیـارە گرنـگ وئازاکانـی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نیودەوڵەتیـە، کـە پـاش کۆتـای هێنانـی شـەڕی کەنـداوی دووەم لـە سـاڵی ١٩٩١ و داگیرکردنـی وڵاتـی کوێـت لـە لایـەن ڕژێمـی سـەدام حسـین کـە تەنهـا پـاش چەنـد سـاڵیکی کەمـی شـەڕی درێـژی لەگـەڵ ئێـران بـۆ مـاوەی (٨) سـاڵ کـە بـوە هـۆی ئـەوەی چەندیـن ملیـون کـەس ببنـە قوربانـی لـە هـەردوو وڵات. ئـەوە بـوو ڕوداووی کۆچـڕەوە مێژوەیەکـەی گەلـی عیـراق، کـورد لـە باشـوور و شـیعە لـە باکـور دەسـتی پێکـردو، پـاش دامرکاندنـەوەی ڕاپەڕینەکانـی گەلـی عێـراق بـە ئاگـر وئاسـن لـە لایـەن ڕژێمـی خوێـن ڕێـژی بەعـس سـونە مەزهـەب، بـووە هـۆی ئـەوەی ڕایەکـی گشـتی جیهانـی لـە سـەر پێشـیلکاری و کۆمەڵکـوژی وێرانکاریەکانـی ناوچـە کـوردی و شـیعە مەزهەبەکانـی ئـەم ڕژێمـە دروسـت بێـت و ببێتـە پاڵنەرێکـی بەهێـز بـۆ دەرکردنـی بڕیـاری ئەنجومەنـی ئاسایشـی نیودەوڵەتـی ژمـارە ٦٨٨ سـاڵی ١٩٩١ لـە لایـەن ووڵاتانـی ئەمریـکا و بریتانیـا و فەرەنسـاو بڕیـاری دژە فڕینیـان دا لـە باشـوور و باکـوری عیـراق، بـە مەبەسـتی پاراسـتنی هاوڵاتیانـی، ئەگەرچـی لـە لایـەن ڕژێمـی عیـراق دانـی پێدانـەنـرا، بەهەنجەتـی ئامـانج لێـی دابەشـکردنی عێراقە.

لـە باشـوور خەتـی ٣٦ و لەباکـوور خەتـی ٣٢ دیـاری کـرا، لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٩٦ فـراوان کـرا لـە باشـوور بـوە خەتـی ٣٣، وکۆتـای پێهات لە کاتی ڕزگارکردنی ووڵاتی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣.

ژمـارەی ئـاوارەکان لـە باکـوور گەیشـتە ٤٠٠٠٠ هـەزار هاوڵاتـی، و لـە کوردسـتان ١،٥ یـەك ملیـون نیـو لـە سـنووری وڵاتـی ئێـران و ٧٠٠٠٠ هـەزار لـە باکـورەوە و ٨٠٠٠٠ هـەزار لـە سـنوری تورکیـا، ئـاوەری سنورەکان بوون. بـوە هـۆی ئـەوەی چەندیـن نامـە نیـردرا بـۆ ئەندامانـی ئەنجومەنـی ئاسـایش لـە لایـەن وڵاتانـی دراوسـێ، لـە وانـە نامـەی ژمـارە (٢٢٤٣٥) لـە ٣ نیسـان ١٩٩١ لـە لایـەن وڵاتـی تورکیـا، و نامەیـەك لـە لایـەن نوێنـەری فەرەنسـا ژمـارە (٢٢٤٤٢) لـە ٤ی نیسـانی ١٩٩١ بـۆ ئەنجومەنـی ئاسـایش، هەروەهـا دوو نامـە لـە لایـەن کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لـە ٣-٤/ نیسـانی ١٩٩١ ژمـارە ٢٢٤٣٦/س) و (٢٢٤٤٧/س) لە دووی یەك.

لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەم چـوار نامەیـە و پـاش تاوتوێکردنـی، بڕیـاری ئەنجومەنـی ئاسایشـی ژمـارە ٦٨٨ سـاڵی ١٩٩١ دەرکـرا، لـە ژێـر ڕۆشـنای بەنـدی حەوتـەم کـە پێکدێـت لـە (١٣) مـاددە، لـە

مادەی دە: بە پێی ڕێکەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەکانی جەنگ وتاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی جینۆساید بە تێپەربوونی کات بەسەر ناچێت وەکو تاوانێکی سەربەخۆ کە تایبەتمەندی جیاوازی هەیە لەگەڵ تاوانی تر. لەرووی ئامانج و ژمارە کە پێشووتر باسمان کردووە.

بڕگەکانی بەم شێوەیە هاتووە.

١. ئەنجومەنی ئاسایش ئیدانەی دامرکاندنی (القمع) کرد، لە دژی هاوڵاتیانی سڤیل، کە پێشێلکارییەکی ڕوون و ئاشکرایە.

٢. بڕگەی دووەم هاتووە ئەنجومەنی ئاسایش داوی لە عیراق کرد بە هەڵگرتنی مەترسیەکانی دژە ئاسایش و ئاشتی سەر خەڵك. و کردنەوەی دەرگای گفتووگۆ.

٣. لە بڕگەی پێنچ هاتبوو ئەنجومەنی ئاسایش داوای لە ئەمینداری گشتی کرد کە گشت داهاتەکانی (موارد) لە ژێر ڕکێفی دابنرێ.

٤. داواکرا لە عێراق هاوکاری ئەمینداری گشتی بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بڕیارە.

٥. هەروەها داوا لە عێراق کرا ڕێگا بە ڕێکخراوە مرۆڤایەتیە نێودەوڵەتیەکان بدات بە گەیاندنی هاوکاری مرۆیی بۆ گەلی عیراق.

٦. داوا لە ئەمینداری گشتی کرا گشت توانا مرۆییەکان بە گەڕبخات، وەفدێك بۆ ناوچەکە بنێرێ بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و دیاری کردنی پێداویستیە مرویەکان بۆیان.

٢- ئامرازەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

یەکەم: ئامرازەکانی نیودەولەتی: لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە گرنگی زۆر بە دیاری کردنی ئامرازەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ درا، کە سەرچاوەکەی لەوە گرتبوو، باوەڕبوون بە کەرامەت و ئازادیەکانی مرۆڤ، و ئافرەتو پیاو گچکەو گەورە لە مافدا یەکسانن. (بڕگەی ٢ لە دیباجەی ڕێکەوتنامەی نەتەوە یەگرتووەکان).

أ- دادگای دادی نێودەوڵەتی: دادگای دادی نێودەوڵەتی ئامرازێکی بنەڕتی نەتەوە یەککرتووەکانە، و بەشێکی جیانەکراوەیە لە میساقی نەتەویەکگرتووەکان (م٩٢ لە میساق). دووجۆرە تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت، یەکەم: دادگایی، تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە لە هەر داوایەك ئاراستە بکرێت لە لایەن ووڵاتاندا. دووەم: فتوی، بە پێی ئەم تایبەتمەندیە بۆ کۆمەڵەی گشتی یان ئەنجومەنی ئاسایش داوا بکات لەم دادگایە فتوی بدات لە هەر پرسێکی یاسایی، وەك شیکردنەوەی پەیمانە نیودەوڵەتیەکان، یان هەر پرسێکی یاسایی نیودەوڵتیو دیاری کردنی قەرەبووی گونجاو بەرامبەر پێشیلکاریە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ.

ب- دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی: ئەم دادگایە دامەزرا بە پێی ڕێکەوتنامەیەك لە روما لە تەموزی ١٩٩٨، و کارابوو لە تەموزی ٢٠٠٢، پاش پەسەندکردنی لە لایەن (٦٠) وڵات. تایبەتمەندی ئەم دادگایە، سزای تاوانە گەورەو مەترسیەکان بوو لەسەر بەرژەوەندی گشتی. وەك تاوانی جەنگ، داگیرکاری، لەناوبردنی بەکۆمەڵ (کۆمەڵکوژی) تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی[١٤].

دووەم: پیکهاتە هەرێمایەتیەکانی مافی مرۆڤ: لە ڕێگەی دروستکردنی دەستەکان بۆ چاودێری جێبەجێکردنی ڕێکەوتنە هەرێمایەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە نیوان وڵاتانی ڕێکەوتوو، بەپێی پیوەندیەکانیان لە ڕووی جوگرافی و ڕۆشنبیری هاوبەش. نمونەی:

- دادگای ئەورووپی مافەکانی مرۆڤ لە فەرنسا ١٩٥٠.
- دادگای ئەمریکی مافەکانی مرۆڤ ١٩٦٩.
- لیژنەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ ١٩٨١.
- لیژنەی عەرەبی بەردەوام بۆ مافەکانی مرۆڤ ١٩٦٨.
- لیژنەی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ ٢٠٠٤.

سییەم- ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی ناحکومی

أ- ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی ١٩٦١ لەندن، ئامانجی ئەم ڕێکخراوە:

ب- هاوکاری گیراوان بەهۆی دەربڕینی ڕا، یان بیروڕای سیاسی بە شێوەی ئاشتی. دور لە توندو تیژی.

ت- پیشکەشکردنی دەستەبەری دادگایی لە دادگا بۆ کردەوە سیاسیەکان.

پ- هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان.

ج- سەرکۆنەکردن (ئیدانە کردن) هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە و توندوو تیژی و دوور لە پیشەیی.

چوارەم- لیژنەی نێودەوڵەتی مافناسان لە جنێف.

پینجەم- کۆمەڵەی نیودەوڵەتی مافناسانی دیموکراسی لە برۆکسل.

شەشەم- ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

حەوتەم- یەکێتی پارێزەرانی عەرەبی.

هاشتەم- ڕێکخراوی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ[١٥].

داواکاری دووەم: تاوانی جینۆساید دژی میلەتی کورد

١٤- د. کاوە یاسین سلیم، التنظیم القانونی لضمانات حقوق الانسان وحریاته- دراسە مقارنة، المکتب الجامعی الحدیث، ل١٨٧، ٢٠١٧.

١٥ -رقیب حمە رشید سعید، نجدت صبری، الالیات الدولیة لحمایة حقوق الانسان في اطار الامم المتحدة، مجلة جامعة جیهان للعلوم الانسانیة والاجتماعیة، ٢٠٢٠.

پاش شەڕی جیهانی یەکەم، تورکیا و ئێران بوون بە دوو دەوڵەتی سەربخۆ، سووریا و عیراق لە سەرەتادا بوون بە ناوچەی ژێر دەسەڵات و چاودێری و دواتریش بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ، بە گوێرەی پەیمانی سیڤەر کە لە ساڵی ١٩٢٠ دا بەسترا، گەلی کورد وەك ئەرمینیەکان، بەڵێنی پێدا کە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام ئەو پەیمانە هەر زوو پشتگوێ خرا، ساڵی ١٩٢٣ لایەنە سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهانی یەکەم، لە شاری لۆزان پەیمانێکی دیکەی ئاشتیان لە گەڵ دەوڵەتی نوێی تورکیا دا بەست کە لەو پەیمانە هیچ ناوێکیان لە کوردەکان نەنا، بەو جۆرە تورکیا مافی حاکمییەتی بەسەر ئەو ناوچانە دا پێ بڕا کە پاش لێك هەڵتەکاندنی ئیمپراتۆری عوسمانی لە بن دەستی دا مابووەوە. لەو دەمە بەردەوام کوردەکان زۆر شۆڕش و ڕاپەڕینیان بەڕێوەبردووە و زۆر هەڵسان و تێکشکانیان بە خۆیانەوە بینیوە و بە دڕندەترین شێوە بەرپەرچی مافە ڕەواکانیان داوەتەوە.

١-جینۆسایدی کورد لە باکوری کوردستان

لەدوای جەنگی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا (کۆماری تورکیا) سیاسەتی فەرمانڕەوا تازەکانی تورك، بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد لە تورکیا،کە کوردیان بە تورکی چیا دەناساند، ئەمەش بووە هۆی پەراوێز کردن وەبێبەش کردنی گەلی کورد لە باکوری کوردستان لەهەموو مافێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی. زاناو سۆسیۆلۆجی تورك دۆستی دلسۆزی گەلی کورد (د. ئیسماعیل بێشکچی) لەسەرجەمی ژیانی خۆی بۆداکۆکی کردن لە گەلی کورد تەرخان کردووە هەوڵی تەواوو توند بۆ خنکاندنی پێناسەی نەتەوەی کورد بەبەردەوامی دەدرێت، هەروەها بۆ کردنیان بە کۆیلەو ئینجا سڕینەوەی نازناوو کەلتورو شارستانێتی و زمانیان لەسەر پەڕەی مێژوو سەرزەمین، (بێشکچی) هەرلەبارەی فەوتاندنی گەلی کوردەوە دەڵێ: لە تورکیا نەتەوەی کورد هێندەی نکۆڵی لەبوونی خۆی و پێناسەی نەتەوەیی خۆی بکات دەتوانێت بە ئازادییە لاوەکیەکان شادبێت وە سوود لە پرنسیپی مامەڵەی یەکسان وەربگرێت[١٦].

کەواتە کێشەی کورد لەوەدایە، وەکو میلەتێکی سەربەخۆ بوونی هیە، بۆیە سیاسەتی ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەپلەی یەکەم نەهێشتنی بوونی نەتەوەی کوردە، ئیتر بەهەر هۆ و ئامرازو ڕێگایەك بێت بەراگواستن و لەناوبردنی دانیشتوانی کورد و دورخستنەوەو ژیان بۆ ناوچەکانی تری تورکیا، کە تورك زۆرینەن و نیشتەجێکردنی تورك لە جێگایان بەمەبەستی شێواندنی دیمۆگرافیای کوردستان و لەناوبردنی تایبەتمەندی کولتووری و مێژوو کۆمەلایەتی شارو شارۆچکە کوردیەکان کە زۆربەی ناوچەکەی گرتەوە، وەك بەتلیس، ئامەد، وان، هەکاری، موش، ماردین، ئورفە و سێرت...هتد. بێجگە لەمانی قەدەغەکردنی زمانی زگماك و جل و بەرگ ناوی کوردی[١٧].

نموونەیەك لەم جینۆسایدە کەبەردەوام دەرهەق بە گەلی کورد کراوە بەهەموو شێوازەکانی لە ١٩٣٠/١/١ ڕژێمی تورکیا بڕیاری بەزۆر کۆچ پێکردنی دانیشتوانی هەرێمی دەرسیمی دا، دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی دەرسیم لەساڵی ١٩٣٧ کەمالیەکان بە ئاگر و ئاسن بەربوونەتە گیانی کورد (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد ئافرەت و گەنج و منداڵ بەدەست بەدەستراوی خرانە چاڵێکی گەورەوە و نەوتیان بەسەرداکرا ئاگریان تێبەردا.

جێ ی ئاماژە پێدانە، داوای لێبوردنی سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەساڵی ٢٠١٢ لەکەس و کاری قوربانیانی دەرسیم خۆی لە خۆیدا دانپێدانانە بە جینۆساید کردنی کورد لە باکووری کوردستان. تورکەکان بەردەوام خەریکی سیاسەتی بە تورك کردن و ڕاگواستن و سڕینەوەی سیمای نەتەوەیی ناوچە کوردیەکان وە ڕۆژانە گەنج و لاوی ئەم ناوچانە دەکەوێتە بەر شاڵاوی گرتن و لەناوبردن هەروەها لە چوارچێوەی یاساش دا بوونی کورد پێشێل دەکات، هەروەکو بەندی (٤٢) ی دەستووری ١٩٨٢ جگە لە زمانی تورکی هەموو زمانێکی ترەوە قەدەغە دەکات لە دەزگاکانی خوێندن. لە پرۆگرامی قوتابخانەکانی تورکیادا منداڵانی کورد دەبێ هەموو ڕۆژێك بڵێن. (ئەز تورکم، دایکم تورکە، باوکم تورکە، داپیرم تورکە، باپیرم تورکە).

٢- جینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەکوردستانی بن دەستی ئێراندا، گەلی کورد مافی نەتەوەیی لێ قەدەغە کراوە بەر شاڵاوی سیاسەتێکی کۆلۆنیالیانە کەوتووە، جۆری ئەو تاوانانەی ئەنجام دەدرێن، لێرەش وەکو لەبەشەکانی تری کوردستان، کوشتن، گرتن، ڕاگواستن وقەدەغەکردنی کەلتووری نەتەوەیی، سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی گەلی کورد پەیرەو دەکرێ کوردانی ئەم بەشەش توشی هەمان سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەردوو جەنگی جیهانیدا، حکومەتی ئێران سیاسەتی توندی دژ بە کورد ئەنجام دا، لە ڕاگواستنی بەزۆر بۆ ناوچە جیاکانی ئێران. سیاسەتی ڕژێمی شای پەهلەوەیی دانی بە بوونی کورد نەدەنا کوردیان بەیەکێك لە هۆزەکانی ئێران و زمانی کوردیش بەیەکێك لە شێوەزارێکی

١٦- اسماعیل بێشکچی، کوردستان مستعمرة دولية، چاپخانەی APEC ، سوید، ١٩٩٨.

١٧ -د. محمود العدل، مستقبل الصراع بين تركيا والأكراد، مركز المعلومات ودعم اتخاذ القرار – مصر، ٢٠٢٥.

زمانی فارسی دادەنا.

لەدوای روخاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بەسەرکردایەتی قازی محمد لەساڵی ١٩٤٦ زۆر دڕندانە کەوتە گیانی دانیشتوانەکەی وناوچەکەشی وێرانکرد و زمانی کوردی قەدەەکرد. کەوتە شێواندنی باری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و دارمانی ئابووری تا ئێستاش بەردەوام سیاسەتی جیاوازی مەزهەبی و نەتەوەیی بەسەردا دەچەسپێ و رۆژانە گەنجان بەرەو زیندانەکانی رژێم راپێچ دەکرێن، و بە هۆکاری زۆر سادەو لەپێش حەشامەتی خەلك گەنجان بەپەت هەڵدەواسن[١٨].

٣- جینۆسایدی کورد لە رۆژئاوای کوردستان

نزیکەی ملیۆن ونیوێك کورد لە سوریا دەژین زۆربەی ئەوانە لە ناوچەی جەزیرە لەباکوری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا نیشتەجێن یاسای بنەڕەتی سوریا کە لەساڵی ١٩٧٣ دا پەسەند کراوە، بە پێداگرتن لەسەر مافی وەك تاكێك لە هاوڵاتیانی سووری. بەناسنامەی عەرەبیەوە یاسای بنەرەتی سوریا هەموو مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووریەکان بەهاوڵاتی بوونەوە گرێدەدا ئەو سیاسەتەش بۆتە هۆی راگواستنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی ئەم وڵاتە دەسەڵاتداران لەساڵی ١٩٦٢ مافی هاوڵاتیان لێوەرگرتوونەتەوە مەبەست لەو سیاسەتەش بریتییە لە بەعەربکردنی ناوچە کوردنشینەکانی باکووری ئەو مەڵبەندە دەکات کە کورد تێدا دەژین.

گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستان لە چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی بەردەوام دایە، جۆری سیاسەتی رژێمی سوریا جیاوازە لەگەل سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان لەرۆژئاوای کوردستان نەبزوتنەوەی چەکدار هەیە و نەشەڕیش هەیە، بۆیە جێبەجێکردنی سیاسەتی جینۆساید لەم بەشەی کوردستاندا میتۆدو نەخشەی جیاوازی کەوتۆتە خۆ.

کورد لە رۆژئاوای کوردستان بەبەردەوامی لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی بووە، شێوازی جینۆسایدی کەلتوری و نەتەوەیی لە دژی پەیرەو کراوە، بە دابڕانی ناوچە کوردیەکان لەگەڵ یەکتری، ئەویش بە نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لە نێوان کوردانی باکورو رۆژئاوا وەك پێشینەیەك بۆ لێك دابرینی نەتەوەی کوردو جوگرافیاکەی و پەرەوکردنی لەناوبردن و نەهێشتنی زمانی کوردی.

رێکخراوە لێبوردنی نێونەتەوەیی لەساڵی ٢٠٠٤ دا، رەخنەی لە سوریا گرت کە ئێستاش ئەو یاسا تایبەتیانە پەیرەودەکات لە ٨ ی مارسی ١٩٦٨ دا، بۆ بەڕێوەبردن لە هەندێك ناوچە پەسەندی کردوون بە گوێرەی ئەو یاسایانە لەو ناوچانانەدا کاربەدەستان دەستیان ئاوالایە کە ئازادی رادەربرین و هاتو چۆ و چاپ و بلاوکردنەوە ئازادی زانیاری گەیاندن، پەیوەندی کردن، بەرتەسك بکەنەوە، ئەو یاسایانەش بە شێوەیەکی بلاو لە ناوچە کورد نشینەکان بەڕێوەدەچن و ئاسایشی دادوەری خەڵکی ئەو ناوچانەیان لاواز کردووە لە خۆڕانیە کە ژمارەیەکی زۆر چالاکوانی کورد بەبێ ئەوەی لە دادگایەکی دادپەروەرانە دادگایی بکرێن لە زیندانەکانی سوریا بەندن.

٤- جینۆسایدی کورد لە باشووری کوردستان

هەر لە دروست بوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، پاش لکاندنی خوارووی کوردستان پێوەی، کێشەی کورد لەم بەشە کێشەی عێراق بووە، رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق نکۆڵییان لە مافی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسدا کردووە و سیاسەتی دژ بە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرنامەڕێژکراوە، هەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەش ئەندازەی تاوانی ئەو رژیمانە گەیشتوتە پلەیەکی بەرزو لە هیچ روویەکیشەوە سڵ نەکراوەتەوە، بۆیە کە بە ووردی سەیری جۆری ئەو تاوانانە دەکەین، پێکهاتەی تاوانی جینۆساید بە تەواوی دیاردەکەوی. لێرەدا چەند نمونەیەك لەو تاوانانەی لە کوردستانی عێراق ئەنجام دراوە دەخەینە بەرباس:

أ- جینۆسایدی کوردە فەیلیەکان

کوردی فەیلی یان کوردە فەیلیەکان، ناو یان نازناوێکە بەوکوردانە دەوترێ کەبەزۆری و بەدرێژایی مێژوو لە رۆژهەڵاتی «دیجلە» ژیاون و بەشێکی دانەبڕون لە نەتەوەی کورد و لەرووی ئاینیەوە سەربەمەزهەبی شیعەن. ئەم زاراوەیە «فەیلی» لە بنەڕەتدا بەو کۆمەڵە هۆزە «لوڕ» دەوترێ، کە نیشتەجێی «پێشکۆو پشتکۆ»ی زنجیرە چیای زاگرۆس بوون، زۆربەی مێژوونوسان لە سەر ئەوە کۆکن کە «فەیلی» رەچەڵەکی «ئیلامی یان گۆتیەکان» لە ناوەڕاست و باشووری عێراق ژیاون، وەك ناوچەکانی «مەندەلی، زرباتیە، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکوك، بەغداد، کوت، عەمارە، بەسرە».

ئەم زاراوەیە بۆ ناساندنی خۆیان بەکارناهێنن، بەڵکو زاراوەی کوردی فەیلی بۆ ئەو توێژەی کورد بەکاردەهێنرێت، کە لە رووی ئاینییەوە سەربە رێبازی مەزهەبی شیعەن، واتە ناولێنانەکە لە سەربنەمای مەزهەبیە نەك نەتەوەیی، مەسەلەی کوردی فەیلی وەك کێشەی بەشێك لە عەرەبی شیعە مەزهەب، پەیوەستە بەو ململانێ سیاسیە دوورو درێژەی نێوان «دەوڵەتی عوسمانی تورك و دەوڵەتی سەفەوی ئیرانی»، کە هۆکارو رێخۆشکەر بوو بۆ پەرتکردن و دابەشبوونی ناوچەکە لە نێوان «عوسمانی و سەفەویدا».

١٨- ئارام احمد محمد، جینۆسایدی کورد و ناسنامەی نەتەوەیی، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٩٦٨، ٢٠١٤.

مەسەلەی کوردی فەیلی وەك کێشەی بەشێك لە عەرەبی شیعە مەزهەب، پەیوەستە بەو ململانێ سیاسییە دوورو درێژەی نێوان «دەوڵەتی عوسمانی تورك و دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی»، کە هۆکارو ڕێخۆشکەر بوو بۆ پەرتکردن و دابەشبوونی ناوچەکە لە نێوان «عوسمانی و سەفەویدا». هەروەك زۆرێك لە شیعەکانی عێراق بە دواکەوتوویی «ئێران» ناونووس کران کە لە ناویاندا کوردی فەیلی پشکی شێریان بەرکەوت و لە سەرەتای درووستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە لە گەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگای عێراقی جیاکرانەوە[١٩].

لە ساڵی ١٩٢٤ یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی مکوڕی لە سەر دابەشکردنی گەلی عێراق کرد، بۆ سێ بەش لە سەربنەمای «ئاین و نەتەوە»، کوردی فەیلی لە بەر ئەوەی لە پەیڕەوکەرانی ڕێبازی مەزهەبی «شیعە» بوون، بە ڕەچەڵەکی «ئێرانی» ناونوس کران، بۆیە بەبەردەوامی دەکەوتنە بەردەم هێرش و پەلامارو شاڵاوەکانی فەرمانڕەوایانی عێراق، چ بە کوشتن و لەناودان و زیندانی کردن، یان بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانەکانیان و وەدەرنانیان لە عێراق.

ئەم کوردانە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی کەبەعس فەرمانڕەوایی دەکرد، لەساڵی ١٩٦٣وە بەهەموو شێوەیەك ڕوو بەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە. ژێدەرو ئامارەکان ئەوە دەردەخەن و پشتڕاست دەکەنەوە، کە بەدەیان هەزار لەم توێژەی کورد ڕوو بەڕووی مەرگ بوونەتەوە. بەڵام بەدرووستی لە سەرەتای هەفتاکانەوە شاڵاوی کۆمەڵکوژی فەیلیەکان دەستی پێکرد، کە «٤٠٠٠٠» هەزار خێزانی کوردی «فەیلی» بۆ ئێران ڕاگوێزران، لەساڵی ١٩٨٠ بە پێی بڕیاری ژمارە «٦٦٦» وەزیری ناوخۆی عێراق، فەرمانی وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکانیدا، لەفەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی عێراقدا هاتوە» ئەو ئێرانیانەی لەوڵاتدان و ڕەگەزنامەی عێراقیان نییە، هەروەها ئەوانەش کەمامەڵەیان کردووە بڕیاریان لەبارەوە دەرنەچوە دەردەکرێن». لەهەمانکاتدا بڕیارەکەی حکومەتی عێراقی ئەوەشی تێدا بووك «کە لاوانی کوردی فەیلی لەتەمەنی ١٨ تا ٢٨ ساڵ، بگیرێن و لە بەندیخانەی پارێزگاکاندا، تاماوەیەکی نادیار دەستبەسەربکرێن». هەروەك بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراق ئەوەشی دووپات کردوەتەوە «کە هەرکەسێك لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیاندا بگەڕێنەوە تەقەیان لێبکرێت». لەڕۆژی ٢٦-٢-١٩٨١ لەڕۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حکومەتی عێراق «سەدام حوسێن» لەبارەی کوردە فەیلیەکانەوە دەڵێ»:

ئەم توێژە لەعێراق ڕیشەکێشبکەن، تاوەکو خاکی عێراق و هەوای عێراق پیس نەکەن و خوێنی عێراقیش پیس نەکەن، کاتێك بەڕێگەی ئافرەتو ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی عێراقییەکان دەبێت». سەرنجدان و وردبوونەوە لەم قسەیەی «سەدام» سەرۆکی دەوڵەتی پێشووی عێراق بەسن بۆ ئەوەی تێبگەین کە شۆڤێنیەت و ڕادەی ڕەگەزپەرستی بیرکرنەوەی حزبی بەعس و سەرۆك و سەرکردەو حکومەتەکەی لەعێراق تاچ ڕادەیەك دژ بەمرۆڤ و هاوکات لەهەوڵی ئەوەبوە لەناوییان ببا، بەتایبەت ئەوانەی جیاوازبوون لەگەڵی.

بەپێی زانیارییە بەردەستکەوتوەکان، پێش ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە «٢٠٠» هەزار دانیشتوانی عێراق ئاوارە یان ڕاوەدووی ئێران نراون، کە ٦٥٪ کە شەست و پێنج لەسەدی ئەو ژمارەیە لە کوردی فەیلی بوون و تائێستاش زۆرێکیان لەو وڵاتە ماونەتەوە. ئەمە جگەلەوەی لەماوەی دەسەڵاتی حزبی بەعس بە هەزاران کوردی فەیلی زیندانی کراون و لەسێدارە دراون و کۆمەڵکوژی کراون[٢٠].

ژێدەرو ئاماری تریش زۆرن کەژمارەی وەدەرنانی کوردە فەیلیەکان لەعێراق و زیندانی کردن و کوشتن و زەوتکردنی سەروەت و سامانیان و بێسەرو شوێنکردنیان، بە «٥٠٠» پێنج سەد هەزار کەس ئەژمار دەکەن. بەڵام بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی ئێمەدان، وە ئەوەشی کەسەرچاوەو بەڵگەنامەکان بۆ ئێمەیان ساغکردوەتەوە «٣٨٠» هەزار کوردی فەیلی ڕوو بە ڕووی قڕکردن و جینۆسایکردن بوونەتەوەو ئاسەوارەکانیشی تا ئێستا ماون و بۆچەندین دەیەیی تریش هەردەمێنن.

دۆسیەی کۆمەڵکوژکردن «جینۆساید»کردنی کوردی فەیلی لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لە دوای ڕووخانی «بەعس» لە ساڵی ٢٠٠٣ بوە یەکێك لە دۆسیە گرنگ و پربایەخەکان، یەکەم هەنگاو بە ئاراستەی گەڕانەوەی ماف بۆ کوردانی فەیلی ڕاگوێزراو بۆ وڵاتی ئێران لەلایەن دەستەڵاتدارانی عێراقەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی، بڕیاری ژمارە «٦٦٦»ی هەڵوەشاندەوەو پوچەڵکردەوە، کە ئەم بڕیارە مافی هاوڵاتیبوونی بە کوردی فەیلی لە عێراقدا نەدەدا، ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو بۆ وەرگرتنەوەی مافی هاوڵاتیبوون لە لایەن زۆربەی ئەو کوردە فەیلیانەی ئەم مافەیان بە پێی بڕیاری ناوبراو لێزەوتکرابوو.

ب- جینۆسایدی بارزانیەکان

١٩ -د. خليل مصطفى عثمان، غياب الدولة عن جينوسايد الكورد، تهرب من المسؤلية أم انكار مستتر ، جريده التأخى، ٢٠٢٥.

٢٠ -ويكيبديا الموسوعة الحرة، اضطهاد الكرد الفيليين في عهد صدام حسين، متاح على الموقع الالكتروني: https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7 تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٩/٢٥.

ناوچەی بارزان لە باشووری کوردستان دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوییەوە، لەنێوان «عێراق – ئێران- تورکیا»، ئەم ناوچەیە لە حەوت هۆز پێکهاتوە: «شێروانی، دۆڵەمەڕی، گەردی، نزاری، بەرۆژی، مزووری، هەرکی بنەجی»، لەڕووی ئیدارییەوە بارزان قەزای مێرگەسوورەو سەربەپارێزگای هەولێرەو پێنج شارچکەی هەیە وەك: «بارزان، کۆڕەتوو، مەزنی، پیران، شێروان مەزن». ژمارەی گووندەکانی «٢٦٠» گووندەو دوای جینۆسایکردنیان تائێستا نزیکەی «٨٢» گووندیان ئاوەدانکراوەتەوە. کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی بارزان بە «٥٠٠» هەزار کەس مەزەندە دەکرێن.

پاش رێکەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥، رژێمی بەعس بەشێوەیەکی پلان بۆدارێژراو، کەوتە شاڵاوی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و هەنگاوە بەراییەکانی ئەم کۆمەڵکوژییەش بەم شێوەیە دەستی پێکرد. سەرەتا بارزانییەکان رووبەڕووی ئاوارەبون بوونەوەو کەوتنە دیوی ئێران، و بەشارە فارسە ئێرانییەکاندا بڵاوبوونەوە یان دابەشکران، بەم شێوەیە دەستکرا بەجینۆسایدی بارزانییەکان. لەساڵی ١٩٧٥ دانیشتوانی «نزارو بەرۆژ» بۆ خوارووی عێراق دوورخرانەوەو فڕێدرانە سنووری پارێزگای دیوانیە، لەساڵی ١٩٧٨ بەهەمان شێوە دانیشتوانی ناوچەکانی «مزووری، شێروانی، گەردی» بۆ ئۆردگاکانی «بەحرکە، دیانا، هەریر، کۆڕەتوو» لەسنووری پارێزگای هەولێر گوێزرانەوە. لەشاڵاوێکی ترو لەشێوەی پێشوو، لەساڵی ١٩٨٢ دانیشتوانی «شێروان مەزن»یان بۆ ئۆردگای زۆرەملێی «سێبیران» گواستەوە، دواترو دوای ئەو هەنگاوە بەراییانە، کردەوەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بەشێوەیەکی فراوانترو کرداری لەلایەن دەوڵەتی عێراق و حزبی بەعسە»وە دەستی پێکرد. لەساڵی ١٩٨٣ شاڵاوی جینۆساید بوو بەکردەیی و بەچەند قۆناغێك و سەرەنجام «٨٠٠٠» هەزار کوردی بارزانی – دەستگیرکران، دەستپێکی ئەم کردەوەو شاڵاوەی جینۆساید بەچەند قۆناغێك و بەم شێوەیە بوو:

یەکەم: قۆناغی یەکەم لە ٢٩ تا ٣٠- ٧- ١٩٨٣ دەستگیرکردنی هەندێ کەسایەتی دیاری بارزانییەکان. و ڕاگوێستنیان بۆ پاریزگای موسنی و لە ناحیەی «بەصیەی باکور» گوولە باران کران و کۆمەڵکوژکران.

دووەم: قۆناغی دووەم لە ٣١-٧-١٩٨٣ بەکۆمەڵگرتنی هەموو نێرینە «رەگەزی نێر»ی بارزانییەکان لە ئۆردووگاکانی «قودس و قادسیە».

سێیەم: قۆناغی سێیەم لە ١٠-٨-١٩٨٣ بەکۆمەڵگرتنی هەموو نێرینە «رەگەزی نێر» لە بارزانییەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی «هەریر، بەحرکە، دیانا».

چوارەم: قۆناغی چوارەم ڕاوەدوونان و بەکۆمەڵگرتنی ئەو بارزانیانە بوو، بەهەرشێوەیەك بوبێت لە شاڵاوەکانی گرتن رزگارییان ببوو.

بەم شێوەیە وەك لەپێشووتر ئاماژەمان بۆکرد، «٨٠٠٠» هەزار لەرەگەزی نێری بارزانانییەکان لە گەنج و پیرو مێرد منداڵ، لەلایەن دەوڵەتی عێراق بەرێبەرایەتی «بەعس» لەناوبران و جینۆساید کران. لەدوای پرۆسەی رووخانی بەعس لەفەرمانڕەوایی لەساڵی ٢٠٠٣، لەپرۆسەی گەڕان و پشکنینەکان تا ئێستا توانراوە تەنها «٦٠٦» لە رووفاتی شەهیدو قوربانییەکانی ئەم کردەی جینۆسایدی بارزانییەکان بۆ باوشی نیشتمان و زێدی خۆیان بگەڕێنرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: لە ١٦-١٠-٢٠٠٥ «٥١٣» رووفات لە «بوسەیە» خوارووی عیراق. دووەم: لە ٦-٣-٢٠١٤ «٩٣» رووفات لە خوارووی عیراق، واتە لە کۆی «٨٠٠٠» هەزار کوردی بارزانی کۆمەڵکوژکراو «٧٣٩٤» حەوت هەزارو سێسەدو نەوەدو چوار رووفاتی قوربانییەکان هێشتا لە نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکانن و بەنادیاری ماونەتەوەو نەتوانراوە بە دروستی بدۆزرێنەوەو بهێنرێنەوە بۆ کوردستان[٢١].

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣و رووخانی رژێمی بەعس، یەکێك لە کارە هەرە گرنگ و باشەکان، پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکان بوو لە عێراق، دوای درووستبوونی دادگاکەش، چەندین دۆسیەیی کۆمەڵکوژی خرانە پێش دەستی دادگاکە، لە نێویاندا دۆسیەکانی کۆمەڵکوژی گەلی کورد، کە دیارترینیان ئەم دۆسیانە بوون دۆسیەیی کۆمەڵکوژی ئەنفال ١٩٨٨، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان سەرەتای ساڵی هەشتاکان، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی کوردی فەیلی، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی قەزای پشدەرو سەیدسادق، دۆسیەیی پاکتاوی رەگەزی، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی راپەرینی ساڵی ١٩٩١، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی زیوە، دۆسیەیی پاکتاوی رەگەزی لە کەرکوك» و چەندین دۆسیەیی تر، کە لەنێویاندا هەریەك لە دۆسیەیی «بارزانیەکان، ئەنفال، کۆمەڵکوژی فەیلیەکان، کیمیابارنی هەڵەبجە، پشدەرو سەید سادق» بە جینۆساید ناسێنراون و بڕیاری کۆتاییان لە بارەوە درا، وەك کۆمەڵکوژی گەلی کورد[٢٢].

ج- جینۆسایدی ئەنفال و قۆناغەکانی

کاتێك بەفەرمانێکی کۆماری ژمارە»١٦٠»، لەلایەن کەسی یەکەمی دەوڵەت و بەعس «سەدام حوسێن»، «عەلی حەسەن مەجید» لەکەسە هەرەنزیکەکانی بنەماڵەکەی، دەکرێتە بەرپرسی

٢١ -شورش حاجي رسول، أنفال الكورد والدولة العراقية مطبعة شفان، السليمانية، ط٢، ٢٠٠٥، (ل٨٨).

٢٢ -جرجيس فتح الله ،زيارة للماضي القريب ، الناشر: دار الشمس للطباعة والنشر، ١٩٩٨.

سەربازی و ئیداری و ئەمنی و هەواڵگری و حزبی یەکەم لەهەرێمی کوردستان، و دەستڕۆیشتوو پێدەدرێ، یەکەم بڕیار کەدەری دەکات، ترسناکترین بڕیارەو دەتوانرێ بە جینۆسایدی گەلی کورد ناو زەد بکرێ.

بڕیاری ٤٠٠٨- ژمارە ٨٠٠٤/٢٨- بەروار ٢٠-٦-١٩٨٧، لە سەرکردایەتی نوسینگەی سکرتارییەتی ڕێکخستنی باکورەوە، بۆ/ قیادەی فەیلەقی یەك، قیادەی فەیلەقی دوو، قیادەی فەیلەقی پێنج. کە تێیدا پلانی ئەنجام دانی شاڵاوی ئەنفالی لە خۆ گرتبوو.

لە هەشت قۆناغەی شاڵاوەکانی جینۆسایدی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ کەبەئەنفال ناوزەد کرا، لەلایەن ڕژێمی «بەعس»وە، یەکە سەربازییەکان و دەزگای هەواڵگری سەربازی و مەدەنی و حزبی، هێزە ئاسمانیەکان، هێزە زەمینەکان، دەزگاکانی حزبی بەعس، دەزگا ئەمنییەکان، و تەواوی ئەو دەزگایانەی پەیوەندییان بەدەوڵەتی عێراق و حزبی «بەعس»وە هەبوو، بەشدارییان کرد[٢٣].

بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق و میدیاکانی نووسراوو بینراو و بیستراوی ئەوکات لە ١٩٨٨، قۆناغەکانی هەر هەشت شاڵاوەکە بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن کراوە:

ئەنفالی یەکەم «شاڵاوی یەکەمی جینۆساید»

لە ٢٢ی شوبات تا ١٩ی مارتی ١٩٨٨، ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵ و بەرگەڵو دەگرێتەوە، ئامانج لەیەکەم هەنگاوەکانی شاڵاوەکە، ئەوەبوو زیانێکی گەورە بە هێزی پێشمەرگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بگەیەنێ و برسیتی ئەوەی لەبەر ببڕێ کە بتوانێ داکۆکی لە چین و توێژەکانی دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکات.

ئەنفالی دووەم: «شاڵاوی دووەمی جینۆساید»

قەرەداغ ٢٢ی مارت تا١ی نیسانی ١٩٨٨، واتە لە ٢٢ی مارت «ئازار» تا ١ی نیسان شاڵاوی دووەم دەستی پێکردو ناوچەکانی «بازیان» لەسنووری قەزای چەمچەماڵ و قەرەداغ لەسنووری پارێزگای سلێمانی گرتۆتەوە. شوێن و جێگای سەرەکی شاڵاوەکە «قەرەداغ» بوو، ئەو هاوڵاتیانەی لە شاڵاوی ئەنفالی دووەم «جینۆسایدی دووەم» بەرەو سلێمانی هەڵاتن، بەشێکیان ڕزگارییان بوو، بەڵام ئەوانەی بەرەو سنووری گەرمیانی پارێزگای کەرکوك هاتن هەموویان بێسەرو شوێن کران. لە لایەن لیوایەکی سەربازی بە ناوی «بارق عبدولا حەنتە» ڕاستەوخۆ دەست بەسەرکران و دوای دوو ڕۆژ بێسەروشوێنکران.

ئەنفالی سێیەم: «شاڵاوی سێیەمی جینۆساید»

لە ٧تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، ئەم قۆناغەی شاڵاوی ئەنفال « شاڵاوی جینۆسایدی سێیەم، بەسەختترین و بەرفراوانترین شاڵاوەکان دادەنرێ و زۆرترین هێزی سەربازی و ئەمنی و جاش و موستەشار، بەشدارییان تێکرد. شوێنی ئەنجامدانی شاڵاوەکە دەشتێکی پان و بەرینە لەبەشی باشووری کوردستانی عێراقدایە.

سنووری جوگرافی ئەم ناوچەیە لەلای باکوورەوە ڕێگای سەرەکی نێوان «کەرکوك – چەمچەماڵ» وە لای ڕۆژئاواشەوە ڕێگای سەرەکی «کەرکوك – خوورماتوە»و لای باشوریشی « هەرسێ ڕێگای شارەکانی «کەلار- کفری- باوەنور»وە لای ڕۆژهەڵاتیشەوە «زنجیرە چیاکانی قەرەداغ»ە. لەم پانتاییە جوگرافیەدا چەندین شارو دەیان شارۆچکەو هەزاران گوندی لێیەو شارۆچکەی قادرکەرم دەبێتە ناوەندی سەرەکی ئەم ناوچەیە. لەم قۆناغەدا، زۆرترین خەڵك دەستگیرکران و بێسەرو شوێن کران.

قۆناغی چوارەم: «شاڵاوی چوارەمی جینۆساید»

ئەم شاڵاوە لە ٣ی مایس تا ٨ی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، بەشێکی بەرچاو لەسنووری پارێزگای کەرکوکی گرتەوە، لەسنوورەکانی شارۆچکەکانی «تەق تەق، ئاغجەلەر، شوان، قەرەهەنجیر» و بەشێکی زۆر لە سنووری نێوان هەردوو شاری «کۆیە و چەمچەماڵ لەم شاڵاوەدا، بەسەدان گوند بەرکەوتن و بەهەزاران کەس بێسەرو شوێن کران. نووسەر «مەلا شاخی» لە کتێبی «ئەنفالی خاڵخاڵان» تەواوی ئەوانەی بێسەرو شوێن و جینۆساید کراون لەشاڵاوی ئەنفالی چوار «شاڵاوی چوارەمی جینۆساید» بە پشت بەستن بەسەرژمێری و بەڵگەنامەکان، بە زیاتر لە « ٣٧٧٥» سێ هەزارو حەوت سەدو حەفتاو پێنج هاوڵاتی کورد، لەژن و مناڵ و پیرو پەککەوتە، مەزەندە دەکات و لیستێکی دوورو درێژی ناوی قوربانییەکانیشی تۆمار کردوە.

قۆناغی ئەنفالی ٥ و ٦ و ٧ «شاڵاوی پێنج و شەش و حەوت جینۆساید»

ئەم شاڵاوانە لە ١٥ی حوزەیران تا ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ خایاند، تیایدا ناوچەکانی «بالیسان و هیران و نازەنین و شەقڵاوە و خۆشناوەتی و ڕەواندوزو چۆمان و سۆران»ی گرتەوە، چەندین شاڵاوی دوورو درێژی تێکەوت و بەهۆی سەختی و چڕی ناوچەکەوە، ڕژێم نەیدەتوانی بەئاسانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، ئەگەرچی لەشاڵاوەکانی پێشووتر پشتیوانی و پشتگیری لە هێزی پێشمەرگە بڕیبوو، بەڵام بەهۆی سەختی ناوچەکە هەم پێشمەرگە دەیتوانی بەرگری بکات و هەمیش خەڵك دەیتوانی

٢٣ -جريمة العراق في الإبادة الجماعية، إعداد منظمة حقوق الإنسان / شرق الأوسط ، ترجمة حمال ميرزا ، ص ٢٥١ .

لەجنگی هێزە پەلامارەرەکانی رژێم خۆی قوتاربکات، کەچی هێشتاش بەهەزاران خەڵکی گرت و بێسەرو شوێنی کردن.

قۆناغی ئەنفالی هەشت « شاڵاوی هەشتەمی جینۆساید»

سەرەتای ئەم شاڵاوەی ئەنفال و جینۆساید، لە ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ دەستی پێکردو لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ کۆتایی پێهات. شوێن و پێگەی جوگرافی ئەم شاڵاو پەلامارە تەواوی ناوچەی بادینان و دەورو بەری گرتەوە، لەهەمانکاتدا بەشێك لەسنوورەکانی پارێزگای دهۆك و دەوڵەتی تورکیاو ئێرانی گرتەوە. لەم شاڵاوەدا، زیاتر لە « ١٦٣» بەر پەلامارەکە کەوتن، تەنها ئەو خەڵکانە رزگارییان بوو، کە ئاودیوی سنووری تورکیا بوون، ئەوانی تر کە دەستگیرکران، وەك تەواوی خەڵکەکەی تر کەلە «٧» شاڵاوەکەی پێشوو گیرابوون و کۆمەڵکوژو بێسەرو شوێن کران، ئەمانیش چارەنووسیان هەروابوو.

ئەم شاڵاوەی جینۆساید، لە کاتێکدا ئەنجامدرا شەری نێوان « عیراق- ئێران» کۆتایی پێهاتبوو، رژێمی بەعس خۆی ناوی لێنا «خاتمە الانفال»، بەڵام خۆی لەراستیدا وانیەو پێچەوانەکەی راستە، بەڵکو لەدوای ئەم شاڵاوە «شاڵاوی هەشتەمی جینۆساید»، چەندین شێوازی تری جینۆسایدکردن دەست پێدەکات، هەروەك کوشتن و بێسەرو شوێنکردن و برسیکردن و بێکارکردن و ئاخنین لە ئۆردوگاو زۆر شێوازی تر جینۆسایدکردن[٢٤].

د- جینۆسایدی شاری هەڵەبجە

هەڵەبجەی شەهید شارێك قەزایەك ی کوردستانی عێراقە لە رووی جوگرافیەوە دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی شاری بەغدادەوە ژمارەی دانیشتوانی پێش کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید نزیکەی (٨٠٠٠٠) هەشتا هەزار کەس بووە.

لە درێژەپێدانی سیاسەتی راگواستن لە ساڵی ١٩٨٧ گوندەکان سەر بەچەمچەماڵ و کۆیە و قەلادزێ و ناوچەی سلیمانی ناچار کران گوندەکانیان بە جێ بێلن، دیارە ئەم کارەش نارەزایی خەڵکەکەی لێکەوتەوە بۆیە رژێم لە نیسانی ١٩٨٧ بە چەکی کیمیاوی هێرشی کردە سەریان، لە ١٥ ی نیسانی هەمان ساڵ بە فرۆکەی جەنگی دەستیان بە هێرش کردن سەر ناوچەکانی سۆران و رەواندوز و دوکان و سەرچنار و گوندەکانی مەرگەو پشدەر، هێرشەکان بە گازی ژەهراوی بەردەوام بوو تا ٢١ ی نیسانی ١٩٨٧ هەروەها زۆربەی ناوچەکانی خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان و دەورووبەری سلیمانی و قەرەداغ بەرکەوتن.

لە ٦ ی ئەیلول دەوروبەری شارۆچکەکانی شەقلاوە و کۆیە و بە درێژایی چیای سەفین کیمیاباران کران، بەتایبەتی ناوچەی هیران و نازەنین، بۆ چەند جارێك. لە ١٧ ی ئەیلولی ١٩٨٧ فرۆکە جەنگیەکانی رژێم بە چەکی کیمیاوی هێرشی کردە سەر ناوچەی بادینان بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگە زۆرە ملێیانەی کە کوردو ئاشووری تێدا بوو، لە نزیك سنووری تورکیا کە زۆربەی دانیشتوانەکەی خەڵکی دهۆك و ئەتروش و ئەلقوش بوون، لە ترسی رژێم رایانکردبوو.

لە ١٩٨٨/٣/١٦ کیمیا بارانکردنی شاری هەڵەبجە دەستی پێکرد هەڵەبجە بەلایەنگری نەیارانی رژێم ئەژمار دەکرا لەسەرتای ساڵی ١٩٨٨ هێزی پێشمەرگەتوانیان شارەکەو دەورو بەری لەدەست رژێم دەربێنن کە بووە بەهانە بۆ درێژە پێدانی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی کورد، هێرشیکی بەربڵاوی کردە سەر ناوچەکە([٢٥])، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر هێرش پێشمەرگەی کوردستان، لەم شالاوەدا زۆر لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان وێرانکرد یەکێك لەم شارانە هەڵەبجە بوو، بەشێك بوو لە زنجیرە شاڵاوەکانی (ئەنفال) بۆ لەناوبردنی کورد.

لەشەوی ١٥-٣/١٦ی ١٩٨٨ بۆردومانی تۆپ و کاتیۆشای دوور هاوێژ بۆ ناوشار دەستی پێکرد، خەڵکێکی زۆر لەرۆژانی پێشووتر شاریان جێهێشتبوو، چووبونە دەرەوەی شار. سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ حەوت فرۆکەی جەنگی هاتنە سەر شارەکەو بە موشەك و ناپاڵم شارەکان بۆردومانکرد کە ژمارەیەك خەلك کوژران وخانووبەرەیەکی زۆریش وێرانکرا. زۆر درندانە لە دژی هەڵەبجەو ناوچەکانی دەوروبەری ئەنجامیان دا، بۆردوومانی فرۆکەکانی رژێم ئینجا بەژەهری کیمیاوی لە کاتژمێر ٥:٢٠ دەقەی ئێوارە ١٦ ی ئادار دەستی پێکرد، تا سەرلەبەیانی رۆژی ١٧ی ئادار (١٤) جار فرۆکەکان بە بەردەوامی بۆردومانی شارەکەیان کرد([٢٦]).

زۆربەی سەرچاوەکان لەوبارەیەوە ژمارەی شەهیدانی هەڵەبجە بە (٥٠٠٠) پێنج هەزار دەستنیشان دەکەن و ژمارەی بریندارو بەرکەوتوش بە (١٠٠٠٠) دە هەزار، خەڵکێکی لە دوای ئەوەی بەرەو شارەکانی تر رایان کرد رژێم بەشێکی زۆری گرتن. پاشماوەی دانیشتوانی هەڵەبجەو ناوچەکانی دەوروبەری بەبێ ماڵ و حاڵیان ئاوارەی ئێران و ناوچە سنووریەکان بوون. دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتانی دونیا راپۆرت و وێنەو فیلمی رووداوەکانی هەڵەبجە یان زۆر بڵاوکردەوە.

نوێنەری سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران و عێراق دیدەنی نەخۆشخانەکانی ئێران و عێراق

٢٤ - د. صديق سلمان عيسى ، وليد محمد عمر ، عمليات الأنفال في كوردستان العراق، بدون مكان وسنة النشر.

٢٥ -علي نبي صالح الدوسكي ، عمليات الأنفال ، دهوك، دار سبيريز،٢٠٠٦، ص.١٢٢.

٢٦ -محمود زايد، موقف الصحافة المصرية من إبادة صدام للشعب الكردي بالكيماوي في عمليات الانفال، جريدة الاهرام المصرية نموذجا، مطبعة بيره ميرد، ٢٠١٤.

کردووە ئەو ڕاستیەی تۆمارکرد کە چەکی کیمیایی لە دژی خەڵکی کوردستان بەکار هاتووە. ئەم هێرشە کە ئەنجام درا بەچەکی کیمیایی لەلایەن سوپای عیراقەوە گەورەترین هێرش بوو بە گازی ژەهراوی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە ئەنجام درابێ.

هـ - جینۆسایدی کوردە یەزیدیەکان (شەنگال):

یەکێکی تری کۆمەڵ کوژیەکانی دەرهەق بە میللەتەکەمان ئەنجامدرا، لە ناوچەی شەنگال دژی کوردە یەزیدیەکان ڕووی دا، لە لایەن دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی (داعش) لە ٣ی ئابی ٢٠١٤. لە کۆی ٣٥٠ بۆ ٤٥٠ هەزار کەس کە بەهۆی هێرشی داعش و داگیرکردنی ناوچەی شنگال لە ساڵی ٢٠١٤ ئاوارە بوون ، بەپێی خەملاندنەکان نزیکەی ٢٠٠ هەزار ئێزیدی بە ئاوارەیی ماونەتەوە کە زۆربەیان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستاندان .

لە هێرشەکەی داعش هەزاران کەسیان سەربڕی و شەش هەزار و ٤١٧ ئێزیدی ڕفاند لە ئافرەت و کچان وتووشی جۆرەها توندوتیژی سێکسی دڕندانە کران، لەوانە دەستدرێژی سێکسی و کۆیلایەتی سێکسی. ئەم چەتانە دڕندانەترین و قێزەونترین تاوانیان لە شارەکە ئەنجامدا، لە کوشتن و گۆشەگیر کردن، منداڵانیان گواستەوە دابڕانیان لە کاسو کاریان ئاوارەیان کرد، ماڵەکانیان وێران کرد، پەرستگاکانیان ڕووخاند، ژنەکانیان کردە کۆیلە و پیاوەکانیان کوشت، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی نادیار بێسەر وشوێنن تا ئیستاش لە گەڕان وئازادکردنیان بەردەوامەن. ئەمەش بەپێی گشت پەیمان و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بەم تاوانە بە تاوانی جینۆسایدە هەژمار دەکرێت. تا ئێستاش کە لە سالی ٢٠٢٥ داین هەوڵی جینوسایدکردنی گەلەکەمان بە شێوازی جیاواز بەردەوامی هەیە[٢٧].

بۆمان دەردەکەوێت کەوا نەبونی یاسای ناوخۆیی لە عێراق لەگەڵ ستاندارە نێودەوڵەتییەکان بۆ تاوانبارکردنی جینۆساید هاوتەریب نین، هەروەها بەرژەوەندی سیاسی و نەبوونی دادگاییکردنی دادپەروەرانە یان نێودەوڵەتی کاریگەرییەکانی لە بەدەستهێنانی دادپەروەریدا سنووردار دەکات[٢٨]، کەمی سەرچاوە و زۆرێک لە بەڵگەنامەکان یان ونن یان لەناوبراون، گرنگی نەدانی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبت سەرەڕای گەورەیی تاوانەکان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمیشە گرنگییەکی پێویستی پێنەداوە، ئەمەش کاریگەریی توێژینەوەکان لە ناوخۆی عێراق سنووردار دەکات.

کۆتایی

لە ڕێگەی توێژینەوەکەمان گەیشتینە چەند ئەنجام و ڕاسپاردەی گرنگ، کە لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

یەکەم: دەرنجامەکان

١. پێناسەیەکی ڕوون و تایبەت و ڕێککەوتن لەسەر تاوانی جینۆساید نییە ، بەهۆی تایبەتمەندی ئەم تاوانە و سروشتی ئەو کردەوانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو تاوانە، بەڵام ئەو کردەوانە دەستنیشانکراون کە تاوانی جینۆساید پێکدەهێنن.

٢. تاوانی جینۆساید پێویستی بە مەبەستی تایبەت هەیە بۆ لەناوبردنی کۆمەڵە کەسیک بە تەواوی یان بەشێکی ئەندامانی گروپێکی دینی یان ڕەگەزی یان نەتەوەیی.

٣. جینۆساید بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان تاوانێکە، بەبێ گوێدانە ئەوەی لە کاتی ئاشتیدا ئەنجام بدرێت یان لە شەڕدا .

٤. دانپێدانان وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی کە پەیوەستە بە سەپاندنی سزا بەسەر تاوانبارانی، و دیاریکردنی بەرپرسیارێتی دەوڵەتەکان بۆ ڕێگریکردن لێی و سزادانی بەرپرسانی .

٥. ڕێککەوتننامەی جینۆساید وەک پوختەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێگریکردن لەم تاوانە هاتە ئاراوە، دوای ئەوەی سەلمێندرا کە دادگاییکردن تەنها باس نییە بۆ وریگریکردن لەم تاوانە .

دووەم: ڕاسپاردەکان

لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی گرنگ، کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

١. پێشنیار دەکەین تیرۆری نێودەوڵەتی وەک جۆری پێنجەمی تاوان زیاد بکرێت کە دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی دەتوانێت لەبەرچاوی بگرێت، بەهۆی مەترسییە زۆر جددییەکەی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی

٢. کارکردن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی یاسایی کە دادگا دەسەڵاتی هەبیت بۆ سەیرکردنی تاوانی جینۆساید، جیاواز لەوەی کە لەسەر بنەمای ڕاسپارداکردن یان لەسەر داواکاری ئەنجومەنی ئاسایش بێت لە دادگا بۆ سەیرکردنی ئەم جۆرە تاوانە، بۆ ئەوەی دادگا زۆرترین پاراستن و سەربەخۆیی لە دەستێوەردانەکانی ولاتە گەورەکانی خاوەن دەسەلات هەبێت .

---

٢٧ -ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، اضطهاد تنظيم الدولة الإسلامية (داعش) لليزيديين.

٢٨- د. كاوە ياسين سليم، مكافحة الارهاب و حق الانسان فى الخصوصية، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، المجلة٨، العدد٢٩، الجزء٢، ٢٠١٩.

٣. چالاککردنی ڕۆڵی دادگا نێودەوڵەتییەکان، لە لێپێچینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانەکانی کومەلکوژی بەبێ گوێدانە پێگەی ئەنجامدەرانی هەڵوێستەکانیان، و جێبەجێکردنی سزای گونجاو لەسەریان.

٤. لێپێچینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوان، هەموو ئەوانەی کە جینۆسایدیان ئەنجامداوە یان فەرمانی ئەنجامدانی جینۆسایدیان داوە، جا دەسەڵاتدار بن، بەرپرسی گشتی یان کەسانی تایبەت، دەبێت بەبێ جیاوازی دادگایی بکرێن.

٥. بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهێز، پێویستە کار لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵگایەک بکەین کە توانای بەرەنگاربوونەوەی گرژی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەیان هەبێت، بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پێشخستنی سەروەری یاسا.

٦. ڕێزگرتن و پێشخستنی بەهای مروڤایەتی و جیاوازی گەلان (نەتەوە، رەگەز، ئاین، کەمینە....) بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سەقامگیر.

٧. کارکردن وجەخت کردنەوە لە سەر هەموو ئاستەکان بو قەرەبوو کردنەوەی قوربانییەکان و کەس وکاریان بە شێوازێکی دادپەروەر و گونجاو بەرامبەر ئەو زیانانەی کە تووشی بوون .


سارچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوەکانی کوردی

- ابراهیم صالحی راد، کورتە باسێك سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، چابخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١١.
- ئاسۆ کریم، دەستور، مافی چارەی خۆنووسین، فیدرالیزم و ریفراندۆم، چاپخانەی خانی دهۆك، ٢٠٠٨.
- بتاهر بو جلال، وەرگێرانی لوقمان حاجی قادر، میکانزمەکانی کۆسیستەمی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، چاپخانەی مێرگ، هەولێر، ٢٠١٣.
- د. ریاض عزیز هادی، مافەکانی مرۆڤ، وەرگێرانی مامۆستا ڕەمەزان حەمەددەمین، چاپی دووەم، کتێبخانەی سۆفیا- کۆیە، ٢٠١٧.
- د.سالار باسیرە، جینۆساید لە یاساکانی نەتەوە یەکرتوەکان و بەنیودەوڵەتکردنی، کورد وەك نموونە، سەنتەری مارگرێت - سلیمانی، ٢٠١٣.
- عومەر محمەد، کۆمەڵکوژی بارزانیەکان، قۆناغێك بەر لە ئەنفال، چابخانەی کەمال، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.
- د. مارف عومەر گول، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵتان دا، سلیمانی، چاپی سێیەم، ٢٠٠٦.
- مومتاز حیدری، جینۆسایدی کورد لە خەزینەی K٢٤ دا، هەولێر-کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
- محمد رؤوف، پاکیزەکانی ئەنفال، دەزگای رۆشنبیری جمال عرفان، سلیمانی، ٢٠١٤.
- ویسی صالح حمد امین، عمر علی شریف، عبید خدر فتح الله، جینۆسایدی گەلی کورد، بەرشێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمنییەکان، چاپی سێیەم، ٢٠١٥.
- یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە ١٣، جینۆسایدو تاوانەکانی ڕژێمی عیراق دژی گەلی کوردستان، چاپخانەی شەهاب - هەولێر، ٢٠١١.

دووەم: سەرچاوەکانی عەرەبی

- ابو زید، ایمان عبدالستار محمد، ضمانات المتهم امام المحكمة الجنائية الدولية، دار المنهل للنشر والتوزيع عمان الاردن، ٢٠١٥.
- اسماعيل بيشكجي، كوردستان مستعمرة دولية، ترجمة زهير عبدالملك، چاپخانەی APEC ، سويد، ١٩٩٨.
- جود عدنان دحيلة، جريمة الابادة الجماعية في القانون الدولي- دراسة تحليلية، جامعة النجاح الوطنية، نابلس - فلسطين، ٢٠٢١.
- خالد محمد الاحمري، حمد سليم عطايا، التنظيم القانوني الدولي لجريمة الابادة الجماعية، المجلة الدولية للبحوث والدراسات القانونية، الاصدار ٣، العدد ٤، ٢٠٢٤.
- د. خيرى احمد الكباش، اصول الحمايه القانونيه لحقوق الانسان، دار الكتاب المصريه، ٢٠٠٦.
- شورش حاجي رسول، أنفال الكورد والدولة العراقية مطبعة شفان، السليمانية، ط٢، ٢٠٠٥، (ل٨٨).
- عبدالرحمن سليمان زيبارى، الوضع القانونى للاقليم كوردستان العراق فى ظل قواعد القانون الدولى العام، دەزگای موکریان بۆ چاپ و دابەشکردن، ٢٠٠٢.
- د.عثمان رحمن محمد، تأثيرات القانون الدولية لحقوق الانسان فى الدستور العراقى الدائم، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ٢٠١١.
- د. كاوە ياسين سليم، التنظيم القانونى لضمانات حقوق الانسان وحرياته- دراسه مقارنة، المكتب الجامعى الحديث، ٢٠١٧.

- مصطفى محمد عبدالغفار يوسف، ضمانات حقوق الانسان على المستوى الاقليمي، رسالة دكتوراه، كلية الحقوق، جامعة الاسكندرية، ١٩٩٩.
- د. نايف احمد ضاحي الشمري، دور محكمة العدل الدولية، منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠١٥.
- نبيل عبدالرحمن ناصر الدين، ضمانات حقوق الانسان وحمايتها وفقا للقانون الدولي والتشريع الوطني، دار المطبوعات الجامعية، ٢٠٠٩.

سییەم: گۆڤار و راپۆرت

- ئارام احمد محمد، جینۆسایدی کورد و ناسنامەی نەتەوەیی، گۆڤاری گۆلان، ژمارە ٩٦٨، ٢٠١٤.
- تەها سلیمان، جینۆساید لە باشوری کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،٢٠١٧.
- د. خليل مصطفى عثمان، غياب الدولة عن جينوسايد الكورد، تهرب من المسؤلية أم انكار مستتر ، جريده التأخي، ٢٠٢٥.
- د.زياد محمد ربيع، جريمة الابادة الجماعية، مجلة العلوم القانونية- جامعة بغداد، ٢٠١٩.
- رقيب حمه رشيد سعيد، نجدت صبري عقراوي، الاليات الدولية لحماية حقوق الانسان في اطار الامم المتحدة، مجلة جامعة جيهان للعلوم الانسانية والاجتماعية، ٢٠٢٠.
- د. كاوه ياسين سليم، مكافحة الارهاب و حق الانسان فى الخصوصية، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، المجلة٨، العدد٢٩، الجزء٢، ٢٠١٩.
- د. محمود العدل، مستقبل الصراع بين تركيا والأكراد، مركز المعلومات ودعم اتخاذ القرار – مصر، ٢٠٢٥.
- محمود زايد، موقف الصحافة المصرية من إبادة صدام للشعب الكردي بالكيماوي في عمليات الانفال: جريدة الاهرام المصرية نموذجا، مطبعة بيره ميرد، ٢٠١٤.

چوارەم: ریکەۆتننامە پەیماننامە نیودةولەتیەکان

- ریککەوتنامەی لە ناوبردنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری رەگەز پەرستی کە لە لایەن کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەگرتوەکان وە لە ١٩٦٥.
- پەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدا لە (٩)ی کانوونی دووەم ساڵی (١٩٤٨) لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەو.
- ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٦ ڕێگری کردن (منع) لە ناوچوونی (جنس) ڕەگەزی مرۆڤایەتی .
- پەیمانی لوزان ساڵی ١٩٢٣.
- پەیمانامەی سیڤەر ساڵی ١٩٢٠.

# ژن و ژیان د جینوسایدا بارزانیاندا (ڤەکۆلینەکا مەیدانی)ی

پ.ە. د.نسرين محمد عبدالله

نفل صالح اسلام

پ د. جوان محمد محمدمهدی

١. پوختە:

ئەڤ ڤەکۆلینە ئارمانجدارە بۆ زانینا چاوا نیا دەربازبوونا ژیانا ژنێن دەڤەرا بارزان د هەوێن ئەنفالێدا، چاوانیا کارتێکرنا ئەنفالێ ل سەر ژیانا ئەوان ، دگەل دیارکرنا ڕۆلێ ئەوان د ڕوو ب ڕوویيا ئەوان کارەساتاندا. بێ گۆمان ئەڤ ڤەکۆلینە دەستپێدکەت ژ ئەوێ گریمانێ، کو ژن نەبەس قوربانییە د ئەڤان جورە کاوداناندا، بەلکو بنیاتێ سەرەکییە بۆ دووبارە ئاڤاکرن و بەرهەمێنانا ژیانێ، هەروەسا پەیداکرنا هیڤیێ سەرەڕایی هەبوونا مەترسیێن کۆمولکوژیێ ئەوا هەبوونا خۆ دسەپینیت.

هەلبەت بۆ ئەنجامدنا ئەڤێ ڤەکۆلینێ ڤەکۆلەران پشت ب ڕێبازا وەسفی و شیکارییا ژ لێگەریانێن مەیدانی بەستی یە، کو یا گونجایە بۆ شروڤەکرنا بابەتی یان شروڤەکرنا ناڤەرۆکی (Content Analysis) ، ئەڤ چەندە ژی ب ڕێکا کۆمکرنا داتایان ژ چاڤپێکەڤتنێن کەسوکی بوویە، ل گەل ئەوان ژنێن قورتالبووین ژ کاودانێن جینوسایدێ ، بێ گۆمان کۆمەلا ڤەکۆلینێ هەمی ئافرەتێن دەڤەرا بارزان ئەوێن ئەزموونا خۆ دمەیدانا ئەنفالێدا دەربازکری ڤەدگریت. بەلێ با ژ هەژییە دەینە دیارکرن، کو ب شێوەیەکێ ئەنقەست و ڕێکخستی بتنێ (١٠) ئافرەت ژبۆ مەرەما چاڤپێکەڤتنێ و کۆمکرنا داتا و وێنەێن دکویمێندکاری هاتینە هەلپژارتن.

پشتی شروڤەکرنا داتایان و گەنگشەکرنا ئەنجامان هاتیە ڤەدیتن، کۆ ژیانا ژنا ل دەڤەرا بارزان وەکی هەر تاکەکێ کورد ژ زۆردایا داگیرکەر بێ بەهر نەبووینە، بگرە ژ زۆرداریێن وەک: (کوشتن، وێرانکرن، ڤەگوهاستنا ب زۆری، وەرگرتنا مال و سامان و ناسنامە و بەلگەنامێن فەرمی، ... هتد). ئەڤە هەمی و هێش وێرانتر، بەلی ژبەر خۆ راگریيا ئەوان ، ئەڤ چەندە نەبوویە ئەگەر، کۆ ژنا بارزانی ژ جڤاک و ژیان و زمان و نەتەوەپەرستییا خۆ دویر بکەڤن و بکەڤنە بەر کێلبێن زالمێن ڕژێما داگیرکەر و نەبووینە داردەستێن دوژمنێ خۆ، هەلبەت کارو کریارێن قارامانێن ژنا بارزانی یێن چالاک دیدەڤانن ل سەر ئاخفتنا مە، سەرەڕای ئەڤێ چەندێ، کو پرانیا ژنێن بارزانی د دەمێن دژوار دا ل سەر ئاخا خۆ واتە ل گوندێن خۆ دژیان، هەلبەت ڕامان ژ ڤێ چەندێ ئەوە کو ڕژێما بەعس ب هەمی شێوازا دوژمنکاری ل دەڤەرا بارزان ب تایبەتی و کوردان ب گشتی دکر. هەر دیسان دیاردبیت،کو د هەمی کاوداناندا هەر یا خۆڕاگر بوو و هەمی ڕۆلێن ژیانێدا بەشداری کرییە، بگرە ژ ڕۆلێ، وەک: ( مالخێ مالێ ، کارکەر، دایک ، باب ، خیشک، مەت، خالەت، داپیر، داپیرک، نۆژداری، کاسبکاری، پالەتی، جوتیاری، بێرێ، ئاڤاکرنا خانیان....... هەتا کو ڕۆلێ زێرەڤانی ونوبەدارییا شەڤان کریە ژبەر خۆ پارستنێ بوو). واتە ئەنجام دەنە دیارکرن کو ئەڤان ژنان چەندێن ڕێکێن هەمە جۆر گەشەکرینە داکو بمینە ساخ و دووبارە ژیانێ ئاڤا بکەن. ل دوماهیێ دڤێ ڤەکولینێدا هاتیە ڤەدیتن، کو تێگەهێ ژیانێ د بن سیبەرا جینوسایتێدا بۆ مان ب ساخی تێپەریت و بەرەڤ ئیرادە و بەردەوامی و پارزتنا کەرامەتا خۆ وەک مرۆڤ دچیت، هوسا ژن وەک ستوینەکا سەرەکی و ڕۆلەکێ گرنگ د ئاڤا کرنا کۆمەلگەهێدا دکەت پشتی کارەساتان، ئەڤ چەندەژی بۆ زیرەکی و شیانێت ژنا کوردا بارزانی دزڤریت هەروەسا ڤەگۆهاستنا ئێش و نەخوشیا بۆ ژیانێ. پشتی دیاراکرنا ئەنجامان ڤەکۆلەران چەندین ڕاسپاردە خستنەڕوو وپێشنارا ئەنجامدانا چەند ڤەکۆلینەکێن دیتر ب تێر و تەسل ل سەر خۆڕاگرییا ژنێ و کارەساتێن ئەوێ د ئەنڤالان دا و چەوا ئەڤ قوناغ دەربازکرییە.

پەیڤێن کلیکدار: ژن ،ژیان ، جینوساید ، جینوسیدا بارزانیان .

٢. ئاریشا ڤەکۆلینێ:

ئاریشەییا ئەڤێ ڤەکۆلینێ ئەوە کو نەبوونا ڤەکۆلینێن مەیدانی یێن قۆل ئەوێن کەتوارێ ژنێن بارزانیان د مەیدانا و پشتی هەوِلێن ئەنفالان دیاردکەت. و رێکێن سەرەدەریی کرنێ دگەل کارتێکرنێن کۆمەلایەتی و دەروونی کەلتوری ژ ئەوان هەوِلان بکەت. هەروەکی دیار، کو ژن دیدەڤانێن ل سەر ئەڤان کارەسات و رووداوێن ب سەرێ کەس و کارێن ئەوان هاتین بوویە، بەلێ دەنگ و ئەزموونا ئەوان ب شێوەیەکێ ئەکادیمی بەڵگەدار نەبوویە د ئەدەبیاتێن ئەکادیمیدا، ژبەر ئەڤێ چەندێ ئەڤ ڤەکۆلینە هەول ددەت بەرسڤێ ل سەر ئەڤێ پرسیارا سەرەکی بدەت: چاوانیا دەربازبوونا ژیانا ژنێن دەڤەرا بارزان د هەوێن ئەنفالێدا؟ چاوانیا کارتێکرنا ئەنفالێ ل سەر ژیانا ئەوان؟ دگەل دیارکرنا رۆلێ ئەوان د روو ب روویيا ئەوان کارەساتاندا؟

٣. گرنگییا ڤەکۆلینێ:

گرنگییا ئەڤێ ڤەکۆلینێ د سێ تەوەراندا دیاردبیت:

ئێک: گرنگییا زانستی، کو ئەڤ ڤەکۆلینە دێ بیتە خالەکا گرنگ ژبو ئەوان ڤالاهێن مەعریفی ئەوێن گرێدایی ب ئەزموونێن ژنانێن کورد د مەیدانا هەوێن ئەنفال وپشتی ئەنڤالاندا، ئانکو دێ ڤالاهێن مەعریفی دبوارێ ئەزموونێن ژناندا پڕ کەت.

دوو: گرنگییا مرۆڤەیاتی دمەیدانا بەڵگەدارییا دیدەڤانییا ژنان و بلندکرنا دەنگێن ئەوان وەک بەشەک د بیردانکا نیشتمان پەروەریدا.

سێ: گرنگییا پراکتیکی ب رێکا پێشکێشکرنا ڕاسپاردە یان دبیت هاریکارییا لایەنێن ناڤخۆی و دەستگەهێن نەمیری بکەت، د دیزانکرنا پرۆگرامێن پالپشتییا ژنان د کونتێکستا پشتی هەڤرکیان.

چوار: گرنگییا ڕێبازی دبوارێ پالپشتییا ئاڤکرنێن مەیدانی و جۆری، کو دبیتە ئەگەرێ دەوڵەمەندییا ئەدەبیات و ڕێباز و تەکنیکێن شرۆڤەکاری یێن جۆری ئەوێن گرێدایی ب ئەزموونێن زارەکی.

٤. ئارمانجا ڤەکۆلینێ:

ئارمانجا ئەڤێ ڤەکۆلینێ جێبەجێکرنا ئەڤان ئارمانجێن ل خوارێ دیارکرییە:

١. بەڵگەدارییا ئەزموونێن ژنێ و دیدەڤانیا ئەوان ب تایبەت ئەوان ژنێن د ئەوان دەماندا دەربازبووین و کارتێکرنا کارەساتان ل سەر وان .

٢. شرۆڤەکرنا ڕۆلێ ژنێ د پاراستنا بنەماییێن خێزانی و کەلتوریدا و ڤەگەراندان ژیانێ پشتێ کارەسارتان.

٣. ڤەدیتنا تەکنیکێن خۆڕاگری و بەرگرییا ئاڤاکەر و چەسپاندنا ستراتیجییەتێن هەمە جۆر بۆ مانێ.

٤. پێشکێشکرنا ڕاسپاردەیێن کاری و ڕێبازی ژبو کاربەدەسان و ڤەکۆلەران ل سەر پالپشتییا ژنان د کونتێکستا پشتی هەوِلاندا.

٥. گریمانا ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ل سەر ئەڤێ گریمانێیە، کو ژن نەبتنێ قوربانییە د ئەڤان جۆرە کاوداناندا، بەلکو بنیاتێ سەرەکییە بۆ دووبارە ئاڤاکرن و بەرهەمێنانا ژیانێ، هەروەسا پەیداکرنا هیڤییێ سەرەڕایی هەبوونا مەترسییێن کۆمولکۆژیی ئەوا هەبوونا خۆ دسەپینیت.

٦. پرسیارێن ڤەکۆلینێ :

١. چاوا ژنێن دەڤەرا بارزانیان روو بەرووی ئەوان کارسەت و کەتواران بووینە ، چ شێوازێ خۆ گونجاندنێ ئەوان پشتبەستن ل سەر کریە؟

٢. ڕۆلێن ئەوێ چ بووینە ژبو ڤەگەراندنا ئاڤاکرنا خێزان و کۆمەلگەها ناڤخۆیی بەری و پشتی کارەساتان؟

٣. چاوا ژنان هاریکاریی د پاراستنا بیردانکا کۆمەلکوژییا ئەزموونا ئەنفالێدا کریە؟

٤. چ فاکتەر ب سەر ئەواندا هاتییە ژ ئەزموونا تێدا دەربازبووین ( ئاستێ خواندنێ، باردوخێ کۆمەلایەتی )؟

٧. سنورێ ڤەکۆلینێ:

- دەمی : ئەنفالا (١٩٨٩- ١٩٨٣).
- سنورێ جهی : گوندێن دەڤەرا بارزان ل کوردستانا باکور-کوردستانا عیراقێ.

٨. پێناسەکرنا زاراڤان:

٩. ژن:

ژن ئەو مرۆڤە یاکو ژ ڕەگەزێ مێ هاتییە ئاڤراندن و پێگەهشتی، ڕۆلەکێ گرنگ و بنەڕەت هەیە د ئاڤاکرنا خێزان و خودانکرن و وەڕارا نەوەیەیان، بەشداری د گەشەپێکرنا کۆمەلایەتی، ئابووری و کەلتوریی دکەت، دیسان پەسنا ئەوێ دهیتەکرن وەک نیڤەکا کۆمەلگەهی(مجمع اللغة العربية، ٢٠٠٥: ١١٢) .

دیسان ژن ڕەگەزەکێ کارلێککەر و کارتێکەرە ژبو ئارامی و جێگیربوونا کۆمەلگەهێ، وە ک نموونە و سەمپلەکا بەرزە ژبو بەخشینا هەدارێ، بهێن فرەهیێ و شیان ل سەر بێهن فرەهی و خۆراگرێ بدەت، هەروەسا هاریکاریا هەمی بوارێن ژیانێدا دکەت.

١٠. ژیان :-

ژیان ئەو باروودۆخێ زیندەروەرکێ ساخ ژ تشتێن بێ رۆح جوادکەت، شیانا وەڕار و زێدەبوون و کەشەکرنێ و لڤین و کارلێکرێ دگەل ژینگەهێ و خۆ گونجاندنێ هەیە( Capra, ١٩٩٧:٤٥).

هەر دیسان (Capra) دبێژیت: دشیاندایە تەماشەیی ژیانێ ژ لایەنێن جودا جودا بکەین، وەک :

- ژ لایەنێ بایۆلوجی: ژ کۆمەکا زیندی پێکدهێت یێن، کو

جوداهیێ دناڤبەرا بوونەوەرێن زندی و یێن دیتر دکەت. وەکو: هەناسێ ، وەراری ، هەرسکرن، گەشەکرن و وەرارێ.

• ژ لایەنێ فەلسەفی و مرۆڤایەتی: ژیان ژ ئەزموونا مرۆڤان دهەبوونێدا پێکدهێت، یاکو هەلگرە ژ هەستەوەران، هزران ، پەیوەندییان، رامانێن گرێدایێ کەرامەت و ئازادی و ئارمانج ژ هەبوونێ.

• ژ لایێ کۆمەلایەتی: ئەو کار وچالاکێن مرۆڤینە ژبو رۆل گێرانێ دناڤ کۆمەڵگەهێدا ، کارلێکرن دگەل کەسانێن دیترە ژبو جێبەجێکرنا خۆبخۆیێ و هاریکاریێ د گەشەکرنا ژیانەکا گشتیدا (Capra, ١٩٩٧:٤٥) .

١١. جینوساید :

پەیڤا جینوساید (Genocide ) ژ دووپەیڤان پێکدهێت «جینو(Genos) ئانکو « نەژاد یان گەل یان کۆم و پەیڤا ساید(cide) ئانکۆ «کوشتن» رامان ژێ کوشتنا گشتی یان کوشتنا کۆمەکی و دهێتە هەژمارتن ژ تاوانێن نیڤ دەولەتی و ژ لایەنێ نیڤ دەولەتی دهێتە پیناسەکرن ژ تاوانێن ئەنقەست و ب مەرەمە ژبو بنبرکرنا کۆمەکا مرۆڤان یان نەتەوان یان ئایندوستەکان یان نەژادان ب شێوەکێ بەشەکێ یان کۆمەکی و گشتی(United Nation, ١٩٤٨: ٢). واتە کوشتنا مرۆڤان ب مەرەمە ئەڤجا چ ژبەر نەتەوە یان ئایێن یان زمان یان نەژاد یان کەلچەر بیت.

١٢. جینوسایدا بارزانین :

مەرەم پێ ئەو هەوێن رێکخستی و گشتگیرن ئەوێن ئارمانجدار ل سەر خەلکێ بارزانی د ماوەیێ (١٩٨٣ -١٩٨٩) ئەوین ژ لایێ حکومەتا بەعسا ئیراقی یابەرێ ژبۆ مەرەما داگیرکرن و کۆمەلکوژیا دەستنیشانکری و ب بەرنامەکری و ب ئەنقەست و ب رێکێن جودا جودا هاتیینە ئەنجامدان ل سەر خەلکێ بارزاندا. ئەڤ هەوە پێکهاتی بوون ژ تاوانێن کوشتنا کۆمەکی و گشتگیر دژی زەلام و ژن و زارۆکان، جێبەجێکرنا هەمی شێوازێن زیانگەهاندنێ ژ لایەنێ جەسەدی و دەروونی و لەشەی، بارکرنا خەلکێ ژ گوندو دەڤەرێن ئەوان ب زۆری و سەپاندنا هەمی دەردەسەرێن نەخوش یێن زیانێ ل سەر ئەوان، ئەوا کو بۆ ژناڤبرنا بەشەکی یان کۆمەکێ کۆمەلکوژی ل سەر سەپاندی(Human Rights Watch, ١٩٩٣ ) و (وزارت شؤون الشهداء والمؤنفلین، ٢٠٠٥).

هەلبەت ناهێتە ڤەشارتن، کو جینوسایدا بارزانیان ئێک ژ بەرزترین تاوانێن مرۆڤایەتیی یێن نیڤدەولەتییە، یاکو ب قۆلترین شێوە کارتێکرن ل سەر پێکهاتەیا کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی ل خێزانێن بارزانیان کری. یاکو بوویە ئەگەرێ زێدەکرنا بەرپرسیاییەتیی بۆ ژنێن بارزانیان ژ پێخەمەت پاراستنا خێزان و چاڤلێکرنا زارۆکێن خو ، ب هەمان شێوە ئەڤ جینوسایدە نەبوویە رێک ل خۆراگریا کۆمەلگەها بارزانییان ل سەر روو ب روووبوونا هەولێن ژناڤبرن و بنبرکرنێ.

١٣. رێبازا ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ل سەر بنەمایێن رێبازا وەسفی و شیکارییە، هەروەسا دشێن دەینە دیارکرن، کو ژ ڤەکۆلینێن مەیدانییە،چونکی ب ئەڤێ رێکێ شیانێن تێگەهشتن و شرۆڤەکرنا ناڤەرۆکا دۆخ و کێشەیێن کۆمەلایەتی د ناڤ بوارێ کەتورایدا هەنە، کو ئارمانجا سەرەکییا ئەڤێ ڤەکۆلینێ، ئەڤەیە خواندنا کەتوارێ ژنێن دەڤەرا بارزانە، ئەوێن دناڤ ئە نفالێدا ژیان و ئەزموونا خۆ ب رێڤەبری، دمیانا کۆمکرنا داتا و پیزانینان ب رێکا بکارئینانا شرۆڤەکرنا بابەتی ژبو پوختەکرنا رامان و دەلالەتێن گرێدای بابەتێ ڤەکۆلینێڤە، دگەل تەکەزا ل سەر ئەزموون و دەنگێ ئافرەتان دڤەگێرانا مێژوویا کورداندا و تێبینێن مەیدانیدا هەیە .

١٤. کۆمەڵ وسەمپلا ڤەکۆلینێ:

أ- کۆمەلا ڤەکۆلینێ: مەرەم ژ کۆمەلا ڤەکۆلینێ هەمی تاك و تشتێ ئەوێ دیاردێن ب خۆڤەدگریت، یا کو ڤەکۆلەر ڤەکۆلینێ ل سەر ئەنجامددەت یان هەمی ئەو تشت یان تاك یان کەسن کو پەیوەندی ب ئاریشا ڤەکۆلینێڤە هەیی، کو ڤەکۆلەرێ دڤێت ئەنجامێن ڤەکۆلینێ ل سەردا ب گشتگیربکەت (نبی و حاجی،٢٠٢٢: ٨١). واتە ئەم دشێین بێژین کۆمەل: هەمی ئافرەتێن دەڤەرا بارزان ئەوێن ئەزموونا خۆ دمیانا ئەنفالێدا و بشتی ئەنفالی دەربازکری .

ب -سەمپلا ڤەکۆلینێ: ڤەکۆلەران سەمپلا ڤەکۆلینێ ب ئەنقەست هەلبژارتی یە کو ژ (١٠ ) ئاڤرەتێن دەڤەرا بارزان پێکدهێت ..

١٥. ئالاڤێن کۆمکرنا داتا :

• چاڤپێکەڤتنێن کەسایەتی (جۆری).
• تێبینێن مەیدانی .
• بەڵگە و وێنێن دیدەڤانان.

١٦. یێکێن شرۆڤەکرنا داتایان :

• شروڤەکرنا بابەتی یان شرۆڤەکرنا ناڤەرۆکی(Content Analysis) و پۆلینکرنا بەرسڤان ژ ئەڤان تەوەران پێکدهێن: (ژ دەستدانا ئەندامێن خێزانی، دەردەسەرێن مرۆڤایەتی، سیاسەتا ڤرکرن و بارکرنێ، خرابیا باردۆخێن ژیانێ، خۆراگریا کەرامەت و کەلتوورێ خۆ، پاراستنا ناسناما کوردی، بارکرن و کۆچکرن).

ئەڤ خشتێ ل خارێ نموونەکا شرۆڤەکاریا جۆرییە ل سەر کودینکا تێکستێن هاتینە ڤالاکرن ژ چاڤپێکەڤتنێن مەیدانی، ب شێوەیەکێ پۆلینکی ل سەر تەخێن گشتی ژبو بابەتێن سەرەکی، وەکی: ( دەردەسەری و خۆراگری د ئەزمونێن ژنێن دەڤەرا بارزان)دا، بو پتر پێزانین تەماشەیی خشتێ ژمارە (١) بکە.

**خشتێ ژمارا(١)**

| سەمپل ( کەسێن چاڤپێکەڤتن ل گەل هاتییە ئەنجامدان | بابەت(Theme) | دۆخ (Category) | کود(Code) | تێکستێ هاتییە وەرگرتن ژ چاڤپێکەڤتنێ |
|---|---|---|---|---|
| چ (١) | ژن و رۆلێ ئەوێ وەک دیدەڤان و قوربانیا ئەنفالێدا | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | ژ دەستدانا ئەندامێن خێزانی | بخودێ بابێ منە، برایێ منە، مامەکێ منە، دوو پسمامێت من، خەزیرێ من، تیێ منە، هەمی د بەرزەنە |
| | ژن وەک پارێزەرا ناسنامە و کەلتورێ خۆ | خۆڕاگریا کەرامەت کەلتورێ خۆ | پاراستنا ناسناما کوردی | چونکی زۆرا ب قورس و ترس بوو. گوتی ئەڤە خڕ ل گەل کوردێن بارزانی کرن، بتنێ کو بمرن، بەلێ با نەمرن! |
| | ژن و روو ب رووبوونا ئەوێ ل سەر کارەساتێن قورس وگران | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | خرابیا بارودۆخێن ژیانێ | حیچ من بچیکێن خۆ نەدیتن د بێ خارن د بێ ڤەخارن بوون |
| | ژن و سیاسەتا بارکرن و وکۆچکرنێ | سیاسەتا ڤرکرن و بارکرنێ | بارکرن و کۆچکرن | ئەم د ئێخسیربوون، مرۆڤێت مە چەککرن پاشی ئەم برنە جەنوبی |
| چ(٢) | ژن و رۆلێ ئەوێ وەک دیدەڤان و قوربانیا ئەنفالێ | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | ژ دەستدانا ئەندامێن خێزانی | زەلامێ من و پسمامێ وێ و پسمامەکێ دییە و پسمامێت بابێ وێ. بخودێ ژ بنە مالا مە ئەم هەمێ خزمێن ئێکین، رەنگە هەتا بیستاش |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | هەبن ئەرێ بخودێ. |
| | ژن وەک پارێزەرا ناسنامە و کەلتورێ خۆ | خۆراگریا کەرامەت و کەلتورێ خۆ | پاراستنا ناسناما کوردی | کوردێن بارزانی باوەرێ ب رژێمێ نەبوون |
| | ژن و روو ب رووبوونا ئەوێ ل سەر کارەساتێن قورس وگران | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | خرابییا باردۆخێن ژیانێ | بخودێ تێشتیش نەخارن، بێ تێشت و بێ ئاڤ و بێ حال وە توڤ برن |
| | ژن و سیاسەتا بارکرن و وکۆچکرنێ | سیاسەتا قرکرن و بارکرنێ | بارکرن و کۆچکرن | دەورە ل گوندی ادا چەند رۆژان، نیزیکی حەفتیەکێ وە دوەرە ل مەدا. پشتی هنگی گوتە مە دڤیا بارکەن، |
| چ(٣) | ژن و رۆلێ ئەوێ وەک دیدەڤان و قوربانیا ئەنفالێ | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | ژ دەستدانا ئەندامێن خێزانێ | باب و پاپیرێ من برن، خال کور خال ژێ (١٤) ژ بنە مالامە |
| | ژن وەک پارێزەرا ناسنامە و کەلتورێ خۆ | خۆراگریا کەرامەت و کەلتورێ خۆ | پاراستنا ناسناما کوردی | کوردێن بارزانی هەمی پێکڤە مەزن و بچیک ل گەل ئێک بوون، مە هەرچارۆکا خۆ ل بەرخۆ دکر |
| | ژن و روو ب رووبوونا ئەوێ ل سەر کارەساتێن قورس وگران | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | خرابییا باردۆخێن ژیانێ | ئاگر بەردا هەمی جهان خۆ بەردا کولکێن مریشکا، |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | **ژن و سیاسەتا بارکرن و وکۆچکرنێ** | **سیاسەتا قڕکرن و بارکرنێ** | **بارکرن و کۆچکرن** | ئەم برینە جنوبی، دناڤ عەرەبادا، گوندەکێ دناڤ خانێن ئاخێدا ل جهەکێ دگوتنێ (خەیریێ) |
| چ(٤) | ژن و رۆلێ ئەوێ وەک دیدەڤان و قوربانیا ئەنفالێ | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | ژ دەستدانا ئەندامێن خێزانی | من ئێک تاقا نە برا هەبوو نەما و مروڤێ من، (١٠) ژ بنەمالا مە |
| | ژن وەک پارێزەرا ناسناماو کەلتورێ خۆ | خۆراگریا **کەرامەت و** کەلتورێ خۆ | پاراستنا ناسناما کوردی | هەمی دوژمنێن بارزانیانە، بەلێ ژنێن بارزانیان حەرەسی دگرت، دا ئاگری هەلکەین، ئەڤە هەمی دئینا سەرێ مە بتنێ، کو ئەم بارزانی بوین. |
| | ژن و روو ب رووبوونا ئەوێ ل سەر کارەساتێن قورس وگران | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | خرابیا باردۆخێن ژیانێ | ئاڤ ل مە دگرت، خارن نەبوو، مە ژنان عەمەلەتی دکر، مە حەرسی دکر، مە چاڤێ خۆ ل زاروکێن خۆ دکر، کەهرەب نەبوو، ل مەبرێ، ئاڤ ل مە قەتعەکر. |
| | ژن و سیاسەتا بارکرن و وکۆچکرنێ | سیاسەتا قڕکرن و بارکرنێ | بارکرن و کۆچکرن | ئەم برینە جنوبی، دناڤ عەرەبادا، گوندەکێ دناڤ خانێن ئاخێ دا ل جهەکێ دگوتنێ (خەیریێ) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| چ(٥) | ژن و رۆلێ ئەوێ وەک دیدەڤان و قوربانیا ئەنفالێ | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | ژ دەستدانا ئەندامێن خێزانی | بخودێ بچیک زۆر مرن، |
| | ژن وەک پارێزەرا ناسنامە و کەلتورێ خۆ | خۆراگریا کەرامەت و کەلتورێ خۆ | پاراستنا ناسناما کوردی | کوردێن بارزانی نان ب شێوێ نانا تەنیرێ، کو ب ناڤێ سەوک یان ژێ نانێ تەنک، کو ب خانک و تیرۆک و سێلێ د هاتە چێکرن، ئەم هەر وەکی خۆ ماین. |
| | ژن و روو ب روووبوونا ئەوێ ل سەر کارەساتێن قورس وگران | دەردەسەرییێن مرۆڤایەتی | خرابییا باردۆخێن ژیانێ | خۆ قورتال بکەن ژ بەرپرسیارەتیا یاسایی، بەلێ کوردێن بارزانی رازێ نەبووینە بمینن |
| | ژن و سیاسەتا بارکرن و وکۆچکرنێ | سیاسەتا قرکرن و بارکرنێ | بارکرن و کۆچکرن | ئەم کرینە د مەنشەئادا، هەلەکێ ئەم ترومبێلا کرین ئەم برینە سەر جسرێ. ............. سەر جسرێ شێروان |

١٧. ڕەوشتێن ئەکادیمیا ڤەکۆلینێ

• پاراستنا نهێنیا ناڤێن کەسانێن بەشدار.

• پێڕابوونا چاڤپێکەڤتنان ب رازیبوونا بەشداربوییان دگەل ڕێزگرتنا هەستیارییا ئەزموونێ.

١٨. ئەنجامێن ڤەکۆلینێ وگەنگەشە ل سەر:

ڤەکۆلەران ئەنجامێن ڤەکۆلینێ ل دویڤ پرسیارێن ئەوێ بەرچاڤ کرینە و ل دویڤدا گەنگەشێ ل سەر دکەن:

١. چاوا ژنێن دەڤەرا بارزانیان روو ب رووی ئەوان کارسات و کەتواری بووینە، چ شێوازێ خۆ گونجاندنێ ئەوان پشتبەستن ل سەر کریە؟

هەلبەت ڤەگوهازتنا ب زۆری و دەربەدەرکرن:(( ژنێن بارزانی ژ ئازارێن ژ دەست دانا کەس و کارێن خۆ و هەڤژینا نالینە، کو بوویە هاتینە پشتگوهـ هاڤێتن و هێلاینە بێ سەمیان، هەروەسا بارا پتریا ئافرەتان ب زۆری زارۆکێن خۆ خۆدان کرینە د ژینگەهێن دژواردا. هەروەک، ........... ، بەڵگە ( بخودێ بابێ منە، برایێ منە، مامەکێ منە، دوو پسمامێت من، خەزیرێ من، تیێ منە، هەمی د بەرزەنە) و(حیچ من بچیکێن خۆ نەدیتن د بێ خارن د بێ ڤەخارن، بوون هەروکی د خشتێ سەریدا هاتییە پۆلینکرن. ئافرەتا کوردا بارزانی هاتینە ڤەگوهازتن بۆ جهێن ژیان لێ نەیی، وەک کەپرک و خیڤەتکا لێ بوون ل باکورێ عیراقێ، بوویە د کاودانێن زۆر سەخت و نە ژ هەژی مرۆڤایەتی تێدا بژین، وەک ......... بەڵگە(ئەم د تێخسیربوون، مرۆڤێت مە چەککرن پاشی ئەم برنە جەنوبی) و(ئەم برینە جنوبی ، دناڤ عەرەبادا ، گوندەکێ دناڤ خانێن ئاخێ دا ل جهەکی دگوتنێ خەیرێن) و (ئەم برین، ئەم برینە دیوانێن، ل وێ دێ ئەم ئینانە

خارێ. ل ڤیتارێ تشتێت مە ئینان دەرێ. مرۆڤ/زەلام هنگی گەل مە دا بین، تشت ئینان دەرێ. ئوللا ل وێ دێ هەلەکا دی ئەم د زیلا کرینەڤە، د زیلان کرین د قەلابا کرین و ئەم برین بۆ (مەرەجوجی)، جهەکە دبێنێ (مەرەجوجێ)، ڤێجا ئەم، سەحرایە کو ئەم د چوین قەمی هەتا ڤێجا کو ئەم برین بۆ وێرێ گرگە خویزا بایەک دهات بایەک دهات قەمی گرگە خیزەکێ هندە  هەل داباڤە لێرە بر با جیەکێ دی کە بایەکێ وە دهات).

٢. ڕۆلێن ئەوێ چ بوویە ژبو ڤەگەراندنا ئاڤاکرنا خیزان و کۆمەلگەهێ ناڤخۆیی بەرێ و  پشتی کارەساتان؟

ژن وەکو بنیاتێ سەرەکێ یێ ژیانێ، شیاییە پشکەکا مەزن ژ بوویەرێن ژیانێ هەلگریت، هەروەسا ژن وەکو زەلامی هەڤپشکن د پێکهێنانا مرۆڤان بۆ دروستکرنا جڤاکەکێ تایبەت، ژنێ شیاییە بوویەرێن سەخت و هشکێن ژیانێ دناڤ ناخێ خۆدا ب حەوینیت، هەر دیسان دیاردبیت،کو د هەمی کاودانادا هەر یا خۆڕاگر بوو و هەمی ڕۆلێن ژیانێدا بەشداری کرییە، بگرە ژ ڕۆلێ، وەک: (مالخێ مالێ، کارکەر، دایک، باب، خیشک، مەت، خالەت، داپیر، داپیرک، نۆژداری، کاسبکاری، پالەتی، جوتیاری، بێرێ، ئاڤاکرنا خانیان.......، هەتا کو ڕۆلێ زێرەڤانی ونوبەداریێ  شەڤانی کرییە ژبەر خۆ پارستنێ بوو).  بەڵگە ( بخودێ ژیانا مە، بخۆدێ تۆ حساب بکە من پێنچ بچیک هەبین، کو مرۆڤێن مە گرتێن، پێنچ بچیک من هەبین ئەڤ کیژا تازە ئاڤ ئینایی چلیپا وێ خەلاس ببی هە هند و ل دەستێ من بی و کوڕکیش سالەک بی، کوڕێ ل ڤێ مەستر و هەرسێکێن دیش هە ئێک سالەکێ ل ئێکێ مەسترە، ئانکو شیر ب شیر بی. بخودێ د چوومە عەمەلەیێ نەما ئەم هە ل مجەمعەیی بین پشتی مرۆڤێت خۆ ئەز پێ نەهەستام).

٣.  چاوا ژنان هاریکاریێ د پاراستنا بیردانکا کۆمەلکوژیا ئەزموونا ئەنفالێدا کرییە؟

شێرەژنێن بارازانیان وەک پارێزەرا ناسناما خۆ و کەلتورێ خۆ، خۆڕاگریا کەرامەت و کەلتووری خۆ  بوویە . بەلگە (کوردێن بارزانی هەمی پێکڤە مەزن و بچیک ل گەل ئێک بوون،.......و مە هەرچاروکا خو ل بەرخۆ دکر)و (کوردێن بارزانێ باوەری ب ڕژێمێ نەبوون).

٤.  چ فاکتەر ب سەر ئەواندا هاتینە بۆ ئەزموونا تێدا دەربازبووین ( ئاستێ خواندنێ، باردوخێ کۆمەلایەتی )؟

فاکتەرێن زۆر بسەردا هاتن و بێ بەش بوون ژ خواندنێ، چونکی بارێ ئەوان زۆر ڤۆرس و گران بوو بەڵگە (ئوللا مەدرەسە هەبی، بەس ئەز نەچووم.) و(بچیکش هندەک چوون بەس با ئەز نەچووم ل جنوبی بەس ژن هندەک چوون. خودێ ڤوشتەپە یا چوو بی؟ ئەمیش بخۆ ژیاین ب هەر حالێ هەیی، مەش ڤەتاند، ئەو مالێ مەهەیی مە بۆ خۆ خار، پاشی مرۆڤێت خۆ ئەوێت مە هەیی، پشتی هنگی ژنا دەست ب عەمەلەیێ کر و چوونە عەمەلەیێ).

١٩.  گەنگەشەکرن ل سەر ئەنجامان:

هەوەکی دیار کو ژ دەستانا ئەندامێن خێزانێ ئێک بەرزترین دەردەسەرییا مرۆڤایەتی بۆ هەرکەسەکێ ، ئەڤجا ژنا کوردا بارزانی ئەڤ دەردەسەری ب قولتر دیتیە، کو نەبتنێ ژ دەستدانا ژ ئەندامێن خیزانێ، بەلکو  زێدەتر ژ پێنچ کەسان ژ خێزانێ ئەوێ دبەرزەنە یان کوشتینە، ژ دەستدانا ئەندامێن خێزانی نەخوسارەتیەکا مادی یا دەمکییە ؛بەلکو خوسارەتییەکا پڕ ئێش و ژان و کارتێکرنێن مەزن ل پشت خوهێلانە، وەک کارتێکرنێن دەروونی و کۆمەلایەتێن ڤۆل کویر، کو برینا ئەوان چ جار ساخ نابیت و هەر یا ل بەرکوجکێ ئەوان، ئەڤجا ژنا کوردا بارزانی نەبتنێ ئەڤ کارەستە گۆهـ لێ بوویە ، بەلکو پشکەک ژ ئەوێ چەندێ بوو، دێدەڤانا ئەڤێ ڤرکرن، بنبڕکرن و کارەساتا کۆمکوژیی بوویە، هەتا نوکە دناڤ ئەوان ئازاراندا دژیت، کو ئەڤ دیدەڤەنیا ئەوێ دبیتە بەڵگە دارییەکا مرۆڤایەتی و مێژوویی.

هەروەسا ڕەنگڤەدانا  دەربڕینا سیاسەتا کۆچکرن و بارکرنا ب زۆری دهێتە بکارئینان وەک ژناڤچوونەکا بنەرەتی ل سەر کۆمەلکەگەها بارزانیان ب گشتی و ژنێن بارزانی ب تایبەتی، چونکی ژنا بارزانی ئێک ژ قوربانێن ئێکسەر بوویە دناڤ ئەڤان کاودانانداـ ئەڤ چەندەژی  یا بوویە ئەزموونەکا  تێکهەلکری ژدەرد و ئێشێن کۆمەلی و ترسەکا بەردەوامی ژ نەدیاربوونێ.

بڤێ چەندێ ئەم دشێن بێژین، کو  ئەڤە بوو شێوێ ژیانێ، وێنەک ژ ئێش و دەردەسەرێن ڕۆژانە، ئەوێن ڕوو ب ڕوویا ژنا بارزانی، کو پێداویستێن ڕۆژانە بتنێ مانا وان بوو، ل ڤێرێ ئەڤ چەندە ڕنگڤەدانێ ل سەر قەبارێ پشتگوهاڤێتنێ و ئێش ودەردەسەرێن جودا جودا ددەت، یاکو دووپاتی ل سەر هندێ دهێتە کرن، کو ئەنفال بتنێ پرۆسێسەکا لەشکەری نەبوو؛ بەلکی ئەزموونەکا خەموکیا زوڵم و زۆردارییا مرۆڤایەتی ب شێوەکێ بەردەوامبوو.

هەروەکی د خشتێ شرۆڤەکاریدا دیاربوویی ل سەر چاوانییا ڤەگوهاستنا شێرە ژنا بارزانی ژ ڕۆلێ قوربانی دانێ ژبۆ سەمپلا خۆڕاگری و بەرگرییا کەلتوریی، سەرەڕای ئەوان ئێش و دەردەسەرییان هەر یا بەردەوامبوو ژ پاراستنا کەرامەت، کەلتور، جل و بەرگێن خۆ، هەردەم چارۆکا خۆ ل بەرخۆ کرییە، چیرۆکێن ئەندامێن ژ دەستدان ، قەهرەمان و پەهەلەوان بۆ نەوەێن نوی ڤەدگێڕێت .

ل دوماهیێ دەردەسەرییا  ئەزموونا شێرە ژنێن بارزانیان د میانا ئەنفالاندا دیاردکەت، نەبتنێ ئەندامێن خێزانێن خۆ ژ دەستداینە و کۆچکرن و بارکرنا ب زۆری دیتییە، ئێش و ژان دهەمی بواراندا دتینە، بەلکو هەردەم وەک سەمپلەکا بەرز یا خۆڕاگر و بەرگریکریە ل سەر مان، ناسناما کوردی، عادات و تەقالیدێن و کەلتورێ خۆ کرییە، ئانکو دشێن بێژن ڕۆلەکێ چوار قولی هەبوویە، وەک: دەردەسەری و ئێش، ژ دەستدانا ئەندامێن خێزانی،  خرابییا ژیانا

ڕوژانە و سەرەڕای ئەڤان هەمیان، یا خوڕاگر و بەرگرییا ناسناما خو وەک کورد و ژنا بارزانی و کەلتورێ خو پاراستییە.

٢٠. دەرئەنجام وراسپارەدە وپێشنیار:

٢١. دەرئەنجام:

ل دویڤ ئەنجامێن ڤەکۆلینێ، ڤەکۆلەر گەهشتینە ئەڤان دەرئەنجامێن ل خوارێ:

- کۆچکرن و بارکرنا ب زۆری ئێک ژ ئالاڤێن پرۆگرامکارێن بنەرەت بوو ل سەر کۆمەلگەهێ بارزانیان.
- ژنا بارزانی زەرەرمەندترین تەخا کۆمەلێ بوو د سیاسەتا جینوسایتێدا، هەروەکی جوداکرن و ژ دەستدانا ب زۆرییا ئەندامێن خێزانی و کۆمەلگەها خۆ یا بارزانی بوو.
- ئەزموونا ڤێنمیست بوویە کۆمکرنا ئێش و دەردەسەری و ترس بەردەوام ژ نەدیاربوونێ.
- ڕەنگڤەدانا کۆچکرن و بارکرنا ب زۆری لایەنێ خەمووکیا سیاسی و کۆمەلایەتی یا پرۆگرامکری دژی ناسناما بارزانییان هەبوویە.
- پێداویستێن بنەرەتێن ژیانێ ژ ( ئاڤ، خارن ، ڤەمان/ ڤەحەواندن) هاتنە ڤەگوهاستن بۆ دەردەسەری و ئێشێن ڕۆژانە.
- کەتوار ب هەمی لایەنێن ژیانێڤە بوونە بارەکێ گران و قورس بۆ ئەوان ژنێن دیدەڤان د میانا ئەنفالاندا.
- خرابی و ژناڤچوونا باردۆخێن ژیانێ دووپاتیێ ل سەر هندێ دکەت، کو ئەنفال نەبتنێ پرۆسێسەکا لەشکەری بوو، بەلکی دەردەسەییا ئێشانەکا مرۆڤایەتی یا دووم درێژ بوو ل سەر ژنێن بارزانیان.
- ڕۆلێ شێرەژنا بارزانی دهەمی بوارندا دیار و بەرچاڤ بوو، وەک: (مالخێ مالێ ، کارکەر، دایک، باب، خیشک، مەت، خالەت، داپیر، داپیرک، نوژداری، کاسبکاری، پالەتی، جوتیاری، بێرێ، ئاڤاکرنا خانیان......، هەتا کو ڕۆلێ زێرەڤانی ونوبەدارییا شەڤان کریە ژبەر خۆ پارستنێ بوو).
- شێرەژنا بارزانی ڕوو ب ڕوویا ئەڤان باردۆخان ب شێوەیەکی وێرەکی بوو، سەرەڕاری دژایەتیکرنا ئەوان ژ هەمێ لایەن و شێوەیانڤە، لێ خۆڕاگری و بەرگرییا ئەوەی پەیڤ نەشێن مافێ وەسفا ئەوێ بکەن.

٢٢. ڕاسپارەدە:

ل سەربنەماییێن ئەنجامێن ڤەکۆلینێ ودەرئەمجامێن ئەوێ، ڤەکۆلەر ڕابووینە ب ئارستەکرنا هندەک ڕاسپاردەیان بۆ تایبەتمەند و ێکەسێن بەرپرس دبیاڤێ بابەتێن جینوسایتێدا، هەروەکی ل خوارێ:

- بەڵگەکرنا دیدەڤانیا ڤێمێنستا (ژنا) بارزانیا د ئەرشیڤێ نەتەوەی و دبیردانکا کۆمەلگەهێدا.
- تێکهەلکرنا چیرۆکێن ژنێن بارزانیان د پروگرامێن خواندنێ دا ژبو هاندانا هۆشیارییا مێژووی و خوڕاگری وبەرگرییا ئەوان یا مرۆڤایەتی .
- دامەزراندنا سەنتەرێن دەروونی و کۆمەلایەتی ژبۆ قورتالبووێن ئەنفالان ب تایبەت ئەوین هەمی کاراسات ب چاڤێن خۆ دیتین.
- هاندانا ڤەکۆلینێن ئەکادیمی ل دور ڕۆلێ ژنانێن بارزانی د ماوەیێ هەڤرکیاندا ژبۆ تێگەهشتنەکا قول و تێر وتەسل ل سەر ڕەهەندێن خوڕاگرییا ژنێ د کۆمەلگەهێن کوردیدا.
- کارلێکا ڕۆلێ ڕاگەهاندن و دەزگەهێن ڕەوشەنبیری د بەلاڤەکرنا هوشیاریی و گرنگییا پاراستنا ناسناما ژنێ ( فیمینێست).
- هاندانا شیانێن ژنێ د سیاسەت و کۆمەلایەتیدا ژبۆ گەرەنتییا بەشدارییا ئەوان یا کارلێک د چێکرنا بڕیاراندا و ڤەگراندن ئاڤاکرناۆکومەلگەهی پشتی کارەساتان.
- دانانا موزەخان و پێشانگەهێن بەڵگەداری، ئەوێن دەردەسەرییا ئەنفالان د دیتەیا مرۆڤایەتی و فینمیستێدا هەین.
- گەشەپێدانا پروگرامێن فێرکرن و فێربوونی یێن ئارمانجدار ل سەر پالپشتییا ژنێن زەرەرمەند و شیاندنا/ وهاندانا ئەوان ژ لایەنێ ئابووری و کومەلاتیڤە.

٢٣. ٢٣ - پێشنیار:

ڤەکۆلەران پێشنیارا ئەڤان ناڤ و نیشانێن ل خوارێ ژبۆ ڤەکۆلینێن ل پاشەرۆژێ دکەن :

- بێڕابوونا ڤەکۆلنێن بەراورد دناڤبەرا ئەزموونا ژنێن ئەنفالکری و ژنێن دیتر د جەنگ و جینوسایداندا ژلایێ، وەکهەڤی و جوداهی و خوڕاگریی و بەرگرییا ئەون ل سەر ژیانێ.
- دەسپێکرنا پروژەکێ هەڤپشک دناڤبەر زانکۆ و دەستگەهێن نیڤدەولەتی ژبۆ بەڵگەداریی و شرۆڤەکرنا ڕۆلێ ژنان د پاراستن و بیردانکاا نسناما کوردیدا.
- بەرهەڤکرنا پروگرامێن هوشیاریێ بۆ نەوەیێن نوی ل دور گرنگییا ئاشتی و پەرژەوەندییا گشتی یا کۆمەلایەتی.
- هاندانا بەرهەمهینانێن هونەری و ئەدەبی ( فلم، ڕۆمان ، شانۆگەری ) ئەوێن ڕەنگڤەدانێ ل سەر ئەزموونا شێرە ژنا بارزانی د جینوسایتاندا دکەت، وەک ئالاڤەکێ ڕەوشەنبیرێ د بیردانکا نەتەوەییدا.
- گەشەکرنا پرۆگرامێن زانکۆیان ئەوێن گرێدایی ب کێشەیێن( جۆرییا کۆمەلایەتی د هەڤرکی و جەنگاندا) ژبۆ تایبەتمەندێن پەروەردەیێ و زانستێن مرۆڤایەتی.
- دامەزراندنا بوکسەکا نەتەوەیی ژبۆ ڤەکۆلین و بەڵگەدارییا فینمێست یان ژنێ د بوارێن جینوسایتاندا، خوڕاگری، بەرگری، یەکسانی و دادپەروەریا ئینتقالی.
- هاندانا هەڤکارێ دگەل ڕێکخراوێن کۆمەلێ و مەدەنی ل سەر

ئاڤاکرنا پرۆژەیان ئەوێن شیاندانا/تواناسازیا ژنێ دکەت د دەڤەرێن کارتێکەر کری و قوربانێن ئەنفالان.

- ڕێکخستنا کۆنفرانسێن بەردەوام ل دور ژنا کورد  د کاراساتاندا، ژبۆ ڤەکۆلینێن سەرەکی و ئالیەتێن پاراستنا ژنێ ل پاشە ڕۆژێدا.


٢٤. ژێدەر ب زمانێ عەرەبی:

١. مجمع اللغة العربية. (٢٠٠٥). المعجم الفلسفي. القاهرة: دار المعارف.

٢. ا لجابري، محمد عابد. (١٩٩٠). مدخل إلى فلسفة العلوم: فكر العلم والعقلانية المعاصرة. بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.

٣. وزارت شؤون الشهداء والمؤنفلين. (٢٠٠٥). البارزانيون: تاريخ ومعاناة شعب. أربيل: وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين في حكومة إقليم كوردستان.

٢٥. ژێدەر بزمانێ ئینگلیزی:

.Capra, F. (1997). The Web of Life: A New Scientific Understanding of Living Systems. Anchor Books .4

United Nations. (1948). Convention on the prevention and punishment of the crime of genocide. United Nations. .5 https://www.un.org/en/genocideprevention

Totten, S., & Parsons, W. S. (Eds.). (2009). Century of genocide: Critical essays and eyewitness accounts. Routledge .6

Human Rights Watch. (1993). Genocide in Iraq: The Anfal campaign against the Kurds. New York: Human Rights .7 .Watch

# هێزی خود پەیوەندی بە ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی

د.نوزاد اسماعیل حسین

پوختەی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیە پێوانی ئاستی هەریەك لە گۆڕاوەکانی هێزی خود و ئارامی دەروونی یە لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان، و پێوانی جیاوازی لە ئاستی هێزی خود و ئارامی دەروونی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز)، وە زانینی پەیوەندی نێوان هێزی خود و ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکەیە. نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە (١٠٠) کەس لە کەسوکارانی ئەنفالکراوانی بارزانی کە دابەشکرابوون بەسەر (٤٥) نێر و (٥٥) مێ. توێژەر بۆ پێوانی هێزی خود پێوەری (سینی، ٢٠٠٠) کە پێکهاتوە لە (٥٨) برگە وە بۆ ئارامی دەروونی پێوەری (هفن، ٢٠١٠) کە پێکهاتوە لە (٢٧) برگە بەکارهێناوە . دوای ئەنجامدانی ڕێکارەکانی دەرهێنانی ڕاستگۆی لە لایەن (٨) شارەزا لە بواری دەرونزانی و تەندروستی دەروونی و جێگیری بۆ پێوەرەکان ڕێژەی جێگیری بۆ پێوەری هێزی خود بەهای بریتی بوو لە (٠,٧٩) و بۆ پێوەری ئارامی دەروونی بەهای بریتی بوو لە (٠,٧٦) بە ڕێگای دووکەرتبوون. و دڵنیابوون لە گونجاوی پێوەرەکان. توێژەر پێوەرەکانی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەی دابەشکرد. دوای شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی پاکێجی ئاماری زانستە کۆمەلایەتیەکان (spss) توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەی بۆی دەرکەوت: ئاستی هەردوو گۆڕاوی (هێزی خود و ئارامی دەروونی) لای نموونەی توێژینەوەکەی بەرزن، وە جیاوازی نیە لە ئاستی هێزی خود و ئارامی دەروونی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ). وە پەیوەندیەکی بەهێزی هاو ئاراستەیی ئەرێنی بە بە های (+٠,٨٠*) هەیە لە نێوان هەردوو گۆڕاوی هێزی خود و ئارامی دەروونی لای نمونە ی توێژینەوە.

کلیلە وشە: هێزی خود، ئارامی دەروونی، کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی.

پێشەکی:

ئەنفالکردنی گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتی لە سەرەتاکانی سالآنی هەشتاکان دەستی پێکرد تا کۆتایی ساڵی (١٩٨٨)، بەردەوامی هەبوو . ئەم ڕەفتارە تاوانکارییە خۆیبینیەوە لە ئەنفالکردن و کیمیابارانکردن و ڕاگواستن و کوشتنی بە کۆمەڵ لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ( بارزان ، گەرمیان، هەڵەبجە، بالیسان، کۆیە، چەند ناوچەیەکی تر). لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بەسەرکردایەتی (صدام حسێن) دارو دەستەکەی ئەنجامدرا. شالآوی ئەنفال بەگشتی ئەنفالکردنی بارزانییەکان بەتایبەتی یەکێکە لە کارەساتە گەورەکان کە بەسەر گەلی کورد هات کاریگەری نەرێنی گەورەی بەدوای خۆیدا بەجێهێشت بەجۆرێك کە ڕزگاربوانی دەستی شالآوەکە بەتایبەتی لە لایەنی دەرونی، پەروەردەیی، کۆمەلآیەتی، تەندروستی، ئابوری دووچاری زەبری بەهێزبوونەوە ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەرونی بەسەر خێزانە ئەنفالە ڕزگاربوەکانی ئەنفال هاتنە ئاراوە بوە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشیە دەرونیەکانی وەك (خەمۆکی، دڵەراوکێ، شڵەژانی کەسایەتی، ترس، و تۆقین) چەندین کێشەی دەرونی تر(سالح، ٢٠١٧، ل٤٦١).

هێزی خود ڕۆشنایی ڕێگای سەرکەوتنە لە ژیاندا، کەوتنە ژێر بارگرانی نەرێنی و دوودڵی و نەبوونی متمانە بە تواناکانی خود سەرەتای شکستە. بەشێك لە مرۆڤەکان وزەیەکی زۆر بەفیڕۆدەدەن بەهۆی نەبوونی هۆشیاری دەربارەی ئەو تواناینانەی کە خودا لە بوونی خودی خۆیاندا پێیبەخشیون. ئەگەر مرۆڤ بتوانێ ئەو هێزە خودیادنە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێ، دەتوانێ زۆر شت بکەن لەبەرژەوەندی خۆیان. هێزی خود لە پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤدا بوونی هەیە بریتیە لەو وزەیەی کە تاک هەڵیدەگرێت و دەتوانێت بەرەو ئاراستەی جیاواز لە ژیانیدا ڕێنوێنی بکات، پێکهاتە سۆزدارییەکانیش لە خود دا بە هاوسەنگی سۆزداری نوێنەرایەتی دەکرێن کە کاریگەریان لەسەر کۆئەندامی دەمار و ڕژێنەکانی ناوپۆشی لەش هەیە. وە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی هێزی خود بریتین لەو پێکهاتانەی کە لە بەدیهێنانی بوونە دەروونیەکان و بیرۆکەکانی مرۆڤدا نوێنەرایەتی دەکرێن. مرۆڤێك کە متمانەی بە هێزە خودییەکانی خۆی نییە، زۆرجار پەنا بۆ یەکێک لە شێوازەکانی قەرەبووکردنەوە دەبات، قەرەبووکردنەوەکە ڕەنگە ئەرێنی یان نەرێنی بێت، بۆیە بەردەوام لەهەوڵدایە بۆ داپۆشینی ئەو هەستکردن بە کەموکوڕیانەی کە لەناو خودی

خۆیدا هەڵیگرتوون. کە هەندێکجار لە شێوازەکانی زیادەڕەوی کردن لە ڕاکێشانی سەرنجی کەسانیتر و دووبارەبوونەوەی ئەزموونەکانی شکست، زیاتر کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە هەبێت وەك لەو کەسانەی کە کەسایەتییەکی ئاساییان هەیە (علی، ٢٠١٦، ل٢٤٨).

ئارامیی دەروونی یەکێکە لە گرنگترین گۆڕاوە ئەرێنییەکان کە بەشدارە لە گونجانی تاك لەگەڵ خودی خۆی و ئەوانیتر، و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی فشارە جۆراوجۆرەکانی زیاد دەکات، بوونی ئارامی دەروونی وا دەکات تاك هەست بە باشی دەروونی بکات و ئەمەش لە ئەنجامی چەندین توێژینەوە پشتڕاستکرایەوە. هەر یەك لە توێژینەوەکانی (Wolfradt, Oemler, Braun& Klement, ٢٠١٤) (الشلاش، ٢٠٢١) پشتڕاستی ئەوەیان کردوەتەوە کە ئارامیی دەروونی گرنگییەکی زۆری هەیە، تا ئاستی زیاتر زیاد بکات، تاك کەمتر نیگەرانی تەندروستی خۆی دەبێت، و ترسی نەخۆشی کەمتر دەبێتەوە (عرفی، ٢٠٢٣، ل٥٢).

کێشەی توێژینەوە:

مرۆڤ لەم جیهانەی تێیدا دەژی کە بە گۆرانکاری خێرا تایبەتمەندە بەردەوام ڕوبەڕوی گۆران و باردودۆخی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەکنەلۆژی و سیاسی و نەتەوەیی دەبێتەوە. تاوان و تاوانکاری یەکێکن لە کێشە کۆمەڵایەتی و ڕەفتاریەکان کە لێکۆڵینەوەی زانستیان لەلایەن زانایانی شەریعەت و یاسا و کۆمەڵناسی و دەروونناسی لەبارەوە ئەنجامدراوە، بەپێی بڵاوبوونە و پەرەسەندنیان لە ماوە جیاوازەکان. ئەم زیادبونی گرنگیدان بەم دوو کێشەیە دەگەرێتەوە بۆ بەرزبونەوەی بەردەوامی ڕێژەکانیان لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا. لەم ڕوانگەیەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە نیە لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوان و قەبارەی ڕاستەقینە و پێشنیارکردنی ڕێگاچارەکان بۆ روبەروبونەوەی گەشە و زیادبونی تاوانکاری، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە هێزی خود، کە بەرەهەندێکی گرنگی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا دادەنرێت.

هێزی خود یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتیەکانی زانستی دەروونناسی بە گشتی و بواری تەندروستی دەروونی بەتایبەتی. چەمکی هێزی خود ئاماژەیە بۆ توانای خود بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەشێوەیەکی کارا، لە کاتێکدا لاوازییەکەی گوزارشت دەکات لە نەخۆشی (neuroticism)کە نەخۆشیەکی دەرونی نیە بەڵکو مەیلێکە وادەکات مرۆڤ زیاتر لەکەسانی دیکە توشی تێکچونی دەرونی ببێت کاتێك بەرهۆکاری فشاراوی ژینگەیی دەکەوێت (الکفافی، ١٩٨٦، ل١١٢). بەپێچەوانەوە بوونی هێزی خود لەلای تاك ئاماژەیە بۆ کارایی وردی و حوکمدانی ژیرانە و بابەتی بوون، هەستی گشتی، لێبوردەیی بەرامبەر ناڕوونی، خود بینین، دەستپێشخەری، کۆڵنەدان، لێهاتویی لە چارەسەرکردنی کێشەکان، نەرم و نیانی لە خۆ گونجاندن لەگەڵ پێشهاتە نەخوازراوەکان، توانای فێربون لە ئەزمونەکان، توانای بیرکردنەوەی عەقڵانی، توانای پلاندانان، دووربینی، پابەندبون بە بەڵێنەکان (Loree, ١٩٧٠, p٥٦٢).

ئارامی دەروونی گرنگییەکی زۆری هەیە لە زیادکردنی توانای تاک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە فشاراویەکانی ژیان و ڕووداوە ئەرێنی و نەرێنییەکان، هەروەها هەستی تاک بە ئارامی ناوەوە بەبێ گوێدانە ئەم بارودۆخانە. ئەمەش لە لایەن (ابو حلاوە و الشربینی، ٢٠١٦، ل١٠٤) و (Arnout, ٢٠١٩, p٢) پشتڕاستکرایەوە. هەروەها دەتوانرێت ئارامی دەروونی بۆ چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و ناڕازیبوون لە ژیان بەکاربهێنرێت، وەک لە ئەنجامی توێژینەوەی (Floody, ٢٠١٤) پشتڕاستکراوەتەوە .لە کاتێك چەمکی ئارامی دەروونی وەك چەمکێکی جیاواز لە هەندێک چەمکی دیکەی هاوشێوەی وەسفکراوە لە نمونەی ئەو چەمکانە وەک ئاسایشی دەروونی و دڵنیایی دەروونی، کە بە نیشاندەری هەستکردن بە سەقامگیری و ئارامیی تاک دادەنران تەنیا بەبێ ئەوەی بەر مەترسی بکەوێت یان هەست بە هیچ هەڕەشەیەک بکات. ئەمەش لەلایەن (عگار، ٢٠٠٩)، (جودت، ٢٠١٤)، (سدخان، ٢٠١٩) پشتڕاستکراوەتەوە (عرفی، ٢٠٢٣، ل٥٤).

ئەنفال وەك پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و رێکخراو کە لە بە رواری ٣١ تەمووزی ساڵی ١٩٨٣ دا لەلایەن ڕژێمی بەعس دەرهەق بە کوردانی ناوچەی بارزان ئەنجامدرا بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلانە تاوانکارییەکانی دەرهەق بە کورد. هەستا بە پەلاماردانی کۆمەڵگا زۆرەملێکانی (قوشتبە، قودس،قادسیە، هە ریر، بە حرکە، دایانا) و لەم هەڵمەتە تاوانکاریەدا هە شت هە زار پیاوی بارزانیان دە ستبەسەرکرد و پاشان بێسەرو شوێن کران. دوای چەندین ساڵ لە ڕووخانی ڕژێم تەرمەکانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دۆزرانەوە کە تاوانی جینۆسایدی گەلی کوردی تێدا ئەنجامدرا (بارزانی، ٢٠٢٠، ل٤٣).

شاڵاوی ئەنفالی بارزانی کاریگەری گەورەو درێژخایەنی لەسەر ڕزگاربوانی شاڵاوەکە جێهێشت کە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەم بارەیەوە کارێکی لەپێشینەو پێویستە بۆئەوەی کاریگەری دڵەڕاوکێ مردن و مانەوەی هیوای بەژیان لەلای ڕزگاربوان بەشێوەکی زانستی ورد بیرێتە بەرباس و لێ توێژینەوە، ئەمەش هاندەری سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەلایەن توێژەرەوە، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەی ئێستای لە هەوڵدایە بۆدەستکەوتنی وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکەی کە بریتین لە: ئایا ئاستی هێزی خود و ئارامی دەروونی لای کەسەکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی

کوردستان لەچ ئاستێکدایە؟ وە ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان هێزی خود و ئارامی دەروونی لای کەسەکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان؟.

گرینگی توێژینەوە :

تەندروستی دەروونی یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگ و پێویستەکان بۆ ژیانی تاک. ئەمەش لەبەر ئەوەی دەروون دروستی یارمەتی تاک دەدات بتوانێ ئەو کێشانەی لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە چارەسەریان بکات و ژیانێکی کۆمەلایەتی تەندروست بژی و هەروەها یارمەتی تاک دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی و دڵنیایی و ئارامیی دەروونی، هەروەها یارمەتی تاک دەدات بۆ سەرکەوتن لە ژیانیدا (شریت، ٢٠٠٦، ل٢٤). پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان گونجان و تەندروستی دەروونیدا هەیە، کە ڕەنگە هاو واتایەک بێت پرۆسەیەکی داینامیکی ئەرێنییە کە لە ئەنجامی کارلێکی بەهێزی خودی دەردەکەوێت. مەبەست لێی بوونی حاڵەتێکی هاوسەنگی، سەقامگیری و گونجانی دەروونی، جەستەیی و کۆمەلایەتی باشترە (محەممەد، ٢٠٠٤، ل١٩١).

خود بنیاتێکی مەعریفییە کە پێکهاتووە لە بیرۆکەکانی مرۆڤ سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی. چەمکی خودی جەستەی نوێنەرایەتی خودی فیزیکی دەکات و چەمکی پێکهاتەی دەروونی نوێنەرایەتی چەمکی خودی مەعریفی یان دەروونی دەکات و چەمکی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەکەی نموونەی خودی کۆمەڵایەتییە. بەشێك لە دەروونناسان جەختیان لەسەر بنیاتنانی خود و هێزی خودە لە ڕێگەی ئەزموونەکانەوە کە لە ڕێگەی کارلێکی کەسەکەوە لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی گەشە دەکەن. ئەوان پرۆسەی مەعریفی لە کەسایەتی کەسەکەدا بە ”خودی هەستپێکەر“ ناودەبەن، کە لە ڕێگەیەوە ئەم ئەزموونانە کەڵەکە دەبن و خود بنیات دەنرێت و تاک چەمکێک لەبارەی خۆیەوە پەرەپێدەدات (یوسف، ٢٠٠٠، ل٦١).

گرنگی بوونی هێزی خود لای تاك لەوەدایە کە یارمەتی تاك دەدات لە بەدەستهێنانی توانای گونجان و خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەم گۆرانکاری و بارودۆخە سەختانەی کە تێیدا دەژی، ئەمەش لە هەستکردنی تاك بە ڕازیبوون لە ژیان و بارودۆخی سەرهەڵدەدات، هەستکردنی تاك بە هێزی خود یارمەتی تاك دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئاستانگ و کێشانە ببێتەوە کە دێنە بەردەمی (الشناوي وێخرون، ٢٠٠٠، ل٧).

ئارامی دەروونی یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی دەروونناسی. هەستکردنی تاك بە ئارامی دەروون یەکێکە لەو سیفەتە سەرەکی و پێویستەکان بۆ تاك بۆ ئەوەی بگات بە دەروون دروستی، بە پێچەوانەوە لاوازی ئارامی و سەقامگیری دەروونی تاکەکان، دەبێتە هۆی فشارێکی دەروونی گەورە کە دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی تاکەکەس کۆنترۆڵی هەستەکانی لەدەست بدات، وەک لە توێژینەوەیەکی ئەم دواییەی چین کە ئەنجامدراوە ئاماژەی پێداوە کە ڕێژەیەکی بەرزی نیشانەکانی فشاری دەروونی دەرخستوە لەلای ئەو تاکانەی کە لە دوای بوومەلەرزە و کارەساتەکان لە ژیاندا دەمێننەوە، لەلایەکی ترەوە توێژینەوەکە دەریخستووە کە ئەو پشتگیرییانەی دوای کارەساتەکان پێشکەش بە تاکەکان دەکرێت کاریگەری هەیە لە باشترکردنی باری دەروونی تاکەکان. بەمەش ئاستی ئارامی و سەقامگیری دەروونییان باشتر بووە (العزە، ٢٠٠٢، ل٨٨).

ئارامیی دەروونی پەیوەندییەکی ئەرێنی بە ڕەزامەندی، هاوسەنگی، ئارامیی، قەناعەت، قبوڵکردن، دروستی کەسایەتی، پشت بەستن بەخود، خۆشگوزەرانی دەروونی و بەختەوەرییەوە هەیە. ئەمەش لە ئەنجامی توێژینەوەکانی:(Floody، ٢٠١٤) (Berenbaum, Huang& Flores، ٢٠١٩)، (أبو دراز، ٢٠١٩)، و توێژینەوەی (Rusid, Nurasha, Rachmawati, Yang, Wangnan& Andriansyah، ٢٠٢٢) سەلمێنراوە، لەکاتێکدا توێژینەوەی (Xi& Lee، ٢٠٢١) ئاماژەی بەوە کردووە کە ئاشتی ناوەوە، وەک یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئارامی دەروونی، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە و بەشدارییەکی کاریگەری هەیە لە هەستکردنی تاک بە خۆشگوزەرانی دەروونی، ئارامی دەروونی و ڕوونی هزری یارمەتی تاک دەدەن بۆ گرنگیدان و سەرنجدان بە کارەکانی، ئەمەش بابەتێکی گرنگە، بەتایبەتی لە پیشە دەستییەکان کە هەروەها پێویستیان بە لێهاتوویی مەعریفی جیاواز هەیە کە بەشدارن لە بەدەستهێنانی ئەدای باڵا، وەک لە ئەنجامی توێژینەوەکانی (الزبيدي و الزهيري، ٢٠١٧) سەلمێنراوە (عرفی، ٢٠٢٣، ل٥٢-٥٤).

کەس و کاری قوربانی تاوانی ئەنفال یەکێکن لەو چینانەی کۆمەڵگای کوردی کە پێویستیان بە گرنگی پێدانی زۆرە، قوربانیانی دەستی ئەم تاوانە دابەش دەبن بەسەر دووچین: چینی یەکەمیان ئەوانەن کە لە شاڵاوەکە سوکایەتیان دەرهەق کراوە بێسەرو شوێنکراون، چینی دووەمیان ئەوانەن کە هەموو مەینەتیەکانی پاش ئەنفال بۆ ئەوان بە جێماوە، بەشێکی زۆری ئەم چینەش ئافرەتن. بەمەش هەموو ئەرکە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان کەوتۆتە سەر شانی، ئافرەت بوەتە سەرپەرشتیاری ماڵ و ئیش و کاری ناوماڵ، ئەمەش بوەتە هۆی تێک چوون و شلەژانی خێزان و پەیوەندیە کۆمەلاتیەکان و گۆرانی سیستەمی پەروەردەیی لەناو خێزانی ئەنفالکراوەکاندا، بەپێی دوایین سەرژمێری ئافرەتانی خێزانی ئەنفالکراوەکان ڕێژەیان (٦١,٢٣٪) دەڤەری بارزان دەبێت، بەشی هەرە زۆریان ناچار بە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوونیان کران دوای گۆرینی بەمەش دووچاری

نەهامەتی و دابرینیان لە خزم و کەس و کاریان بوونەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی رەوانەی ئۆردوگا زۆرەملێیەکان کران، کە ئەمەش سیاسەتێکی رژێم بوو لە پلاندانان و پیادە کردنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ناوچەکانی کوردستاندا (سالح، ٢٠٠٣، ل١٥). لەمانەی باسکران دەتوانین گرنگی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیە بخەینەروو:

یەکەم/ گرنگی لایەنی تیۆری توێژینەوە:

١- دەوڵەمەندکردنی لایەنی مەعریفی کوردستانیان لەسەر چینێکی گرنگ لە چینەکانی کۆمەڵگا کە بریتین لە ژیانی کەسوکارانی ئەنفالی بارزانی.

٢- گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لەڕووی بابەتیەوە رونکردنەوەیەکە بۆ ئەو ئیش و ئازار و نەهامەتیانەی کە توشی تاکەکانی کورد بونەتەوە بە هۆی جینۆسایدکردنیان لە رێگای کیمیاباران و ئەنفالکردن و شەهیدکردن و بەتایبەتی ئەنفالکردن کە بابەتی ئەم توێژینەوەیە

٣- هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەوەدایە کە هەنگاوێکە بۆ تێگەشتن لە چۆنیەتی بارودۆخی دەروونی ژنە بارزانییەکان دوای ئەنفال کردنی هاوسەر و باوك و براکانیان، و کاریگەری ئەم پرۆسە تاوانکاریە لەسەر ئەزمون و ژیان و توانا و هێزی خودیان بەرامبەر بە نارِەحەتی و فشارەکانی ژیان.

دووەم/ گرنگی لایەنی پراکتیکی توێژینەوە:

١- ئەم توێژینەوە گرنگە بۆ تێگەیشتنی قوڵ لەو پەیوەندیەی لەنێوان هێزی خود و ئارامی دەروونی هەیە لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی.

٢- ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لەم توێژینەوەیە بەسوودە بۆ نموونەی توێژینەوەکە. لەو لایەنەی کە دەبێتە هۆی دەست کەوتنی ئەو زانیاریانەی کە دەرخەری دۆخی دەروونی کەسەکاری ئەنفالکراوانی بارزانین لە هەرێمی کوردستان.

٣- ڕاسپاردە و پێشنیارەکان یارمەتیدەر بۆ هۆشیارکردنەوەی لایەن و توێژە بەرپرسەکان لەو کەم و کورتیانەی کە کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی تێیدا دەژین. هەنگاوێکە بۆ هاندانی لایەنە پەیوەندی دارەکان بەمەبەستی باشترکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی.

ئامانجی توێژینەوە:

١- زانینی ئاستی هێزی خود لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان.

٢- زانینی ئاستی ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان.

٣- زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی هێزی خود لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز).

٤- زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز)

٥- زانینی جۆری پەیوەندی نێوان هێزی خود و ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان.

سنوری توێژینەوە: ئەم توێژینەوە کورت کراوەتەوە لەسەر کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان.

پێناسەکردنی زاراوەکان:

یەکەم/ هێزی خود

- پێناسەی (عبدلخالق، ١٩٨٣): هێزی خود بەشێوەیەکی گشتی بە واتای تاکەکەس دێت کە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ کەسانی دەوروبەری ڕێکبکەوێت (عبدالخالق، ١٩٨٣، ل٦٤).

- پێناسەی (سەعید، ١٩٩٢): هێزی خود توانای تاکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانیتر، و بەدەستهێنانی قبوڵکراوی لەلای ئەوانیتر. ئەمەش لەڕێگای دروستکردنی کاریگەرییەکی باش لەسەریان لە لایەنە کلتووری و کۆمەلایەتییەکانی بنەما ئەخلاقییەکان لەگەڵ ڕێزگرتن لە خود (سەعید، ١٩٩٢، ل٥١).

- پێناسەی (عبدالحالق، ٢٠١١): هێزی خود توانای تاکە بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی کاریگەر و هاوسەنگ و تەندروست لە بەرامبەر بارودۆخە فشاراوییەکان، هەروەها توانای بەدەستهێنانی هاوسەنگییەکی کاریگەرە لە نێوان پاڵنەرە ناوەکی و دەرەکییەکانیدا، کەسی خاوەن خوودی بەهێز ئەو کەسەیە کە خاوەن ئیرادەیەکی دروستە، توانای دروستکردنی هاوسەنگی هەیە لە نێوان پێداویستییە جەستەیی و دەروونی و مەیلەکانی ویژدان و پێداویستییەکانی واقعی کۆمەلایەتیدا، رێگایەکی دروست بۆ ئارامی دەروونی و ئاسایشی ناوخۆی و دەرەکی لە کەسایەتیدا هەیە. خوودێکی پتەو و یەکگرتووی هەیە و بە پێچەوانەی ئەمانە تاك خوودی لاوازە (عبدالحالق، ٢٠١١، ل٤٣).

پێناسەی تیۆری: توێژەر پشت بەو پێناسەیە دەبەستێت (هێزی خود بە گشتی بە واتای توانای تاکە بۆ ڕێککەوتن کە لەگەڵ خودی خۆی و کەسانی دەوروبەرەکەی).

پێناسەی ڕێککاری توێژەر: توێژەر پشت بەو پێناسەیە دەبەستێت (کۆی نمرەی بەدەست هاتووە لە پێوەری هێزی خود کە بەکارهاتووە لە توێژینەوەکەدا لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی).

دووەم/ ئارامی دەروونی:

- پێناسەی (بوشلالق، ٢٠٠١): هەستکردنی تاکە بە ئاسایش و دڵنیایی لە کەشێکی خێزانیدا کە تێگەیشتن و ئارامی زاڵ بێت تییدا. وە لێکتێگەشتن لە نێوان ئەندامانی خێزان و قەدر زانییان بۆ یەکتر لە گرنگترین پێکهاتەکانی ئارامی دەروونی یە لای تاك (بوشلاق، ٢٠٠١، ل٢٠٧).

- پێناسەی (الدبعی، ٢٠٠٣): ئارامی دەروونی توانای تاکە بۆ ئاشتکردنەوەی پێداویستیەکانی خود و ژینگە بە شێوەیەک کە

هاوسەنگی دەروونی بەدەستبهێنێت و هەستکردن بە دڵنیابوونەوە (الدبعی، ٢٠٠٣، ل٢١).

- پێناسەی (الدهری، ٢٠١٠): هەستکردنی تاکە بە خۆشویستراوی و قبوڵکراوی لەلایەن کەسانی ترەوە، وە درککردنی تاکە بەوەی کە ژینگەکەی هاوڕێیەتی، بە کەمی هەست بە مەترسی و هەڕەشە و دڵەراوکێ دەکات (الدهری، ٢٠١٠، ل٤).

پێناسەی تیۆری: توێژەر پشت بەو پێناسەیە دەبەستێت (توانای تاکە بۆ ئاشتکردنەوەی پێداویستیەکانی خود و ژینگە بە شێوەیەک کە هاوسەنگی دەروونی و هەستکردن بە دڵنیایی بەدەستبهێنێت).

پێناسەی ڕێککاری توێژەر: پشت بەو پێناسەیە دەبەستێت (کۆی نمرەی بەدەست هاتووە لە پێوەری ئارامی دەروونی کە بەکارهاتووە لە توێژینەوەکەدا لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی).

- چوارچێوەی تیۆری

یەکەم/ هێزی خود :

هێزی خود پێکهاتەی دووەمی کەسایەتییە، و دروستبوونی بە نزیکەی لە ٦ بۆ ٨ مانگی تەمەنی منداڵەوە دەست پێدەکات، و گەشە دەکات. بەچوونی فرۆید هێزی خود ئەو بەشەیە لە دەروونی مرۆڤ کە نوێنەرایەتی شێوەی (ئیگۆ) لە چینی ناوەوەی پێکهاتەی کەسایەتی تاک دەکات، هەست و پێش هەست و نائاگایی لەخۆدەگرێت. هێزی خود عەقڵانی و لۆژیکییە و پلانی واقعی بۆ خۆی دادەڕێژێت بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستیەکانی. بۆیە ئەگەر چی هێزی خود ئارەزووی بەدەستهێنانی چێژ دەکات، بەڵام ڕازیبوون دوادەخات بۆ ئەوەی بنەمای واقعی بپارێزێت وکۆتایی گرژی توند دوادەخات تا چارەسەرێکی گونجاو دەدۆزێتەوە. ژهەراوی بوون بە هۆی خواردنی شتێکی قەدەغەکراو یان زیادبوونی چێژ،یان ڕەتکردنەوەی خواردنی خواردن جگە لە شتێک(چاوەڕوانی شتێکی تر)، شێوازی بیرکردنەوە لەسەر بنەمای لۆژێک، دواخستنی چێژ بۆ شتێکی باشتر، چارەسەرکردنی کێشەکان، خۆکۆنترۆڵکردن لەلایەن فرۆیدەوە بە پرۆسەی لاوەکی ناساون (نجاتی، ٢٠٠٠، ل١٠٦).

تیورەکانی تایبەت بە هێزی خود

١- تیۆری اریکسون: بەشێکی زۆری کارەکانی اریکسون دەکرێ وەک وەسفی مێژوویی هێزە کۆمەلایەتییەکان سەیر بکرێت، کە کاریگەری لەسەر بەهێزی یان لاوازی هێزی خود هەیە. کاریگەریەکانی کۆمەڵگا لەسەر کەسەکە ناوەندی گەشەکردنی کەسایەتیە و جیاوازی گۆڕاوە کولتوورییەکان گرنگن و دەبنە هۆی جیاوازی لە ڕەفتاری کەسانی پێگەیشتوو. گروپە جیاوازەکان شێوازی پەروەردەکرنی منداڵەکانیان جیاوازە، بەمەش شێوازی پەروەردەکرن لە خێزاندا وە مۆدێلە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێکهاتنی هێزی خود (Englcr, ١٩٨٥, p١٩٠). اریکسون هەشت قۆناغی گەشەسەندنی دەروونی و سێکسی بە شێوەیەکی فراوانتر لە بۆچوونی فرۆید دامەزراند، کە هەموو قۆناغێکی ژیانی تاکی لەخۆگرتبوو (شلتز، ١٩٨٣، ل٢١). سەرەتایی قۆناغی گەشەی دەروونی سێکسی لە تەمەنی (١٢-٢٠) دەست پێدەکات کە سەرەتای پێگەیشتن و قۆناغی هەرزەکارییە، سەرکەوتن لەم قۆناغەدا بە نیشاندانی تایبەتمەندی ناسنامە، سەلماندنی خود، کارایی، ڕاهێنانی پیشەیی، هەستی نەتەوەیی و ملکەچبوون بۆ بەها و پابەندبوونی ئایدیۆلۆژی لەخۆ دەگرێت. لە کاتێکدا شکست لەم قۆناغەدا دەبێتە هۆی تێکچوونی هەستکردن بە خود (خۆگەرانەوە)، جێگیربوون لەسەرئەم حاڵەتە لە شوێنی کاردا و ڕۆڵێکی سێکسی شڵەژاوی وەک (دوالیزم) لە نێر و مێ و شڵەژانی بەهاکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت (بیسکۆڤ، ١٩٨٤، ل٣٧). اریسکون پێگەیشتن و گەشەکردنی مرۆڤی وەک زنجیرەیەک لە ململانێ دەبینێت کە لە هەموو قۆناغێکی ژیاندا خەبات دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر ململانێیەکی تایبەت(قەیران)دا. وەک ئەوەی کاتێک ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێک دەبێتەوە لە نێوان دوو شێوازی هەوڵدان، یەکێکیان شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی نەرێنی و ئەوی دیکەیان شێوازێکی گونجاو کەسایەتی ئەرێنی یە، هەربۆیە تاک وەک پێویست گەشە ناکات تەنها کاتێک نەبێت کە هەموو قەیرانێک بە شێوەیەکی ئەرێنی چارەسەر بکات (بیسکۆڤ، ١٩٨٤، ل٣٧).

٢- تیۆری مۆرای : مۆرای ئاماژە بەوەدا کە کارەکتەری مرۆڤ بریتیە لە ئاشتبوونەوەی نێوان پاڵنەرەکانی تاک و داواکارییەکانی ئەوانیتر. داواکارییەکانی ئەوانیتر لەو نەخشە کولتوورییانەدا دەردەکەون کە تاک بەرکەوتەی دەبێت ئەو پرۆسەیەی کە تاکێک لەگەڵ ئەو هێزانەدا ئاشت دەبێتەوە، پێی دەوترێت (پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردن) بە زۆری ناکۆکی نێوان تاک و پلانەکانی کۆمەڵگا چارەسەر دەکرێت و قبوڵ دەکرێت لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەدا، لە ڕێگەی ملکەچبوونی تاک بە شێوەیەکی دیاریکراو بۆ پلانەکانی کۆمەڵەکەی (hall&lindzcy, ١٩٧٨ p٢٥٥). مۆرای چەمکی پێویستی خودی بەکارهێنا بۆ ڕوونکردنەوەی پاڵنەر و ئاراستەی ڕەفتار، کە بریتیە لە بەرپرسیاریتی (id)ە کە مەیلە زگماکیەکانی سەرەتایی و ئارەزووەکان لە خۆ دەگرێت کۆمەڵگا بە قبوڵکراوی دەزانێت، وەک مەیلی لاساییکردن و بەرجەستەبوون،لە کاتێکدا (سوپەر ئیگۆ) دروست دەبێت لە سەرەتای منداڵیدا، لەلایەن هێزەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی کە پێی دەوترێت (کلتوور)، لەڕێگەی ئەم لایەنەوە لەلایەن دایک و باوک و کەسایەتییە دەسەلاتدارەکانی دیکە کاریگەری لەسەر کەسایەتی تاك دروست دەکرێت و

هەروەهـا لـە ئەنجامـی بەراووردکـردن بـە گروپـی هاوتەمەنەکانـەوە لـە قالـب دەدرێـت. ئەمـەش بەردەوامـە لـە گەشـەکردن بـە درێـژای ژیـان و ڕەنگدانـەوەی دەسـتکاریکردن و سـوود وەرگرتنـە لـەو ئەزموونانـەی کـە مـرۆڤ بەرکەوتـەی دەبێـت. سـەبارەت بـە ئیگـۆ (Eg٠) ڕێکخـەری ئەقڵانـی کەسـایەتییە و وەک لـە تیـۆری فرۆیـددا ئامـاژەی پێـداوە کـە هەوڵـدەدات کار بـۆ دواخسـتنی پاڵنـەرە نەخـوازراوەکان و هەروەهـا بـۆ چێـژە وەرگیـراوەکان بـکات، هەروەهـا بـەدوای دەرفەتەکانـدا دەگەڕێـت و دروسـتی دەکات بـۆ چێژوەرگرتـن و تێرکردنـی وەك جێگرەوەیەکـی ئەرێنـی. (ئیگـۆ) بەهێـزە دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی کاریگـەر نێوەندگیـری بـکات لـە نێـوان (id و superego)،بـەڵام کاتێـك (ئیگـۆ) لاوازبێـت کـراوە دەبێـت بـۆ ململانـێ. جیـاوازی سـەرەکی نێـوان مـۆرای و فرۆیـد لەسـەر ئـەم خاڵـە ئەوەیـە کـە مـۆرای بـاوەڕی بـە حەتمییەتـی ئـەم ململانێیـە هەیـە (شـلتز، ١٩٨٣، ل١٨٦-١٨٩). پێویسـتی سـەربەخۆی ئاماژەیـە بـۆ خواسـتی تـاک بـۆ بەرنگاربونـەوەی فشـار و پابەندبـوون بـە نەریتەکانـەوە ئـازادی لـە کارکـردن بەپێـی فەرمـان. پێویسـتی پابەندبـوون ئاماژەیـە بـۆ سەرسـامی تاکێـک بـە تاکێکـی دیکـە لەگـەل بۆچوونەکانیـدا دەڕوات و ستایشـی دەکات و ڕەنگـە ئـەم کەسـە لەگـەل داب و نەریتـە کۆمەلایەتییـەکان بـڕوات کاتێـک مـەودای پێویسـتیەکانی فـراوانتر دەبێـت (hall&lindzcy, ١٩٧٨, p٢١٨). ئـەم دوو پێویسـتیە وەک ئـەو (١٨)پێویسـتە وان کـە مـۆرای دایمەزرانـدووە. دەتوانرێـت بـە پرۆسـەی بایۆلـۆژی یـان میزاجـی ناوبرێـن. هەروەهـا بەهـۆی ڕووداوە ژینگەییـەکان دەردەکەون،کـە نـاوی لێنابـوو فشـار(Samuel, ١٩٨١, p٧٤).

٣-تیـۆری کاتێـل: ئـەم تیۆرییـە گرنگیـداوە بـە تایبەتمەندییـەکان، کـە نوێنەرایەتـی مەیلـە کەسـییەکان دەکـەن بـۆ وەڵامدانـەوەی هەمیشـەی (شـلتز، ١٩٨٣، ل١٤٣). تایبەتمەندییـەکان بنەمـای جـۆرە جیاوازەکانـی ڕفتـاری مرۆڤـە و دەتوانرێـت بدۆزرێتـەوە لـە ڕێـگای بەکارهێنانـی شـیکاری فاکتـەری بـۆ تاقیکردنـەوەی پەیوەندییەکانـی نێـوان پێـوەرە جیاوازەکانـی تـاک کـە گرنگترینیـان بریتیـن لـە: تایبەتمەندییـە سـەرچاوەییەکان، یەکێـک لەوانـە هێـزی خـودە (liebert&neal, ١٩٧٧, p٣٣٦). کەسـێک کـە ئاسـتێکی بـەرزی لـەم سـیفەتەدا هەبێت،بـەم شـێوەیە تایبەتمەنـد دەکرێـت: لـە ڕووی سـۆزدارییەوە جێگیـرە و ڕووبـەڕووی واقـع دەبێتـەوە بـەڵام خـۆی لـە سـەختییە ناپێویسـتەکان دەپارێزێـت. و ئیرادەیەکـی بـە هێـزی هەیـە بـۆ گۆڕینـی خـوو و عادەتـە کۆنەکانـی، کاتێـک پێویسـتە کارێـك بەناچـاری بـکات و بەرگـەی بێـزاری دەگـرن، کاتێـک هەندێـک ئامانـج دەبنـە شـتێکی بەدەسـتنە هـێنراوە، لەکاتێکـدا کەسـێك لـەم سـیفەتەدا لاوازبێـت لـە حاڵەتەکانـی بێزاریـدا تێکدەچێـت و تووشـی دڵەڕاوکـێ دەبێـت تـا ڕادەیەکـی زیاتـر، بـە ئاسـانی وازی لێدەهێنێـت، هەروەهـا نیشـانەکانی ناسـەقامگیری بەشـێوەیەکی بـەرز لـە خۆیـدا نیشـاندەدات (cartwright, ١٩٧٤, p٢٨٩) (eyscnck,١٩٧٠, p١٣٤) (samuel, ١٩٨١, p١٧٤)). بـە بۆچوونـی کاتێـل گرنگـی لـە پێکهاتنـی هێـزی ئیگـۆدا بەنـدە بـە ئەزمـوون و هەروەهـا جینەکانـەوە هەرچەنـدە نیـوەی کاریگەرییـە دیارەکانـی بـۆ مـاوەی تایبەتمەنـدی (زیرەکـی) نوێنەرایەتـی دەکات (pervin, ١٩٧٥, p٣٤٢) (bauchman, ١٩٧٢, p١٢٥).

٤- تیـۆری ماسـلۆ: ماسـلۆ لـە تیۆرەکەیـدا پالنەرەکانـی مـرۆڤ گرمانـە دەکات. لـەم تیـۆرەدا پێداویسـتییەکان لـە پلەبەندییەکـدا ڕێکخـراوە بەشـێوەی ئەولەویـەت. کاتێـک پێداویسـتتییەکانی زۆرتریـن ئەولەیـەت یـان هێـز تێـر دەبـن، ئـەم پێداویسـتیانەی خـوارەوە سـەر هەڵـدەدەن. لێـرەدا پلەبەندییەکـە سـەر هەڵـدەدات و لـە هـەر پلـە بەندیەکیـدا بـۆ ئـەوەی تێربـن پێداگـری لەسـەر داوای ڕازیبـوون دەکات. و هـەر کاتێـک یەکێـك لـە پلەبەتدیـەکان تێـر دەبێـت، مـرۆڤ هەنگاوێکـی تـر بـەرەو سـەرەوە دەروات لـە پلیکانـەی پاڵنـەرەکان (hall&lindzcy, ١٩٧٨, p٢٥٥). ڕێکخسـتنی پلەبەندی پێداویستییەکان بەم شێوەیە دەردەکەوێت:

١. پێداویستی فسیۆلۆژی.
٢. پێویستی ئاسایش و سەلامەتی.
٣. پێویستی بڕوابەخۆبوون و خۆشەویستی.
٤. پێویستی ڕێزگرتن.
٥. پێویستی بەدیهێنانی خود.

خالـی یەکـەم پێویسـتی (خـواردن، ئـاو، هـەوا، سـێکس)دەگرێتەوە. سـەبارەت بـە پێویسـتی دووەم بـۆ منـدالان و گـەورەکان و نەخۆشـە دەمارگیـرەکان گرنـگترە و ڕەزامەندییەکـەی پێویسـتی بـە (ئـازادی) لـە تـرس و دڵەراوکـێ هەیـە. سـەبارەت بـە پێویسـتی سـەربەخۆیی، بـە خواسـتی تـاک بـۆ بەدەسـتهێنانی ئاسـایش لـە کەسـانی دیکـە پێناسـە دەکرێـت. ڕێـگای یەکگرتـن لەگـەل خەڵـک و هاوسـەنگ بـوون لەگەڵیـان و قبۆلکردنـی ئـەو شـێوازە ڕفتـارە و بەهـا و ڕەوتانـەی کـە لەسـەر ڕێککەوتـوون (اللـدوری، ١٩٩٣، ل٦٣). کاتێـک مروڤـەکان هەسـت دەکـەن خوشـەویستن و هەسـتی سـەربەخوییان هەیـە، پێویسـتیان بـە ڕێزگرتـن لـە خۆیـان هەیـە لـە شـێوەی بەهای خـود و لـە کەسـانی دیکـە لـە شـێوەی قەدرزانـی، سـەرکەوتنی کۆمەلایەتـی، ناوبانـگ و هتـد. سـەبارەت بـە پێویسـتی بەدیهێنانـی خـود، مەرجـی گەیـشتن بـە بەدیهێنانـی خـود ئازادبوونـە لـەو سـنووردارکردنانەی کـە کولتـوور یـان تـاک بەسـەر خۆیـدا دەیسـەپێنێت وە دەبێـت پارێزگاربیـت لـە تێڕوانینەکـەی بەرامبـەر خـودی خـۆی و لەگـەل خێزانەکـەی و لەگـەڵ گروپـەکان دەبێـت خۆشـی بوێـن و لەلایـەن کەسـانی تـرەوە خۆشەویسـت بێت،لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە تـاک دەبێـت خـۆی بناسـێت لـە ڕووی کەموکەڕی و توانا و خاڵە بەهێزەکانی (شلتز، ١٩٨٣، ل٢٨٩-٢٩٦).

- ئارامی دەروونی:

ئارامی دەروونی یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی زانستی دەروونناسی، چەمکێکی هەمەلایەنەیە کە لە لایەنە تیۆرییە دەروونناسییە جۆراوجۆرەکاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بنەمای هەستکردن بە ئارامی دەروونی هەستکردنە بە ئارامی و سەقامگیری وە دڵنیایی و رزگاربوون لە دڵەراوکێ کە هەستێکی پێویستە بۆ ژیانی تاک و کۆمەڵگا. گرنگترین هۆکارەکانی دڵنیاکردنەوەی مرۆڤە سەبارەت بە خۆی و سامانەکەی و هەستکردن بە میهرەبانی و سۆز لەلایەن کەسانی دەوروبەریەوە (الدهری، ٢٠١٠، ل١٨). ئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە منداڵی جێگیر لە ڕووی دەروونییەوە بە توانای پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەلایەتی تایبەتمەندە. هەروەها تاکێکی سەرکەوتووە، و لێهاتوییەکی زۆری لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا هەیە، خاوەن تێروانینێکی ئەرێنیە بەرامبەر بە ژیان. منداڵی سەقامگیر لە ڕووی دەروونیەوە ئەو منداڵەیە کە فێر دەبێت چۆن متمانە بەو کەسانە بکات کە گرنگی پێدەدەن و بەم شێوەیە توانای دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە رۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. و هەست بەو سەقامگیرییە دەروونییە دەکات لەگەڵ دایک و باوکیدا دەژی تەنانەت کاتێک لە دایک و باوکی دوورە هەست بە ئاسوودەیی و دلنیای دەکات. لە ئەنجامدا فێر دەبێت چۆن ڕووبەڕووی جیهان ببێتەوە. بوونی ژینگەی دەرەکی بەبێ ترس و گومان لە تواناکانی، و دابینکردنی سەقامگیری دەروونی بۆ منداڵ بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لەسەر دروست دەکات. دلەراوکێ کەم دەکاتەوە کاتێک ڕووبەڕووی ڕووداوی نوێ یان ئازاربەخش دەبێتەوە، بەمەش خێزان بنکەیەکی ئەمنی پێکدەهێنێت کە لە ڕێگەیەوە منداڵ دەتوانێت لە دەوروبەری بگەڕێت و بدۆزێتەوە. سەرەرای ئەوەش خێزان دەبێتە سەرچاوەی ئاسوودەیی ئەو لە کاتی نارەحەتی و ئازاردا (بوشلاق، ٢٠٠١، ل١٠٨).

تیورەکانی تایبەت بە ئارامی دەروونی:

١-تیوری فرۆید: فرۆید پێی وایە کەسایەتی لە سێ سیستەمی دەروونی پێکدێت (ئاید،ئیگۆ، و سوپەرئیگۆ) کە پێکەوە کاردەکەن بە ڕێککەوتن و هاوئاهەنگی. بەردەوام کێبرکێ دەکەن لەسەر وزەی دەروونی بەردەست، بە مەبەستی بەدەستهێنانی هاوسەنگی و سەقامگیری بۆ تاک و کەمکردنەوەی فشار، یەکێک لە پێکهاتەکانی کەسایەتی کە (ئیگۆ)یە ڕۆڵی ئاشتکردنەوەی داواکاریەکانی هەردوو پێکهاتەی (superego و id) دەگێرێت. تاکی خاوەن (ئیگۆ)ی تەندروست ئەو کەسەیە کە دەتوانێت ئاشت بکاتەوە، لە کاتێکدا تاکی خاوەن (ئیگۆ)ی لاواز، ملکەچی داواکاریەکانی (id)ە، و بنەمای چێژ زاڵە لەلای و کونترۆڵکردنی واقیع کەمتر دەبێتەوە، بەڵام کاتێك (ئیگۆ) ملکەچی کاریگەری (سوپەرئیگۆ )بێت، پێداویستیەکانی تێر بکات و لێرەدا ململانێ و گرژی و دڵەراوکێ سەر هەڵدەدەن. لە هەوالی ئیگۆدا بۆ ئاشتکردنەوەی داواکاریەکانی سوپەر ئیگۆ شکست دەهێنێت. واتە (ئیگۆ) فێڵە بەرگرییەکان پەرەپێدەدات، کە بریتین کە شێوازەکانی رفتار کە هەوڵدەدەن فشارو دڵەراوکێ کەم بکەنەوە و یارمەتی تاک بدەن لە هەواڵەکانی بۆ ئاشتەوایی(السفاسفە و عربیات، ٢٠٠٥، ل٤٢). فرۆید گریمانەی بوونی دوو گروپی دژی بەیەک دەکات لە غەریزەدا کە بریتین لە: غەریزەی ژیان (اللایروس) کە ئامانجیان ژیان و مانەوەیە و پەیوەستن بە بیناسازی و خوشەویستیەوە. سێکسی و خۆشەویستی تاك بۆ خودی خۆی و بۆ ئەوانیتر، خۆشەویستی بۆ بنەماکان و هاورێیەتی، کە فرۆید بە ئارەزووی سێکسی ناوی دەبات. دووەمیان غەریزەی مردنە(الپاناتوس) کەلەگەل یەکەمیان ناکۆکە، غەریزەی مردن تاك بەرەو مردن و شەڕانگێزی و لەناوچوون دەبات. فرۆید بە ئارەزووی دەزانێت. لە نائاگایی هەموو تاکێکدا بوونی هەیە (عبداللە، ٢٠٠٤، ل٨٨). فرۆید پێی وایە سەقامگیری یان ناسەقامگیری لە پێنج ساڵی یەکەمی ژیانی تاکدا گەشە دەکات، ئەم قۆناغە یەکەم بەربەستی کەسایەتییە (دواس، ٢٠٠٩، ل٤٧). بە پێی تیوری فرۆید لە ئاستەکانی هۆشیاری ئاستی سۆزداری هەیە لەم ئاستەدا ئەو بیرکردنەوانە هەن کە تاک هەیەتی لە ئێستادا ئاگای لێیانە، لە ئاستی پێش هۆشیاریدا، بیرکردنەوە هەیە کە تاک لە ئێستادا ئاگای لێیە بەڵام دەتوانرێت لە بیر بکرێت. سەبارەت بە ئاستی نائاگای بیرەوەری و گەورەترین بەشە کە کەسایەتی و هێز و کاریگەری زۆری لەسەر رەفتار هەیە. ئەوان سەرچاوەی کێشەکانی تاکن چارەسەرەکانی لە قووڵایی کەسایەتییەکەیدا دەدۆزرێتەوە، پێویستی بە قووڵبوونەوە لە ناوەوەی تاك هەیە بۆ ئەوەی بیانناسێت (جەلال، ١٩٨٦، ل٦٠).

٢- کارل گوستاڤ یۆنگ: کۆی کەسایەتی، یان ڕۆح ، وەک یۆنگ ناوی لێنابوو، لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە سیستەم پێکدێت. کە جیانەبونەتەوە و پێکەوە کارلێککردن دەکەن. هەروەها گرنگی خود وەک ئۆرگانێکی ناوەندی لای ئەو کەسایەتییەی کە دەبەخشێت زیاد کرد. ئەم ئۆرگانە یەکێتی و هاوسەنگی و سەقامگیری خۆی هەیە و رفتاری دەجولێنێت و رێکی دەخات (Goldestein, ١٩٩٤, p٦٠). لێکدانەوەی یۆنگ بۆ بابەتی سەقامگیری دەروونی بە پێشنیارکردنی ئەرکی زاڵ دەردەکەوێت. کە توانای یەکخستنی هەموو مەیلە دژبەیەکەکانی ئەو سیستەمە فرەییانەی هەیە کە کار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە دەکەن لە کۆی کەسایەتی(خود)دا، هەروەها پرۆسەی تاکگەرایی کە بە ئاراستەی یەکگرتووی و سەقامگیری دەجولێت. سەقامگیری

لە ڕێگەی گواستنەوەی وزە بە گوێرەی پرەنسیپی هاوسەنگی بەدەست دێت، کە ڕێگری دەکات لەوەی ئەو وزەیە کە سیستەمێکی دیاریکراو بەکار دەهێنێت لە سیستەمێکی تردا دەربکەوێت، پرەنسپی تریش پرەنسپی گواستنەوە دیاری دەکات بۆ دابەشکردنی وزە لە ڕۆحدا مەیلی هاوسەنگی هەیە، بەمەش سەقامگیری زاڵ دەبێت، یۆنگ دوو جۆری خودی پێشنیار کرد کە بەپێی ئەوان مرۆڤەکان پۆلێن دەکرێن ئەوانیش:جۆری دەرەکی و جۆری خۆگۆڕ، و ئەو کەسەی کە توانای هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو جۆرەدا هەیە لە ڕفتاری گشتی ئاسایی و جێگیرە (عبدالرحمن، ١٩٩٨، ل١٢٢-١٢٤).

٣-تیۆری ادلر: ئەدلر پێی وایە مرۆڤ بە هۆی هەستکردن بە نەبوونی کامڵبوون یان نەشارەزایی لە بوارێک یان چەند بوارێکی ژیاندا هەست بە نا ئارامی دەروونی دەکات، کە بریتییە لە ململانێ بۆ گواستنەوە لە حاڵەتێکەوە کە تایبەتمەندە بە کەموکورتی بۆ حالەتێک کە تایبەتمەندە بە کامڵبوون لە کەمتەر خەمی دەبێتە هۆی ناتەبای، و ململانێ بۆ باڵادەستی دەبێتە هۆی هاوئاهەنگی و سەقامگیری دەروونی (الداهری ، ٢٠١٠، ل٢٠٥). ئەدلر گرنگییەکی زۆری بە کێشەکانی ژیان دا کە دەبێت هەموو تاکێک چارەسەری بکات، ئەو کێشانەی کردە سێ بەش: ئەو کێشانەی کە بریتین لە ڕفتاری تاک بەرامبەر بە کەسانی دیکە، کێشەکانی پیشە، و هەروەها کێشەکانی خۆشەویستی.ئەدلر چوار شێوازی ژیانی بنەڕەتی خستەڕوو کە مرۆڤەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانەدا دەیگرنە بەر: یەکەم/ ئەو جۆرەی کە باڵادەستی یان کۆنترۆڵکردن نیشان دەدات: بەبێ ڕەچاوکردن و خەمی ئەوانی تر. دووەم/ جۆری وەرگر: کە ئەدلر بە باوترینی زانیوە، چاوەڕێی ئەوە دەکات هەموو شتێک لە ئەوانیتر وەربگرێت و وابەستەی ئەوانیترە. سێیەم/ جۆری خۆدزینەوە: کەسێکی لەم جۆرە هیچ هەوڵێک نادات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیان. چوارەم/ جۆری کۆمەڵایەتی: ئەو جۆرەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە سوودی هەبێت و خاوەنەکەی توانایی هاوکاری لەگەڵ کەسانی تردا هەبێت و بەپێی پێویست کار بکات. و لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی گەشەکردن و نیگەرانییە کۆمەڵایەتییەکانی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ژیان دەکات .سێ جۆری یەکەم ئامادە نین ڕووبەڕووی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە ببنەوە، خاوەنەکانیان ناتوانن هاوکاری کەسانیتربکەن و مەیلیان هەیە بۆ ئەنجامدانی ڕفتاری دەمارگیری. چوار جۆرەکەی تر بە ڕفتاری نائاسایی و هاوکاری تایبەتمەندن وە لەگەڵ ئەوانیتردا دەگونجێت (شلتز،١٩٨٣، ل٧٨).

٤- تیۆری سولیڤان: تیۆری سولیڤان جەخت لەسەر گرنگی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە کە لە پەیوەندییەکان و ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییەی کە تاک تێیدا لە دایکبووەو بەرکەوتەی دەبێت وەرگیراون. هەروەها جەختی لە کاریگەریەکانی لەسەر دروستبوونی کەسایەتی تاك کردوەتەوە، سولیڤان پێی وایە تاك ئامانجی کەمکردنەوەی هەستی ناڕەحەتی و دڵەراوکێ و ترس و نەبوونی هەستکردن بە ئاسایشە کە لە ئەنجامی هەڵە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکدا دروست دەبێت لەگەڵ کەسانی دەوروبەری (دسوقی، ١٩٨٨، ل٨٧-٨٨). هەروەها سولیڤان پێی وایە سروشتی پەیوەندیە کەسییە هاوبەشەکان پلەی هەستکردن بە سەقامگیری دەروونی دیاری دەکات. مەترسییە ڕاستەقینەکان یان خەیاڵییەکان کە هەڕەشە لە هەستی سەقامگیری دەروونی تاك دەکەن. تا ئەزموونی گرژی زیاتر بێت، توانای تاکەکەس بۆ تێرکردنی پێداویسیەکانی کەمتر دەبنەوە. سەرچاوەی هەستکرن بە سەقامگیری یان ناسەقامگیری لە کەسێکدا دەست بە گەشەسەندن دەکات لەقۆناغەکانی سەرەتایی تەمەنی مرۆڤ. بۆنموونە کاتێک دایکێك پێداویستییەکانی منداڵەکەی دابین دەکات کۆرپە لە حاڵەتێکدایە کە سولڤیان بە دۆخی بەختەوەری ناوی دەبات کە هەستکرنە بە ئاسوودەی و ڕازیبوون و منداڵەکە درک بەم هەستانە دەکات کە وا دەکات جێگیر و دڵنیا بێت (شلتز، ١٩٨٣، ل١٣٧).

- توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم/ توێژینەوەکانی تایبەت بەهێزی خود.

- توێژینەوەی « عید» (٢٠٠١): بە ناونیشانی (پێوانی تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی کەسایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی عین شمس)

ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی کەسایەتی و پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندییە ئەرێنیەکانی کەسایەتی و زانینی جیاوازی لە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی کەسایەتی بە پێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و پسپۆڕی ئەکادیمی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆدا، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(٥٤٦ خوێندکار)ی زانکۆی عین شەمس، و لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە: کەسایەتییەك کە بە ئیگۆیەکی بەهێز تایبەتمەندە بە سەقامگیری سۆزداری و ئەرێنی تایبەتمەندە. جیاوازی هەیە لە ئاستی هێزی خود بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. هێزی خود لای خوێندکارانی نێربەهێزترە وەك لە هێزی خود لای خوێندکارانی مێینە (عید، ٢٠٠١، ل٢٥١-٣١٦).

-توێژینەوەی ئەحمەد (٢٠٠٢): بە ناونیشانی -کار و تەندروستی ئافرەتان لە ئێران

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەنجامدانی بەراوردێك بوو لە نێوان ئاستی تەندروستی ئافرەتی ئیشکەر و ئافرەتی ماڵەوە، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٠٦٥) ئافرەت بوون کە دابەشکرابوون بەسەردووگروپ: (٧١٠) ئافرەتی خاوەنکار و

(٣٥٥) ئافرەتی ماڵەوە. ئەنجامی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوەی لێکەوتەوە: سەختی ململانێی لەنێوان ڕۆڵی ئەو گۆراوانەی کە زورترین پەیوندییان بە خراپی تەندروستەوە هەیە لە نێوان ئافرەتانی خاوەنکار. لە کاتێکدا گۆراوەکانی تر وەک پەرپێدانی خود و دەستەبەری پشتیوانی کۆمەڵایەتی لەلایەن هاوڕێ و خزم، و سەربەخۆی دارایی یەکێکن لەو گوراوانەی کە پاڵپشتی بوونی تەندروستی جەستەی و دەروونی دەکات لای ئافرەتانی خاوەنکار. بەڵام پێچەوانەکەی بۆ ئەو ئافرەتانەی کە خاوەنکار نین راستە (ئەحمد، ٢٠٠٢، ل٧٥٣-٧٦٥).

- توێژینەوەی جودە و حجو (٢٠٠٥): بە ناونیشانی-دەسەلات و هێزی خود لای ئافرەتان.

ئامانج لەم توێژینەوەیە پێوانی هێزی خود بوو لای ئافرەتانی فەلەستین. نموونەی توێژینەوەکە بریتیی بوون لە (١٥٠) خوێندکارانی کچ، (١٥٠) ئافرەتی خاوەنکار، (١٥٠) ئافرەتی ماڵەوە لە فەلەستین. لەم توێژنەوەیەدا پێوەری هێزی خود بەکارهێنراوە کە لەلایەن (حەمەدان فەددە) ئامادەکرابوو، ئەنجامی توێژینەوەکەش ئەمانەی خوارەوەی لێکەوتەوە: جیاوازیەکەی بەرچاو لە هێزی خود دا هەیە لای نموونەی توێژینەوەکە بە هۆی سروشتی جیاوازی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی فەلەستین کە پێکهاتبوو لە (خوێندکار- خاوەنکار- ئافرەتی ماڵەوە). جیاوازی نەبوو لە ئاستی هێزی خود لای ئافرەتانی فەلەستین بەپێی گۆڕاوەکانی ئاستی خوێندن (بنەڕەتی، ئامادەیی، زانکۆ)، و باری خێزانی(کچ، خێزاندار، جیابووەوە)، و گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون (کەمپ، شار، گوند). ئافرەتانی خاوەنکار هێزی خودیان زیاتر بەرز بوو بە بەراورد بە ئافرەتانی دیکە، بەهۆی ئەوەی کارکردنی ئافرەتان ڕەزامەندی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ڕەهەندی گونجاوی وەڵامدانەوەی هاندەرە ناوخۆیەکان هاندەدات. هەروەها لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان ئاستی هێزی خود لای ئافرەتانی (خاوەنکار و خوێندکارانی کچ و ئافرەتانی ماڵەوە) هەیە. جیاوازیەکە لە بەرژەوەندی خوێندکارە کچەکان بوو (جودە و حجو، ٢٠٠٥، ل٢٧١-٢٧٨).

دووەم/ توێژینەوەکانی تایبەت بە ئارامی دەروونی

- توێژینەوەی الدلبعی، (٢٠٠٣): بەناونیشانی پێوانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ئارامی دەروونی و پەیوەندییان بە پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان فەرمانبەرانی نێر و مێ لە فەرمانگە حکومییەکان لە سکرتاریەتی پایتەختی سنە،

ئامانجی توێژینەوەکە پێوانەکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و دەستنیشانکردنی جۆری پەیوەندی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ئارامی دەروونی بە پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان فەرمانبەرانی نێر و مێ لە فەرمانگە حکومییەکان لە سکرتاریەتی پایتەختی سنە بوو. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٣٧٦) کارمەندی نێر و مێ کە هەڵبژێردران بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە هەشت وەزارەتەوە، بۆهێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوە توێژەر هەستا بە بنیاتنانی پێوەرێک بۆ پێوانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ئارامی دەروونی. وە پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی ( دۆخی ئابووری کۆمەلایەتی) بۆ کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەتی ویلایەتەکان لە پایتەختی سنە. دوای پرۆسێسکردنی داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری بە بەکارهێنانی t.test و شیکاری بە بەکارهێنانی جیاوازی یەکلایەنە و دوولایەنە، تاقیکردنەوەی نیومان-کۆلز و ڕێژەی پەیوەندی پیرسۆن، توێژەر گەیشتە چەند ئەنجامێك لەوانە: نمونەی توێژینەوەکە ئاستێکی قبوڵکراوی ناسنامەی کۆمەڵایەتی هەیە، وە نمونەی توێژینەوەکە ئاستێکی بەرزی ئارامی دەروونی هەیە، هەروەها جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان سێ گروپی پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی (پێگەی ئابووری کۆمەڵایەتی) بەرز - مامناوەند – نزم. وە پەیوەندی ئەرێنی هەیە لە نێوان هەریەک لە گۆڕاوەکاندا. ناسنامەی کۆمەڵایەتی، ئارامی دەروونی و پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی (دۆخی ئابووری کۆمەڵایەتی). هەروەها جیاوازی هەیە لە ئاستی ئارامی دەروونی لە نێوان کارمەندانی وەزارەتەکانی حکومەتی ویلایەت لە سکرتاریەتی پایتەخت سنە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز - باری هاوسەرگیری - ئاستی پەروەردەیی) (الدلبعی، ٢٠٠٣، ل٤-٣).

توێژینەوەی عبید (٢٠٠٦): بە ناونیشانی (کارایی خود و پەیوەندیی بە ئارامی دەروونی لە لای ڕاوێژکارانی پەروەردەیی).

ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان کارایی خود و ئارامی دەروونی لە لای ڕاوێژکارانی پەروەردەیی، نمونەکە پێکهاتبوو لە (٢٠٠) ڕاوێژکار لە پارێزگاری بەغدا، و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئامرازێکی بۆ پێوانی کارایی خود و ئامرازێکی ئامرای بۆپێوانی ئارامی دەروونی بەکارهێنا، کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکرابوون، و لەڕێگەی شیکردنەوەی داتاکان لەڕووی ئامارییەوە، ئەنجامەکان بەدەست هێنران توێژینەوەکە بەم شێوەیەیە: کارایی خود لای ڕاوێژکارانی پەروەردەیی بوونی هەیە وە ئاستی ئارامی دەروونی لای ڕاوێژکارانی پەروەردەی بەرزە. هەروەها پەیوەندییەکی لاواز هەیە لە نێوان گۆڕاوەکانی کارایی خود و ئارامی دەروونی هەیە و سەقامگیری دەروونیدا هەیە(عبید، ٢٠٠٦، ل١).

- توێژینەوەی الجمیلی (٢٠٠٨): بە ناونیشانی (ئارامی دەروونی و پەیوەندییەکەی بە هەندێک گۆڕاوەوە)

ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی ئاستی ئارامی دەروونی بووە شیکاری دەروونی لە لای نمونەیەک لە (مامۆستایانی زانکۆ،

پزیشـک، فەرمانبـەر، شـاعیر، و ڕۆژنامەنـووس هونەرمەنـدان و خوێندکارانـی زانکـۆ و خوێندکارانـی ناوەنـدی، جووتیـاران و کرێکاران)بـوو، هەروەهـا ئامانجـی توێژینەوەکـە دەستنیشـانکردنی ئاسـتی بەشـداری گۆڕاوەکانـی چینـی کۆمەڵایەتـی، ڕەگـەز، بـاری هاوسـەرگیری، ئاسـتی خوێنـدن، تەمـەن) لـە ئارامـی دەروونـی: نمونـەی توێژینەوەکـە ژمارەیـان (٥٦٠). بـۆ هێنانـەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکـە پێوەرێـك بـۆ پێوانـی ئارامـی دەروونـی کـە لەلایـەن توێـژەرەوە دروسـتکراوە، دوای شـیکردنەوەی داتـا ئامارییـەکان بـە بەکارهێنانـی هـۆکاری ئامـاری گونجـاو توێژینەوەکـە گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئاسـتی ئارامـی و سـەقامگیری دەروونـی لای ئەندامانی نمونەکە بەرزە (الجملی، ٢٠٠٨، ل٨).

- توێژینـەوەی دواس (٢٠٠٩): بـە ناونیشـانی (بەهـا کۆمەڵایەتییـە ئیسلامییـەکان و پەیوەندییەکانیـان بـە ئارامـی دەروونـی لای مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی).

ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیە زانینـی ئاسـتی بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان و ئاسـتی ئارامـی دەروونـی یـە لای مامۆسـتایانی قۆناغـی سـەرەتایی، هەروەهـا زانینـی بوونـی پەیوەنـدی لـە نێـوان بەهـا کۆمەڵایەتییـە ئیسلامییـەکان و ئارامـی دەروونیـدا، وە دەستنیشـانکردنی جیـاوازی نێوان بەهـا کۆمەڵایەتییـە ئیسلامییـەکان و ئارانی دەروونی بەپێی گۆڕاوەکان (ڕەگـەز، شـوێنی نیشـتەجێبوون). نموونـەی توێژینەوەکە بریتـی بـوون لـە (٢٠٠) مامۆسـتا لـە مامۆسـتایانی قۆناغـی سـەرەتایی لـە تکریـت و بەلـەد لـە هـەردوو ڕەگـەزی نێـر و مـێ، بۆگەیـشتن بـە ئامانجەکانـی توێژینەوەکـەی توێـژەر دوو پێـوەری ئامادەکـرد بـۆ پێوانەکردنـی گۆڕاوەکانـی توێژینەوەکـەی. دواتـر داتـا و زانیارییـەکان کۆکرانـەوە وە بـە شـێوەیەکی ئامـاری چارەسـەرکران بـە بەکارهێنانـی تاقیکردنـەوەی یـەک نمونەیـی و ڕێژەی پەیوەنـدی پیرسـۆن، لـە کۆتایدا توێژینەوەکـە گەیشـتە ئـەم ئەنجامانـە: ئاسـتی بەهـا کۆمەڵایەتییـە ئیسلامییـەکان و ئاسـتی ئارامـی دەروونـی لای نموونـەی توێژینەوەکـە بـەرزە. وە جیاوازییەکی ئامـاری هەیـە لـە ئاسـتی بەهـا کۆمەڵایەتییـە ئیسلامییـەکان و ئارامـی دەروونـی بەپێـی گـۆڕاوی (ڕەگەز)جیاوازیەکـەش لـە بەرژەوەنـدی مامۆسـتایانی نێربـوو. جیاوازیـی نییـە لـە بەهـا کۆمەڵایەتییـە ئیسلامییـەکان و ئارامـی دەروونـی لای نموونـەی توێژینەوەکـە بەپێـی گـۆڕاوەی نیشـتەجێبوون، هەروەهـا پەیوەنـدی ئەرێنـی هەیـە لـە نێـوان گۆڕاوەکانـی بەهـا کۆمەڵایەتییـە ئیسـلامییەکان و ئارامـی دەروونـی لای نموونـەی توێژینەوەکـە (دواس، ٢٠٠٩، ل٣-٤).

- ڕێکارەکانی توێژینەوە:-

یەکـەم: ڕێبـازی توێژینـەوە:- بـە هـۆی سروشـتی گەرانـی توێژینەوەکـە توێـژەر پشـتی بەسـتووە بـە ڕێبـازی وەسـفی کـە لەگـەڵ ئامانجەکانـی توێژینەوەکـەدا دەگونجێـت و ئاسـانکاری دەکات کە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە.

دووەم: کۆمەڵـگای توێژینـەوە:- کۆمەڵـگای ئـەم توێژینەوەیـە پێکهاتـووە لـە کەسـوکاری ئەنفالکراوانـی بارزانـی، بەمەبەسـتی زانینـی ژمـارەی تاکەکانـی کۆمەڵـگای توێژینەوەکـە. توێـژەر هەڵسـاوە بـە وەرگرتنـی داتـا و ئامـاری کەسـوکاری ئەنفالکراوانی بارزانـی لـە وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکـراوان کـە ژمارەیـان ( ٨٠٠٠) کەسـە کـە ئێسـتا نیشـتەجێی ناوچەکانـی بـارزان و دەورووبەری و هەریرو بە حرکە ،قوشتە بە پیرمامن .

سێیەم: نموونـەی توێژینـەوە:- توێـژەر بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی نموونـەی توێژینەوەکـەی هەڵبـژاردووە کـە ژمارەیـان (١٠٠) لـە کەسـوکاری ئەنفاڵکراوەکانـی بارزانـی بـوو و لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی گۆڕاوەکانـی (ڕەگەز-شـوێنی نیشـتەجێ بـوون)، وەك لـە خشـتەی(١) خراوەتەڕوو:

خشـتەی (١) تاکـەکانی نمونـە ی توێژینەوەکـە ڕوون دەکاتـەوە بەگوێرەی ڕەگەز و شوێنی نیشتەجێ بوون

| شوێن | ڕەگەز | | کۆ |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| بەحرکە | ٧ | ٨ | ١٥ |
| قوشتبە | ٧ | ٨ | ١٥ |
| بیرمام | ١٠ | ١٣ | ٢٣ |
| هەریر | ٩ | ١٣ | ٢٢ |
| بارزان و دە وروبەری | ١٢ | ١٣ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٤٥ | ٥٥ | ١٠٠ |

چوارەم :ئامرازەکانی توێژینەوە:-

١- هێـزی خـود: بـۆ گەیـشتن بـە ئەنجامـی ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە توێـژەر پشـتی بەسـتووە بـە پێـوەری هێـزی خـود کـە ئامادەکـراوە لەلایـەن ((سـيني-٢٠٠٠)) ،کـە پێکهاتـووە لـە (٥٨) بڕگـە، کـە بڕگـەکان بەپێـی وەڵامـی هەڵبژێـردراو وەڵام دەدرێتـەوە کە بریتیـن لە(بەڵـێ- نەخێر)کە نمـرە بـۆ بڕگە پۆزیتیڤـەکان (٢-١) بۆ بڕگە نێگەتیڤەکان بـەم شـێوەیە دادەنرێت لـەدوای یـەک (١-٢) کە پێوانەی هێزی خوود دەکات.

٢- ئارامـی دەروونـی: بـۆ گەیـشتن بـە ئەنجامـی ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە توێـژەر پشـتی بەسـتووە بـە پێـوەری ئارامـی دەروونـی کـە ئامادەکـراوە لەلایـەن (هفـن-٢٠١٠) ،کـە پێکهاتـووە لـە (٢٧) بڕگـە، بڕگـەکان بەپێـی وەڵامـی هەڵبژێـردراو وەڵام دەدرێتـەوە کـە بریتیـن لـە (هەمیشـە-زۆربەی جـار- هەندێکجار-هەرگیز-هیـچ لەسـەرم جـێ بـە جـێ نابێت)کـە نمـرە بـۆ بڕگـە پۆزیتیڤـەکان (٥-٤-٣-٢-١) بـۆ بڕگـە نێگەتیڤـەکان بـەم شـێوەیە دادەنرێـت لـەدوای یەک(١-٢-٣-٤-٥)کە پێوانەی ئارامی دەروون دەکات.

پێنجەم / ڕاستگۆیی پێوەر:- بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی بڕگەکانی پێوانەیی هێزی خود و ئارامی دەروونی توێژەرئەم هەنگاوانەی ئەنجامدا:

١- ڕاستگۆیی ڕواڵەتی: توێژەر ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ هەردوو پێوەر بەکارهێنا ئەویش بۆ زانینی چۆنیەتی گونجانی بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ پێوانی هێزی خود و ئارامی، بۆ ئەم مەبەستە پێوەرەکان نیشانی چەند شارەزایەکی پەروەردە و دەروونزانی کە ژمارەیان (٨) شارەزابوو بۆ هەر بڕگەیەک ڕێژەی( ٨٠٪ ) زیاتر وەک ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایانە بۆ بڕگەکە لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی دا وەرگیرا.

خشتەی (٢) ژمارەی ڕازیبوون و ڕازینەبوونی شارەزایان لەسەر پێوەرەکانی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە.

| پێوەر | بڕگەکان | ڕێژەی سەدی | ژمارەی ڕازینەبوان | ڕێژەی سەدی | ژمارەی ڕازیبوان |
|---|---|---|---|---|---|
| هێزی خود | ١،٣،٨،٩,١١،١٢،١٤،١٧،١٨،٢١،٢ ٢،٢٣،٢٤،٢٦،٢٧،٢٩،٣٠،٣١،٣٢،٣ ٤،٣٦،٣٧،٣٨،٣٩،٤٠،٤١،٤٣٤٤،٤٥ ،٤٦،٥٠،٥٤ | ٨ | ٪١٠٠ | ٠ | ٪٠ |
| | ٢،٤،٥،٦،٧،١٠،١٣،١٥،١٦،١٩،٢٠، ٢٥،٢٨،٣٣،٣٥٤٢،٤٧،٤٨،٤٩،٥١،٥ ٢،٥٣،٥٥،٥٦،٥٧،٥٨ | ٪١٢,٥ | ١ | ٪٨٧,٥ | ٧ |
| ئارامی دەروونی | ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١١،١٢،١٣،١٤ ،١٥،١٦،١٧،١٨١٩،٢٠،٢١،٢٢،٢٤ | ٪٠ | ٠ | ٪١٠٠ | ٨ |
| | ١٠،٢٣،٢٥،٢٦،٢٧ | ٪١٢,٥ | ١ | ٪٨٧,٥ | ٧ |

- ڕاستگۆیی وەرگێڕان:- ڕاستگۆیی زمانەوانی پێویستیەکی حەتمییە بۆ توێژینەوەیەك کە پێوانەکە لە زمانێکی بێگانە وەرگیرابێت بە نیسبەت کۆمەڵگای توێژینەوەکە، پێوانەکانی (هێزی خوود و ئارامی دەروونی) لە زمانی عەرەبی وەرگیرابوون، بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆی زمانەوانی توێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی گرتەبەر بۆ بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی وەرگێران:

١- وەرگێرانی پێوانەی (هێزی خود، ئارامی دەروونی) لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی.

٢- پاشان توێژەر پێوانە وەرگێردراوەکانی دا بە پسپۆڕێکی زمانەوانی لە بەشی کوردی .

٣- پاش چاکردنەوەی تێبینیەکان لە لایەن پسپۆڕی زمانی کوردی توێژەر هەستا بە پێدانی کۆپیە وەرگێردراوەکە بە مامۆستایەکی پسپۆڕی زمانەوانی لە بەشی عەرەبی بۆ ئەوەی بڕگەکان لە زمانی کوردی بکاتەوە بە زمانی عەرەبی دووبارە . پاشان هەر دوو کۆپی بنەڕەتیەکەی و وەرگێردراوەکە درا بە مامۆستایەک لە بەشی ڕێنمایی پەروەردەی دەروونی بۆ بەراوردکردنیان.

شەشەم / جێگیری پێوەرەکان:

- ڕێگای دووکەرتبوون:- ئەم شێوازەی جێگیری شێوازی دابەشکردنی پێوەرە بۆ دوو بەش بەنزیکەیی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی جارێک پێوەرکردن ، و دابەش کردنی بەسەر دوو بەش کە نزیک یان یەکسان بن. بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی بەردەستبوونی تایبەتمەندی جێگیری بە شێوازی دابەشکردنی نیوەیی توێژەر جارێک پێوەرەکەی بەکارهێناوە، پاشان بڕگەکانی پێوەرەکەی دابەشکردووە بەسەر دوو نیوەدا، بڕگەیەک ژمارەی تاک و بڕگەیەک ژمارەی جووت لەخۆ ئەگرێت و نمرەکانی ژمارە تاکەکان کۆئەکرێنەوە و نمرەکانی ژمارە جووتەکان کۆئەکرێنەوە هەر یەک بە جیا بۆ هەر نموونەیەکی توێژینەوە لە نێر و مێ. پاشان بەهای ڕێژەی پەیوەندی نێوان دوو نیوەکە هەژمار کراوە بە بەکارهێنانی (split – hulf) لە نێوان بڕگە تاکەکان و نمرەکانیان و بڕگە جووتەکانی پێوەرەکە. بەمەش توێژەر گەیشتە بەهای ڕێژەی پەیوەندی نێوان دوو نیوەکە کە بەهاکەی بۆ پێوەری هێزی خود (٠,٧٩)، بۆ پێوەری ئارامی دەروونی (٠,٧٦) بوو. ئەمانەش ڕێژەیی قبوڵکراون بە پێی ئاستی ئاماری (٠,٠٥).

خشتەی(٣) بەهای جێگیریی بۆ پێوەرەکانی هێزی خود و ئارامی دەروونی بە شێوازی دابەشکردنی نیوەیی پیشان دەدات.

| پێوەر | ژمارەی نموونەکە | بەهای جێگیری |
|---|---|---|
| هێزی خوود | ٥٠ | ٧٩٪ - split-hulf |
| ئارامی دەروونی | ٥٠ | ٧٦٪ - جیتمان |
| | | |

پێنجەم:جیبەجێکردنی کۆتایی:-

دوای ئامادەکردنی پێوەرەکانی (هێزی خوود و ئارامی دەروونی) و دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیریی بۆ پێوەرەکان، ئینجا توێژەر هەستا بە جیبەجێکردنی پێوەرەکان بەسەر نموونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (١٠٠)کەس بوو لە کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی . دوای وەرگرتنەوەی ڕاپرسییەکان و کۆکردنەوە و ڕێکخستنی داتاکان. توێژەر شێوازی ئاماری گونجاوی بەکارهێنا لە بەرنامەی (SPSS) بۆ جیبەجێکردنی ئامانجەکان و گەیشتن بە ئەنجامەکان.

شەشەم: ئامرازە ئامارییەکان:

١. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک نموونە بۆ پێوانی ئاستی (هێزی خود) و ئاستی (ئارامی دەروونی) لای نموونەی توێژینەوەکە.
٢. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی دوونموونەیی بۆ زانینی جیاوازی لە ئاستی هێزی خود و ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز).
٣. بەکارهینانی هاوکۆلکەی سپیرمان و جیتمان بۆ دەرهێنانی جێگیریەتی پێوەرەکە.
٤. هاو کولکە ی بیرسون .
٥. ڕێژەی سەدی.

- خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە و ڕاڤەکردنیان

ئامانجی یەکەم/ پێوانەی ئاستی هێزی خود لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان.

بۆ زانینی ئاستی هێزی خود لای نموونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان پێکهاتووە لە (١٠٠) کەس لە کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی ناوەندەژمێر بریتی بوو لە (٩٠،٣٢٠ ) وە لادانی پێوەری (٥،٣٢٩) ئاستی تائی ژمێردراو (١٦٩،٤٧٨) بە بەراورد بە تائی خشتەی کە بریتی بوو لە (١،٩٨) لە ئاستی ئامازهی (٠،٠٥) بەنمرەی سەربەستی(٩٩)، دەرکەوت کە بەهای تائی ژمێردراو گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی کەواتە بەڵگەداری ئاماریە، بڕوانە خشتەی (٤):

خشتەی(٤) ئاستی هێزی خود لای نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی ئامازەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| هێزی خود | ١٠٠ | ٩٠،٣٢٠ | ٥،٣٢٩ | ٧٨ | ٩٩ | ١٦٩،٤٧٨ | ١،٩٨ | بەڵگەدارە لە ئاستی ٠،٠٥ |

لە خشتەی (٤) بە دیار دەکەوێ بەهای ناوەندە ژمێری گەورەترە لە بەهای ناوەندیی گریمانەیی لە پێوەری هێزی خود لە لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان،هەروەها بەهای تائی هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئاستی هێزی خود لای نموونەی توێژینەوەکە بوونی هەیە و لە ئاستێکی بەرزدایە. بە بۆچونی توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی پێکهاتەی کەسایەتیەی لەسەری پەروەردەکراون وای کردووە خودێکی بەهێزیان هەبێت سەرەڕای سەختی دۆخی دەروونی و ژینگەی کۆمەڵایەتیەی کە تیایدا ژیاون لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی بڕیارەکانی ژیانیان بدەن و هەوڵبدەن خۆیان چارەسەری کێشەکانیان بکەن وەك وەڵامدانەوەی دۆخەسەختەکانی ژیان بەکاردەهێنێت. ئەمانەش بنەڕەت و پێکهاتەی هێزی خود لای تاك پێکدێنن. ئەمەش گونجاوە لەگەڵ بۆچوونی (نجاتی، ٢٠٠٠) کە ڕای وایە هێزی خود پێکهاتەی دووەمی کەسایەتییە، و دروستبوونی بە نزیکەی لە ٦ بۆ ٨ مانگی تەمەنی منداڵەوە دەست پێدەکات، و گەشە دەکات. بەچوونی فرۆید ئەگەر چی هێزی خود ئارەزووی بەدەستهێنانی چێژ دەکات، بەڵام بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنێ، ڕازیبوون دوادەخات بۆ ئەوەی بنەمای واقعی بپارێزێت وکۆتایی گرژی توند دوادەخات تا چارەسەرێکی گونجاو دەدۆزێتەوە. ئەمەش لەلایەن فرۆیدەوە بە پرۆسەی لاوەکی ناسراوە (نجاتی، ٢٠٠٠، ل١٠٦). ئەم ئەنجامەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عید، ٢٠٠١) لەڕووی بوونی هێزی خود لای نموونەی توێژینەوەکە.

ئامانجی دووەم/ پێوانەی ئاستی ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان.

بۆ زانینی ئاستی ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان پێکهاتووە (١٠٠) کەس لە کەسوکارانی ئەنفالکراوانی بارزانی توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك نموونە دەرکەوت بەهای ناوەندەژمێری بریتی بوو لە (٩٧،٤٢٠ ) وە بەهای لادانی پێوەری (٩،٣٩٨) وە ئاستی تائی ژمێردراو (١٠٣،٦٥٨) و بەهای تائی خشتەیی بریتی بوو لە ( ١،٩٨) لە ئاستی ئامازهیی (٠،٠٥) بەنمرەی سەربەستی(٩٩)، دەرکەوت کە بەهای تائی ژمێردراو بەرزترە لە بەهای تائی خشتەیی کەواتە بەڵگەدارە و ئەمەش ئامازهیە بۆ بوونی هەستکردن بە ئارامی دەروونی لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، وەك لە خشتەی (٥)

خشتەی(٥) ئاستی ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی ئاماژەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئارامی دەروونی | ١٠٠ | ٩٧,٤٢٠ | ٩,٣٩٨ | ٨١ | ٩٩ | ١٠٣,٦٥٨ | ١,٩٨ | بەڵگەدارە لە ئاستی ٠,٠٥ |

لە خشتەی (٥) بە دیار دەکەوێ بەهای ناوەندەژمێری تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر ئارامی دەروونی گەورەترە لە بەهای (ناوەندی گریمانەیی) وە هەروەها بەهای تائی هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای تائی خشتەی ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە بوونی هەیە و لە ئاستێکی بەرزدایە. بە بۆچونی توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دۆخی دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانیدا هات دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و بەجۆرێك لە ئەنجامەدا دۆخە بووە هۆی ئەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی ناوچەکانی ئەنفالکراوی بارزانی دۆخێکی تارادەیەك ئارامی بەخۆیەوە بینیوە و ئاوارەکان و ئەوانەی کە ڕاگوێزرابوون بۆناو ئۆردوگاکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان ئەمەش یارمەتیدەربووە لە گەڕانەوەی ئاسایش و ئارامی بۆناوژیانیان و هەست بە سەقامگیری دەروونی بکەن ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەری ئەرێنی لەسەربەرزبوونەوەی ئاستی هەستکردن بە ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی هەبووە، ئەم بۆچوونەش دەگونجێ لەگەڵ ڕای (الدهری، ٢٠١٠) کە بەبۆچوونی ئەو بنەمای هەستکردن بە ئارامی دەروونی هەستکردنە بە ئارامی و سەقامگیری وە دڵنیایی و ڕزگاربوون لە دڵەراوکێ کە هەستێکی پێویستە بۆ ژیانی تاک و کۆمەڵگا. ئارامی دەروونی دەرئەنجامی دڵنیابوونەوەی مرۆڤە سەبارەت بە خۆی و سامانەکەی و هەستکردن بە میهرەبانی و سۆزە لەلایەن کەسانی دەوروبەریەوە (الدهری، ٢٠١٠، ل١٨). ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (الدلبعی، ٢٠٠٣)، (عبید، ٢٠٠٦)، (الجمیلی، ٢٠٠٨)، و (العزاوی، ٢٠٠٩) گونجاوە لەم ڕوانگەیەوە کە هەموو توێژینەوەکان ئاماژەیان داوە بە بەرزی ئاستی ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە.

ئامانجی سێیەم/ زانینی جیاوازی لە ئاستی هێزی خود لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز)

بەمەبەستی گەیشتن بەم ئامانجە توێژەرتاقیکردنەوەی تائی بۆدوو نموونەی سەربەخۆی بەکارهێنا لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای تائی هەژمارکراو (-٠,٣١٥) وە بچوکترە لە بەهای تائی خشتەیی (١,٩٨) ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە جیاوازە نیە لە ئاستی هێزی خود لای نموونەی توێژینەوەکە. خشتەی (٦) خراوەتەڕوو:

خشتەی(٦) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونەی بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی لە ئاستی هێزی خود بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز)

| گۆڕاو | ڕەگەز | نموونەی توێژینەوە | ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەر | نمرەی سەربەست | بەهای تائی | | ئاستی ئاماژەیی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| هێزی خود | نێر | ٤٥ | ٩٠,١٣ | ٥,٤٠٤ | ٩٨ | -٠,٣١٥ | ١,٩٨ | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | ٥٥ | ٩٠,٤٧ | ٥,١١ | | | | |

بەپێی خشتەی (٦) بۆمان دەرکەوت کە جیاوازی نیە لە ئاستی هێزی خود لای کەسەکاری ئەنفالکراوانی بارزانی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) ئەمەش بە بۆچوونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چوونکە هەردوو ڕەگەز لە هەمان دۆخی ژینگەیی و دەروونی ژیاون، بێ جیاوازی ڕەگەز پرۆسەی ئەنفالکردنیان لەسەر جێبەجێکراوە بەمەش وەك کاریگەری لەسەر هەردوولا بەجێهێشتووە وایکردووە جیاوازی لە توانا دەروونیەکانیان هەردوو ڕەگەز دروست نەبێت. زاناکانیش لە هیچ شوێنێك ئاماژەیان بەوەنەداوەکە گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی دروست بکات لە ئاستی هێزی خود لای تاکەکان بەڵکو گۆڕاوەکانی تری وەك جیاوازی (کلتوری و شێوازی پەروەردە) جیاوازی دروست دەکات، دەتوانین پشت ڕاستی ئەم بۆچوونە بکەینەوە بە پێی تیۆری اریکسون: کە ئاماژەی بەوەداوە کە بەهێزی یان لاوازی هێزی خود پەیوەندی هەیە بە جیاوازی گۆڕاوە کولتوورییەکان و ئەم جیاوازیانە دەبنە هۆی جیاوازی لە ڕفتاری کەسانی پێگەیشتوو. گروپە جیاوازەکان شێوازی پەروەردەکرنی منداڵەکانیان جیاوازە، بەمەش شێوازی پەروەردەکرن

لە خێزاندا وە مۆدێلە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێکهاتنی هێزی خود (Englcr, ١٩٨٥, p١٩٠). ئەم ئەنجامە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عید، ٢٠٠١) کە ئاماژەی داوە بە بوونی جیاوازی لە ئاستی هێزی خود لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (نێر) بوو.

ئامانجی چوارەم/ زانینی جیاوازی لە ئاستی ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز)

بەمەبەستی گەیشتن بەم ئامانجە توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بۆدوو نموونەی سەربەخۆی بەکارهێنا لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت بەهای تائی هەژمارکراو (-٠,٧٤٥) وە بچوکترە لە بەهای تائی خشتەیی (١,٩٨) بە ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥). ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە جیاوازە نیە لە ئاستی ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە. خشتەی (٧) خراوەنەڕوو:

خشتەی(٧) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونەی بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی لە ئاستی ئارامی دەروونی بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز)

| گۆڕاو | ڕەگەز | نموونەی توێژینەوە | ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەر | نمرەی سەربەست | بەهای تائی | | ئاستی ئاماژەیی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئارامی دەروونی | نێر | ٤٥ | ٩٦,٦٤٤٤ | ١٠,٦٨٥٩٢ | ٩٨ | -٠,٧٤٥ | ١,٩٨ | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | ٥٥ | ٩٨,٠٥٤٥ | ٨,٢٤٤٩٠ | | | | |

بەپێی خشتەی (٧) بۆمان دەرکەوت کە جیاوازی نیە لە ئاستی ئارامی دەروونی لای کەسەکاری ئەنفالکراوانی بارزانی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز)، بە بۆچوونی توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە کۆمەڵایەتیەی کە هەردوو ڕەگەز لە ئەنجامی پرۆسەی ئەنفالکردنی ناوچەی بارزان تێیدا ژیاون ئەمە دۆخێکی هاوئاستی لە دۆخی دەروونی بە تاکەکانی ئەم ناوچەیە بەخشیوە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی کاریگەری نەبێت لەسەر دۆخی دەروونی و هەستکردنیان بە سەقامگیری و ئارامی دەروونی، ئەم بۆچونەی توێژەر گونجاوە لەگەڵ تیۆری (سولیڤان) کە جەخت لەسەر گرنگی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە کە لە پەیوەندییەکان و ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییەی کە تاک تێیدا لە دایکبووەو بەرکەوتەی دەبێت.هەروەها جەختی لە کاریگەریەکانی لەسەر دروستبوونی کەسایەتی تاک کردووەتەوە، سولیڤان پێی وایە تاک ئامانجی کەمکردنەوەی هەستی ناڕەحەتی و دڵەراوکێ و ترس و نەبوونی هەستکردن بە ئاسایشە کە لە ئەنجامی هەڵە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکدا دروست دەبێت لەگەڵ کەسانی دەوروبەری (کەمال، ١٩٨٨، ل٨٧-٨٨). ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (الدلبعی، ٢٠٠٣) و (العزاوی-٢٠٠٩) کە ئاماژەیان داوە بەوەی جیاوازی هەیە لە ئاستی ئارامی دەروونی لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

ئامانجی پێنجەم/ زانینی جۆری پەیوەندی نێوان هێزی خود و ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان هێزی خود و ئارامی دەروونی بۆ کۆی نمونەکە، توێژەر ڕێژەی پەیوەندی بیرسونی بەکارهێناوە بەمەبەستی دەستنشانکردنی ڕێژەی پەیوەندی لە نێوان نمرەکانی ئەندامانی نموونە لەسەر دوو پێوەرەکانی کە هێزی خود و ئارامی دەروونی ئەنجامەکان دەریانخست کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی و ئەرێنی هەیە لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکە وەک لە خشتەی (٨)دا نیشان دراوە.

خشتەی (٨) ئەنجامی هاوکۆلکەی پەیوەندی بیرسون لە نێوان گۆڕاوەکانی هێزی خود و ئارامی دەروونی

| ئاستی بەڵگەداری | جۆری پەیوەندی | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی بیرسون | ڕێژەی نموونە | گۆڕاوەکان |
|---|---|---|---|---|
| هێزی خود | ١٠٠ | *٠,٨٠+ | ڕاستەوانە | ٠,٠٥ |
| ئارامی دەروونی | ١٠٠ | | | |

لەو خشتەیە بەدیار کەوتووە کە پەیوەندی ئەرێنی هەیە لە نێوان هێزی خود و ئارامی دەروونی واتا ئەگەر هێزی خود بەرزبێتەوە ئارامی دەروونی بەرز دەبێتەوە وە بە پێچەوانەوەش کاتێك هێزی خود کەم بێتەوە ئەوکات ئاستی هەستکردن بە ئارامی دەروونیش لای تاك دادەبەزێت، چونکە هێزی خود پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی لەگەڵ ئارامی دەروونی هەیە.

- دەرەنجامەکان

هێزی خود و پەیوەندی بە ئارامی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان

١- بوونی ئاستێکی بەرزی هێزی خود لای نموونەی توێژینەوەکە

٢- بوونی ئاستێکی بەرزی ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە

٣- نەبوونی جیاوازی لە ئاستی هێزی خود لە نێوان هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) لای نموونەی توێژینەوەکە.

٤- گۆڕاوی (ڕەگەز) جیاوازی دروست ناکات لە ئاستی ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە.

٥- بوونی پەیوەندی ئەرێنی و بەهێزی ڕاستەوانە لە نێوان هەردوو گۆڕاوی هێزی خود و ئارامی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە.

- ڕاسپاردەکان

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر ئەو ڕاسپاردانەی کرد:

١- لەڕێگای دانانی بەرنامەی جۆراوجۆری ڕێنمایی کردنی دەروونی هەوڵبدرێت ئاستی هێزی خود لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەرزبکرێتەوە.

٢- ڕێنمایکردنی کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی بۆ بەدەست هێنانی چۆنیەتی هەستکردن بە ئارامی دەروونی، زاڵبوون بەسەر سەختی و فشارەکانی ژیان.

٣- ئاراستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرەو هۆشیاری و ئاگاداری پێداویستیەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی و هاوکاربوونیان.

- پێشنیارەکان

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر هێزی خود پەیوەندی بە گونجانی دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر هێزی خود و پەیوەندی بە دابڕانی کۆمەڵایەتی لای کەسەکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ئارامی دەروونی پەیوەندی بە زەبری دەروونی لای کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزانی لە هەرێمی کوردستان.

سەرچاوەکان:


- ابو حلاوة، محمد السعيد و الشربيني، عاطف مسعد (٢٠١٦): دلالات الصدق و الثبات و البنية العاملية لمقياس السكينة النفسية لدى طلاب الجامعة، بحث منشور، مجلة الإرشاد النفسي، جامعة عين شمس، مركز الإرشاد النفسي، العدد(٤٨)، ص ص ٩١-١٨٢.

- بارزانی، مەسعود(٢٠٢٠): بۆ مێژوو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە (٧٧٧)، هەولێر.

- بوشلاق، نادية (٢٠٠١): الاستقرار النفسي والتحصيل الدراسي، مجلة التربية _جامعة الأزهر كلية التربية ،العدد١٠٠، ص٢٠٧.

- بيسكوف، ليدفوردج (١٩٨٤): علم نفس الكبار، ترجمة: دحام الكيال و عايف حبيب، بغداد، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم،.

- جلال، سعد (١٩٨٦): في الصحة العقلية الأمراض النفسية والعقلية والانحرافات السلوكية، دار الفكر العربي، قاهرة-مصر.

- جودة، آمال عبد القادرو حجو، مسعود عبد الحميد (٢٠٠٥): قوة الأنا لدى المرأة الفلسطينية في محافظات غزة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الأقصى.

- حمزة، أحمد محمد عبدالكريم (٢٠١٧): التحرش الجنسي بالمرأة، مجلة الإرشاد النفسي، السعودي، العدد ٥٠، ص٢٣٩.

- دسوقى، كمال (١٩٨٨) : ذخيرة علوم النفس، الدار الدولية النشر– المجلد(١)، القاهرة، مصر.

- الدهري، ياسر بن عبد الرحمن (٢٠١٠): أثر النشاط المدرسي على الاستقرار النفسي والاجتماعي والتحصيل الدراسي للطلاب، رسالة ماجستير غير منشورة.

- دواس، العزاوي محجوب ابراهيم (٢٠٠٩): القيم الاجتماعية الاسلامية وعلاقتها بالاستقرار النفسي لدى معلمي المدارس الابتدائية رسالة غير منشورة. كلية التربية، جامعة تكريت.

- الدوري، سافرة سعدون أحمد(١٩٩٣): الحاجات النفسية لدى طلبة جامعة بغداد و علاقتها بتواغقهم النفسي والاجتماعي ،اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة بغداد.

- سالح، عەدالەت عومەر(٢٠١٧): بارزانیەکان ڕاگواستنەوە تاوەکو جینۆساید بە پێی بەڵگەنامە.

- سالح، عەدالەت عومەر(٢٠٠٣): ئەنفال و ئافرەتی کورد.

- سدخان، سهام حسني(٢٠١٩): الذكاء الانفعالي و علاقتهبالطمأنينة النفسية لدى طلبة الجامعة، حوليات أداب عين شمس، العدد(٤٧)، ص ص ٣٨٠-٤٠٢.

- سعيد، أحمد عبدالله (١٩٩٢): دراسة لبعض متغيرات الشخصية للمجرمين العائدين للسجون في الملكة العربية السعودية، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية.

- السفاسفة، محمد وعربيات، أحمد (٢٠٠٥): مبادىء الصحة

النفسية، الكتبة الوطنية، عمان -الأردن.
-سيجوموند فرويد، ترجمة: عثمان محمد نجاتى (٢٠٠٠): الموجز فى التحليل النفسى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، مصر.
- شريت، أشرف محمد عبد الغني(٢٠٠٦): الصحة النفسية بين الاطار النظري والتطبيقات الاجرائية مؤسسة حورس الدولية، قاهرة_مصر.
- الشلاش، عمرسليمان (٢٠٢١): المخاوف المرضية و علاقتها بالسكينة النفسية لدى عينة من المتزوجات فيضوء جائحة كورونا، بحث منشور، مجلة جامعة الطائف للعلوم الإنسانية، جامعة الطائف، المجلد(٧)، العدد(٢٥)، ص ص٨٠١-٨٤٦.
- شلتز، دوان (١٩٨٣): ،نظريات الشخصية، ترجمة: حمد دلي الكربولي و عبد الحمن القيسي، بغداد، مطبعة جامعة بغداد.
- الشناوي، محمد و آخرون (٢٠٠٠): التنشئة الاجتماعية للطفل، دار الصفاء للتوزيع، مصر.
- صالح، الجميلي كريم حسن حمد (٢٠٠٨): الاستقرار النفسي وعلاقته ببعض المتغيرات، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب جامعة المستنصرية، العراق، بغداد.
- عبدالحالق، شيماء (٢٠١١): الفروق بين الجانحين المتسولين وغير المسولين فى مفهوم الذات وقوة الأنا والسلوك المصاد للمجتمع، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم على النفس، كلية الآداب، جامعة بنها.
- عبد الخالق، احمد(١٩٨٣): علم النفس المرضي، الدار الجامعية للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.
- عبدالرحمن، محمد السيد (١٩٩٨): نظريات الشخصية، دار قباء للطباعة وللنشر، القاهر .
- عبدالله، محمد قاسم (٢٠٠٤): مدخل الى الصحة النفسية، ط٢، دار الفكر، عمان-الأردن.
- عبيد، سالم حميد (٢٠٠٦): فاعلية الذات و علاقتها بالاستقرار النفسي لدى مرشيدين التربويين، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة المستنصرية، كلية التربية، قسم العلوم التربوية و النفسية، جامعة بغداد. العراق, بغداد.
- عرفي، كريم محمد(٢٠٢٣): السكينة النفسية والرشاقة المعرفية كمنبئين بالتوجه نحو المستقبل لدى طلاب التعليم الفني الثانوي، بحث منشور، مجلة البحث العلمي في التربية، المجلد(٢٤)، العدد(٦)، ص ص٥٠-١١٣.
- العزة ، سعيد حسني (٢٠٠٢): إرشاد الجماعي العلاجي، ط١، الدار العلمية للنشر، عمان.
- عطار، إقبال أحمد (٢٠٠٩): العنف و علاقته بتوكيد الذات و الأمن النفسي لدى تلميذات المرحلة المتوسطة من السعوديات و غير السعوديات، بحث منشور، مجلة بحوث التربية النوعية، العدد(١٣)، ص ص٤٤-٧٢.
- علي، أشرف محمد أحمد (٢٠١٦): الثقة بالنفس و علاقتها بتقدير الذات لدى طلاب المرحلة الثانوية بولاية الخرطوم، بحث منشور، المجلة العلمية لجامعة الإمام المهدي، العدد(٨)، ص ص٢٤٥-٢٨٢.
- عيد، إبراهيم (٢٠٠١): دراسة للخصائص الإيجابية للشخصية فى علاقتها بمتغيرى النوع والتخصص الدراسي لدى طلاب الجامعة، مجلة كلية التربية (التربية وعلم النفس)، العدد٢٥، القاهرة، مكتبة زهراء الشرق، ص ص ٢٥١-٣١٦.
- غانم، الدبعي كفاح سعيد (٢٠٠٣): الهوية الاجتماعية والاستقرار النفسي وعلاقتهما بالتصنيف الاجتماعي لدي الموظفين والموظفات بدوائر الحكومية بأمانة العاصمة صنعاء، أطروحة غير منشورة, كلية الآداب جامعة بغداد.
- كفافي، علاء الدين (١٩٨٦): صدق التمييز الاكلينيكي بارون لقوة الأنا»، مجلة جامعة الكويت، الجلد السادس، العدد الثاني والعشرون، الكويت، جامعة الكويت.
- ميخائيل، أسعد يوسف (٢٠٠٠): مشكلات الطفولة المراهقة، دار الأفاق الجديدة، بيروت، لبنان.

- Ahmed , N., S. (2002): Women's Work and Health in Iran a Comparison of Working and Non Working Mothers. J. Social Science & Medicine, Vol.( 54 ),No.(5),pp.753-765.
- Arnout, B. (2019). The relative contribution of psychological serenity and self-regulated learning strategies in predicting academic engagement among University Students. International Journal of Medical Research & Health Sciences, 8(11), 1-11.
- Bauchman, Earl. Personality(1972): The psychological study of the Individual. New Jersy:prentiee-Hall, Ine.
- Cartwright, Desmond. S.(1974): Introduction to personality. Chicago: Rand Menally College publishing company.
- Eysenck, Hans Jurgen(1970): The struture of Human personality. London: Methuen.
- Engler, Barbara(1985): Personality Theories: an lntroduction.2 nd .Ed. Boston:Houghton mifflin company.
- Floody, D. (2014). Serenity and inner peace: Positive perspectives. In Personal Peacefulness (pp. 107-133). Springer, New York: NY.
- Hall, Calvin. S. & Lindzey , Gardner(1978): Theories of personality.3 rd. ,New york: John wiley&Sons.
- Loree, M. Ray(1970): Psychology of Education. 2nd ed.,

.New York: The Renold Press Company
.Liebert ,Rober .M. & Neal, John. M.(1977): Psyehology:A contemprary view.New york: John wiley & Sons, Inc -
.Goldestein, E. B. (1994): psychology, Brooks, Cole publishing Company, California -
.pervin, Lawrance. A. Personality(1975): Theory, Assessment and Research. New Yo John wiley & Sons -
.Samuel, William(1981): Personality, searching for the Souree of Human Behavier London:McGraw-Hill Book Company -
Wolfradt, U. Oemler, M. Braun, K. & Klement, A. (2014): Health anxiety and habitual rumination: The mediating effect of -
.134-serenity. Personality and IndividualDifferences, 71, pp130
Xi & J. & Lee, M(2021): Inner Peace as a Contribution to Human Flourishing. Measuring Well-Being: Interdisciplinary
.Perspectives from the Social Sciences and the Humanities, Oxford University Press

# ژیریی دەستکرد و جینۆساید: بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و یاسایی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ڕێگریکردن لە بەکاربردنی ژیریی دەستکرد لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیدا

پ.ی.د. هۆشەنگ دارا حمە امین

توێژەر ایمان عبداللە عمر

پوختە
پەیوەندیی نێوان جینۆساید و ژیریی دەستکرد مشتومڕێکی ئاڵۆزی یاسایی و ئەخلاقی دەوروژێنێت. لە لایەکەوە، ژیریی دەستکرد توانایەکی بەرچاوی بۆ پێشبینیکردن و چاودێریکردنی نیشاندەرەکانی هەڕەشەکانی سەر ئاشتی، وەک زیادبوونی گوتاری ڕقاوی یان جوڵەی سەربازی، پێشکەش دەکات؛ ئەمەش توانای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید بەرز دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، مەترسی درووست دەکات ئەگەر بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە یان لە ڕێگەی چەکی خۆکارەوە بەکاربهێنرێت، کە دەتوانێت بەبێ چاودێری ڕاستەوخۆی مرۆڤ تاوانی بەکۆمەڵ ئەنجام بدات. ئەم دووانەیە پێویستیی پەرەپێدانی ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەسەپێنێت بۆ هاوسەنگبوون لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و دڵنیابوون لەوەی کە بەکارهێنانە نەرێنییەکانی ژیریی دەستکرد بە شێوەیەک سنووردار بکرێن کە مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت. ئەم توێژینەوەیە باس لە پرسێکی گرنگ دەکات کە پەیوەندیی نێوان پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان لە بواری ژیریی دەستکرد و ئەگەری بەکارهێنانی لە تاوانەکانی جینۆسایددا دەخاتە ڕوو. توێژینەوەکە لەسەر دوو پرسیاری سەرەکی دامەزراوە: ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە تاوانەکانی جینۆسایددا چییە؟ ئالنگارییە یاسایی و ئەخلاقییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی نەرێنی ئەم تەکنەلۆژیایە لەم پێناوەدا چین؟ توێژینەوەکە ڕێبازێکی چۆنایەتی دەگرێتەبەر کە پێداچوونەوە و شیکردنەوە بە چەمکی جینۆساید و ژیریی دەستکرد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و پەیوەندی نیوانیان و دەقە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان لەم بارەوە دەکات - لە پێش هەمووشیانەوە ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨. هەروەها لە بەکارهێنانی هاوچەرخی ژیریی دەستکرد لە بوارەکانی چاودێری، کۆکردنەوەی زانیاری و شیکاری پێشبینیکراودا دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە هەوڵدادت ئەوە دەربخات کە ژیریی دەستکرد دەکرێت بە هەردوو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی بەکار ببرێت. لە لایەکەوە، دەتوانێت بەشداری بکات لە ڕێگریکردن لە جینۆساید لە ڕێگەی میکانیزمەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و چاودێریکردنی شێوازەکانی گوتاری ڕقاوی و دۆکیۆمێنتکردنی بەڵگەی پزیشکیی دادوەری کە بەمە میکانیزمەکانی لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی بەهێزتر دەکات. لە لایەکی دیکەوە، مەترسی ئیستغلالکردنی بۆ هاندانی ڕق و کینە لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانی ئامانجدار یان بەکارهێنانی چەکی زیرەکەوە هەیە، کە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەنجامدانی جینۆساید لەسەر ئاستێکی بەرفراوان.

وشە سەرەکییەکان: جینۆساید، ژیریی دەستکرد، تەکنۆلۆژیا، یاسای نێودەوڵەتی.

## ١.پێشەکی

یەکێک لە سیما تایبەتەکانی ئەم سەردەمە، کە پێشکەوتنێکی گەورەی تەکنەلۆژی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ژیریی دەستکردە. ئەمە کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لەسەر هەموو بوارەکان کە یاسای نیودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیش لەو کاریگەرییانە بێ بەش نەبوون. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو پێشکەوتنە سەرەتا وا دەرکەوت کە مرۆڤ سودمەندی هەرە گەورەی ئەم پێشکەتنانەیە، بەڵام ئەگەر بچینە قوڵایی بابەتەکە و سەرنج بدەین دەبینین کەوا ئەم پێشکەوتنانە و ژیریی دەستکرد لە رووی بەکارهێنانیان لە باشی و خراپیدا دوو لایەنن کە بەکارهێنانی بە لایەنی باش سوود و بەلایەنی خراپ زیانێکی بەرچاوی دەبێت. ئەم تەکنەلۆژیا دیجیتالیانە و پێشکەوتنانە ڕێگەی نوێ پێشکەش بە مرۆڤەکان دەکەن تا بە هۆیانەوە ماف و ئازادییەکانیان مومارەسە بکرێن، هەر وەک چۆن دەشتوانن ببنە ڕێگە و میکانیزمی نوێ بۆ سەرکوتکاری و بێبەشکردنی ئەوانی دیکە لە مومارەسەی ماف و ئازادییەکانیان. پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان ئامرازەکان دەڕەخسێنن بۆ گەیشتن بە ئامادەبووانی فراوانتر و

ئاسانکاری بۆ بەکارهێنانی ئازادی ڕادەربڕین بۆ گەیاندن و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، هەروەها بەشداری دەکەن لە فراوانکردن و دارشتنەوەی فەزای مەدەنی و بەشداری گشتی.

بەردەستبوونی بەربڵاو و کەمیی تێچووی ئامرازە دیجیتاڵییەکان بۆ چاودێریکردنی بارودۆخەکان و بەڵگەنامەکردن و پشتڕاستکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ پێشێلکارییەکان کە دەتوانن ببنە هۆی جینۆساید، زۆرجار لە کاتی ڕاستەقینەدا کۆکردنەوەی بەڵگە و هاوبەشکردنی زانیارییەکانی ئاسانتر کردووە، هەروەها تەکنۆلۆژیاکان توانای پشتگیریکردنی دەستپێشخەرییەکانیان هەیە کە ئاراستەکراون بەرەو بەردەوامیی گشتگیرتر و ڕێگاکان بە رووی فۆرمی نوێی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا دەکەنەوە کە مەترسی بۆ ئەنجامدانی جینۆساید دروست دەکەن.[1]

سۆشیال میدیاکان لە چەندین حاڵەتدا وەک پلاتفۆرمێک بۆ قسەی ڕقاوی و هاندان بەکارهێنراون و هەروەها تەکنەلۆژیاکانی پەیوەست بە ژیریی دەستکرد بەشدار دەبن لە قووڵکردنەوەی نایەکسانییەکانی ئێستا و توندکردنەوەی جیاکاری یان خراپ بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی چاودێریکردن. پێویستە ڕێوشوێنی پارێزراوی تەکنەلۆژی و بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ دڵنیابوون لە ڕێگریکردن لە بەکاربردنیان لە جینۆساید و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە فەزای دیجیتاڵیدا. لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵییەکان پەرەسەندنی ژیریی دەستکرد خێراتر بووە و ئەمەش بووەتە پرسێکی پەیوەست بە سەلامەتی و مافەکانی تاک و نەتەوەکان.

ئەو بنەما قبوڵکراوەی کە لە بڕیارنامەی ٢٠/٨ی ئەنجومەنی مافی مرۆڤدا پشتگیری کراوە، کە هەمان ئەو مافانەی کە لە ئۆفلاین پارێزراون، پێویستە بە شێوەی ئۆنلاینیش بپارێزرێن. لە پلەی یەکەمدا بەرپرسیارێتی لەسەر دەوڵەت وەک هەڵگری ئەرک. بەڵام جێبەجێنەکردنی گونجاوی چوارچێوەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی دیجیتاڵیدا بۆشایی لە پاراستن دروست کردووە.[2]

دەتوانرێت ناوەڕۆکی دروستکراوی ژیریی دەستکرد بەکاربهێندرێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری درۆ، هاندانی گرژییە نەتەوەییەکان و بێمرۆڤکردنی گروپە ئامانجدارەکان، بەمەش وا دەکات کە ژیریی دەستکرد وەک بنەمایەک و ئامرازێک بۆ کردەوەی جینۆساید کاربکات. بۆ نموونە، دەتوانرێت ژیریی دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی بەڵگەی درووستکراوی دڕندەییەکان کە دەتوانێت ڕق و کینەی دانیشتووان دژی گروپە کۆمەڵایەتی، ئیتنی، نەتەوەیی، یان ئاینییە تایبەتەکان کۆ بکاتەوە. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی توندوتیژی سیستماتیکی و کوشتنی بەکۆمەڵ. هەروەک چۆن پێشتریش تەکنۆلۆژیاکانی دیکەی پێش ژیریی دەستکرد بۆ ئەم مەرامە بەکارهێنراوە؛ بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٨دا، گروپە توندڕەوەکان لە سریلانکا هاوڵاتیانی مەدەنی موسڵمانیان کردە ئامانج لە سەرانسەری وڵاتدا و پشتیان بە بەڵگەی ساختەی میدیایی دەبەست بۆ ڕەوایەتیدان بە کارەکانیان.[3]

نموونە هاوچەرخەکان بۆ بەکاربردنی تەکنۆلۆژیای زیرەک و ژیریی دەستکرد لە شەڕەکاندا زیاتر بوون. ئیسرائیل لە هێرشەکانی خۆی بۆ سەر غەززە، لوبنان، یەمەن و ئێران بە شێوەیەکی بەربڵاو پشتی بە ژیریی دەستکرد دەبەست. ئۆکراینا و ڕووسیاش لە شەڕی نێوانیاندا سوودی زۆریان لە ژیریی دەستکرد و ئەو چەکانە دەبەست کە بە ژیریی دەستکرد ئاراستە دەکرێن. ئەمە وا دەکات ئەو پرسانە بوروژێنرێن کە پەیوەستن بە پەیوەندیی نێوان ژیریی دەستکرد و جینۆسایدەوە؛ وەک ئەوەی ژیریی دەستکرد ببێتە ئاسانکارییەک بۆ ئەنجامدانی جینۆساید و شاردنەوەی بەڵگەکان، یان ببێتە ئاسانکارییەک بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید و کۆکردنەوەی بەڵگە لە دژی.[4]

### ١.١. کێشەی توێژینەوە:

ئێستا ژیریی دەستکرد بەبێ هیچ سنووردارکردنێکی یاسایی و لە هەموو بوارێکدا دەتوانرێت بە کار ببرێت. هەندێک جار بەکارهێنانی سوودی زۆری هەیە بە پێچەوانەوەش سەرەڕای ئەو هەموو داهێنانە دەتوانێت ڕۆڵێکیتریش بگێرێت کە ئەویشی بەکارهێنانانیەتی بە شێوەیەک دژی مرۆڤایەتی و یاسای مرۆیی و هەوڵێک و ئاسانکارییەک و ڕێگەخۆشکەرییەک بێت بۆ ئەنجامدانی جینۆساید. ئەمەش وایکردوە لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە بەکارهێنانێکی بەرچاوی هەبێت و لە کاتی شەڕ و جینۆسایدا دەوڵەتان سودی زۆری لێ ببینن بە بێ هەبوونی هیچ ڕێگرییەکی یاسایی یان نەریتی. شەری نێوان ئۆکراینا و رووسیا و هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستین نمونەی هاوچەرخی ئەو بەکارهێنانەی ژیریی دەستکردن کە بە

1 Mazzucelli, C. (2014). Humanitarian technologies and genocide prevention: A critical inquiry. Genocide Studies and Prevention: An International Journal, 8(3), 10.

Andersen, D., & Moden, A. (2001). Technology and the Prevention of Genocide. In The Long Roads To Peace (pp. 179-181).

2 Rapp, K. (2021). Social media and genocide: The case for home state responsibility. Journal of Human Rights, 20(4), 486-502.

3 Albader, F. (2025). Synthetic Media as a Risk Factor for Genocide. Journal of Law, Technology, & the Internet, 16(2), 200.

4 Milard, M., Smith, S., & Tatar, G. (2021). How AI can either exacerbate or prevent genocides: Reflection based on the 10 Stages of Genocide. Budapest Center for Mass Atrocities Prevention, February.

هۆیانەوە زیانی گەورە بەر مرۆڤایەتی کەوتووە.[5]

٢.١. پرسیاری توێژینەوە:

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوە بریتییە لەوەی کە ئالنگارییە یاسایی و ئەخلاقییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی نەرێنی تەکنۆلۆژیایی ژیریی دەستکرد لە ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید چین؟ لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەشدا چەند پرسێکی دیکە شرۆڤە دەکرێن، لەوانەش ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە تاوانەکانی جینۆساید و پەیوەندیی نێوانیان.

٣.١.میتودی توێژینەوە

توێژینەوەکە بەشێوەی میتودی چۆنایەتی ئەنجام دەدرێت. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە و ڕونکردنەوەی ناوەرۆکەی پشت بە میتۆدی شیکاری وەسفی دەبەستێت ئەمەش بە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و شیکارکردنیان بە جۆرێک کە پیشان بدات کە یاسای نێودەوڵەتی بۆ تا ئێستا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی یاسایی پابەندکاری لەسەر خراپی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بکات بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید. لە توێژینەوەکەدا هەوڵ دەدرێت لاوازیی یاسای نێودەوڵەتی لەم بابەتەدا بخرێتە ڕوو. تاوتوێی ئەو گریمانەیە دەکرێت کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامرازی یاسایی پابەندکەر بگرێتەبەر کە بە ڕوونی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بۆ هاندانی توندوتیژی یان هەوڵدان بۆ جینۆساید قەدەغە بکات تا لەم ڕێگەوەیەوە ڕێگریی پێشوەختە لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بکرێت. ئەمەش پێویستە هاوتەریب بێت لەگەڵ پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی تایبەت بەجینۆساید و پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانی تر. هەروەها دامەزراندنی میکانیزمی لێپرسینەوە بۆ دادگاییکردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە بەرپرسیارن لە دروستکردن و بەردەستکردنی ژیریی دەستکرد بۆ ئەو لایەنانەی کە لە جینۆسایددا سوودی لێدەبینن.

٤.١.گرنگی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەپەردەژێتە سەر بابەتێکی گرنگی وەک ژیریی دەستکرد کە بە هۆیەوە سەردەمی هاوچەرخ ڕووبەڕووی وەرچەرخان دەبێتەوە. ئەم توێژینەوەیە پەیوەندیی نێوان پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی بواری ژیریی دەستکرد و ئەگەری بەکارهێنانی لە ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆسایددا دەخاتە ڕوو. توێژینەوەکە دەتوانێت هاوکار و بەشدار بێت لە ڕاکێشانی سەرنجی توێژەران و زانایان و یاساناسان بۆ پرسێکی گرنگی یاسایی و ئەخلاقی بە تەنیشت پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکانەوە.

## ٢. ژیریی دەستکرد و جینۆساید

لە سەدەی ڕابردوودا جیهان شایەتی دڕندەیی هێندە قووڵ بووە کە بوونە هۆی ئەوەی تێگەیشتنە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی لە مافەکانی مرۆڤ دابرێژرێنەوە؛ لەوانەش: هۆلۆکۆست، جینۆسایدی ڕواندا، سرێبرینیکا، مەیدانەکانی کوشتنی کەمبۆدیا و پاکتاوکردنی نەتەوەیی سیستماتیکی ڕۆهینگیاکان، جینۆساید و ئەنفالی گەلی کورد. ئەمڕۆ ژیریی دەستکرد لە لێواری بوون بە ئامرازی داهاتوو لە جێبەجێکردنی دڕندەییدایە. ژیریی دەستکرد چیتر تەنیا لە تاقیگاکانی زانستیدا بوونی نیە بەڵکو بە خێرایی دەچێتە ناو مەیدانی شەڕ، چاودێری، ئۆپەراسیۆنی دەروونی و جێبەجێکردنی یاساوە. فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆکار/ئۆتۆنۆم دەتوانێت سەربەخۆیانە ئامانجە مرۆییەکان هەڵبژێرێت و لەناویان ببات. سیستەمی چاودێری کە بە ناسینەوەی ڕوخساری ژیریی دەستکرد تەیار کراوە دەتوانێت بە قەبارەی کەمینە نەتەوەییەکان یان ئاینییەکان بەدواداچوون بکات. ئەپەکانی ژیریی دەستکرد دەتوانن پروپاگەندەی سیاسی و قووڵایی دروست بکەن کە ڕق و کینە هان بدات. ئەم تەکنۆلۆژیایانە پێکەوە ئەو شتە پێکدەهێنن کە ڕەنگە بەهێزترین ئامێری

5 Anwar Mhajne (2025). Gaza: Israel's AI Human Laboratory, Online: https://www.thecairoreview.com/essays/gaza-israels-ai-human-laboratory/SIBEL DÜZ (2025). Gaza as a testing ground: Israel's AI warfare, Online: https://www.setav.org/en/gaza-as-a-testing-ground-israels-ai-warfare

Falk, L. (2025). Artificial Intelligence Depictions of Conflict: Israel-Palestine: A Visual Propaganda Analysis of AI-Generated Images in the Israel-Palestine Conflict.

SIBEL DÜZ and MUHAMMED SEFA KOÇAKOĞLU (2025). DEADLY ALGORITHMS: Destructive Role of Artificial Intelligence in Gaza War, SETA (FOUNDATION FOR POLITICAL, ECONOMIC AND SOCIAL RESEARCH).

Goncharuk, V. (2024). Artificial Intelligence in Defence of Ukraine. Russia's War in Ukraine Series, Estonia, International Centre for Defence and Security.

Rickli, J. M., & Mantellassi, F. (2024). The war in Ukraine: Reality check for emerging technologies and the future of warfare. GCSP, Geneva Centre for Security Policy.

ستەمکاری بێت کە مرۆڤایەتی درووستی کردبێت.[٦]
لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تەواوی بێدەنگە. لە ئێستادا هیچ پەیماننامەیەکی جیهانی پابەندکەر تایبەت بە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد ڕێک نیە. تەکنۆلۆژیای ناسینەوەی ڕوخسار، کە بۆ کۆنترۆڵی خەڵک، خۆپیشاندانەکان، چالاکیی سیاسیی کەمینە و پێکهاتەکان بەکار دەبرێت، لەلایەن دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانەوە بە ئاسانی جێگیر دەکرێت. ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد دەفرۆشرێن بەو ڕژێمانەی کە بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ناسراون. تەنانەت ئەو کۆمپانیایانەش کە ئەم سیستەمە درووست دەکەن زۆرجار چوارچێوەی یاسایی یان ئەخلاقییان نیە بۆ ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنانیان. دواکەوتنی ئەخلاقی نێوان داهێنانی تەکنۆلۆژیای و دەستێوەردانی ڕێکخراوەیی فراوانتر دەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا، مەترسییەکانی دڕندەیی کە بەهۆی کۆدەوە گەورەتر دەکرێن. دانانی بناغە بۆ ڕێسا جیهانییەکانی ژیریی دەستکرد کە بە تایبەتی بۆ ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگ داڕێژراون. هەوڵدەدات تیۆروانینەکانی مێژوو، ئەخلاق، تەکنەلۆژیا و یاسا یەک بخات بۆ پێکهێنانی ستراتیژییەکی یەکگرتوو بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی لە داهێنراوەکانی دەستی خۆی. چونکە ئەگەر ڕێگەی پێبدرێت ژیریی دەستکرد بەبێ سنووردارکردنی ئەخلاقی لە شەڕ و ململانێدا کار بکات، ئەوا جینۆساید سیستەماتیکەتر دەبێت و هاوکات پشتگوێش دەخرێت.[٧]
ئەگەری خراپ بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بۆ هاندانی توندوتیژی و جینۆساید ئەگەرێکی کراوەیە. لە ڕاستیدا، جینۆساید بە تەنیا ڕوونادات بەڵکو بەدوای زنجیرەیەک ڕووداو و بارودۆخی ناسراوەوە دێت کە قۆناغ بۆ ئەم جۆرە دڕندەییانەی دادەنێن. داننان و چارەسەرکردنی نیشانەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی جینۆساید زۆر گرنگە بۆ ڕێگریکردن، یان لانیکەم کەمکردنەوەی ئەگەری ئەنجامدانی. لێرەدایە کە ژیریی دەستکرد دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت و پێشوەختە مەترسییەکان بخاتە ڕوو و سەبارەت بە ئەگەری ڕوودانی جینۆساید هۆشداری بدات.

6 Hale, B. (2005). Identity crisis: Face recognition technology and freedom of the will. Ethics Place and Environment, 8(2), 141158-.
Gentzel, M. (2021). Biased face recognition technology used by government: A problem for liberal democracy. Philosophy & Technology, 34(4), 16391663-.
Gentzel, M. J. (2024). Facial profiling technology and discrimination: a new threat to civil rights in liberal democracies. Philosophical Studies, 181(6), 13691392-.
7 Matthijs M Maas, International Law Does Not Compute: Artificial Intelligence and The Development, Displacement or Destruction of the Global Legal Order, 20 MELBOURNE J. INT'L L. 29–33 (2019).

ژیریی دەستکرد دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ درووستکردنی بەڵگەی درووستکراو لەسەر دڕندەییەکان، کە دەتوانێت ڕق و کینە و هاندانی دانیشتووان دژی گروپە ڕەگەزی، نەتەوەیی یان ئایینییە تایبەتەکان کۆبکاتەوە. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی توندوتیژی سیستماتیکی و کوشتنی بەکۆمەڵ تایبەتمەندی هەڵمەتە جینۆسایدییەکان. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٨دا، گروپە توندڕەوەکان لە سریلانکا هێرشەکانیان ڕێکخست کە هاوڵاتیانی مەدەنی موسڵمانیان کردە ئامانج لە سەرانسەری وڵاتدا ترسی بێ بنەما کە کەمینە موسڵمانەکان پلانی هەڵمەتێکی نەزۆککردنی بەکۆمەڵیان لە دژی زۆرینەی دانیشتوانی سینهالی دانابوو.[٨]
بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاڵۆزیانە، زۆر گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیر لە سنووردارکردن یان ڕێکخستنی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای میدیایی ساختەکردن بکاتەوە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان. بەڵام قەدەغەکردنی ئاشکرا دەتوانێت نیگەرانییەکی بەرچاو پەیوەست بە ئازادی قسەکردن و دەربڕین بوروژێنێت، بەتایبەتی کاتێک هاندانی توندوتیژی نیە و لەو شوێنانەی کە مەرجە توندەکانی سنووردارکردن یان سنووردارکردنی ئازادی قسەکردن جێبەجێ نەکراون.[٩] لە ڕووی مێژووییەوە، پڕوپاگەندە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە هەڵمەتەکانی جینۆسایدا، وەک لە ڕواندا و ئەڵمانیای نازیدا بینراوە. لە ڕواندا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی بەرچاو کەمینەی توتسییان بە «قەڵغان» ناوبردووە، کە هاندانی توندوتیژی و کوشتنی بەربڵاویان هەبووە. سەرهەڵدانی ژیریی دەستکرد ئەم توانایەی تارادەیەک ئاسان کرد کە بۆ نموونە دەتوانرێت وێنە و ڤیدیۆی درووستکراوی ژیریی دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ وێناکردنی کەمینە نەتەوەییەکان کە کردەوەی توندوتیژ ئەنجام دەدەن. بەمەش توندوتیژی تۆڵەسەندنەوە لە دژی ئەوان بورووژێنێت. ئەم پێشکەوتنە بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی تەکنەلۆژیاوە پاڵنەرە کە توانای درووستکردنی ناوەرۆکێک دەدات کە نزیکە لە جیاکردنەوە لە واقیع ئەم توانایە بۆ دەستکاریکردن

8 Eric Jensen & Summer Crockett, "Deepfakes" and the Law of Armed Conflict: Are They Legal?,
LIEBER INST. WEST POINT: ARTICLES OF WAR (Aug. 19, 2020),
https://lieber.westpoint.edu/deepfakes/ [https://perma.cc/8GY2-VPHS].
Boyle, F. (2010). The Tamil genocide by Sri Lanka: The global failure to protect Tamil rights under international law. SCB Distributors.

9 International Covenant on Civil and Political Rights, opened for signature Dec. 16, 1966, 999 U.N.T.S. 171 (entered into force Mar. 23, 1976). [hereinafter ICCPR].

مەترسییەکی بەرچاو لە ناوچە کێشەدارەکاندا دەخاتە ڕوو.[10]

### ٢.١. فۆرمەکانی ژیریی دەستکرد کە دەبنە ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی جینۆساید

ژیریی دەستکرد لە چەندین ڤێرژن و فۆڕمی جیاوازدا پێشدەخرێت کە دەتوانرێن ببنە ئاسانکار بۆ ئەنجامدانی جینۆساید؛ گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ناسینەوەی ڕوخسار بۆ بە ئامانجگرتنی گروپە تایبەتەکان. تەکنۆلۆژیاکانی چاودێری و ناسینەوەی ڕوخسار بوونەتە ئامرازێکی بەهێز بۆ ناسینەوە و ئامانجکردنی گروپە تایبەتەکان و دەتوانن ڕاستەوخۆ ئاسانکاری بۆ تاوانە بەرفراوانەکان بکەن، لەوانەش جینۆساید. ئەم سیستەمانە پشت بە کۆکردنەوەی بەرفراوان لە وێنە و داتا بایۆمەتریەکان دەبەستن (کامێرای شەقامەکان، دەروازەکانی ترانزێت و پلاتفۆرمی سۆشیال میدیاوە) و پاشان هاوتاکردنی ڕوخسارەکان لەگەڵ داتابەیسە فەرمییەکان یان لیستە پۆلێنکراوەکان بۆ ناسینەوەی تاکەکانی سەر بە مەزهەب یان کەمینە تایبەتەکان، دەستبەجێ دەیانکاتە «لیستی ئامانج» بۆ بەدواداچوون و دەستگیرکردن.[11] کاتێک ناسینەوەی ئۆتۆماتیکی بەستراوەتەوە بە سیستەمی ئاگادارکردنەوەی کاتی ڕاستەقینە یان دەروازەی چوونە ژوورەوەی ئەلیکترۆنی، دەسەڵاتداران دەتوانن دەستگیرکردنی خێرا ئەنجام بدەن یان سنووردارکردنی جوڵەی ئۆتۆماتیکی بسەپێنن، ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێ درووست دەکات کە گروپە ئامانجدارەکان ناچار دەکات نەمێنن یان هەڵبێن. هەروەها یەکخستنی ناسینەوەی ڕوخسار لەگەڵ داتابەیسی وەک «لیستی مەترسی» ئامانجکردنی سەروەت و سامان، موڵک و سەرکردەکانی کۆمەڵگا کاریگەرتر و ڕێکخراوتر دەکات.

سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵینەوەکان لایەنگریی ئەلگۆریتمییەکان نیشان دەدەن. زۆرجار سیستەمی ناسینەوە کەمتر وردە لەسەر ڕووخساری کەسانی ڕەشپێست یان خاوەن تایبەتمەندی کەمینەکان. ئەمەش ئەگەری هەڵە و تۆمەتی درۆ دژی تاکەکانی ئەم گروپانە زیاد دەکات و بیانوویەکی تەکنیکی بۆ دەسەڵاتداران دەڕەخسێنێت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سەرکوتکردن. بۆیە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ داوای ڕاگرتن یان ڕێسای بەکارهێنانی ناسینەوەی ڕوخساریان کردووە لە چوارچێوەی چاودێریکردنی بەکۆمەڵدا و کۆنترۆڵکردنێک دابنرێت کە شەفافیەت و لێپرسینەوە بەرەو پێش ببات. بەردەوامبوونی پشتبەستن بەم تەکنەلۆژیایانە بەبێ کۆنترۆڵ مەترسی گواستنەوە لە چاودێریکردنەوە بۆ گۆشەگیری ڕێکخراو زیاد دەکات.[12]

ساختەکردنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی قسەی ڕقاوی لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانەوە. دەستکاریکردنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی قسەی ڕقاوی لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانەوە دەتوانێت پێشەکییەکی مەترسیدار بێت بۆ ئاسانکاری بۆ جینۆساید. ئەو ئەلگۆریتمانەی کە بۆ زیادکردنی بەشداریکردن داڕێژراون، لایەنگری ناوەڕۆکن کە هەست و سۆزی بەهێز دەوروژێنن وەک ترس و توڕەیی و ئەو بابەتانە گەورە دەکەن کە سووکایەتی بە هەندێک گروپ دەکەن یان وا دەکەن کە کۆمەڵگە و رای گشتی بە سوکی و بێ لە بەرچاوگرتنی مرۆڤایەتی سەیریان بکات. ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ ئاساییکردنەوەی قسەی ڕقاوی لە فەزای گشتیدا. نموونەی ژیانی ڕاستەقینە نیشان دەدات کە چۆن ئەم گەورەکردنە دەرئەنجامە کوشندەکانی لێکەوتووەتەوە. نموونەی ئەمە لە میانمار ڕوویداوە کە بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکانی مافەکانی مرۆڤ ئەلگۆریتمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوکار بوون لە بلاوکردنەوەی قسەی ڕقاوی و هاندان لە دژی موسوڵمانانی ڕۆهینگیا کە لەلایەن سوپای ئەو وڵاتەوە جینۆساید کران.[13] زۆر جار پۆستەکان هەڵگری ناوەرۆکێکی ڕقاوین کە خۆیان لە ئامانجکردنی گروپە تایبەتەکان بە ڕێکلامە ئامانجدارەکان، هەڵمەتەکان و هەماهەنگی تۆڕەکان بابەتەکە وەها گەورەکردن کە وا دەکات وەک هاندان دەربکەون. ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد و درووستکردنی دەق و وێنەی ئۆتۆماتیکی کاریگەرییەکی زیاتریان هەیە ئەمەش بە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی ساختە بە خێرایی و بە ڕێژەیەکی زۆر و

10 Eastwood, M. (2013). Hitler›s Notorious Jew-Baiter: The Prosecution of Julius Streicher. In Propaganda, War Crimes Trials and International Law (pp. 203-230). Routledge.

11 Zheng, S. (2021). The application of facial recognition in China and India: Potential risks and regulation suggestions. Journal of US-China Public Administration, 18(3), 115-132.

12 Buolamwini, J., & Gebru, T. (2018, January). Gender shades: Intersectional accuracy disparities in commercial gender classification. In Conference on fairness, accountability and transparency (pp. 77-91). PMLR.

13 Whitten-Woodring, J., Kleinberg, M. S., Thawnghmung, A., & Thitsar, M. T. (2020). Poison if you don't know how to use it: Facebook, democracy, and human rights in Myanmar. The International Journal of Press/Politics, 25(3), 407-425. Schissler, M. (2025). Beyond hate speech and misinformation: Facebook and the Rohingya genocide in Myanmar. Journal of Genocide Research, 27(3), 445-470. Mozur, P. (2018). A genocide incited on Facebook, with posts from Myanmar's military. The New York Times, 15(10), 2018. Lee, R. (2019). Extreme speech in Myanmar: The role of state media in the Rohingya forced migration crisis. International Journal of Communication.

هەروەها دروستکردنی سەرلێشێواوی قوربانی و چاودێران و لاوازکردنی توانای کۆمەڵگاکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان و بەلارێ بردنیان. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشەیە، پسپۆران پێشنیازی یەکخستنی ڕێوشوێنی وەک شەفافیەتی ئەلگۆریتم، چاودێریکردنی کاریگەرانەی ناوەڕۆکی هاندان بەپێی ستانداردەکانی مافی مرۆڤ، هاوکاری نێوان پلاتفۆرمە تەکنەلۆژییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە بۆ دیاریکردنی زیادبوونی قسەی ڕقاوی پێش ئەوەی پەرەبستێنێت بۆ توندوتیژی ڕێکخراو دەکەن. هەروەها بەڵگەنامە یاساییەکان و لێپێچینەوەکان (بۆ نموونە دۆسیەی ڕۆهینگیا) نیشان دەدەن کە لێپرسینەوە دەتوانێت بەشێک بێت لە ڕێگریکردن لەم بابەتە.[14]

٢.٢ ئالنگارییە یاساییەکانی بەردەم قەدەغەی بەکاربردنی ژیریی دەستکرد لە تاوانی جینۆساید لە ژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی

جیهان ئەمڕۆ شایەتی گەشەسەندنی خێرایە لە بواری ژیریی دەستکرددا. بە جۆرێک ئەم تەکنەلۆژیایە بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی زۆر لە دانیشتوان. لە ئەپلیکەیشنی مۆبایلە زیرەکانەوە تا دەگاتە سیستەمی پزیشکیی ئاڵۆز و ئاسایشی نیشتمانی پەیوەست دەبن بە ژیریی دەستکردەوە. لەگەڵ ئەم پێشهاتەدا، کێشەیەکی گەورە سەریهەڵداوە: نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی نێودەوڵەتیی گشتگیر و پابەندکەر کە بەکارهێنان و پەرەپێدانی ئەم تەکنەلۆژیایە ڕێکبخات. پابەندیان بکات ئەم تەکنۆلۆژیایە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکار ببرێت، نەک لە دژی. ئەمەش بۆشایی یاسایی دروست دەکات کە هەڕەشە لە دەرئەنجامە ترسناکەکان دەکات لە هەردوو ئاستی مرۆیی و نێودەوڵەتیدا.

سیستەمی ژیریی دەستکرد پشت بە کۆمەڵێک داتای گەورە دەبەستێت بۆ ڕاهێنان و کارکردن. زۆرجار زانیاریی کەسیی هەستیار پرۆسێس دەکات. ئەگەری خراپ بەکارهێنانی داتا، دەستڕاگەیشتن بە بێ مۆڵەت و چاودێری نیگەرانییەکان سەبارەت بە مافە تایبەتی و تاکەکەسییەکان دەوروژێنێت. ڕێساکانی وەک ڕێسای پاراستنی داتای گشتی (The General Data Protection Regulation - GDPR) لە یەکێتی ئەوروپا و ڕێسای (The California Consumer Privacy Act -CCPA) لە ئەمریکا ڕێوشوێنی توندی پاراستنی زانیارییەکانیان دامەزراندووە. لەگەڵ ئەمەشدا، جێبەجێکردنی ئەم ڕێسایانە لە چوارچێوەی ژیریی دەستکرددا هێشتا بە پێی پێویست چالاک نیە، چونکە مۆدێلەکانی ژیریی دەستکرد زۆرجار لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادوەریدا کار دەکەن، ئەمەش پابەندبوون ئاڵۆز دەکات. پرسێکی گرنگ لە ڕێکخستنی نهێنی ژیریی دەستکرد بڕیاردانی ئۆتۆماتیکییە، کە سیستەمی ژیریی دەستکرد بڕیار سەبارەت بە تاکەکان دەدات بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ. بەپێی مادەی ٢٢ی GDPR، تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە کێبڕکێ لەسەر ئەو بڕیارانە بکەن کە تەنها بە پرۆسەی ئۆتۆماتیکی دراون، بە تایبەتی کاتێک ئەم بڕیارانە کاریگەری یاسایی یان بەرچاویان هەیە (بۆ نموونە، پەسەندکردنی قەرز، داواکاری کار، یان سزای تاوانکاری). بەڵام جێبەجێکردنی ئەم مافە پێویستی بە شەفافیەتێکی زیاتر هەیە لە بڕیاردانی ژیریی دەستکرد، کە ئەم شەفافیەتە زۆرێک لە مۆدێلەکانی ژیریی دەستکرد بەرچاو ناکەوێت.[15] جگە لەمە، هەندێک ئالنگاریی دیکەش هەن، لەوانە:

نەبوونی پێناسەیەکی یەکگرتوو: جیهانی ژیریی دەستکرد ڕووبەڕووی ئالنگاریی بنەڕەتی دەبێتەوە، دیارترینیان نەبوونی پێناسەیەکی یەکگرتوو و جیهانییە لەسەر خودی ژیریی دەستکرد. سەرەڕای داهێنانی ژیریی دەستکرد لە ساڵی ١٩٥٦ ـەوە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا ئێستاش نەیتوانیوە لەسەر پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراو ڕێکبکەوێت. ئەمەش پرۆسەی پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی یاسایی یەکگرتوو ئاڵۆزتر دەکات. ئەم ناڕوونییە دەبێتە هۆی دروستبوونی یاسا و سیاسەتی نیشتمانیی جیاواز، هەر وڵاتێک ڕێبازێکی جیاواز دەگرێتەبەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی و ستراتیژییەکانی گەشەپێدان. ئەم نایەکسانییە لە سیستەمی یاسایی نیشتمانیدا ژینگەیەکی نادڵنیایی یاسایی بۆ ئەو کۆمپانیایانە دروست دەکات کە لە دەرەوەی سنوورەکانەوە کاردەکەن و کەلێنەکان دەکاتەوە کە ئەکتەرە خراپەکان دەتوانن بیقۆزنەوە. لە کاتێکدا هەندێک وڵات بەرەو سەپاندنی سنووردارکردنی توند بەسەر پەرەپێدان و بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد دەڕۆن، هەندێکی تر ڕێبازێکی لیبراڵتر دەگرنەبەر کە گرنگی بە داهێنان دەدات بە کەمترین

14 Global Center for the Responsibility to Protect, The Relationship between Digital, Technologies and Atrocity Prevention, March 2024
Pawnday, S. (2024). Digital Technologies and Atrocity Risks. Global Responsibility to Protect, 16(4), 426-429.
Tuckwood, C. (2014). The state of the field: Technology for atrocity response. Genocide Studies and Prevention: An International Journal, 8(3), 9.
Nourooz Pour, H. (2023). Transitional justice and online social platforms: Facebook and the Rohingya genocide. International Journal of Law and Information Technology, 31(2), 95-113.

15 Kumari, A. (2025) Legal Frameworks for AI Regulation: A Comparative Study. Advances in Consumer Research, 2 (2), 217

سنووردارکردن.[١٦]

هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و قەدەغەکردنی یاساکان شتێکی نوێ نییە. لە ڕاستیدا، نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم کۆبوونەوەی دیپلۆماتکارانی لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنجامدا، لە کۆشکی نەتەوەکان لە جنێڤ، کە پرسی داماڵینی چەک لەو بابەتە بە پرسێکی پڕ لە ئالنگاری وەسف کرا، هەرچەندە لەو کاتەدا هیچ سیستەمێکی چەکی خۆکار لە ململانێکاندا بەکارنەدەهات. ئەو کاتە بۆچوونەکە ئەوە بوو کە کردەوەی پێشوەختە پێویستە بۆ ئەوەی یاساکان لە شوێنی خۆیان دابنرێت لە ئەگەری ئەوەی کە تەکنەلۆژیا یاساکان بکاتە واقیع. دوای زیاتر لە دەیەیەک هێشتا گفتوگۆکان بەردەوامن، بەڵام هێشتاش کۆدەنگی لەسەر پێناسەکردنی چەکی خۆکار و ژیریی دەستکرد نیە، چ جای ڕێکخستنێک بۆ ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی. سەرەڕای ئەوەش، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان گەشبینن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هێواشی بەرەو لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لە پرسە سەرەکییەکان دەڕوات.[١٧] سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ٦ی ئابی ٢٠٢٤ بڵاوکرایەوە، داوای خۆی دووپاتکردەوە کە دەوڵەتان تا ساڵی ٢٠٢٦ پەیماننامەیەکی نوێی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی سیستەمی چەک کە بەبێ کۆنترۆڵی مرۆڤ یان چاودێری مرۆڤ کاردەکەن کە ناتوانرێت بە پابەندبوون بە یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بەکاربهێنرێن. داوای ئەوەش کراوە کە ئەم پەیماننامەیە هەموو جۆرەکانی تری سیستەمی چەکی خۆکار لە خۆ بگرێت.[١٨]

کەسایەتی یاسایی ئەپەکانی ژیریی دەستکرد و بەرپرسیاریەتەکانیان: چۆن دەتوانرێت لێپرسینەوە لە چەکی خۆکا/ئۆتۆنۆم یان ڕۆبۆتێک یان فرۆکەیەکی بێفرۆکەوان یاخود هەر ئەپێکی تری ژیریی دەستکرد بکرێت کە لە هەوڵی

16 Van Norren, D. E. (2023). The ethics of artificial intelligence, UNESCO and the African Ubuntu perspective. Journal of Informa-tion, Communication and Ethics in Society, 21(1), 112-128. Floridi, L. (2023). The ethics of artificial intelligence: Principles, challenges, and opportunities. Williams, N. (2024). The Ethics of Artificial Intelligence, Principles, Challenges and Opportunities.

17 UN, As AI evolves, pressure mounts to regulate 'killer robots' https://news.un.org/en/story/20251163891/06/ Farr, G. V. D. K. (2021). The Campaign To Stop Killer Robots: Legal And Ethical Challenges Posed By Weaponised Artificial Intelligence And Implications For Arms Control Regimes.

18 Killer Robots: New UN Report Urges Treaty by 2026, https://www.hrw.org/news/202426/08//killer-robots-new-un-report-urges-treaty-2026

جینۆسایدا بەکاردێت؟ کێ تاوانبارە بۆ ڕۆبۆتێک کە تاوانی جەنگ و جینۆساید ئەنجام بدات؟ کێ دادگایی دەکرێت؟ چەکەکە؟ سەربازەکە؟ فەرماندەکانی سەربازەکە؟ ئەو کۆمپانیایە کە چەکەکەی درووست کردووە؟ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و پسپۆڕانی یاسای نێودەوڵەتی نیگەرانن لەوەی کە چەکی خۆکار دەبێتە هۆی بۆشاییەکی جددی لێپرسینەوە. لە کاتی بەکارهێنانی چەکێکی خۆکار لە تاوانی جینۆساید یاخود تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیدا، وەک پرسێکی یاسایی قورسە بتواندرێت سەربازێک بە شێوەی تاوانکارێکی بەرپرسیار مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و تۆمەتبار بکرێت. واتا تاوانێک ڕوودەدات کە هیچ تاوانبارێکی تیادا نیە کە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت کەواتە بە بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکرد پیکهاتەی یاساکانی تاوانی جینۆساید و یاسای ڕێگریکردن لێی زۆر بە لاوازی دێنە بەرچاو.[١٩]

بۆیە ناکۆکی فیقهی لەسەر کەسایەتی یاسایی ژیریی دەستکرد یەکێکە لەو پاساوە گرنگانەی کە پێویستی بە پێناسەکردنی ئەم کەسایەتییە هەیە، بەو پێیەی فیقهی یاسایی دابەشکراوە بەسەر دوو ئاراستەدا: یەکەمیان پشتگیری لە بوونی کەسایەتییەکی یاسایی دەکەن، بەڵام دووەمیان دەچێتە سەر مەحاڵبوونی پێدانی کەسایەتی یاسایی بەو سیستەمانە. پێناسەکردنی ئەم کەسایەتییە یاساییە وەک یەکێک لە بابەتە گرنگەکان دەمێنێتەوە چونکە ئەم پێناسەیە بەیاننامەیەک لەسەر پێگەی یاسایی ژیریی دەستکرد و ئەو ماف و ئەرکانە دەسەپێنێت کە دەکەوێتە سەر خۆی، بەرهەمهێنەرانی، بەڕێوەبەرانی، یان کەسانی بەرپرسیار لێی. هەروەها پێناسەکردنی بەرپرسیارێتی مەدەنی یان تاوانکاری نێودەوڵەتی بە دوای خۆیدا دێنێت.[٢٠]

نەبوونی ئیرادەی سیاسیی وڵاتان: نەبوونی ئیرادەی سیاسی لە نێوان وڵاتانی زلهێزدا بۆ دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی پابەندکەر بۆ بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە چوارچێوەی جینۆسایددا لە بەرژەوەندییە ستراتیژییە جیاوازەکانیانەوەیە. ترس لە لەدەستدانی قازانجێکی سەربازی یان ئابووریەکانیان هەیە. سەرەڕای چەندین هەوڵی دیپلۆماسی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان، دەرئەنجامەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکارانە پابەندکراو نین. بڕیارنامەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ژیریی دەستکرد (ئازاری ٢٠٢٤) نموونەی کۆدەنگییەکی پرەنسیپییە بەڵام لە ڕووی یاساییەوە پابەندکەر نیە و بوار بۆ وڵاتە زلهێزە گەورەکان دەهێڵێتەوە کە

19 UN fails to agree on 'killer robot' ban as nations pour billions into autonomous weapons research, https://theconversation.com/un-fails-to-agree-on-killer-robot-ban-as-nations-pour-billions-into-autonomous-weapons-research-173616

٢٠ وائل محمد إسماعيل، التغيير في النظام الدولي، مكتبة السنهوري، بغداد، العراق، ٢٠١٢، ص ٧٤.

لێکدانەوەی جێبەجێکردنی جیاوازی بۆ بکەن.[21] لە سەر ئاستی ئاسایشدا، ژیریی دەستکرد دەتوانێت بەکاربهێندرێت بۆ بە ئامانجگرتنی گروپە پارێزراوەکان، بە تایبەتی چەکی خۆکار و سیستەمی ئامانجکردن کە بە داتای گەورە کاردەکات. ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بۆچی هەندێک لە وڵاتانی زلهێز ئامادە نین پابەندبوونە سنووردارەکان قبوڵ بکەن؛ لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی لاوازبونی توانای هێرشبەری و بەرگریان.[22]

لاوازیی میکانیزمەکانی چاودێری و جێبەجێکردنی نێودەوڵەتی:

لاوازی میکانیزمەکانی چاودێری و جێبەجێکردنی نێودەوڵەتی یەکێکە لە دیارترین ئالنگارییەکان کە کاریگەری سیستەمی یاسایی نێودەوڵەتی کەم دەکاتەوە، بەتایبەتیش لە بوارەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ. سەرەڕای بوونی پەیماننامە و رێککەوتنامە پابەندکەرەکان، وەک رێککەوتننامەکانی جنێڤ (١٩٤٩) و پەیڕەوی ناوخۆی رۆمای دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان (١٩٩٨)، بەهۆی نەبوونی میکانیزمی جێبەجێکردنی بەهێز و سەربەخۆ کە توانای جێبەجێکردنی پابەندبوونیان هەبێت، جێبەجێکردنیان سنووردارە. لاوازی میکانیزمەکانی چاودێری و جێبەجێکردنی نێودەوڵەتی وا دەکات پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان زیاتر وابەستەی ئیرادەی سیاسی دەوڵەتان بێت نەک پابەندبوونی یاسایی، دەرگا بە رووی بێ سزایی و لاوازکردنی متمانەی گشتی بە سیستەمی نێودەوڵەتی هەن.[23]

کەواتە ئەم هۆکارانە بونەتە هۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی نێودەوڵەتیی گشتگیر و پابەندکەر بۆ رێکخستنی ژیریی دەستکرد کە تەحەدایەکی جیهانیی بەپەلەیە و پێویستی بە وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتیی هاوئاهەنگ هەیە. لە کاتێکدا گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا خێراتر دەبێت، چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتی هەر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە. بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرێت هاوکاریی جددی بکات بۆ دامەزراندنی میکانیزمی کاریگەرانەی سیستەمێکی جیهانی کە بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە بە شێوەیەک مسۆگەر بکات کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات

٢١ نوار محمد ربيع الخيري، تطور النظام السياسي الدولي، دار الكتب العلمية للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، العراق، ٢٠١٩، ص

22 Rafi, M. U. (2025). Ideal Regulations of AI: To Stop Genocide and War Crimes.

٢٣ شروق تيسير عبدالغني أبو دبوس، (٢٠٢٠)، صعوبات تطبيق القانون الدولي الإنساني، رساله الماجستر، جامعة الشرق الأوسط

و مافە بنەڕەتییەکانی بپارێزێت.[24]

بۆشایی یاسایی یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئێستا کە پەیوەندییان بە جینۆسایدەوە هەیە، بەتایبەتی رێککەوتننامەی رێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨، پشت بە چەمکە نەریتییەکانی بەرپرسیاریتی راستەوخۆی مرۆڤ دەبەستن. ئەم رێکەوتننامانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئالنگارییانە دارێژراون کە ژیریی دەستکرد دەیخەنە روو، کە ئەلگۆریتمەکان دەتوانن بڕیاری سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ بدەن کە رەنگە بەشدار بن لە ئەنجامدانی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی. نەبوونی رێکخستنی یاسایی بۆشاییەکی مەترسیدار لە چەند روویەکەوە درووست دەکات: کێ بەرپرسیاریتی یاسایی لە ئەستۆ دەگرێت کاتێک سیستەمی ژیریی دەستکرد لە ئۆپەراسیۆنەکاندا بەکاردەهێنرێت کە رەنگە ببێتە هۆی جینۆساید؟ ئایا گەشەپێدەران، بەرێوەبەرەکان، یان ئەو دەوڵەت و لایەنانەی کە دامەزرێنن؟ ئەم پرسیارانە لە یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئێستادا وەڵامی روونیان دەست ناکەوێت.

هەوڵە نێودەوڵەتییە سنووردارەکان لە کاتێکدا هەندێک دەستپێشخەری نێودەوڵەتی هەیە بۆ رێکخستنی ژیریی دەستکرد، وەک گفتوگۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە چەکی خۆکاری کوشندە، بەڵام ئەم هەوڵانە هێشتا نەبوونەتە پەیماننامەی پابەندکەر. هەروەها ئەم دەستپێشخەرییانە گرنگییەکی تایبەتیان نیە بۆ رێگریکردن لە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە جینۆسایددا. یەکێتی ئەورووپا یاسایەکی ژیریی دەستکردی دەرکردووە کە هەندێک ئەپلیکەیشن بە «مەترسی بەرز» پۆلێن دەکات، بەڵام ئەمە رێسایەکی ناوچەییە کە بەکارهێنانی سەربازی و ئەمنی ناگرێتەوە کە دەتوانێت ببێتە هۆی تاوانی نێودەوڵەتی. لە ئێستادا هیچ پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی نیە کە راستەوخۆ بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە شەڕ و پێکدادانە چەکدارییەکان یان لە جینۆسایددا رێک بخات.

لە کاتێکدا رێککەوتنەکانی وەک کۆنفرانسی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ بوونیان هەیە، بەڵام لە سەردەمێکدا پێش پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرد دارێژراون و هەر بۆیە

24 Stovpets, O., Borinshtein, Y., Babenko, I. Y., Kozobrodova, D., Madi, H., & Honcharova, O. (2023). Digital technologies and human rights: challenges and opportunities. Revista Amazonia Investiga, 12(72), 17-30.

Land, M. K., & Aronson, J. D. (2020). Human rights and technology: new challenges for justice and accountability. Annual Review of Law and Social Science, 16(1), 223-240.

هیچ ئاماژەیەک بە ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد یان سیستەمی ئۆتۆماتیکی لە ئەنجامدانی تاوانەکاندا ناگرێتەوە. ئەنجامەکەی بۆشایی یاسایی روونە لە نێوان چوارچێوەی یاسایی کلاسیک و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکاندا.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش چەندین هەوڵ بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە یاساییە دراوە. یەکێتی ئەوروپا یاسای ژیریی دەستکردی دەرکرد، کە یەکەم چوارچێوەی یاسایی گشتگیرە لە جیهاندا بە ئامانجی ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر بنەمای ئاستی مەترسی.[25] هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٣ دەستەیەکی ڕاوێژکاری ئاستی باڵای دەستپێکرد بۆ پێشخستنی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا. لە ئەمریکا ئیدارە یەک لە دوای یەکەکان ڕێبازێکی دووفاقییان گرتۆتەبەر بۆ ڕێکخستنی ژیریی دەستکرد، ئیدارەی دووەمی دۆناڵد ترەمپ گرنگی بە خێراکردنی داهێنانی ناوخۆیی و کەمکردنەوەی سنووردارکردنی ڕێکخراوەیی دەدات. لەکاتێکدا ئیدارەی جۆ بایدن فەرمانی جێبەجێکاری دەرکرد کە گرنگی بە سەلامەتی و تایبەتمەندی و مافەکانی مرۆڤ دەدات. ئەم گۆڕانکارییە ڕەنگدانەوەی ناکۆکییە لە نێوان پێویستی ڕێکخستن و خواستی پاراستنی سەرکردایەتی تەکنەلۆژی. ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی و مافی مرۆڤی ئەنجومەنی ئەوروپا، نیسانی ٢٠٢٤، یەکێکیترە لە هەوڵەکان کە ئامانجی ڕێکەوتنامەی پێشنیازکراوی یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتییە کە لە ڕووی یاساییەوە پابەندکەر بێت (یان لانیکەم نیمچە پابەندکەر بێت) کە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بە شێوەیەک ڕێکدەخات کە ڕێز لە بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی و سەروەری یاسا بگرێت.[26]

نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی مەترسییەکی بەرچاو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لە لایەکەوە بەکارهێنانی نارێکخراوی ژیریی دەستکرد دەتوانێت ببێتە هۆی پێشێلکاریی جددی مافەکانی مرۆڤ، لەوانە هەڵاواردنی ئەلگۆریتم، پێشێلکردنی تایبەتمەندی و چاودێریکردنی بەکۆمەڵ. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتان دەتوانن ئەم تەکنۆلۆژیایە بەکاربهێنن بۆ پەرەپێدانی چەکی کوشندە یان ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ئەلیکترۆنی دوژمنکارانە و هەولەکانی جینۆساید بەبێ لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی. هەروەها نەبوونی هاوئاهەنگیی نێودەوڵەتی ڕێگری دەکات لە بەدیهێنانی تەواوی توانای ژیریی دەستکرد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، چونکە دەستپێشخەرییەکانی ئێستا بە ناتەبایی ماونەتەوە و هەمەلایەنە نین. ئەم واقیعە جەخت لەسەر پێویستی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەربەخۆ و تایبەتمەند دەکاتەوە، هاوشێوەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، بۆ دامەزراندنی ستاندارده جیهانییە پابەندکەرەکان و میکانیزمی چاودێریی کاریگەر.[27]

## ٣. کۆتایی

بابەتی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بوارە جیاوازەکاندا گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە بواری یاساییدا، چونکە بەشدارە لە پەرەپێدانی سیستەمی دادوەری و باشترکردنی کارایی دادگا و ڕێکارە دادوەرییەکان. ژیریی دەستکرد دەتوانێت بڕێکی زۆر لە زانیاری یاسایی بە خێرایی و بە وردی شی بکاتەوە، ئەمەش یارمەتی دادوەر و پارێزەران دەدات بڕیاری ئاگادارانەتر بدەن. هەروەها بۆ دیاریکردنی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و پێشبینیکردنی مەترسییە یاساییە ئەگەرییەکان بەکاردێت. لە ڕوانگەی یاسادانانەوە، ژیریی دەستکرد دەرفەتەکان دەکاتەوە بۆ پەرەپێدانی یاسای نوێ کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و بەرزکردنەوەی دادپەروەری و کەمکردنەوەی هەڵەی مرۆڤ لە لێکدانەوە و جێبەجێکردنی یاساکاندا لەبەرچاو دەگرێت. لە هەمانکاتدا دەتواندرێت بەکارهێنانی بە جۆرێک بێت کە گەورەترین زەرەر لە یاسا و لە مرۆڤایەتی بدات وەک بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بۆ ئەنجامدانی جینۆساید یەکێکە لە مەترسیە جددیەکانی بەردەم مرۆڤایەتی. دەتوانرێت بەکاربێت بۆ پەرەپێدانی چەکی خۆکار کە توانای کوشتنی هەبێت بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی مرۆڤ. هەروەها دەتوانرێت بۆ چاودێریکردنی بەکۆمەڵ و بەئامانجکردنی گروپە تایبەتەکان لەسەر بنەمای ناسنامە یان نەتەوە بەکاربهێنرێت کە ئەمەش

25 Vercelli, A. (2024). United Nations, artificial intelligences and regulations: analysis of the General Assembly AI Resolutions and the Final Report of the Advisory Body on AI. Dexue, Y. (2024). The UN›s Role in Global AI Governance. China Int›l Stud., 109, 70.

26 ETINSKI, R., & JABLAN, J. Draft Framework Convention on Artificial Intelligence, Human Rights, Democracy and the Rule of Law.
Kop, M. (2021, September). Eu artificial intelligence act: The european approach to ai. Stanford-vienna transatlantic technology law forum, transatlantic antitrust and IPR developments, Stanford University, Issue.

27 Mikhailovna, S. N. (2024). THE UNITED NATIONS AND ARTIFICIAL INTELLIGENCE: A LEGAL ISSUE. In The World Of Science and Education, (20 сентябрь СФЮ), 2931-.
Leal Filho, W., Ribeiro, P. C. C., Mazutti, J., Lange Salvia, A., Bonato Marcolin, C., Lima Silva Borsatto, J. M., ... & Viera Trevisan, L. (2024). Using artificial intelligence to implement the UN sustainable development goals at higher education institutions. International Journal of Sustainable Development & World Ecology, 31(6), 726-745.

ئاسانکاری دەکات بۆ جینۆسایدی بەرفراوان و زۆر ورد. جگە لەوەش دەتوانرێت ژیریی دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی رق و زانیاری هەڵە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ توندوتیژی دژی گروپە دیاریکراوەکان. نەبوونی کۆنترۆڵی یاسایی و ئەخلاقی لەسەر ئەم بەکارهێنانە مەترسییەکانی گەورەتر دەکات و بەهابنەڕەتییە مرۆییەکان و مافە نێودەوڵەتییەکان دەخاتە مەترسییەوە. سیستەمی یاسایی نێودەوڵەتی رووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو دەبێتەوە لە ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە جینۆسایدا.

یاسای نێودەوڵەتی چوارچێوەیەکی یەکگرتووی نیە کە بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە لە شوێنە سەربازی یان ئەمنییەکاندا ڕێک بخات. هەروەها زەحمەتە بەرپرسیارێتی یاسایی دیاری بکرێت کاتێک تاوانێک بە بەکارهێنانی سیستەمێکی زیرەکی خۆکار ئەنجام دەدرێت، ئەمەش ڕێگری لە لێپرسینەوە دەکات. جگە لەوەش یاسای نیشتمانی سەبارەت بە پەرەپێدان و بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد جیاوازە، ئەمەش بۆشایی یاسایی درووست دەکات کە لەلایەن هەندێک دەوڵەت یان گروپە چەکدارەکانەوە دەقۆزرێتەوە. هەروەها خێرایی خاوی کۆدەنگی نێودەوڵەتی لەسەر پەیماننامە نوێیەکان مەترسی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بۆ پێشێلکردنی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان زیاد دەکات. دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان هەوڵدەدەن بە گرتنەبەری دەستپێشخەری و چوارچێوەی ڕێکخراوەیی تایبەت، مەترسییەکانی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە جینۆسایددا چارەسەر بکەن.

نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگا تایبەتمەندەکان ڕاسپاردەیان سەبارەت بە پەرەپێدانی ئامرازەکانی چاودێری بۆ سیستەمی زیرەک و دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بە یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ بڵاوکردووەتەوە. هەروەها هەندێک وڵات و ڕێکخراو کار دەکەن بۆ دانانی ستانداردی ئەخلاقی و یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بواری سەربازیدا و داوای بەرزکردنەوەی هاوکاری نێودەوڵەتی دەکەن بۆ چاودێریکردنی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان. جگە لەوەش کۆنفرانس و ووِرک شۆپ بۆ ئاڵوگۆڕی شارەزایی و پەرەپێدانی پرۆتۆکۆلەکان بە ئامانجی ڕێگریکردن لە هەر جۆرە ئیستغلالێکی ژیریی دەستکرد لە ئەنجامدانی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیدا ڕێک دەخرێن. بەڵام هیچ کام لەم هەوڵانە تا ئێستا نەیانتوانیوەتە ببنە هۆی هێنانەکایەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی پابەندکەر کە وڵاتان پابەند بکات بە پاراستنی مرۆڤایەتی و هاوتەریب بێت لەگەڵ ڕێکەوتننامەکانی مافی مرۆڤ.

### ٣.١ دەرەنجامەکان

بەگوێرەی ئەو داتایانەی کە لەم توێژینەوەیەدا کۆکرانەوە و شیکار کران، دەتوانرێت ئاماژە بە چەند دەرئەنجامێک بدرێت، لەوانە: سیستەمی ژیریی دەستکرد بە پێشکەوتنێکی گەورەی سەردەمی هاوچەرخ دابنرێت کە چەند ئەپلیکەیشن و پرۆسەی دیجیتاڵی لەخۆدەگرێت کە بەشداران لە گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا کە دەشێت هەر وەک چۆن لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بن بە هەمانشێوەش لە دژی بن.

هەرچەندە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دان بە گرنگی ئەو سیستەمانەدا دەنێت کە ڕۆڵیان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە و کاریگەرییەکانیان لەسەر پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی هەیە، چ بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی، بەڵام هێشتا هیچ بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی، وەک ڕێککەوتنێکی تۆکمەی نێودەوڵەتی، پەسەند نەکراووە کە ئەم بابەتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە هەموو لایەنەکانیدا ڕێک بخات.

هەروەها، کەموکوڕیی بەرچاو لە ڕێکخستنی یاسایی نێودەوڵەتی ئەم سیستەمانەدا ئاماژەی پێکراوە. ئەم ڕێسایانەی کە لە شێوەی بڕیارنامە و ڕێنمایی ناپابەندکەردا هاتووە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوون، هیچ کاریگەرییەکی کردەیی نییە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕێکخراوەکە لە ئێستادا لە ژێر کاریگەریی پەرەسەندنی ململانێ و ناکۆکییە هاوچەرخە نێودەوڵەتییەکاندایە.

### ٣.٢ پێشنیاز:

بە پشتبەستن بەوەی لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە و بەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، پێشنیاز دەکەین کار بکرێت بۆ پەرەپێدانی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە ڕێکخستنی ژیریی دەستکرد بە چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر و یەکگرتوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە هاوسەنگکردنی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی لەگەڵ مەرجەکانی سەروەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی.

هەروەها، پێشنیاز دەکەین سیستەمی ژیریی دەستکرد بخرێتە نێو پەیڕەوی ناوخۆی دادگای نێودەوڵەتی و دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی سوود لە توانا تەکنۆلۆژییەکانیان لە لایەنە جیاوازەکانی کارەکانیان وەربگرن، وەک لێکۆڵینەوە، سەلماندن، بەڵگە، دیاریکردنی سنوورەکان و ئەوانی دیکە.

نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بێت لە هەوڵەکانی بۆ بەرزکردنەوەی هاوکاریی نێودەوڵەتییەکان لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ پشتگیریکردن و پەرەپێدان و ئاڵوگۆڕی شارەزایی و داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان لە هەموو بوارەکانی سیستەمی ژیریی

دەستکرددا. ئەمەش بە دامەزراندنی میکانیزمێکی یاسایی پابەندکەری وڵاتان کە پێویستی بە بەشداری و هاوکاری وڵاتانی پێشکەوتووی تەکنەلۆژیا لەم بوارەدا هەیە لەگەڵ وڵاتانی لەگەشەدابوو.

لە کۆتاییشدا، پێشنیاز دەکەین لە هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەی یاسایی و ئەخلاقی بۆ بەکاربردنی ژیریی دەستکرد سوود لە خودی ژیریی دەستکرد وەربگیرێت.

بیبلیۆگرافی:


1. Albader, F. (2025). Synthetic Media as a Risk Factor for Genocide. Journal of Law, Technology, & the Internet, 16(2), 200.

2. Andersen, D., & Moden, A. (2001). Technology and the Prevention of Genocide. In The Long Roads To Peace (pp. 179-181).

3. Anwar Mhajne (2025). Gaza: Israel's AI Human Laboratory, Online: https://www.thecairoreview.com/essays/gaza-israels-ai-human-laboratory/

4. Boyle, F. (2010). The Tamil genocide by Sri Lanka: The global failure to protect Tamil rights under international law. SCB Distributors.

5. Buolamwini, J., & Gebru, T. (2018, January). Gender shades: Intersectional accuracy disparities in commercial gender classification. In Conference on fairness, accountability and transparency (pp. 77-91). PMLR.

6. Dexue, Y. (2024). The UN›s Role in Global AI Governance. China Int›l Stud., 109, 70.

7. Eastwood, M. (2013). Hitler›s Notorious Jew-Baiter: The Prosecution of Julius Streicher. In Propaganda, War Crimes Trials and International Law (pp. 203-230). Routledge.

8. Eric Jensen & Summer Crockett, "Deepfakes" and the Law of Armed Conflict: Are They Legal?,

9. ETINSKI, R., & JABLAN, J. Draft Framework Convention on Artificial Intelligence, Human Rights, Democracy and the Rule of Law.

10. Falk, L. (2025). Artificial Intelligence Depictions of Conflict: Israel-Palestine: A Visual Propaganda Analysis of AI-Generated Images in the Israel-Palestine Conflict.

11. Farr, G. V. D. K. (2021). The Campaign To Stop Killer Robots: Legal And Ethical Challenges Posed By Weaponised Artificial Intelligence And Implications For Arms Control Regimes.

12. Floridi, L. (2023). The ethics of artificial intelligence: Principles, challenges, and opportunities.

13. Gentzel, M. (2021). Biased face recognition technology used by government: A problem for liberal democracy. Philosophy & Technology, 34(4), 1639-1663.

14. Gentzel, M. J. (2024). Facial profiling technology and discrimination: a new threat to civil rights in liberal democracies. Philosophical Studies, 181(6), 1369-1392.

15. Global Center for the Responsibility to Protect, The Relationship between Digital, Technologies and Atrocity Prevention, March 2024

16. Goncharuk, V. (2024). Artificial Intelligence in Defence of Ukraine. Russia's War in Ukraine Series, Estonia, International Centre for Defence and Security.

17. Hale, B. (2005). Identity crisis: Face recognition technology and freedom of the will. Ethics Place and Environment, 8(2), 141-158.

18. https://lieber.westpoint.edu/deepfakes/ [https://perma.cc/8GY2-VPHS].

19. https://news.un.org/en/story/2025/06/1163891

20. International Covenant on Civil and Political Rights, opened for signature Dec. 16, 1966, 999 U.N.T.S. 171 (entered into force Mar. 23, 1976). [hereinafter ICCPR].

21. Killer Robots: New UN Report Urges Treaty by 2026, https://www.hrw.org/news/2024/08/26/killer-robots-new-un-report-urges-treaty-2026

22. Kop, M. (2021, September). Eu artificial intelligence act: The european approach to ai. Stanford-vienna transatlantic technology law forum, transatlantic antitrust and IPR developments, Stanford University, Issue.

23. Kumari, A. (2025) Legal Frameworks for AI Regulation: A Comparative Study. Advances in Consumer Research, 2 (2), 217

24. Land, M. K., & Aronson, J. D. (2020). Human rights and technology: new challenges for justice and accountability. Annual Review of Law and Social Science, 16(1), 223-240.

information: Facebook and the Rohingya genocide in Myanmar. Journal of Genocide Research, 27(3), 445-470.
38. SIBEL DÜZ (2025). Gaza as a testing ground: Israel's AI warfare, Online: https://www.setav.org/en/gaza-as-a-testing-ground-israels-ai-warfare
39. SIBEL DÜZ and MUHAMMED SEFA KOÇAKOĞLU (2025). DEADLY ALGORITHMS: Destructive Role of Artificial Intelligence in Gaza War, SETA (FOUNDATION FOR POLITICAL, ECONOMIC AND SOCIAL RESEARCH).
40. Stovpets, O., Borinshtein, Y., Babenko, I. Y., Kozobrodova, D., Madi, H., & Honcharova, O. (2023). Digital technologies and human rights: challenges and opportunities. Revista Amazonia Investiga, 12(72), 17-30.
41. Tuckwood, C. (2014). The state of the field: Technology for atrocity response. Genocide Studies and Prevention: An International Journal, 8(3), 9.
42. UN fails to agree on 'killer robot' ban as nations pour billions into autonomous weapons research, https://theconversation.com/un-fails-to-agree-on-killer-robot-ban-as-nations-pour-billions-into-autonomous-weapons-research-173616
43. UN, As AI evolves, pressure mounts to regulate 'killer robots'
44. Van Norren, D. E. (2023). The ethics of artificial intelligence, UNESCO and the African Ubuntu perspective. Journal of Information, Communication and Ethics in Society, 21(1), 112-128.
45. Vercelli, A. (2024). United Nations, artificial intelligences and regulations: analysis of the General Assembly AI Resolutions and the Final Report of the Advisory Body on AI.
46. Whitten-Woodring, J., Kleinberg, M. S., Thawnghmung, A., & Thitsar, M. T. (2020). Poison if you don't know how to use it: Facebook, democracy, and human rights in Myanmar. The International Journal of Press/Politics, 25(3), 407-425.
47. Williams, N. (2024). The Ethics of Artificial Intelligence, Principles, Challenges and Opportunities.
48. Zheng, S. (2021). The application of facial recognition in China and India: Potential risks and regulation sug-
25. Leal Filho, W., Ribeiro, P. C. C., Mazutti, J., Lange Salvia, A., Bonato Marcolin, C., Lima Silva Borsatto, J. M., ... & Viera Trevisan, L. (2024). Using artificial intelligence to implement the UN sustainable development goals at higher education institutions. International Journal of Sustainable Development & World Ecology, 31(6), 726-745.
26. Lee, R. (2019). Extreme speech in Myanmar: The role of state media in the Rohingya forced migration crisis. International Journal of Communication.
27. LIEBER INST. WEST POINT: ARTICLES OF WAR (Aug. 19, 2020),
28. Matthijs M Maas, International Law Does Not Compute: Artificial Intelligence and The Development, Displacement or Destruction of the Global Legal Order, 20 MELBOURNE J. INT'L L. 29–33 (2019).
29. Mazzucelli, C. (2014). Humanitarian technologies and genocide prevention: A critical inquiry. Genocide Studies and Prevention: An International Journal, 8(3), 10.
30. Milard, M., Smith, S., & Tatar, G. (2021). How AI can either exacerbate or prevent genocides: Reflection based on the 10 Stages of Genocide. Budapest Center for Mass Atrocities Prevention, February.
31. Mozur, P. (2018). A genocide incited on Facebook, with posts from Myanmar's military. The New York Times, 15(10), 2018.
32. Nourooz Pour, H. (2023). Transitional justice and online social platforms: Facebook and the Rohingya genocide. International Journal of Law and Information Technology, 31(2), 95-113.
33. Pawnday, S. (2024). Digital Technologies and Atrocity Risks. Global Responsibility to Protect, 16(4), 426-429.
34. Rafi, M. U. (2025). Ideal Regulations of AI: To Stop Genocide and War Crimes.
35. Rapp, K. (2021). Social media and genocide: The case for home state responsibility. Journal of Human Rights, 20(4), 486-502.
36. Rickli, J. M., & Mantellassi, F. (2024). The war in Ukraine: Reality check for emerging technologies and the future of warfare. GCSP, Geneva Centre for Security Policy.
37. Schissler, M. (2025). Beyond hate speech and mis-

gestions. Journal of US-China Public Administration, 18(3), 115-132.
49. Mikhailovna, S. N. (2024). THE UNITED NATIONS AND ARTIFICIAL INTELLIGENCE: A LEGAL ISSUE. In The World Of Science and Education, (20 сентябрь СФЮ), 29-31.
50. شروق تيسير عبدالغني أبو دبوس, (٢٠٢٠)، صعوبات تطبيق القانون الدولي الإنساني، رساله الماجستر، جامعة الشرق الأوسط
51. نـوار محمـد ربيـع الـخيري، تطـور النظـام السـياسي الـدولي، دار الكتـب العلميـة للطباعـة والـنشر والتوزيـع، بغـداد، العـراق، 2019، ص 16.
52. وائل محمد إسماعيل، التغيير في النظام الدولي، مكتبة السنهوري، بغداد، الع ارق، 2012، ص 74.

# ڕووماڵی ڕووداوەکانی سەروبەندی ئەنفالی گەرمیان لە ڕۆژنامەی ئەهرامی میسریدا (توێژینەوەیەکی دۆکیۆمێنتارییە)

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. یادگار عەلی محەممەد عەبدولرەحمان

هێمن نصرالدین محمد امین

پرۆفیسۆری یەکەم د.جەزا تۆفیق تالیب

**پووختەی توێژینەوەکە**

حکومەتی بەعس لە عێراق لە (٢٨ی شوبات – ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨) هەنگاوێکی مەترسیداری بەناوی پرۆسەکانی ئەنفال بەرامبەر بە کورد لە هەموو باکووری عێراق جێبەجێکرد. سەدان هەزار لە خەڵکی مەدەنی بێتاوان کوژران و هەزارانیش بێ سەروشوێنکران. گوندەکان رووبەرووی کاولکاریی گەورە کرانەوە و هەزارانیان لەگەڵ زەوی تەختکران. حکومەتی عێراق بە بەرنامە و لە ڕێگەی هەشت قۆناغ تاوانەکەی بەرجەستە کرد. قۆناغی سێهەمیان؛ بە ئەنفالی ناوچەی گەرمیان دادەنرێت. لەماوەی نێوان (٧ی نیسان – ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) چڕترین و سامنکاترین شاڵاو بەرامبەر بە ناوچەکانی: (دووزخورماتوو بەرەو باشتەپە و ئاوەسپی)، (کفری بەرەو ئۆمەربل و عەزیز قادر)، (کەلار بەرەو تیلەکۆ و کوڵەجۆ)، (دەربەندیخان بەرەو دوزن)، (قادر کەرەم بەرەو ئیبراهیم غولام)، (قەرەحەسەن بەرەو هەنار و مەحمود پەریزاد)، (لەیلان بەرەو تازەشار) و (سەنگاو بەرەو سەرقەڵا) ئەنجامدرا. لە ئەنجامی قۆناغی سێی ئەنفال دەیان هەزار ژن، منداڵ و پیاوی بەساڵاچوو دەستگیرکران و بێ سەروشوێنکران، سەدان و بگرە هەزارانی تریش هەر لەگەڵ دەستگیرکردنیان گولەبارانکران، ئەوە بێجگە لە خاپووركردنی (١٢٠٠) گوند، هۆبە و هەوار و ئاوایی.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: دەرخستنی ئاستی بایەخپێدانی ڕۆژنامەی ئەهرامی میسرییە بە ڕووماڵی ڕووداوەکانی پەیوەست بە ئەنفال ناوچەی گەرمیان. هەروەها زانین و ئاشکراکردنی پرس و بابەتە ڕووماڵکراوەکانی پەیوەست بە عێراق لە ساتەوەختی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان لە ڕۆژنامەی ئەهرام. لەگەڵ ئاشکراکردنی هۆکاری پشت گرنگیدان بەو پرس و بابەتانەی ڕۆژنامەکە لەو مێژووەدا کاری لەسەریان کردووە. بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەش؛ توێژەران شیکارییان بۆ (٣٩) بابەتی بڵاوکراوە لە (٢٠) ژمارەی ڕۆژنامەی ئەهرام لە مێژووی دەستپێکردن بۆ کۆتایی شاڵاوەکە بەرامبەر بە ناوچەی گەرمیان کردووە.

لە کۆتاییدا؛ توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، لە دیارترینیان:

ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری، کە ڕۆژنامەیەکی نیمچەرەسمی حکومەتی میسرییە و لە (پێنجی ئابی ١٨٧٥)ـەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەردەچێت هیچ بایەخپێدانێکی بۆ شاڵاوەکانی ئەنفال بەگشتی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت قۆناغی سێیەمی پرۆسەکە نەبووە. ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی بەردەوام و چڕ ڕووماڵی بۆ ڕووداوەکانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران کردووە و بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتگیریی لە حکومەتی عێراق کردووە. ڕۆژنامەی ئەهرام زیاتر بە لای ڕووماڵی ئەو پرسانەدا ڕۆیشتووە پەیوەست بوون بە ئاسایشی عێراق وڵاتانی کەنداو و لەلایەن ئێران لە دەریا و ئاسمان خراونەتە مەترسییەوە. سەرباری ئەوەش گرنگی بە هاوپەیمانی ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و بەگژاچوونەوەی هێزری سیاسیی و ئایینی کۆماری ئیسلامی ئێران و تۆمەتبارکردنی بە هاوپەیمانی ئیسرائیل و بەرەودان بە گیانی شەڕەنگێزی لە دژی عەرەب داوە. ڕووماڵی ڕۆژنامەکە بۆ پرسەکانی پەیوەست بە ناوچەکە درێژکراوە و بەرجەستەی هەمان سیاسەتی دەوڵەتی میسری بەرامبەر بە عێراق و وڵاتانی کەنداو تەنانەت ئێرانیش کردووە.

وشە سەرەکییەکان: ئەنفال، قۆناغی سێیەمی ئەنفال، ڕۆژنامەی ئەهرام، ناوچەی گەرمیان.

**پێشەکی و دەروازەی میتۆدۆلۆژی:**

حکومەتی عێراق لە ساتەوەختی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران (٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ - ٢٠ی ئابی ١٩٨٨) چەندین تاوانی مرۆیی گەورەی بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە باکووری عێراق ئەنجامدا. دیارترینیان کۆمەڵکوژی بارزانییەکان (١٩٨٣) و کیمیابارانی هەڵەبجە (١٩٨٨) بوو. لە قۆناغەکانی کۆتایی جەنگ حکومەتی بەعس بە ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال تاوانەکانی بەرامبەر بە کورد گەیاند بە ترۆپك. بە هەشت قۆناغ زۆربەی ناوچەکان ڕووبەڕووی مەرگ و لەناوبردن کرانەوە. سەدان هەزار هاووڵاتیی بێتاوان شەهید بوون. هەزارانی دیکەش بێ سەروشوێن بوون. نزیکەی پێنج هەزار گوندیش لەگەڵ خاك تەختکران. سەرباری دەیان لێکەوتەی نەرێنی جۆراوجۆری دیکە.

قۆناغی سێی ئەنفال (٧ی نیسان - ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) مەترسیدارترین بوو لە هەموو قۆناغەکانی دیکەی ئەنفال. زۆرێك لە گوندەکانی سنوری (کەلار، کفری، دەربەندیخان و خوورماتوو)، هەروەها سنوری ناحیەکانی: لەیلان، قادرکەرەم، قەرەحەسەن و سەنگاو و چەندین شوێنی دیکەی گرتەوە. هەزاران هاووڵاتیی بێتاوان کۆمەڵکوژ و هەزارانی دیکەش شوێنبزر و دەربەدەرکران. سەرباری زیانی گەورەی ماڵی و لێکەوتەی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی قووڵ.

حکومەتی عێراق لەلایەك میدیا نێودەوڵەتییەکانی بە پێشهاتی جەنگەکەی لەگەڵ ئێران سەرقاڵ دەکرد و لەلایەکی دیکەش بەدوور لە چاوی ئەوان؛ جینۆسایدی بەرامبەر بە خەڵك و خاکی کوردستان ئەنجامدەدا.

سەرباری هەموو ئەوانەش بەشێك لە میدیا ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان کەم تا زۆر ڕووماڵی جیاوازیان بۆ ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو قۆناغە و بارودۆخە سیاسیی و سەربازییە ناوخۆییەکانی عێراق کردووە.

ڕۆژنامەی ئەهرام؛ لە میدیا دێرین و نیمچەرەسمییەکانی دەوڵەتی میسری عەرەبییە. زیاد لە (١٥٠) ساڵ دەبێت ڕووماڵ بۆ ڕووداو و پێشهاتە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکان دەکات. پێگەیەکی بەرچاوی لە جیهانی ڕۆژنامەنووسیی هەیە. بایەخپێدان و جۆر و سرووشتی ڕووماڵەکانی بۆ ڕووداوەکان جێگەی بایەخ و گرنگییە.

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە بایەخپێدانی ڕۆژنامەی ئەهرام بە شاڵاوەکانی ئەنفال بەتایبەت ئەنفالی ناوچەی گەرمیان دەکۆڵێتەوە. لە ڕێگەی ئەوەش کار دەکات بۆ زانین و ئاشکراکردنی پرس و بابەتە ڕووماڵکراوەکانی پەیوەست بە عێراق لە ساتەوەختی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان لە ڕۆژنامەکە و ئاشکراکردنی هۆکاری پشت گرنگیدان بەو پرس و بابەتانەی ڕۆژنامەکە لەو مێژووەدا کاری لەسەریان کردووە.

توێژینەوەکە لە ڕووی جۆرەوە (مێژوویی - پەسنی) ـیە. لە یەکەمیاندا؛ لە قۆناغێکی مێژوویی کۆڵیوەتەوە، کە بریتییە لە ڕووداوەکانی سەروبەندی پرۆسەی ئەنفالی گەلی کوردستان لە عێراقدا. لە دووەمیاندا؛ ڕێگەی ناخشیکاریی بۆ گەڕان بەدوای ئامانجەکانی بەکارهێناوە. بۆئەو مەبەستەش کردەی شیکاریی بۆ هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی ئەهرام لە ڕێککەوتی دەستپێکردن تا کۆتایی شاڵاوی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان ئەنجامداوە.

بەپێی گەڕان و بەدواداچوونی توێژەران تائێستا هیچ توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەر پرسی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان لە ڕۆژنامەنووسیی میسریی ئەنجام نەدراوە و بە دەروازەیەکی نوێ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بواری ئەنفال و میدیای نێودەوڵەتیی تەماشای دەکەن.

کۆمەڵی توێژینەوەکە لە هەموو ڕۆژنامە کاغەزییە نێودەوڵەتییە میسرییەکان پێکهاتووە و مشتەی توێژینەوەکەش بریتییە لە (٢٠) ژمارەی ڕۆژنامەی ئەهرام لە ماوەی نێوان (٧- ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) بەشێوەی (گەمارۆدانی گشتگیر - حصر الشامل). لە خشتەی (١) خراوەتەڕوو.

خشتەی (١): مشتەی توێژینەوە - ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی ئەهرام پیشان دەدات، کە شیکارییان بۆ ئەنجام دراوە.

| ژمارە | مێژوو | ئەرشیفی ئەلیکترۆنی |
|---|---|---|
| 37010 | 7– 4- 1988 | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2007%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337010%2C%20Egypt%20%28ar%29/mode/2up?view=theater |
| 37011 | 8–4- 1988 | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2008%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337011%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37012 | 9– 4- 1988 | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2009%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337012%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37013 | 10–4 – 1988 | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2010%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337013%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37014 | 11–4- 1988 | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2011%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337014%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37015 | 121988-4- | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2012%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337015%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37016 | 131988-4- | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2013%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337016%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37017 | 141988-4- | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2014%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337017%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37018 | 151988-4- | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2015%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337018%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37019 | 161988-4- | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2016%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337019%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37020 | 171988-4- | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2017%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337020%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37021 | 181988-4- | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2018%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337021%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37022 | 191988-4- | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2019%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337022%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |
| 37023 | 201988-4- | https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2020%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337023%2C%20Egypt%20%28ar%29/ |

**سنوری توێژینەوە**

لە ڕووی کات، بریتییە لە ساڵی (١٩٨٨)، کە حکومەتی عێراق شاڵاوەکانی ئەنفالی بەرامبەر بە گەلی کورد لە باشووری کوردستان تێدا ئەنجامداوە بەتایبەت قۆناغی سێیەمی ئەنفال (٧ی نیسان- ٢٠ نیسانی ١٩٨٨). سنوری شوێن، خۆی لە هەموو ئەو ناوچەیە دەبینێتەوە، کە لە قۆناغی سێیەمی ئەنفال بەرکەوتوون. بڕوانە نەخشەی (١).




**سەرچاوە:** کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS ١٠,٨,١)، بە پشتبەستن بە: هاشم یاسین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل٣٩، ٦٣.

**توێژەران ناساندنی کارەکیان بۆ وشەسەرەکییەکانی توێژینەوەکە کردووە:**

- ئەنفال: بە مانای دەستکەوتی جەنگ بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە. لەم توێژینەوەیەدا؛ لە ڕووانگەی بەکارهێنانی ناوەکەی بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان لە باشووری کوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

- قۆناغی سێیەمی ئەنفال: یەکێکە لە هەشت قۆناغەکەی پرۆسەی ئەنفالی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حکومەتی عێراق لە (٧ی نیسانی ١٩٨٨ – ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) لە گەرمیان ئەنجامیدا و بەهۆیەوە هەزاران هاووڵاتیی بێتاوان جینۆساید کران.

- ڕۆژنامەی ئەهرام: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی میسرییە. لە (٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٥) لە سەردەستی دووبرا بەناوەکانی (بەشارە و سەلیم تەقلا) دەرچووە و مێژووی دەرچوواندنی یەکەم ژمارەی بۆ (٥ی ئابی ١٨٧٦) دەگەڕێتەوە و تائێستاش بەردەوامە لە کارکردن و ڕووماڵی ڕووداو پێهاتە ناوخۆیی و عەرەبی و جیهانییەکان دەکات. لەنێویشیان زۆربەی ڕووداوە مێژووییەکانی عێراق لە سەد ساڵی ڕابردوودا.

پێکهاتەی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازەی میتۆدۆلۆژی، لەگەڵ دوو تەوەری سەرەکی دیکە پێکهاتووە، یەکەمیان؛ باسکردن لە جینۆساید و جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لەسەردەستی حکومەتی بەعس لە عێراق بەتایبەت قۆناغی سێیەمی شاڵاوی ئەنفال لە ناوچەی گەرمیان، دووەمیان؛ لایەنی شیکاریی توێژینەوەکە و گەڕان بەدوای وەڵامی زانستیی بۆ ئامانجی توێژینەوەکە.

تەوەری یەکەم: جینۆساید و ئەنفال (ئەنفالی ناوچەی گەرمیان)

پێکهاتووە لە: جینۆسایدی گەلی کوردستان و قۆناغی سێیەمی ئەنفال لە گەرمیان.

یەکەم: ناساندنی جینۆساید و جینۆسایدی گەلی کوردستان

وشەی جینۆساید بەواتای پاکتاوی ڕەگەزی، یان بەواتای قڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤ دێت، لە بنەڕەتیشدا لە دوو وشە پێکهاتووە، (Genos) واتای ڕەگەز یاخود بنەچە دەدات و (Cide) واتای کوشتن یاخود فەوتاندن دەگەیەنێت. کەواتە جینۆساید بە واتای کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤ یان لەناوبردنی ڕەگەز و سڕینەوەی کۆمەڵێك دێت(خدر، ١٩٩٩، ل٢٣٢).

- چەمکی جینۆساید بۆ یەکەمجار لەلایەن (ڕەفایل لیمکین (Raphael Lemkin)ی بە ڕەچەڵەك جوولەکە لە ساڵی (١٩٤٤) داهێنرا. چەمکەکە لەو کاتەوە بووەتە بەشێکی گرنگی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی. هەڵبەتە هەوڵەکانی (لیمکین) وەهای کرد هەرلە یەکەم ساڵی دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەو ڕێکخراوە کار بۆ بەتاوانناساندنی جینۆساید بکات. بۆیە لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ لە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکەوە لە ساڵی (١٩٤٨) پەیماننامەیەك بۆ قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید دەربکرێت بە ناوی (پەیماننامەی بەرلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید)، کە یەکێکە لە پەیماننامە سەرەتاییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە ساڵی (١٩٥٢)ـەوە چووەتە بواری کارپێکردنەوە (جوهر، محمدأمین، ٢٠٢٤، ل٧٤). جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی، بۆیە، نەك هەر وڵاتانی تاوانکار، بەڵکوو ئەو کەسانەش، کە بە ئەنجامدانی جینۆساید تاوانبار دەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان، وەك لەڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ قەدەغەکردنی جینوساید لە (٩)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨) لەبەندی (٣)ـدا هاتووە، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە جینۆساید تاوانێکی نێونەتەوەییە، بریتییە لە تێکدان و لەناوبردن و پارچەپارچەکردنی کۆمەڵێکی دیاریکراوی نەتەوەیی یان نەژادی یان ئایینی یان هەر تاوانێکی ڕەگەزی ناڕەوای لەم چەشنە بکرێ، دەبێ سزای تاوانکار بدرێت. جینۆساید چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: جینۆسایدی (جەستەیی، کەلتووریی، ئابووریی، دەروونیی) (حەویز، ٢٠٢٤، ل١٤-١٥).

ئەوەی پەیوەستە بەجینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، چەندین وێستگەی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە، بەعس، وەك پارتی فەرمانڕەوای عێراق لە ساڵی (١٩٦٣)، تاوەکوو ساڵی (٢٠٠٣)، گەورەترین بەرپرسیارێتی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە کورد و کوردستان لە ئەستۆ دەگرێت (سلێمان، ٢٠١٧، ل٣١١). دەبینین نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو لە عێرقدا، دووچاری زنجیرەیەکی درێژ لەکوشتن و بڕین و سەرگەردانی بووەتەوە، بەئامانجی کەمکردنەوەی بوونیان و توانەوەیان لە چەپۆکی گەلی عەرەبی فەرمانڕەوا، ئەوەبوو ئاراستەکانی ئەو سیاسەتە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو زیاتربوو، کە خۆیان لە شاڵاوەکانی ڕاگواستنی ئەوان دەنواند، دوور لەخاك و شوێنی خۆیان یاخود خستنەڕێیان بۆ دەرەوەی نیشتمان، و نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبییەکان لەشوێنی ئەوان، سیاسەتی بەعەرەبکردن، کە دەسەڵاتدارەکان لە عێراقدا پراکتیزەیان دەکرد، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بووەمایەی دابەزینی بەردەوامی قەوارەی دیمۆگرافی دانیشتووانی کورد بۆ بەرژەوەندی عەرەب، بەتایبەت لەو پارێزگایانەی، کە هەمەچەشنی نەتەوەیی بوو، لەگەڵ ئەوەش گەلی کورد توانی لەهەوڵ و کۆششی خۆی بەردەوام بێت، لە بەدەستهێنانی پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، هەروەها دروستکردنی پێکهاتەی قەوارەیەکی تایبەت بەخۆی و حکومەتی نیشتمانی هەر لەساڵی (١٩٩١)ـەوە لەسەر بەشێك لەنیشتمانەکەی لەعێراقدا (محەمەد، ٢٠١٢، ل٨٨). ئەو جۆرانەی جینۆساید

لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بەرامبەر بە گەلی کورد کرا، بەگشتی بریتیبوون لە: (بەعەرەبکرن، ڕاگواستن، ئەنفال، کیمیاباران، کوشتن و برین، ترس و تۆقاندن، بەزۆر کۆچپێکردن، سووتان و ڕووخانی خانە و لانەی کوردان، بردنی سەروەت سامان و مەڕوماڵات، بێسەر و شوێنکردن، تێکدانی ژینگەی سروشتی کوردستان .. هتد)، بەڵام دیارترینیان بریتییە لەتاوانی ئەنفال، حکومەتی بەعس ساڵی (١٩٨٨) بەهەشت قۆناغی جیاواز ئەنجامیدا، کە دواتر بە وردی باسی لێوە دەکەین.

دەتوانین تاوانی ئەنفال بە جینۆسایدی کورد ناو ببەین، چونکە هەروەك دەزانین جینۆساید لەڕووی زمانەوانییەوە بەمانای لەناوبردنی ڕەگەزی گەل و نەتەوەیەك دێت، ئەم مانایەش لەتاوانی ئەنفالدا ڕەنگیداوەتەوە، پاشان بەپێی چەندین دەق و بنەمای یاسایی نێودەوڵەتی ئەنفال تاوانی جینۆسایدە، لەوانە ماددەی (٢ و ٣) لە ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید (١٩٤٨) و ماددەی (٣) لە ڕێکەوتننامەی ژنێڤ (١٩٤٩) و ماددەی (٦) لە دەستوری تاوانکاری دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتیی (١٩٩٨). سەرەڕای بوونی ئەو بنەما یاساییانە، بەڵام تاوەکوو ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لەئاست بەجینۆساید ناساندنی ئەم تاوانەدا بێدەنگبووە، ئەمەش مانای کەمتەرخەمی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بەرامبەر گەلی کورد لە ناساندنی ئەنفال، وەك تاوانێکی جینۆساید، هەروەکچۆن لەکاتی ئەنجامدانی ئەم تاوانەدا بێدەنگ و بێهەڵوێستبوون، هۆکاری ئەمەش بەپلەی یەکەم ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی زانستی کار لەسەر ئەنفال نەکراوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی، بەڵام جێگەی باسکردنە هەندێك دەوڵەت لە ئاستی پەرلەماندا لە ساڵی (٢٠١٣) دانیان ناوە بەجینۆسایدی گەلی کوردا، وەك سوید و نەرویج و بەریتانیا. لەسەر ئاستی نێوخۆی عێراقدا ئەنفال بەجینۆساید ناسێنراوە، ئەمەش بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٦)ی پەرلەمانی عێراق لەڕێکەوتی (٢٠٠٨/٤/١٤) دەرکردووە، هەروەها دادگای باڵای تاوانەکان پشتبەست بە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) و بەدەرکردنی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٧) دانی ناوە بەتاوانی ئەنفالدا، وەك تاوانێکی جینۆساید. هەروەها لەسەر ئاستی کوردستان دیسان تاوانی ئەنفال بە جینۆساید ناسێنراوە بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی پەرلەمانی کوردستان (صالح، ٢٠٢٤، ل١٢٤-١٢٥).

دووەم: ئەنفال و قۆناغی سێی ئەنفال لە گەرمیان

ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە، کۆی (نفل)ـە، بەواتای (غنیمة) دێت. لەڕووی زمانەوانییەوە بەواتای دەستکەوت و لەڕووی زاراوەییەوە بە واتای زیادە دەستکەوت دێت. ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆزدا لە (٧٥) ئایەت پێکهاتووە، کە لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز لەساڵی دووی کۆچی لە شەڕی بەدری گەورەدا دابەزیوە (دزەیی، ٢٠٠١، ل٢٥). زۆربەی زانایان ڕایانوایە ئەنفال بەو ماڵ و سامان و ئاژەڵ و کەلوپەلانە دەوترێت، کە لەسەردەمی خۆیدا شەڕکەرانی موسوڵمانان لەشەڕدا بەدەستیان هێناوە، کەواتە لەدەقە قورئانییەکەدا ئەنفال مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵام لای بەعسییەکان مرۆڤ تاکە ئامانج بووە (محەمەد، ٢٠١٧، ل٦٧).

ئەنفال پرۆسەیەکی بەرفراوانی سیاسیی و سەربازیی نەگریس بوو، کە حکومەتی بەعس بەسەر میللەتی کورد هێنانی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی لەکۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ وڵاتی ئێران بەبیانووی هەبوونی دەسەڵاتی سیاسیی بزوتنەوە چەکدارییە کوردییەکان و هاوکاری و داڵدەدانیان لەلایەن ئەو خێزانانەی، کە لەگوندەکانی سنورەکەدا دەژیان و بەژیانی سادە و ساکاری خۆیانەوە خەریکبوون (ئەحمەد، ٢٠٢٤، ل١٨٥). حکومەتی بەعسی عێراقی بەنییەتی تواندنەوە و سڕینەوەی یەکجارەکی کورد لە باشووری کوردستان، پرۆسەیەکی سیاسیی لە دژی کورد بەناوی ئەنفال ڕاگەیاند، کە بەوپەڕی دڕەندەییەوە بەقێزەونترین شێوازی کوشتن و لەناوبردن پرۆسەی ئەنفالی ئەنجامدا. پرۆسەی ئەنفال بە یەکێك لە گەورەترین تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێت، بەتایبەت لە مێژووی نەتەوەی کورددا، ئەم پرۆسەیە بەسەر هەشت قۆناغدا دابەشکراو و زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە، کە لە (٢٣)ی شووباتی (١٩٨٨) دەستی پێکرد، لە (٦)ی ئەیلوولی هەمان ساڵ کۆتاییهات، کە بەسەر ناوچەی جوگرافیایی باشووری کوردستاندا جێبەجێکرا (فەقێ، ٢٠١٧، ل٩٠). بەپێی ڕاپۆرتی شارەزایانی نێودەوڵەتیی لە کۆی هەشت قۆناغەکەی تاوان و شاڵاوی ئەنفالدا، نزیکەی (٥٠٠٠) گوند وێرانکراوە و ڕووخێنراوە و سوتێنراوە، هەروەها (١٣٤٤) قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی ڕووخێنراوە و سوتێنراوە و وێرانکراوە، (٢٠٢٧) مزگەوت بەهەمان شێوە ڕووخێنراوە و سوتێنراوە، (١٨٢٠٠٠) مرۆڤی سیڤیل بوون بە قوربانی لەنێوان کوشتن و لەسێدارەکان و بێ سەروشوێنکردندا، هەزاران خێزان ئاوارە و دەربەدەر بوون، دەست بەسەر هەموو موڵك و ماڵ و سەروەت و پێداویستییەکانی هاوڵاتییاندا گیرا، ژینگەی سروشتی بە تەواوی تێکدراوە و بەهەزاران ڕەزوباغ سوتێنراوە، دەست بەسەر تەواوی ئاژەڵی هاوڵاتیاندا گیراوە، هەرچی سەرچاوەی ئاوی کانیاو و بیر و چەماو هەبووە تێکدراوە، سیاسەتی سووتاندنی خاك پیادەکراوە، هەرچی ناوچەکان هەبووە مینڕێژکراوە و هاتووچۆی تێدا یاساغ کراوە (سلێمان، ٢٠١٧، ل٣١٨).

**١ ) جوگرافیای قۆناغەکانی ئەنفال**

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، حکومەتی عێراق تاوانەکانی ئەنفالی بەهەشت قۆناغ و لەشەش ناوچەی جیاوازی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا بڕوانە نەخشەی (٢). قۆناغ و ناوچەکانیش بریتیین لەمانەی خوارەوە:

نەخشەی (٢): شوێنی جوگرافی قۆناغەکانی ئەنفالی گەلی کورد پیشان دەدات




سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS ١٠,٨,١)، بەپشتبەستن بە: هاشم یاسین و ئەوانی تر، ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپخانەی تینووس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل٦٣.

ئەنفالی یەك - ناوچەی دۆڵی جافایەتی

ئەم قۆناغە لە شەوی (٢٣ی شووباتی تاکو ١٩ی ئازاری ١٩٨٨)ی خایاند، ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و هەریەکە لە قەزا و ناحیەکانی: (دوکان، بنگرد، سورداش، قەڵاچوالان، چوارتا)ی سەربە پارێزگای سلێمانی گرتەوە.

ئەنفالی دوو - ناوچەی قەرەداخ

ئەم قۆناغە لە (٢٢)ی ئازاری (١٩٨٨) دەستپێکرد و لە (١)ی نیسانی هەمان ساڵ کۆتایی پێکهات. ئەم قۆناغە سنوری جوگرافی ناوچەکانی: (قەرەداخ، بازیان، دەربەندیخان، سلێمانی، گڵەزەردە، زەڕایەن، ئۆردوگای نەسر و عەربەت)ی گرتەوە (ئەحمەد، ٢٠١٤، ل٣٤).

ئەنفالی سێ - ناوچەی گەرمیان

ئەم قۆناغە لە (٧)ی نیسانی (١٩٨٨) دەستپێکرد لە (٢٠)ی هەمان مانگ و ساڵ کۆتاییپێهات، بە گەورەترین و پڕ زەرەرمەندترین قۆناغی ئەنفال دادەنرێت. ئەم قۆناغە لەبەرئەوەی مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەیە، دواتر بەوردی باسی لێوەدەکەین.

ئەنفالی چوار - ناوچەی دۆڵی زێی بچووك

شاڵاوی ئەنفالی چوار لە (٣)ی مایسی (١٩٨٨) بە کیمیابارانکردنی هەردوو گوندی (گۆپتەپە و عەسکەر)ی سەربە ناحیەی ئاغجەلەر دەستپێکرد، و دۆڵی زێی بچووك ببووە گۆڕەپانی ئەو شاڵاوە. پەلامارەکە زیاتر ناوچەکانی (شوان، قەرەناو، تەق تەق، کۆیە، ئاشتی، سێگردکان، خەلەکان، دوکان، سورداش، چەمچەماڵ، ئاغجلەر، تەکیە، ئاڵتون کۆپری) گرتەوە، لەماوەی تەنها پێنج ڕۆژدا واتا لە (٨)ی مایسی هەمان ساڵ، هەموو ئەو گوندانە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و سوتێنران و تەختکران.

ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت ناوچەکانی پارێزگای هەولێر

ئەم سێ قۆناغەی ئەنفال لە (١٥)ی مایسی (١٩٨٨) دەستپێکرد بۆ (٢٦)ی ئابی هەمان ساڵ کۆتایی پێهات، بەشێوەیەکی گشتی ناوچەکانی پارێزگای هەولێری گرتەوە، بەتایبەت هەردوو قەزای شەقڵاوە و ڕەواندوز لەگەڵ ناوچەکانی باکووری قەزای ڕانیە و باکووری ڕۆژئاوای ناحیەی ناودەشتی سەربە پارێزگای سلێمانی. بەهۆی سروشتی جوگرافیای ناوچەکە و ئاڵۆزی بەرزی چیاکان و خۆسازدانی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەم شاڵاوە ماوەی زیاتر لە سێ مانگی خایاند (حەسەن، ٢٠٢٢، ل٣١-٣٢).

ئەنفالی هەشت - ناوچەی بادینان

کۆتا قۆناغی شاڵاوی ئەنفال سنوری ناوچەی بادینان بوو، کە لە (٢٥)ی ئابی (١٩٨٨) دەستپێکرد و لە (٦)ی ئەیلوولی هەمان ساڵ کۆتایی پێهات، حکومەتی بەعس لەم قۆناغەدا بە کیمیابارانی چڕی گوندەکانی (بێگۆڤە، گوندەکانی کانی ماسی، بالوکە، بیرجینی، بیلیجانە، تێلاکرۆ، ڕۆسێ، زێوێ) دەستپێکرد. سنوری شاڵاوەکانی ئەم قۆناغە ناوچەکانی: (دهۆك، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ، دێرەلوك، زێوەر و کانیماسی، ئەتروش، زاوێتە)ی گرتەوە (شەریف، ٢٠٠٦، ل١٨).

٢ ) قۆناغی سێی ئەنفال - ئەنفالی ناوچەی گەرمیان

ئەنفالی سێی گەرمیان بە ترسناکترین هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال دادەنرێت، گەورەترین و بەرفراوانترین پرۆسەی ئەنفال بوو، زۆرترین ژمارەی جینۆسایدکراوی کورد لە قۆناغی سێیەمی ئەنفالدا کران، شاڵاوەکانی ئەم قۆناغە لە (٧)ی نیسانی (١٩٨٨) دەستپێکرد، کە هاوکات بوو لەگەڵ یادی (٤١) ساڵەی دامەزراندنی حیزبی بەعسدا، هێزەکانی بەعس بەسەرکردایەتی عەمید ڕوکن (بارق عەبدوڵڵا حاجی حنتە) سەرپەرشتی دەکرا،

ژمارەیەکی زۆر لەیەکە سەربازییەکانی، وەك: (فیرقە، لیوا، مستەشار) بەشداربوون، شاڵاوەکانی ئەم قۆناغە بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە و پلان بۆ دارێژراو دەستپێکرد، بەشێوەیەك لە (١٣) قۆڵەوە هێرشکرایە سەر گوندەکای ناوچەی سەنگاو و تیلەکۆ و ناوچەکانی چەمچەماڵ، کە زۆرێك لە گوندەکانی گەرمیان تەختکران و دانیشتووانی گوندەکان بەبێ ڕەچاوی جیاوازی تەمەن و ڕەگەز ڕاپێچی مەرگ کران (فەقێ، ٢٠١٧، ل٩١).

حکومەتی بەعس بەپێی نەخشەیەکی ورد و چڕی سەربازی بەرنامە بۆ دارێژراو بەچڕی بازنەیەکی سەربازی بەدەوری گەرمیاندا دروستکرد، لەبەر نزیکی گەرمیان لە بیرە نەوتەکانی (کەرکوك، تکریت، دیالە)، کە مەڵبەندی سەرەکیی مۆڵبوونی هێزی دەسەڵات و بڕیاربوو، لەبەرئەوە حکومەتی بەعس ناوچەی گەرمیانی بە مەڵبەندێکی پڕ مەترسی دادەنا، هەربۆیە حکومەتی بەعس پرۆسەی ئەنفالی (١٠٠٪) لەناوچەی گەرمیان جێبەجێکرد و سەراپا وێرانیکرد و هەموو بنەماکانی مرۆڤ و زیندەوەری لە ڕەگەوە تیا هەڵکەند. ئەگەر کەمێك بەوردی سەرەنج بدەینە چەقی جوگرافیایی ئەنفالی سێی گەرمیان ناحیەی قادر کەرەمە، کە سەرەوەختێك دە هەزار دانیشتووان بوو، بۆیە لەکۆتایی یەکەمە هەفتەی مانگی نیسانی (١٩٨٨)دا، پاشماوەی پەرتوبڵاوی ئەو پێشمەرگانەی لە سەرگەڵو - بەرگەڵو شکابوون، بەرەو خوارەوە بوونەوە بۆ سەنگەرەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە گەرمیان. هەروەها ئەو گوندنشینانەی لە ئەنفالی دووەم هەڵهاتبوون و سەری خۆیان بەرەو باشووری ڕۆژئاوا هەڵگرتبوو، واتا بەرەو ناوچەی گەرمیان هاتبوون. ئەمەش وایکردبوو لەوکاتە ناوچەی گەرمیان ببێتە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکانێکی زۆر، بۆیە ڕەتڵی هێزەکانی حکومەتی بەعس لەچەند لایەکەوە بەچواردەوری گەرمیاندا پێشڕەویان دەکرد و ئابڵوقەی تەواوی ناوچەکەیان دابوو (کەریم، ٢٠١٥، ل٥٣-٥٤).

ژمارەیەکی زۆر هێزی گەورە و پێشکەوتوو بەشداری پرۆسەی ئەنفالی سێی گەرمیانیان کرد، لەوانە هێزەکانی فیرقەی یەك و دوو لەگەڵ دەستەی هەواڵگریی و پۆلی کیمیایی و فرۆکەکانی سوپا و هێزی ئاسمانی .. هتد. لەم شاڵاوەدا دانیشتووانێکی زۆر لەژن و منداڵ لەساتی کاولکاری و سووتاندنی گوندەکاندا بێ سەروشوێنکران. حکومەتیش بۆ ئەوەی تەواوی ناوچەی گەرمیان چۆڵ و وێرانبکات ئیتر ئاسەواری جووڵانەوەی ڕزگاریخواز نەهێڵێت، کۆمەڵێك شاڵاوی ئەنجامدا، لەوانە شاڵاوەکانی: (دوزخورماتوو، قادر کەرەم و باکووری گەرمیان، سەنگاو و باشووری گەرمیان)، هەروەها کۆمەڵێك سەنتەری بۆ ئەنفالکراوانی گەرمیان دروستکرد، لەوانە سەنتەرەکانی: (گوندی ملەسورە، ناحیەی قادر کەرەم، لەیلان، گوندی عەلیاوا، مەرکەز شەباب و دواناوەندی ڕەشید لەنێو شاری دوزخورماتوو، سەنتەری چەمچەماڵ، بینای لیوا ڕەشەکە لە شاری کەلار)، دواتر دەستبەسەرکراوانی گواستەوە بۆ بازگە سەربازییەکان، لەوانە بازگەکانی: (تۆپزاوا، دبس، تکریت، قەڵای قۆرەتوو) .. بڕوانە نەخشەی (٣). توندی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ناوچەکەدا هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی زەرە و زیانی گەورەی لێبکەوێتەوە، بەمەش نەك تەنها ساڵی (١٩٨٨) کۆتایی پێنەهاتووە، بەڵکوو چەند دەیەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی ئەم شاڵاوە بسڕێتەوە، لە ئەنفالی گەرمیاندا زیاتر لە (٤٣) هەزار ژن و منداڵ و پیر و گەنج بێتسەروشوێنکراون، سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی ناوچەکە و تاڵانکردنی ماڵ و سامانیان چەند ناحیەیەکیش وێرانکران، لەوانە ناحیەکانی: (تیلەکۆ و قادر کەرەم)، تەنها لەیەك ڕۆژدا و بەدیاریکراوی لە (١٤)ی نیسانی (١٩٨٨) بیست هەزار ژن و منداڵ و پیاو لە هەردوو گوندی (ملەسورە و کوڵەجۆی حاجی حەمەجان) کۆکرانەوە و ڕەوانەی قۆرەتوو کران و پاشان برانە باشووری عێراق و ئەنفالکران، هەر لەئەنجامی ئەم شاڵاوانەدا تەواوی گوندەکانی ناوچەی گەرمیان، کە نزیکەی (٥٠٠) گوند دەبوون، تەختکران و سوتێنران (کەریم، ٢٠١٥، ل٥٤-٧٠).

نەخشەی (٣): شوێنی جوگرافی سەنتەری ئەنفالکراوان و بازگە سەربازییەکانی شاڵاوی ئەنفالی سێی گەرمیان پیشان دەدات




سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS ١٠,٨,١)، بەپشتبەستن بە: ئاکۆ ئەحمەد کەریم، ئەنفالی گەرمیان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٥، ل٦٩.

هۆکارەکانی پشت ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال - ئەنفالی ناوچەی گەرمیان

توێژەران و پسپۆڕانی بواری جینۆساید و ئەنفال ئاماژەیان بە گەلێک هۆکار کردووە، کە وای لەحکومەتی پێشووتری عێراق

کردووە پەنا بباتەبەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال لە باشووری کوردستان بەگشتی و ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیان: (محەمەد، ٢٠١٧، ل٧٣-٧٤)

١ ) نیاز و مەرامی پرۆسەی ئەنفال لە گەرمیاندا زۆر روون و ئاشکرایە، بەتایبەتی لەوەدا بوو، کە دەبوو تەواوی شوێنەواری نیشتەجێبوونی کورد لەناوچەکەدا بسڕێتەوە.

٢ ) بەعس پێیوابووە پێویستە دانیشتووانی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک، کە مەبەستی ناوچەکانی ئەنفالی سێی گەرمیانە کەمبکاتەوە، وەک عەلی حەسەن مەجید، دەڵێت: تۆ دەتوانی نیو ملیۆن کورد لە هەولێر بکوژی، بەڵام ئەوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە هەولێر هەر بەکوردی دەمێنێتەوە، بەڵام کۆشتنی (٥٠) هەزار کورد لە کەرکوک بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بەکێشەی کەرکوک دەهێنێت.

٣ ) هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دونیای دەرەوەدا، نەوت فاکتەری سەرەکیی ناکۆکییەکان و چەوساندنەوە و پاکتاوی کردنی گەلی کورد بووە.

جگە لەوانە کۆمەڵێک هۆکاری تر لە پشت ئەنفالی ناوچەی گەرمیانەوە بووە، ئەوانیش: (شوێنی جوگرافی، بەرزی و نزمی رووی زەوی، سیاسیی، ئابووریی)، بەم شێوەیە:

شوێنی جوگرافی: نزیکی ناوچەی گەرمیان لەسنووری دەسەڵاتی بەعس، ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی بەئاسانی هێرش بکاتەسەری و پرۆسەی ئەنفالی تێدا ئەنجام بدات.

بەرزی و نزمی رووی زەوی: ناوچەی گەرمیان بە تەواوی دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی هەرێمی کوردستانەوە، بەمەش ناوچەکە لە رووی بەرزی و نزمییەوە ناوچەیەکی ئاسانە و زۆربەی بەشەکانی ناوچە لە زەوی رووتەخت پێکهاتووە، ئەمەش وایکردووە ئاسان بێت بۆ جموجووڵی سەربازی و دوژمن دەتوانێت بە ئاسانی ناوچەکە داگیر بکات.

سیاسیی: ناوچەی گەرمیان مەڵبەندی شۆڕشی نوێ بووە، ئەمەش بووەهۆی پەیوەستبوونی خەڵکی ناوچەکە بە شۆڕشەوە، چونکە دانیشتووانی ناوچەکە لەمێژەوە پەیوەندی پتەویان بە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردەوە هەبووە، ئەوەش وایکرد بەردەوام لەبەردەم هەڕەشە و پەلامار و ماڵوێرانیدابن.

ئابووریی: ئەمەیان لەسەر دوو ئاست بەدەردەکەوێت، یەکەمیان هەبوونی نەوت لە ناوچەکەدا، کە گرنگیی ئابووری زۆری هەیە، دووەمیان بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە، ئەم ناوچەیە بەهۆی خاکی فراوان و تارادەیەک گونجاوی ئاووهەواکەی بەشێوەیەکی فراوان بەروبوومی دانەوێڵەی لێدەچێنرێت، هەروەک لەوەڕگایەکی باش و فراوانیشە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕوماڵات.

تەوەری دووەم: رووماڵی رووداوەکانی ساتەوەختی ئەنفالی گەرمیان لە رۆژنامەی ئەهرام

لەم تەوەرەدا؛ توێژەران شیکاریی وردیان بۆ تەواوی بابەتە رۆژنامەنووسییە بڵاوکراوەکان لە ماوەی نێوان (٧-٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) لە رۆژنامەی ئەهرام کردووە. بەمەبەست ئەو ماوەیەیان هەڵبژاردووە و هەمان ئەو مێژووەیە شاڵاوی سێیەمی ئەنفال (ئەنفالی ناوچەی گەرمیان)ی لەلایەن حکومەتی پێشووتری عێراقەوە دەرحەق بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو ناوچەیە تیادا ئەنجام دراوە. رۆژنامەی ئەهرام، رۆژنامەیەکی نیمچەرەسمی حکومەتی میسرییە و لە (پێنجی ئابی ١٨٧٥) بەشێوەیەکی رێکخراو دەردەچێت.

توێژەران ئامانجی سەرەکییان بریتییە لە:

١. دەرخستنی ئاستی بایەخپێدانی رۆژنامەی ئەهرامی میسرییە بە رووماڵی رووداوەکانی پەیوەست بە ئەنفال ناوچەی گەرمیان.

٢. زانین و ئاشکراکردنی پرس و بابەتە رووماڵکراوەکانی پەیوەست بە عێراق لە ساتەوەختی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان لە رۆژنامەی ئەهرام.

٣. ئاشکراکردنی هۆکاری پشت گرنگیدان بەو پرس و بابەتانەی رۆژنامەکە لەو مێژووەدا کاری لەسەریان کردووە.

بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەش؛ توێژەران شیکارییان بۆ (٣٩) بابەتی بڵاوکراوە لە (٢٠) ژمارەی رۆژنامەی ئەهرام کردووە. شیکارییەکان بەچەشنێکە هەر ژمارەیەوە شیکاریی تایبەتی بۆ کراوە و لەکۆتاییدا؛ تێگەیشتن و خوێندنەوەی توێژەرانی لەبارەوە نووسراوە.

ژمارە (٣٧٠١٠) رۆژی حەوتی نیسانی (١٩٨٨) (صحیفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/٧، ص٤) .. یەکەم رۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

لە لاپەڕە چواری رۆژی (٧ی نیسان) رۆژنامەی ئەهرام بابەتێکی بەناونیشانی (٩ موشەکی عێراقی و ئێرانی بەر تاران و بەسرە کەوتوون و بەهۆیەوە ٥٣ شەهید و بریندار، کە منداڵیشیان تێدایە، هەیە).

باس لەوە دەکات بۆیەکەمجار هێزەکانی عێراق چوار موشەکیان لە جۆری زەوی بە زەوی ئاراستەی تاران کردووە و لەبەرامبەریش ئێران پێنج موشەکی ئاراستەی بەندەری فاو لە ناوچەی ئوم قەسر لە پارێزگای بەسرە کردووە.

بەپێی سەرچاوە عێراقییەکان هێرشەکەی ئێران قوتابخانەی ئەبوموسای ئەشعەری گرتووەتەوە و بەهۆیەوە سێ منداڵ شەهید بوون و (٥٠) کەسی دیکەش برینداربوون، کە (٤١)یان قوتابیی و دووانیشیان مامۆستای ئەو قوتابخانەیەن و لەگەڵ برینداربوونی حەوت هاوڵاتی دیکەش.

ڕۆژنامەی ئەلئەهرام بەیانێکی عێراقی لەوبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە و هێرشەکەی ئێرانی بە قێزەون و هاوشێوەی ئەو هێرشەی پارساڵیان (١٩٨٧) بۆسەر قوتابخانەی بلات شوهەدا لە بەغداد ناودەبات، کە بەهۆیەوە (١٠٠) قوتابی شەهید و بریندار بوون.

هەروەها ڕۆژنامەی ئەهرام ئاماژە بەوەش دەکات هێزە ئاسمانییەکانی عێراقییەکان کەشتییەکی زەبەلاحی نەوتهەڵگری ئێرانیان لە دووری (٨٠٠) کیلۆمەتر لە ناوچەی (شێخ شوعەیب) بۆردومان کردووە، کە وێستگەیەکی گەورەی ناردنەدەرەوەی نەوتی ئێرانە. هێرشەکەشی بە ورد و ڕاستەوخۆ ناوبردووە.

ڕۆژنامەی ئەهرام لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ئەمەرکی ئەوەی گواستووەتەوە، کە گوایە بەهۆی هێرشەکانی سوپای عێراق سێ ملیۆن لە دانیشتوانی تاران، کە دەکاتە نیوەی هەموو دانیشتووانی پایتەختی ئێران لە ترسان شارەکەیان جێهێشتووە و هەڵهاتوون بۆ ناوچەکانی دیکە. باسی لەوەش کردووە تائەوکاتە عێراق (١٠٩) موشەکی ئاراستەی خاکی ئێران کردووە.

ڕووماڵەکەی ڕۆژنامەی ئەهرام بەئاشکرا دەچێتە خزمەت لایەنێکی بەشەڕهاتوو، کە حکومەتی بەعسی عێراقییە و لەلایەك دەیەوێت وەهای پیشان بدات، کە ئێران خەڵك و ناوچە مەدەنییەکان بۆردومان دەکات و گوێ بەیاساکانی جەنگ و یاسا مرۆییەکان نادات، لەلایەکی دیکەش باس لە هێرشی هاوشێوەی ساڵێك پێشووتری ئێران بۆسەر بەغداد دەکات، وەك ئەوەی بڵێت: ئەوە جاری یەکەم نییە ئێران منداڵ و بێتاوانە عێراقییەکان شەهید دەکات. هەروەها ڕۆژنامەکەی دەوڵەتی میسر شەڕێکی دەروونی دژ بە ئێران بەڕێوەدەبات و باس لە گەورەیی قەبارەی زیانەکان دەکات، کە گوایە بەر ئێران کەوتووە هەر لە بەئامانجگرتنی سەرچاوە ئابوورییەکانی تا دەگات بە بڵاووبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و هەڵهاتنی دانیشتووانی پایتەخت لە ترسی موشەکە عێراقییەکان.

ڕۆژنامەی ئەهرام بە دوورونزیك بە لای دەستپێکردنی شاڵاوی سێیەمی ئەنفالی خەڵکی کوردستانی لە ناوچەی گەرمیان و گرتن و کوشتن و کاولکردنی گوند و شارۆچکەکانی نەڕۆیشتووە، بەپێچەوانەوە هێزەکانی سوپای عێراق، ئەو هێزانەی ئێرانیان بۆردومان کردووە، کە هەمان ئەو هێزەن ئەنفالی گەرمیانیان کردووە، وەك پاڵەوان باسکردووە و هێزەکانی ئێرانیشی بە لادەر لە یاسا نێودەوڵەتیی و مرۆییەکان و کوشتنی منداڵ و قوتابی و خەڵکی بێتاوانی عێراق وەسفکردووە.

ژمارە (٣٧٠١١) ڕۆژی هەشتی نیسانی (١٩٨٨) (صحيفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/٨، ص١) .. دووەم ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

ڕۆژی (هەشتی نیسانی ١٩٨٨)، کە دەکاتە دووەم ڕۆژی دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان ڕۆژنامەی ئەهرام دوو هەواڵ و وتارێکی بڵاوکردووەتەوە.

بابەتی یەکەمیان لە لاپەڕە یەك ڕیکلامی بۆ کراوە و لە لاپەڕە چواردرێژەکەی بڵاوکراوەتەوە: باس لەوە دەکات عێراق هێرشێکی ئێرانی بۆ سەر بەغداد تێکشکاندووە و شەش موشەکیشی ئاراستەی ئێران کردووە. لە درێژەی بابەتەکەدا ئەوە هاتووە، کە پاش شەش ساڵ لە هەوڵی ئێران بۆ بەئامانجگرتنی بەغداد بەیانی بەیانی ئەمڕۆ فڕۆکەیەکی ئێرانی بە ئاراستەی بەغداد هاتووە، بەڵام لەلایەن هێزی ئاسمانی عێراقی تێکشکێندراوە. هەروەها سوپای عێراق توانیویەتی شەش موشەك ئاراستەی ئێران بکات بەجۆرێك دووانیان ئاراستەی تاران کراوە، هەریەك لە شاری قوم، ئەسفەهان، کەرەج و تەبریزیش یەکی موشەکێکیان ئاراستە کراوە ژمارەی موشەکە ئاراستەکراوەکانی عێراق بۆ ئێران لە مانگی شوباتی ڕابردووەوە بۆ (١٣٧) موشەك بەرزبووەتەوە.

لە درێژەی هەواڵەکەدا ئەوە هاتووە: عێراق بڵاویکردووەتەوە، کە دوو فڕۆکەی ئێرانی یاریگایەکی تۆپی پێیان لە شاری کەلار لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی سلێمانی بۆردومان کردووە. بەو هۆیەوە (٤٠) منداڵ کوژراون و بریندار بوون.

باس لەوەش کراوە دوو فڕۆکەی دیکەی ئێرانی بۆردومانی ناوچەیەکی هەولێریان لە باکووری عێراق کردووە و ئێران دوو مەشەکیشی ئاراستەی بەغداد کردووە و ژمارەیەك ژن و منداڵی شەهید و بریندار کردووە. هەروەها باس لە هەوڵەکانی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ ڕاگرتنی شەڕی کەنداو و پابەندبوون بە بڕیاری (٥٩٨) کراوە، بەپێچەوانەوە سزای دیکە بەسەر ئێران دەسەپێنرێت.

ڕۆژنامەی ئەهرام سەربارى ئەوەی هیچ زیانێکی بەهۆی هێرشەکانی عێراق بۆ سەر ئێران نەکردووە، هەمیشە سوپای عێراقیشی، وەك پاڵەوان و سەرکەوتوو وێنا کردووە و چالاکییەکانی دژ بە ئێران تەنانەت ناوچە ئایینی و مەدەنینشینەکان بە کارێکی قارەمانانە پیشانداوە، وەکچۆن هەمیشە بەو ئاراستەیە کاری کردووە، کە ئێران دەست لە پاراستنی گیانی خەڵکی بێتاوان بەتایبەت ژنان و منداڵان ناپارێزێت.

بابەتی دووەمیان لە لاپەڕە یەك بڵاوکراوەتەوە و دواتریش بەشێوەیەکی بنکۆڵکاریی تا ماوەیەکی زۆر ڕۆژنامەکە کاری لەسەر کردووە، کە بریتییە لە ڕفاندنی فڕۆکەیەکی کوەیتی لە فڕۆکەخانەی شاری مەشهەد لە ئێران لەلایەن باندێکی مافیایی. لە فڕۆکەکەدا سێ کەس لە بنەماڵەی فەرمانڕەوای کوەیت هەبوون لەگەڵ (٦٤) سەرنشینی دیکە. ڕۆژنامەکە لە هەواڵەکەیدا باسی لە ئازادکردنی بارمتە بیانییەکانی ناو فڕۆکەکە کردووە، کە ژمارەیان (٣٣) کەس بوون، بێجگە لە ارمتە کوەیتی و عەرەبییەکان، بەگشتی تیشکی لەسەر ئەوەیە، کە ئەوەی ڕوویداوە کەمتەرخەمی دەوڵەتی ئێرانە، تەنانەت لەهەندێك

جێگە بە تاوانی دەوڵەتی و باسیکردووە، گوایە ئێران سووتەمەنی پێویستی بۆ فڕۆکەکە دابینکردووە.
ڕۆژنامەی ئەهرام زیاتر کاری لەسەر ئەوە کردووە ڕایگشتی عەرەبی و جیهانی بەلای ئەوەدا ببات، کە ئێران سەرچاوەی کێشەیە لەگەڵ عەرەب بەگشتی، نەوەك تەنها عێراق، ئەوەشی ئێستا عێراق بەرامبەر بە ئێران دەیکات، شەڕی هەموو عەرەبە و پێویستە دەکات هەموو عەرەب پشتیوانی ڕژێمی سەدام حسەین بێت و کۆمەڵگەی جیهانیش بزانێت ئێران سەرچاوەی کێشەیە لەگەڵ عێراق و عەرەب. هەروەها دەیەوێت ئەو پەیامەش بگەیەنێت، کە بارودۆخی ئاسایش و سەقامگیریی لە ئێران جێگیر نییە و هۆشداری بدات بە هاوڵاتیانی عەرەب و بیانی، گەشت بۆ ئەو وڵاتە نەکەن، چونکە مافیاکان دەسەڵاتیان هەیە.
بابەتی سێیەمی ڕۆژنامەی ئەهرام بریتییە لە بڵاوکردنەوەی وتارێك بەناونیشانی: (ویلایەتی فەقیە لە ڕووانگەی ئیسلام). نووسەر باسی لەوەکردووە، کە سیستەمی حوکمڕانی لە بابەتە گرنگەکانی بیری ئیسلامییە. هەروەها باس لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەو بیرۆکەیە دەکات و بۆ سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفانی دەگەڕێنێتەوە و لەوێشەوە درێژ بووەتەوە بۆ پاش ئەوە و دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان عەلی کوڕی ئەبوتالیب و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان. هەرئەوەش بەهۆکاری شۆڕش دژ بە عوسمان ناودەبات و بە سەردەمی فیتنەی گەورەی باس دەکات. دواتریش دێتەسەر ئەوەی، کە مەبەستیەتی بیڵێت و بریتییە لە هێرش بۆ سەر شیعەکان بەتایبەت لە ئێران، کە دەیانەوێت، تاوەکوو دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی ئیمامەکانیان لە حوکمڕانی بمێننەوە. لەوبارەیەوە هەندێك لایەنی نەرێنی لە تێڕوانین و تێگەیشتنی شیعەکان بۆ ویلایەتی فەقیە و خراپیکارهێنانی باس کردووە.
ڕۆژنامەی ئەهرام بە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە دەیەوێت وەها بە خوێنەرەکانی بگەیەنێت بنەمای حوکمڕانی شیعەکان لە ئێران لەقە و گرفتی زۆری تێدایە و لەسەر بنەمای فیتنەگەریی دەڕوات. ئەوەش پیشاندانی پاڵپشتییەکە بۆ ڕژێمی عێراق، کە لە جەنگێکی خوێناویدایە لەگەڵ ئێران.
ڕۆژنامەی ئەهرام بە دوورونزیك بە لای دەستپێکردنی شاڵاوی سێیەمی ئەنفالی خەڵکی کوردستانی لە ناوچەی گەرمیان و گرتن و کوشتن و کاولکردنی گوند و شارۆچکەکانی نەڕۆیشتووە، بەپێچەوانەوە هێزەکانی سوپای عێراق، ئەو هێزانەی ئێرانیان بۆردومان کردووە، کە هەمان ئەو هێزەن ئەنفالی گەرمیانیان کردووە، وەك پاڵەوان باسکردووە و هێزەکانی ئێرانیشی بە لادەر لە یاسا نێودەوڵەتیی و مرۆییەکان و کوشتنی منداڵ و قوتابی و خەڵکی بێتاوانی عێراق وەسفکردووە. لەو جێگانەش باسی لە لایەنی ئەمنی لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، تەنها وەك بەشێك لە ڕووداوەکانی شەڕی عێراق و ئێران تەماشای کردووە.
ژمارە (٣٧٠١٢) ڕۆژی نوێ نیسانی (١٩٨٨) (صحيفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/٩، ص١) .. سێیەم ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال
ڕۆژنامەی ئەهرام دوو هەواڵ و ڕاپۆرتی پەیوەندیدار بە پشتگیریی ناڕاستەوخۆ لە عێراق بڵاوکردووەتەوە.
لە مانشێتی سەرەکی لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەکەدا، کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە باس لەوە کراوە، ئێران وەڵامی ڕفێنەرانی فڕۆکە کوەیتییەکەی داوەتەوە و ئامادەیە ڕێگە بدات فڕۆکەکەیان لە فڕۆکەخانەکانی وڵاتەکەی بنیشێتەوە، بەڵام هەریەك لە فڕۆکەخانەکانی قوبرس، تورکیا و لوبنان داوای ڕفێنەرانیان بۆ نیشتنەوەیان لە خاکی وڵاتەکانیان ڕەتکردووەتەوە. ڕۆژنامەکە لێدوانی بەرپرسانی کوەیتی لەبارەی ڕووداوەکە بڵاوکردووەتەوە و هەموویان ئێران بە بەرپرسیار دەزانن. گوایە ڕێگەی بەنیشتنەوەی داوە و خواردن و سووتەمەنی پێشکەشکردوون. لەکاتێکدا کوەیت هۆشداری ئەوەی بە ئێران داوە، کارێکی لەوشێوە نەکات.
ڕۆژنامەی ئەهرام مەبەستێتی بە ڕایگشتی میسریی، عەرەبی و جیهانی، بڵێت: بەتەنها ڕژێمی ئێران هەڵوێستی دوژمنکارانەیە، نەك بەتەنها بەرامبەر بە حکومەتی عێراق، بەڵکوو بەرامبەر بە هەموو عەرەب، ئەوەتا قوبرس و تورکیاش هەڵوێستیان لە ئێران باشترە لە مەسەلەی دروستکردنی تەنگژە لەگەڵ دەوڵەتی کوەیت، کە هاوشێوەی عێراق دراوسێی ئێرانە، بۆیە دەبێت بە هەموولایەك بە بێ دوودڵی پشتگیریی لە بەرهەڵستی سەدام حسەین دژ بەو وڵاتە لە جەنگی عێراق - ئێران بکەین. هەروەها دەیەوێت بێ پەیمانی ئێران بەرامبەر بە کوەیتییەکان پیشان بدات، کە سەرەتا گوتویانە ڕێگە بە نیشتنەوەی فڕۆکە ڕفێنراوەکەیان نادەن، کەچی هەرچەند لە فڕۆکەخانەی مەشهەد ڕووداوەکە ڕوویداوە، ئێران خواردن و سووتەمەنی و بواری نیشتنەوەشی بۆ فەراهەم کردوون.
بابەتێکی دیکەی لە لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی ئەهرام لەسەر هەمان پرسی سەرەوە هاتووە و باس لەوە دەکات چوار هاوڵاتی میسرییش، کە کاریان لە هێڵی ئاسمانی وڵاتەکەیان کردووە، لەنێو ڕفێنراوانی فڕۆکە کوەیتییەکەدان و هاوشێوەی هاوڵاتیانی دیکەی عەرەب، ڕفێنەرانی فڕۆکەکە ئامادە نین ئازادیان بکەن.
ڕۆژنامەکە مەبەستی ئەوەیە، بە حکومەتی عێراق و شەقام و حکومەتە عەرەبییەکان، بڵێت: دەوڵەتی میسرییش هاوشێوەی کوەیت نیگەران و تووڕەیە لە هەڵوێستی ئێران لەبارەی ڕووداوەکە و ئەوەی کراوە بەرامبەر بە عەرەب کراوە، نەوەك تەنها وڵاتێکی دیاریکراو، هەروەکچۆن ئەو جەنگەی لەنێوان

عێراق – ئێران هەیە، جەنگە لە دژی هەموو عەرەب، نەك تەنها عێراق و ڕژێمی سەدام حسەین.

هەر لە لاپەرە یەك، ڕۆژنامەی ئەهرام وێنەی بەرپرسێکی کوەیتی لە فرۆکەخانەی کوەیت بڵاوکردووەتەوە، لەکاتی پێشوازی لە چەند کەسێکی ئازادکراوی ناو فرۆکە ڕفێنراوەکە، وێنەکە بە شێوەیەکە ڕفێنراوان ترسێکی زۆر بە ڕووخساریان دیارە، وەك ئەوەی بگوترێت مامەڵەیەکی خراپیان لەگەڵدا کراوە.

بابەتێکی دیکەی ڕۆژنامەی ئەهرام لە لاپەرە (١٠) بڵاوکراوەتەوە و ئاماژەی ڕوونی بۆ پتەوی پەیوەندی نێوان قاهیرە و بەغداد پیشان دەدات: (میسر بەشداریی لە پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی سەدام بۆ چەك دەکات). لەناوەڕۆکی هەواڵەکەدا هاتووە، کە یەکێتی تۆپی پێی میسر ڕەزامەندی لەسەر بەشداریی تیپی وڵاتەکەی لە پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی سەدام بۆ چەك لە ٢٣ی نیسان لە شاری بەغداد پیشان داوە. هەریەك لە جەزائیر، ئوردن، بولگاریا و مەجەڕیش بەشدار دەبن.

هەرچەندە بابەتەکە بەحیساب وەرزشییە، بەڵام لەو سەروەختەی عێراق لە جەنگێکی خوێناویدایە لەگەڵ ئێران و لە باکووری وڵاتەکەش هەڵمەتی دڕندانەی بۆ لەناوبردن و قڕکردنی گوندنشینانی کورد لە کوردستان و ناوچەی گەرمیان دەستپێکردووە، ئاماژەی دیکەی لێ دەخوێنرێتەوە و دەکرێت بە وەستان لەپاڵ ڕژێمی سەدام حسەین بەرامبەر بە ئێران و هەڵمەتەکانی بۆ لەناوبردنی مەترسییەکان لە ناوخۆی عێراق تەماشا بکرێت.

ژمارە (٣٧٠١٣) ڕۆژی (١٠ی نیسانی ١٩٨٨) (صحيفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/١٠، ص١) .. چوارەم ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

چوارەم ڕۆژی دەستپێکردنی شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان ڕۆژنامەی ئەهرام دوو هەواڵی پشتگیریی لە عێراقی بڵاوکردووەتەوە.

بابەتی یەکەمیان لە لاپەرە (١) بڵاوکراوەتەوە و دیسان تایبەتە بە پەرەسەندنەکان لەبارەی ئەو فرۆکە کوەیتییەی لە فرۆکەخانەی مەشهەد لە ئێران لەلایەن ژمارەیەك چەتە ڕفێنراوە. ڕۆژنامەی ئەهرام ئەمجارەیان باسی لەوە کردووە، کە ڕفێنەرەکان ئەفسەرێکی کوەیتیان لەناو ڕفێنراوەکان کوشتووە و هەڕەشەی کوشتنیش لە سەرنشینەکانی دیکەش دەکەن. هەروەها جەختی لەسەر ئەو بەشە لە زانیاریی کردووەتەوە، کە کوەیت ناچێتە ژێر باری داواکاریی چەتەکان و پێدانی سووتەمەنی بە فرۆکەکەیان بۆ ئەوەی لە قوبرس بنیشێتەوە، ڕەتدەکاتەوە. هەروەها تەفرنجی زۆری ڕۆژنامەکە لەسەر زانیارییەکی دیکەیە، کە گوایە بەریتانیاش یەکەیەکی سەربازیی لە نزیك فرۆکەخانەی لارنکا لە قوبرس خستووەتە حاڵەتی ئامادەباشی.

دیارە ڕۆژنامەی ئەهرام دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت کوەیت لە کەیسی فرۆکە ڕفێنراوەکەی، کە پێشتریش دەستی تۆمەت بۆ ئێران درێژکردووە، خۆشنابێت تەنانەت هۆشداریی بە قوبرسیش دەدات پەنای چەتەکان نەدات. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەچێتە خزمەت ئەو جەنگەی ڕژێمی عێراق لەگەڵ ئێران هەڵیگیرساندووە و لە پەنای ئەوەش کورد ئەنفال دەکات و چاوی میدیای جیهانی لە ئاستی نابینرێت. هەروەها دەکرێت بە خواستی میسر بۆ درێژکردنەوەی بازنەی ناڕەزایەتییەکان لە ئاستی عەرەبی و ئەورووپییش بەرامبەر بە کردەوەکانی ئێران تەماشا بکرێت.

ڕۆژنامەی ئەهرام لە درێژەی هەواڵەکەیدا؛ جارێکی دیکەش بەلای ئەوەدا دەچێت، کە مەسەلەکە تائیفییە و ئێران دەستی هەیە تێیدایە، بۆ نموونە باسی لەوە کردووە، چەتەکان داواکارییان لە حکومەتی کوەیت ئەوەیە ئەو (١٧) چالاکوانە شیعەیە ئازاد بکات، کە بە تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکی تیرۆریستی زیندانی کردوون.

ڕۆژنامەکە بە بڵاوکردنەوەی ئەوەی، کە ئەو ئەفسەرە کوەیتییەی لەلایەن چەتەکان کوژراوە و لەکاتی پشوو و لە گەڕانەوەی لە تایلاند بووە، لەگەڵ وێنەکەی بە کوژراوی و وێنەی ژنێکی دیکەی میسری ناو فرۆکەکە، کە ئازاد بووە و گەڕاوەتەوە فرۆکەخانەی قاهیرە، دەستی بۆ وروژاندنی هەست و لایەنی دەروونی کوەیتییەکان و میسرییەکان و ڕایگشتی عەرەبی و جیهانی بردووە دژ بە ئێران.

بابەتی دووەمی ڕۆژنامەی ئەهرام لە لاپەرە چوار بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی سەرەکی: عێراق هێرشێکی دەریایی ئێران تێکدەشکێنێت، کە لە ڕێگەی ١١ کەشتی دەریایی ئەنجامدراوە. بە ژێرە ناونیشانێکیش نووسراوە: ئێران بەردەوامە لەسەر بۆردومانکردنی ناوچە مەدەنی نشینەکانی سنوری عێراق.

هەردوو ناونیشانەکە بە ئاشکرا دەچێتە خزمەت ڕژێمی عێراق. یەکەمیان مانای توانا و هێزی دەریایی عێراق لە تێکشکاندنی گەورەترین هێرشی دەریایی ئێران پیشان دەدات و دووەمیشیان؛ دەست نەپاراستنی ئێران لە بە ئامانجگرتنی خەڵکی مەدەنی عێراق دەگەیەنێت.

لە درێژەی هەواڵەکەدا؛ ڕۆژنامەی ئەهرام بەیانێکی لە بەغداد بڵاوکردووەتەوە، کە ئێران بۆردومانی بەسرە، سلێمانی، خانەقین، کەحالە و میسان کردووە لەسەر سنور و بەهۆیەوە چەندین هاوڵاتی شەهید بوون و زیانی زۆریش بە کۆمەڵێك ماڵ و بینا کەوتووە.

لە بەرامبەر ئەوەش باس لەوە دەکات سوپای عێراق توانیویەتی (١١) سەربازی ئێرانی لە ناوچە جیاوازەکان بکوژێت لەگەڵ دەستگرتن بەسەر بڕێك لە کەرەستە و کەلوپەلی سەربازیی.

هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو، کە هێرشەکانی ئێران لەکاتێکدایە

هەڵبژاردنی پەرلەمان لە عێراق بەڕێوەدەچێت و سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانیش هەوڵەکانی بۆ ڕاگرتنی جەنگی نێوان هەردوو وڵات چڕکردووەتەوە.

هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن: ڕۆژنامەی ئەهرام لەبری ئەوەی پیشەییانە و هاوسەنگانە ڕووماڵی ڕووداوەکانی جەنگی عێراق – ئێران بکات و گرنگی بە هەواڵ و زانیارییەکانی هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوو بدات، تەنها هەواڵەکانی پەیوەست بە عێراقی ڕووماڵ کردووە، لەوەشدا؛ تەنها گرنگی بەو هەواڵانە داوە، کە دەچێتە خزمەت ڕژێمی عێراق، لە ناوخۆی عێراقیش هیچ هەواڵێکی دیکەی ڕووماڵ نەکردووە و چاوی لە ئاست هەموو ڕووداوەکان داخستووە، بەتایبەت کە ئەو ڕۆژگارە سوپای عێراق بەشێوەیەکی چڕ و بەرنامەی ئەنفالی ناوچەی گەرمیانی جێبەجێکردووە.

ژمارە (٣٧٠١٤) ڕۆژی (١١ـــی نیسانی ١٩٨٨) (صحیفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/١١، ص١) .. پێنجەم ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

لە پێنجەم ڕۆژی دەستپێکردنی شاڵاوی چڕی ئەنفال بەرامبەر بە ناوچەی گەرمیان ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری هیچ شتێکی لەبارەی ڕووداوەکان باس نەکردووە. لە لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەکە بە مانشێتێکی گەورە باس لە ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکە مەدەنییە کوەیتییەکە لە شاری مەشهەد لە ئێران دەکات و لە چەندین جێگە دەستی تۆمەت ئاراستەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە دەکات بەوەی ئاسناکر بوون چەتەکان بتوانن فڕۆکەکە بەرەو قوبرس بڕفێنن. ڕۆژنامەکە تەنها بەوە نەوەستاوە، بەڵکوو باس لەوە دەکات ئەمیری کوەیت سوورە لەسەر ئەوەی، کە هیچ سازشێك لەسەر ڕووداوەکە ناکەن و تەنها مەبەستیان ئازادکردنی سێ ئەندامەکەی خێزانی شاهانە ناکەن، بەڵکوو دەبێت هەموویان بە سەلامەتی ئازاد بکرێن. هەروەها ڕۆژنامەی ئەلئەهرام لە لاپەڕە یەك وێنەیەکی گەورەی فڕۆکە ڕفێنراوە کوەیتییەکەی لە قوبرس بڵاوکردووەتەوە و باس لەوە دەکات لە چاوەڕوانی ئەنجامی دانوستانی نێوان چەتەکان و حکومەتی قوبرسدایە چەتەکان داوای پێدانی سووتەمەنی پێویست دەکەن. باس لەوەش دەکات، کە تیمێکی (٣٥) سەربازیی بەریتانی گەیشتوون بە قوبرس بۆئەوەی ڕۆڵیان لە ئازادکردنی ڕفێنراوەکان هەبێت.

لە لاپەڕە شەشی ڕۆژنامەکەش درێژەی بابەتەکانی لاپەڕە یەك لەبارەی فڕۆکە ڕفێنراوەکە خراوەتەڕوو. لەوبارەیەوە لێدوانی هەریەك لە حکومەتەکانی کوەیت و قوبرس باس کراوە.

ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری لە هەموو هەواڵەکان پەیوەست بە فڕۆکە ڕفێندراوە کوەیتییەکە مەبەستی ئەوەیە بڵێت: کۆماری ئیسلامی ئێران، کە لە جەنگدایە لەگەڵ ڕژێمی سەدام حسەین تاوانبارە و ئەوان هۆکاری کەوتنەوەی ئەو ڕووداوەن و هەر خۆشیان لەپشتیەوەن و کارئاسانیان بۆ ئەنجامدانی کردووە. ئەوەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خزمەت بە ڕژێمی بەعس دەکات و ڕایگشتی عەرەبی بەرامبەر بە هەڵوێست و کردەکانی ئێران بەتایبەت لە شەڕی لەگەڵ عێراق تووڕەتر دەکات.

هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن: ڕۆژنامەی ئەهرام لەبری ئەوەی پیشەییانە و هاوسەنگانە ڕووماڵی ڕووداوەکانی جەنگی عێراق – ئێران بکات و گرنگی بە هەواڵ و زانیارییەکانی هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوو بدات، تەنها هەواڵەکانی پەیوەست بە عێراقی ڕووماڵ کردووە، لەوەشدا؛ تەنها گرنگی بەو هەواڵانە داوە، کە دەچێتە خزمەت ڕژێمی عێراق، لە ناوخۆی عێراقیش هیچ هەواڵێکی دیکەی ڕووماڵ نەکردووە و چاوی لە ئاست هەموو ڕووداوەکان داخستووە، بەتایبەت کە ئەو ڕۆژگارە سوپای عێراق بەشێوەیەکی چڕ و بەرنامەی ئەنفالی ناوچەی گەرمیانی جێبەجێکردووە.

ژمارە (٣٧٠١٥) ڕۆژی (١٢ـــی نیسانی ١٩٨٨) (صحیفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/١٢، ص١) .. شەشەم ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری چوار بابەتی لەبارەی ڕووداوەکانی پەیوەست بە عێراق بڵاوکردووەتەوە.

یەکەم: لە لاپەڕە یەك و بە ناونیشانی سەرەکی جارێکی دیکە ڕۆژنامەکە پرسی چەتەکان وروژاندووە و بە مانشێتی سەرەکی و دوو ژێرمانشێت ڕووماڵی ڕووداوەکەی کردووە:

چەتەدەریاییەکان ئەفسەرێکی دیکەی کوەیتی دەکوژن هەڕەشەی ڕێکاری مەترسیدارتر دەکەن (مانشێتی سەرەکی).. ڕفێنەکاران سوورن لەسەر وەرگرتنی سووتەمەنی و ڕۆیشتن بەرەو جەزائیر (ژێرمانشێتی یەکەم) .. کوەیت پلان بۆ دانانی تەواوی ڕفێنراوان دەکات (ژێرمانشێتی دووەم).

ناوەڕۆکی هەواڵەکەی ئەهرام لە ئاژانسەکانی هەواڵ وەرگیراوە و باس لەوە دەکات یەکێکی دیکە لە ڕفێنراوانی ناو فڕۆکە مەدەنییە کوەیتییەکەی فڕۆکەخانەی لارنکا لە قوبرس ئەفسەرێك بووە و پاش هەفتەیەك لە ڕفاندنیان لەلایەن ڕفێنەرانەوە کوژراوە و بەوەش ژمارەی ئەفسەرە کوژراوەکانی ناو فڕۆکەکە بۆ دوو ئەفسەر بەرز بووەتەوە.

هەروەها باس لەوەش دەکات ڕفێنەران ئەفسەرەکەیان بە پاساوی ئەوە کووشتووە، کە ئامادەنەبووە سووتەمەنی بکاتە نێو فڕۆکەکەیان و هەڕەشەشیان کردووە، ئەگەر لە زووترین کات سووتەمەنیان پێ نەدرێت، کارێکی خوێناویتر ئەنجام دەدەن.

گێڕانەوەی ڕۆژنامەکە تیشکی لەسەر ئەوە داناوە هەڕەشەی چەتەکان ئەوەیە یەکێك لە ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەوای کوەیت دەکوژن، کە لەنێو ڕفێنراواندایە. بۆئەوەش تەنها (٣٠) خولەکیان بۆ گفتوگۆ لە ڕێگەی چەتەدەرییە قوربرسی و فەلەستینییەکان داوەتەوە حکومەتی کوەیت.

ئەهرام چیرۆکی ڕووداوی کوشتنی ئەفسەرەکە و شێوازی

فڕێدانەخوارەوە لە ڕێڕەوی فڕۆکەخانەکە و گواستنەوەی بە ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن گێڕاوەتەوە. لە ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینی ئەوەی گواستووەتەوە، کە ئەفسەرەکە دووچاری شڵەژانی دەروونی بووەتەوە و خوێن لە لوتی هاتووە و بەوهۆیەوە تووشی خوێنبەربوون بووە، پاشان مردووە.

لەکۆتاییشدا؛ باکگراوەندێکی لەسەر کۆی ڕووداوەکە خستووەتەڕوو و باس لەوە دەکات ئێران لە پشت ڕووداوەکە و پێدانی سووتەمەنی بە فڕۆکە ڕفێنراوەکەوە بووە. هەروەها باس لە هەوڵەکانی یاسر عەرەفات، سەرەکردەی فەلەستینی بۆ ڕزگارکردنی ڕفێنراوان دەکات و باسیش لەوە دەکات یەکێك لە ڕفێنراوەکان، کە میوانێکی میسریی بووە، بە سەلامەتی گەڕێنراوەتەوە قاهیرە.

هەر لە بەشی سەرەوەی لاپەڕە یەك بابەتێك بەناونیشانی: (خومەینی هەڕەشەی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی نوێ لەکاتی حەجی ئەمساڵ دەکات) بڵاوکراوەتەوە و دوو نیشانەی سەرسوڕمانیش لەکۆتایی ناونیشانەکە دانراوە.

بە وتەی ڕۆژنامەی ئەهرام، کە زانیارییەکانی لە ڕادیۆی ئێران گواستووەتەوە، ئیمام خومەینی لە دژی نابەرپرسیاریەتی سیاسەتی جیهانی داوای کردووە، ئەو (١٥٠) هەزار حاجیە ئێرانیەی دەچن بۆ مەکە، لەوێ خۆپیشاندان بکەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی سعودیە دژی ئەو هەنگاوەن و ڕێگەنادەن مەراسیمی حەج بۆ بابەتی سیاسیی بەکاربهێنرێت. هەروەها بڕیاریشیان داوە ژمارەی حاجییە ئێرانییەکان بۆ (٥٠) هەزار کەمبکەنەوە.

بابەتی دووەمی ڕۆژنامەی ئەهرام کورتەکەی لە لاپەڕە یەك هاتووە و درێژەی بابەتەکە لە لاپەڕە چوار بڵاوکراوەتەوە و سێ مانشێتی بۆ دانراوە.

سەرمانشێت: جەنگی شارەکان لە کەنداو دەستپێکردەوە

مانشێتی سەرەکی: عێراق بە سێ مووشەك بۆردوومانی تاران و ئەسفەهان دەکات

ژێرمانشێت: ئێران دانبە زیانەکاندا دەنێت و هەڕەشەی بۆردومانکردنی بەغداد دەکات

ڕۆژنامەی ئەهرام لە ئاژانسی هەواڵی ئێرانەوە ئەوەی گواستووەتەوە، کە بەهۆی هێرشەکانی عێراق بۆ سەر تاران و ئەسفەهان لانیکەم (١٦) کەس کوژراون و زیانێکی زۆریش بەر بینا و باڵەخانەکانی ئەو ناوچەیە کەوتووە، کە مووشەکەکانیان ئاراستە کراوە.

هەروەها ڕۆژنامەکە لە ئاژانسی هەواڵی عێراقیش ئەوەی گواستووەتەوە، کە هێرشەکە، وەك وەڵامێك بووە بۆ هێرشی ڕۆژی هەینی ڕابردووی ئێران بۆ سەر بەغداد و موسڵ. بەپێی ئەهرام عێراق چەند ڕۆژێك وەڵامەکەی دواخستووە، تاوەکوو ئێرانییەکان بتوانن بەشداری لە دەنگدانی گشتی وڵاتەکەیان بکەن. ئەوەش ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتی و عەقڵانیەتی عێراق پیشان دەدات بەتایبەت، کە ئەنجومەنی ئاسایش داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی هێرشەکانی لە هەردوو لایەنی عێراقی و ئێرانی کردووە.

بەپێی ئەهرام: ژمارەی مووشەکەکانی عێراق لەسەرەتای جەنگی شارەکان بەرامبەر بە ئێران لەسەرەتای شوباتی ڕابردووەوە بۆ (١٥١) موشەك بەرزبووەتەوە و ئێرانیش تەنها (٦٧) موشەکی ئاراستەی بەغداد و شارەکانی عێراق کردووە.

لەکۆتایی هەواڵەکەش باس لە هەوڵەکانی ئێران لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەی بۆ ڕاگرتنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران کراوە.

لە هەواڵێکی دیکەی لاپەڕە چوار ڕوومالی هەواڵێك لەبارەی جوداخوازانی سریلانکا کراوە: (سوپای سریلانکا پەلاماری مۆڵگەیەکی جوداخوازانیدا) .. ناوەڕۆکی هەواڵەکە باس لەوە دەکات جوداخوازانی تامیل کۆمەڵکوژییان دەرحەق بە هاوڵاتیان ئەنجامداوە و (١٤) کەسیان لێ کووشتوون.

لە لاپەڕە شەش درێژەی هەواڵەکەی لاپەڕە یەك لەبارەی چەتەئاسمانییەکان هاتووە .. بە پشتبەستن بە ئاژانسی هەواڵی تاسی ڕووسی باس لە هەوڵەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا بۆ ئازادکردنی ڕفێنراوەکانی ناو فڕۆکە کوەیتییەکە دەکات و ڕووداوەکە بە پێشێلکاری یاسا نێودەوڵەتییەکان وەسف دەکات.

هەروەها باس لەوەش دەکات ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی لوبنانی هەڕەشەی لەسێدارەدانی هەموو بارمتە ئەمەریکی و فەرەنسییەکان لە بەیرووت دەکات، لە حاڵەتێك هێرش بکەنە سەر فڕۆکە ڕفێنراوەکە. هەروەها ئەهرام ئەوەش زیاد دەکات، کە ئەو هەڕەشانە لەکاتێکدایە پەنجەی تۆمەت ئاراستەی ئەو ڕێکخراوە کراوە لە ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکەکە .. ئەوەش نیشانەی پرسیار دەخاتەسەر داهاتووی گفتوگۆکانی پاریس و تاران لەبارەی ئازادکردنی بارمتە فەرەنسییەکان.

توێژەران لە ئاراستەی ڕوومالی ڕۆژنامەی ئەهرام بۆ ڕووداوەکانی پەیوەست بە عێراق لە ساتەوەختی شاڵاوی ئەنفالی گەرمیان چەند ئاماژەیەك تێدەگەن:

ڕۆژنامەی ئەهرام، وەك ئەوەی باسی لە ڕووداوەکانی ناوخۆی عێراق پەیوەست بە پرۆسەی کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی کورد لەلایەن سوپای عێراق نەکردووە، بەشێوەی ناراستەوخۆ پشتگیریی لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق کردووە:

- جەختکردن لە ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکە کوەیتییەکە و ڕاکێشانی چەندبارەی پەنجەی تۆمەت بۆ ئێران و ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی لوبنان نزیك لە ڕژێمی ئێران.

- ڕەتکردنەوەی نێودەوڵەتی بۆ ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکەکە و گواستنەوەی لێدوان و هەڵوێستی دەوڵەتی ڕووسیا.

- ڕەتکردنەوەی هەڕێمایەتی هەڵوێستی ئێران و رابەرەکەی لە ناوچەکەدا، کە خوڵقاندنی گرژی و ناسەقامگیرییە.
- دەرخستنی توانای سەربازی عێراق بۆ بەئامانجگرتنی تاران و شارە گەورەکانی ئێران.
- پیشاندانی گیانی بەرپرسیاریەتی و عەقڵانیەتی ڕژێمی عێراق تەنانەت لەکاتی وەڵامدانەوەی ئێران.
- هەستی بەرزی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە گرنگی بەڕێوەچوونی پرۆسە دیموکراسییەکان بەتایبەت هەڵبژاردن لەو وڵاتانەش، کە لە شەڕی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵیان.
- پیشاندانی گیانی شەڕەنگێزی ئێران بۆ موشەکبارانی جەرگەی شارەکانی عێراق.
- سەرباری پێشاندانی وێنەی بووتنەوە چەکدارییەکان، کە داوای جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەری دەکەن لە ناوچەکانی دیکەی جیهان.

ژمارە (٣٧٠١٦) ڕۆژی (١٣ـی نیسانی ١٩٨٨) (صحیفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/١٣، ص١) .. حەوتەم ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال
ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری لە لاپەڕە یەك بە چوار ناونیشان و لەلاپەڕە چواریش بە درێژەی بابەتێکی لاپەڕە یەك ڕووماڵی بۆ ڕوودوەکانی پەیوەست بە گۆڕەپانی سەربازیی و سیاسیی لە عێراق کردووە.
لە لای ڕاستی بەشی سەرەوەی لاپەڕە یەك باس لە دیدارێکی محەمەد حوسنی موبارەك، سەرۆکی میسر لەگەڵ شاندێکی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب کراوە، کە باسی لەوە کردووە ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکە کوەیتییەکە زیان بە ڕاپەڕینی فەلەستینییەکان و ناوبانگی عەرەب دەگەیەنێت.
هەروەها لە هەمان لاپەڕە و لەی چەپ و بەشی سەرەوە دیسان بابەتێك لەبارەی فڕۆکە ڕفێندراوە کوەیتییەکە لە خاکی ئێران کراوە. باس لەوەکراوە سەرباری دەنگۆی ڕێککەوتنی چەتەکان لەگەڵ حکومەتی جەزائیر بۆ نیشتنەوەی فڕۆکەکەیان لەو وڵاتە، بەڵام ئەوان هێشتا لە هەڕەشەکانیان بەردەوامن.
هەر لە لاپەڕە یەك و بەشی سەرەوەی لای چەپ باس لە هەڵوێستی بەریتانیا لە ڕووداوی فڕۆکە ڕفێندراوەکە کراوە و ئامادەیی ئەو وڵاتە بۆ ناردنی تیمێکی کۆماندۆز بۆ دەستبەسەرداگرتنی فڕۆکەکە کراوە ئەگەر حکومەتی قوبرس ڕەزامەند بێت. هەروەها بە چڕی هەواڵەکانی یاسر عەرەفات لەوبارەیەوە ڕووماڵ کراوە. لە لاپەڕە (١٠) درێژەی ئەو پێشهاتە بە ستوونێك خراوەتەڕوو.
لە بەشی خوارەوەی لاپەڕە یەك بابەتێك لەبارەی هێرشی ئێران بۆ سەر بەرەی باکووری سوپای عێراق هاتووە و لە لاپەڕە چوار درێژەکەی باس کراوە. ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات عێراق بەرپەرچی هێرشەکەی ئێرانی داوەتەوە و نزیکەی دوو هەزار سەربازی ئێرانی کوژراون و ژمارەیەکی دیکەشیان لێ بەدیلگیراوە.
هەروەها عێراق لە وەڵامی ئەو هێرشەکە هەریەك لە شارەکانی تاران و تەبریزی لە ڕێگەی موشەکەوە بۆردومان کردووە.
لە درێژەی بابەتەکە لە لاپەڕە چوار لە زاری وتەبێژی سەربازی سوپای عێراق ئاماژە بەوە دراوە هێرشەکەی سوپای ئێران لە دەوروبەری پێنجوێن بووە لە سنوری پارێزگای سلێمانی و سوپای عێراق بەتەواوی تێکیشکاندووە. هەروەها باس لە دەستپێکی هێرشەکە لە چەند هەفتەی ڕابرووش لە ناوچەیەك دەکات، کە نزیکەی (٣٠) کیلۆمەتر لە باکووری هەڵەبجەوە دووره و لەلایەن ئێران و لەژێر ناوی (بیت المقدیس) کراوەتە سەر خاکی عێراق و ژمارەیەکی زۆر سوربازی عێراقی کوژراون و فڕۆکەیەکیشیان تێکشکێندراوە.
هەواڵەکە ئاماژەی بە دەستدرێژی بەلەمە سەربازییەکانی ئێران بۆ سەر کەشتییەکی نەوتهەڵگری سعودی لە نزیك ئیمارەتی ڕەئسولخەیمە لە باشووری کەنداو کردووە.
لەهەمانکات ڕۆژنامەکە لێدوانێکی جێگری وەزیری دەرەوەی عێراقی گواستووەتەوە، کە ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی جەنگی لە دژی ئێران بەپێی بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان دەربڕیوە .. لە بەرامبەریش لێدوانێکی وەزیری بەرگری ئێران هاتووە، کە هەڕەشەی بە دۆزەخکردنی بەغداد دەکات، ئەگەر بێت و عێراق دەست لە بۆردومانکردنی شارەکانی ئێران هەڵنەگرێت.
بە تێگەیشتنی توێژەران سرووشتی ئەو ڕووماڵەی ڕۆژنامەی ئەهرام چەند مەبەستێکی لێ دەخوێنرێتەوە:
- تۆمەتبارکردنی ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی لوبنانی نزیك لە ئێران بە ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکە کوەیتییەکە و زیان بە ڕاپەڕینی فەلەستینییەکان و ناوبانگی عەرەب. هەروەها پیشاندانی ناڕاستەوخۆی هەڵوێستی میسر بۆ سیاسەتی عێراق بەرامبەر بە ئێران.
- هاوهەڵوێستی نێودەوڵەتی لە پرسی ڕفاندنی فڕۆکە کوەیتیەکە و وەستانەوە بەرامبەر بە هەڵوێستی ئێران.
- شکستی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە گشت قۆڵەکانی شەڕ تەنانەت لە باکووری عێراق.
- نانەوەی گرژی ناوچەیی لەلایەن ئێران بەرامبەر بە وڵاتانی کەنداو و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانیان.
- پابەندبوونی عێراق بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕاگرتنی جەنگ و دەرخستنی گیانی شەڕەنگێزی ئێران بەرامبەر بە عێراق.

ژمارە (٣٧٠١٧) ڕۆژی (١٤ـی نیسانی ١٩٨٨) (صحیفة الأهرام،

١٩٨٨/٤/١٤، ص١) .. هەشتەم ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

لەم ژمارەیەدا؛ چوار بابەتی پەیوەندیدار بە عێراق بڵاوکراوەتەوە.
لە ناونیشانی سەرەکی لاپەڕە یەك: (دانوستان لەگەڵ چەتەکان لە جەزائیر بۆ کۆتاییهێنان بە مەینەتییەکان دەستیپێکرد) هاتووە. لەژێر ناونیشانەکە وێنەی چوار ئەندامی ئازادکراوی کوەیتی نێو فڕۆکەکە لە ئاژانسی ڕۆیتەرزەوە بڵاوکراوەتەوە، کە بە سەلامەتی ڕزگارکراون و خۆشحاڵییەکی زۆر بە ڕووخساریان دەبینرێت.
لە لای سەرەوەی بەشی چەپی هەمان لاپەڕە لەسەر هەمان بابەت ناونیشانێکی دیکە بەرچاو دەکەوێت: (کوەیت گێچەڵپێکردن بە ڕفێندراوان ڕەتدەکاتەوە .. وەزیری ناوخۆی جەزائیر: پێشبینی هەواڵی باش دەکەین). لە درێژەی هەواڵەکەدا باس لە گفتوگۆ و دانوستانی نێوان تیمی ڕفێنەرانی فڕۆکەکە لەگەڵ حکومەتی جەزائیر و نیشتنەوەی فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی هواری بۆمدین دەکات. هەروەها ڕۆژنامەی ئەهرام تیشکی خستووەتەسەر داواکاری چەتەکان لە حکومەتی کوەیت، کە بریتییە لە ئازادکردنی (١٧) زیندانیکراوی شیعە مەزهەب لە زیندانەکانی کوەیت، بە وتەی ڕۆژنامەکە ئەو خەڵکانەن بە کردەوەی تێکدەرانە تۆمەتبار کراون.
هەر لە هەمان لاپەڕە لێدوانێکی شێخی ئەزهەر بۆ گۆڤارێکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی سعودی بڵاوکراوەتەوە باس لەوە دەکات (جوڵانەوەی خومەینی .. سیاسیی و تێکدەرانەیە) ئێران و سەرکردایەتی ئەو وڵاتە تۆمەتبار دەکات بەوەی بۆ یەك چرکەش بیریان لە گێڕانەوەی قودس نەکردووەتەوە.
لە لاپەڕە سێ بە شەش ناونیشانی جیاجیا باس لە چیرۆکی (١٢) سەرنشینی ئازادکراوی فڕۆکە کوەیتییەکە لەماوەی (١٠) ڕۆژی ڕفاندنیان بڵاوکراوەتەوە. وێنەی بەشێکی زۆریان بڵاوکراوەتەوە و باس لەوەش دەکرێت هێشتا کۆمەڵێکیان ئازاد نەکراون.
لە لاپەڕە چوار بابەتێکی دیکە بەناونیشانی: (دوو مووشەکی عێراق لە تاران کەوتنەخوارەوە .. تێکشکاندنی هێرشێکی ئێرانی لە باکووری عێراق) بڵاوکراوەتەوە. ناوەڕۆکی بابەتەکە باس لەوە دەکات سوپای عێراق دوو مووشەکی گرتووەتە تاران و زیانی هەبووە، هەروەها باس لە (٦٠) کاتژمێر شەڕی بەردەوامی سوپای هەردوو وڵات لە ناوچەی پێنجوێن لە باکووری عێراق دەکات، گوایە سوپای عێراق سەرجەم هێرشەکانی ئێرانی تێکشکاندووە. ڕۆژنامەکە لێدوانی جێگری وەزیری دەرەوەی عێراقی گواستووەتەوە، کە ئەوان پابەندی کۆتاییهێنان بە جەنگن بەپێی بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها باسی لەوە کردووە، کە پێناچێت شەڕی کەنداو بەو زوویە کۆتایی بێت، چونکە ئێران بڕیاری (٥٩٨)ی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەتدەکاتەوە. ڕۆژنامەکە لێدوانێکی ئەو بەرپرسە عێراقیەی گواستووەتەوە، کە بەغداد ئامادەیە ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئێران بەمەبەستی بەکارنەهێنانی چەکی کیمیاوی لە شەڕەکەیان ئیمزا بکات.

توێژەران ئەم دەرئەنجامانە لە ئاراستەی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕووداوانە دەخوێننەوە:
- پیشاندانی ئێران بە سەرچاوەی نائارامی دەروونی بۆ هەموو کەنداو.
- سووربوونی وڵاتانی کەنداو لەسەر سازشنەکردن لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانیان بۆ پاراستنی سەروەری خاك و سەلامەتی گیانی هاوڵاتیانیان.
- هاوهەڵوێستی میسر لەگەڵ کەنداو بۆ بەگژاچوونەوەی بیری ویلایەتی فەقیهی ئێران، کە سیاسیی و تێکدەرانەیە و پرسی فەلەستین بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێت.
- پیشاندانی توانای سەربازیی عێراق بەرامبەر بە ئێران و توانای پارێزگاری و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکان لە تەواوی سنورەکان لە باشوور بۆ باکووری وڵات.
- داننان بەوەی عێراق هاوشێوەی ئێران چەکی کیمیاوی هەیە و ئەگەر لەگەڵ ئێران ڕێکنەکەوێت، لە دژی بەکاری دەهێنێت.
ژمارە (٣٧٠١٨) ڕۆژی (١٥ی نیسانی ١٩٨٨) (صحيفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/١٥، ص١) .. نۆیەم ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال
لەم ژمارەی ڕۆژنامەی ئەهرام چوار بابەت بڵاوبووەتەوە و هەریەکەیان بەچەشنێك پەیوەندیان بە ڕووداوەکانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەیە.
یەکەمیان، بریتییە لە ڕاپۆرتێك، کە لە لاپەڕە یەك بڵاوبووەتەوە لەبارەی ڕووداوی فڕۆکە ڕفێندراوەکەی کوەیت. مانشێتی سەرەکی بریتییە لە: (تراژیدیای فڕۆکە ڕفێندراوە کوەیتییەکە .. جەزائیر: دانوستان لەگەڵ ڕفێنەران گەیشتووە بە ڕێگەیەکی داخراو) .. لە ژێرمانشێت، هاتووە: ئێران و ئیسرائیل لە ڕووداوەکە تێوەگلاون و داوای ڕفێنەرانیان گۆڕیوە.
دووەمیان، وتارێك لە لاپەرە سێ بڵاوکراوەتەوە: (تاوانێکی قێزەون و کارێکی هەرزەکارانە). باس لە لایەنی دەروونی ڕفێنەرانی نێو فڕۆکە کوەیتییەکە دەکات. زیاتر کاری لەسەر جوڵاندنی لایەنی هەست و سۆزی عەرەبی بەرامبەر بە ئەنجامدەرانی پشت ڕووداوەکە کردووە. باس لەوە دەکات دەبێت خەڵکی مەدەنی تاوانی چیی بێت کاتێك حکومەتی وڵاتەکەیان کێشەیەکی لەگەڵ کۆمەڵێك تیرۆریست هەبێت، کە کۆمەڵێك ئامانجی پیس و خراپ و گوماناوییان هەیە.
سێیەمیان، هەواڵێك لە لاپەڕە چوار بەناونیشانی: (دوو موشەکی عێراقی تاران و قومیان پێکا .. ئێران پێشنیازی دانوستان دەکات) بڵاوکراوەتەوە.
لەناوەڕۆکی هەواڵەکەدا باس لەوە دەکات عێراق لە هێرشێکی

نوێدا؛ دوو مووشەکی ئاراستەی شارەکانی تاران و قوم لە ئێران کردووە. ئەوەش لەپاش هێرشی شەوی ڕابردووی ئێران بۆسەر بەغداد و عەمارە دێت، کە بەهۆیەوە ژمارەیەك ژن و منداڵ کوژراون. هەروەها باس لە پابەندی عێراق بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی جەنگ کردوو، کە بە قسەی ڕۆژنامە میسرییەکە: سەرچاوەیەکی ئەمەریکی بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز هەڵوێستەکەی عێراقی بە بەرپرسیارانە ناوبردووە .. لەکاتێکدا ئێران ئامادە نییە پابەندی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بێت.

چوارەمیان، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی وتارێکی ئەندامێکی پەرلەمانی میسری لە گۆشەی (بیری ئایینی) لە لاپەڕە (١٢)، بەناونیشانی: ویلایەتی فەقیە لە دیدی ئیسلام .. ئەو داهێنراوەی خودا هیچ دەسەڵاتێکی پێ نەداوە) .. نووسەر باس لە دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی ئێران و بەڕێوەبردنی لەلایەن خودی ئیمام خومەینی، ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی دەکات. پێیوایە هیچ بیرێکی ئایینی لە مێژووی مرۆڤایەتی بەقەد بیری ویلایەتی فەقیە، کە ئێران بەڕێوە دەبات خوێن، خەم، ژان و فرمێسکی بەرهەم نەهێناوە .. بۆئەوەش ئاماژەی بە چەندین وتە و بەسەرهاتی مێژوویی کردووە.

توێژەران لە ئاراستەی بابەتە بڵاوکراوەکان لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی ئەهرام وەها تێدەگەن:

- تۆمەتبارکردنی ئێران و ئیسرائیل بە هاوپەیمان لە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و تێکدەرانە بەرامبەر بە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی .. وەکچۆن پیشاندانی هەردووکیان بە دۆستی یەکدی.
- جوڵاندنی هەست و سۆزی خەڵکی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دژ بە ئێران.
- عێراق سەرباری ئەوەی باڵادەستی هێزی لە گۆڕەپانی جەنگ بۆ گەڕاوەتەوە، بەڵام هێشتا خۆی لەبەردەم بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕاگرتنی جەنگەکەی لەگەڵ ئێران بە بەرپرسیار دەزانێت، بەپێچەوانەی ئێران، کە پابەندی هیچ بڕیارێکی نێودەوڵەتی نابێت.
- کارکردن لەسەر هزر و بیری ویلایەتی فەقیە، کە کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەسەر بونیاتنراوە و بووەتە بنەمای حوکمڕانی لە ئێران بەوەی، کە سەرچاوەی هەموو کێشە و تەنگژەکانی ناوچەکەیە.

ژمارە (٣٧٠١٩) ڕۆژی (١٦ـی نیسانی ١٩٨٨) (صحیفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/١٦، ص١) .. دەیەم ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

لەم ژمارەیەدا؛ سێ بابەتی ڕۆژنامەنووسیی لەبارەی ڕووداوەکانی پەیوەست بە عێراق و کەنداو بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی یەکەمیان لە لاپەڕە یەکدایە و بریتییە لە هەواڵێك لەبارەی فڕۆکە ڕفێنراوەکەی کوەیت .. باس لەوە دەکات حکومەتی کوەیت هەر جۆرە دانوستانێك لەگەڵ ڕفێنەرەکان ڕەتدەکاتەوە، کە دەیانەوێت (١٧) زیندانی سیاسیی هاوڕێیان لە زیندانەکانی کوەیت ئازاد بکرێن. هەروەها باسیشی لە تێکچوونی باری تەندروستی یەکێك لە بارمتەکان کردووە، کە ئەندامی خێزانی شاهانەی کوەیتییە.

بابەتی دووەمیان، لە لاپەڕە شەش بڵاوبووەتەوە بریتییە لە وتارێکی ڕۆژنامەکە، بەناونیشانی: (پلانی ئێران نوێدەبێتەوە). بەکورتی باس لە پلانی ئێرانی خومەینی بۆ ئەنجامدانەوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە وەرزی نوێی حەج لە مەککە دەکات. ڕۆژنامەکە پێیوایە ئەو داوایانە سیاسیی و دنیاییە. داوایەکی هەڵەیە و دەرفەت بە ئەنجامدانی تاوانی تیرۆریستی دەکات. بەپێی بۆچوونی ڕۆژنامەکە ئێران ئامانجی ئەوەیە هەژموونی خۆی بسەپێنێت و دڵەڕاوکێ بڵاوبکاتەوە. دواجاریش ئاسایشی کەنداو بخاتە مەترسییەوە و شتێك بەدەستبهێنێت تەنانەت ئەگەر شتێکی بانگەشەکارانەش بێت. ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەش دەکات جێگەی داخە ئێران لەژێر ناوی ئیسلامی ئەو کارانە دەکات، لەکاتێکدا خۆی هاوپەیمانی ئیسرائیلە و زیان بە یەکێتی موسڵمانان و ئیسلام دەگەیەنن. وەکچۆن لە مەسەلەی فەلەستین هەمان زیانی بەو دۆزە گەیاندووە.

بابەتی سێهەمیان، لە لاپەڕە حەوت بڵاوکراوەتەوە و بریتییە لە وتارێکی کورت لە گۆشەی (تەنها بۆچوون) و هەندێك تێبینی خێرای لەبارەی ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکە کوەیتییەکە لەخۆگرتووە. ڕۆژنامەکە پرسیار و گومان دەخاتە سەر ئەنجامدەرانی پشت ڕووداوەکە و دەڵێت: پاش (١٢) ڕۆژ هیچ ڕێکخراوێك بەرپرسیاریەتی خۆی لە ڕووداوەکە ڕانەگەیاندووە. کەواتە ئایا ئەمە کاری ڕێکخراوێکە؟ هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: نەخێر ئەمە کاری دەوڵەتێکە و دەچێتە چوارچێوەی کاری تیرۆریستی. هەروەها دەڵێت: یەکەم جێگە فڕۆکەخانەی مەشهەد بوو لە ئێران، کە فڕۆکەکە بەبێ هیچ گرفتێك لێی نیشتەوە، هەرچەندە دەسەڵاتدارانی کوەیت داوایان کرد، ئێران ڕێگەیان پێ نەدات، ئەی ئەمە مانای چییە؟ پرسیارێکی دیکەی ڕۆژنامەکە: بۆچی لە یەکەم چرکەساتی نیشتنەوەی فڕۆکەکە لە مەشهەد سەرجەم سەرنشینە فەرەنسی، بەریتانی و نەمساوییەکان ئازادکران، تەنها عەرەبەکان مانەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەو کردوویەیە تەنها دژ بە عەرەبە؟ ئەی بۆچی لە فڕۆکەخانەی مەشهەد هیچ یەکێك لە ڕفێندراوەکان دووچاری مردن نەبوونەوە، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی فڕۆکەکە بە قوبرس تەرمی دوو گەنجی کوەیتی بە مردوویی فڕێدرایە خوارەوە؟ دەیانەوێت بڵێن: ئێران دوورە لەو کردە تاوانکارییە؟! هەروەها ڕۆژنامەکە کۆمەڵێك تێبینی و پرسیار و گومانی دیکەی لەبارەی ڕووداوەکەوە وروژاندووە.

بەبۆچوونی توێژەران، چەند پەیامێك لە پشت جۆری رووماڵی رۆژنامەکەوە دەخوێندرێتەوە:

- باسکردنی ئێران بە سەرچاوەی کێشەکان و داینەمۆی قۆستنەوەی مەراسیمە ئاینییەکان لە وڵاتانی سونەمەزهەب بەتایبەت حەج بۆ کاری سیاسیی و دنیایی و تێکدەرانە.

- تۆمەتبارکردنی ئێران بە دەوڵەتی پشت رووداوی رفاندنی فڕۆکە کوەیتییەکە و پیشاندانی دوژمنایەتی خۆی بەرامبەر بە وڵاتانی عەرەبی.

- پیشاندانی ئێران بە دۆست و هاوپەیمانی ئیسرائیل و کارکردنیان بۆ زیانگەیاندن بە سەقامگیریی وڵاتانی کەنداو.

ژمارە (٣٧٠٢٠) رۆژی (١٧ی نیسانی ١٩٨٨) (صحيفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/١٧، ص٤) .. یازدەهەمین رۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

رۆژنامەی ئەهرام لەم ژمارەیەدا؛ دوو بابەتی لەبارەی عێراق بڵاوکردووەتەوە.

یەکەمیان بریتییە لە: عێراق تاران و ئەسفەهان و قوم بە شەش موشەك بۆردومان دەکات .. رۆناڵد ریگان لەگەڵ گەورە راوێژکارانی ئەنجامدانی کردەی سەرباوی دژی ئێران تاوتوێ دەکات.

لە ناوەرۆکی هەواڵەکەدا هاتووە، کە سوپای عێراق شەش مووشەکی ئاراستەی سێ گەورە شاری ئێران کردووە، بەتایبەت شاری قوم، کە پیرۆزییەکی تایبەتی لای ئێرانییەکان هەیە و شوێنی مانەوەی ئیمام خومەینییە. هەروەها عێراق چەندین شار و ناوچەی تری لە سنوری کرماشان و هەمەدان بۆردومان کردووە. بەوەش ژمارەی مووشەکە ئاراستەکراوەکانی بۆ خاکی ئێران لە مانگی شوبات بۆ (١٢٨) مووشەك بەرزبووەتەوە.

رۆژنامەکە زۆر بە کورتی باسی لە هێرشی ئێرانیش بۆسەر هەندێك ئامانجی سەربازیی و ئابووریی لە چوار شاری عێراقی کردووە.

لە بەشێکی دیکەی هەواڵەکەدا باس لەوە کراوە، کە سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ راوێژکاران و گەورە بەرپرسانی سەربازی گفتوگۆیان لەبارەی وەڵامی سەربازی بۆ رژێمی ئێران لە پای دانانی لوغم لەسەر رێگەی کەشتیگەلی ئەمەریکی لە کەنداو کردووە.

بابەتی دووەم بریتییە لە وتارێکی رۆژنامەنووسیی بەناونیشانی: ئەمە دەرمانە لەعنەتیەکەیە

وتارەکە هیچ ناوێکی بەسەرەوە نییە و لە لاپەڕە شەش بڵاوکراوەتەوە و دیارە گوزارشت لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکە دەکات.

ناوەرۆکەکەی بەکورتی باس لەوە دەکات رفاندنی فڕۆکەکە کوەیتییەکە پلان بۆ دانراوە و ئەو خەڵکانەی ئەو کارەیان کردووە، مێشکیان شۆردراوەتەوە و بە بیروباوەڕی توند و دەمارگیر پڕکراون. هەروەها باس لەوەش دەکات ئەوانە خەڵکانی ئاسایی نیین و خاوەنی بیروباوەڕی شەڕەنگێزین. رۆژنامەکە کارەکەی بە تیرۆریستی و قێزەون ناوبردووە، دەڵێت: ئەوە حەقیقەتی تیرۆر و دروستکەرەکەیەتی و هەرئەوەش ئامراز و رێگەی گەیشتنیانە بە ئامانجە خراپەکانیان.

گوتاری رۆژنامەکە بە پووختی بریتییە لە:

- پیشاندانی باڵادەستی عێراق لە بەرامبەر ئێران و گۆڕینی باڵانسی هێز و شەڕ لە بەرژەوەندی عێراق.

- توانای عێراق بۆ بەئامانجگرتنی تەنانەت شوێنی نیشتەجێبوونی رابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی.

- دەست نەپاراستنی ئێران لە کردنەئامانجی ژێرخانی ئابووریی و مەدەنی عێراق.

- دەستوەردانی ئەمەریکا و یەکلاکردنەوەی ململانێ لە بەرژەوەندی وڵاتانی عەرەبی کەنداو.

- تۆمەتبارکردنی ئێران لە پشت رووداوی رفاندنی فڕۆکە کوەیتییەکە بە بەرنامە و پەرەپێدان بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی توندڕەوی و دەمارگیریی ئایدۆلۆجی تا ئەو رادەیەی تۆمەتی تیرۆر و دروستکەری تیرۆری ئاراستەی دەستی پشت رووداوەکە کردووە.

ژمارە (٣٧٠٢١) رۆژی (١٨ی نیسانی ١٩٨٨) (صحيفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/١٨، ص١) .. دوازدەهەمین رۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

لەم ژمارەیەدا؛ دوو بابەت لەبارەی عێراق بڵاوکراوەتەوە.

یەکەمیان مانشێتی سەرەکی رۆژنامەکەیە و تەنانەت پێش هەواڵەکانی سەرۆکی میسر خراوە و بەمجۆرەیە: عێراق بەشێوەیەکی لەناکاو ئازادکردنی نیمچەدوورگەی فاو لە هێرشێکی بەرفراواندا رادەگەیەنێت.

لە ناوەرۆکی ئەم هەواڵەدا؛ لە زاری وتەبێژی سەربای عێراق باس لە بەرفراوانی هێرشەکە و بەشداریی گاردی کۆماری و فیرقەی حەوتی سوپا لە چەند ئاراستەیەکی جیاوازی شەڕەکەوە کراوە. بەپێی هەندێك سەرچاوەی دیبلۆماسی رۆژئاوایی قەبارەی هێزە بەشدارەکان بە (٢٥) هەزار سەرباز مەزەندە کراوە.

هەروەها لە ناوەرۆکی هەواڵەکە سەرباری باسکردن لە پێگەی جوگرافی و بازرگانی نیمچەدوورگەی فاو، رۆژنامەکە باسی لە دەربڕینی شادی و خۆشحاڵی و شانازیی خەڵکی عێراق بە ئازادکردنی نیمچەدوورگەی فاو کردووە. لەگەڵ باڵادەستی سوپای عێراق، کە سەرباری ئازادکردنی فاو چەندین موشەکیشی ئاراستەی شارەکانی ئێران کردووە.

هەروەها رۆژنامەکە باسی لە خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ئێرانی لە باکووری عێراق کردووە و بۆیەکەمجار ناوی (هەرێمی کورستان)ی بەکارهێناوە.

لە بەشی خوارەوە بابەتەکەش نەخشەیەکی نیمچەدوورگەی فاو

بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی دووەمیان هەر لە لاپەڕە یەك بڵاوکراوەتەوە و بریتییە لە هەواڵێك لەبارەی فڕۆکەڕفێندراوەکەی کوەیت لە ئێران و دانوستانەکانی نێوان چەتەکان و دەسەڵاتی جەزائیر بۆ گەڕاندنەوەی بارمتەکان لە بەرامبەر پێدانی سووتەمەنی بە فڕۆکەکە. لەوبارەیەوە چەتەکان ڕەزامەندیان لەسەر ڕێککەوتنەکە پیشانداوە و کوەیتیش داوای لە جەزائیر کردووە ڕێگە بەنیشتنەوەی فڕۆکەکە نەدەن.

بەتێگەیشتنی توێژەران ئاراستەی گوتاری ڕۆژنامەکە بە کورتی بریتییە لە:

- پیشاندانی هێز و توانای سوپای عێراق لە بەرامبەر ئێران و ئازادکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان و بۆردومانی شارەگەورەکانی ئێران.
- بەردەوامی ئەو تەنگژانەی ئێران بۆ وڵاتانی کەنداو درووستیکردووە و ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکەی خستووەتە مەترسییەوە.

ژمارە (٣٧٠٢٢) ڕۆژی (١٩ــی نیسانی ١٩٨٨) (صحيفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/١٩، ص١) .. سیازدەهەمین ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

لە لاپەڕە یەك دوو بابەت بڵاوکراوەتەوە .. بابەتی یەکەمیان بووەتە ناونیشانی سەرەکی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکە و ناونیشانێکی سەرەکی و ژێرمانشێتێکی لەخۆگرتووە.

مانشێتی سەرەکی: عێراق تێکشکاندنی زۆربەی هێزەکانی ئێرانی لە فاو ڕاگەیاند

ژێرمانشێت: شەڕی پاککردنەوەی تەواوەتی ناوچەکە لە سوپای ئێرانی بەردەوامە

لەگەڵ هەواڵەکەدا نەخشەیەکی جوگرافیای کەنداو بە دەستنیشانکردنی ناوچەی فاو لە باشووری عێراق لەگەڵ هەواڵەکە دانراوە. بەپێی ناوەڕۆکی هەواڵەکەش، کە لە ئاژانسەکانی هەواڵ وەرگیراوە: لە زاری سەرچاوەیەکی سەربازی لە سوپای عێراق بڵاوکراوەتوە، کە لەپاش زیاتر لە دوو ساڵ لە داگیرکردنی فاو لەلایەن ئێران، هێزەکانی سوپای عێراق توانیویانە ئەو ناوچەیە ئازاد بکەن و هەزاران سەرباز و ئەندامی سوپای پاسداران بکوژن و بریندار بکەن لەگەڵ بەدیلگرتنیان. لە زاری سەرچاوە ئێرانییەکانیش ئەوەی بڵاوکردووەتەوە، کە هێشتا شەڕوپێکدادانەکان بەردەوامن و سوپای ئەمەریکاشیان بەوە تۆمەتبار کردووە لە ڕێگەی هێلیکۆپتەرەوە هەوڵی بەئامانجگرتنی سوپای ئێرانیان داوە. هەروەها ڕۆژنامەکە لە بەرنامەی بەیانیانی ڕادیۆ بەغداد ئەوەی گواستووەتەوە، کە لە قۆناغی یەکەم و لە چوارچێوەی پرۆسەی (ڕەمەزانی پیرۆز) ئامانجی یەکەم و دووەمیان بەدەستهێناوە، پاشان قۆناغی سێهەمیان بەبەشداریی هەریەك لە هێزەکانی گاردی کۆماری و فیرقەی حەوتی سوپا دەستپێکردووە و فاویان ئازاد کردووە.

هەروەها ڕۆژنامەی ئەهرام بەیانێکی سوپای عێراقی لەوبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە و سێ بڕاردەی خستووەتە بەردەم ئەو بەشە کەمەی سوپای ئێرانی، کە هێشتا لە ناوچەکە ماونەتەوە و شەڕی پچڕپچڕ دەکەن: مردن، شکست، خۆبەدەستەوەدان.

لە درێژەی هەواڵەکە لە لێدوانی بەرپرسێکی سەربازی عێراقی بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرز گواستراوەتەوە، کە سوپای عێراق لەمیانەی هێرشەکەیدا هەزاران سەربازی ئێرانی کوشتووە، بریندارکردووە یان بەدیلگرتووە.

هەروەها لێدوانی سوپای ئێرانیش لەوبارەیەوە هاتووە، کە ئەمەریکا تۆمەتبار دەکات بە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەکانی بەمەبەستی لێدان لە هێزە ئێرانییەکان لە نیمچەدوورگەی فاو.

لەلایەکی تریش ڕۆژنامەکە باسی لەوەکردووە، شەوی ڕابردوو سوپای عێراق چوار مووشەکی دیکەی گرتووەتە شارە گەورەکانی ئێران و کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.

درێژەی ئەوهەواڵە لە لاپەڕە شەش هاتووە. هەروەها لە لاپەڕە شەش دیسان ستوونێك لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە.

هەواڵی دووەمی ڕۆژنامەکە هەر لە لاپەڕە یەکدایە و بریتییە لە: پەرەسەندنی مەترسیدار لە شەڕی کەنداو .. هێرشی ئەمەریکی بۆسەر ئامانجە ئێرانییەکان .. ئێرانیش بە بۆردومانکردنی شۆستەی نەوتی ئیماراتی و کەشتیەکی نەوتهەڵگر وەڵامی داوەتەوە

بەپێی ناوەڕۆکی هەواڵەکە، کە لە پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە ئێران و ئاژانسەکان ئامادەکراوە، وتەی وتەبێژی کۆشکی سپی وەرگیراوە، کە ڕایگەیاندووە، هێرشەکەی ئەمەریکا بە فەرمانی سەرۆکی ئەمەریکا، ڕۆناڵد ڕیگان بووە و لە وەڵامی دانانی لوغم لە ڕێگەی کەشتیە ئەمەریکییەکان لە لایەن ئێران بووە لە کەنداو. درێژەی بابەتەکە لە لاپەڕە شەش و ستوونێکیش لەسەر هەمان بابەت لە لاپەڕە هەشت بڵاوکراوەتەوە و بەگشتی ناوەڕۆکەکەیان تۆمەتبارکردنی ئێرانە بە هەوڵی چەندبارەی بۆ نانەوەی گرژی و ئاڵۆزی لە ئاوەکانی کەنداو و دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم جوڵەی کەشتیوانی. هەروەها تیشکخستنەسەر هاتنەدەنگی ئەمەریکایە بەرامبەر بە ئێران.

دەکرێت چەند لایەنێك لە سرووشتی ڕوومالی ڕۆژنامەی ئەهرام بخوێنینەوە:

- پێدانی هێز و وەرە و خۆڕاگریی بە ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە ئێران و توانای ڕزگارکردنی تەواوی ناوچەکان و پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی ئێران.
- دەستوەردانی ئەمەریکا لە بەرژەوەندی عێراق.
- دەستوەردانی ئەمەریکا بە فەرمانی سەرۆکی

ویلایەتەیەکگرتووەکان دژ بە پیلانەکانی ئێران لە دەریا و لەبەرامبەر دروستکردنی لەمپەر بۆ جولەی کەشتیوانی عەرەبی.

ژمارە (٣٧٠٢٣) ڕۆژی (٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) (صحيفة الأهرام، ١٩٨٨/٤/٢٠، ص١) .. چواردەهەمین ڕۆژی شاڵاوی سێی ئەنفال

دەکاتە کۆتا ڕۆژی شاڵاوەکانی ئەنفالی سێ لە ناوچەی گەرمیان بابەتی سەرەکی لاپەڕە یەك تەرخانکراوە بۆ زیادبوونی پەرەسەندنەکان لەنێوان ئێران و ئەمەریکا لە دەریا و سەردانی سەدام حسەین بۆ ناوچەی فاو لەپاش ڕزگارکردنی لەلایەن ئێران کراوە.

ناونیشانی سەرەکی: هەڕەشەکان ڕووبەڕوونەوەکان لەنێوان ئەمەریکا و ئێران خێرا دەکەن

سەرمانشێت: جوڵەی چڕی کەشتیوانی ئەمەریکی لە کەنداو .. واشینگتۆن بەشێوەیەکی کاتی پاراستنی کەشتییە کوەیتییەکان ڕادەگرێت

ژێرمانشێت: بەلەمەئێرانییەکان پەلاماری کەشتییەکی ئیماراتیاندا هەواڵەکە لە ئاژانسەکانی هەواڵەوە وەرگیراوە و لە ناوەڕۆکەکەی باس لەوەکراوە، مەترسییەکانی پێکدادان لەنێوان کەشتیگەلی ئێرانی و ئەمەریکی لە کەنداو بەرزبووەتەوە، بەتایبەت لەپاش ئەو گرژیانەی ڕۆژی ڕابردوو بەهۆی پەلاماری کەشتیگەلی ئێران بۆسەر کەشتییەکی ئیماراتی لە باشووری کەنداو ڕوویداوە و ئیمارات ژمارەیەك کێڵگەی نەوتی داخستووە و پێیوایە هێرشەکان لە دژی ئەوان بووە. لەهەمانکات باس لە چڕبوونەوەی زیاتری جوڵەی کەشتییە ئەمەریکییەکان لەو ناوچەیە دەکات و لە زاری بەرپرسانی ئەمەریکی گواستویەتیەوە، کە ئێران مووشەکی (سینك وورم)ی چینی لە هێرشەکەی بەکارهێناوە و سەرکەوتوو نەبووە لە پێکانی ئامانجەکەیدا.

هەر لە لاپەڕە یەك و بەشی سەرەوەی لای چەپ وێنەیەکی سەدام حسەین، سەرۆکی ئەوکاتی عێراق بە جلی سەربازی بڵاوکراوەتەوە، لەمیانەی بەسەرکردنەوەی چەند بنکەیەکی سەربازیی لە دوورگەی فاو، کە شەوی پێشووتر سوپای عێراق لەپاش شەڕێکی سەخت لە چنگی سوپای ئێرانی دەرکردووە.

بە خوێندنەوەی توێژەران بۆ ئاراستەی گوتاری بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنان و خستنەڕووی بابەتەکان:

- ڕۆژنامەی ئەهرام ئێران بە سەرچاوەی کێشە و ئاڵۆزی لە ئاوەکانی کەنداو دادەنێت.
- دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت لە حاڵەتی گرژبوونی زیاتری ئاڵۆزییەکان لە کەنداو ئەمەریکا پشتیوانی وڵاتانی کەنداو بەرامبەر بە ئێران دەکات.
- دەیەوێت باس لەوە بکات چین لە پشت ئێران وەستاوە و هاوکاری سەربازیی دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی کەنداو دەکات.
- پیشاندانی هێز و وورەی عێراق لە جەنگەکەی لەگەڵ ئێران و کۆنترۆڵکردنەوەی گرنگترین پێگەی ستراتیجی و ئابووریی لە دەستی ئێران.

ئەنجام:

دیارترینیان بریتیین لە:

١. ڕۆژنامەی ئەهرام هیچ بایەخێکی بە ڕووماڵی پرس و بابەتەکانی پەیوەست بە جینۆسایدی گەلی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراق بەتایبەت ئەنفالی ناوچەی گەرمیان نەداوە و هەموو ڕووداوەکانی پەیوەست بەو ڕووداوەی بە تەواوی پشتگوێخستووە. ئەوەش پێچەوانەیە لەگەڵ بنەما پیشەیی و ئێتیکیەکانی کاری ڕۆژنامەوانیی پرۆفیشناڵ.

٢. دیارترین ئەو پرس و بابەتە عێراقی و ناوچەییانەی ڕۆژنامەی ئەهرام لە ساتەوەختی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان لەلایەن حکومەتی عێراق ڕووماڵی کردوون، بریتیین لە:

- پێشهاتەکانی جەنگی نێوان عێراق - ئێران و ئاسایشی کەنداو.
- پرسی جوداخوازی لە وڵاتانی باشووری ئاسیا.
- هاوپەیمانی و هاوهەڵوێستی شاراوەی نێوان ئێران - ئیسرائیل.
- ڕێزگرتنی عێراق لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و بەتەنگەوەچوون بۆ پرسە دیموکراسییەکان لەناوخۆ و دەرەوە.
- هاوهەڵوێستی میسر لەگەڵ عێراق و وڵاتانی کەنداو.
- ڕەتکردنەوەی سیاسەتی ئێران لە ئاستی ناوچەیی ونێودەوڵەتیی
- توانا سەربازییەکانی سوپای عێراق.
- دەرخستنی گیانی فیتنەگێڕیی و شەڕەنگێزی ئێران لە ناوچەکەدا.
- دروستکردنی لەمپەر بۆ جوڵەبازرگانی و ئابوورییەکانی کەنداو لەلایەن ئێران.

٣. هۆکارەکانی پشت سرووشتی ڕووماڵی ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە لە ساتەوەختی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان لەلایەن ڕۆژنامەی ئەهرام.

- دوورخستنەوەی چاوی عەرەب و موسڵمانان لەو تاوانانەی ڕژێمی بەعس لە سەردەمی جەنگی عێراق - ئێران بەرامبەر بە پێکهاتەکان بەتایبەت کورد لە عێراق ئەنجامی داوە .. بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەوایەتیپێدان.
- بەرزکردنەوەی وورە و تواناکانی سوپای عێراق بەرامبەر بە ئێران.
- ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە خەباتێکی ڕزگاریخوازی کورد بۆ مافی چارەنووس لە عێراق.

• پشتیوانی ئەمەریکا لە سەقامگیریی ئاسایشی وڵاتانی کەنداو.
• بەکارهێنانی مەراسیمی حەج بۆ کاری سیاسیی و تێکدەرانە لەلایەن ئێران.
• بروانەهێنانی وڵاتانی عەرەبی و موسڵمان بە گوتاری بەرهەڵستی ئێران بەرامبەر بە ئیسرائیل.
• جوڵاندنی هەست و سۆزی خەڵکی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دژ بە ئێران.
• وێناکردنی ئێران بە سەرچاوەی کێشە و ناسەقامگیریی لە وڵاتانی عەرەبی و کەنداو.
• پیشاندانی ئێران لە جەمسەری چین و کارکردنی بۆ لەقکردنی ستراتیژیەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا.
• دڵرەقی ئێران بەرامبەر بە عەرەب و دەستنەپاراستن لە بۆردومانی خەڵکی مەدەنی و بێتاوان لە جەرگەی شارە گەورەکانی عێراق.
• پیشاندانی گیانی بەرپرسیاریەتی و عەقڵانیەتی رژێمی عێراق تەنانەت لەکاتی وەڵامە سەربازییەکانی بۆ ئێران. لەگەڵ پیشاندانی هەستی بەرزی رژێمی عێراق بۆ گرنگی بەرێوەچوونی پرۆسە دیموکراسییەکان بەتایبەت هەڵبژاردن لەو وڵاتانەش، کە لە شەڕی راستەوخۆدایە لەگەڵیان.
• بە مەترسی پیشاندانی بیری ویلایەتی فەقیە، کە ئێران بەرێوەدەبات.

٤. رۆژنامەی ئەهرام بۆ رووماڵی رووداوەکانی ساتەوەختی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان زیاد لە ناونیشانێکی بۆ هەر هەواڵێك بەکارهێناوە.

٥. زۆربەی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بۆ رووماڵی رووداوەکانی ساتەوەختی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان لە رۆژنامەی ئەهرام بریتیین لە ئاژانسەکان.

٦. کەمترین وێنە لەگەڵ رووماڵی رووداوەکانی ساتەوەختی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان بەکارهاتووە و لە ئاژانسەکان و سەرچاوەکانی دەرەوەی رۆژنامەکەوە وەرگیراون.

٧. رۆژنامەی ئەهرام بەشێوەیەکی گشتی رووداوەکانی لە دیدی عێراقەوە رووماڵ کردووە و لایەنی دووەمی جەنگەکەی، کە کۆماری ئیسلامی ئێرانە، پشتگوێ خستووە.

راسپاردە و پێشنیازەکان

١. گرنگیدان و پابەندبوون بە پێوەرە پیشەیی و ئێتیکییەکانی کاری رۆژنامەوانیی لە گواستنەوەی هەواڵەکانی پەیوەست بە جەنگ و ململانێ سەربازییەکان.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەبارەی هەڵوێستی رۆژنامەی ئەهرام لەبارەی قۆناغەکانی دیکەی ئەنفال بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لەنێوان رووماڵی رۆژنامەی ئەهرام و رۆژنامە هەرێمایەتییەکانی دیکە بۆ ئەنفالی ناوچەی گەرمیان.

سەرچاوەکان


یەکەم: نامە زانستییە بڵاونەکراوەکان

١. حەسەن، دەشتی ئەحمەد، (٢٠٢٢)، شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ (توێژینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی)، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان.

٢. کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، (٢٠١٥)، ئەنفالی گەرمیان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکان.

دووەم: گۆڤارە زانستییەکان

٣. حەوێز، سروشت جەوهەر، (٢٠٢٤)، رەنگدانەوەی جینۆسایدی ئەنفال لە رۆمانی (مەملەکەتی درکاوی)ی (جومعە کانی لەلەیی)دا، توێژینەوەکانی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی جینۆسایدی کورد رەنگدانەوەی لە (ئەدەب - هونەر - میدیا)دا، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٤. محەمەد، یادگار عەلی، (٢٠١٧)، رووماڵی چالاکییەکانی یادی (٢٩) ساڵەی (ئەنفالی سێ) لە رۆژنامەوانیی بیستراوی گەرمیاندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت.

٥. سلێمان، تەها، (٢٠١٧)، جینۆساید لە باشووری کوردستان (رابردوو، ئێستا و ئایندە)، لێکەوت و کاریگەریی و ئەرکەکان)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت.

٦. فەقێ، زانا، (٢٠١٧)، جینۆسایدی گەرمیان - ئەنفالی ناوچەی (داوودە) بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت.

سێیەم: کتێب

٧. محەمەد، خەلیل ئیسماعیل، (٢٠١٢)، جوگرافیای نەتەوەکان (کورد وەك نموونە)، و: تەنکە عوسمان سەعید، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی یەکەم.

٨. دزەیی، یوسف، (٢٠٠١)، ئەنفال (کارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی)، چاپی یەکەم، هەولێر.

٩. ئەحمەد، شۆرش، (٢٠١٤)، ئەنفالی کوردان و کیمیابارانی هەڵەبجە، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم.

١٠. یاسین، هاشم و ئەوانی تر، (٢٠٠٩)، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپخانەی تێنووس،

چاپی یەکەم.

چوارەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان

١١. خدر، عباس همزە، (١٩٩٩)، جینۆساید و کارەساتی ئەنفال، گۆڤاری پاسپاریزی، ژمارە (٤).

١٢. جوهر، یاسین ئاشور، محمدأمین، هێمن نصرالدین، (٢٠٢٤)، دەروازەیەکی گشتی دەربارەی جینۆساید (جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە نموونە)، گۆڤاری جینۆساید (گۆڤارێکی تایبەتە بە تاوانی کۆمەڵکوژی سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان دەریدەکات)، ژمارە (١).

١٣. صالح، ڕێبوار محمد، (٢٠٢٤)، ڕەهەندە یاساییەکانی تاوانی ئەنفال، گۆڤاری جینۆساید (گۆڤارێکی تایبەتە بە تاوانی کۆمەڵکوژی سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان دەریدەکات)، ژمارە (١).

١٤. ئەحمەد، کۆرەك عەلی، (٢٠٢٤)، ڕۆڵی ئێمە لە ناساندنی تاوانی ئەنفال، گۆڤاری جینۆساید (گۆڤارێکی تایبەتە بە تاوانی کۆمەڵکوژی سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان دەریدەکات)، ژمارە (١).

١٥. شەریف، سەرکەوت، (٢٠٠٦)، ئەنفال، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە (٥-٦)، چاپخانەی قانع.

سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

16. صحيفة الأهرام، العدد (37010)، 1988/4/7). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2007%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337010%2C%20Egypt%2028%ar%29/mode/2up?view=theater

17. صحيفة الأهرام، العدد (37011)، 1988/4/8). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2008%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337011%2C%20Egypt%2028%ar%29/

18. صحيفة الأهرام، العدد (37012)، 1988/4/9). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2009%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337012%2C%20Egypt%2028%ar%29/

19. صحيفة الأهرام، العدد (37013)، 1988/4/10). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2010%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337013%2C%20Egypt%2028%ar%29/

20. صحيفة الأهرام، العدد (37014)، 1988/4/11). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2011%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337014%2C%20Egypt%2028%ar%29/

21. صحيفة الأهرام، العدد (37016)، 1988/4/13). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2013%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337016%2C%20Egypt%2028%ar%29/

22. صحيفة الأهرام، العدد (37017)، 1988/4/14). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2014%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337017%2C%20Egypt%2028%ar%29/

23. صحيفة الأهرام، العدد (37017)، 1988/4/14). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2014%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337017%2C%20Egypt%2028%ar%29/

24. صحيفة الأهرام، العدد (37018)، 1988/4/15). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2015%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337018%2C%20Egypt%2028%ar%29/

25. صحيفة الأهرام، العدد (37019)، 1988/4/16). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2016%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337019%2C%20Egypt%20

28%ar%29/

26. صحيفة الأهرام، العدد (37020)، 1988/4/17). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2017%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337020%2C%20Egypt%20%28ar%29/

27. صحيفة الأهرام، العدد (37022)، 1988/4/19). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2019%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337022%2C%20Egypt%20%28ar%29/

28. صحيفة الأهرام، العدد (37023)، 1988/4/20). https://archive.org/details/AlAhram1988EgyptArabic/Apr%2020%201988%2C%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85%20%28Al-Ahram%29%2C%20%2337023%2C%20Egypt%20%28ar%29/

**پاشکۆ (١): بابەتەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری (٧ - ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨)، کە لەلایەن توێژەران شیکاریان ئەنجامدراوە.**


٩ صواريخ عراقية وإيرانية تصيب طهران والبصرة

احباط اول محاولة اعتداء للطيران الايراني على بغداد

٦ صواريخ عراقية على إيران وصاروخ ضد بغداد

ولاية الفقيه .. في نظر الاسلام

احباط محاولة ايرانية للاعتداء جوا على بغداد

[ التفاصيل ص ٤ ]

بعد الافراج عن ٣٢ رهينة أخرى :

القراصنة يطلقون النار على قوات الأمن الايرانية

طهران تزود الطائرة بالوقود للاقلاع لجهة غير معلومة

إيران تستجيب لمطالب مختطفي الطائرة الكويتية وتسمح باقلاعها

مصر تشترك في بطولة صدام الدولية للسلاح

مصر تفوز بالبطولة العربية الاولى في الجودو للناشئين تحت ١٦ سنة

العراق يصد هجوما بحريا إيرانيا اشترك فيه ١١ زورقا حربيا

إيران تواصل قصف المناطق السكنية في مدن الحدود العراقية

الاهرام

الاهرام

الخميني يهدد بمظاهرات جديدة خلال موسم الحج !!

٣ صواريخ عراقية على طهران واصفهان

العراق يقصف طهران واصفهان بـ ٣ صواريخ

إيران تعترف بخسائرها وتهدد بقصف بغداد

صاروخان عراقيان على طهران

سحق هجوم إيراني على شمال العراق

الاهرام

الاهرام

ولاية الفقيه في نظر الاسلام

بدعة ما أنزل الله بها من سلطان

الجزائر : المفاوضات مع القراصنة تسير في طريق مسدود

رأى

جريمة بشعة .. وعمل طائش !


الكويت تنفي إبرام صفقة مع قراصنة الجو
للإفراج عن الرهائن وتخفيف الأحكام على السجناء
تدهور حالة رهينة من أفراد الأسرة الحاكمة
صاروخان عراقيان جديدان على قم وأصفهان
إيران تقترح تشكيل قوة عمل للتفاوض
من هو؟
رأى
هذا الداء اللعين
تطور خطير في حرب الخليج
هجوم أمريكي على أهداف إيرانية
الرئيس الأمريكي أمر بالهجوم انتقاماً لانفجار لغم إيراني في طراد أمريكي
في اليوم الـ ١٣ لاختطاف الطائرة الكويتية:
الكويت يطلب عدم السماح بإقلاعها من الجزائر
القراصنة يوافقون على مواصلة المفاوضات

# جینۆسایدی نەرم وەک پرۆسە نەک ڕووداو: شیکاری سیاسەتەکانی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان

پ.ی.د.ئاریان ڕەئوف عەزیز

د.ڕێبوار ڕؤوف حمەصالح

م.ی. شەن عثمان قادر

١. پوختە (Abstract)

ئـەم توێژینەوەیـە چەمکـی "جینۆسـایدی نـەرم" (Soft Genocide) وەک چوارچێوەیەکـی تیـۆری بۆ شـیکارکردنی سیاسـەتە سیسـتماتیک و یـەک لـەدوای یەکەکانی حکومەتـی فیدراڵـی عێـراق بەرامبـەر بـە هەرێمـی کوردسـتان بەکاردەهێنێـت. بـە پشـت بـەسـتن بـە مۆدێلـی "قۆناغەکانـی جینۆسـاید"ی گریگـۆری سـتانتۆن. توێژینەوەکـە بـە وردی شـیکاری ئـەو ڕەفتـار و گوتـارە سیاسـییانەی حکومەتـی فیدراڵـی عێـراق دەکات بەرامبـەر بـە هەرێمـی کوردسـتان لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٣، کـە وەکـو نیشـانەکانی جینۆسـایدی نـەرم پێناسـە دەکرێـن. توێژینەوەکـە دەیسـەلمێنێت کـە کردەوەکانـی وەک پەکخسـتنی مـاددە دەسـتوورییەکان، فشـاری ئابـووری (لەوانـە بڕینـی مووچـە)، لاوازکردنـی سیسـتەماتیکی دامەزراوەکانـی هەرێمـی کوردسـتان ، گوتـاری نامرۆڤکـردن، و هێرشـی سـەربازی سـنوردار، تەنهـا ململانێـی سیاسـیی ئاسـایی نیـن. بەڵکـو بەشـێکن لـە پرۆسـەیەکی درێژخایـەن کـە ئامانجـی لەناوبردنـی بنەماکانـی مانـەوەی سیاسـی، ئابـووری و کولتووریـی هەرێمـی کوردسـتان-عێراقە. مێژووی جینۆسـاید لـە عێراقـدا (جینۆسـایدی فەیلییـەکان، بارزانییـەکان، ئەنفـال و کیمیابارانـی هەڵەبجـە) چوارچێوەیەکـی مەترسیدارتر بـەم کـردە نەرمانـە دەبەخشـێت و وایـان لێـدەکات وەک درێژکـراوەی هەمـان لۆژیکی جینۆسـاید سـەیر بکرێـن، بـەڵام بـە ئامرازی جیـاواز. توێژینەوەکـە جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە دیاریکردنـی ئـەو کردانـە وەک جینۆسـایدی نـەرم دەرفەتێکـی گرنـگ دەڕەخسـێنێت بـۆ ڕێگریکـردن لـە جینۆسـایدی ڕەق-فیزیکی.

٢. پێشەکی (Introduction)

پـاش ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس لـە عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٣ و نووسـینەوەی دەسـتووری هەمیشـەیی لـە سـاڵی ٢٠٠٥، ئومێدێکـی گـەورە لەسـەر دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی دیموکراسـی و فیدراڵـی بـۆ گەلانـی عێـراق، بەتایبەتـی کـورد، هەڵـچنرا. دەسـتووری ٢٠٠٥ وەک "پەیمانێکـی کۆمەڵایەتـی" و بنەمایـەک بـۆ سیسـتمی فیدراڵـی و شـەراکەتی ڕاسـتەقینە سـەیر دەکـرا، کـە مـاف و دەسـکەوتەکانی کـوردی تێـدا چەسـپێنرابوو. بـەڵام، زۆری پێنەچـوو گەشـبینییەکان بـەرەو لاوازی چـوون، چونکـە پارتـە سیاسـییە دەسـەڵاتدارەکان لـە بەغـدا، بەتایبەتـی دوای سـاڵی ٢٠٠٥، وردە وردە دەسـتیان کـرد بـە پەکخسـتن و پشتگوێخسـتنی ئـەو مـاددە دەسـتوورییانەی پەیوەسـت بـوون بـە مافەکانـی هەرێمـی کوردسـتانەوە. ئـەم مامەڵەکردنـە، کـە بەشـێکی زۆری خەڵـک وەک ململانێـی سیاسـی و یاسـایی ئاسـایی لەسـەر دەسـەڵات و سـامان سـەیری دەکـەن، پرسـیارێکی بنەڕەتـی دروسـت دەکات: ئایا ئـەم سیاسـەتانەی بەغدا بەرامبـەر هەرێمـی کوردسـتان تەنهـا ململانێـی سیاسـیی ئاسـایین، یـان بەشـێکن لـە ستراتیژییەتێکـی قـووڵتر بـۆ لەناوبـردن یـان لاوازکردنـی قـەوارەی هەرێمـی کوردستان؟

ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵـدەدات وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بداتـەوە بـە بەکارهێنانـی چەمکـی "جینۆسـایدی نـەرم" (Soft Genocide) وەک چوارچێوەیەکـی شـیکاری. تیۆرییەکانـی جینۆسـاید، بەتایبەتـی مۆدێلـی "قۆناغەکانـی جینۆسـاید"ی گریگـۆری سـتانتۆن، پێشـنیاری ئـەوە دەکـەن کـە جینۆساید پرۆسـەیەکی پەرەسـەندووە و چەندین قۆنـاغ تێدەپەڕێنێـت، نـەک تەنهـا ڕووداوێکـی کتوپـڕ. لـەم سـۆنگەیەوە، توێژینەوەکـە شـیکردنەوە بـۆ سیاسـەتەکانی بەغدا – لـە ڕێگـەی نامرۆڤکردنـی سیاسـی، فشـاری ئابـووری، هەڵوەشـاندنەوەی دامەزراوەیـی، پەکخسـتنی مـاددە دەسـتوورییەکانی پەیوەسـت بـە مافەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، و هێرشـی سـەربازی سـنوردار. توێژینەوەکـە بـە پشـت بـەسـتن بـە

میتۆدۆلۆژیی چۆنایەتی، شیکاریی کەیسی مێژوویی-سیاسی، و شیکاریی گوتار، مادده دەستوورییەکان، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، یاساکانی بودجە، لێدوان و گوتارە سیاسییەکان، و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان وەک کەرەستەی توێژینەوە بەکاردەهێنێت.

کێشەی توێژینەوە:

ئایا سیاسەتەکانی بەغداد بەرامبەر هەرێم وەک (پەکخستنی مادە دەستوریەکان, گوتاری سیاسی, هێرشی ملیشیاکان, بڕینی مووچە وبڕیارەکانی دادگای فیدراڵی) تەنها ململانێیەکی سیاسی و یاساییە لەسەر دەسەڵات و سامانی سروشتی، یان بەشێکە لە ستراتیژییەتێکی قووڵتر بۆ لەناوبردن یان لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان؟

• پرسیاری سەرەکی توێژینەوە: چۆن دەتوانین سیاسەتە سیستماتیکەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، کە بریتین لە پەکخستنی مادده دەستوورییەکان، فشاری ئابووری، گوتاری نامرۆڤکردن، و لاوازکردنی دامەزراوەیی، لە چوارچێوەی چەمکی 'جینۆسایدی نەرم'دا شی بکەینەوە، بە پشت بەستن بە قۆناغەکانی مۆدێلی جینۆسایدی گریگۆری ستانتۆن، و چ کاریگەرییەکی درێژخایەنیان لەسەر مانەوەی قەوارەی هەرێم هەیە، بەتایبەتی لە سۆنگەی مێژووی جینۆساید لە عێراقدا؟"

گریمانەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە سیاسەتەکانی بەغداد لە ڕێگەی نامرۆڤکردنی سیاسی، فشاری ئابووری، هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەیی، پەکخستنی مادە دەستوریەکانی پەیوەست بە مافەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستوری عێراقی ٢٠٠٥، وهێرشی سەربازی لە ڕێگەی درۆن، پێناسەی "جینۆسایدی نەرم"ی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، کە بریتییە لە قۆناغەکانی پێش جینۆسایدی فیزیکی و ئامانجی لەناوبردنی بنەماکانی ژیانی نەتەوەیی و لاوازکردن و هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانە.

گرنگیی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە سێ ڕەهەندەوە گرنگە:

– ئەکادیمی: توێژینەوەکە شیکارێکی ورد و چۆنایەتی بۆ دیاردەیەکی سیاسی ئاڵۆز و مەترسیدار پێشکەش دەکات، کە زۆرجار بەهۆی جیاوازیی لەگەڵ تێگەیشتنی نەریتی بۆ جینۆساید، پشتگوێ دەخرێت یان بە هەند وەرناگیرێت. ئەمەش دەتوانێت ڕێگایەک بکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو فشار و سیاسەتانەی کە لە ژێر ناوی "ململانێی ئاسایی"دا ئەنجام دەدرێن، بەڵام مەترسیی جینۆسایدیان لەسەرە.

– سیاسی: هۆشدارییەکی جدیی دەخاتە ڕوو بۆ بڕیاربەدەستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم سیاسەتانە و گرنگیی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی فیدراڵیزم و ڕێگریکردن لە توندوتیژیی زیاتر.

– مرۆیی: کاریگەرییە قووڵەکانی فشاری ئابووری و گوتاری نامرۆڤکردن لەسەر ژیان و شکۆی مرۆیی هاووڵاتیانی کوردستان دەخاتەڕوو، داوای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی دەنگی قوربانیان دەکات.

پەیکەری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دابەش بووە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا. بەشی یەکەم (پێشەکی) کێشەی توێژینەوە، پرسیاری سەرەکی، تیزی سەرەکی و گرنگیی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو. بەشی دووەم (چوارچێوەی تیۆری و پێداچوونەوەی ئەدەبیات) چەمکی " جینۆساید وجینۆسایدی نەرم" دەناسێنێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆدێلی "قۆناغەکانی جینۆساید"ی گریگۆری ستانتۆن ڕوون دەکاتەوە. بەشی سێیەم (میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە) ڕێباز و شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی، سەرچاوەکان، و شێوازی شیکارکردنی داتا ڕوون دەکاتەوە. بەشی چوارەم (جینۆسایدی نەرم لە هەرێمی کوردستان: شیکاریی دۆخەکە) شیکارێکی ورد بۆ سیاسەتەکانی بەغدا دەکات بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، لەوانە پەکخستنی مادده دەستوورییەکان، فشاری ئابووری، گوتاری نامرۆڤکردن، و لاوازکردنی دامەزراوەیی، وەک قۆناغەکانی جینۆسایدی نەرم. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکان دەخاتەڕوو.

## ٣. چوارچێوەی تیۆری

### ٣.١. چەمکی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا:

چەمکێکی فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە , زاراوەی "جینۆساید" بۆ یەکەمجار لەلایەن ڕافائیل لێمکین لە کتێبەکەیدا بە ناوی "حوکمی میحوەر لە ئەوروپای داگیرکراودا"، کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٤بڵاوکرایەوە، بەکارهات. دواتر بنەما یاساییەکانی لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردن و سزای تاوانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ دارێژراوە .

لە ماددەی دووی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ جینۆسایدی پێناسە کردووە کە: (بریتییە لە کوشتن، ئەشکەنجەدانی جەستەیی وهزری، خستنەژێرباری مەترسیدار بۆ لەناوبردنی گرووپێک، ڕێگریکردن لە زاوزێ و زۆربوون لەنێو ئەندامانی گرووپەکەدا، ڕاگواستنی منداڵانی ئەو گرووپە بۆ گرووپێکی دیکە بەزۆر، هەموو ئەم کردەوانە بۆ لەناوبردنی گرووپ و کۆمەڵێک، کە هەموویان یان بەشێکیان بگرێتەوە)[١] .

بەهۆی جددییەتی تاوانی جینۆسایدەوە، یاسای نێودەوڵەتی

١ ویلیم أ. شاباس، اتفاقية منع جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها, United Nations Audiovisual Library of International Law, ص١.

پێگەیەکی تایبەتی پێبەخشیوە و بە قێزەونترین، دڕندانەترین و گەورەترین تاوانەکانی داناوە. جارێکی تریش ئەم تاوانەی لە سیستەمی ڕۆما (ڕێککەوتننامەی ڕۆما) خستوەتە ڕوو، هەمان پێناسەی جینۆسایدی لەخۆگرتووەتەوە وجەختی لە ئەو تاوانانە داناوە کە لێیەوە سەرچاوە دەگرن[٢].

ڕەشنوسی دەقەکە بە هاوکاری سێ شارەزا (ڕافائیل لێمکین، ڤێسپاسیان بێلا، و هێنری دۆنیدیو دی ڤابەر) ئامادەکرابوو، پێناسەی جینۆساید کە لە ماددەی دووەمدا هاتووە، تەنها دارشتنێکی زۆر کورتکراوەی ئەو دەقەیە کە لەلایەن شارەزایانی سکرتارییەتی گشتییەوە ئامادەکرابوو، ئەوان جینۆسایدیان دابەشکردبوو بۆ سێ پۆل: جینۆسایدی فیزیکی، بایۆلۆجی، و کولتووری. هەربۆیە بە تێپەڕبوونی کات کۆمەڵێک بانگەواز بۆ فراوانکردنی سنووری پێناسەکە کراوە لەلایەن شارەزایان، بەڵام سەرەرایی ئەو داخوازیانە پێناسەکە بەردەوام بووە و هیچ گۆڕانکارییەکیش لە بەڵگەنامەدا نەهاتە بوون[٣].

٣.٢. مۆدێلی قۆناغبەندیی جینۆساید و چەمکی "جینۆسایدی نەرم":

لە چوارچێوەی ئەو بانگەواز و هەوڵانەی کە دەدران بۆ ڕێگری کرد لە جینۆسایکردن، گریگۆری ستانتۆن لە ساڵی ١٩٩٨ مۆدێلێکی بۆ قۆناغبەندی جینۆساید پێشکەشکرد[٤]، پاشان چەند جارێک نوێ کرایەوە، ئەم مۆدێلە چوارچێوەیەکی ئەکادیمییە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ڕوودانی جینۆساید و پەرەسەندنی بە تێپەڕبوونی کات. ئەم مۆدێلە یارمەتیدەرە بۆ ناسینەوەی نیشانەکانی سەرەتایی و هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لێی. ستانتۆن، کە توێژەرێکی دیارە لە بواری جینۆساید، پێشنیار دەکات کە جینۆساید پرۆسەیەکە و بەچەندین قۆناغ تێدەپەڕێنێت، نەک تەنها ڕووداوێکی تاکەکەسی. مەبەست لەپێشکەشکردنی ئەم مۆدێلە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکان بتوانن نیشانەکانی جینۆساید بناسنەوە و هەوڵی ڕێگریکردن لێی بدەن پێش ئەوەی بگاتە قۆناغی قڕکردن[٥]. پێویستە بگوترێت کە ئەم قۆناغانە هەمیشە بە ڕیزبەندییەکی ڕێک ڕوونادەن و هەندێکیان دەکرێت هاوکات ڕووبدەن یان دووبارە ببنەوە.

لێرەدا کورتەیەکی هەر یەکێک لە قۆناغەکان خراوەتە ڕوو[٦]:

١. پۆلێنکردن (Classification): ئەمە یەکەم هەنگاوە، کە تێیدا خەڵک دابەش دەکرێن بۆ "ئێمە" و "ئەوان". جیاوازییەکان وەک نەتەوە، ڕەگەز، ئایین یان ئایدیۆلۆژیا بەکاردەهێنرێن بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵگا.

٢. هێماکردن (Symbolization): گرووپە جیاوازەکان بە نیشانە یان ناوێکی تایبەت نیشانە دەکرێن. ئەمە دەتوانێت جلی تایبەت، کارتی ناسینەوە، یان تەنانەت تاتۆکردن بێت. نموونەی دیار ئەستێرەی زەردی داوده کە جوولەکەکان ناچار کران لە سەردەمی هۆلۆکۆستدا لەبەری بکەن.

٣. جیاکاری (Discrimination): لەم قۆناغەدا، یاسا و دەستوور و دەسەڵاتی سیاسی بەکاردەهێنرێن بۆ بێبەشکردنی گرووپێکی دیاریکراو لە مافەکانیان. ئەوان لە مافی هاوڵاتیبوون، کار، یان تەنانەت خوێندن بێبەش دەکرێن.

٤. نامرۆڤکردن (Dehumanization): ئەمە قۆناغێکی مەترسیدارە کە تێیدا گرووپی قوربانی بە "نامرۆڤ" وەسف دەکرێت. ئەوان بە گیانلەبەر، نەخۆشی، یان شتێکی تر وەسف دەکرێن کە شایەنی ژیان نییە. ئەمە وا دەکات خەڵک ئاسانتر بتوانن ئازاریان بدەن یان بیانکوژن.

٥. ڕێکخستن (Organization): جینۆساید هەمیشە ڕێکخراو و بە بەرنامەیە. حکومەت یان گرووپێکی توندڕەو یەکە سەربازی و پۆلیسی دروست دەکەن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی قڕکردن.

٦. جەمسەرگیری (Polarization): توندڕەوەکان گرووپە میانڕەوەکان لەناودەبەن و هەوڵدەدەن دابەشبوونەکە توندتر بکەن. دەستگیرکردن و کوشتنی میانڕەوەکان باوە لەم قۆناغەدا.

٧. ئامادەکاری (Preparation): لەم قۆناغەدا، پلانەکان بۆ "چارەسەری کۆتایی" یان پاکتاوکردن دادەڕێژرێن. کەمپەکانی گرتن دروست دەکرێن، چەکەکان کۆدەکرێنەوە، و هێزەکان ڕاهێنانیان پێدەکرێت.

٨. چەوساندنەوە (Persecution): قوربانییەکان دەستگیر دەکرێن، دەبردرێنە کەمپەکان، و موڵک و ماڵیان لێزەوت دەکرێت. ئەوان لە ژێر مەترسی کوشتندا دەژین و زۆرجار بە زۆر کار دەکەن یان ئەشکەنجە دەدرێن.

٩. قڕکردن (Extermination): ئەمە ئەو قۆناغەیە کە تێیدا کوشتنی بەکۆمەڵ ڕوودەدات. لەم قۆناغەدا، زۆربەی قوربانییەکان دەکوژرێن، بە سیستەماتیکی و بە شێوەیەکی بەرفراوان.

٢ ضياء كاظم جلود, الإبادة الجماعية في القانون الدولي (أركان الجريمة وخصائص المحكمة الجنائية الدولية), مجلة العلوم الإنسانية والطبيعية, المجلد (٦) العدد (٩), سبتمبر ٢٠٢٥, ص٦٢٧.

٣ ويليم أ. شاباس مصدر السابق, ص ٢-٤.

4 Stanton, Gregory. «The seven stages of genocide.» Genocide Studies Program 1998 (1998): 1.7-

5 Kmeid, Amani. The eight stages of genocide 20th century genocides according to gregoery stanton's criteria, A Thesis submitted to the University of Arizona, 2018, p 1.

6 Stanton, Gregory H. «Genocide Watch.» 8 Stages of Genocide (2013).,p1-2.

١٠. حاشاکردن (Denial): دوای ئەوەی جینۆسایدەکە کۆتایی دێت، ئەنجامدەران حاشا لە ڕووداوەکان دەکەن و بەڵگەکان دەشارنەوە. ئەوان قوربانییەکان تاوانبار دەکەن یان دەڵێن ژمارەی کوژراوەکان کەمتر بووە.

لەم سۆنگەیەوە ورانگەی ستەیجەکانی گریگۆری ستانتۆن, پێناسەیەک خراوەتە روو بۆ جینۆساید کە جەخت لەسەر پۆلێنکردنی جینوساید ئەکات بۆ دوو قۆناغ ( جینۆسایدی نەرم (Soft Genocide) و(جینۆسایدی قورس- Hard genocide), چونکە وای دەبینێت ئەم رێکەوتننامە ناتوانێت رێگری لەجینۆسایدکردن بگرێت, کە ئامانجی سەرەکی رێکەوتنامەی ساڵی ١٩٤٨ی تایبەت بە جینۆسایدە, هەربۆیە جیاکردنەوەی جینۆساید بۆ دوو ئاست رەنگە ئەو کێشەیەمان بۆچارەسەر بکات, ئەوانیش پۆلێنکردنی جینۆسایدە بۆ( جینۆسایدی نەرم Soft Genocide-) کە بریتیە لە کۆمەڵێک سیاسەت و پراکتیکی سیستەماتیک کە هەموو ئەو رەفتارانە لەخۆ دەگرێت پێش جینۆسایدی جەستەی روودەدەن وەک کۆی ئەو قۆناغانەی کە زەمینەسازی دەکەن و لەخۆیاندا کوشندەن, بەڵام فیزیکی نین کە ئامانجیان تواندنەوەی ناسنامە، زمان، کولتوور و بوونی نەتەوەیی گرووپێکی دیاریکراوە بە درێژایی کات، بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی ڕاستەوخۆ یان کۆمەڵکوژی فیزیک. ئەمە دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە قۆناغەکانی ١ تا ٧ی گریگۆری ستانتۆن: (پۆلێنکردن، نامرۆڤکردن، ڕێکخستن، جەمسەرگیری، هتد.).[٧]

بەڵام (جینۆسایدی قورس- Hard genocide) کردەیی لەناوبردنی فیزیکی لەخۆ دەگرێت, ئەمە دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە قۆناغەکانی ٨ تا١٠ی گریگۆری ستانتۆن. ئەم پۆلێنکردنە رەنگە یارمەتیمان بدات لە رێگریکردن لە جینۆساید چونکە ئەوکات لەو حاڵەتانەی کە جینۆسایدی نەرم ئەنجام دەدرێت ئاسانتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دۆخەکە ئاگاداردەکرێت وناچار ئەکرێت بێتە وەڵام بۆ ئەوەی جینۆسایدی فیزیکی روونەدات. ئەگەر ئەم دابەشکردنە نەبێت رێکەوتننامەکە تەنها بۆ دۆخی دوای رودانە و ناتوانێت رێگری بکات.[٨]

دەرئەنجامی خوێندنەوەی پرۆسەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە عێراق جینۆسایدکردنی (فەیلیەکان وبارزانیەکان وشاڵاوەکانی ئەنفال وکیمیابارانی هەڵەبجە) لەلایەن رژێمی بەعس لە عێراق, هەروەها مانەوەی هەندێک رەفتار وسیگناڵەکانی جینۆساید لە دوای روخانی رژێمی بەعس لە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣, لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە لە روانگەی تێزی جینۆسایدی نەرم, رەفتارەکانی بەشێک لە سیاسیەکانی عێراق وکابینە وەزاریەکانی حکومەتی فیدراڵی لە عێراق دەخەینە روو.

٤. میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی ڕێبازی چۆنایەتی دەکات بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لە پرۆسەی "جینۆسایدی نەرم" کە لە سیاسەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراقدا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە. ئەم ڕێبازە، کە جەخت لەسەر لێکدانەوەی ناوەڕۆک و تێگەیشتن لە چوارچێوە دەکات، گونجاوە بۆ شیکارکردنی دیاردە ئاڵۆزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

٤.١. شێوازی توێژینەوە:

توێژینەوەکە بە شێوازی شیکاریی کەیسی مێژوویی-سیاسی جێبەجێ دەکرێت، کە هەرێمی کوردستانی-عێراق وەک کەیسی سەرەکی هەڵدەبژێرێت بۆ شیکارکردنی سیاسەتەکانی پاش ٢٠٠٣، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مێژووی جینۆسایدەکانی پێشوو. هاوکات، شیکاریی گوتار (Discourse Analysis) بەکاردەهێنرێت بۆ لێکدانەوەی زمان و دەربڕینە سیاسییەکان کە گوتاری نامرۆڤکردن و پۆلێنکردن بەرامبەر بە کورد لەخۆدەگرن، بەتایبەتی لە لێدوانەکانی بەرپرسان و ناو میدیادا.

٤.٢. کۆکردنەوەی داتا: داتاکان لە چەندین سەرچاوەی سەرەکی و لاوەکی کۆدەکرێنەوە:

- سەرچاوە سەرەکییەکان: دەستووری عێراق (٢٠٠٥)، یاساکانی بودجە، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، لێدوان و گوتاری بەرپرسانی عێراقی، ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان، وتاری میدیایی و زانیاری سەبارەت بە هێرشە سەربازییەکان.
- سەرچاوە لاوەکییەکان: کتێب و توێژینەوە ئەکادیمییەکان سەبارەت بە جینۆساید، قۆناغبەندی جینۆساید، و پەیوەندییەکانی بەغدا-هەولێر.

٤.٣. شیکارکردنی داتا:

داتای کۆکراوە بە پێی چوارچێوە تیۆرییەکەی توێژینەوەکە (واتا چەمکی "جینۆسایدی نەرم" کە لە قۆناغەکانی ١ تا ٧ی مۆدێلی جینۆسایدی گریگۆری ستانتۆنەوە سەرچاوە دەگرێت) شیدەکرێتەوە. پرۆسەی شیکارەکە بریتییە لە:

- کۆدکردنی ناوەڕۆک: دەستنیشانکردنی ئەو سیاسەت، لێدوان، و کردەوانەی کە دەکەونە چوارچێوەی قۆناغەکانی پۆلێنکردن، جیاکاری، نامرۆڤکردن، و لاوازکردنی دامەزراوەیی.
- بەستنەوە بە تیۆر: لێکدانەوەی چۆنیەتیی ئەم سیاسەتانە لە خستنەڕووی نیشانەکانی "جینۆسایدی نەرم" و کاریگەرییەکانیان لەسەر مانەوەی قەوارەی هەرێم، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕەهەندی مێژوویی جینۆساید لە عێراقدا.

٧ ئاریان رەئوف عزیز, مووچەبڕین و گوتاری داماڵین لە مرۆڤبوون وەک ئاماژە بۆ جینۆسایدی نەرم(Soft Genocide), رۆژنامە کوردستانی نوێ , ژمارە (٩٤٤٨) لە ٢٠٢٥/٧/٧, ل٦٧.

٨ هەمان سەرچاوە, ل٦٧.

٥. جینۆسایدی نەرم لە هەرێمی کوردستان: شیکاریی کەیسەکە

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣, گەلانی عێراق دڵخۆشبون بەوەی ڕزگاریان بوە لە سیستەمێکی ستەمکار کە چەندین تاوانی گەورەی دژ بە گەلی وڵاتەکە ئەنجامداوە, لەو چوراچێوەدا کورد لە عێراق ئومێدی گەورەی هەبوو کە لە سیستەمێکی ستەمکار ڕزگاری بووە کە چەندین جار جینۆسایدی کردووە. ئومێدی کورد بە دەوڵەتی نوێی عێراق زیاتر بوو دوای تەواوبونی ڕاپرسی لە سەر دەستوری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ کە بەشێکی زۆر لەمافەکانی تێدا نوسرابویەوە. بەڵام زۆری پێنەچوو پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان لە بەغداد لە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد و مافە دەستوریەکانی وردە وردە کەوتنە سەر ڕێی دەسەڵاتە ستەمکارەکانی تری پێشووی عێراق. لەم بەشەدا بەڕوانین لە ڕەفتار و گوفتاری بەشێک لە دەسەڵاتدانی عێراق لە بەغداد, خوێندنەوەیان بۆ دەکەین لە ڕوانگەی جینۆسایدی نەرمەوە .

قۆناغبەندیەکەی گریگۆری ستانتۆن وەک چوارچێوەیەک وایە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی پەرەسەندنی جینۆساید, نەک وەک پرۆتۆکۆڵێکی ناچاری. قۆناغەکانی ١ تا ٧ی گریگۆری ستانتۆن[٩] (پۆلێنکردن، هێماسازی، ناکۆکی، نامرۆڤکردن، ڕێکخستن، جەمسەرگیری، ئامادەکاری)[١٠] زۆر گرنگن, چونکە نیشانەکانی سەرەتایی جینۆسایدیمان پێدەناسێنێت, زۆرجار لەم قۆناغانەدا جینۆساید دەست پێدەکەن، بەڵام لەوانەیە زۆر (نەرم و نادیار) بن یان وەک کێشەی ئاسایی کۆمەڵایەتی یان سیاسی سەیر بکرێن. هەربۆیە ئەم قۆناغانە ئەوانەن کە زۆرترین دەرفەت دەرەخسێنن بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید، چونکە هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ. هەربۆیە لەم تێزەدا ئەو حەوت قۆناغەمان لە چوارچێوەی جینۆسایدی نەرمدا پۆلێنکردوە. کە ئامانجی سەرەکی ئەوەیە نیشانەکانی سەرەتایی جینۆساید بناسرێتەوە و ڕێگری لێبکرێت پێش ئەوەی بگاتە قۆناغی کۆتایی. ئەمەش بنەمایەکی گونجاوە بۆ مامەڵکردن و خوێندنەوەی ڕەفتارەکانی دەسەڵاتدارانی بەغداد بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان, لەوانەش (پەکخستنی مادە دەستوریەکان,فشاری ئابووری, گوتاری نامرۆڤکردن, لاوازکردنی سیستماتیکی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان, فشاری سەربازی وتێکدانی ئاسایش).

٥.١ پەکخستنی مادده دەستوورییەکان: (قۆناغی جیاکاری(Discrimination-

نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە پرۆسەی سیاسیی عێراقی نوێدا.

ئەم دەستوورە کە بە "پەیمانێکی کۆمەڵایەتی" لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد، شیعە، سوننە) دادەنرا، بەرهەمی هاوپەیمانیی سیاسیی نێوان کورد و شیعە بوو بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسی و فیدراڵی لە عێراق. کورد ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا لە داڕشتن و تێپەڕاندنی دەستوورەکەدا و لە بەرامبەردا کۆمەڵێک ماف و دەسکەوتی گرنگی بەدەستهێنا لە ناو مادەکانی دەستوور چەسپێنران. هەربۆیە دەتوانین بڵێین دەستووری عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵیزم و هاوبەشی ڕاستەقینە نوسرایەوە، ئەمە تەنها دابەشکردنی دەسەڵات نەبوو، بەڵکو میکانیزمێک بوو بۆ پێکەوەکارکردن و هاوبەشیکردن و دوبارە نەکردنەوەی تەجروبەکانی دەسەڵاتەکانی پێشووتر لە عێراق، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن هێزە شیعەکانەوە، جێبەجێکردنی ئەم مادده دەستوورییانە ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بووەوە. بۆنموونە:

٥.١.١. ماددەی ١٤٠ و ناوچە کێشە لەسەرەکان: زۆرینەی هێزە شیعەکان ڕەزامەندییان لەسەر ئەم ماددەیە نیشاندا. ڕەزامەندیان لەسەر ئەم مادە زیاتر تاکتیکێکی سیاسی بوو بۆ ڕازیکردنی کورد و تێپەڕاندنی دەستوور و دڵنیابوون لەوەی کورد بەشداری لە عێراقی نوێدا بکات وەک سونەکان بایکۆت نەکەن. هەربۆیە ئەو مادەیە پێش جێبەجێکردنی پەکخرا و جێبەجێ نەکرا تاکو ئێستاش، ئەمە لە کاتێکدا یەکێک بوو لەومادە گرنگانەی بەشێک لەو مافانەی بۆ کورد دەگەڕاندنەوە کە دەسەڵاتەکانی تری پێشووی عێراق لە کوردیان زەوت کردبوو. هەربۆیە بە سەدان هاووڵاتی کورد کە لەلایەن دەسەڵاتی بەعسیەکانەوە زەوی وزاریان لێ زەوتکرابوو لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن درابون بە خەڵکانی عەرەبی هاوردە , دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس لە ناوچە کوردیەکان نیشتەجێی کردن. بە ئێستاشەوە زەوی و زارەکانیان بۆ نەگەڕاوەتەوە. بەشێکیشیان ڕووبەڕوی دادگا کراونەتەوە بە پاساوی داگیرکردنی زەوی عەرب[١١] .

٥.١.٢. ماددەی ٦٥ (ئەنجومەنی ئیتحادی): ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە باس لە پێکهێنانی ئەنجومەنێکی یاسادانان دەکات کە نوێنەرایەتیی هەرێم و پارێزگاکان بکات. ئەم ئەنجومەنە لەلایەن کوردەوە وەک گەرەنتییەک بۆ پاراستنی مافەکانی وقەوارەی هەرێمی کوردستان سەیر دەکرا. چونکە دەیتوانی هاوسەنگی هێز لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (کە زۆرینەی شیعەیە و عەرەبە) ڕابگرێت و ڕێگر بێت لە دەرکردنی یاسای دژ بەهەرێمی کوردستان[١٢] .

٩ ئاریان ڕەئوف عزیز, سەرچاوەی پێشوو, لا٦١.

10 Stanton, Gregory H, op cit,p 1-4.

١١ کوردستان ٢٤, جووتیارانی کورد لە کەرکووک لەلایەن دادگا و هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگرییان لێ دەکرێت, لەرێکەوتی ٢٠٢٥/٩/٥ ئەم بەستەرە بەسەرکراوەتەوە : https://www.kurdistan٢٤.net/ckb/story/٨٦١٠٨٠

١٢ عدنان قادر عارف, تعطيل السلطتني التشريعية والتنفيذية لدستورمجهورية العراق لسنة ٢٠٠٥, مجلة الجامعة العراقية, العدد (٥١ج٢), ٢٠٢١, ص٣٧٢.

ئەو حکومەتانەی کە لە دوای ٢٠٠٥ لە عێراق پێکهاتون نەک تەنها ئەم ماددانەی دەستوریان پشتگوێ خستوە, بەڵکو بە پێچەوانەشەوە هەندێک لە دەقەکانی دژ بە کورد بەکاردەهێنرێت یان کورد بە پێشل کردنی دەستور تۆمەتباردەکرێت. ئەمەش نموونەیەکی ڕوونی ئەو ویستە سیاسییەیە کە نایەوێت سیستمی فیدراڵی بە کردەیی بچەسپێت و مافەکانی کورد بگەڕێنێتەوە بۆیان، هەربۆیە دەتوانین بڵێین نیەتی هێزە شیعەکان هەر لەسەرەتاوە بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی کورد سیفەتێکی نەرێنی بوو.

٥.١.٣. ماددەی ١١٢ (سیاسەتی نەوت و غاز): لە ماددەکەدا بە ئاشکرا ئاماژەی داوە بە هاوبەشی کەدەبێت حکومەتی ئیتحادی و هەرێم و پارێزگاکانی خاوەن سامانی نەوت سیاسەتی نەوت دابرێژن (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان پێکەوە سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و گاز بە شێوەیەک دادەڕێژن کە بەرزترین قازانج بۆ گەلی عێراق بەدەستبهێنێت و بە وەرگرتنی نوێترین تەکنەلۆجیا و بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان)[١٣]. بەڵام حکومەتی فیدراڵی و هێزە شیعیەکان دەرکردنی یاسای ئیدارەدانی نەوت و غاز پشتگوێ دەخەن, ئەم "بۆشاییە یاساییە" بە ئەنقەست هێڵراوەتەوە تا بتوانرێت قۆرغی سیاسەتی نەوت لە دەسەڵاتی بەغداد بەتەنها بهێنێتەوە[١٤] کە ئەمەش پێچەوانەی دەستورە.

٥.٢. فشاری ئابووری وەک "سەپاندنی بارودۆخی سەختی ژیان" (قۆناغی چەوساندنەوە - Persecution )

لەمادەی ٢ ڕێکەوتننامەی ڕێگریکردن لە جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ لەخاڵی (ج): هاتوە "بە ئەنقەست سەپاندنی بارودۆخێکی ژیان بەسەر گرووپەکەدا کە حیسابی ئەوەی بۆ کرابێت ببێتە هۆی لەناوچوونی فیزیکی ) بەیەکێک لە کردەکانی جینۆساید ناساندوە, ئەگەر لە سۆنگەی ئەم خاڵەوە بڕوانین, ئەوا ماوەی چەند ساڵێکە لە ڕێگەی فشاری ئابووریەوە بارودۆخێکی سەخت بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمدا سەپێنراوە لەوانەش :

٥.٢.١. کەمکردنەوە و بڕینی پشکی بودجەی هەرێم: پرسی پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ وەوە هەمیشە کێشەی بۆ دروستکراوە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت کێشەکانی چارەسەر نەکراون، لە ساڵی ٢٠٠٦ بودجەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بودجەی گشتی عێراق هەموو ساڵێک گرفتی بۆ دروستکراوە و کەمکراوەتەوە، بۆنموونە لەمبارەیەوە باقر جەبر صولاغ وەزیری دارایی حکومەتی ئیتحادی لە چاوپێکەوتنێکیدا لە کەنانی (العراقیە الاخباریة)و لە یاداشتەکانیدا بە شانازیەوە دەڵێت ئێمە بوین پشکی بودجەی هەرێمی کوردستانمان لە ١٧٪ کەمکردەوە بۆ ١٢٪[١٥]. ئەمە لەکاتێکدا لەم قۆناغەدا شیعەکانی عێراق لە گەڵ سوننەدا لە جەنگێکی تایفەگەری پرۆکێنەردا بوون لە جیاتی ئەوەی هاوسۆزی کورد بۆخویان بەدەست بهێنن, بەڵام شێلگیریانە هەوڵی کەمکردنەوەی پشکی هەرێمیان دەدا. ئەمە نمونەیەکی بچوکە لەو هەوڵە هەمیشەیانە کە لە کابینەکانی حکومەتی فیدراڵیدا هەبوون، ئەم سیاسەتە بەردەوام بوو تاگەیشتە ساڵی ٢٠١٤ بە تەواوەتی بودجەیان لە هەرێمی کوردستان بڕی[١٦] تا ساڵی ٢٠٢٠، لە دوای ساڵی ٢٠٢٠ شەوە تاکو ئێستا کێشەکان چارەسەر نەکراون و هەر جارەو بە بیانویەک موچەی فەرمانبەران و بودجەی حکومەتی هەرێمیان بڕیوە, بۆنمونە لە ساڵی ٢٠١٤- ٢٠٢٠ بە پاساوی ئەوە بوو هەرێمی کوردستان نەوت دەفرۆشێت، بەڵام خۆ لە دوای بڕیاری دادگای پاریس لە ٢٠٢٣/٣/٢٥ هەرێمی کوردستان ناتوانێت نەوت لە ڕێگەی بۆری نەوتەوە بفرۆشێت[١٧]، بەڵام هێشتا کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدادەوە کێشەی بۆ دروست دەکرێت . بۆیە هەرێمی کوردستانیان خستە دۆخێکی خراپەوە و سەرئەنجام لێکەوتەی ئابووری خراپی لەسەر دۆخی گوزەرانی فەرمانبەران و هاوڵاتیان لەهەرێمی کوردستان دروستکردوە.

٥.٢.٢. بڕینی مووچە وەک ئامرازێکی نامرۆڤکردن:

فشاری ئابووری (بڕینی موچە و بودجە) : یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی نامرۆڤکردن، مامەڵەکردنی مرۆڤە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تر[١٨]. هەربۆیە فشاری ئابووری یەکێکە لە کاریگەرترین شێوازەکانی نامرۆڤکردن، چونکە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی فیزیکیی ڕاستەوخۆ، دەتوانێت کۆمەڵگایەک لە بنەماکانی ژیان و شکۆی مرۆیی داماڵێت. لە هەمان کاتدا، پرۆسەی نامرۆڤکردنیش زەمینە خۆش دەکات و پاساوی ئەخلاقی دەدات بە دەستی بڕیاربەدەستان بۆ ئەوەی بتوانن ئەو فشارە ئابوورییە بسەپێنن.

لەم کەیسەدا، مووچە کە سەرچاوەی سەرەکی ژیان و پاراستنی شکۆی مرۆییە بۆ ملیۆنان هاووڵاتی، دەکرێتە کارتی فشار

١٣ دستور العراقي ٢٠٠٥.

١٤ عامر هاشم عواد, قضية النفط والغاز واثرها في العراق واثرها في العلاقة بين المركز و الاقليم, مجلة دراسات الدولية , العدد ٩٩, تشرين الاول ٢٠٢٤, ص ٦٧

١٥ مقابلة قناة العراقية الاخبارية مع وزير المالية الاسبق (باقر جبر صولاغ) في ٢٠٢٠/٩/١٨ على الرابط : https://www.youtube.com/ ٠W١٧XExpfo٨=watch?v

١٦ مارك ديويفر, الاصلاحات الاقتصادية في اقليم كوردستان العراق, جامعة الامريكية في السليمانية –IRIS Iraq report, ٢٠١٧, ص٢.

١٧ محكمة»باريس» تصدر حكما بشأن نفط إقليم كوردستان, على الرابط : ١١٩٤٧=https://drawmedia.net/ar/page_detail?smart-id

18 Phillips, Ben, «Dehumanization», The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Summer 2025 Edition) ,p 26.

وئامرازێکی سیاسی کە لە ململانێیدا بەکاردەهێنرێت. لێرەدا، مرۆڤەکان (فەرمانبەران و خێزانەکانیان) وەک ئامانجی کۆتایی و خاوەن ماف سەیر ناکرێن، بەڵکو وەک "ئامرازی فشار" بەکاردەهێنرێن بۆ ناچارکردنی لایەنی بەرامبەر (حکومەتی هەرێم). بەم شێوەیە، بەهای مرۆڤەکان و پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان دادەبەزێنرێت بۆ ئاستی کەرەستەیەکی سیاسی.

بڕینی مووچە دەبێتە هۆی هەژاریی بەرفراوان(حکومەت و خەڵک)، داڕمانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان (تەندروستی و پەروەردە)، بێهیوایی گشتی، و ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ژیان بۆ خەڵک دەبێتە تەنها خەمی دابینکردنی بژێوی. ئەمەش هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر شکۆ وکەرامەتی مرۆڤ. هەموو ئەمانە سەرئەنجام هەرەشە لە سەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات وەک کیانێک بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی لە جینوسایدکردن دەخاتە بەر هەرەشەی فیعلی لەناوچوون.

بڕینی مووچەی تەواوی فەرمانبەرانی هەرێم یان بێباکی لە دواخستنی موچە, بەهۆی ناکۆکیی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێم، جۆرێکە لە سزای بەکۆمەڵ. سزای بەکۆمەڵ لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی نامرۆڤانەیە[١٩]، چونکە جیاوازی لەنێوان تاکەکاندا ناکات و هەمووان وەک یەک "بەرەی دوژمن" سەیر دەکات. ئەمەش هەستی نامۆبوون و بێبەهاکردن دروست دەکات. لە ڕاستیدا بەعسیەکانیش هەمان سیاسەتیان پیادەکرد کە دەرئەنجامی کۆتای جینۆسایدی لێکەوتەوە.

بڕینی مووچە و بودجە وەک میکانیزمێکە بۆ جێبەجێکردنی خاڵی (ج)ی پێناسەی جینۆساید[٢٠] چونکە کاتێک بە مەبەست فشار وگەمارۆی ئابووری (وەک بڕینی مووچە) دەسەپێنرێت فەرمانبەرانی هەرێم دەخرێتە بارودۆخێکی خراپەوە کە بەردەوامبون لەسەر ئەم ڕێبازە چەندین کاریگەریی نامرۆڤانەی لێدەکەوێتەوە، لەوانەش:

أ-کەمکردنەوەی توانایی مرۆڤ بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکان: فشاری ئابووری خەڵک ناچار دەکات کە تەواوی ژیانیان تەرخان بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان (خۆراک، دەرمان، سووتەمەنی). ئەمە مرۆڤ دەخاتە دۆخێکەوە کە وایلێدەکات لە بوونەوەرێکی خاوەن خەون، داهێنان نەبێت، ودواتر دادەبەزێنرێنێت بۆ ئاستی بوونەوەرێک کە تەنها بۆ مانەوە تێدەکۆشێت. بەم شێوەیە شکۆ و بەهای مرۆڤبونی لێدەسەنرێتەوە.

ب-کەمکردنەوەی بەهای مرۆڤبون بەراورد بەوانی تر: مووچە تەنها پارە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە هەستی سەربەخۆیی، توانای بەخێوکردنی خێزان، و پاراستنی کەرامەت. کاتێک مرۆڤێک ناتوانێت ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات، خەڵکەکە وەک کۆمەڵێک تاکی پەرتەوازە و لاوازی لێدەکات کەهەست بە بێدەسەڵاتی و سووکایەتی دەکات. بە تایبەت لە کاتێکدا بەجیاکاری دەیبینێت کە گروپە ئیتنیەکانی تر لە پارچەکانی تری هەمان وڵات مامەڵەی پێچەوانەی لەگەڵدا دەکرێت. بە دەرئەنجام بە ئەنقەست بێت یان نا، ئەم سیاسەتە جۆرێکە لە داماڵینی شکۆی گروپێک لە هاووڵاتی لە هەمان جوگرافیای سەروەری دەوڵەتەکەدا.

ج-دابڕانی ئەخلاقی: نامرۆڤکردن وا لە بڕیاربەدەست دەکات کە خۆی لە ئازاری ڕاستەقینەی قوربانییەکان دابڕێت. کێشەکە دەبێتە کێشەیەکی "تەکنیکی"، "یاسایی" یان "سیاسی"ی ئەبستراکت، نەک کێشەیەکی مرۆیی. چونکە بڕینی مووچە وەک ڕێکارێکی "یاسایی" و "تەکنیکی" بۆ "ناچارکردنی هەرێم بە پابەندبوون" پێشکەش دەکرێت. ئەمە جۆرێکە لە دابڕانی ئەخلاقی؛ بڕیاربەدەستەکان خۆیان لە ئاکامە مرۆییە کارەساتبارەکانی بڕیارەکەیان دوور دەخەنەوە و لە چوارچێوەیەکی یاسایی وشکدا باسی دەکەن. لە ڕاستیدا ئەمە هەمان ئەو ڕێچکەیە کە بەعسیەکان پێش جینۆسایدکردن دەیان گرتە بەر. بۆنموونە کە جینۆسایدکردنی هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفالیان گرتبەر پاساویان ئەوە بوون کە پێشمەرگە هاوکاری ئێرانیەکانی کردوە، ئەمە لە کاتێکدا ئۆپۆزسیۆنی شیعەی عێراق بە ئاشکرا پاڵپشتی ئێرانیان دەکرد، بەڵام جینۆسایدکردن لەوێ ڕوی نەدا.

٥.٣ گوتاری نامرۆڤکردن (Dehumanization) و پۆلێنکردن (Classification):

بەخوێندنەوەی گوتاری سەرکردە سیاسیەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی(الإطار التنسيقي) کە بە ڕوونی گوتارەکان ئاماژەی داماڵین لە مرۆڤبونی کوردی تیادان، بۆنمونە هەرێم بە "پەناگە بۆ ئیسرائیل"، "داڵدەدەری بەعسیەکان" "جوداخواز"، "داهاتی بەسرە بۆ هەرێم خەرج دەکرێت"، "گەندەڵ"، پێشمەرگەی سەر بە ئیسرائیل و هتد، وێنا دەکات. کاتێک ئەم وێناکردنە جێگیر بوو، ئیتر سزادانیان لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئاسانتر دەبێت. یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی نامرۆڤکردن، مامەڵەکردنی مرۆڤە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تر. هەربۆیە هەنگاوی (فشاری ئابووری) کردەی بڕینی بودجە و موچە یان دواخستنی، یەکێکە لە کاریگەرترین شێوازەکانی نامرۆڤکردن، چونکە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی فیزیکیی ڕاستەوخۆ، دەتوانێت کۆمەڵگایەک لە بنەماکانی ژیان و شکۆی مرۆیی داماڵێت. لە هەمان کاتدا، پرۆسەی نامرۆڤکردنیش زەمینە خۆش دەکات و پاساوی ئەخلاقی دەدات بە دەستی بڕیاربەدەستان بۆ

١٩ اللجنة الدولية للصليب ألاحمر, القانون الدولي الإنساني, ICR, Switzerland, ٢٠١٤, ص ٣٠.

٢٠ اتفاقية منع جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها , على رابط : https://www.ohchr.org/ar/instruments-mechanisms/instruments/convention-prevention-and-punishment-crime-genocide

ئەوەی بتوانن ئەو فشارە ئابوورییە بسەپێنن. هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بە ئاسانی فشارێکی ئابووریی توند بسەپێنێت کە دەرئەنجامەکەی برسیکردنی خەڵک- هاووڵاتی وڵاتەکەی بێت، تەنها بەیەک ڕێگە نەبێت ئەویش ئەوەیە کە سەرەتا ئەو گرووپە لەبەرچاوی خۆی و لایەنگرانی (گرووپی ئیتنی باڵادەست -زاڵ) نامرۆڤ کردبێت. ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی گوتاری (ئێمە و ئەوان)، بۆ نموونە، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە ئاشکرا ئەم جۆرە گوتارە لە ئاستی نوخبەی سیاسی و میدیا فەرمیەکانی عێراقدا بەروونی بەرچاو کەوتوون. ئەمەش لە لەکاتێکدایە کە گوتاری سیاسیەکانی عێراق بەتایبەت (ئیتاری تەنسیقی) لە ماوەی ڕابردوودا بە ئاشکرا وەک گوتارێکی شۆڤێنی دەرئەکەوێت بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان، ئەگەرچی لە گوتاری فەرمی حکومەتدا ئەمە کەمتر بەدی ئەکرا, گوتارەکە زۆربەی کات لە چوارچێوەی "پاراستنی سامانی نیشتمانی"، "سەروەریی یاسا"، و"یەکپارچەیی عێراق"دابوو. بەڵام لە چاوپێکەوتنێکی سەرۆک وەزیرانی عێراق (محمد شیاع ئەلسودانی) لە کەناڵی (الحدث) بە ئاشکرا مرجی پێدانی موچەی هەرێمی کوردستانی بەستەوە بە مانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان[٢١]. لە چوارچێوەی هەمان گوتاردا ئەمینداری بزوتنەوەی (عصائب اهل الحق) قیس خزعلی لە وتاری نوێژی جەژن لە ٢٠٢٥/٣/٣١ لە وتارەکەی باسی (ڕێڕەوی داود)ی کرد ئاماژەی بەوەدا پرۆژەکە جیابونەوەی کورد لە عێراق و سوریا لەخۆدەگرێت[٢٢]. هاوتایی ئەم وتارە لە میدیا وسۆشیال میدیا، گوتارێکی زۆر توند وبێبەهاکەر(کورد لە ئەسڵدا نەوەی جنۆکەن) بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان و کورد و مافەکانی بەدی دەکرێت. ئەمە بەدەر لەو گوتارە ئاست نزمەی کە لە سۆشیال میدیا وێنایەکی نا واقعی بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردوە کە شایەنی باس کردن نیە لەم باسەدا. بە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە، کێشەکە لە کێشەی مافی هاووڵاتیانی کوردستانەوە دەگۆڕن بۆ کێشەی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتێکی "یاخیبوو داڵدەدەری بەعس و هتد". بەمەش، مووچەخۆری ئاسایی و خەڵکی سڤیل لە هاوکێشەکەدا ون دەبن و دەکرێنە قوربانیی. هەر لەم بارەیەوە (بيت الاعلام العراقي) لە سێیەمین ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە وتاری ڕق و کینە لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر ناونیشانی (فەرهەنگی ڕق: ئەو زاراوانەی کە لە ئاشتی کۆمەڵایەتی عێراق دەدەن) باسی لە چەندین زاراوە و وشەسازی کردووە کە لەم میدیانەدا باسیان لێوە

٢١ دەقی چاوپێکەوتنی سەرۆک وەزیرانی عێراق (محمد شیاع السوداني ) لە کەناڵی (الحدث) : https://www.youtube.com/watch?v=Bl٠z-Jd٣I_c

٢٢ دەقی وتارەکەی (قیس خزعلی) لە ماڵپەری فەرمی بزوتنەوەی عصائب اهل الحق: https://ahlualhaq.iq/?p=٣٩٣٧٠

دەکرێت بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە کولتوری جەماوەری لەنێو ئەو زاراوە و دەربڕینانەی دژی کورد هەبوون، کە بریتین لە: شێرپەنجەی عێراق، کوردە خائینەکان، دزەکانی نەوت ، کوردی بەکرێگیرا , کورد جولەکەی عێراق و ئیسرائیلی عێراق، جوداخوازانی عێراق)[٢٣].

وەک ئاشکراشە نامرۆڤکردن لە پۆلێن بەندیە ١٠ قۆناغەکەی گریگۆری ستانتۆن بۆ جینوساید هاتوە[٢٤]. گرنگترین خاڵ لێرەدا پێویستە رونی بکەینەوە ئەوەیە بۆچی ئێمە لەم پرۆسە دەبێت بترسین؟ وەڵامەکە تارادەیەک روونە چونکە ئەم سیاسەتە لە بۆشاییدا ڕوونادات، بەڵکو ئەمە بەرامبەر بە گەلێک دەکرێت کە پێشتر ڕووبەڕووی جینۆسایدی ڕاستەقینە بوەتەوە وەک جینوسایدکردنی(فەیلیەکان وبارزانیەکان وشاڵاوەکانی ئەنفال وکیمیابارانی هەڵەبجە)[٢٥]. ئەو کاتەش پاساوی جینۆسایدەکە گوتاری نامرۆڤکردن بوو ("کورد تێکدەر و خائینن"). لە تێروانینی ئەکادیمیەوە ، کاتێک دەبینێت هەمان دەوڵەت (هەرچەندە بە سیستمێکی جیاوازەوە) دیسانەوە پەنا بۆ سزای بەکۆمەڵ وفشاری سیستماتیک دەبات، ئەمە وەک درێژکراوەی هەمان عەقڵیەتی لەناوبردن دەبینرێت، بەڵام بە ئامرازی نوێ ونەرمتر، بۆنموونە چەکی کیمیایی و لە ناوبردنی بەکۆمەڵ (جینوسایدی قورس-Hard Genocide) گۆڕاوە بۆ چەکی ئابووری و سزادانی گشتی (جینۆسایدی نەرم- Soft Genocide)، بەڵام ئامانجە سیاسییەکە کە لە بنەڕەتدا لاوازکردن ولەناوبردنی ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی کوردە وەک خۆی ماوەتەوە.

٥.٤. لاوازکردنی سیستماتیکی دامەزراوەکان (قۆناغی جیاکاری و ڕێکخستن - Discrimination & Organization):

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی عێراق لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق (دەسەڵاتی دادوەری، یاسادانان، وجێبەجێکردن) چەندین مامەڵەیان ئەنجامداوە کەسەرجەمیان بۆ لاوازکردنی دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستانە, ئەمەش بە یەکێک لەو هەنگاوانەی جینۆسایدی نەرم دادەنرێت پێش هەڵکشانی بۆ جینوسایدی ڕەق. لەوماملانەش :

٥.٤.١. هەوڵدان بۆ بێدەسەڵاتکردنی پەرلەمانی کوردستان:

أ-هەوڵدان بۆ بێدەسەڵاتکردنی پەرلەمانی کوردستان: بەپێی ماددەی (١٢١) دەستوری عێراق ٢٠٠٥ دان بە دەسەڵاتی یاسادانان- پەرلەمان، جێبەجێکردن وادوەریی هەرێمی

٢٣. رشيد عمارة ياس و م. فاروق عبدول مولود، دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣، مجلة الدراسات السياسية والأمنية - العدد ٣ - المجلد ٢، ديسمبر ٨، ٢٠١٩, ص٩.

24 Stanton, Gregory H, op cit,p13-.

٢٥ میدڵ ئیست ووچ, جینۆساید لە عێراقدا: پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد, وەرگێرانی: محمد حمە صالح, وەزارەتی ڕۆشنبیری, سلێمانی, ٢٠٠٤, ص ٣١.

کوردستاندا دەنێت ومافی ئەوەی پێدەدات کە یاسا فیدراڵییەکان هەموار بکاتەوە ئەگەر لەگەڵ یاساکانی هەرێمدا ناکۆک بن (جگە لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی فیدراڵی)[26]. بە پێچەوانەوەی ئەم ماددەیە لە ماوەی رابردوودا دادگایی فیدراڵی لە بەغداد چەندین یاسایی هەڵوەشاندوتەوە کە لە هەرێمی کوردستان دەرچوون, کەبەشێک لەو یاسایانە لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکان وماف وئازادیەکان ومافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان گونجاون، بۆنمونە دادگای فیدراڵی لە بەغداد بە بریاری (٢٣٠/فیدراڵی/ ٢٠٢٢) لە ٢٠٢٢/١١/٣٠ هەمواركردنەوەی یاسای باری کەسیی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ڕەتکردەوە[27]، کە لە ٢٠٠٨/١/١٥ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە[28]، هەموارکردنەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕێگە بە ژنی ئەو پیاوانە دەدات کە ژنی دووەمیان هەیە مافی جیابوونەوەیان هەبێت ئەمەش دەرئەنجامی هەوڵ وکۆششی چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان هاتبوە بون. بەڵام دادگای فیدراڵی عێراق مافی جیابونەوەی ژنان بە هۆکاری فرەژنی بە پێشێلکردنی شەریعەتی ئیسلامیی ناساند. ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان[29] ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧[30] دوای بەرکاربونی بۆماوەی ١٨ ساڵ, بەڵام دادگاکە لە ساڵی ٢٠٢٢ بە یاساوی نادەستوری بونی هەڵوەشاندەوە. دواتر ئەو برگەی یاسایی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی ڕەتکردەوە وەک تاکە دەستەی بەرپرسیار لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان. هەروەها لە مانگی ٢٠٢٢/١١ یاسای خانەنشینی هەرێمی کوردستانی ڕەتکردەوە، کە لە بنەڕەتدا لە پەرلەمانی بەغدا بەبریاری ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ودەستکاریکردنی یاسای

٢٦ دەستوری عێراقی ٢٠٠٥.

٢٧ دەقی بریاری ژمارە (٢٣٠/فیدراڵی/٢٠٢٢) دادگایی فیدراڵی, لینکی بریارەکە لە سایتی فەرمی دادگایی فیدراڵی : https://www.iraqfsc.iq/krarid/٢٣٠_fed_٢٠٢٢.pdf

٢٨ دەقی یاسایی ژمارە(١٥) لە ٢٠٠٨ یاسایی باری کەسێتی کەلە پەرلەمانی کوردستان دەرچوە, لینکی یاساکە لە سایتی بنکەی یاسادنانی هەرێم: https://www.yasaii.info/download/item/٢a/٥٤٩_-fbfdbd٢٠ ١٤٥b٦٨fec٦٨٥a٧٢ad٥٨c٠٧٧٣.html

٢٩ دەقی بریاری ژمارە (٥٩/فیدراڵی/٢٠١٢)و(١١٠/ فیدراڵی/٢٠١٩) دادگایی فیدراڵی لە ٢٠٢٢/٢/١٥, لینکی بریارەکە لە سایتی فەرمی دادگایی فیدراڵی : https://www.iraqfsc.iq/krarat/١/٢٠١٢/٥٩_fed_٢٠١٢.pdf

٣٠ دەقی یاسایی ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠٠٧ یاسایی نەوت وغاز کەلە پەرلەمانی کوردستان دەرچوە, لینکی یاساکە لە سایتی بنکەی یاسادنانی هەرێم: https://legislation.krd/law-detail/?id=١٧٥٩

هەڵبژاردن[31]: ئەم بڕیارە دەسەڵاتی یاسادانانی پەرلەمانی کوردستانی خستە ژێر پرسیارەوە وشەرعییەتی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمدا لاواز کرد, هەروەها ئەم بڕیارانە پایە یاساییەکانی فیدراڵیزمی لە عێراقدا لاوازکرد.

کاتێک دامەزراوەیەکی فیدراڵی (وەک دادگای باڵای فیدراڵی) بە شێوەیەکی سیستماتیک دەسەڵات لە دامەزراوەکانی هەرێم وەردەگرێتەوە، ئەوا "دامەزراوەکان لە ناوەڕۆک بەتاڵ دەکرێنەوە" و تەنها وەک شێوەیەکی ڕووکەش دەمێننەوە. یەکێک لە راوێژکارەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە ناوی (ابراهیم الصمیدعی)، لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی (الرشید) لە رێکەوتی ٢٠٢٥/٣/١٥ ئەوەی نەشاردەوە کە جوڵە و بریارەکانی دادگایی فیدراڵی کۆمەڵێک هێزی (ئیتاری تەنسیقی) لە پشتی بوون بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستان[32], ئەمەش دەرخەری ئەو راستیەیە کە هێزە شیعەکانی عێراق دامەزراوەکانی عێراق بۆ لاوازکردنی هەرێم بەکاردەهێنن.

٥.٤.٢. بواری سەربازی و ئەمنی (قۆناغی ڕێکخستن و ئامادەکاری - Organization & Preparation):

لە دوای دارشتنی دەستووری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ ، کە سیستمی فیدراڵی و پەرلەمانی پەسەند کرد، پێگەی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ چەسپا. بەڵام، سەرەڕای بوونی بنەمای دەستووری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و هەروەها بەکارنەهێنانی سوپا بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی عێراق، چەندین ئاڵنگاری و ناکۆکی سەریان هەڵداوە. ئەم بەشە بە وردی شیکاری دوو لایەنی سەرەکی ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەکات لە بواری سەربازی و ئەمنیدا: یەکەم، پرسی لاوازکردنی پێگەی هێزی پێشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی دەستووری و نیشتمانی؛ دووەم، بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە دژی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا. ئەم دوو تەوەرە بەیەکەوە وێنەیەکی گشتگیر لەو هەڕەشانە نیشان دەدەن کە دەکرێت لە چوارچێوەی جینۆسایدی نەرمدا پۆلێن بکرێت .

١-لاوازکردنی پێگەی هێزی پێشمەرگە

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەک دامەزراوەیەکی سەربازی و هێمایەکی سیاسی و نەتەوەیی، خاوەنی پێگەیەکی تایبەتە لە مێژووی هاوچەرخی کورد و عێراقدا. لە دوای ٢٠٠٥ ولە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، هێزەکانی پێشمەرگە

٣١ دەقی بریاری(٨٣ و١٣١و ١٨٥/فیدراڵی/ ٢٠٢٤) دادگایی فیدراڵی لە ٢٠٢٤/٢/٢١ , لینکی بریارەکە لە سایتی فەرمی دادگایی فیدراڵی

٣٢ دەقی چاوپێکەوتنی (ابراهیم الصمیدعی) لە کەناڵی (الرشید) لە رێکەوتی ٢٠٢٥/٣/١٥ , لینکی چاوپێکەوتنەکە : https://www.youtube.com/watch?v=Zyy٥dP٤hf٥U

چوارچێوەیەکی یاسایی پێدرا. ماددەی ١٢١ی دەستوور، برگەی پێنجەم، بە روونی ئاماژە بەوە دەکات کە "حکومەتی هەرێم بەرپرسە لە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ بەڕێوەبردنی هەرێم، بە تایبەتی دامەزراندن و ڕێکخستنی هێزی ئاسایشی ناوخۆ وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم"[٣٣]. هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە "هێزەکانی پێشمەرگە بەشێکن لە سیستمی بەرگریی عێراق، بەڵام لە کردەوەدا ئەمە جێبەجێ نەکراوە.

أ-پرچەک نەکردن و نەدانی بودجە: هەرچەندە پێشمەرگە بەپێی دەستوور بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عێراق، بەڵام حکومەتی فیدراڵی هیچ کاتێک پابەندی دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت و شایستە نەبووە بۆی وبە بەردەوامی کەمتەرخەم بووە لە دابینکردنی بودجە و چەک وپێداویستیی لۆجستی بۆ هێزی پێشمەرگە، تەنانەت لە سەردەمی شەڕی دژی داعشیشدا. هەربۆیە لەسەروبەندی جەنگ دژی داعشەوە هاوپەیمانان مانگانە بڕێک لە موچەی پێشمەرگە دابین دەکات, بەڵام ئەم جۆرە هاوکاریانە هیچ زەمانەتێکی بەردەوامیان نیە[٣٤]. لەبەرامبەردا حەشدی شەعبی، بەپێچەوانەی پێشمەرگەوە، بودجە وچەک وپشتیوانیی سیاسیی تەواوی لە بەغدا وتەنانەت لە دەرەوەش وەرگرتووە[٣٥]. لەگەڵ ئەوەشدا حەشدی شەعبی لە ناوچە کێشەلەسەرەکاندا وەک ڕکابەر وهەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ پێشمەرگە جێگیر کراوە[٣٦].

ب-کاریگەریی دامەزراوەیی: لاوازکردنی پێشمەرگە تەنها لاوازکردنی هێزێکی سەربازی نییە، بەڵکو لاوازکردنی یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی قەوارەی هەرێمە. دامەزراوەیەکی ئەمنی کە نەتوانێت سنوور و ئاسایشی خۆی بپارێزێت، شەرعییەت و توانای مانەوەی لە مەترسیدا دەبێت. ئامانجی کۆتایی ئەم سیاسەتە، کەمکردنەوەی ڕۆڵی پێشمەرگەیە لە هێزێکی نیشتمانییەوە بۆ هێزێکی پۆلیسی ناوخۆیی سنووردار، وە بەمەش یەکێک لە گرنگترین پایەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز دەکرێت.

٣-هێرشی سەربازی بۆ سەر هەرێمی کوردستان:

بەپێی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ نابێت سوپا لە ململانێ سەربازییەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق بەکاربهێنرێت وەک لە مادەی ٩٩ برگەی یەکەم خالی( أ) هاتوە(... سوپا بەرگری لە عێراق دەکات ونابێتە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی گەلی عێراق ودەستوەردان لە کاروباری سیاسی)[٣٧]. بەڵام چەندین جار سوپا لە دژی کورد بەکارهێنرا, بۆنمونە بەکارهێنانی سوپا لە ململانێکان لە سەردەمی حوکمرانی سەرۆک وەزیرانی پێشوو (نوری مالکی) دژ بە کورد کە چەندین جار تا ئاستی نزیک بونەوە لە ڕووبەڕوبونەوەی سەربازی ڕۆشتوە, لەم سۆنگەوە لە تەمووزی ٢٠١٢، نووری مالیکی، سەرۆک وەزیران، بڕیاری دامەزراندنی "فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە- قيادة عمليات الدجلة"ی دەرکرد کەئامانجی فەرمیی ئەم فەرماندەییە، بەپێی بەیاننامەکانی حکومەتی بەغدا، بریتی بوو لە "بەگژداچوونەوەی تیرۆر وسەپاندنی یاسا" لە پارێزگاکانی کەرکووک، دیالە، و سەلاحەدین(ناوچە کێشە لەسەرەکان). بە پاساوی ئەوەی پاشماوەکانی ڕێکخراوی قاعیدە هێشتا چالاک بوون. بەڵام ئامانجی شاراوەی هەوڵێک بوو بۆ سەپاندنی هەژموونی حکومەتی ئیتحادی بەسەر ناوچە جێناکۆکەکاندا, چونکە دامەزراندنی ئەم فەرماندەییە بە شێوەیەکی تاکلایەنە[٣٨]، پێشێلکارییەکی ڕوونی ڕۆحی هاوبەشی وشەراکەت بوو کە دەستووری عێراق لەسەری بنیات نرابو بۆ پرسی ناوچە جێناکۆکەکان, هەربۆیە ئەم فەرماندەیە کیشەو ئاڵنگاریەکانی نێوان بەغداد و هەولێری زیاترکرد و چەندین جار ئاستی ململانێیەکان نزیک بونەوە لە پێکدانی سەربازی لە نێوان سوپا و پێشمەرگە[٣٩]. هەروەها لە دوای داگیرکردنی موصل نوری مالکی لەوتاری هەفتانەی خۆیدا لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩ هێرشێکی توندی کردە سەر هەرێمی کوردستان وداوای لە سەرکردە کوردەکان کرد واز لە گۆڕینی هەولێر بهێنن کە کردویانەتە (ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی داعش ). هەر لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە بەهێزی سوپا کرد وتی (ئێستا سوپا بە زەبری هێزەوە شەڕ دەکات دوای ئەوەی درک بەوە دەکات کە دوژمن کێیە، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە)[٤٠].

هەروەها لە قۆناغی حوکمرانی سەرۆک وەزیرانی پێشوو (حیدر عەبادی) بە هەمان شێوە چەندین جار هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی لە هەرێمی کوردستان کرد, تا دواجار لە رووداوەکانی ١٦/

---

٣٣ دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

٣٤ مایکل نایتس, الولايات المتحدة والبيشمركة والموصل, معهد واشنطن, تحليل السياسات, يوليو ٢٠١٦.

٣٥ أمير الكعبي ومايكل نايتس, زيادة غير عادية في عديد «قوات الحشد الشعبي»، بالأرقام, معهد واشنطن, تحليل السياسات, يونيو ٢٠٢٣.

٣٦ فاضل النشمي ,»الحشد الشعبي» يتحرك باتجاه حقول نفط في كرميان, الشرق الاوسط, ٢٥ أغسطس ٢٠٢٤, على الرابط : https://٢u.pw/٣OSCZw

٣٧ دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

٣٨ گولان ميديا, رئيس برلمان كردستان يصف تشكيل عمليات دجلة بالإجراء غير القانوني, تم زيارة موقع في ٢٠٢٥/٧/٦على الرابط: https://٢u.pw/d٠٧cOe

٣٩ شرق الاوسط, إقليم كردستان يرفض افتتاح مقر قيادة قوات عمليات دجلة, ٢١ ديسمبر ٢٠١٣, تم زيارة موقع في ٢٠٢٥/٧/١٠ على الرابط: https://aawsat.com/home/article/١٤١٦٣?page=٤

٤٠ جزيرة, المالكي: أربيل تحولت إلى مأوى «للإرهاب»,٢٠١٤/٧/٩, على الرابط : https://٢u.pw/Z١OvoK٠٤

ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ سوپا و حەشدی شەعبی هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە و روبەروبونەوەش رویداوە و چەند پێشمەرگەیەکیش شەهید بوون[٤١].

ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ نموونەی هەرە دیاری ئەم ستراتیژییەیە. حکومەتی فیدراڵی بە بەکارهێنانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، کەرکوک و زۆربەی ناوچە کێشەلەسەرەکانی لە دەستی پێشمەرگە دەرهێنا.

٣-هێرشی درۆن و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی هەرێم (قۆناغی ئامادەکاری / چەوساندنەوە):

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی زنجیرەیەک هێرشی بەردەوام بووەتەوە بە درۆنی بۆمبڕێژکراو، بەتایبەتی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی سەر بە حەشدی شەعبی (کە زۆر جار وەک "فەسیلەکانی چەکدار" - الفصائل المسلحة - ناودەبرێن) و گرووپە نزیکەکانی ئێران لە عێراق[٤٢]. ئەم هێرشانە، کە بە ئاشکرا ئاراستەی تێکدانی سەقامگیریی ئەمنی و لێدانی ژێرخانی ئابووریی هەرێم کراون، چەندین ڕەهەندی گرنگیان هەیە کە شایستەی ئاماژە پێکردنن :

أ-سروشتی هێرشەکان و لایەنە ئەنجامدەدرەکان: زۆربەی هێرشەکان کێڵگە نەوتی و غازییەکانیان کردووەتە ئامانج، وەک کێڵگەی کۆرمۆرۆ و چەمچەماڵ، و کێڵگەی نەوتیی DNO لە بێشخابووری و تاوکێی لەسنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ کێڵگەی نەوتی هەنت ئۆیلی ئەمریکی لە باعەدرێی قەزای شێخانی سەر بە پارێزگای دهۆک کە سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی وزە و داهاتی هەرێمن. هەروەها هێرشکردنە سەر فرۆکەخانەی هەولێر و چەند شوێنێک لە سلێمانی. لێدانی ئەم شوێنانە بە ئاشکرا ئامانجی لاوازکردنی توانای ئابووریی هەرێمە و دروستکردنی فشارە لەسەر حکومەتی هەرێم. هەرچەندە ئەم هێرشانە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی دەکرانە سەر هەرێمی کوردستان, بەڵام حکومەتی فیدراڵی هیچ لێپێچینەوەیەکی بە ئەنجام گەیشتوی ئەنجام نەدا تەنها چەند جارێک ئیدانەیانی کرد، بەڵام ئەو ناوچانەی هێرشەکانی لێدەکرا لە ژێر کۆنترۆڵی بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی بوون[٤٣]. کە بەشێکیان پێکهێنەر و بەشدارن لە کابینەی وەزاری حکومەتی فیدراڵی, هەربۆیە ئەمانە وەک بریکاری حکومەتی فیدراڵی فشاریان لە سەر هەرێمی کوردستان دروست دەکرد. چونکە حکومەتی فیدراڵی عێراق، بەهۆی لاوازی یان نەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم گرووپانە، ناتوانێت یان نایەوێت ڕێگری لەم هێرشانە بکات.

ب.دەرئەنجامە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ئەمنیەکانی :

- کاریگەری لەسەر ئابووریی هەرێم: هێرشکردنە سەر ژێرخانی وزە، جگە لە زیانە ماددییەکان، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی، نەمانی متمانە بە سەقامگیریی ئابووری، و بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنان. ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ژیانی هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی توانای حکومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.

- فشاری دەرونی و کۆمەڵایەتی: بەردەوامیی هێرشەکان ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکدا دروست دەکات، بەتایبەتی کە ئامانجەکان تەنها سەربازی نین بەڵکو مەدەنیش دەگرێتەوە.

- پێشێلکاریی دەستووری و یاسای نێودەوڵەتی:

١-دەستووری عێراق: ئەم هێرشانە پێشێلکاریی ڕوونی ماددە دەستوورییەکانن کە تایبەتن بە پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاک و ئاسایشی پێکهاتەکانی عێراق. بێدەنگیی حکومەتی ناوەندی یان نەتوانینی بۆ ڕێگریکردن لەم هێرشانە، دەکرێت پرسیار لەسەر دەسەڵات و سەروەریی دەوڵەت دروست بکات.

٢-یاسای نێودەوڵەتی: هێرشکردنە سەر ژێرخانی مەدەنی، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی سەرەتایی بۆ دانیشتوان هەیە، دەتوانێت بە پێشێلکردنی یاسای جەنگی و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی ئەژمار بکرێت.

دەرئەنجام دەتوانین بڵێین بەردەوامیی هێرشەکان بۆ سەر ژێرخانی ئابووری هەرێم و بێدەنگیی حکومەتی ڤیدراڵی، دەتوانرێت وەک هەوڵێک بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێم و زەمینەسازی بۆ جینوسایدی نەرم ئەژمار بکرێت، بەتایبەتی کاتێک دەخرێتە پاڵ پرسی پرچەک نەکردنی پێشمەرگە و بونی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان. ئەمە دەتوانێت ڕێخۆشکەر بێت بۆ "جینۆسایدی نەرم" کە تێیدا گرووپێکی نەتەوەیی یان سیاسی لە ڕێگەی گوشاری گشتگیرەوە دەچەوسێنرێتەوە و توانای مانەوەی لێ دەسەندرێتەوە.

## ٦. دەرئەنجام (Conclusion)

ئەم توێژینەوەیە بە ڕوونی دەریخست کە چەمکی جینۆساید، وێڕای پێناسە یاساییەکەی لە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨، پێویستی بە فراوانکردنی تێگەیشتن هەیە بۆ ئەوەی پرۆسە سەرەتاییەکانی توندوتیژی سیستەماتیکیش بگرێتەوە. دابەشکردنی جینۆساید بۆ "نەرم" و "قورس"، بە پشتبەستن بە مۆدێلەکەی گریگۆری ستانتۆن، چوارچێوەیەکی گرنگمان بۆ

٤١ CNN العربي, البشمرغة: هجوم الحشد والقوات العراقية بكركوك إعلان حرب, أكتوبر / تشرين الأول ٢٠١٧, على الرابط: https://pw.u٢/HNg٨PcHNg٨

٤٢ موقع الجبال, تفاصيل جديدة بشأن استهداف كوردستان بالمسيّرات,عن طريق الرابط : https://aljeebal.com/posts/٧٦٢٠

43 Rudaw, Drones targeting Kurdistan Region were launched from Kirkuk: KRG official: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/190720253

تێگەیشتن لەو ڕەفتارانە دابین کرد کە لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا ڕوودەدەن و زەمینە بۆ قڕکردنی فیزیکی خۆش دەکەن. جینۆسایدی نەرم، وەک کۆمەڵێک سیاسەتی سیستەماتیک بۆ تواندنەوەی ناسنامە و بوونی گرووپێک، دەکرێت بەبێ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی توندوتیژیی فیزیکی ئەنجام بدرێت، بەڵام دەرئەنجامەکانی لەسەر گرووپی قوربانی درێژخایەن و وێرانکەرن.

شیکاریی وردی سیاسەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، چەندین نیشانەی جینۆسایدی نەرم نیشان دەدات. پەکخستنی ماددە دەستوورییەکان، وەک ماددەی ١٤٠ و ٦٥، بە ئاشکرا نیشانەی کەمکردنەوەی ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمن کە لە دەستووردا چەسپێنراون. فشاری ئابووری، بەتایبەتی بڕین یان دواخستنی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، وەکو "سەپاندنی بارودۆخی سەختی ژیان" دەبینرێت کە لە پێناسەی جینۆساید لە ماددەی دووی ڕێککەوتننامەی ١٩٤٨دا ئاماژەی پێکراوە. ئەم کردارە دەرئەنجامی خراپی لەسەر بژێوی و شکۆی هاووڵاتیان دروست کردووە و دۆخێکی ناهەموار و ناسەقامگیری لێکەوتووەتەوە.

گوتاری نامرۆڤکردن، کە لەلایەن هەندێک سەرکردەی سیاسی و میدیاوە دژی هەرێمی کوردستان بەکاردێت و بە "کێشە"، "خائین" یان "پەناگەی تیرۆر" وەسفی دەکەن، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی زەمینەی ئەخلاقی بۆ سەپاندنی ئەو فشارانە. ئەم گوتارە، کە هاوشێوەی ئەو گوتارانەیە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دژی کورد بەکار دەهات، هەستکردن بە مرۆڤبوونی کورد کەم دەکاتەوە وسزاکانیان ئاسانتر دەکات. لەناوبردنی سیستەماتیکی دامەزراوەکانی هەرێم، بەتایبەتی لە ڕێگەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵییەوە کە یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەوەشێنێتەوە، هەوڵێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی قەوارەی هەرێم لە ناوەڕۆک و لاوازکردنی پایەکانی فیدراڵیزم.

لە بواری سەربازی و ئەمنیشدا، لاوازکردنی پێگەی هێزی پێشمەرگە لە ڕێگەی پڕچەک نەکردن و نەدانی بودجەی پێویست، لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی هەرێم (وەکو لە ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر)، نیشانەی ڕوونی ئەو مەترسییانەن. بەردەوامیی هێرشەکانی درۆن لەسەر ژێرخانی ئابووری و دامەزراوە مەدەنییەکان، بەبێ لێپێچینەوەی جددی لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، نەک تەنها ئاسایشی هەرێمی خستووەتە مەترسییەوە، بەڵکو دەکرێت وەکو بەشێک لە ستراتیژییەتی جینۆسایدی نەرم سەیر بکرێت.

لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە جینۆسایدی نەرم قۆناغێکی مەترسیدارە، هەربۆیە، ناسینەوەی ئەم نیشانانەی جینۆسایدی نەرم و وەڵامدانەوەی خێرای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە مرۆییەکان، زۆر گرنگە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکانی ڕابردوو، چونکە شێوازێکی زۆر نەرمتر دەرئەکەوێت وریگری نەکردن لێی ڕەنگە سەربکێشێت بۆ جینۆسایدی ڕەق.

٧. سەرچاوەکان

یەکەم: کتێب

١- کوردی عەرەبی


١. شاباس، ویلیم أ. (بێ ساڵ). اتفاقیة منع جریمة الإبادة الجماعیة والمعاقبة علیها. United Nations Audiovisual Library of International Law.

٢. اللجنة الدولیة للصلیب األحمر. (٢٠١٤). القانون الدولي الإنساني. ICR, Switzerland.

٣. میدڵ ئێست وۆچ. (٢٠٠٤). جینۆساید لە عێراقدا: پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد. وەرگێرانی: محمد حمە صالح, وەزارەتی ڕۆشنبیری, سلێمانی.

٤. دیویفر، مارک. (٢٠١٧). الاصلاحات الاقتصادیة في اقلیم کوردستان العراق. جامعة الامریکیة في السلیمانیة –IRIS Iraq report.

٢-ئینگلیزی

1. Kmeid, Amani. (2018). The eight stages of genocide 20th century genocides according to gregoery stanton's criteria. A Thesis submitted to the University of Arizona.
2. Phillips, Ben. (2025). "Dehumanization". The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Summer 2025 Edition), ٢٦.
3. Stanton, Gregory. (1998). "The seven stages of genocide." Genocide Studies Program 1998, 1-7.
4. Stanton, Gregory H. (2013). "Genocide Watch." 8 Stages of Genocide.

دووەم: گۆڤار

١. نایتس، أمیر الکعبي ومایکل. (٢٠٢٣). زیادة غیر عادیة في عدید "قوات الحشد الشعبي"، بالأرقام. معهد واشنطن, تحلیل السیاسات, یونیو.

٢. نایتس، مایکل. (٢٠١٦). الولایات المتحدة والبیشمرکة والموصل. معهد واشنطن, تحلیل السیاسات.

٣. جلود، ضیاء کاظم. (٢٠٢٥). الإبادة الجماعیة في القانون الدولي (أرکان الجریمة وخصائص المحکمة الجنائیة الدولیة).

مجلة العلوم الإنسانية والطبيعية, ٦(٩).
٤. عـارف، عدنـان قـادر. (٢٠٢١). تعطيـل السـلطتين التشريعية والتنفيذيـة لدسـتورجمهورية العـراق لسـنة ٢٠٠٥. مجلـة الجامعة العراقية, ٥١(ج٢).
٥. عـواد، عامـر هاشـم. (٢٠٢٤). قضيـة النفـط والغـاز واثرهـا في العـراق واثرها في العلاقة بين المركز و الاقليـم. مجلة دراسـات الدولية, ٩٩.
٦. رشـيد عـمارة يـاس و م. فـاروق عبـدول مولـود، دور النخبة السياسـية في تأزيـم السـلم الأهلي في العـراق بعـد عـام ٢٠٠٣، مجلـة الدراسـات السياسـية والأمنيـة - العـدد ٣ - المجلـد ٢، ديسمبر ٨، ٢٠١٩.

سێیەم: چاوپێکەوتن
١. چاوپێکەوتنـی کەناڵـی عێراقیـە نیـوز لەگـەڵ وەزیـری دارایی پێشـوو (باقـر جەبـر سـولاغ). (٢٠٢٠/٩/١٨). [ڤیدیـۆ]. بەردەسـتە لــە: https://www.youtube.com/ watch?v=W١٧XExpfo٨٠
٢. دەقـی چاوپێکەوتنـی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق (محمـد شـياع سـودانی) لـە کەناڵـی (الحـدث). [ڤیدیـۆ]. بەردەسـتە لـە: https://www.youtube.com/watch?v=Bl٠z-Jd٣I_c
٣. دەقـی چاوپێکەوتنـی (ئیبراهیـم صومەیدعـی) لـە کەناڵـی (الرشـید). (٢٠٢٥/٣/١٥). [ڤیدیـۆ]. بەردەسـتە لـە: https:// www.youtube.com/watch?v=Zyy٥dP٤hf٥U

چوارەم: ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و هەواڵسازی
١. عزیـز، ئاریـان ڕەئـوف. (٢٠٢٥/٧/٧). مووچەبڕیـن و گوتـاری داماڵیـن لـە مرۆڤبـوون وەک ئامـاژە بـۆ جینۆسـایدی نـەرم (Soft Genocide). ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ, ٩٤٤٨، ٦.
٢. کوردسـتان ٢٤. (٢٠٢٥/٩/٥). جووتیارانـی کـورد لـە کەرکـووک لەلایـەن دادگا و هێـزە ئەمنییەکانـەوە ڕێگریـان لـێ دەکرێـت. بەردەسـتە لـە: https://www.kurdistan٢٤.net/ckb/story/٨٦١٠٨٠
٣. دراو میدیـا. (٢٠٢٤). محكمـة "باريـس" تصـدر حكـما بشـأن نفـط إقليـم كوردسـتان. بەردەسـتە لـە: https://drawmedia. net/ar/page_detail?smart-id=١١٩٤٧
٤. النشـمي، فاضل. (٢٥ی ئـاب ٢٠٢٤). "الحشـد الشـعبي" يتحـرك باتجـاه حقـول نفـط في كرميـان. الشرق الأوسـط. بەردەسـتە لـە: https://٢u.pw/٣OSCZw
٥. گـولان میدیـا. (٢٠٢٥/٧/٦). رئيـس برلمـان كردسـتان يصـف تشـكيل عمليـات دجلـة بالإجـراء غير القانـوني. بەردەسـتە لـە: https://٢u.pw/d٠٧cOe

٦. شرق الأوسـط. (٢١ی کانوونـی یەکـەم ٢٠١٣). إقليـم كردسـتان يرفـض افتتـاح مقـر قيـادة قـوات عمليـات دجلـة. بەردەسـتە لە: https://aawsat.com/home/article/١٤١٦٣?page=٤
٧. جەزیـرە. (٢٠١٤/٧/٩). المالـكي: أربيـل تحولـت إلى مـأوى "للإرهاب". بەردەستە لە: https://٤٠Z١OvoK/٢u.pw
٨. CNN عەرەبـی. (تشرینـی یەکـەم ٢٠١٧). البشـمرغة: هجـوم الحشـد والقـوات العراقيـة بكركـوك إعلان حـرب. بەردەسـتە لـە: https://٢u.pw/٨PcHNg
٩. دەقـی وتارەکـەی (قەیـس خزعەلـی) لـە ماڵپـەڕی فەرمـی بزوتنـەوەی عەسـائیب ئەهـل ئەلحەق. بەردەسـتە لـە: https:// ahlualhaq.iq/?p=٣٩٣٧٠
١٠. موقـع الجبـال, تفاصيـل جديـدة بشـأن اسـتهداف كوردسـتان بالمسيّرات,عـن طريـق الرابـط : https://aljeebal.com/ posts/٧٦٢٠
١١. Rudaw, Drones targeting Kurdistan Region were launched from Kirkuk: KRG official: https://www. rudaw.net/english/kurdistan/١٩٠٧٢٠٢٥٣

پێنجەم: دەقە یاساییەکان
١. دستور العراقي ٢٠٠٥.
٢. اتفاقيـة منـع جريمـة الإبـادة الجماعيـة والمعاقبـة عليهـا. بەردەسـتە لـە: https://www.ohchr.org/ar/instruments-mechanisms/instruments/convention-prevention-and-punishment-crime-genocide
٣. دەقـی بڕیـاری ژمـارە (٢٣٠/فیدراڵـی/٢٠٢٢) دادگای فیدراڵـی. بەردەسـتە لـە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/٢٣٠_fed_٢٠٢٢.pdf
٤. دەقـی یاسـای ژمارە (١٥) لـە ٢٠٠٨ یاسـای بـاری کەسـێتی کـە لـە پەرلەمانـی کوردسـتان دەرچـووە. بەردەسـتە لـە: https:// www.yasaii.info/download/item/٢a/٥٤٩_٢٠dbdfbf-٤٥b١٦٨cef٦٨٥a٢٧da٥٨c٠٧٧٣.html
٥. دەقـی بڕیـاری ژمـارە (٥٩/فیدراڵـی/٢٠١٢) و (١١٠/ فیدراڵـی/٢٠١٩) دادگای فیدراڵـی لـە ٢٠٢٢/٢/١٥. بەردەسـتە لـە: https://www.iraqfsc.iq/krarat/١/٢٠١٢/٥٩_fed_٢٠١٢. pdf
٦. دەقـی یاسـای ژمارە (٢٢) سـاڵی ٢٠٠٧ یاسـای نـەوت و غـاز کـە لـە پەرلەمانـی کوردسـتان دەرچـووە. بەردەسـتە لـە: https:// legislation.krd/law-detail/?id=١٧٥٩
٧. دەقـی بڕیـاری (٨٣ و ١٣١ و ١٨٥/فیدراڵـی/٢٠٢٤) دادگای فیدراڵی لە ٢٠٢٤/٢/٢١. بەردەسـتە لـە: سـایتی فەرمـی دادگای فیدراڵی.

زانکۆی هەولێری پزیشکی
زانکۆی دهۆک



5th Scientific Conference of Kurdish Genocide

https://www.scientificconferenceofgenocide.krd